# کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات

**لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ی. ئی. ڤاسیلیەڤا

# کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات

## لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە

کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە

د. رەشاد میران

چاپی کوردیی ئەم کتێبە پێشکەشە!
بەو نیشتمانپەروەرانەی پەند لە مێژوو وەردەگرن
وەرگێڕ

ناوی کتێب: کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات – لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە
نووسینی: ی. ئی. ڤاسیلیەڤا
وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: د. رەشاد میران
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩١٨
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٠٧ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## ناوەڕۆک


پێشەکیی چاپی دووەم ..... 6
پێشەکیی وەرگێڕ ..... 7
پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی ..... 12
دەروازەی بـاس ..... 15
میرنشینانی ئەردەڵان و بابان: ڕووبەر، سروشت، دانیشتوان ..... 33
بەشی یەکەم: مێژووی سیاسی ..... 43
بەشی دووەم: ژیانی ئابووری ..... 87
بەشی سێیەم: ستروکتوری کۆمەڵایەتی سیاسی ..... 129
میرنشینی ئەردەڵان ..... 129
میرنشینی بابان ..... 152
خێڵەکان ..... 161
بەشی چوارەم: ستروکتوری کۆمەڵایەتی ..... 195
میران ..... 202
بەگزادە ..... 205
دەزگای جەنگیی ئیداری ..... 209
دەزگای ئاینی ..... 211
بەشی پێنجەم: رەوشی ئیدیۆلۆجی ..... 231
دەرئەنجام ..... 260
فەرهەنگۆک ..... 265
سەرچاوە ..... 267

## پێشەکیی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی وەرگێڕانی ئەم کتێبەی زانای ڕووس، خاتوو یڤگینیا ڤاسیلیەڤا کە ساڵی ١٩٩١ لە مۆسکۆ بە زمانی ڕووسی دەرچوو، ساڵی ١٩٩٧ لە هەلومەرجێکی دژواری کوردستاندا بەدەسهات، ئەو کاتە ڕۆژگاری شەڕی ناوخۆ بوو کە تیایدا هەموو بوار و لایەنەکانی ژیان کز و لات بوون، بۆیەش بەچاپگەیاندنی کتێبێک ئەوساکە کارێکی بەدەرئاسا بوو، بۆ ئەمەش وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان، کە ئەرکی دەرکردنی ئەم کتێبە و دەیانی تری گرتە ئەستۆ، شایانی سوپاس و دەسخۆشییە. دەرچوونی ئەم کتێبەش لەو ڕۆژگارەدا گرنگیی خۆی هەبوو – بەشێکی زۆری ناوەرۆکی ئەم کتێبە بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆی نێوان میرنشینانی ئەردەلان و بابان: کوشتن، بەدیلگرتن، تاڵانکردن، پیلانگێڕان، پشتبەستن بە دوژمن... کە بەداخێکی زۆرەوە هەموو ئەمانەمان لەم شەڕەی خۆماندا بەچاو بینی؛ بۆیە ئەم کتێبە، بەتایبەتی ئەوساکە، تا بڵێی پەندئامێز بوو و لە هێورکردنەوەی ڕەوشەکەدا ڕەنگە دەورێکی بینیی بێت.

چاپی یەکەم، لەبەر بارودۆخەکە، بەڕادەیەک متەوازیع بوو؛ هەروەها هەڵەی چاپ و تەنانەت هەڵەی دارشتن و گوزارش و دەربڕینی کوردیشی لەخۆگرتبوون، بۆیە پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان تابڵێی پێویست بوو. ئامادەگیی دەزگای ئاراس بۆ سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ئەم کتێبە لەکاتی خۆیدا بوو. لە ڕاستیشدا، کتێبێکی پڕبایەخی زانا و کوردناسێکی ناوداری وەکو خاتوو یێ. ئی. ڤاسیلیەڤا شایانی شێوازێکی چاپی نایابی وەکو ئەوەی دەزگای ئاراسە کە هەمیشە پێیەوە ناسراوە – بەم بۆنەیەشەوە، سوپاس و پێزانینم ئاڕاستەی دەزگای ئاراس دەکەم و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامی بۆ دەخوازم.

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا دەڵێم، خۆزگە هەموو بەرهەمێک چاپی دووەم و سێیەمیشی دەبوو؛ پێداچوونەوە هەمیشە گرنگیی خۆیی هەیە – هەڵەکانمان چاک دەکاتەوە و کەموکوڕیمان ناهێڵێ.

وەرگێڕ

٢٠٠٩/١٢/٣

## پێشەكیی وەرگێڕ

یڤگینینا ئیلینچنا ڤاسیلیەڤا ناوێكی پرشنگداری رۆژهەڵاتناسی و كوردناسیی وڵاتی سۆڤیەتی جاران و رووسیای ئێستاكەیە. بۆ هەردوو بوار، واتە رۆژهەڵاتناسی و كوردناسی، رەنگە ئەوەندە بەس بێت بڵێین كەوا خاتوون ی. ئی. ڤاسیلیەڤا «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بەتلیسی هێناوەتە سەر زمانی رووسی؛ بەڵام ئەم هەر بەمەندە نەوەستاوە، بەڵكو چەندین لێكۆڵینەوەو وتاری لەسەر كورد و مێژووی كورد هەیە، بۆ نموونە: (چەمكەكانی "تایفە". "عەشیرەت" و "قەبیلە" لە شەرەفنامەدا) – ساڵی ١٩٦٩. (خرۆنیكای خەسرۆ ئیبن محەمەد – وەكو سەرچاوەیەك دەربارەی مێژوو و ئێتنۆگرافیای كوردەكانی ئەردەلان) ساڵی ١٩٧٧، (دەربارەی كۆچەرەكانی خوارووی رۆژهەڵاتی كوردستان) ساڵی ١٩٨٣، (ژیان و بەرهەمەكانی ماهشەرەفخانم كوردستانی) ساڵی ١٩٨٥– گەلێكی تریش. ئەم كتێبەی بەردەستیشتان دوا شاكاری نووسەری بەرێزە – ئەوەندەی من ئاگاداربم. رەنگە بەرهەمی تریشی دەرچووبێ و من ئاگادار نەبم.

هەر چەندە خاتوون ی. ئی. ڤاسیلیەڤا لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی لە لینینگراد كاری دەكرد و من لە ئامۆژگای ئێتنۆگرافیا– لینینگراد قوتابی خوێندنی باڵا بووم (ساڵانی ١٩٨٣ – ١٩٨٨)، بەڵام پێوەندی و هاوكارییەكی بەهێزمان لەبەیندا هەبوو– هەمیشە رووم لێ دەكرد بۆ پرس پێكردن و زانینی راو بۆچوونەكانی سەبارەت بە مێژوو و ئێتنۆگرافیای كورد، ئەم بۆ من مامۆستا و هاورێ و هاوكاربوو. هاورێیەتی و هاوكاریمان، لە ئەنجامدا، لێكۆڵینەوەیەكی هاوبەشی هەردووكمانی هێنایە بەرهەم بەناوی (تایبەتمەندییەكانی ئێتیكێتی كوردی) كە لە كتێبی (ئێتیكێت لای میللەتانی ئاسیای بەرایی)دا ساڵی ١٩٨٨ لە لینینگراد چاپكرا.

وەكو گوتم: لەگەڵ خاتوون ی. ئی. ڤاسیلیەڤا دا پێوەندی و هاوكاریی بەهێزمان هەبوو. ئەم گەلێ شتی لەمن و لە هاورێ كوردەكانم، ئەوانەی وەكو خۆم لە خوێندنی باڵا بوون، دەپرسی و بەشێكی ئەو زانیارییانەی لە ئێمەی وەرگرتوون، وەكو خۆشی ئاماژەی بۆ كردووە، بووین بەبابەتی ئەم كتێبەی. بۆیە من لە نزیكەوە ئاگاداری كاركردنی نووسەر بووم لەسەر ئەم شاكارەیدا.

ئەمە وەنەبێ ئێمە لەسەر هەر هەموو شتێک رێک بووبین، گفتوگۆ و دەمەتەقێمان بووە لەسەر خێڵ و دەوری ئێتنیکیی خێڵ لە میرنشینە کوردیەکاندا. نووسەر ئیجابییانە دەڕوانێتە دیاردەی مانەوەی خێڵ و دەوری جەنگی و سیاسییەکەی لە میرنیشینیدا و لای وایە خێڵ، دوای نەمانی میرنشینەکان، دەوری پارێزەری کوردی بینیووە و لە تیاچوون رزگاری کردووە. کەچی، وەکو لە شوێنێکی تریش ئەمەم دەربڕیوە(*) بەڕای من – پەیابوونی میرنشینی، هەروەها دەوڵەتیش، هەرگیز نەمان و لەناوچوونی خێڵ و بنەماڵەکان ناگەینێ، بەڵکو ئەمانە هەر دەمێننەوە و دەبن بەمایەی سەرهەڵدانی ململانێ و زۆرانبازییان لەگەڵ رێکخراوە ئێتنۆ کۆمەڵایەتییەکاندا (دەوڵەت، میرنشینی و تەنانەت کۆنفدراسیای خێڵەتیش)، چونکە ئەمانەی دوایی هەمیشە هەوڵی بڵاو کردنەوە و بەهێزکردنی مەرکەزیەتی خۆیان دەدەن بەسەر رێکخراوە کۆمەڵایەتییە بچووکترەکاندا (خێڵ، بنەماڵە). لەم رووەوە، ئێمە ناتوانین لەگەڵ رای خاتوون ی. ئی. ڤاسیلیەڤادا بین کاتێک ئاماژە بۆ دەورێکی ئێتنیکی (نەتەوەیی)ی خێڵ دەکات لە نێو چوارچێوەی میرنشینی کوردیدا.

خێڵ و بنەماڵە لە ناو قەوارەی رێکخراوەیەکی گەورەتردا، وەکو میرنشینی، نەک هەر دەوری نەتەوەیی نابینن، بەڵکو بەڕادەیەکی زۆریش نیگەتیڤانە کار دەکەنە سەر ئاست و بەهێزیی هەستکردن بەئینتیمای ئەندامانی خۆیان بۆ دەوڵەت یان میرنشینی کە ئەمانن دەتوانن دەوری نەتەوەیی (ئێتنیکی) ببینن.

مەسەلەیەکی ترە کاتێک رێکخراوەی گەورە، وەکو میرنشینی، لە ئارادا نامێنێ، ئەو ساکە خێڵ چالاکانە ئەمە دەکات و ئالای نەتەوەیی بەرز دەکاتەوە و بۆی تێدەکۆشێ – وەکو چۆن ئەمە لە مێژووی کورددا رووی داوە، هەر چەندە ئەوکاتیش لەبەر پلەی نزمی هۆشیاریی ئەندامەکانی و ناکۆکیی نێوخێڵەتی ئەم ئەرکەی بەچاکی پێ بەڕێوە نابرێ. راستییەکەشی رێکخراوە بچووکەکان، خێڵ و بنەماڵە، رۆڵیان لە لەناوچوونی میرنشینەکان کەم نەبووە. هەستی ئینتمای خێڵەتی ئەوەندە بەهێزە کە نەک هەر میرنشینی نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵبێ، لە زۆربەی حاڵەتدا دەوڵەتیش ئەمەی بۆ نەکراوە و تەنانەت سۆڤیزمیش، بەو هەموو دەور و توانایەیەوە لە ناو کورددا، وەکو نووسەر خۆشی ئاماژەی بۆ کردووە، نەیتوانیوە ئاودیوی تخووبی خێڵەتی ببێ – هەموو خێڵەکان پشتگیریی سەرکردە

---

(*) بڕوانە: رەشاد میران (رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا) ستۆکهۆلم ١٩٩٣، ل٥٢ ـ پەراوێز ـ هەروەها لەوەلامی نامەیەکیدا کە لەسویدەوە بۆم ناردبوو و ئەم ڕایەی خۆمم بۆ دووپات کردبووەوە. نووسیبووی (مێژووی کوردستان لە هەموو شتێک زێتر پێویستی بەچەند رایەکی جیاواز هەیە).

ئاینییەکانیان نەکردووە: شێخ عوبەیدوڵلای نەهری. شێخ مەحموودی حەفید، شێخ سەعیدی پیران.. هتد. بۆیە مومکین نییە. بەڕای ئێمە دەوری ئێتنیکی بدرێتە پاڵ خێڵ، نەک هەر لەحاڵەتی هەبوونی میرنشینی. بەڵکو هەروەها کاتێکیش ئێتنۆس (لێرەدا ئیتنۆسی کوردی) لە رەوتی دروستبوونیدا گەیشتبێتە «دوا هەنگاوەکانی» – لەم حاڵەتەدا خێڵ تەنیا دەوری سیاسی – کۆمەڵایەتی دەبینێ نەک ئێتنیکی.

بەڵام نووسەری هێژا گەلێ راستی بۆ چووە کە خێڵی سەردەمی میرنشینانی ئەردەلان و بابان لە خێڵی سەردەمی مەشاعیەتی سەرەتایی جیا دەکاتەوە و ئەمەی یەکەمی بەسۆتسیۆمێکی کۆمەڵگای قوناغی دەرەبەگی داناوە. خاتوون ی. ئی. ڤاسیلیەڤا هەروەها گەیشتووەتە گەلێ ئەنجامی تر لەم شاکارەیدا، هەرە گرنگەکەیان ئەوەیە کە، ئەم، وەکو دەوڵەت تەماشای میرنشینی کوردی دەکات و سەرنجی نووسەر و زانا و پسپۆران بۆ ئەوە رادەکێشێ کە وەکو چۆن، ئەمان، میرنشینە بچووکەکانی ناوچەی هیندوکۆش لە ئەفغانستان بە دەوڵەت دادەنێن، ئاواش میرنشینی کوردیش دەبێ دەوڵەت بن (بڕوانە – دەرئەنجامەکان). بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری نووسەر و پسپۆران، ی. ئی. ڤاسیلیەڤا دوو چالاکیی ئابووریی هەرە سەرەکی لە کوردستاندا، کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێو کردنی کۆچەری، لێک جیاناکاتەوە و بەتەواوکەری یەکدییان دەزانی و زۆر جارانیش، بەڕای ئەو، جووتیاران بەکۆمەڵ دەچوونە ناو خێڵە شوانکارەکانەوە – کاتێک تووشی هێرشی وێرانکارانەی دەوڵەتانی ئێران یان تورکی دەهاتن.

دەرئەنجامی هەرە گرینگ، بەلای ئێمەی کوردەوە، رەنگبێ ئەوە بێ کە نووسەر زۆر بەجوانی و ڕاشکاوی هۆکارەکانی لەناوچوونی میرنشینانی کوردی باس کردوون، لە مانە و هەرە سەرەکییەکەیان ئەو قۆناغەی کورد پێی گەیشتبوو کە هەنگاوی نابووە نێو پرۆسەی یەکگرتنەوە و ئەمەش ئێران و تورکیای تۆقاند و ناچار پێکەوە میرنشینە کوردییەکانیان یەک لەدوای یەک هەڵوەشاندنەوە و لەناویان بردن.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو نووسەر بەلێکۆڵینەوە و سەرنجی ورد و قووڵی خۆی سەلماندوویەتی، کوردستان هەرگیز نەبوو بە ناوچەیەکی پەڕگەی هیچ یەکێکی لەم دوو ئیمپراتۆریانە... کوردستان هەروەکو کوردستان مایەوە. ئەمەو گەلێ دەرئەنجامی نوێ و سوود بەخشی تریش.

بایەخێکی تایبەتی ئەم بەرهەمەی ی. ئی. ڤاسیلیەڤا لەوەدایە کە ناوەڕۆکەکەی، بەڕادەیەکی زۆر، رەوشی ئێستای کورد دەخاتە روو و، وەکو بڵێی، ئێمە ئەوا لەسەردەمی بابان و ئەردەلانییاندا دەژین؛ بەهەمان شێوەی ئەمان، ئێمە، یەکدی دەکوژین و ماڵی

یەکـدی تاڵان دەکـەین و بۆ یارمـەتی روو لە بێگانان دەکـەین، لەوە دەچـێ شـەڕی ناوخـۆ پەتایەکی مێژوویی بێت و بۆمان بەمیرات مابێتەوە.

شـەڕی هەمیشـەیی نێوان ئەردەڵان و بابان چەندین جار کوردستـانیان وێران و خاپوور و کـردووە، تەڕ و وشکیـان پێکەوە سـووتاندوون... لێرە و ئێسـتـاکەش بەهـەمان جـۆر، شـار و شـارۆچکە دەگیرێن و دەگیرێنەوە،، هەمـوو جـارێکیش تاڵان و وێران دەکرێن، هەمـوو، هەر هەمـوو کـەسـێکیش بەردەکـەوێ، ئەوەی خـۆشی نا، خـزم و کـەس و کـار، یان هەرنـەبێ وڵاتەکەی لەدەست دەچێ. تەنانەت ئەم کتێبەی بەردەسـتیشـتان لە نەفرەتی شەڕی ناوخۆ رزگـاری نەبوو – لە چاپدانی سێ سـاڵان دواکەوت، لەبەر ئەو رەوشـەی لە ئەنجامی شـەڕی ناوخـۆدا دروست بووبوو، بۆیە هیچ کـەس و هیچ شـتـێک نییـە کە، هەر نەبێ، پرۆشـکێکی ئاگری شـەڕی ناوخـۆی بەرنەکەوتبێ. ئەگەر شـەڕی ناوخـۆی ئێمـە زیاتر بڕوات و توند و تیـژتر بێت، ئەوا با چیتر بە خۆمـان نەڵێین میللەت، نەتەوە، چیتر بەخـۆمان نەڵێـین کورد... ئەگـەر شــەڕی نـاوخــۆ زێتـر بەردەوام بێت ئەوا، وەکـو ئەردەڵان و بـابان، بۆ گـەیشـتن بە پرۆسـەی یەکگرتن و کـامـڵـبـوونـی نەتەوەیی درەنگ دادێ و خـنکاندنی ئەمـجـارەشـمـان، بەدەستی دوژمنانی دێرینمان، گەلێ ئاسانتر دەبێ.

ئەم کتـێبـەی زانای کوردناس، ی. ئی. ڤـاسیلیـەڤا، بـەمـە لە بەرهـەمی کوردنـاسـانی تر جیـادەبێتـەوە کە بەسـۆز و هـەستێکی پڕ خـۆشەویستییـەوە بەرامبـەر بەکورد نووسـراوە. لە نێـوان دێڕەکـانیـدا دیـارە کـە ئەم کـوردی چەند بەدڵە و بە پەژارەوە ڕووداوە دڵ تەزێنەکـان دەگێـڕێتـەوە، بەشـداریی غـەم و ئاکامـەکانی کارەسـاتە مـێژووییـەکانە کە بەسـەر کورد دا هـاتوون، لەهـەمان کاتیشدا، وەکو زانایەکی پێشکەوتووخواز و ئاشنا بەپرۆسـەی مێژوویی، نووسـەر گـەشـبـینە بەرامـبـەر بە داهـاتووی کـورد، بۆیەش سـەرەتای (دەروازەی باس)ی کتێبەکەی بەم وشە پڕ مانایانەی د. ئا. شمیدت رازاندووەتەوە: (لەیەک رووەوە ئەم میللەتە چیاییە بردوویەتیەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژگـاری شکۆیەتیی خـۆی هێشـتـا هـەر لەپێشـە). هـەروەها لە وەڵامی نامـەیەکی من دا بۆی نووسـیوم کـەوا (رۆشنبـیرانی کـورد ئیـمرۆکە زۆر باش ئەوا لێهاتوویی خۆیان دەنوێنن).

نووسەر لە رەوتی نووسینیدا. بۆ ئاماژەکردن بەسەرچاوە، سیستێمی کۆدی بەکارهێناوە و لە دەقـەکەدا هـەمیـشـە دوو ژمـارەی داناوە – ژمـارەی یەکـەم هی سـەرچاوەکـەیە کـە لە پاشکۆی کتێبدا ژمارە نووس کراوە. ئەوەی دووەمیش (هەندێ جار سێیەم و چوارەمیش) هی لاپەڕەی سەرچاوەکەیە، دوو سەرچاوەشی بەئیشارەتی (؛) لێک جیاکردوونەتەوە.

لە کـۆتایی ئەم پێـشـەکـیـیـەدا، لەدڵەوە پیـرۆزبایی لە نووسـەری هێـژا دەکـەم بـەبۆنەی

دەرچوونی چاپی کوردیی کتێبە نایابەکەی، هەروەها لەخۆشمان - چونکە دەرچوونی کتێبێک لە ڕەوشێکی سەختی ئاوادا کەم نییە. سوپاسی بەرپرسانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان دەکەم. بەتایبەتیش کاک سەردار میران، سەبارەت بە بایەخدانیان بەم وەرگێڕانە و گرتنیە ئەستۆی ئەرکی گەیاندنی بەچاپ. هیوادارم بزاڤی وەرگێڕان (هەوێنی ڕێنیسانسی میللەتان) لەسەر دەستی ئەم بەڕێزانە تاووگوژمی ڕاستەقینە بەخۆوە ببینێ. هەروەها سوپاسی هەموو ئەو براو دۆست و هاوڕێیانە دەکەم کە لە نزیکەوە یارمەتییاندام یان هانیان دام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەم، بەبێ پشتگیریی ئەوان ئەم وەرگێڕانە گەلێ ناتەواوتر دەبوو... ئومێدەوارم خزمەتێکی بچووکی زمانی کوردیی شیرینم کردبێت و کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیم پڕ کردبێتەوە.

ڕەشاد میران
کوردستان: هەولێر
گەلاوێژی ١٩٩٧

## پێشەکیی نووسەر بۆ چاپی کوردی

خوێنەرانی کوردی ئازیز....

ڕێگەم بدەن ئەم کتێبەی خۆم بخەمە بەر سەرنجی ئێوە کە لەسەر میرنشینانی ئەردەلان و بابان – کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم – نووسراوە. بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە لە پرۆسەی کارکردنمدا لەسەر خرۆنیکای نووسەرانی ئەردەلانی سەری هەڵدا – وەکو مەلا محەمەد شەریف قازی، مەلا محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی، خەسرۆ ئیبن محەمەد بانی ئەردەلان، ماهشەرەف خانم کوردستانی، میرزا عەلی ئەکبەر خان سادیق ئەلمولوک. ئەم کتێبانە مەتریاڵی گەلێ زۆریان تیابوو لەسەر مێژووی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات کە پێویستییان بە بڵاوکردنەوە بوو. بۆچوونەکانی لە دوو توێی ئەم کتێبە دان، ئەنجامی لێکدانەوەی زانیارییەکانی مێژوونووسانی کوردن کە ڕێگەیان داین وەڵامی هەندێ پرسیار بدەینەوە، یان هەر نەبێ ریزە پرسیارێک لەسەر مێژووی کوردستان قووت بکەینەوە. کێشەی هەرە بایەخدار لای نووسەری ئەم دێرانە، کێشەی کۆچەریی کوردییە، کۆچەر و خێڵ – چونکە وەکو یەک تەماشانەکردنی ئەم دووانە و لێک جیاکردنەوەیان بەهۆی سەرهەڵدانی هەندێ ستریۆتیپ و جێگەی خۆیان لەناو ئەو کتێبانەدا گرت کە لە سەر مێژووی کوردی نووسراون. کوردستان هەر لە کۆنەوە بە وڵاتی کۆچەران دانراوە و خێڵی کوردیش دەوری هەمیشەیی پاشماوەی پێوەندییەکانی قۆناخی بنەماڵەیی – خێڵەکی پێ دراوە. خێڵیش و کۆچیش وەکو ڕەنگدانەوەی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری تەماشا کراون. هەموو سستەمی ستروکتورەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە دواکەوتوو دانرا، ئەو سستەمەی مان و زیندووبوونەوەی ئێتنۆسەکەی لەماوەی چەندین سەدەدا زامین کردبوو و سەلماندی کە توانای ژیانی هەیە، لە کاتێکدا لە هەمان هەلومەرجی سیاسیی کوردستان گەلێ شانشین تیا چوون. ئەم کتێبەی خراوەتە بەردەم دادگای خوێنەرانی کورد ئەم ستریۆتیپانەی هەڵوەشاندوونەتەوە. چەمکی (کۆچەری) لە کوردستاندا مانای شێوەی ژیان و ئابوورییەکی وا نادات کە لە بزووتنەوەی هەمیشەیی دابێت. ژمارەی قۆناخەکان لە ئۆردگایەکەوە بۆ ئەوی تر و جێگەکانیان، هەروەکو ڕێگەی کۆچەکەشی، بەرێکی دیاری کراون.

ئابووریی تێکەڵی نیمچە کۆچەری، ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵی لە وڵاتی کوردانداا گۆشەگیر و دوورەپەرێز نەبوون. هەر یەکێکیان شێوەیەکی نەگۆڕی چالاکیی ئابووری نەبوو. پرۆسەی بزووتنەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنەر لە گوندەوە بۆ کۆچ و بەپێچەوانەیەوە کە بە مەبەستی خۆڕێکخستن رووی دەدا گەرەنتییەکیش بوو بۆ خۆ بەڕێوەبردن و پشت بەخۆبەستن لە رووی ئابوورییەوە. بزێوی ئەم ستروکتورە ئابوورییانە، توانای جێگۆڕکێیان ناوچە کوردییەکانیان لە کاولبوونی ئابووریی رزگار کرد، بۆیە لەوەرگاکانی ئاژەڵ بەخێوکردن لە کوردستان وەکو دیاردەیەکی پاشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان نەدەنواند. بەڵکو پارێزەری هێزی بەرهەمهێنەری ناوچەکە بوون لە رۆژگارە سەختەکانی مێژوویدا. سستەمی کۆچەری و خێڵی کۆچەر ئەرکێکی تری هەرە گرینگی ئێتنۆکۆمەڵایەتی و سیاسییان لە وڵاتی کوردانداا بەجێ هێناوە. سنوورە دەوڵەتییەکانی ناوچە کوردییەکانیان دابەش کردبوو بەلای کۆچەرانەوە بایەخێکیان نەبوو. بەمەشەوە ئەمانە سنوورەکانیان تواندبووەوە و بووبوون بە ئاڵقەی بەیەکەوەلکاندنی ناوچەکانی کوردستان. هەر ئەمانیش بوون لە ئەنجامدا کوردستانیان کرد بەیەک رووبەری کولتووری و ئابووری.

هەڵسەنگاندنی جێگە و بایەخی خێڵ لە چارەنووسی مێژوویی کورددا کارێکی سەختە، ئامادەگی خێڵ لە هەموو ئاستێکی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواریدا هەستی پێدەکرێ: لە هەیکەل و ستروکتورەکانی دەسەڵاتدا، لە کۆمەڵێ فیکرو بیروباوەڕی باودا. خێڵی کوردی – ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی و ئابووری زیندوو و بزێوە و توانایەکی زۆری مانەوە و بوونی خۆی هەیە و لە سەر بنچینەی خزمایەتی و هاوکاریی هەموو ئەندامانی خێڵ دامەزراوە. خێڵ، لە رۆژگارە سەختەکاندا – کە ئەم جۆرە رۆژگارانەش لە مێژووی وڵاتی کوردانداا گەلێ زۆرن، بوو بەستروکتوری سەرەکیی کۆمەڵایەتی – سیاسی و حوکم، لەو بوارانەی دەستی بەسەردا دەرۆیشت کۆنترۆڵی رەوشەکەی دەکرد. خێڵ بۆ کورد بووبوو بە حەشارگەیەکی ئابووری، سیاسی و ئیدیۆلۆگی. بە بڕوای تەواوی ئێمە، کوردەکان ئەگەر لە رۆژگارە سەختەکاندا نەیانتوانیایە بگەن بە چیاکانیان، کە لەوێدا هەوارگەی کۆچ و خێڵ دەبوون بە پەناگایان، زەحمەت بیانتوانیایە وەکو کۆمەڵەیەکی ئێتنیکی بمانایەوە. سستەمی ماف و یاساکان، کە لەماوەی چەندین سەدە بەوردەکارییەوە دامەزراوە و لەسەر بنچینەی ژیانی تەقلیدیی خێڵەتی دروست بووە، توانا و هێزی بە خێڵ داوە کە لە رۆژگارە هەرە سەخت و دژوارەکاندا خۆی بپارێزێ. لە کاتێکدا ستروکتورە کۆمەڵایەتی – سیاسییەکانی تر هەرەسیان هێناوە و لە ناو چووین. ئەم بۆچوونەی ئێمە کە

لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا بنچینەی ئەم بەرهەمەی پێکهێناوە. لە مەدا ئێمە هەوڵمان دا، پێش هەموو شتێک، دەستنووسە کوردییەکان وەقسە بێنین، چونکە تا سەرچاوەکان بێدەنگ بن، مێژوو ون دەبێ.

گەڕانەوەمان بۆ بەرهەمی مێژوونووسە ئەردەلانییەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەدەی نۆزدە، ڕێگەمان دەدات بەنموونەی دوو میرنشینی ئەردەلان و بابان، تیۆریای ئیماراتی کوردی وەکو ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی بخەینە ڕوو، ئەو ستروکتورەی کە لەسەر مەبدەئی خۆبەڕێوەبردن دامەزراوە. ئەگەرچی ئەردەلان دەکەوتە نێو ئێران و بابانیش سەر بەئیمپراتۆریای عوسمانی بوو. پرۆسەی خۆڕێکخستن و خۆبەڕێوەبردن فاکتەری یەکلاکەرەوەی ڕەوتی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە، ئەوەش ڕێگەمان دەدات میرنشینی وەکو شێوەیەکی تایبەتیی دەوڵەتی کوردی سەیر بکەین. ئەم تیۆریایە بۆچوونێکی تازە و ناتەقلیدییە سەبارەت بەمێژووی کوردستانی ئەردەلان و کوردستانی بابان لە ماوەی سەدەی حەڤدەوە تا سەدەی نۆزدە.

ی. ئی. ڤاسیلیەڤا

سانکت پیترزسبۆرگ – ١٩٩٣

## دەروازەی باس

کوردەکان لە هەموو مێژووی چەندین سەدەیی خۆیاندا، لەبەر گەلێ هۆ، نەیانتوانیوە دەوڵەتێکی یەکگرتووی خۆیان دامەزرێنن، بۆیە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریای جیاوازی ناوچەکەدا ژیان کە دواتر دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراقیان لێ پێکهات. لە مێژووی کوردیدا کەسان و بنەماڵەی وا هەڵکەوتوون کە پلەی شاهانەیان هەبووە و ناوبانگیان هەموو جیهانی داگرتووە. وەکو سەلاحەددینی ئەیوبیی ناودار، بەڵام ئاستی هەرە بەرزی کامڵبوونی سیاسی کوردان، تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەش، هەر میرنشینی "ئیمارات" بووە. لە کوردستاندا، مەرکەزیەت هەمیشە سیمای ناوچەیی هەبووە، ئەوەش لە مەدا ڕەنگی دابووەوە کە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان هەردەم لە دەورەی مەڵبەندە ناوچەیییەکاندا کۆدەبوونەوە.

سیما و خەسڵەتەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی – سیاسی کوردستان ڕەوشێکی جیۆسیاسی تایبەتی لە ناوچەکەدا دروستکرد. وڵاتێکی وا شاخاوی کە جیهانی ئێرانی لە هی تورکی – عەرەبی جیا دەکاتەوە، ئیتر هەر بە بۆنەی جێگەی جوگرافیی خۆیەوە دەبوایە، ناچار، ڕۆڵی سنووری سروشتی ئیمپراتۆریاکان ببینێ (١٦٧، ل١٩)، وڵاتی کوردان، هەر لە کۆنەوە، مەیدانی پێکدادانی ئێران و دەوڵەتانی ئاسیای بچووک بووە. شەپۆلانی داگیرکەران، لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاواوە، لە سەر تۆپەکەی چیاکانی کوردان تێکەڵ بەیەکدی دەبوون. کوردستان هەروەکو شانۆیەکی هەمیشەیی مایەوە کە سوپاکانی دوژمنی یەکدی لە سەری یەکتریان قڕ دەکرد و، لە هەمان کاتیشدا، وڵاتی کوردانیشیان وێران دەکرد و کولتوورەکەیان دادەتەپاند. لە گێژاوی ململانێی سیاسیی لە بن نەهاتوودا هێزی جەنگیی کورد لەلایەن هەردوو لاوە بەکارهاتووە. کوردیش بە وڵاتی وێرانکراو و شار و لادێی رووخاو و بەهای کولتووریی خۆی نرخەکەی دەدایەوە. دەستنووسەکان، پێش ئەوەی بە دەستی نەوەکانی دواتر بگەن، سووتاون و ئەوانەی مابوونەوەش مات و لانەواز بوون و تا ئەم دوایییە ئینجا وەدەنگ هاتوون.

بەشینەوەی کوردستان لە نێوان ئێران و تورکیای عوسمانی لە سەرەتای سەدەی شازدەدا بوو. بەپێی پەیمانی ئێرانی – تورکیی ساڵی ١٦٣٩ سنووری ناوچەکانی هەردوو

لا له کـوردسـتـاندا دیاریکران و قـەڵاکـانی کـوردانیش تـەختـکران، زۆرانبـازیـی ئەم دوو ئیـمـپـراتـۆریا بەهێـزانـه لە پێناو کـوردسـتـان پرۆسـەی یەکگرتنەوەی ئێتنیکی و سـیـاسـی کـوردانی دواخـست. بەڵام نەیتـوانی رایگرێ و کـۆتایی بۆ دابنێ. بنچـینه و بنەمـاکـانی خـەباتی نـەتەوەیی رزگـاریخـوازی مـیللەتی کوردیش هـەر بۆ ئەو ڕۆژگـاره دەگەڕێتـەوە، کـه هەتا ڕۆژی ئیمرۆش هەر بەردەوامە.

پرۆسەکانی یـەکگرتنەوەی ئێتنیکی لە رەوتی خۆیاندا هەر بەردەوامبـوون و ڕەنگی خۆیان لە جیـهـانبینیی سیـاسـیی کەسـانی وا مـەزن دایەوە وەک مـێـژوونووسـی سـەدەی شـازدەم شـەرەفـخـانی بەتلیـسی و شـاعـیـری سـەدەی حـەڤـدەم ئـەحـمـەدی خـانی – رەگ و ڕیشـاڵی ئیدیۆلۆگیای نەتەوەیی لە بەرهـەمەکانی ئەماندا سەریان هەڵداوە.

شـەرەفـخان شاکـارەکەی خۆی بۆ مـیللەتی کورد تـەرخـانکردووه و هـەموو ئەو خێـڵە زۆر و جـۆراوجـۆر و لێکدابڕاوانەی بە دیالێکتی جیـاواز دەدوان و تەنانەت ئـەوانەش کـه لە سـەر ئاینی وا بوون ئیـسلام دژایەتیی دەکردن، وەکو ئێزیـدییەکان، هەمـوویانی بەمیللـەتی خۆی زانیوە. نووسـەر شـانازی بەوە دەکات کە فەرمـانڕەوایانی کورد سـەریان بۆ شاکانی ئێران و سـوڵتـانەکـانـی تورک دانەنواندووه. شـەرەفـخـان بە پـەژاره و ئازارەوە دانیناوه بە نـەبوونی ئارەزوو لای کورد بۆ یەکگرتن و بێ تواناییيان لەم ڕووەوە (٣٤، ٣٦، ٣٥، ٢٩، ٣٠).

ئەحمەدی خانی، لە چیرۆکە شیـعر (پۆئێما)ی "مەم و زین"دا، چارەنووسی رەشی میللەت و وڵاتی خۆی، کە بەسنووری دەوڵەتان پارچە پارچەکراوە، بەم جۆره دەربڕیوە:

سـەرم سوڕمـاوە لەو چارەنووسـەی خـوا بۆ کوردی داناوە... کورد دیوار ئاسـایی تورک و فـارسـی گەمـارۆداوە...، (بەڵام) هـەمـوو جـارێک. کـاتێک عـەرەب و تورک جـوولەیەک دەکەن، تەنیا کورد خڵتانی خوێن دەبێ (٢٠٠، ١٧٩).

پارچە پـارچەیی کـوردسـتـان بوو بەهۆی نـەبوونی یەک ترادیسـیـای مـێـژوویی. ئەوەش تەگـەرەیەک بـوو لە بەردەم لێکۆڵینـەوە لە مـێـژووی کـورد و بگـره تا ڕۆژی ئیـمـرۆش هـەر تەگەرەیە. وەکو چۆن لێکۆڵەرەوەی هۆڵەندی م. ڤان بروینسون سەرنجی داوە، لە ناو هەموو ئـەو ئـەدەبیـاتـەی دەربـارەی کـورد چـەمکی تـەمـاوی و نـادیـار زاڵن (١٦٧، ل١). بۆ دامەزراندنەوەی رابردووی مێژوویی میللەتێک پێویستە بنکە یان گەنجینەی سـەرچاوەکان هـەبێت، ئەوەی لە هـەمـووش زێتر جێگەی باوەڕبێ دەستنووس "خرۆنیکا"ی ناوچەکانن کـه دەربارەی ناوچە و خێڵە جیاوازەکانی کوردستان نووسراون.

ئەم کتێبـە – هەوڵدانێکە بۆ گەڕان بەدوای فاکتی مێژوویی دوو مـیرنیـشینیی کوردی و لێکدانەوەیان لـه سـەر بنچینەی ئەو ترادیسیـا مێژووییـەی هیـستـۆریاگرافیـای ناوچەکە

تۆماریکردووە. دەستنووسەکان زانیاریی ڕاستەقینە و بایەخداریان تیا هەیە کە هەتا ئەم دواییە لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکارنەهاتوون.

ناوی نووسەر و هیستۆریاگرافیست و شاعیرانی کورد، یەک لە دوای یەک، وەبیر کەوتوونەتەوە. ژمارەی خرۆنیستەکان، واتە نووسەرانی دەستنووسەکان کە لە ئەردەلان ژیاون و بەرهەمەکانی خۆیان لەوێدا نووسیوە، ڕێگەمان دەدا بڵێین قوتابخانەیەکی تەواوی هیستۆریاگرافیستی ناوچەکە لەوێدا هەبووە. جارێش ئەوەی بۆ کوردستان تازەبێ ئەو فاکتەیە کە چەند خرۆنیکایەکی ناوچەیی هەن دەربارەی فەرمانڕەوایەتیی ئەردەلانیان، ئەوەش ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە بتوانین بۆ مێژووی رابردووی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستان بگەڕێینەوە – ئەو شوێنەی هەندێ نووسەر بە لانەی کولتووری کوردیی دادەنێن.

میرنیشینیەکانی ئەردەلان و بابان، کە بەشی سەرەکیی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستانیان دەگرتەوە، یەکێک لە سێنتەرە هەرە گرینگەکانی یەکگرتنەوەی (consolida-tionی ئێتنۆسی کوردی بوون. جێگەی ئەم دوو میرنشینیە لە سەر سنووری نێوان دوو ئیمپراتۆریا، عوسمانی و ئێرانی کە هەمیشە لە شەڕ و جەنگدا بوون، توندوتیژییەکی تایبەتی بەڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەم ناوچەیەی کوردستاندا بەخشی. میرنیشینیەکان لە ناو جەنگەی خەباتی سیاسی و پێکداداندا بوون. بنەماڵەکانی فەرمانڕەوای ئەم میرنیشینانە بە پێوەندیی ئاڵۆز و جۆراوجۆرەوە بەسترابوونەوە – هەر لە دوژمنداریەتیی ئاشکرا و ململانێوە تا دەگاتە هاوکاریکردن. زۆر شتیش لە سەر پێوەندیی ئێرانی و تورکییەوە وەستابوو، کە ئەویش بای خۆی ئاڵۆز بوو. ئەم دوو ناوچە کوردییە گەلێ شتی هاوبەشیان هەبوو، شان بەشانی پێوەندیی ئابووری، سیاسی و کولتووری لە نێوانیاندا، هەروەها مێژوویەکی هاوبەشیشیان هەبوو، چونکە هەر لە سەدەی دوازدەوە تا ساڵی ١٦٣٩ ئەم دوو ناوچەیە یەک کیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییان پێکهێنابوو – ئەویش میرنیشینیی ئەردەلان بوو. هەموو، ئەوانە مافی ئەوەمان پێدەدەن کە ئەم بەشەی کوردستان بەیەک پارچەی تەواو و یەکگرتوو لەقەڵەم بدەین.

دیراسەکردنی مێژوو و ستروکتوری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەردەلان و بابان دەبێت بە ئاڵقەیەکی گرینگ لە دامەزراندنەوەی مێژووی کورداندا. میژووی ئێمارەتەکانی کوردی، لە رەوشی ئیدیۆلۆگیی ئێستای کوردستاندا، سیمبۆلی شکۆ و سەربەستیی کوردانە و لای مێژوونووس و سۆسیۆلۆگان تادێ بایەخی زێتر وەردەگرێ. هەڵبژاردنی بابەتی ئەم کتێبە، هەروەها چوارچێوە کرۆنۆلۆگی و ڕووبەرەکەی، بەو سەرچاوانەوە بەندبوو کە لە بەر دەستدا بوون.

له بیبلیۆگرافیای ئەدەبیاتدا دەربارەی کورد پێنج نووسراوی خرۆنیستەکانی ئەردەلانی تۆمار کراون: "زوبدەت ئەلتەواریخی سەنەندەجی"ی محەمەد شەریف قازی، پاشکۆی "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەتلیس لە لایەن محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی. خرۆنیکای خوسرەو ئیبن محەمەد بانی ئەردەلان. "تاریخی ئەردەلان"ی ماهشەرەفخانم کوردستانی، "حەدیقەی ناسرییە"ی میرزا عەلی ئەکبەرخان سادیق ئەلمولوک.[(١)]

کۆنترین خرۆنیکای ئەردەلانی بەرهەمەکەی محەمەد شەریف قازییە کە ساڵی ١٢١٥ﻫ – ١٨٠٠ز. تەواو بووە. ئەمە تاقە دەستنووسێکە و لە کتێبخانەی دانشگای کامبریدج پارێزراوە (١٤٨، ٤٦٥) لە کاتۆلۆگەکاندا لیستی تر باس نەکراون. بەڵام لای کەسانی تایبەتی هەن و بەڵگەی ئەمەش ئەو دەسنووسەیە کە لای زانای کورد محەمەد موکری هەبوو و جوامێرانە خستیە بەردەست نووسەری ئەم دێڕانە و ڕێگەیدا کۆپیایەکی لێ بگرێتەوە.

"زوبدەت ئەلتەواریخی سەنەندەجی"ی محەمەد شەریف قازی تاکو ئێستا نەخراوەتە بەر لێکۆڵینەوە، جگە لە لێدوانێکی کورت لەسەری لەلایەن ئێ. بڕاونەوە لە کتێبخانەی دانشگای کامبریدج (١٦٦، ١٠٣، ١٠٤) و ناوهێنانی لەبەرهەمە بیبلۆگرافیاییەکەی چ. ئا. ستۆرن دا؛ زانیاریی تر دەربارەی ئەم سەرچاوەیە لە ئەدەبیاتی زانستیدا تا ساڵی ١٩٤٨ نەبووە (٣٢، ٣٤– ٤١).

بەرهەمەکەی محەمەد شەریف قازی بەشێوەی "مێژووی گشتی" نووسراوە و، لەو دانەیەی دانشگای کامبریدج دا پێکهاتووە لە پێشەکی، ١٢بەش و کۆتایی. هەر چەندە لە ناوی کتێبەکەدا سۆزی ئەوەی داوە کە " کەرە (زوبدە) و مێژووی سەنەندەج" بخرێتە ڕوو. کەچی تەنها بەشی یازدە "دەربارەی نەژادی کورد و بنەماڵەی والی و میرەکانی ئەردەلان" بۆ ئەردەلان، یان کوردستانی سنە و کورد بەگشتی تەرخانکراوە. ئێ. بڕوان دانەری کاتۆلۆگی دەستنووسەکە لە دانشگای کامبریدج ڕەوایانە ئەم بەشەی بە نرخترین بەشی نووسینەکە داناوە (١٦٦، ١٠٤)، لە دانەی دانشگای کامبریدج دا ئەم بەشە پێنجیەکی هەموو دەستنووسەکەیە.

---

(١) لە لسیتی خرۆنیکایانی ئەردەلانی دا بەرهەمی زێتر هەن کە لای کەسانی تایبەتی هەڵگیراون. هەژاری شاعیر لە وەرگێڕانی "شەرەفنامە" بۆ زمانی کوردی "خرۆنیکای ئەردەلان"ی ئیسماعیل ئیبن مەلا محەمەد حوسێن ی بەکاربردووە (٣٧، ١٩٥) پەراوێزی٢ لە لاپەڕە ٢١٢ی ئەم چاپەدا نووسەری ئەم خرۆنیکایە بە ئیسماعیل مەلا حەمە حوسێن ناوبراوە.

دەستنووسەکەی لەمەڕ محەمەد موکری لاپەڕەکانی ژمارەنووس نەکراون[٢] سەرەتا و کۆتاییشی نییە. لەو پەڕەی کە لە جیاتی بەرگی دەستنووسەکەیە. لەوە دەچێ، بەخامەی زانای ئێرانی ناسیر ئازاد پوور، بڵاوکەرەوەی خرۆنیکای ماهشەڕەف خانم کوردستانی، ئەمە نووسراوە: " ئەم کتێبە دەربارەی مێژووی کوردستانی ئەردەلانە و بەهەوڵ و کۆششی زانا و هاوڕێی بەڕێزم بورهانەددین حەمید دیراسەم کردووە. ناسیر ئازاد پوور، سەنەندەج (١٠– ٩– ٢٦– ١٥). دەستنووسەکەی محەمەد موکری، بە جیاوازی لە دانەکەی دانشگای کامبریدج، ٤٠ بەشی هەیە، بەڵام ئەو ٢٨ بەشە (زێدەیە) هەرگیز قەوارە گەورەیی ناگەینێ، بەڵکو تەنیا شێوەیەکی تری ڕێکخستنی بابەتەکانە.

بەرهەمەکەی محەمەد شەریف قازی جێگەی سەرچاوەی هیستۆریاگرافیای بنەماڵەی ئەردەڵانی گرتووە. ئەو بەشەی تایبەتە بە والی و میرەکانی ئەردەلان، دەکرێ ناوبنرێ بە یەکەمین تۆماری ترادیسیای مێژوویی ناوچەیی کە تاکو ئێستا زانرابێ. نووسەرانی دواتر، بێگومان، ئەم بەرهەمەیان بەکارهێناوە. کەچی ماهشەڕەف خانم تەنیا ئاماژە بۆ ئەوەی پێش خۆی دەکا، هەرچی خوسرەو ئیبن محەمەد و نووسەری "حەدیقەی ناسرییە"شن بەجارێک پشتگوێ خراون. خوسرەو ئیبن محەمەد تەنانەت خوێنەرانیش دڵنیا دەکا لەوەی کە پێش خۆی مێژووی فەرمانڕەوایانی ئەردەلانی هەر (لە ژێر پەردەی نهێنیدا) شاردراوە بووە (٣٢، ٩٩) مێژووی خرۆنیکای خوسرەو ئیبن محەمەد بۆ ساڵانی (١٢٤٩ – ١٢٥٠ک ١٨٣٣ – ١٨٣٥ز) دەگەڕێتەوە و نووسەرەکەی نوێنەری لقێکی هەژاربووی ئەردەڵانییەکانە. دەستنووسی ئەم بەرهەمە لە گەنجینەی کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس دا تا ساڵی ١٩٧٩ بەتاقانە دادەنرا. ساڵی ٩٧٩ لە تاران کتێبێک بە ناوی (لوببی تەراویخ) و بە پێشەکییەکی کورتی دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەلانی دەرچوو. "تاریخی ئەردەلان". تەئلیفی خوسرەو ئیبن محەمەد مەنوچەهر ئەردەلان مەشهور بە موسنیف دەر ساڵی ١٢٤٩ هـ ش. (١٦) ئەم کتێبە بڵاوکردنەوەیەکی بەرهەمەکەی خوسرەو ئیبن محەمەدە لە دەستنووسێکی تایبەتییەوە.

بەراوردکردنی دەستنووسەکەی ئەم کتێبە لەگەڵ دانەکەی پاریس دا دەرکەوت ئەمەی دوایی، کە لەلایەن ئێ. بلۆشێ وە لە کاتۆلۆگی کتێبخانەدا بەم جۆرە ناونراوە:

Histoire de la tribu kurde des beni Arde’ lan

درەنگتر دانراوە. لە کاتی زێتر بەراوردکردنیان روون بووەوە کە جیاوازیی زۆریان لە نێواندا هەیە. ئەوەش ئێمەی گەیاندە ئەنجامێک کە دەبێ، بەلای کەمەوە، دوو دانە

(٢) بۆ ئاماژەکردن بە دەستنووسەکەی محەمەد موکری، ئێمە خۆمان لە سەرەتای بەشی ٣٩وە (بەشی یازدەی هی دانشگای کامبریدج) ژمارەنووسی لاپەڕەکانمان کردووە.

دەســتنووسی ئەم بەرهەمــە هەبێت و لەم دووانە ئەوەی درەنگتـر نووســراوە بووە بە هـی کتێبخـانەی پاریس، ئەم بارە. هەروەها ئەوەش کە دانەکەی تاران هەڵبژاردکاری بووە بێ ئیــشــارەتکردن بە گــۆڕانکاریی لە دەقــەکــەدا و بەبێ ڕەچاوکـردنی لایەنی زانســتی، دەستنووسەکەی پاریس دەرکەوت لەبارترە و ساڵی ١٩٨٤ ئەم دانەیە لەگەڵ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی رووسی بڵاوکرایەوە، پێشەکی، پەراوێز و ئیزافەکردنی لەلایەن نووسەری ئەم دێرانەوە بوو (٣٢).

خوسرەو ئیبن محەمەد لە باسی رووداوەکاندا بەشی زۆری هـی خۆی دەگێڕێتـەوە کە جیاوازە لە گێڕانەوەی محەمەد شەریف. پەیڕەوکەری ئەوان ماهشەرەف خانم کوردستانی سەرنجی ئەوەی داوە و زانیارییەکانی هەر دوو مێژوونووسی بەراورد کردوون.

بەرهەمــەکەی ماهشــەرەف خـانم کوردســتـانی (١٨٠٥– ١٨٤٧). کە بەنازنـاوی ئەدەبیی "مەستوورە" زۆر باش ناسراوە، جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە هیستۆریاگرافیای ئەردەلانیدا. ئەگەر خوسرەو ئیبن محەمەد، کە تەنیا دە ساڵان پێش ماهشەرەف خانم بوو، هەرگیز گـوێی نەداوە بە تێککردنەوەی زانیـارییـەکـانی خـۆی و هی خــەڵکی تر، ئەوا نووســەری (تاریخی ئەردەلان) بەگوێرەی توانا هەوڵیداوە زانیارییەکان هەڵسـەنگێنێ. ماهشەرەف خــانم لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگـرانەوە سـەیری سـەرچاوەکـەی کـردووە و، هەر چەندە لەو کتێبەدا گومانی خۆی لەسەر زانیارییەکان بە ئەو پەڕی ئەدەبەوە دەربڕیوە. هەڵوێستی ئەم مـێژوونووسە بە ڕوونی دیارە کـە دژی باوەڕی سـاکـارانەیە بە هەمـوو ئەوەی نووسـراوە، ئەوەی کە سیمای نووسەرانی پێش خۆی بووە.

خڕۆنیکای ماهشەرەف خانم کـوردستانی سـاڵی ١٩٤٦ لە سنە لەلایەن زانای ئێرانی ناسیر ئازاد پوورەوە، ئەوەی لەسەرەوە باس کراوە، چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەمە چاپی ئەو دەسـتنووسـە بوو کە گـەلێ بە زەحـمـەت و دوای بەدواگـەڕانێکی زۆر وەدەست کـەوت. ئەم کتێبـە. هەتا ئەو مـاوەی دواییـە، هـەر دوورەدەسـتی لێکۆڵەرەوانی مـێژووی کوردی بووە. ساڵی ١٩٩٠ لە لایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە ئەم خڕۆنیکایە کرا بە رووسی لەگەڵ پێشەکی و پەراوێزی پێویستدا لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە (a ١٧).

"حەدیقەی ناسیرییە" بەرهەمی میرزا عەلی ئەکبەرخان سادیق ئەلملوک کوردستانییە کە یەکێکە لە نوێنەرانی بنەماڵەی نەجیبزادەی ئەردەلانی – قادری، ماهشەرەف خـانمیش لەلایەنی باوکییەوە دەچووەوە سەر ئەو بنەماڵەیە. ئەم بەرهەمە سالانی ١٣٠٩– ١٣١٠ه، ١٨٩١ – ١٨٩٣ نووسراوە و لە کاتۆلۆگی گەنجینەی دەستنووساندا چوار دانەی لێ هەیە (١٤٨، II، ١١٠٥ – ١١٠٦) یەکێک لە دەستنووسەکان (هەرە نوێیەکە) هی کتێبخانەی ڤ.

ف. مـينورسكيـيــه و بـه ناوى ئەمــەوه له بەشى لينينگرادى ئامـۆژگـاى ڕۆژهـەڵاتنـاسى ئەكاديمياى زانستى يەكێتى سۆڤيەتدا پارێزراوه (٣٠).

خـڕۆنيكاى مـيرزا عـەلى ئەكبـەر خـان. نـه له ئەدەبيـاتى سـۆڤـيـەتى و نه له هـى دەرەوه، نەخراوەتـه بەر تيشكى زانسـتى. وتارێكى بچووكى ڤ. پ. نيكيتين"Les vlis d' Ardelan" كه سـاڵى ١٩٢٢ لـه گۆڤارى Revue du Monde Musulman دا بلاوكرايەوه، ئەويش كورت و بێ رەخنه و جارجارەش گێڕانەوەى ناتەواوى دەقى دەستنووسەكەيه.

له "حــەديقـەى ناسـرييـه"دا بـەجـيـاوازى لـه خـڕونيكا ئەردەلانيـيـەكـانـى تر، باسـێكى بەرفـراوانـى مـێـژوويى – جـوگـرافى بووه بـه پێـشـەكى مـێـژووى فـەرمـانڕەوايەتيى ميرنيشينيـەكانى ئەردەلان (له دەسـتنووسـەكـەى ڤ. ف. مينورسكى دا ئـەم پێشـەكيـيه ٨٨ لاپەڕەيه)، دەربـارەى: پايتـەخـتى مـيـرنيـشـيـنى – سـەنـەندەج، ١٧ ناوچه. ڕووبار، چيـاو خێڵـەكان. كتێبـەكـه، هـەروەها. پاشكۆيەكى گەلێ بەنرخى لەگەڵدايه سـەبارەت بـه بنەمـاڵه نەجيبزادەكانى ئەردەلان.

هـەمـوو ئەو خـڕۆنيـكايانەى ئـامـاژەيان بۆ كـراوه. هـەريەكـه و بـەپێى خـۆى. بەهادارن و كۆپياى يەكدى نين. هـەمـوو بەرهـەمەكانى مێژوونووسـانى ئەردەلانى. كه لەو هـەلومەرجـەى بێ سـەرچاوەييدا دەبن بەگەنجينەيەكى بەنرخى زانيارى دەربارەى كوردسـتانى خـواروى ڕۆژهـەڵات، شـايانى بـلاوكردنەوه و لێكۆڵينەوەن. زانيـارييـەكانى نووسـەرانى خـڕۆنيكايانى ئەردەلانى بوون بـەبـنچيـنەى فـاكـتـۆلـۆژيى سـەرەكى بۆ نووسـينى  ئەم كتێبـه. كتـێبـەكـەى باوەگەورەى مەزنى ئـەوان شـەرەف خـانى بەتليسـى، كـه سـاڵانى ١٥٩٤–١٥٩٧ نووسـراوه و مـێـژووى مـيللـەتـى كـوردى پێش سـەدەى شـازدەى گـرتووەته خـۆ، ڕێگـەى داين ئيـزافـه و دەسـتكارى گرينگ ئەنجـام بدەين. شـەرەف خانـى بەتليسـى بەشـى يەكـەمى بەرگى دووەمى كتێبـەكـەى بۆ فەرمـانڕەوايانى ئەردەلان تەرخـانكردووه – دەربارەى فـەرمانڕەوايانى مـەزنى كوردسـتان، ئەوانـەى هـەرچـەنده داواى تيتوڵى سوڵتانى و تەختى شايـەتييان نەدەكرد. بەڵام هـەندێ جار خـوتبـەى خـۆيان لەمزگەوتان دەخوێندەوه و پارەى بـه ناوى خـۆيان دەردەكرد "و فەرمانڕەوايانى بابان – بەشێكى ئەو بەرگه" "ميرو فەرمانڕەوايانى ترى كوردستان".

هـەموو مێژوونووسـانى ئەردەلانى له زانيارييەكانى شـەرەف خانى بەتليسييەوه، سـەبارەت بـه مێژووى ميرنيشـينى ئەردەلان، دەستيان پێكردووه. بەڵام ئەمـان تەنيا پشـتيان بـه بەشـى يەكـەمى بەرگى دووەمى شـەرەفنامـه بەسـتووه و ئەو لاپـەڕانەى تايبـەتن بـه فـەرمـانڕەوايانى بانه و پەڵەنـگان، كـه له نـاو چوارچێوەى مـيـرنيـشـيـنى ئـەردەلان دا بوون، پشـتگوێ خـراون. هـەروەكـو دواتر دەبيـنين، ڕابردووى فـەرمـانڕەوايـانى بنەماڵەى كـەلهـوڕ، كـه لـه شـەڕەفنامـەدا

بەشێکی ئەو بەرگەی بۆ تەرخانکراوە "میر و فەرمانڕەوایانی تری کوردستان"، پێوەندیی یەکجار بەهێزی بە مێژووی میرنیشینی ئەردەلانەوە هەیە.

زانیاری و باسی میرنیشینی ئەردەلان هەروەها لەو پاشکۆیەشدا هەیە کە محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی ساڵی ١٨١٠ بۆ (شەرەفنامە)ی نووسیوە، واتا (١٠) ساڵ دوای نووسینی (زوبدەت ئەلتەواریخی سەنەندەجی)[٣].

باووباپیرانی نووسەر، بەقسەی خۆی، (چ لە تەنیایی و. چ لەناو خەڵکدا، لە ڕۆژانی جەنگ و کاتی هێمنیدا لە نزیکەکانی دەستەودایرەی (فەرمانڕەوایانی ئەردەلان) بووین و تۆمارکەری مێژووی ئەو بنەماڵە بەختەوەرە بووین)، ئەمیش تۆمارەکانی ئەمانی بەکارهێناوە (L. 1،٥٣) ئەوەش نرخ و بایەخی ئەو ئیزافەیەی محەمەد ئیبراهیم گەلێ زێدە دەکا و یاریدەی داین هەندێ لەو ڕۆژگارانە (مێژوو) ڕاست کەینەوە کە مێژوونووسانی تری ئەردەلانی هێناویانەتەوە.

لێکۆڵەرەوەی کورد عەبدوڵلا مەردۆخ (١٩٤) سێ بەرهەمی تری هیستۆریاگرافیستانی ئەردەلانیی خستوونەتە بەر تیشکی زانستەوە: "تاریخی ئەردەلانی" ی ئیسماعیل ئیبن ڕۆستەم ئەل بابانی ساڵی ١٨٦٨و " سیەر ئەل – ئەکراد"ی عبدالقادر ئیبن ڕۆستەم ئەل بابانی ساڵی ١٨٦٨ و "توحفەیی ناسیرییە"ی میرزای شوکرەڵلا سەنندجی ساڵی ١٨٩٧. بەرهەمی یەکەم وەکو بەردەوامبوونێکی تری ئەو بەشەی "شەرەفنامە" یە دەربارەی فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان. خرۆنیکاری سێیەم، وەکو عەبدوڵلا مەردۆخ نیشانی داوە (١٩٤، ٥٣) کتومت "حەدیقەی ناسیرییە" یە، جگە لەو رووپەلانەی نووسەر دەربارەی رۆژگاری خۆی نووسیونی. کارەکەی عەبدولقادر ئیبن ڕۆستەم ئەل – بابانی، کە ئەویش خەڵکی سنەیە بەڵام سەر بە بنەماڵەی بابانەوەیە، بایەخی زێتری هەیە. ئەو کارانەی سەرەوە، لە رووی بایەخەوە، وەکو یەک نین و لە لایەنی کاتیشەوە هیچیان پێش خرۆنیکای محەمەد شەریف قازی نەنووسراون. بەڵام دۆزینەوەی سێ ناوی تری نوێی هیستۆریاگرافیستانی کورد فاکتێکە و شایانی سەرنجدانیشە.

"شەرەفنامە" – کۆنترین سەرچاوەیە و نووسەرانی خرۆنیکاکان پشتیان پێ بەستووە. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەینێ کە ترادیسیای مێژوویی ڕاستەقینە لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە "شەرەفنامە"وە دەست پێدەکات. بەتلیسی لە سەر بنچینەیەکی

(٣) سەبارەت بەمێژووی پەیابوونی دەستنووسی ئەم پاشکۆیە بۆ (شەرەفنامە)ی شەرەف خانی بەتلیسی، کە هی ج. مالکۆلم بوو، نووسەری ئەم دێرانە لە پێشەکیدا بۆ چاپی خرۆنیکای خوسرەو ئیبن محەمەد لێی دواوە (٣٢، ٤١ ـ٤٢).

پتەوی زانیاریی ناو سەرچاوەکانی کۆنتر دامەزراوە. بەرهەمی جوگرافیاناسانی عەرەبی سەدەکانی حەوتەم تا دەیەم تیشک دەخەنە سەر مێژووی ناوچەکە و گەڕانەوە بۆیان گەلێ سوودبەخش دەبێ. لەم ڕووەوە کارەکەی ئا. پ. پۆلادیان (١٤٠، ١٤١) ئەنجامی هەست پێکراوی وەدەست هێناوە. بەڵام بەکارهێنانی زانیاریی ئەم سەرچاوانە بۆ ڕووداوەکانی درەنگتری کوردستانی ئەردەلان و بابان، جارێ، ئەو رابردووە تاریکەی ناوچە کوردییەکان، لە قۆناغی نزیکەی تا کۆتایی سەدەی پازدەم، ڕێگەی لێ گرتووین.

ساڵی ١٩٧٣ بەڵگەنامەیەکی تابڵێی بەنرخ و نائاسایی دەربارەی مێژووی کوردستانی خوارووی بە زمانی تورکی (in Osmanli Turkish) بەچاپ گەیشت و لە لایەن بڵاوکەرەکەیەوە ئەی. پارماکسیزئۆغلو ئەم ناوەی بۆ دانرا:

"Kusey lrak'ta Osmanli hakimiyetinin kurulrusu ve Memun Bey'in hatiralari"

ئەمە چاپی دەستنووسێکی دۆزراوە بوو بە ڕێنووسی لاتینی لەگەڵ پێشەکیدا - (١٦٧، ٤٣١ پەراوێزی ١٠٦) دوای حەوت ساڵ لە بەغدا وەرگێڕانی ئەمە بۆسەر زمانی عەرەبی لەلایەن محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی و شوکر مستەفا وە بڵاوکرایەوە لە ژێر ناوی: "بیرەوەرییەکانی مەئموون بەگ کوری بێگەبەگ (مذکرات مأمون بیک ابن بیکە بیک)، (١٨).

کاتی نووسینی یان وردتر، تەواو بوونی "بیرەوەرییەکان" لە کۆتایی کتێبەکەدا نووسراوە (رەبیعی دووەم ٩٨٥، حوزەیرانی ١٥٧٧ " ١٨، ٨٠" دانەری ئەم بەڵگەنامە مێژووییە میرێکی بنەماڵەی ئەردەلانییە) مەئموون بەگ کوری بیگە بەگ (١٨. ٣) کە لە خرۆنیکایانی ئەردەلانیدا بە مەئموون بەگی دووەم باسکراوە. ئەم بەشێوەی بیرەوەری بەرهەمەکەی خۆی نووسیوە و لە هەمان کاتیشدا داواکارییەکە لە سوڵتان مورادی سێیەم (١٥٧٤ - ١٥٩٥) گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەر لە رووپەلی یەکەمەوە دەست پێدەکات، دەقە تورکییەکەش پڕە لە هەڵەی ڕێزمانی، ئەوەش بەڕای محەمەد جەمیل ڕۆژبەیانی (١٨، ٣). بەڵگەی ئەوەیە کە نووسینەکە هی مەئموون بەگ خۆیەتی.

"بیرەوەرییەکان" بەڵگەنامەیەکی یەکجار تایبەتییە و دوورە لە ترادیسیاکانی هیستۆریاگرافیای تورکی و کوردی، ئەم بەرهەمە بە شێوازی نووسین و داڕشتنەکەیەوە، لە ناو سەرچاوەکانی مێژووی کورداندا. بێگومان جێگەی شیاوی خۆی هەیە. ڕووداوەکانی ناوەڕاستی سەدەی شازدەم لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا، فشاری بەهێزی تورکیا و ئێران بۆ سەر ناوچە کوردییەکان کە لە ئەنجامیدا میرنیشینی ئەردەلان بۆ ماوەی دەیان ساڵان پارچە پارچە بوو - جوان وێنەکێش کراون و ڕەنگەکانیان بەتێپەڕبوونی کات،

ساڵان پارچە پارچە بوو- جوان وێنەکێش کراون و ڕەنگەکانیان بەتێپەڕبوونی کات،

هێشتا کاڵ نەبوونەتەوە. هەروەها، لە بیرەوەرییەکان" دا توندوتیژی و نالەباری خەباتی سیاسی لە ناو میرنیشینی و لە دەرەوەشیدا، هەڵچوونی سیاسی لە ناوچەکاندا بەزیندوویی و گەلێ لە نزیکەوە نیشاندراون. ئەم سەرچاوەیە شایانی ئەوەیە کە بە یەکجار گرینگ لە قەڵەم بدرێ (١٦٧، ٤٣١) و ئیزافەیەکی بەنرخی زانیارییەکانی خرۆنیکا ئەردەڵانییەکانی درەنگترە.

بۆ ئەم کارەمان، هەروەها، بەرهەمەکانی هیستۆریاگرافیای کۆشکی شای ئێرانیش بەکارهێنراون: (ئەحسەن ئەل - تەواریخ)ی حەسەن بەگ روملو (سەدەی شازدەم)، "تاریخی ئەل - ئەمارەی عەبباسی"ی ئەسکەندەر بەگ تورکمان (سەدەی حەڤدەم). (تەزکەرەت ئەل - مولوک) (سەدەی هەژدەم)، "تاریخی گیتیگووشەی زەندیە"ی میزا محەمەد سادیق نامی مووسەوی (سەدەی هەژدەهەم). کتێبەکەی شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی (تاریخی مەردۆخ) بۆ ئێمە یەکجار سوودبەخش بوو کە زانیاریی گەلێ بەنرخی تیا هەیە دەربارەی مێژووی ئەردەلانی، بنەماڵە نەجیبزادەکان و خێڵە کوردییەکان.

هەروەها دەستنووسی لیستی ناوی خێڵەکانی کوردستانی ئێران کە لە ڕۆژگاری ناسیر ئەل - دین قاجاردا (١٨٤٨ - ١٨٩٦) بەفەرمانی وەزیری ڕاگەیاندن سان ئەل دەولە دانراوە - ئەویش زانیاریی بایەخداری تیا هەیە. ڕۆژنامەنووس و ئەدەبناسی کوردی کوردستانی خواروو (کوردستانی عێراق) فەرهاد شاکەلی جوامێرانە کۆپیای ئەم دەستنووسەی، کە ٤٩ لاپەڕەیە، گەیاندە بەردەستی نووسەری ئەم دێڕانە. دەستنووسەکە ناونیشانی نییە، بۆیە ئێمە ئەو ناوەمان بۆ داناوە: (اسامي عشائیر و ایلات وطوایف کردستاني ایران) بە گوێرەی ئەوەی دانەرەکەی چۆن ناوی بەرهەمەکەی خۆی دەبا (٩، ٢، I).

بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنی ستروکتوری کۆمەڵایەتی - ئابووری و کۆمەڵایەتی - سیاسیی میرنشینانی ئەردەلان و بابان سەرچاوەی ئێتنۆگرافی و مێژووییش بەکارهاتوون. ئەوەی لە هەمووی پڕ زانیاریتر بوون بەرهەمی ئەو نووسەرانەن کە سەردانی کوردستانی ئەردەلان و بابانیان کردووە: کەسانی سیاسی، خەوەردز (جاسووس)، زانایان. لە ناو ئەم جۆرە سەرچاوانەدا، پسوولەکانی ڕۆژانەی ک. ج. ریچ، نوێنەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات لە بەغداسالآنی ١٨٠٨ - ١٨٢١ (٩٩، ١٥)، جێگەیەکی تایبەتی هەیە.

ک. ج، ریچ ساڵی ١٨٢٠، بە لەدوگێڕانەوەی محەمەد پاشای بابان، گەیشتە ئەوێ و نزیکەی نیو ساڵ لە پایتەختی بابان - سلێمانی لە میوانداریەتی میردا مایەوە،

سەردانێکی ئەردەلانی کرد و لە نزیکەوە ئاشنای خاوەنماڵی میوانپەروەری ئەوێ بوو. ک. ج. ریچ، بەقسەی خۆی، تەنیا بۆ خاتری تەندروستیی خۆی، کە بەری گەرمای بەغدای نەگرتووە، هاتووەتە کوردستان، کەچی دەسەڵاتدارانی تورکی لە خۆڕا نەبووە کە لایەنی تری ئەم سەفەرەی ک، ج، ریچ یان بەدی کردووە. بەڵام ئەم هەموو جارێک عاجباتی ساکارانەی لێ دەنیشت بەرامبەر بەو حەزەرەی خەڵک لەگەڵ ئەودا.

لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا مەترسییەکی گەورە لە لایەن کۆلۆنیالیستە ئەوروپاییەکانەوە بەرەورووی کوردان بووەوە (١٠٨، ٢٥) قۆناخی ئامادەیی بڵاوبوونەوەی سیاسیی ئەمان دەستی پێکرد و لە ناوەڕاستی سەدەکەدا (مەبەستی سەدەی نۆزدەیە – وە.) رەوتێکی ڕێک و ڕاستی وەرگرت. میرنیشینی و خێڵە نیوە سەربەخۆکان بوون بە ئامێری گوشارکردنە سەر ئێران و تورکیا لە لایەن دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە – بۆ بەرژەوەندی و سوودی سیاسیی خۆیان (١٥٤، ٤١).

کوردەکان، بەهۆی ئەوەی هێڵی هەرەگرینگی سنووری ئێرانی – تورکییان بەدەست بوو، بایەخێکی سیاسیی زۆریان هەبوو و، ئەوەش، ئینگلیزی بۆ خۆ ڕادەکێشا. ئێنگلیزەکان بە ماوەیەکی زۆر پێش رووداوەکانی ساڵانی ١٩١٨– ١٩٢٧ هاتنە ناو عێراق و کوردستانی خواروو، زەمینەیان بۆ جێپێی خۆیان لە کوردستاندا ئامادە کردبوو. یەکێک لە ئەڵقەکانی ئەم زیجیرەیەی خۆ ئامادەکردن، سەفەرەکەی ک. ج. ریچ بوو.

بەتۆزە دووربینی و هێمنی و ئاشتییەوە، بەکارهێنانێکی زیرەکانەی "هەستی سوننیزمی کوردە باوەڕسەختەکان" بەڕای ک. ج. ریچی زیرەک و چاودێریکەر، دەتوانرا "ئەم میللەتە توند بۆ لای خۆی راکێشی کە لە چرکەساتی لەباردا دەتوانێ تەرازوو بە سوودی دەسەڵاتدارییەتێک، ئەوەی ئەمان (واتە کوردەکان – ی ڤاسیلیەڤا) بە باشی دەزانن، بشکێنێتەوە (I،٥١، ٧٢). ک.ج. ریچ هەوڵی دەدا سەفەرەکەی شێوە رەسمی و. بایەخی هەبێت و هەمیشە دەستەیەکی پاسەوانانی لەگەڵدا بوون. ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی لەگەڵ میرانی بابان دا تابلێی بە ڕاشکاوی لە پسوولەکانی رۆژانەیدا تۆمارکراوە: ریچ جەختی دێرینیی خانەوادەی سەرکردەی کردووە، بانگاشەی بۆ دامەزراندنەوەی شکۆیەتی بنەماڵەی بابانی کردووە و ناوی بەکوردی راستەقینە بردوون، بە جیاوازیی لە ئەردەلانییان.

ک. ج. ریچ سەردانی ئەردەلانیشی کردووە، بەڵام میری ئەردەلانی ئەمانەڵلاخان بەحەزەرێکی ئاشکراوە لەگەڵیدا جووڵاوەتەوە. شانسی سەرکەوتنی ئەرکەکەی ریچ لە ئەردەلان بەراورد نەدەکرا لەگەڵ بابان دا، چونکە فەرمانڕەوای ئەردەلان. ئەوساکە، دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەبوو و پێویستی بەپشتگیریی کەس نەبوو. ک. ج. ریچ لە

نووسینەکانیدا درێخی نەکردووە لە ڕەشکردنی ناوی ئەمانەڵڵاخان و سەفەرەکەی بۆ "وڵاتی فــتنە و ڕەش و رووتان (واتـە ئەردەلان – ی. ڤــاســیلیــەڤــا)" بـە پێــچــەوانـەی "وڵاتی مێوانپـەروەری راستەقینە" کـە "کوردی راستەقینە" – بابانەکانی لێ دەژین (I,٥١ ، ٢٥٩ – ٢٦٠).

بە رەچاوکردنی تایبەتییەتیی پەرژەوەندییەکانی ریچ و پشتگوێ خستنی بۆچوونەکانی سـەبـارەت بەچاکی و خـراپی بـەشێک، یان ئەوی تـر لە ئێتنۆسی کـوردی، دەکرێ زانیـاری بەنـرخ و جـۆراوجـۆر، دەربارەی ئەردەلان و بابـان لە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نـۆزدەدا، لە کـتێـبـەکـەی ئەو هەڵێنجـین. ئەو ئەنجـامـەی س. ج. ئێدمـۆندز پێـی گـەیشـتـووە، لە کـاتی ئاشنابوونـیدا بە ئەدەبیـاتی مێـژووی ئـەوسـاکە، جێگەی سـەرنجدانە. بـەڕای ئەو، تەنانەت مـێـژوونووسـانی کـوردیش کـتـێـبـەکـەی ریچ یان لا بـاشـتـرە لە سـەرچاوەکـانی تر: "مێژوونووسانی ئێستـای ناوچەکە گەلێ زێتر پشت بە ریچ و نووسـەرانی تری ئەوروپایی دەبەستن لـەوەی بۆ نووسـراو و ترادیسـیـای نـاوچەیی بگەڕێنەوە و. لەوە دەچێ، تـا سـاڵی ١٨٠٠یش دوو گێرانەوەی لەیەکچووی رووداوەکان نەبووە (١٧٣، ٥٤).

ک. ج. ریچ بە ڕاشکاوی وەسـفی کۆشکی مـیری بـابانی کـردووە، سـەریمـۆنیـا و یاریی وەرزشی رۆژانە، کە دیارە بۆ خـاتری مـێوانـی بێگانە سـازکراون لـەنووسـینەکـانیـدا گـەلێ زیندووانە نـیشـان دراون. هەروەهـا وەسـفـەکـانی بـۆ ئەندامـانی بنـەمـاڵەی سـەرکـردە گـەلێ جێگەی باوەڕن، جوان و بەکورتی نالەباری و دراماتیـزمی ژیانی کۆمـەڵایەتی و سیـاسی لە میرنیشینەکەدا خستـووەتە روو. گەلێ نووسـەر ئاماژەیان بۆ گرینگی و بایەخی کتێبـەکەی ک.ج. ریچ کـردووە وەکـو سـەرچاوەیەکی پڕ زانیـاری لە سـەر کـوردسـتـانی خـوارووی رۆژهـەڵات لە نیـوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەدا بۆ نموونە، م. ڤان بروینسون کـە ئەم کتێبـەی بەکار هێناوە دەڵێ چاوەدێرییـەکانی ریچ بۆ وەسـفکردنی مـیـرنیـشـینیی بابـانی سـەرەتای سەدەی نۆزدە گەلێ جێگەی باوەڕن (١٦٧، ٢١٠).

کـتێبـەکـەی ک.ج. ریچ بەڵگەنـامـەیەکی گـرینـگیـشی تیـا هـەیە، ئەویش لیـسـتـەی ناوی فـەرمـانڕەوایانی بنـەمـاڵەی بابانە و، وەکـو پاشکۆیەک وایە بۆ "شـەڕەفنامـە"، ریچ خـۆی کـردوویەتی بە ئینگلیـزی. دەسـتنووسـەکـە لای کوردێک بـووە کە باووباپیرانی پیشـەیان تۆمـارکردنی رووداو و رۆژگارەکـانیـان بـووە و ئەمـیش بە هـەمـان کـار هەڵسـاوە " (I،٥١ ، ٣٠٢).

پسـوولەکانی رۆژانە ک. ج. ریچ ئیزافـەیەکی گـەلێ بەبایەخـە بۆ خـرۆنیکا ئەرەلانییـەکان چونکە، هـەروەهـا، ئێــمــە تیــایانـدا ئەردەلان و بـابان بەچاوێکی ئەوروپاییــانـە دەبیـنین.

راستییەکەشی. ئەم ئەوروپاییە بەهۆی ئەوەی دەمێکی درێژ بوو لە رۆژهەڵات بوو و خاوەنی مەدرەکی رۆژهەڵاتناسی و توانای زمانەوانیی لە ڕادەبەدەر بوو، ئامادەییێکی باشی هەبوو بۆ تێگەیشتن لەوەی دەیبینی. هەرچی بەرهەمەکانی ئەوروپاییەکانی ترە، ئەوانەی سەردانی ئەردەلان و بابانیان کردووە، زانیارییان گەلێ کەمترن. س. ج. ئیدمۆندز ئەدەبیاتی جوگرافی و بیرەوەرییەکانی دواتر بە "هەژاری ورە ڕووخێنەر" ناو دەبا (١٧٣، ٥٥) لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لە ناو ئەمانەشدا مەتریاڵی تابلێی گرینگ بدۆزینەوە دەربارەی رەوشی ئیتنۆکولتووری، سیاسی، ئابووری و ئیدیۆلۆگیی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات.

ژ. ب. تاڤیرنیە، بازرگانی فەڕەنسی، لە سەر میرنیشینی ئەردەلان و شارەزووری نووسیوە و باسی ئەو پێشوازییە شاهانەیەی کردووە کە میری ئەردەلان سولەیمان خان بۆ پەیامبەری کۆماری ڤینیسیا بۆ شای ئێرانی سازکرد. لە هەرە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ژەنەراڵ و مێژوونووسی ئینگلیز ج. مالکولم، یاریدەدەرە سیاسییەکەی کاپتن ج. م. کینێیر و گەڕۆکی ئینگلیز ر. کێر پۆرتێر لە ئەردەلان بووین – باسەکانی ئەمانە زانیاریی سەرنج ڕاکێشی زۆریان تیا هەیە. ئەوەی نرخێکی تایبەتیشی هەبێ، زانیارییەکانی ج مالکۆلمن دەربارەی هێزی چەکداریی خێڵەکان، کە لەلایەن مێژوونووسی ئەمریکایشەوە م. رۆوتۆن دان بە بایەخیان نراوە. ژەنەراڵی بریتانی بایەخێکی تایبەتی داوە بە خیڵەکان و لیستێکی ئەو خێڵانەی داناوە کە لەشکرێکی تەواویان پێکدەهێنا.

لەو ئەوروپاییانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە کوردستانی خواروو بووین، دەکرێ ئاماژە بۆ کاپتنی سوپای بۆمبێی پ. میگنێن بکەین کە لە سلێمانی ساڵی ١٨٣٠ پێشوازیی سولەیمان پاشای کرد، برای مەحموود پاشا ئەوەی مێوانداریيەتیی ک. ج. ریچی کرد. ج. ب. فرێزەر بەهاری ١٨٣٤، لە گەڕانەوەیدا لە کارێکی دیبلۆماسی لە ئێران، لەم بەشەی کوردستان بووە. سولەیمان پاشا. ساڵی ١٨٣٧، "پێشوازی و مێوانداریيەکی ئەو پەڕی جوامێرانەی" گێولۆگ و پزیشکی جەنگی ئو. ف. ئێینسڤۆرتی کرد، کە بەشداری کردووە لە گەشتەکەی کۆلۆنیل ف. ر. چێسنی دا. باس و گێڕانەوەکانی ئەمانە هەر وەکو کتێبەکەی کاپتنی هێزی دەریایی مەلەکیی هیندی ف. چۆنس، کە ساڵی ١٨٤٤ لەگەڵ مێجەر هـ. ک. رۆولینسۆن دا بەکاروان رێگەی نێوان بەغداو کرمانشایان بڕی، بێ بایەخ نین. ئەمەی دوایی، واتە ف. جۆنس لە سلێمانی بووە و فەرمانڕەواکەی، ئەحمەد پاشای بابان، یەکجار بەرز هەڵسەنگاندووە (١٧٣، ٥٥).

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، سیاسی و فەرمانبەرانی جەنگی ئەوروپایی بەڕادەیەکی

باش دەستیان دەرۆیشت لە ناوچە کوردییەکان، کە "هێڵی هەرە گرینگی سنووری ئێرانی – تورکی بوون". ئەمان تەنیا بەوە نەوەستاون کە کاری خەوەردزی بکەن و پێوەندی دروست بکەن، بەڵکو چالاکانە دەستیان خستە ناو رەوشی سیاسیی ناوچەکە و کاریگەرانە هەڵیاندەسووڕاند. لەم رووەوە، م. رۆوتۆن زۆر جوان باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە شارۆچکەیەکی ناوچەی خێڵی کەڵهوڕ لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا دوو ئەفسەری ئینگلیز، کە دواتر "چوونە ریزی باوکانی ئاسیریۆلۆگیا"، چاوپێکەوتنێکیان کرد (٢٠٣، ٢٣٤). یەکێک لە مانە هـ. ک. رۆولینسۆن بوو کە رابەرایەتی بەتالیۆنێکی گۆرانەکانی دەکرد و هێرشی بردە سەر خاکی بەختیارییەکان، دووەمیان – ئا. هـ. لایارد بوو کە سەرکردایەتی هێزێکی بەختیارییانی دەکرد. باسەکانی ئەم دووانە دەربارەی رەوشی ئێتنۆکولتووری و سیاسیی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات تا بڵێی پڕ زانیارین.

زانیاریی گەلێ زۆر، لەسەر دوارۆژانی فەرمانرەوایەتی ئەردەلان و بابان، لە پسوولەکانی رۆژانەی بەشداربوونی ئەو کۆمیتەیەدا هەیە کە سالانی ١٨٤٩ – ١٨٥٢ خەریکی سنووردانانی نێوان تورکیا و ئێران بوون. لە مانە کۆلۆنیلی رووسی ئی. ئی. چێریکۆڤ و نوێنەری تورکیا خورشید ئەفەندی؛ هەروەها لە تێبینییەکانی ن. ڤ. خانیکۆڤ و ئا.گاگارین دا. بڵاوکراوە بەنرخەکانی ف. چیرنۆزوبۆڤ و کابتنی رووسی پ. ماکسیمۆفیچ – فاسیلیکۆڤ دەربارەی کوردستانی ئەردەلان دوای رووخانی بنەماڵەی میرەکان نووسراون، هەروەهاش کتێبەکەی مێجەری بریتانی ف. میلینجن – لێپرسراوی بنکەیەکی جەنگی تورک.

بەرهەمی دوو نووسەری ئینگلیز، کە بەشێکی زۆری ژیانیان لە کوردستانی خوارووی بەسەر بردووە و لەلایەنی جوگرافی، ئێتنۆکولتووری و کۆمەڵایەتییەوە لێیان کۆڵیوەتەوە، بۆ بابەتی ئەم کتێبەمان بایەخی گرینگیان هەیە. یەکێک لەم نووسەرانە خەوەردز (جاسوس) و فەرمانبەری سیاسی ئینگلیز ئی. ب. سۆن بوو. کە دواتر بوو بەکوردناسێکی ناسراو. سۆن چەند ساڵێک لە کرماشان بوو وەکو بەڕێوەبەری بانکی ئیمپراتۆریی ئێران (٩٩، ٧٥). ئەم جل و بەرگی خەڵکی ئەوێی کردووتەبەر و چۆتە بازاڕ و پێوەندیی بە خەڵکی جۆراوجۆرەوە کردووە، ساڵی ١٩٠٨ بووە بە موسڵمان. توانای لینگڤیستیکیی لە ڕادە بەدەری ڕێگەی دا زمانی فارسی و کوردیی خوارووی بەجۆرێک فێری ببێ کە بتوانێ. وەکو یەکێکی ئێرانی و خەڵکی کرماشان بەناوی میرزا غولام حوسێن، گەشتی دوور و درێژ بە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا بکات. لە کاتی تەنگانەشدا، جاری وا بووە، پاسپۆرتی ئینگلیزیی خۆی نیشانداوە. لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی بسەلمێنێ کە ئەم فارسێکە بەناوی

عەلی ئەل – سوننە و کاتی خۆی، بەبۆنەی کاروباری بازرگانییەوە، لە ئینگلستان بووە.

گەشتەکەی سۆن لە ئەستەمبۆلەوە دەستی پێکرد بەرەو سلێمانی و پایەختی خێڵی جاف شارۆچکەی هەڵەبجە نزیک سنووری ئێرانی – تورکی. لە ئەنجامدا گەیشتە ئەوێ وەکو بازرگانێکی رۆن، کە کوردستان پێیەوە بەناوبانگ بوو و سۆن تەنانەت رۆنەکەشی کڕی. سۆن دۆستایەتیی لەگەڵ بنەماڵەی سەرکردەی جاف پەیداکرد و دوای (١٠) ساڵان، کە بوو بە قومیسیاری سیاسیی هێزەکانی بریتانیایی داگیرکەر، ئەم دۆستایەتییەی زۆر بەکەلک هات. ئەو پێوەندییەی سۆن بەسەرکردەکانی جافەوە، کە هەر لە بنەڕەتەدا ئامانجی خۆی هەبوو، بوو بەهۆی ئەوەی ئەم خێڵە، لە کاتی راپەڕینی شێخ مەحمووددا ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٢٧، هەڵوێستێکی سەر بە بریتانیایی هەبێت. گەورەترین و بەهێزترین خێڵەکانی کوردستانی خواروو پشتگیریی شێخ مەحموودی نەکرد. کتێبی بیرەوەرییەکانی ئێ. ب. سۆن لەسەر گەشتەکەی بەکوردستاندا بۆ خوێندنەوە مرۆ بۆخۆی رادەکێشێ و زانیاری یەکجار بەنرخ دەربارەی کوردستانی خواروو دەداتە دەست. بەتایبەتیش لەمەڕ خێڵەکان، کە نووسەر خۆی زانیارییەکانی بەوردی هەڵێنجاون.

کتێبەکەی س. ج. ئێدمۆندز قومیساری سیاسیی هێزەکانی بریتانی لە عێراق کە دەوری باڵای بینیوە لە پیادەکردنی سیاسەتی ئینگلیز لە کوردستانی خواروو، سی ساڵ دوای گەشتەکەی سۆن بەچاپ گەیشتووە. پلە و مەرکەزی سیاسی و ژیانی نووسەر، لە هی سۆن، بەرزتر و درێژتر بوو. ساڵی ١٩٤٥ عێراقی بەجێهێشت و لەو ماوەیەی لەوێ بوو "لە عێراق و فارس ... زانیاری زۆری کۆکردووەتەوە، کە بۆ جیهانی ئەورووپایی نوێ بوون (XI ،١٧٣، ١٥). ئەو بەرهەمەی س. ج. ئێدمۆندز مەتریاڵی دەوڵەمەندی تیایە لە سەر رەوشی کۆمەڵایەتی – ئابووری و سیاسی لە کوردستانی خوارووداً. بەڕای زانای کورد کەمال مەزهەر. ئەم کتێبە، بۆ ئەو رۆژگارە لە هەموو سەرچاوە ئینگلیزییەکانی تری بردووەتەوە. پسپۆری بەناوبانگ و دان پیانراوی مێژووی بابان، س. ه لۆنگریگ. خاوەنی کارێکی بنچینەییە سەبارەت بە ماوەی چوارسەدە ژیانی سیاسیی ئەو ناوچانەی ئێستا عێراق پێکدێنن. لۆنگریگ پشتی بە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی فراوان بەستووە کە زانیارییەکانیان بە دەگمەن لەگەڵ هی خرۆنیکا ئەردەڵانییەکاندا یەک دەگرنەوە. لەم سەرچاوانەدا، رووداوی کۆنکرێت، بەیەک بەستنەوەی هۆ و ئەنجامەکان بە شێوەی جۆراوجۆر نەخشە کێشراون. هەندێ لە زانیارییەکان یەکدی تەواو دەکەن و ئەوانەی تریش، لە سەر یەک رووداو، رای جیاواز دەردەبڕن.

دیراسەکردنی کۆمەڵگای کوردی مێژووی خۆی هەیە. ئەو پسپۆرانەی هەوڵیانداوە

رووناکی بخەنە سەر ئەو کۆمەڵگایە یان ستروکتورەکەی دامەزرێنەوە ڕێباز و میتۆدی جیاوازیان هەبوو. کوردستانی خواروو سەرنجی تەواوی کۆمەڵناسان (سۆسیۆلۆگ)ی، ئەوانەی لێکۆڵینەوەی مەیدانیی هەندێ لە ناوچەکانیان ئەنجامداوە، بۆ خۆ ڕاکێشاوە. لە بەرهەمەکانی ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییانە، کارەکەی مێژوونووسی ئینگلیز ئی. ر. لیچ، هی سۆسیۆلۆگی نەرویجی ف. بارت، هی ئێتنۆگرافیستی دانمارکی هـ. هـ. هانسن. بۆ بابەتەکەی ئێمە کتێبی ف. بارت. دەربارەی ئەو ناوچانەی جاران موڵکی بابان بوون، بایەخی لە هەموویان زێترە. نووسەر گرینگییەکی سەرەکیی داوە بە ستروکتوری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتی – سیاسیی کۆمەڵگای کوردی و، بە تایبەتیش، ستروکتوری دەسەڵات.

چاپەمەنییەکانی کوردناسانی رووسی. ڤ. ف. مینورسکی و ڤ. پ. نیکیتین، بەزانینێکی قووڵی گیروگرفتەکانی کوردستان و مێژووەکەی لە سەرچاوەکانی تر جیادەبنەوە و نووسەری ئەم مۆنۆگرافیایەش چەند جارێک بۆ ئەمان گەڕاوەتەوە. بابەت و بۆچوونی یەکجار گرینگ بۆ سەردەرکردن لە رەوشی کۆمەڵایەتی – ئابووری و کۆمەڵایەتی – سیاسیی میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان، لە کتێبی ی. پ. پیترۆشێڤسکی و هی ئا. م. مینتەشێشڤیلی دا هەن.

لە ڕێڕۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەروەها چاپەمەنییەکانی لێکۆڵەرەوەی ئەمریکایی، پسپۆری نۆمادیزم و خێڵە کۆچەرەکان، م. رۆوتۆن بەکارهاتوون. نووسەر توخنی ئەم لایەنانەی مەسەلەکە کەوتووە: نۆماد و نشتەجێ، خێڵ و شار، کۆنفدراسیای خێڵەتی و دەوڵەت – ئەوەش (بەپێی چەرخی زەمەنی و جێگەکانەوە) و بەرێگەی بەراوردکردنی میسۆپۆتامیا و ناوچەکانی دەوروبەری لەماوەی نێوان هەزارەی دووەمی پ. ز. و هەزارەی دووەمی زانینیدا ( ٢٠٢، ٢٤٨– ٢٥٠).

دکتۆرانامەکەی م. م. ڤان بروینسون لە سەر بنچینەی کۆمەڵێکی گەورەی مەتریاڵی فاکتۆلۆژی نووسراوەو تیۆریاکەی دەربارەی شێوەکانی سەرەتایی دڵسۆزی (مەبەست دڵسۆزییە بۆ سەرکردەی خێڵ و مورشیدی روحی) بووە بە بناخەی کتێبەکەی و ڕەنگی لە ناوەکەشیدا داوەتەوە – "ئاغا، شێخ و دەوڵەت". سەبارەت بەمەسەلەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان، نووسەر، سەرچاوەی سەرەتایی و لە هەمان کاتدا خرۆنیکای بەکارهێناون، ئەوەش لە هەمووی گرینگترە. بەشێکی زانیارییەکانی لە پرۆسەی کاری مەیدانیدا کۆی کردوونەتەوە و ئەنجامی چاودێریی تایبەتی خۆیینی.

م. م. ڤان بروینسون وەسفی خێڵە کوردییەکان و کۆمەڵە سووفییەکان دەکات بەم

شێوەیەی کە خۆی لە کوردستاندا بینیویتی و لە روانگەی مێژووییەوە چۆنی سەیر کردوون (١٦٧، ١١). لە کتێبەکەدا، ستروکتوری خێڵ شی کراوەتەوە – هەم بەشێوەیەکی ئەبستراکت و هەم بە وەسفکردنی هەندێ خێڵی کە لە ئاستی جیاوازی ئاڵۆزیی دان. دەوری سەرکردە و پێوەندیی توندی دەسەڵاتی سەرکردە بە ناکۆکیی نێوان خێڵەکانەوە دیراسە کراوە. بەهۆی ئەوەی نووسەر لە نزیکەوە ئاشنای شێوەی ژیانی کوردانە، بایەخێکی تایبەتیی داوە بەو بەشەی کە لە سەر شێخ و تەریقە سووفییەکانی کوردستانی نووسیوە. جا، هەرچەندە نووسەر خۆی متەوازیعانە دەڵێ کە لێکۆڵینەوەکە زانیاریی کەمی تیایە و «شێوەی بەسەرداچوونی هەیە"، بەڵام کە لە سەر بنچینەی مەتریاڵی "رۆژگار و جێگەی جیاواز" دا نووسراوە و تەنیا تۆزێکی "چاودێریکردنی خۆی و گفتوگۆکردن" ی تیایە (١٦٧. ١) کتێبەکەی م. م. ڤان بروینسون، بێگومان، یەکێک لەو لێکۆڵینەوە مێژوویی و سۆسیۆلۆگییە بەرزانەیە لە بواری کوردناسیی ساڵانی دواییدا.

دکتۆرانامەی کوردی کوردستانی خواروو (کوردستانی عێراق) هەڵکەوت حەکیم، کە لە ژێر سەرپەرشتی رۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی ژ. – ب. شارنی دا نووسراوەو پێشکێش بە سۆربۆن کراوە (١٨)، بۆ تەریقەی سووفیی نەقشبەندی لە کوردستان و مێژووی میرنیشینی بابان تەرخانکراوە. لێکۆڵەرەوەی کورد عەبدوڵڵا مەردۆخ، کە لە پاریس کاردەکا و خەریکی گیروگرفتەکانی مێژووی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتە لە پاریس، دکتۆرانامەی بەناوی (بەشدارییەک لە دیراسەکردنی مێژووی کوردان لە ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵان لە سەدەی شازدەوە تا سەدەی نۆزدەم) (١٩٤)، لە سۆربۆنی نووسیوە و سەرکەوتووانە داکۆکیی لێ کردووە.

لێکۆڵینەوەکەی عەبدوڵڵا مەردۆخ سەرچاوە و ئەدەبیاتی لەسەر مێژووی کوردی بەڕاشکاوی نیشانداون کە تیایاندا شان بەشانی فاکتی زانراو هی زۆر نوێش هەن. بایەخێکی سەرەکی لەم کارەدا دراوە بە مێژووی سیاسیی میرنشینی بابان: نیشاندانی جوگرافیای کوردستانی ئەردەلان لەگەڵ ئەو بەشەی تایبەتە بە ئەدەبیات و سەرچاوەکان، پێکەوە زیاتر لە ٣/٤ی قەوارەی گشتیی دوکتۆرانامەکەیان گرتووە. تاکو ئیمڕۆ، ئەمە تەواوترین و راشکاوترین وەسفکردنی ئەردەلان و ناوچەکانی و مێژووەکەیەتی. زانیارییەکانی عەبدوڵڵا مەردۆخ دەربارەی پێوەندیی ئەردەلانییەکان بە کۆمەڵەی ئەهلی هەقەوە لایەنێکی نوێی مێژووی ئەم خانەوادەیە دەردەخات و ئێمە چەند جارێک بۆ را و بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە دەگەڕێینەوە.

لەم کارەماندا، هەروەها، بەرهەمەکانی زانایانی کوردیش بەکار هاتوون: محەمەد ئەمین

زەكی (٩٧)، كەمال مەزهەر (٩٩)، مەلا كەریمی مودەریس (٢١٣، ٢١٤)، تۆفیق قەفتان (٢٧)، جەمال بابان (٩٣) و هی تر. یارمەتیی لێكۆڵەرەوانی كوردی كوردستانی خواروو (كوردستانی عێراق) ئەنوەر قادر محەمەد (٦٣) و رەشاد سەبری رەشید (١٤٣، ١٤٤). لە كاتی نووسینی ئەم كتێبەدا. یەكجار گرینگ بوو و شایانی سوپاسی لە ڕادەبەدەرن.

بۆ دیراسەكردنی كۆمەڵگای كوردی، ئەم كارانەی خوارەوە بۆ ئێمە بوون بە هاوتەریبێكی مێژوویی – سۆسیۆلۆگیی گرینگ: ئا. ی. پێرشیتس، دەربارەی بنەمای كۆمەلایەتی – سیاسیی عەرەبیای سعوودی (١٢٥ – ١٢٨). ئۆ. گ. بەلشاكۆف – لە سەر گیروگرفتەكانی كۆمەلایەتی – ئابووریی مێژووی سەدەكانی ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتی نزیك و ئێران (٧٤)، ئی. م. سیملیانسكەیا– ستروكتوری كۆمەلایەتی – ئابووریی ولاتانی رۆژهەلاتی نزیك لە رۆژگاری نوێدا (١٤٧)، م. ب. پێۆترۆڤسكی – مێژووی عەرەبیای خوارووی سەرهەڵدانی كۆمەڵگای سەدەكانی ناوەڕاست (١٣٨) ڤ. ڤ. ترویێتسكی دەربارەی خێڵەكانی بەختیاری (١٥٤، ١٥٥)، ئا. م. ڤاسیلیێڤ – مێژووی عەرەبیای سعودی (٧٧)، ك. ئی. پیترۆڤ – كورتەی مێژووی كۆمەلایەتی – سیاسیی قرگیزیا (١٢٩). كارەكانی بێزەنتەناسان: گ. گ. لیتاڤرین (١١١) و ئا. ب. كاژدان (٩٨).

هەروەها گەڕانەوە بۆ لێكۆڵینەوەكانی لەمەڕ ولاتی چین و دەربارەی گیروگرفتەكانی مۆڵكییەت. دەولەت و ستروكتوری كۆمەلایەتی – بۆ ئێمە سوود بەخش بوو، لە مانە كارەكانی ئێ. ئی. كیچانۆڤ (١٠٤، ١٠٥) ئا. س. مارتینۆڤ (١١٦، ١١٧) و ل. س. ڤاسیلیێڤ (٧٨، ٧٩).

گرینگی و بایەخی لێكۆڵینەوە لە مێژووی میرنشینە كوردییەكان تەنیا و ئەوەندە لە پێداویستی زێدە هەستپێكراوی ئیمڕۆدا نییە بۆ پێكەوە بەستنەوەی ئالقەكانی مێژووی كوردی، كە ئەوەش مەحاڵە بەبێ رەچاوكردنی چارەنووسی مێژوویی هەموو میرنشینی و خێڵەكان، بەبێ گەڕانەوە بۆ مێژووی رابردوو لە تواناد‌ا نابێ رەوشی ئێستای ولاتی كوردان هەڵسەنگێنین. ئەم مێژووە وەكو شێوە ترادیسیۆنییەكانی هۆشیاریی كۆمەلایەتی لە ئارادایە و بەشداری دەكا لە دروستكردنی بەهای و ناوبانگ و هەیبەتی كۆمەلایەتیدا لە كوردستاندا، كە خانەوادەكانی خاوەن دەسەلاتی سیاسی هەمیشە و لە ماوەیەكی درێژدا هەڵگری پلەی هەرەبەرزی بەهای كۆمەلایەتی بووین، رووداو و پێرسۆناژەكانی رابردوو، بەرێگەی ئینستیتوتی ئینتیما بۆ بنەماڵەی ناودار و نەجیبزادەوە، لە رەوشی كۆمەلایەتی – سیاسیی و ئێستادا خۆیان دەنوێنن. لەسەر زەمینەی ترادیسیاكانی چەند سەدەییدا تاوەكو ئیمڕۆش، هێزێكی زیندوو و بەتوانا رەگی خۆی داكوتاوە و یاریدەی كوردان دەدا كە

وەکو یەکێتییەکی ئیتنۆکۆمەڵایەتی خۆ بپارێزن و بمێننەوە. مێژووی رابردوو توخمە هەرە گرینگەکانی باری ئێستای کوردانی دارشتوون و بەبێ مێژووی میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان هەڵسەنگاندنی رەوشی ئێستای کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق لە تواناادا نابێ.

ئەرکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدا نییە کە بۆشاییەکی مێژووی ئەم دوو میرنشینە پڕ بکاتەوە، بەڵکو تیۆریایەک پێشنیار دەکات کە میرنشینی کوردی وەک ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی تەماشا دەکا و ئەگەر چی ئەردەلان دەکەوتە ناو ئێران و بابانیش ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی، ئەمانە لە سەر پرنسیپەکانی خۆزامین کردن و خۆ بەرێوەبردن دامەزرابوون. بە چ رادەیەکی توند و تیژی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە دەرەوەڕا بەسەردا چەسپاوە و ئایا دەکرێ میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان وەکو شێوەیەکی کوردیی دەوڵەت سەیر بکەین؟

هەوڵ دەدین وەڵامی ئەم پرسیارانە، بە پێشت بەستن بە زانیارییەکانی خرۆنیکایانی نووسەرانی کورد، بدەینەوە.

## میرنشینەکانی بابان و ئەردەلان

### رووبەر، سروشت، دانیشتوان

ئەو وڵاتەی کوردەکانی لێ دەژین، بە پێی بەراوردکردنێکی باو، شێوەی مانگ یەکشەوە (هیلال)ی هەیە کە لە باکووری رۆژئاواوە بەرەو خوارووی رۆژهەڵات راخراوە. زنجیرە چیای زاگرۆس بربرەپشتی بەشی رۆژهەڵاتی خوارووی ئەم مانگە یەکشەوە پێکدێنێ کە بە رکە پێچەکانیەوە بەرەو خوارووی رۆژهەڵات بەلای دۆڵی میسۆپۆتامیا شۆڕ دەبێتەوە، لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتیشدا بووەتە بانێکی بەرز. ناوچە چیاییەکانی هەردوو بەری زاگرۆس لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، کە سنووری ئێرانی – تورکی جیای دەکردنەوە، موڵکی میرەکانی ئەردەلان و بابان بوون. دانانی سنوورەکانی ئێران و تورکی بوو بە مایەی شەڕ و پێکدادانی لە بن نەهاتووی دەوڵەتان و ناوچەکانی بابان و ئەردەلانیش هەمیشە شەڕیان لەسەر کراوە.

رووبەری خاک و موڵکی خانەوادە سەرکردەکان، لە هەر قۆناخێکی دیاریکراودا، لەسەر رەوش و چۆنیەتی پێکهاتنی هێزەکانەوە وەستابوو، بۆیە باسکردنی سنوورەکانی ئەم خاک و موڵکانە بە رادەیەک مەرجدارە. رووباری زابی بچووک لە باکووردا، سنوورێکی سروشتیی کوردستانی بابان بوو کە لە رووبەری میرنیشینی سۆران جیای دەکردەوە.

بەڵام ناوچەی پشدەر، کە لە سەر کەناری سەرووپەتی، هەمیشە موڵکی بابان بووە و زۆر جاران ناوچەکانی دەوروبەریشیان بەگەڵ دەخست (١٧٩، ٥٣٨، ٥١، I، ١٥٧، ٣١٣، ٣٨٤). رووباری دیالە، ئەویش بەڕادەیەک، سنووری خوارووی ناوچەکانی بابان بوو. کوردستانی بابان چەند زنجیرە چیایەکی لەناودا هەیە کە لە سەرووی رۆژئاواوە بۆ خوارووی ڕۆژهەڵات ناوچەکە دەبڕنەوە و کردوویانە بەچەند رووبەرێکی، نزیکەی، بەقەد یەک. زنجیرە چیای قەرەداغ هەرە بەرزەکەیانە. بەرەو دۆڵی میسۆپۆتامیا زۆر بەرک نزم دەبێتەوە و بووە بە تەگەرەیەک کە هەمیشە بایەخی ستراتیجیی هەبووە (١٧٣، ١٦) بەرێگەی سێ دەربەندەوە دەبوایە لەم چیایە بپەڕنەوە – پەیکولی، ساگرمە و بازیان. قەرەداغ تاقە ناوێکی ئەم زنجیرە چیایە نییە، بەڵکو، هەروەکو رێزە چیاکانی تری کوردستان، بە چەند ناوێکەوە ناسراوە. ئەمانە ناوی تۆپکەی بەرز و دەربەند و گوند و لەوەڕگاکانیانن.

لە باکووری رۆژهەڵاتی قەرەداخ دا چوار رێزەچیای کوردستانی خوارووی بەرزی تریش هەن: بەرانان، ئەزمڕ، کورکاژاو و لە پشت ئەمانیش زاگرۆسی زل – کە ئەمیش بە ناوەکانی چەند بەشێکی خۆیەوە ناودەبرێ: قەندیل، سورکێو، شاهۆ و هەورەمان. ئەزمڕ و کورکاژاو لەلای خوارووی رۆژهەڵاتیاندا لەپڕ دەبڕێنەوە و دۆڵێک دروست دەکەن و لەوێ، لە خوارووی رۆژهەڵاتی چیای پیرەمەگروون کە تۆپکەی هەرەبەرزی چیاکانی کوردستانی باشوورە(*) پایتەختی میرنشینی بابان – سلێمانی دامەزرابوو. دۆڵەکە بەرەو خوارووی رۆژهەڵات فراوان دەبێ و دەبێتە دەشتێکی پان و بەرین بەناوی شارەزوور. شارەزوور، لە خوارووی ڕۆژئاوادا، بەچیای بەرانان تەواو دەبێ، لە باکووری رۆژهەڵاتیشەوە چیای هەورامان وەکو دیوارێک بەرزبووەتەوە (١٧٣، ١٦– ١٧).

دۆڵی شارەزوور هەر لە کۆنەوە دانیشتوانی خۆیی هەبووە. بە قسەی ک. ج. ریچ ناوچەکە پڕبووە لە ئاسەواری شارستانییەتی دێرین (٥١، I، ١١٤، ٢٦٩) ئەم لە شارۆچکەی عەربەت دا، (ئاسەواری زۆر گرینگی) دۆزیتەوە، پاشماوەی شارێکی گەورە و دڵنیابووە لەوەی ئەمە شوێنی شاری شارەزووری کۆنە. کەچی هەموو کوردەکان، وەکو نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە هەرگیز رۆژێک لە رۆژان شارێک نەبووە بە ناوی شارەزوور و ئەمە هەمیشە ناوی ناوچەکە بووە.

دڵنیایی و پێ لەسەرداگرتنی هاودەمەکانی ریچ باش لەگەڵ گێڕانەوەکانی بازرگانی فەرەنسی ژ. ب. تاڤیرنیەدا ناگونجێ. بە گەواهی ئەمەی دوایی، دوای پەڕینەوەی لە سنووری ئێرانی – تورکی چووەتە (شارۆچکە)ی شیرازول (chirazoul) (٥٥، ١٩٧) ئینجا

---

(*) چیای هەرە بەرزی کوردستانی باشوور هەڵگوردە نەک پیرەمەگروون – و.

چووەتە شاری شیرازول (chirazoul) کە سێ ڕۆژەرێ لە ئەوەی یەکەم دووربووە. شیرازول لەو شوێنە بەرزە دابوو کە پاشای لێ دەژیا، ئەوەی (دەبوایە دیارییەکی پێشکێش بکرێ. تا ڕێگەی تێپەڕبوونی کاروانەکەی بدایە). شێرازول لە دۆڵی ئەربیل دابوو و (بەشێوەیەکی تر، نە وەکو شارەکانی تر، دامەزرابوو چونکە لەسەر شاخێکی ڕک بوو) ئەوەی شارەکەشی رازاندبووەوە (پردێکی بەردی بوو بە ١٩ کەوانە) کە شا عەباس سێ ساڵ دوای گرتنی بەغدا، دایمەزراندبوو.

لە شەرەفنامەشدا ئەم ناوە بەشێوەی شاهرەزول (شارەزول، شێرازول) هاتووە. ئەم جۆرە نووسینەوەی تۆپۆنیمەکان شەقڵ و سیمایەکی رۆژگاری کۆنە (٣٨، ١١٨). ڤ. کینێ، دانەری وەسفی جوگرافی و ئیداریی تورکیای ئاسیایی، دەربارەی ئاسەواری شاهریزوور (پایتەختی دێرینی کوردستانی) نوسیوە (١٧٠، II، ٨٧١ – ٨٧٢). بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو، شارەکە لە سەرەتادا ناوی شەهر – فیرۆز بووە، بەناوی دامەزرێنەرەکەی قوباد کوڕی فیرۆز لە بنەماڵەی ساسانییەکان. گێڕانەوەکانی ژ. ب. تاڤیرنیە ئەم وەسفەی ڤ. کینێ تەواو دەکەن، کە دەڵێ: (لە قووڵایی دەربەندەکەدا، کە شارەزوور دەروازەکەی دەپارێزێ، ئەشکەوتێکی ناسراو بەناوی سحربازی شین زاری کردووەتەوە، لەبەر دەم ئەم ئەشکەوتە و لەسەر ڕکەزنارێکدا قەڵای سەلیم عالی قەلاسی قووت بووەتەوە).

لە کاتی ک. ج. ریچ دا ئەو رایانەی کە نکۆڵی لە هەبوونی شارێک بە ناوی شارەزوور دەکەن ئەوەندە بنبڕانە نەبوون و هەمووکەسێ پشتگیریی نەدەکردن. کە باسی یەکێک لە گفتوگۆکانی دەکات لەگەڵ مەحموود پاشای بابان دا، ریچ ئەو ئاماژەیەی میری بابانی هێناوەتەوە سەبارەت بە جێگەی ئەو شارە کە پێنج ساتەرێ لە سلێمانی دوور بووە و دەکەوتە لای کیزی – قەلاسی: (تاکو ئێستاش ئاسەوار، یان راستتر، پاشماوەی ئاسەوارەکان لەوێ ماون) (٥١، I، ٢٦٩). ترادیسیای ناوچەکە دروستکردنی کیزی – قەلاسی بەناوی ئەسکەندەری مەقدۆنییەوە دەبەستێتەوە.

ناوی شارەزوور هەروەها لە بەرهەمی جوگرافیناسانی عەرەبی سەدەکانی حەوتەم و دەیەمیشدا هەیە (١٤٠، ٣٢ و دواتر). ناوچەکە بەشێکی موڵک و ماڵی بنەماڵەی کوردی حەسەن وەیحیی بوو کە لە ماوەی سەدەی یازدەدا لە دۆڵی شارەزوور فەرمانڕەوا بووە، بێگومانیش، یەکێک لە مەڵبەندە هەرە گرینگەکانی دروستبوون و کامڵبوونی ئێتنۆسی کوردی بووە.

ئەردەلان و بابان لەو ناوچانەن کە بەڕادەی پێویست بەرئاو و پڕ ڕووبارن، بەفراوەکانیش

سـەرچاوەی هەمـیشـەییـانن، بەتایبـەتیش لە بـەهاران، کـاتێک بارانی زۆر و بەفـری تواوە تێکەڵ بەیەک دەبن. رووبارەکان پڕ ئاون. رووبارە سـەرەکییەکـانی کوردسـتـانی خـواروو، سیروان و زابی بچووک، سەرچاوە لە بنارەکانی رۆژهەڵاتی زاگرۆسەوە هەڵدەگرن و. پێش ئەوەی بڕژێنە ناو دۆڵی میسـۆپۆتامیـا، رێگەیەکی سەخت و خـواروخێچ دەبڕن. سـیروان بەناو ریزە چیـای زاگرۆس، لـە نێـوان هەورامـان و شـاهـۆدا، دەڕواو لە دۆڵی سلێـمـانیـدا تێکەڵ بە رووباری تانجـەڕۆ دەبێ و چیـای بەرانان دەداتە بـەر شـەپۆڵان. ئەم رووبـارە کـە بەرانانـی بڕی بەرەو خـوارووی رۆژئاوا دەڕوا و لەوێ دەبێـتـە سنووری نێـوان نـاوچەکـانی سلێمانی و کەرکووک لەلای راستی و ناوچەی خـانەقین لە سەر کەناری چەپی (١٧٣، ١٧– ١٢٣، ٨١). زابی بچـووکـیش لە ئێـرانەوە دەست پێـدەکا، چیاکـانی زاگـرۆس دەبڕێ و بۆ دەشتەکانی میسۆپۆتامیا شۆڕ دەبێتەوە تا لە خوارووی موسڵ دەڕژێتە ناو دیجلەوە (١٢٣، ٨١).

ئاڵۆزی و تێکەڵ و پێکەڵی ناوی رووبارەکانی کوردسـتانی خواروو لە هی ریزە چیاکـانی کـەمـتر نییـە. هەندێ بەشی رووبارەکـانی ناوی جیـاوازیان هـەیـە: زابی بچـووک، بۆنموونە، پێش ئەوەی زاگرۆس ببڕێ بەناوی لاوین ناسـراوە، دوایش بەناوی کیـالۆی. بەڵام رووبار و لقـەکـانیـان زێتر بەناوی گوندو خـاوەن زەوییـەکانەوە دەکرێن (١٧٣، ٩٧). ناوچەگـەرێتی و پارچەپارچەیی وڵاتی کوردان تەنانەت لە ناوە جوگرافییەکانیش رەنگیان داوەتەوە.

ناوچەی جـیـایی ئەوبەری زاگـرۆس، لە نـاوەڕاسـتی سـەدەی حـەڤدەوە، بەشی سـەرەکـیی مـوڵکی بنـەمـاڵەی ئەردەلانی پێکدەهێنا. کـوردسـتـانی مـوکریان سنووری بـاکـووری بوو، لە رۆژهـەڵاتیـەوە – بیـجـار (گـیـاڕووس)، لە خـوارووی رۆژهـەڵاتیـەوە – هـەمـەدان و لە خـوارووشـیـەوە نـاوچـەی کرمـانشـا بوو. کوردسـتـانی ئەردەلان، وەکـو "ناوچـەی سلێـمـانیی مـێـژوویی". یەکـێـتـییـەکی ئۆرۆگـرافـیی(*) تەواو و تایبـەتیی هـەیە. هـەنیـشکە چیـاییـەکـانی خـوارووی رۆژهـەڵاتن و نزیکەی بە مـاوەی وەکو یـەک لە یەکەوە دوورن. هـەنـدێ چیا و گـردی خـواروخـێچ کـۆتایـی بە ریزە چیـای چل چەشـمـە (واتە – چیـای چل سـەرچاوە) دێن، دوای ئەوەش زنجیـرە چیاکـانی: گـرومـیـیـان (رەنگـە گـەرمـیـان بێ – و.) دانیکەشـان، ئەشکان. کالیسـەر و هی تر دەست پێدەکەن و دەبن بە هـاوتەریبی یەکدی (٩٩، II، ٤٨).

ژ. دێ مۆڕگان بەپێی بەرزایی چیاکان و ئاووهەوا، ئەردەلان دەکات بە دوو بەش:

بەشـی سـەروو کـە بانـێکی بـەرز و بەرینـە و رووباری قـزڵ ئوزونی پێـدا دەڕوا، بـەشـی

---

(*) ئۆرۆگرافیا ـ زانستی وەسفی دەشت و چیاکان. وەرگێڕ.

خـواروو کــە دۆڵی رووباری گــەواهرود دەگـرێتـەخـۆ. ڤ. پ. نیکیـتین یش هەمــان ئەم بەشـینەوەیەی بەکـارهێناوە (١٢٣، ٨٦ و دواتر) تەنیـا چەند تۆپکەیەکی نزم بانەکـە و قزڵ ئوزون دەکەن بە دوو بەشـەوە. کەچی بـەشی خواروو، بەپیـچـەوانەوە. گەلێ کێولان و چیای بەرز بەرزی لێیـە و دیوارێکی راستـەقینەیان پێکهێناوە. رووبارەکـان لەوێدا رێگەی خۆیان دەکەنەوە. بە زەحـمـەت ریزە چیاکـان دەبڕن و دەربەند و کەنداوی قـووڵ "تەنگی" دروست دەکەن، شـاخەکان، نیـمچە سـتوونی هەڵچووین و تۆپکەکانیشـیان بەفریان بەسـەرەوەیە، بۆ ئەوەی خــەڵکەکــە بتــوانن لە دۆڵێکەوە بچن بـۆ دۆڵێکی تری هـاوتەریبــیــان، دەبوایـە بە دەربەندەکـاندا بسـوورێنەوە و سـەفـەری سـەدان کیلـۆمەتر دوور ئـەنجام بدەن. زنجیـرە چیـا هەرە گـرینگەکـانی کـوردسـتـانی ئـەردەلان چل چەشـمـەیە کـە سـەرچـاوەی رووبارە هەرە گەورەکانی باکووری ئێرانی لێیە – قزل ئوزون و جاگـاتو، هەروەهـا هـی چەند لقێکی زابی بچووکیش. ڤ. پ. نیکیتین رەوایانە "چیـای چل سـەرچاوە"ی بە قـوولەی ئاوی ئەم بەشـەی کوردستان ناو بردووە (١٢٣، ٨٦).

ئاووهـەوا و درەختی ئەردەلان بەڕادەیەکی زۆر جـۆراوجۆرە، ئەویش ئەم جۆرە ئۆرۆگرافیا ئاڵۆزەی، ئـەوەی باس کـراوە، داهێـناوە. بەقـســەی ڤ. پ. نیکیـتین، نـزیکەی هـەر شــوێنە، بەپێی هـەلومـەرجی ئاووهـەوا و بەرئاوی (هیـدرۆگرافیا)، ئاووهـەوای تایبـەت بەخۆیەوە هـەیە. ئاووهـەوای بانەکــە، لـە بەشـی چیــایی، توندترو ســەخــتــتــرە. بەڵام هـەم لە بان و هـەم لە چیـاکـانیش هـەر لە مـانگی سـەرمـاوەز (تشـرینـی دووەم – و.) هوە بەفـر دەکـەوێ و هـەندێ جــاران تا نـەورۆز و بانەمــەڕ (نیـســان –و) دەمــێنێـتــەوە. زریـانە بەفـر تـەنانەت بنـاری شاخەکانیش رادەماڵێ (١٢٣، ١٢٧). گوندەکانی سەرچیا زستـانان، لەبەر بەفر، بەتەواوی لەیەکـتـری و لە جـیـهـان دادەبڕێن. بەتـایبـەتی ئاووهـەوای هـەورامـان سـەختـە، کـە بەشی رۆژئاوای ئەردەلان پێکدێنی. ج. مالکۆڵم لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا، سەبارەت بە هەورامان، نووسـیویەتی: "تەنیـا ١٦ی مانگی ئاگوست (ئاب – و.) بوو، کەچی یەکجار ساردبوو و ئاو لەناو خیوەتەکانماندا دەیبەست (٤٧،II، ٢٧٣).

ئاووهـەوای کـوردسـتـانی خـوارووش (بابان) بـەڕادەیەکی زۆر جـۆراوجـۆرە. بەڵام، بەڕای هـەموو نووسـەران، ئـەوانەی باسـی ئـەو لایەنەی مـەسـەلەکەیان کردووە، لە هـی ئـەردەلان نـەرم و خــۆشــتــرە (١٧٠، II، ٨٧٠) و ئەم نـاوچەیە دەبـەنەوە بۆ هـەرێمـی ســەرووی نیــمــچــە مـەداری(*) (١٨١، ١١). زسـتـانی سـارد و سـوڕ و بـە باران، لە سـەرمـاوەزەوە تا بانەمـەڕ، نیوەی ساڵەکە دەبا، هـاوینی گـەرم و وشکیش – لە بانەمەڕ و جۆزەردانەوە (حوزەیزان – و)

(*) شبه مداری ـ Subtropical – وەرگێڕ.

تا مانگی ڕەزبەر (تشرینی دووەم). زستانانی هەندێ جاران، گەلێ ساردە، بەتایبەتیش کاتێک بای ڕۆژهەڵاتی هەڵدەکا، بەفریش لە شەش حەفتەوە تا دوو مانگان زەوی دادەپۆشێ (٥١، I، ١١٣). لەبەشی خوارووی ناوچەکەدا، ئەوەی کوردەکان پێی دەڵێن گەرمیان، هاوینان گەرمایەکی هەناسەبڕی هەیە، بە ئاستەم لە هی بەغدا فێنکترە و تەنانەت لە ناو دۆڵی چیا بەرزەکانیشدا گەرمایی لە ڕادەبەدەر دەبێ (١٧٣، ١٩).

سەختیی ئۆروگرافی ڕەنگی لە جیهانی درەخت و ئاژەڵی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتیشدا داوەتەوە. بەشی سەرووی ئەردەلان (ناوچەی بان) بەگوێرەی نووسەرانی سەدەی نۆزدە، تەواو بێ دار و درەخت بووە. کاتێک بەفر لەوێ دەکەوت، کە جاری وابووە بەقەسەی ژ. دێ مۆرگان، دوو مەتر باریوە، ماڵ و شیوەکان لە بنیدا بزر دەبوون. نشیمەنەکان بەو دووکەڵەی لە کولانکەکانەوە بەرز دەبووەوە دەناسرانەوە (١٩٩، II، ٥٢) لەناوچەی بانی ئەردەلاندا دڕندە کەم بوون چونکە جێگەی داڵدەدانیان لەوێ نەدەدۆزییەوە.

دارستان و تەڕاش ناوقەد و بناری شاخەکانیان داپۆشیوە. بەتایبەتیش دەربەند و دۆڵی ڕووبارەکان و دارو درەختیان لێ زۆرە. درەخت و داری بەبەری دارستانەکان ئەمانە بوون: بەڕوو، گوێز، خەرتەلە، هەنجیر، ترێی کێوی، شیپۆڤنیک(*)، داری بەردی(**) فستەق، ڕیابینا(***)

نووسەرانی وەکو ک. ج. ریچ و ت. م. لیکلاما و هی تر، کە لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات بووین، وەسفێکی ڕازاوەیان بۆ سروشتی ئێرە بەجێ هێشتووە. ت. م. لیکلاما لە گەشتەکەیدا بۆ هەورامان، نووسیویەتی: "لە ڕووباری چەمکە ماسی پەڕیمەوە. کەنارەکانی ئەوەندە بەردی و نشێو بوون، ناچار بەپێ ڕۆیشتم. ئینجا ڕێچکەیەکی درێژی ڕازاوە دەستی پێکرد بەناو دارستانێکی ڕاستەقینەی هەرمێ و سێو و گێلاس بە جۆرە هەرە جیاوازەکانیانەوە. بە کورتی سروشتێکی پڕلە دار و درەختی دەست لێ نەدراوە. ڕێچکەکە چەند ساعاتێک بە هەورازی هەزار بە هەزاردا ڕۆییوە... (٤٦، IV، ٥٨- ٦٠). ئەم نووسەرانەش لە بەردەم سروشتی کوردستانی خوارووا عاجباتیان هاتووە: پ. میگنێن کە بەلایەوە کوردستان قەشەنگترین وڵاتێکە ئەم بۆی چووبێ، ر. کێر پۆرتێر ناوچەی ماوەتی،

---

(*) بەری درەختێکە بەشێوەی تەڕاش شین دەبێ و گوڵی وردی هەیە. ناوە کوردییەکەیمان نەدۆزییەوە (ثمرة الورد الجبلي ـ عربي) – و.

(**) ناوەکەمان نەبە کوردی و تە بە عەرەبی بۆ نەدۆزرایەوە ـ و.

(***) عەرەبییەکەی (الغبيراء) ـ دارێکی گەورەیە و بەرێکی وردی هەیە دەخورێ ، ڕەنگە (تاوک) ی کوردی بێت ـ و.

له سـەرووی بابـان، بە بەهەشـتـی سـەرچیـاکـان داناوە، هەروەهـاش ج. ب. فـریزەر (١٧٣، ٩٩).

مـیرنشـینەکـانی ئەردەلان و بابان بـەسـەر چەند ناوچەیەکی مـێژوویـی دابەش بووبوون. لەسـەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەردەلان لەم حـەوت ناوچە "بولوک" سەرەکییـانەوە پێکهاتـبوو: جـەوانرِود (جـوانرِو)، هـەورامـان، مەریوان، بانـە، سەقز، ئیسـفەند ئـاباد (عەلی – شـوکر)، حـەسـەن ئـاباد، هـەر بولوکـێک دەبوو بە چـوار – پێنچ مـەحـەلـە، یان ناوچەی بچـووک (٣٢، ٤٩، ٥٠).

جــەوانرِود، هەورامــان، مـەریـوان و بانە – ناوچـەی چیـایـین و دەکـەوتـنە سـەر سـنووری ئێـرانی – تورکی. فــەرمـانـرِەوایانی جـەوانـرِود، هـەر نەبێ لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەدا، دەبوایـە لە خــانەوادەی ئەردەلان بن. لـە هەورامــاندا کــە بەزنجـیـرە چیـایەک بـووە بە دوو بەشـەوە – هـەورامـان لـهۆن، بنەمـاڵەی سـوڵتـانانی خـزمـیـان، کە لـە نەجیـبزادەکانی خـێڵـی هەورامی بوون، رابەر بوون. بەگ و خانەکانی مـەریوانیش ئەوێیان بەرِێوە دەبرد، کە هـەر لە کۆنەوە لەگەڵ سوڵتانانی هەوراماندا دوژمنداریيان هەبووە.

مـەریوان، بەهـۆی ئەوەی بنـاری چیـاکـان لە بـەشی ناوەرِاسـتـیـدا و لە نزیک دەریاچەی زاریبـارەوە دۆڵێکیـان دروست کردبوو، لە هەمـوو مێژوو کورسـتـانی خـوارووی رۆژهـەڵاتدا دەورێکی جەنگی – ستراتیجیی گرینگی هەبووە. لە خرِۆنیکای مێژوونووسانی ئەردەلانیدا، هەم دۆڵەکە و هـەم دەریاچەکەش بە مەریوانی نـاو دەبرێن. هەر لێرەشدا، لـە دۆڵی مەریوان، چەندەها شـەرِ و جەنگ، کە مێژووی ناوچەکە، پێیانەوە دەوڵەمەندە، روویانداوە.

لە نـاوچەی بانـەی شـاخـاویشـدا، لـە سـەرووی مــەریوان، بنەمــاڵەی مــیـرانی ئەوێ فــەرمــانرِەوایـیــان کــردووە، کــەســەر بە ئـەردەلانیــانەوە بـووین و هەندێ جــاریش جـۆرە سەربەخۆییەکیان بۆ رِەخساوە. لە رِۆژگاری شەرِەفخانی بەتلیسیدا خاک و مۆڵکی میرانی بانە پێکـهاتبـوو لە "دوو قـەڵاو ناوچەیەک. ئەمـانیـش – قـەڵای پیرۆز، ناوچەی بـانە و قـەڵای شێـوێ" (٣٤، ٣٦٧). لە نیوەی یەکەمی سـەدەی هەژدەوە، فەرمـانرِەوایانی بانە، هەروەهـاش هـی هەورامان، ئیتر بە سوڵتان ناوبراون.

سـەقز بەشـی سـەرووی باکووری رۆژئاوای میرنیشـینی ئەردەلان بوو. لەوێدا بە جیاوازیی لە زۆربـەی نـاوچەکـانی ترەوە کـشـتـوکـاڵی بەرِادەیەکی زۆر پێـشـکەوتوو بوو نـەک ئاژەڵ بەخـێوکردن. سـەقز، بەبۆنەی ئەوەی لە شـوێنەکانی پێکدادانی سـەر سنوورەوە دوور بووە، هـەرگیز کێشـە و نارِەحەتیی بۆ ئەردەلانیان، وەکو هەورامان و بانە و جەوانرِود، نەناوەتەوە.

لە ئیسفەند ئابادا، ناوچەی رۆژهـەڵاتی میرنشینی، داهـاتی گەنمی لە هەموو شوێنەکانی

تری کوردستان زۆرتر بووە. ئیسفەند ئاباد عەمباری دەغڵ ودانی کوردستانی ئەردەلان بوو و خـاک و زەوییـەکـانی خـانـەوادەی فـەرمـانرەوا لەوێ بوون. نـاوچەکـانی ناوەڕاسـتی میرنشینی، شارەکانی سنە و حەسەن ئاباد. مەڵبەندی سیاسیی راستەوخۆی بوون.

ئەوەی ناوچەکانی میرنشینی بابانی بۆ ک. ج. ریچ ژماردوون، یەکێکی زۆر شارەزا بووە کە لە گەشتەکەیدا بە کوردستان رێ نیشاندەری بوو (٥١، I، ٢٧٢) لە لیستەکەدا (داودە) یەکەمین ناوچەیە ناوی هاتبێ، کـە بەشی خـوارووی مـوڵکی میرانی بـابان بوو. دوای ئەوە ناوی ناوچە و شـوێنەکانی تر دێن: شـێخـان، نورە، چەمچـەماڵ، چیاسوز، کـەواچەماڵە، شـوان، چوبوخ قـەڵا، عـەسکەر، قـەڵاسـەقکە، گـردخـەبـەر، بازیان. ئەم ناوچانە لە کـۆتایی سـەدەی نۆزدەدا، وادیارە، دەکەوتنە قـەزای بازیـان کە چەمچـەماڵ مـەڵبـەندی ئیداریی بوو (١٧٠، II، ٨٧٠–٨٧١)، ئەم ناوچـەیە، کـە بەشی رۆژئاوای رووبەری بابـانی دەگـرتەوە، هەر بەناوی چەمچـەماڵەوە ناوبانگی دەرکردبوو (١٧٣، ٧٩) لێرە، لەو دۆڵە بە پیتـە، ئەگەر چی کـەم بـەکـارهێنراوەدا، هەمـاوەندەکـان – خـێـڵـی نـاسـراو بە شــەڕکـەری و هێـرش بەری بەجەرگانە – دەژیـان. لە لای رۆژهەڵاتەوە ناوچەی قەرەداخ بوو کە لە خوارووەوە دەگەیشتە رووباری دیالا. لە کاتی ک. ج. ریچ دا ئەم ناوچەیە. بەقسـەی ئەو، "مـوحافـەزەیەکی گەورە" بوو و چەند ناوچەیەکی دەگرتە خۆ. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا قـەرەداخ. لەگەڵ ناوچەکانی وارمـاوە و سـەرچناردا، دەکـەوتنە ناو قـەزای سـەرەکیی سلێمـانی (٥١،I، ٢٧٢– ١٧٠، II، ٨٦٦). ناوچەکانی (سـەردەشت)[*] (سـورداش). مـەرگـە (لای ک. ریچ – مـێرگـە) و پشـدەر (پشـتـەر)، کە دواتر قـەزای مـەرگـەیان پێکهێنـا، بەشی سـەرووی کـوردسـتـانی بابان بوون. بەشـی زۆری ناوچەکـان چیایین، بـەڵام زەویی کشـتوکاڵیش بەڕادەی پێـویست هـەبوون – لە کـۆتایـی سـەدەی نۆزدەدا، پیـشــەی سـەرەکـیی خـەڵکی ئەوێ چاندنی جـۆ و گـەنم بووە، هـەروەهـا باخـچـەوانیش. بەشـی سـەرووی رۆژهەڵاتی بـابان، ئەم نـاوچانەی دەگـرتنەخـۆ: مـاوەت. ئالان، گەڵالە، شینەک، چوارتـا، سێـوەیل – کە لە کۆتایی سـەدەی نۆزدەدا قـەزای شاربـاژێڕ (شەهر بازاڕ، شـاربـاژێڕ، شار باژێڕ) یان پێکهێنا (١٧٠،II، ٨٦٦ – ١٧٣، ١٠٠) قـەڵاچـۆلان (قـەڵاچوالان)، یەکـەمین پایتـەخـتی بابانەکـان، لە شـارباژێڕ بوو و دەکـەوتە لای شوێنی بەیەک گەیشتنەوەی رووبارەکانی ئەلیاساو و گۆگەسور (١٧٣، ١٠٣).

لە خـوارووی رۆژهـەڵاتی سلێمـانییـەوە ناوچەکانی ساروجێک (سرۆچک) و گـولامبـار بە شـارۆچکەی هـەڵەبجـەوە، بارەگـای سـەرانی خـێـڵـی جـاف. بەزەوییـەکـانی ئەردەلانیـانەوە

---

(*) دیارە لە سـەرچاوەکاندا سەردەشت و سورداش تێکەڵ بەیەک کراون. راسـتـییەکەی ئەمـە دوو ناوچەی جیاوازن –، وەرگێڕ.

نووسابوون. وەکو دەگێڕنەوە، "پایتەختی کۆنی کوردستان" شەهر فیروز، کە گوایە بەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە قوباد کوڕی فیروزی ساسانی کراوە، لە گولامبار بووە (١٧٠، II، ٨٧١ – ٨٧٢) یەکێک لە قەڵاکان ناوی گولامبار بووە کە، تا ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەش، ستوونێکی دەسەڵاتداریەتیی ئەردەلانیان بووە.

دوا ناوچەکانی لە لیستەکەی ک. ریچ دا هاتوون ئەمانەن: چەوتان (چەفتان)، قزڵچە، تەڕەتوول و قەرە حەسەن کە یان هی بابانەکان بوون یان دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەغدا.

کوردەکان، نزیکەی سەرلەبەری، دانیشتوانی ئەردەلان و کوردستانی خوارو پێکدێن (١٦٢، ١٣) و ئەم ناوچانە، وەکو ئاشکرایە، ناوچەی کوردیی ڕەسەنن. جێ پەنجەی توخمی بێگانە لە هەمووی زێتر بە پایتەختەکانی ئەم دوو میرنشینەوە دیاربوو. تیایاندا، جگە لە کورد، هەروەها تیورک(*) فارس ، ئەفغان، ئەرمەنی و جووش دەژیان ، فارس و تیورکەکان هەروەها لە ناوچەی ئەردەلان – ئیسفەندا ئابادیشدا دەژیان. بەڵام بەگشتی دانیشتوانەکانی میرنشینانی ئەردەلان و بابان، بە بەراورد لەگەڵ بەشی باکووری وڵاتی کوردان‌دا، زێتر یەکێتی ئێتنیکییان دەردەبڕی.

ژ. دێ مۆرگان دانیشتوانەکانی ئەردەلان و ناوچەی سلێمانیی، لە ڕووی زمانەوە بە یەک داناون. بەلای ئەمەوە، ئەو دیالێکتانەی کوردەکانی هەردوو بەری زاگرۆس قسەیان پێ دەکردن لە یەکەوە گەلێ نزیک بوون و بەیەک ناوی هاوبەش Sahnan – ناوی بردوون. بەڕای ئەم لێکۆڵەرەوەیە، زمانی کوردەکانی ئەردەلان بەمەوە لە دیالێکیتی سلێمانی جیا دەبووەوە کە لە ڕووی لێکسیکاوە وەکو ئەو، واتە وەکو دیالێکتی سلێمانی، "پاک" نەبوو و وشەی فارسی و عەرەبیی گەلێ زێتری تێ کەوتبوو (II،١٩٩، ٥٣–٥٤).

لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا دیالێکتی گۆرانیش هەبوو کە خێڵی هەورامی لە هەورامان و هەندێ هاوسێیان لە خوارووییانەوە، کاکەیی نزیک تاوق. بەشێک لە خێڵی زەنگەنە لە دەوروبەری کفریدا و باجەلانەکانیش لە نزیک خانەقین قسەیان پێ دەکرد و ئەمانە. بەقسەی س، ج، ئیدمۆندز، "زەوی" یەکی پەیڤینی گۆرانییان لەنێوان سلێمانی و ئەردەلاندا دروست کردووە (١٧٣، ١٠)، ڕاو بۆچوونی پسپۆران سەبارەت بەوەی دیالێکتی گۆرانی کوردییە یان نا، جۆراجۆر و ناکۆک بەیەکن. ئەم دوو ڕایە نموونەیەکی ئەوپەڕی هاودژیەتیی یەکدین: ڤ. ئیڤانۆڤ کە گۆرانی بە "کوردیی ڕاستەقینە" دادەنێ (١٨٢، ١٨) و ئی. ب. سۆون – بەدیالێکتێکی فارسیی دەزانی کە "بەهۆی دوورە پەرێزییەوەی لەناو

(*) تیورک ـ مەبەست هەموو میللەتانی سەر بەخێزانە زمانی ئەڵتاییە (تورک، ئازەری، تەتەری، کازاخی.. هتد) – وەرگێڕ.

شاخان خۆی لە وشەی عەرەبیی پاراستووە" (٢٠٩، ٥٨، ٥٩).

ئێمە لە کاتێکدا ناچینە ناو بەڵگە هێنانەوە بۆ ئەم لایەنانە، ئاماژە بۆ ئەو هەلومەرجە دەکەین کە ئەوانەی گۆرانی بەدیالێکتێکی زمانی کوردی نازانن یان بە جارێک رەچاوی ناکەن، یا ئەوەتا وەکو فاکتێکی یەکجار تەماوی و ناڕوون سەیری دەکەن، شوێنی بڵاو بوونەوەی دیالێکتی گۆرانی، لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا، تەنیا "زەویی پەیڤینی گۆرانی" نەبوو. نابێ ئەم دیالێکتە تەنیا بەسەر چەند ناوچە چیاییەکی بچووکدا ببڕین، هەر نەبێ لەبەر ئەوەی گۆرانی لە سلێمانی و سنەدا بە زمانێکی جوان و پاراو دادەنرا - لە ئەردەلانیشدا ئەوا زمانی ئێتیکێتی کۆشکی فەرمانڕەوایەتی بوو، شاعیرانی کۆشکی والییەکانی ئەردەلانی بە گۆرانی دەیاننووسی، هەروەهاش شاعیرانی زووی کۆشکی بابان (١٧٣، ١١). بەم جۆرە دیالێکتی گۆرانی یەکێک لە توخمە گرینگەکانی رەوشی لینگواکولتووری(*) بوو لە دوو میرنیشینیی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا، نەک لە چەند ناوچەکی بچووکدا. فاکتێکی تریش، کە هەرگیز بێ بایەختر نییە، ئەوەی س. ج. ئیدمۆندز سەرنجی داوە و گوتوویەتی: "وا باوە کە پسپۆرانی بە ناوبانگی ئەورووپایی گۆرانی بەزمانی کوردی دانانێن و بەلایانەوە گۆرانەکان کورد نین، کەچی ئەمان خۆیان لە هەموو رووێکەوە بەکورد دەزانن (١٧٣، ١٠)، س. ج. ئێدمۆندز ئەو کاتە وای گوتووە کە هێشتا پرۆسەی کامڵبوون و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ئەنجام نەگەیشتبوو و خێڵەتی لە ناو یەکێتی خاک و رووبەردا نەتوابووەوە. ئاشکراشە کە گۆرانەکان هەرگیز خۆیان بەپێی پرانسیپی " ئێمە - ئەوان" یان "خۆمان - بێگانە" جیانەکردووەتەوە (٧٦، ٣٣)، ئەوەش بەڵگەی ناڕەوایی ئەوەیە کە لینگواکولتووری گۆرانی لە ئێتنۆسی کوردی جیابکرێتەوە.

خۆ جیاکردنەوە لەناو رووبەری هەرێمی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتی مێژووییدا، ئەوەندەی دەکرێ بەپێی زانیارییەکانی خەسرەو کوڕی محەمەدی ئەردەلانی و ک. ج. ریچ بڕیاربدەین، رەنگدانەوەی ئەو سنوورە سیاسییە بوو کە میرنشینانی ئەردەلان و بابانی لێک دابڕیبوو و ئەنجامێکی ناکۆکی و پێشبڕکێی سیاسیی خانەوادەکانی دەسەڵاتدار بووە. لە ئەنجامدا، مێژوونووسانی ئەردەلان تەنیا ئەردەلانییەکان بە کوردستانی ناو دەبەن، بابانەکانیش بە - (کرمانج) یان (بێگانە) (٣٢، ٧٢، 4a، 43a، b ٥٣).

لە سلێمانیشدا بە ئەردەلانییەکانیان گوتووە گۆران و وڵاتی (کوردی راستەقینە)ش بەلای ئەمانەوە میرنشینی بابان بووە (٥١، I، ٢٦٠) جێپەنجەی ناوچەگەرێتی لە هۆشیاریی نەتەوەییشدا دەرکەوتووە.

(*) لینگوا کولتوور ـ زمان و کولتوور، واتە رەوشی سەقافی - و.

بەشی یەکەم

# مێژووی سیاسی

لەبیرم دێ سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو
نەمەحکوومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
"شیعری شێخ رەزا"

میرنشینیەکانی ئەردەلان و بابان هەمیشە بە جمک دادەنێن. هەرچەندە ئەوەیش پێناساندنێکی خۆشە. بەڵام ناتوانین لەگەڵیدا بین بەهۆی جیاوازییانەوە لە "ساڵی لە دایکبوونیان"، کە چەند سەد ساڵێک دەبێ. ئەگەر زاراوەکانی خزمایەتیشیان بۆ بەکاربەرین ناتوانین تەنانەت بە براشیان لە قەڵەم بدەین، چونکە هەندێ ناوچەی میرنشینی ئەردەلان، لە سەدەکانی زووی دامەزرانی، بوون بە زەوی و موڵکی بابان.

نەژادی بنەماڵەکان و دەسەڵات وەرگرتنیان، بە ئەفسانەی ناکۆک بە یەک پۆشراون. بەگوێرەی تradیسیای ئەزبەر (نەنووسراو) لە ئەردەلان، سەرەتای مێژووی خانەوادەی ئەردەلان بۆ رۆژگاری زووی عەباسی و تەنانەت ساسانییەکانیش دەگەڕێتەوە (٩٧، ٢٧٦). تradیسیاکانی نووسراو و ئەزبەر پێرسوناژێک بەناوی بابە ئەردەلان لە تۆپکەی گینیالۆگیا (شەجەرە)کە دادەنێن.

لێکۆڵەرەوانی کورد، عەبدوڵڵا مەردۆخ و رەشاد سەبری رەشید، لە ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکەدا، بەتایبەتیش لەنازناوی "بابە"، تارماییەکی ئاینیی بەدی دەکەن و ئەوەش تابلێی سەلمێنەرە.

"بابە" لە فەرهەنگی نهێنی (Esoterik) ی شیعەکاندا مانای پلەیەکی ئاینیی دەبەخشێ (١٢٢، ٢٢٧). لە ئێران شێخە تەریقەتدارەکان نازناوی "بابە"یان پێش ناوی خۆیانیان خستووە (٢١٢، ٨٣٨). بابە بوزورگ – ناوی پیاوچاکێکە گۆڕەکەی نزیک کاشانە (١٥٤، ١٢١). پەیڕەوکەرانی ئاینی ئەهلی هەق یەکێک لە تەجسیدە خواییەکانی خۆیان بە

بابەیادگار(*) ناو بردووە (٥٢، ١٧٩، ١٨٠) خێڵی گۆران سەر بە ئایینی ئەهلی هەق بوو و ئەردەلانییەکان بە یاریدەی ئەوان، وەکو لە خوارەوەدا دەبینین، دەسەڵاتیان گرتە دەست.

جارێ زەحمەتە بڕیار بدەین کە ئایا ئەردەلانییەکان بە رێگەی ئیرشادی دینی و "پیاوچاکی" یەوە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، یان نازناوی ئاینییان درەنگتر و بەپێوەندی بەو بانگاشە ئیدیۆلۆگیانەوە دروست بووە کە بەرەورووی بنەماڵەی دامەزراو دەهاتن. بە هەر حاڵ، رازاندنەوەی ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەکە بە بۆیەی ئاینی، خۆی لە خۆیدا جێگەی سەرنجە.

سەرچاوە کوردییەکان کاتی جۆراوجۆر بۆ دەسەڵات گرتنە دەستی بابە ئەردەلان دیاری دەکەن. بەپێی زانیارییەکانی شەرەفخانی بەتلیسی، ئەمە لە رۆژگاری جەنگیزییەکاندا رووی داوە: بابە ئەردەلان "ماوەیەک لە ناو خێڵی گۆران ژیاوە.. و لە کۆتایی رۆژگاری سوڵتانە جەنگیزییەکاندا ناوچەی شارەزووری گرتووە" (٣٤، ١٤٦). ئەو نەوەی ئەحمەد کوڕی مەڕوانە، یەکەمین سەرداری بنەماڵەی مەروانییان کە لە دیاربەکر و جزیرەدا دەسەڵاتدار بوون (٣٤، ٨٩، ١٤٦) لەبەر ئەوەی مامی بابە ئەردەلان ساڵی ١٠٦١– ٤٥٣ مردووە، بۆیە دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەردەلان دەبێ لەماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەدا بوو بێ.

بە گوێرەی گێڕانەوەی محەمەد ئەمین زەکی، کە زۆر لە راستیی دەچێ، بابە ئەردەلان لە کۆتایی سەدەی یازدەدا (پێنجی کۆچی) گەیشتووەتە شارەزوور، کاتێک بنەماڵەی مەروانییەکان لە ئارادا نەما و ئەمیش ناچاربوو خۆی لە دەستی وەزیر ئەبو جاهیر، کە بەشداری کردبوو لە لەناوبردنی مەڕوانییەکان، رزگار بکات. بابە ئەردەلان چووە لای گۆرانەکان و ماوەیەک لەگەڵیاندا کۆچڕەویی کردووە، دوایی، لە کاتی هێرشی جەنگیز خاندا بۆ سەر ئێران، پشتگیریی هێزەکانی مەنگۆلیانی کردووە و لە پاداشی ئەمەشدا کراوە بە فەرمانڕەوای شارەزوور (٩٧، ٢٧٦).

خوسرەو کوڕی محەمەد ساڵانی ١٢٠٦ – ١٢٢٧ بۆ فەرمانڕەوایەتیی بابە ئەردەلان داناوە، واتە کۆتایی حوکمی جەنگیزخان (٣٢، ١٠٠). ماهشەرەفخانم کوردستانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا چەرخی ئەردەلانییانی بەهەزار ساڵ حسێب کردووە (٢٥، ١٨٨). نووسەری "حەدیقەیی ناسرییە" روونتر رای خۆی دەربڕیوە – بەقسەی ئەو بابە

---

(*) بابە یادگار تەجسیدی خوایی ئەهلی هەق نییە. بەڵکو ئەندامێکی (حەوت تەن)ە ـ واتە پێنج مەلایکەت و دوو کەسی تریش: شا ئیبراهیم و بابە یادگار بڕوانە:

رەشاد میران. «رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا» ستۆکهۆڵم ١٩٩٣. ل١٨٥

ئەردەلان "دەسەڵاتێکی بێ سنووری، لەو ناوچەیەدا، وەرگرتووە و ساڵی ٦٩- ١١٦٨- ٥٦٤ قەڵای زەڵمی دروست کردووە" (٣٠، ٨٨). ێ، ئێ. چیزیکۆڤ (٣٣، ٤٣٩، ٤٤٠، ٦٥٠) و ف. چۆرنەزووبۆڤ (١٦٠، ٣٠) پشتیان بەو مێژووە بەستووە کە مێژوونووسانی ئەردەلان، بۆ ئەو مەسەلەیە، دایانناوە. بەڵام راستی و وردیی مێژووەکە جێگەی گومانە. بە باوەڕی ئێمە ساڵی دەستپێکردنی فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەی ئەردەلان کە لە "حەدیقەی ناسرییە" دا هاتووە، هەروەها هی فەرمانڕەوایەتیی نوێنەرانی زووی، بەرهەمی خەیاڵی نووسەرەکەیە، چونکە لە خرۆنیکا ناوچەیەکانی زووتردا نەسەلمێنراون.

محەمەد شەریف قازی سەرەتای حوکمی ئەردەلانییان بۆ دەوری دەسەڵاتدارییەتیی تەیموور (١٣٧٠ - ١٣٠٥) دەباتەوە: "ئەمان بۆ ناوچەی پالانگان هاتن، ماوەیەک لەوێ لە ناو گۆرانەکاندا مانەوە. تەیمووری گورگان شارەزووی بە بابە ئەردەلان بەخشی و ئەم ماوەیەک، تا دوا ژیانی، ئەم ناوچەیە و شارەزووری حوکم کرد" (١٤، ١٨٥٦). گرتنی ئێران لە لایەن تەیموورەوە لە کۆتایی سەدەی چواردە رووی دا - بەگوێرەی "زوبدەت التواریخی سەنەندەجی" دەکرێ هەر ئەم مێژووەش بۆ دەسەڵاتدارییەتیی بابە ئەردەلان دانێین.

محەمەد شەریف قازی، نووسەری یەکێک لە خرۆنیکا ئەردەلانیە هەرە زووەکانی لێمانەوە ئاشکران، شایەنی ئەوەیە کە زانیارییەکانی جێگەی سەرنجی ئێمە بن، بەڵام ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی رووداوەکان جێگەی متمانەی تەواو نین. بایەخدان بەمەسەلەی وەرگرتنی دەسەڵات لە تەیمووری پۆڵایینەوە، حاکمی زۆرداری وڵات و میللەتان، زۆر بە زەقی هەست پێ دەکرێ.

ترادیسیای ئەزبەر، دوای ویش مێژوونووسان، بۆ ئەوەی ئەم رووداوە بەناوێکی زلەوە ببەسێتەوە سەدەیەک دوو سەدەی قوربانی کردوون. ترادیسیای مێژوویی کە هاتنە سەر حوکمی بنەماڵەی ئەردەلان بۆ سەدەی دوازدە دەباتەوە، بایی خۆی چەسپاوە و لە لایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە پەیڕەو دەکرێ (١٩٠، ٦، ١٩٤).

ئەم گێڕانەوەیە، سەبارەت بەوەی کە ئەم رووداوە دوو سەدە دواتر رووی داوە، قۆسترایەوە و بەسەر کوردستانی باباندا چەسپا. ئەردەلان و بابانەکان پێشبڕکێ و زۆرانبازییان لە نێوندا هەبوو، بەڵام دێرینی خانەوادە و دەوری سیاسی خۆی لە خۆیدا بوو بە مەفهوومێکی کۆمەڵایەتی - قیەمی لە کوردەواریدا. بابانەکان نەیاندەتوانی بە دێرینی بنەماڵەکەیانەوە بنازن. بنەماڵە فەرمانڕەواکان، ئەوانەی خۆیان بەناوی بابان هەڵدەدایەوە، بەلای کەمەوە سێ بنەماڵە بوون (محەمەد ئەمین زەکی بە پێنج بنەماڵەیان دادەنێ) و سەرکەوتنی یەکێکیان لەمانەدا نابێ لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم زووتر بوو بێت. هەر

بۆیەش، وەکو دەردەکەوێ، لە کوردستانی خوارووردا ئەو تردیسیایەیان زێتر بەدڵ بوو کە یەکەمین ئەردەلانی دەسەلاتی وەرگرت بۆ سەرەتای سەدەی XIV دەباتەوە. ئێ. ب. سۆن یش پشتی هەر بەو درادیسیایەوە بەستووە (٥٢، ١١٨، ٣٧٦) و دوای ئەمیش ڤ. پ. نیکیتین. کە کتێبەکەی سۆنی بەزۆر ورد داناوە و گەلێکیشی لێ وەرگرتووە (١٢٣، ٢٥٥). ئەم ترادیسیایە هێشتاش لە کوردستاندا هەر ماوەتەوە. هەر بۆ نموونە، ئاماژە بۆ دکتۆرانامەکەی ئەنوەر محەمەد دەکەین. کە خەڵکی سلێمانییە و لێکۆڵەرەوەی بەرهەمەکانی شاعیری کوردی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم – مەولەوییە، ئاشکرایە کە ئەو گومان لەم مێژووەوە ناکات (٦٣، ٢٩).

گێڕانەوەیەکی تری هەندێ جیاواز لە دەستنووسی بێ ناوی لیستی خێڵەکانی کوردستانی ئێراندایە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دانراوە. بەپێی زانیارییەکانی ئەم دەستنووسە، باپیرە گەورەی ئەردەلانییان، ئاشەوانێک بوو بە ناوی "ئاسیابان" (کە دەکاتە "ئەردەلان"ی کوردی) (٩ . ١١) و خەڵکی شام بوو. دوای ئەوەی "قەزاو قەدەر هەژاری کردبوو" لە سەرەتادا بەرەو دیاربەکر و ئینجا بەرەو موسڵ چووە و لەوێ لەگەڵ "یەکێک لە خانەوادە مەزنەکانی ئەوێ" دا خزمایەتی دروست کردووە، کوڕی ئاسیابان، بەناوی کالول، بەگوێرەی ئەم سەرچاوەیە، دەسەلاتی گرتە دەست و بەتایبەتیش هی موسڵ و دیاربەکر، بەلام دوای سەرکەوتنی جەنگیز خان لادراوە و چووەتە شارەزوور. دوای ماوەیەکی کەم "لەوێشدا جێگەی خۆی گرتووە و بووە بە فەرمانڕەوا". ئینجا دیسان گۆڕانکاری رووی داوە و بۆیە چووەتە پالانگان، کە جێگەیەکی قایمی ئەردەلانیان و بارەگای فەرمانڕەوایانی کەلهوڕ بووە (٩، ١٢). نووسەر بەردەوام دەبێ و دەنووسێ، ئەم لە ناو خێڵەکانی گۆراندا بەرز بووەوە و بووبە سەرکردە و فەرمانڕەوایان. دوای دامەزرانی دەسەلاتدارییەتی جەنگیزخان، "بابان، کۆیە. هەریر و کوردستانی ئێران" بوون بە هی کالول. جا بەم جۆرەیە گێڕانەوەکەی ئەم دەستنووسە، وردەکاریی گەلێ بەبایەخی تیا هەیە و دەگەڕێینەوە سەریان کاتێک باس دێتە سەر خێڵەکانی کەلهوڕ و گۆران.

تاقە مەسەلەیەک کە ئەو سەرچاوانەی ئاشنایانین لە سەریەوە یەکن ئەوەیە گوایە ئەردەلانەکان لە سەرەتادا لە شارەزوور دامەزران و تەنیا دواتر دەسەلاتی خۆیان بەسەر لایەکەی تری زنجیرە چیای زاگرۆسدا بلاوکردەوە. کالول کوڕی بابە ئەردەلان باجی لە رووبەرێکی فراوان، بە هەولێریشەوە، وەردەگرت (١٩٠، ٦). رەوشەکە تاکۆتایی سەدەی سێزدەش هەر چەسپاو بوو. بە هێزبوونی جەلایرییەکان لە سەدەکەی دواتردا وای کرد کە ئەردەلانەکان ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای رووبەرەکەیان لە دەست بدەن. بەلام ئیتر لە

نیوەی دووەمی سەدەی پازدەمدا، لە فەرمانڕەوایەتی مەئموونی یەکەم، زابی گەورە دیسان بوو بە سنووری باکووری میرنشینی و رووبەری ئەردەلانیان فراوانتر دەبێت و ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: زەڵم، گولامبار، شەمیران، هاوار، دودان، نەوسود. نویی. مەریوان. تەنوورە، هەورامان، میهرەبان، کالو، کالاس، کالاش، نشەکاس، ساروچیک، قەرەداغ، ئالان و شارەزوور (٢٥، ١٤). هەروەها بڕوانە (٣٤، ١٤٧– ١٤٩) بەبڕوای س. ه. لۆنگریک هیچ کەسێک لە هاوسێکانی ئەردەلان، وەکو ئەوان، پایەی شایەتییان نەبووە (٩٠، ٦).

زۆرانبازیی چەندین سەدەیی ئیمپراتۆریاکانی ئێرانی و عوسمانی لە سەر کوردستان لە سەدەی شازدەدا دەستی پێکرد و تێنوویەتی سەفەوی و عوسمانییەکان بۆ داگیرکردن و "برسێتییان بۆ زەوی" بەتایبەتی لە دۆڵە بەپیتەکانی شارەزووردا هەستیان پێ دەکرا کە بەشێکی گرینگی خاک و رووبەری ئەردەلان بوون (١٩٠، ٣٤). لە "بیرەوەری"یەکانی مەئموون بەگی دووەمدا، کە پاشکۆیەکی بەبایەخی گێڕانەوەکانی شەرەفخانی بەتلیسی و مێژوونووسانی ئەردەلانییە، بەڕاشکاوی دڕامای ئەم زۆرانبازییە باسکراوە.

لە ئەستەمبۆڵ و ئەسفەهانەوە چاویان بڕیبووە ئەردەلان بەهیوای لێک جیابوونەوەی خانەوادەی میر و تێکچوونی نێوان ئەردەلان و ناوچەکانی تری کوردستان. جەنگ، لە راستیدا، بە دەستی ئەردەلانی و میرە کوردەکانەوە بەڕێوە دەچوو. لە هەر دوو پایەختەکاندا دریغییان نەکرد لە بەشینەوەی پوول، ناو و نازناو (تیتوڵ)، عەبای شەڕەف لێنان. بەڵام ناوەڕۆکی سەرەکیی تیتوڵی بەخشراو بۆ فەرمانڕەوای شارەزوور لە سەر ئەوە وەستابوو کە ژمارەی هێزی چەکداریی چەندە و هەموو جارێکیش دەمەتەقێ بە شەڕ یەکالا بووەتەوە. لەم حاڵەتەشدا، هیچ لایەکیش متمانەی بە ئەوەی "ژێر رکێفی خۆی"ی نەدەکرد و داوای بەڵگەی دڵسۆزییان لێ دەکردن، سەلمێنەرترین بەڵگەش سەر و گوێی بڕاو بوون. لەم رووەوە، لە "بیرەوەرییەکان" دا باسی نامەیەکی سەرنج ڕاکێش کراوە بۆ بێگەبەگ، کوڕی مەئموون بەگی (II)، لە میری میرانی بەغداوە محەمەد پاشا: "ئەگەر تۆ خزمەتکاری پاشای (مەبەست سولتانی تورکی – ی. ئی)، دەبێ سەر و زمانی بڕاوی قزلباشانمان بۆ بنێری" (١٨ ، ٣٥)(١)

لەبەر ئەوەش بوو کە لە ئەنجامی بچووکترین گومانکردندا لە میر، پاش خەڵاتکردن و ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەیەوە، گیران و خستنە بەندیخانەی بەدوادا دەهات. مێژووی کوڕی

(١) لە تورکیای عوسمانیدا، نەک هەر بە سەفەوییەکان، دوای هاتنە سەر حوکمی ئێران. بەڵکو بەهەموو هاووڵاتیانی ئێرانییان دەگوت قزڵباش (کڵاوسوور). چونکە خێڵە قزڵباشەکان پشتگیری سەرەکیی سەفەوییەکان بوون.

بێگەبەگ، مەئموون بەگی دووەم، کە بەنووسەری بروانامەی باسکراو دادەنرێ، گەلێ جوان ئەم بارە دەخاتە ڕوو. ئەم هێشتا منداڵ بوو کە بە بارمتە بردیان بۆ بەغدا (١٨، ٣٠) کەچی دوای پاڕانەوەی بێگەبەگ لە "عەتەبەی بەختەوەری" بەفەرمانی سوڵتان دوو ناوچەی تر بە مەئموون بەگ بەخشران و خرانە سەر سەنەندەج. بەتێپەڕ بوونی ماوەیەک لە قەڵایەک تووند کرا و ١٢ساڵ و ١٠مانگانی تیا مایەوە (١٨، ٣١، ٣٦) – تا دەوروبەری کۆچی دوایی بێگەبەگ. تەنیا بەهێزبوونی سوهراب بەگ، براو مونافیسی بێگەبەگ و پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ شا توهماسپی (I) (١٥٢٤ – ١٥٦٧) سوڵتانی هاندا مەئموون بەگ ئازاد بکات و کەرکووکیشی پێ ببەخشێ (١٨، ٥٩، ٦١).

لە شەڕێکدا کە هەرزوو لە نێوان ئەم دوو برایە هەڵگیرسا، بێگەبەگ و سوهراب بەگ (برای سێیەم، محەمەد بەگ، هەڵوێستێکی هەندێ ملکەچکەرانەتری هەڵبژاردو بەنۆرە پشتگیری ئەم یان ئەوی دەکرد)، باوکی مەئموون بەگ بریندار کرا. هێزەکانی ئێرانی، کە لە شەڕەکەدا بەشدار بوون، ناوچەکەیان وێران کرد و "ئەوەی توانییان بەتاڵان بردیان" سەرکردەی قزڵباشەکان سندوق بەگ پەنجا ڕۆژ لە شارەزوور مایەوە تا دەغڵ و دان پێگەیی، هەمووی سووتاند ئینجا گەڕایەوە بۆماڵی خۆی (١٨، ٦٤، ٦٥).

بەڵام قەڵای زەڵم، حەشارگەی بێگەبەگ، هەر بەدەستی خۆی مایەوە. سەر و زمانی براوی قزڵباشان بۆ "بابی عالی" رەوانە کران، سوڵتان سولەیمانی قانوونی (١٥٢٠ – ١٥٦٦) لە بری خۆڕاگرتن و بەرهەڵستیکردنی بێگە بەگ شمشێرێک و عەبا و زنجیرێکی زێڕ و ئەسپێکی پێشکێش کرد. شاتوهماسپی یەکەمیش خۆی بە قەرزاری نەهێشتەوە بەرامبەر بە سوهراب بەگ، بەڵکو گەلێ دیاری و پارەی پێ بەخشی، "لەبەر ئەوەی لەسەر ڕێگەی باوباپیری خۆی نەمایەوە" (١٨، ٦٥، ٦٦). کاتێکیش هەردوو برا لە "بابی عالی"یەکانەوە گەڕانەوە، زۆر ئاساییانە، شەڕی نێوانیان تاو و گوژمێکی نوێی وەرگرت.

دوای کۆچی دوایی باوکی مەئموون بەگ، ڕێگە بە ئەم درا بەغدا بەجێ هێڵێ و لە جێگەی باوکی دانیشێ و ئەمیش تووشی زۆرانبازیی بوو لە شارەزوور. زۆر فێڵبازانە فەرمانڕەوای بەدەسەڵاتی ئامێدی سوڵتان حوسێن بەگ و میرە کوردەکانی سیواس، قارەمان، حەلەب، مەرعەش و دیاربەکریشیان خستنە ناو شەڕەکەوە. خەڵاتی سوڵتان بۆ مەئموون بەگی دووەم ئەوەبوو کە کرا بەمیری مەزن و ئەرکی هێرشکردنە سەر سوهراب بەگ و بەدیل گرتنی خرایە ئەستۆ (١٨، ٦٧). کاردانەوە و دەستوبردی سوڵتان حوسێن بەگ لە بەرامبەر "بەرزکردنەوەی" مەئموون بەگی دووەمدا یەکەوجار بوو و میر و فەرمانڕەوایانی کوردستان بەخۆ و بە کارەکانی خۆیانەوە بەقسەی شەرەفخانی بەتلیسی،

روویان تێ کرد (٣٤، ١٧٠). لە جیاتی ئەوەی هەمووویان پێکەوە بچن بۆ سەر سوهراب بەگ، فەرمانڕەوای ئامێدی بەرێکەوتن لەگەڵ وەزیری مەزن رۆستەم پاشادا (لە حاڵەتی سەرکەوتنیدا گفتی میراتگرتنەوەی بێگەبەگ و پارە و ماڵی پێدرا بوو) مەئموون بەگی بەدیل گرت (١٨، ٦٨).

قەڵای زەڵم ملی بۆ فەرمانڕەوای ئامێدی نەدا، کە سۆزی لەلایەن رۆستەم پاشاوە پێدرا بوو وەری بگرێ، شارەزووریش هەر سەر بە مەئموون بەگ مایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتان حوسێن بەگ هەر ئازادی نەکرد و بەدیل بردی بۆ ئاکرێ. قەڵاکە دوایی بوو بە هی سوهراب بەگ.

وەزیری ئەعزەم، رۆستەم پاشا، دیاریی گرانبەهای بۆ چووەوە، سوڵتان حوسێن بەگیش، کە هێشتا مەئموون بەگی ئازاد نەکردبوو لەبەر ئەوەی کرابوو بە گەورەی هەموو میرەکانی کوردستان، داوای ئیزنی دەکرد بۆ لە ناوبردنی مەئموون بەگی تووندکراو لە ناو قەڵای ئامێدیدا. ئەمیش، واتە مەئموون بەگ، کاتێک فەرمانی سوڵتان گەیشت دەربارەی بردنی میری ئەردەلانی بۆ "بابی عالی"، "هەموو هیوایەکی بۆ ژیان و ئازادی لە دەست دا" (١٨، ٧٢). سوڵتان حوسێن بەگ مەئموون بەگی سوێند دا کە باسی ئەوەی رووی داوە نەکات، ئینجا رێگەی دا بچێت بۆ لای سوڵتان. سوڵتان سولەیمان کاتێک، بەقسەی شەرەفخانی بەتلیسی، بێ تاوانیی مەئموون بەگی بۆ ئاشکرا بوو، ناوچەی حیللەی پێ بەخشی، ئەوەی لە کاتی نووسینی "شەرەفنامە"دا گرتبووی. (٣٤، ١٤٨). لە مەشدا وادەردەکەوێ، ئەوەی دەوری سەرەکی بینی ئەوە بوو کە سوهراب بەگ، کاتێک شارەزووری گرت، ملکەچی خۆیی بۆ شا توهماسپی یەکەم راگەیاند. شا بەم بۆنەیەوە هەر زوو دەستودایرەی خۆی کۆکردەوە و گوتی: خەونی من هاتە دی (١٨، ٧٣).

کاردانەوەی ئەستەمبۆل لەبەرامبەر بەمە دانی زۆر بەخۆدا نەگرت و عوسمان پاشای چەرکەسیی، کە کرا بە میری میران و فەرمانڕەوای نیوەی پاشایەتیی بەغدای نارده گژ سوهراب بەگ (١٨ . ٧٤). ئەم هێرشەی عوسمان پاشا لە "بیرەوەرییەکان" و "شەرەفنامە"ی شەرەفخانی بەتلیسی و خرۆنیکایانی ئەردەلانیدا باس کراوە، هەروەها لە سەرچاوەی مێژوویی تورکیی کۆتایی سەدەی حەڤدەمیشدا ئەوەی س. ه. لۆنگریک بەکاری هێناوە، ئەم باسە هەیە (١٩٠، ٤٤). جەنگ و پێکدادانەکە بێ سوود بوو، دوو ساڵ گەمارۆدانی قەڵای زەڵم، حەشارگەی ئەردەلانیان، هیچ ئەنجامێکی نەبوو (٣٤، ١٥٠) لە کۆتاییدا بە یاریدەی هێزەکانی قزڵباشان گەمارۆکە شکا و ئەردەلانییەکان بۆ ماوەی دەیان ساڵ بوون بە خاوەنی ئەردەلان و شارەزوور.

له دوا لاپەڕەی "بیرەوەرییەکان"دا (١٨، ٨٠) و له دوا بەشی "شەرەفنامە"دا، کە بۆ میرانی ئەردەلان تەرخان کراوە، باسی ئەوە کراوە کە چۆن بنەماڵەی فەرمانڕەوا نیوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان، یان بڵێین "بەشی بێگەبەگ" کە شارەزووریشی دەگرتەوە، لە دەست داوە. بەگەواهی شەرەفخان "ناوچەی شارەزوور بوو بە بەشێک لەناوچەکانی مەلیک، کە خوا دەیانپارێزی و کەوتە نێو دەسکەوتەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە" (٣٤، ١٥٠). بەپێی گێڕانەوەی تورکی، وەرگرتنی ئەم ناوچەیە لەلایەن سوڵتانی تورکییەوە، بە گوێرەی رازیبوونی تەیموور خان بوو کە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا فەرمانڕەوایی کردووە (١٩٠، ٤٤). ئەم بۆچوونە لە نێو خرۆنیکا ئەردەلانییەکاندا نییە، کە بەردەوام میری ئەردەلان بە فەرمانڕەوای شارەزوور ناو دەبەن تا ئەو کاتەی رووداوەکانی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدە و تەنانەت هی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەش دەگێڕنەوە (٣٠، ١١٧–٥٣، ٣).

وەکو دەتوانین بسەلمێنین، بەگەڕانەوە بۆ دەقی دەستنووسی "عەباسنامە"ی محەمەد تاهیر واحید (٧، ٧٨ب – ٧٩أ) کە ئەردەلانییەکان شارەزووریان لە دەست چوو، ئەمە ئەو ساکە شێوەیەکی کاتیی هەبوو. لە ساڵانی (١٠٤٠ – ١٠٤٢) / (١٦٣٠– ١٦٣٣)دا بۆ داگیرکردنی شارەزوور لەگەڵ خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانیدا سەرکردەی جەنگیی شازەمان بەگیش چوو و قەڵای شارەزووریان گەمارۆدا کە سەرکردەی هێزەکانی عوسمانی مستەفا پاشا بەرگریی لێ دەکرد. ناوی قەڵای شارەزوور لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتووە، ئەو سەرچاوانەی ئێمە ئاشنایانین، لەوە دەچێ لێرەدا باسی قەڵای زەڵم بکرێت، بەڵام ئەو فاکتەی ناوهێنانی قەڵاکە بەناوی "شارەزوور" خۆی لە خۆیدا جێگەی سەرنجە. بەقسەی محەمەد تاهیر واحید، گەمارۆدانەکە درێژەی کێشا و لە ئەنجامدا مستەفا پاشا و هێزەکەی رایانکرد. ئەمانیش راویان نان و لە شەڕێکدا نزیکەی هەزار و پێنج سەد "جەنگاوەرانی  رۆمی" تیا چوون و مستەفا پاشا خۆی خراپ بریندار کرا. قەڵای شارەزوور بە فەرمانی شا رووخێنرا، زەمان بەگ لە رێگەی گەڕانەوەیدا مرد و خان ئەحمەد خان خۆی بوو بە "رووناکیی چاوی (شاهانە) لە سەر کوژراو و دەسکەوتەکاندا". ناوچەی شارەزووریان خستە سەر ناوچەکانی فەرمانڕەوایانی ئەردەلان و لە کتێبی ئەسکەندەر بەگ تورکمان، خان ئەحمەد خان دیسان ناوی کرا بە "فەرمانڕەوای ئەردەلان و بەگلەربەگی شارەزوور" (٣٤، II، ١٠٨٦).

بە قسەکانی محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی، شا سوڵتان حوسێن، کە ساڵی (١١٠٥– ١٦٩٣ – ١٦٩٤) هاتە سەر تەخت، فەرمانڕەوایی ئەردەلان، شارەزوور، کۆیێ و هەریری لە

سەرەتادا بە محەمەد خان ئەردەلان بەخشی و ئینجا بە کوڕەکەی ئەو عەباس قولی خان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماژەکردنی بۆ دەسەڵاتێکی راستەقینەی ئەم بنەماڵەیە لەسەر شارەزوور، دوای رێککەوتنی ئێرانی - تورکیی ساڵی (١٦٣٩)، کارێکی زەحمەتە. بەپێی رێکەوتنامەکە، قەڵای زەڵم و حەشارگەکانی تر رووخێنران و ئەردەلانییەکانیش بەگوێرەی ئەوەی تەقلیدیانە سەر بە ئێران بوون لەودیو زنجیرە چیای زاگرۆسدا بە فەرمانڕەوا مانەوە (٣٣، ٦٤٩ - ٦٥١).

پێش رێککەوتنەکەی ١٦٣٩، دوو میری گەورەی ئەردەلانی فەرمانڕەواییان کردووە، هەڵۆخان و کوڕەکەی خان ئەحمەد خان. هەڵۆ خان، برای تەیمور خان، هەوڵی سەربەخۆیی دابوو و لە ئەنجامدا ناچاربوو تەخت بۆ خان ئەحمەد خان بەجێ بێڵێ کە زاوا و دڵسۆزی شا عەباسی یەکەم بوو. خان ئەحمەد خان دەسەڵاتداریەتی ئەردەلانی وەکو جاران دامەزراندەوە، لەدوا ساڵانی فەرمانڕەوایی خۆیدا رەواندز و ئامێدیشی گرت و جێگرانی خۆیی لە کۆیێ و هەریر دانان (٣٢، ٧٦- ٧٩).

شارەزوور بە جارێک لە دەست ئێران و ئەردەڵانیان چوو کاتێک خوسرەو پاشای وەزیر هێرشی هێنا و بەسەر هێزەکانی سەرکردەی قزڵباش زەینەل خان دا زاڵ بوو. خان ئەحمەد خانی ئەردەلانی، بەقسەی س. هـ. لونگریک پشتگیریی ئەمەی دوایی کرد (واتە پشتگیریی زەینەل خان - و.) (١٩٠، ٦٥). بەگوێرەی زانیارییەکانی نووسەرانی ئەردەلانی، هێرشەکەی خوسرەو پاشا پاش چوونی خان ئەحمەد خان بۆ تورکیا، کە لە شا سافی یەکەم (١٦٢٩ - ١٦٤٢) تووڕە بوو، رووی داوە و هەموو ناوچەکانی سەر رێی خۆیی تالآن و وێران کرد (٣٢. ١٢٢)، واتە ئەم مەسەلەیە دەمەتەقێ هەڵدەگرێ. دوای ئەمە، خان ئەحمەد خان. بەشداریی کرد لە هێرشێکدا بۆ سەر ئێران و دژی زەینەل خان، بەڵام ئەمجارەیان لە لای تورکەکان بوو.

شارەزوور و ناوچەکانی دەوروبەری لە سەدەی حەڤدەدا بوون بە قەڵا و حەشارگەی بابانەکان. چەند تایفەیەکی کە بەدوای یەکدا هاتن، سەربە بنەماڵەی ئەرستۆکراتیی خێڵی بابان بوون و ئەم ناوەیان هەڵگرتبوو. لە کۆتایی سەدەی شازدەدا دوو تایفەی بابانەکان، کە لە شەرەفنامەدا باسیان کراوە، لەسەر شانۆی سیاسیی لاچوون و هەرێمەکانیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەش بوون و خێڵی بابان بەبێ سەرکردە مایەوە رەوشەکە لەم ناوچانەدا گەلێ تایبەتیی بوو. ئەمانە بەناو سەر بەسوڵتانی عوسمانی بوون، بەڵام باجیان "نە هەر چۆنێک بێت، بەڵکو بەخۆشی" کۆدەکردەوە. دەبوایە پەنابەرن بۆ زۆری و زۆرداری دەنا، بە قسەی شەرەفخانی بەتلیسی، فلسێکی مسیان لە ناو گەنجینەدا نەبوو (٣٤، ٣٣٧).

بەرزبوونەوەی دوا بنەماڵەی بابانەکان، وەکو باوە، بە سولەیمان بەبە، یان بابە سولەیمانەوە دەبەستنەوە، ئەوەی کە بێگومان سیاسەتمەدارێکی گەورە بوو. ڤ. ف. مینورسکی ئەم بە دامەزرێنەری راستەقینەی بنەماڵەکە دادەنێ و مێژووی پەیابوونیشی "بەڕواڵەت" دەباتەوە بۆ ساڵی (١٠٨٨/ ١٦٧٧)، وا دیارە، ئەمەش لەسەر بنچینەی دەستنووسێکدا کە وەرگێڕانەکەی لە کتێبی ک. ج. ریچ دا هەیە (I،٥١، ل ٣٨١ – ١٩٧، ٥٣٨). بەپێی زانیارییەکانی ڤ. ف. مینورسکی، میری بابان ساڵی (١١١١/ ١٦٩٩) بە خزمەتی عوسمانییەکان گەیشتووە. بەگوێرەی ترادیسیاکانی ناوچەیی، ئەم لە کاتی شەڕدا لەگەڵ ئێران خزمەتێکی گەورەی سوڵتانی کرد و "وەکو پاداش هەموو ئەو ناوچانەی توانی بیانگرێ بوون بە هی خۆی (٥١، I، ٨١ – ١٩٠، ٨٠).

لە ناوەکانی بنەماڵەی بابان، ناوی سولەیمان پاشا (هەر ئەویشە – بابە سلێمان. سولەیمان بەگ، میر سولەیمان) لە خرۆنیکای ئەردەلانیدا کە بۆ یەکەم جار باسی دەکرێ هەرگیز بەو بۆنەیەوە نییە کە خزمەتی عەرشی کردبێت. بەگەواهی ماهشەرەفخانم کوردستانی، سولەیمان پاشای بابان هێزێکی زۆری "وەک ئەستێرە لە ژماردن نەهاتوو"ی کۆکردەوە و "شانازیی دەکرد بە هێزی لەبن نەهاتوو و زێڕ و زیوی زۆر"، "دەستی کرد بە تاڵان و وێرانکردنی هەر دوو دەوڵەت (ئیشارەتەکە هی منە – ی. ڤ): ئێران و رۆم و خەڵکی ئەم دوو وڵاتەی خستە ژێر باری زەبرو زەنگ و بێ رەحمیی خۆی " (٢٥، ٥٩، ٦٠). دەربارەی "راپەڕینی سولەیمان بەگ بەبە (بابان – ی. ڤ)" دژی خاوەن شکۆکانی ئێران و تورکیا، محەمەد شەریف قازیش نووسیویەتی (١٥، ١٧).

بەڵام سولەیمان بەگ بابان تەنیا لە کۆتایی سەدەی حەڤدەم خۆی بەم زەبر و زەنگەوە نوواند و لە نێوان رۆژگاری ئەم و هی شەرەفخانی بەتلیسی دا، کە باسی دەکات گوایە خێڵی بابان بێ سەردار مایەوە، سەدەیەکی تەواو هەیە. مێژووی ئەم قۆناخە و سەرچاوەکانی دەسەڵاتداریەتی دوا بنەماڵەی بابانەکان یاریدە دەدەن کارەکانی مێژوونووسە کوردەکان چا بکەنەوە، هی تۆفیق قەفتان و جەمال بابان – بڕوانە (٩٣– ٢٧).

لە کۆتایی سەدەی شازدەدا خێڵی بابان خاوەنی هێزێکی جەنگیی یەکجار گەورە بوو، چوار هەزار "جەنگاوەری چەکداری باش" لەبەر دەستیدا هەبوون و سەری بۆ کەس دانەدەنواند (٣٤، ٣٣٧). لە سەرەتای سەدەی حەڤدەدا بەسەر دوو بەشی دژ بەیەک دابەش بوو، بەشێکیان لە ژێر سەرکردایەتی کاکە[2] میردا بوو لە پشدەر، ئەوی تریش کاکە شێخ لە مەرگە سەرکردایەتیی دەکرد (٢٧، ٩). تاقە نەوەیەکی کاکە شێخ، کە رزگاری بووبێ لە

(٢) کاکە بەکوردی: "برا گەورە".

شەڕدا لەگەڵ کاکە میر. فەقێ ئەحمەد دارشمانی بوو کە توانی دواتر کاکە میر بشکێنێ و ناوچەکانی پشدەر و مەرگە بکا بە یەک. مێژووی بنەماڵەی بابان، کە فەقێ ئەحمەد بوو بە دامەزرێنەری و یەکەمین پایتەختی بوو بە دارشمان، بەڕای تۆفیق قەفتان، لەم سەرکەوتنەوە دەست پێدەکات.

دوای ئەوەی سوڵتانیش بەرەسمی پشدەر و مەرگەی بەفەقێ ئەحمەد بەخشی، ئەوا جێگەی ئەم گەلێ قایمتر بوو. خێڵەکانی ئاکۆ و بڵباس دانیان نا بە دەسەڵاتی خان بوداق، جێگری فەقێ ئەحمەد، ناوچەی ئالان و ماوەتیش بووە بە بەشێک لە رووبەری بابان. لەو ساکەوە سەرانی بابان زستان لە دارشمان بوون و بەهار و هاوینانیش دەچوون بۆ ماوەت تا ساڵی ١٠٧٥ / ١٦٦٤– ٦٥ بارەگای خۆیان بەیەکجاری بۆ ئەوێ گواستەوە (٢٧، ١٨– ١٣). میر سولەیمان، جێگری بۆداق، ناوچەکانی قزڵچە، ساروچک، قەرەداغ، بازیان و دۆڵی شارەزووری گرت و لە ساڵی ١٠٨٠ / ١٦٦٩– ٧٠ وە قەڵاچوالان (نووسەر قەڵای قەڵاچۆلانی نووسیووە – و.) بوو بە پایتەختی بابان (٢٧، ١٩).

چەسپانی هێز و توانای بابانەکان دەوری کەم نەبوو لە بێهێزبوونێکی کاتیی دەسەڵاتی ئەردەلانەکان (٣٢، ٨١ –٨٠). لە هەشتاکانی سەدەی حەڤدەدا میری ئەردەلانی خەسرۆ خان بە فەرمانی شای ئێرانی لە ئەسفەهان لە سێدارە درا و بۆ چەند ساڵێک فەرمانبەرانی شا، لە جیاتی ئەردەڵانییان، تەختی فەرمانڕەواییان دەگرت. میر سولەیمان، ساڵی ١٦٩٤، گوێی نەدا بە شای ئێرانی و سوڵتانی تورکی و هێرشی کردە سەر میرنشینی ئەردەلان (ئەو ساکە محەمەد خان، کوڕی خوسرەو خانی لە سێدارەدراو، فەرمانڕەوا بوو) و مەریوان، هەورامان و سەقزی گرت، فەرمانڕەوایانی سەقز و مەریوان، کە سەر بە ئەردەلان بوون، لە سێدارەدران و تەنیا بەهۆی ئەو ٤٠ هەزارکەسەوە کە شا ناردنی توانرا بەرەو رووی بابانەکان ببنەوە (٢٧، ١٩).

زانیارییەکانی مێژوونووسی کورد (مەبەست تۆفیق قەفتانە...و) لەنکاو پشتگیری دەکرێن لە لایەن ئەو هەواڵانەی بێ ناوێک لە ئێرانەوە کە لە حوزەیران و کانوونی یەکەمی ساڵی ١٦٩٥ دا نووسیویەتی و تیایدا هاتووە – "میری کورد بە ناوی سولەیمان بەگ"، فەرمانڕەوای ناوچەی کریماچ (رەنگە لە ئێتنۆنیمی "کیرماج" یان "کرمانج"ەوە بێ کە کوردە بابانەکان ناوبانگییان پێ دەرکرد بوو لە ئێران– بڕوانە (٣٢، ٧٢، ١٤أ، ٤٣أ، ٣٦ب) کوردەکان بەسەرکردایەتیی سولەیمان بەگ، بەقسەی نووسەرە بێ ناوەکە، لە شەڕەکانیان لەناو رووبەری ئێران سەرکەوتنی باشیان وەدەست هێنا و چەند جارێک لەشکری خانی هەمەدانیان شکاند. لە دوا هەواڵدا باسی پێکهاتنەوە دەکرێ لەگەڵ سولەیمان بەگ "میری

کوردان" دا. (٣٩، ٥٦، ٥٧، ٦٩، ٩١).

سولەیمان بەگ، دوای کۆتایی هاتنی هێرشی بۆ سەر ئەردەلان، بەپێی گێڕانەوەی س. هـ. لۆنگریک، سەفەری ئەستەمبۆلی کرد و سوڵتان لاواندییەوە و گەلێ دیاریی بەنرخی پێ بەخشی. ناوچەکانی ئەم بەڕەسمی کران بەسنجاق و خرانە سەر پاشایەتیی کەرکووک. (١٩٠، ٨١).

بەگوێرەی مێژوونووسانی ئەردەلانی و تۆفیق قەفتان، سەفەرەکەی فەرمانڕەوای بابان بۆ ئەستەمبۆل هەرگیز بەخۆشیی نایەتە بەرچاو. چونکە پێش ئەوە شەڕ و پێکدادانی بووە نەک هەر لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی، بەڵکو لەگەڵ عوسمانییەکانیشدا کە گەلێ ناڕەحەت بووبوون بەهۆی زێدەبوونی سەربەخۆیی میری بابانەوە. لە گێڕانەوەکەی محەمەد شەریف قازی دا رووداوەکان بە ڕاشکاویتر و هۆ و ئاکامەکانیان خراونەتە ڕوو. بەگەواهی ئەم مێژوو نووسە، سولەیمان بەگ "لە فەرمانڕەوایانی ئێران و تورکیا یاخی بوو و دەستدرێژیی کردە سەر هەرێم و ناوچەکان، تالان و وێرانی کردن" و لە ساڵی (١١١١- ١٦٩٩) دا سوپای قزڵباشان لە دۆڵی مەریوان شکاندی (١٤، ١٩٩أ، ٢٠٠ ب). فەرمانڕەوای بەغدا کە بەهێزێکی گەورە هاتە کەرکووک لە سەر ئاگر بوو تا سزای سولەیمان بەگ بدات. کە زانی شکاوە و رایکردووە، فەرمانی دا میری بابان بگرن تا بەندی بکات و لە سێدارەی بدات بۆ ئەوەی ریشەی " شەڕ بۆ بنەماڵەی عوسمان" نەهێڵێ. هەر ئەوساکە بوو سولەیمان بەگ رایکرد بۆ ئەستەمبۆل و، قسەی مەحموود ئەحمەد محەمەد (١١٨، ١٠٤)، هەر لەوێش، ساڵی (١١١١) هیجری، لە بەندیخانەدا مرد.

رووداوەکانی لەلایەن نووسەری ئەم دێڕانەوە وەسف کراون هەرگیز ئەوە ناگەیێنن کە ئەمە هێرشێک بووە بۆ سەر زەوییەکانی ئەردەڵانییان، تەنیا لە ئەنجامی ئارەزوویەکی ئاساییانەدا بۆ داگیرکردنی ناوچەی ئەردەلان. ئارەزوویەکی وا بێبایەخ نەدەبوو بەغدا و شای ئێران بەم جۆرە نیگەران بکات. جگ لەوە، دوای تێکشکاندنی هێزەکانی سولەیمان بەگ خەڵکی ئەردەلانیش بەر تۆڵەسەندنەوە کەوتن. بەگوێرەی خرۆنیکایەکانی ناوچەیی، سوپا سالاری ئێرانی کە بە سەر میری باباندا زاڵ بوو فەرمانی دا "دانیشتوانی کوردستانی ئەردەلانیش قڕکەن" و، بەقسەی خوسرەو کوڕی محەمەد، تاوەرێک لە سەری بڕاو قووت بکەنەوە (٣٢، ١٢٦)، محەمەد شەریف قازیش باسی دروستکردنی مینارەیەک دەکات لە سەری بڕاو (١٤، ٢٠٠ب) وەکو سوڵتانی هەورامان بە قزڵباشانی راگەیاند، دانیشتوانی ئەردەلان و سەرکردەکەیان محەمەد خان ئەردەلان "هەموو پێکەوە لەگەڵ سولەیمان پاشای بابان دابوون" (١٤، ٢٠٠ب).

وادیاره سولەیمان بەگ. لەکۆتایی سەدەی حەڤدەدا. هەوڵی داوە هەموو کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا یەک بخات و سەربەخۆیی وەدەست بێنێ، ئەم تەقەلایەی میری بابان لە ئەردەلان پێشوازیی لێ کراوە. ئەم ڕووداوانە لە ماوەی شەش ساڵدا پەرەیان سەند: خوسرەو کوڕی محەمەد سەرەتاکەی بۆ ساڵی (١١٠٥/ ١٦٩٣- ٩٤) دەگەڕێنێتەوە و محەمەد شەریف قازیش کۆتاییەکەی بۆ (١١١١ / ١٦٩٩) دەباتەوە. ڕاستیی ئەمەش ئەو هاوکارییە دڵسۆزانەی هەردوولا، ئێرانی و تورکی، دەیسەلمێنێ بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی بزووتنەوەکەی سولەیمان بەگ و قڕان خستنە ناو ئەردەلانییەکان.

دوای کۆچی دوایی سولەیمان بەگ، بابانەکان بەشێکی رووبەرەکەی خۆیانیان لە دەست دا و بوو بە هی کۆنفدراسیای خێڵەتیی گەورە و بەهێزی زەنگەنە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەبۆچوونی س. هـ. لۆنگریک، بەکربەگ جێگری سولەیمان بەگ، لە هەمان پلەی فەرمانڕەوای ئەردەلان دابوو (٩٠، ٨١). بەهێزبوونەوەی دواتری بابانەکان بەستراوەتەوە بە فەرمانڕەوایەتیی دوو نوێنەری گەورەی بنەماڵەکەوە - خانە پاشا. کوڕی سولەیمان بەگ، و سەلیم پاشا کە توانییان سوود لە کزبوونی زێتری ئەردەلانییان وەرگرن. لە ساڵی (١١١٣/ ١٧٠١- ١٧٠٢)ەوە تا ١١٢٢/ ١٧١٠- ١١) دیسان فەرمانبەرانی شا جێگەی ئەمانیان گرتەوە و تا کاتی هێرشی عوسمانییان بۆ سەر ئێران لە ساڵی (١٧٢٣ - ١٧٢٤) هیچ تەگەرەیەک نەبوو لە بەردەم گرتنی ڕووبەرەکانی ئەردەلانییان لەلایەن بابانەکانەوە. هێزەکانی میرانی بابان، لە ناو سوپای تورکیدا، بە ئاسانی ئەردەلانیان گرت و ئەو میرنشینەی کە سەد ساڵ لەمەوپێش کۆسپێکی گەورە بوو لە بەردەم تورکیا و ئێراندا، بوو بە یەکەمین قوربانیی ئەو دەستدرێژییە.

بابانەکان، شان بەشانی ئەردەلان، بەقسەی ماهشەرەخانم کوردستانی لەماوەیەکی کورتدا ئەم ناوچانەشیان گرتن: کرمانشا، هەمەدان، بۆرووجرد، نەهاوەند و گیاڕووس (٢٥. ٧١)، خانە پاشا (= خانە محەمەد پاشا) کە لە ساڵی ١٧٢١ەوە فەرمانڕەوایەتی کردووە (١٩٠، ١٥٨) ، بەپێی سەرچاوەیەکی تر - لە (١١٣٢/ ١٧١٩-٢٠)ەوە (٥١، I، ٣٨١)، موڵکی خانەوادەکەی بۆ خالید پاشای برای جێ هێلا و خۆی لە سنە دانیشت. دەسەڵاتداریەتیی بابانەکان لە کەرکوکەوە تا هەمەدان دەچوو. خانە پاشا هەواڵی سەرکەوتنەکانی وەدەستی هێناون بە قازیی ئەردەلان مەلا عەبدولکەریم بۆ سوڵتان ڕەوانە کرد کە، بەقسەی ماهشەرەفخانم "هەموو جۆرە رەحمەتێکی سوڵتانی بەرکەوت" (٢٥، ٧٢). خانە پاشا چوار ساڵ حوکمی ئەردەلانی کرد.

هیستۆریاگرافیستەکانی ئەردەلان بەشێوەی جۆراوجۆر سەیری فەرمانڕەوایەتیی

خانەپاشا دەکەن. ماهشەرەفخانم بەهێمنی و بەبێ عاتیفە باسی دەکات و ئەوە دەگێڕێتەوە کە بەفەرمانی خانە پاشا (بەو ئیمکانیاتەی لە دەستی سوڵتان دەرچوو) مزگەوت و منارەیەکی بەرز لە سنە دروست کرا، هەڵوێستی ماهشەرەفخانم بەرامبەر بەچەسپانی بابانەکان بە ئاشکرا پێچەوانەی ئەوەی خوسرەو کوڕی محەمەدە، کە هاتنی بابانەکانی بۆ سەر تەختی ئەردەلانی "پشتگوێ خستووە".

"وەزیر و پاشاکانی تورک" وەکو محەمەد شەریف قازی دەگێڕێتەوە ماوەی هەشت ساڵی رێک خاوەنداریەتیی ئەردەلان، کرمانشاهان، بۆ رووجرد، قەززازە. فەرخانە، هەمەدان و گیاڕوسیان کردووە (١٥، ٢٦). بابانەکان لەگەڵ هێزەکانی تورکیدا لە ئەردەلان دەرچوون، کاتێک نادر شای ئەفشاری لە ناوچەکانی رۆژئاوای ئێران دەری کردن. جێگەی سەرنجە کە لە شەڕی "هێزەکانی رۆم و بابان" لەگەڵ سوپای نادر شادا کەسانی دیار و فەرمانبەرانی ئەردەلانی لایەنی یەکەمیان گرت: مونشی خوسرەو بەگ، قازی مەلا عەبدولکەریم وەکیل محەمەد عەلی بەگ (٢٥، ٧٤)، کە دەبوایە بەهۆی مەرکەزەکەیانەوە چاوەدێریی بەرژەوەندییەکانی ئەردەلانییان بکەن. کەچی بەپێی هەڵوێستێکی دیاری، کە زەحمەت ناوی بنێین هەڵوێستی سیاسی، ئەندامانی بنەماڵەی میر و سوبحان وێردی خان ئەردەلان کە لە سەر تەختی "باو و باپیرانی گەورە"دا دوای دەرچوونی بابانەکان دامەزرا، پێش سەرکەوتنی نادر شا، کاتێک ناوچەکانی رۆژئاوای ئێران لە ژێر دەستی تورکاندا بوون، وەکو نێردراوێکی سوڵتان بە ناوی سوبحان وێردی پاشا فەرمانڕەوایەتیی ئیسفەند ئاباد، گیارووسی و خەمسەی دەکرد (٢٥، ٧٤ – ٧٥).

ساڵی (١١٤٤/ ١٧٣١– ٣٢)، کاتێک سوپای نادر شا تازە گەیشتبووە قیرات، تورکەکان رۆژئاوای ئێرانیان گرتەوە و بابانەکانیش – ئەردەلان. خالید پاشا لە سنە "فەرمانڕەوایەتیی گرتە دەست" و سوبحان وێردی خان بە خێزانەوە چوو بۆ تاران، دوای ساڵێک تورکەکان لە ژێر کاری هێزەکانی نادری دیسان کشانەوە و سوبحان وێردی خانیش هاتەوە "سەر تەختی باپیران" (٢٥، ٧٦).

ناوچەکانی ئەردەلان دوای پاشەکشێی هێزەکانی تورکی – بابانی تەخت و وێران بوون. ملکەچیی توند و باجی لە رادەبەدەر کە نادر شا خستبوویە سەر ناوچەی ئەردەلان، بووە هۆی رووتاندنەوەیەکی تەواوی زەوی و زارەکانی ئەردەلانییان و دەسەڵاتی بنەماڵەکەش تاکۆتایی حوکمی نادرشا و دوای مردنیشی ساڵی ١٧٤٧ گەلێ نەچەسپا بوو. بەڵام بە کزبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی لە ئێران و گەرمبوونی خەباتی گروپە بچووکەکانی فێودالّی لە پێناو تەختی ئێرانی دا. ئەردەلانییەکانیش خۆیان قایم کرد. حەسەن عەلی خان و

خوسرەو خان، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا حوکمیان گێڕاوە، وەکو کەسایەتی سیاسیی گەورە خۆیان نواند و سەرکەوتووانە لە بەرامبەر بابانەکان وەستان.

لە میرنشینیی بابان دا، دوای کشانەوەی سوپای تورکی لە ئێران، بنەماڵەی بابان بۆ ماوەیەک وەلاخرا و "بێگانەکان" دەسەڵاتیان گرتە دەست (٩٠، ١٥٩). لەم قۆناخەدا هەندێ فراکسیۆن لە ناو بنەماڵەی دەسەڵاتداردا سەریان هەڵدا کە مێژوونووسان بە سەربەئێران لە قەڵەمیان دەدەن. سەلیم پاشا یەکەم کەس بوو لەوانەی، بەقسەی ماهشەرەفخانم "خیانەتی لەگەڵ ڕۆم دا کرد و ملی بۆ نادر کەچ کرد" (٢٥ . ٨٤) و نادر شاه ساڵی ١٧٤٣ فەرمانی بۆ دەرکرد و کردی بە فەرمانڕەوای قەڵاچوڵان (قەڵاچوالان – و) لە ماوەی ساڵێکدا بابان، بەقسەی س. ه لۆنگریک، بوو بە ناوچەیەکی ئێرانی (١٩٠، ١٥٩).

لەو ماوەیەدا لە بابان دوو کەس داوای دەسەڵاتیان دەکرد: سولەیمان پاشا کە س. ه. لۆنگریک بە گەورەترین فەرمانڕەوای بابان ناوی دەبا (١٩٠، ١٧٩) و سەلیم پاشای برازای. ئەمانە بەنۆرە بەسەر دەکەوتن و لە ڕاستیدا بەنۆبەت حوکمیان دەکرد تا مردنی سەلیم پاشا ساڵی ١٧٥٨– بڕوانە (٥١، I، ٣٨١). س. ه. لۆنگریک ئەم کەسایەتییە سیاسی و زۆرانبازییان لەسەر تەختی بابان سەرپێیانە و بەسادەیی وەردەگرێ. سەلیم پاشا، یان بەقسەی ئەو، فەرمانبەری ئێران، ساڵی ١٧٤٧ دەسەڵاتی لە سولەیمان پاشا ستاندەوە و لەماوەی دوو ساڵی دواتردا بەچاوێکی کەمەوە سەیری پاشای بەغدادی دەکرد و ساڵی ١٧٥٠ لەلایەن ئەمەی دواییەوە شکاو رای کرد. سولەیمان پاشا دەسەڵاتی بابانی بۆ ماوەی ١٤ ساڵی پچڕ پچڕ گرتە دەست.

لەڕاستیدا، بەگوێرەی خرۆنیکایانی ئەردەلانی، ڕووداوەکان بە جۆرێکی تر پەرەیان دەسەند و هەندێ جاریش بە یەک بەدوای یەکدا هاتنێکی خرۆنۆلۆگی جیاوازەوە. ماهشەرەفخانم باسی ئەو بارە سەرنج ڕاکێشە دەکات کە تیایدا سولەیمان پاشا لادرا و برازاکەی سەلیم پاشا لە جێگەی دانرا. بەگوێرەی زانیارییەکانی ماهشەرەفخانم، سولەیمان پاشا لەلایەن دەسەڵاتداریەتیی عوسمانیانەوە لادرا و ئەمیش ناچار پەنای بردە بەر میری ئەردەلانی حەسەن عەلی خان. ئەمەی دوایی شانازیی بەوە کرد یارمەتیی هەر ئەو بابانە بدات کە لە ماوەی ٢٠ ساڵدا دوو جاران هەموو میرنشینی ئەردەلانیانی گرت، سولەیمان پاشای ڕاگرت و گوێی نەدایە بانگاشەی مونافیسەکەی کە دەست نەخاتە ناو مەسەلەکەوە. فەرمانڕەوای بەغداش رووی کردە حەسەن عەلی خان لە نێردراوێکیدا کە بە روونی تیایدا هاتبوو:

"ئێمە سولەیمان پاشامان لاداوە و سەلیم پاشا لە جێگەی ئەوە" (٢٥، ٩٣).

ئەم کێشەیە دەبوایە لە مەیدانی شەڕدا چارە بکرێ کە نەدەکرا دوا بخرێ. شەڕەکە بەشکانی حەسەن عەلی خان و سەرکەوتنی وەزیری بەغدا و سەلیم پاشا کۆتایی هات. سولەیمان پاشا و حەسەن عەلی خان رایانکرد. ئەردەلان و سنە دڕندانە وێرانکران: "سوپای پاشایان" بوو بە ئاپۆرەیەکی بێ سەروبەر و دەستیکرد بە تالآنکردن و ئەزیەت دانی موسڵمان و ئەرمەنی و جوولەکە (٢٥، ٩٦). (١٣) رۆژان پایتەختی ئەردەلآنییان تالآن کرا، زۆربەی خەڵکی دەوڵەمەند، بەقسەی ئەم مێژوونووسە، بۆ سلێمانی و کۆیێ و هەریر گوێزرانەوە.

زەندەکان، کەریم خان و شێخ عەلی خان، شکانی حەسەن عەلی خانیان قۆستەوە و بە ٢٠ هەزار سوارەوە بەرەو ئەردەلان چوون. هەرچەندی حەسەن عەلی خان و یارمەتیدەرانی هەوڵیاندا مەسەلەکە ئاشتییانە چارەسەر بکەن، بەڵام کەریم خان هەر چووە ناو سنە و دوای تالآنکردن فەرمانیدا زۆربەی خانووبەرە و مزگەوت و مەدرەسەکان بسووتێنن، ماهشەرەفخانم  بە غەمبارییەوە دەڵێ: "تاوەری گەورە و بەرز لەگەڵ زەویدا تەخت کران" (٢٥، ٩٩).

تێکەڵبوونی حەسەن عەلی خان لە مەسەلەی میراتگریی تەختی بابان بە تیاچوونی دوا رۆژی سیاسیی خۆیی تەواو بوو و ئەردەلان دیسان بوو بە کاوڵگە. گێرە شێوی و داڕزانی ئابووری جێگەی ماوەی کورتی ئارامی و سەقامگیریی گرتەوە. میری ئەردەلآنی خۆشی، کاتی هەتککردنەکانی لەلایەن زەندەکانەوە ئەنجام دەدران، لە قەڵای قەرە تاوەر دانیشتبوو "کە بینی ناوچەکە لەم بارەدایە و دانیشتوانەکەشی لەو دەردەسەرییە"، ملکەچیی خۆیی بۆ ئازاد خان لە خێڵی گیلیزای ئەفغانی راگەیاند. ئەم سوپاسالارەی جارانی نادر شا ئێستاکە خوارووی ئازەربایجانی بەدەست بوو، دەستی بەسەر یەکێک لە گرووپەی نەجیبزادە فیۆداڵە بەهێزەکاندا گرتبوو و خۆیی کردبوو بە گەورە – "زۆر بلێیی دەکرد لەمەڕ بوونی بە شا" (٢٥، ١٠٠).

دوای ئەم سەلیم پاشای بابانیش بەخۆی و دیاری بەنرخەوە پەنای بردە بەر ئازاد خان. خانی ئەفغانیش وای بە چاک زانی پشتگیریی میری بابانی بکات دوای ئەوەی سۆزی خزمەتکردنێکی راست و دروستی لە ئەمەی دوایی وەرگرت.

فەرمانڕەوایەتیی ئەردەلان درا بە سەلیم پاشا و حەسەن عەلی خانیش تووند بەند کرا. ئەمەش لە ساڵی (١١٦٣/ ١٧٤٩– ٥٠) یان لە سەرەتای ساڵی (١١٦٤/ ١٧٥٠– ٥١) دا روویداوە. چونکە ماهشەرەفخانم مردنی حەسەن عەلی خان کە دوای ئەمە بە حەوت مانگان بووە بۆ ساڵی ١١٦٤ی هیجری دەباتەوە (٢٥، ١٠٠).

سەلیم پاشا، بەقسەی مەستوورە[*] بوو بە فەرمانڕەوای سەربەخۆی بابان، شارەزوور و ئەردەلان. ئەردەلانییە شکاوەکان بە شێوەیەکی کاتی دەسەڵاتیان لەدەست دا. بەهێزبوونی میری بابان، ملکەچبوونی بۆ ئازاد خانی ئەفغانی، پشتگوێ خستنی تەواوی پاشای بەغدا و تەنانەت هێرشکردنە سەر قووڵایی ناوچەکانی ئەم (١٩٠، ١٧٩) هەموو ئەمانە دەسەڵاتداریەتی عوسمانییان نیگەران کردبوو. ساڵی (١٧٥٠) بەقسەی س. هـ. لۆنگریک، ئەبو لەیلای فەرمانڕەوای بەغدا خۆی لە دژ سەلیم پاشا هاتە مەیدان. هێزەکانی تورکی و کوردی لە چوار قۆناغ سەرووی بەغدا بەیەک گەیشتن.

سەلیم باشا دوای شەڕ، کە تووشی هەڵاتن ببووبوو، دیسان هاتەوە خزمەت ئازاد خان و، وا دیارە، لە لای مایەوە تا ساڵی (١١٦٦/ ١٧٥٢– ٥٣) کە بە یاریدەی خانی ئەفغانی دیسان کوردستانی سنەی وەرگرتەوە (٢٥، ١٠٣). لە بابانیش سولەیمان پاشا دەسەڵاتی تا ساڵی (١٧٦٤) جگە لە هەندێ ماوەی کورت گرتە دەست. لەوانەی کە مونافیسی بوون و دەیانتوانی بەجۆرێک کاری تێبکەن کوڕەکانی خانە پاشا بوون – محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشا.

ئەردەلان نەکەوتە ناو موڵکەکانی سولەیمان پاشا. جەنگ هەر زوو لە نێوان سەلیم پاشای لە سنە و هێزەکانی تورکیدا روویدا. لەو کاتیشدا هێزەکانی کەریم خانی زەند هێرشیان کردە سەر پایتەختی ئەردەلان و لەگەڵ زەویدا تەختیان کرد و، وەکو لە خرونیکادا هاتووە، دایانە بەر ئاگر و رۆیشتن (٢٥، ١٠١). لە ئەردەلاندا، بەقسەی خوسرەو کوڕی محەمەد، راپەڕین دەستی پێکرد و بەدەرکردنی بابانەکان کۆتایی هات (٣٢، ١٣٨). کەریم خان، برای حەسەن عەلی خان کە سەلیم پاشا کوشتی، بە فەرمانڕەوا دانرا.

بەپێی گێڕانەوەی محەمەد شەریف قازی، کەریم خان بە رەزامەندیی سولەیمان پاشا دەسەڵاتی وەرگرت کە لە سۆنگەی هەستێکی پڕ منەتبارییەوە بۆ حەسەن عەلی خانی کوژراو، وەکو بڵێی، یارمەتیی براکەیی داوە. ماهشەرەفخانم هەردوو بۆچوونی هێناونەتەوە و هیچ لایەنێک ناگرێت. بەڵام دانەوەی دەسەڵات بۆ ئەردەلانیان لەلایەن میری بابانەوە بەشێوەیەکی ئەوەندە سەلارانە گەلێ گومان هەڵدەگرێ. رێگە بۆ دەسەڵات لە کوردستاندا، وەکو هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە، خوێنی بەسەردا رژاوە نەک فرمێسکی پاڕانەوە. جگە لەوە، دە ساڵ دوای ئەمە هەر ئەم سولەیمان پاشایە هەموو هێز و توانایەک بەکار دەبا بۆ ئەوەی دیسان ئەردەلان بگرێتەوە.

(*) مەستوورە. نازناوی شیعریی ماهشەرەفخانە ـ و.

لەو حـاڵەتەشـدا میـرنشـینی ئەردەلان لە هەژارترین باردا بوو. نەبوونی یاسـا و نیـزام، دزێوی فیـۆداڵی ناوچەکە، تاڵانکردن، هێرش و ئاگری زەندەکان گوند و لادێی ئەردەلانیان تەواو وێران کـردبوو و هێـزی بەرهەمـهـێنەریان دڕندانـە لەناو بردبوو. کـەریم خـانی زەند دیسـان ئەم بارەی ئەردەلانی قۆستـەوە و بۆ جاری سێیەم هێزەکانی خۆیی بۆ ڕەوانەکرد. کـەریم خـانی ئـەردەلانی بۆ شـارەزوور رایکرد و زووش لەوێ مـرد، کـوردسـتـانی سنە، بەقسـەی ماهشـەرەفخانم، بە جارێک بێ فەرمانڕەوا مایەوە (٢٥، ١٠٣) خوسرەو خانی نەوەی سـوبحـان وێردی خـان سـاڵی (١١٦٥/ ١٧٥١ – ٥٢)، لە خـۆوە و بەبێ ئیـزن، دەسـەڵاتی گرتە دەست و، دواتر، لەگەڵ کوڕەکەیدا ئەمانەڵڵاخان توانی هێزی ئەردەلانیان بۆ ماوەی زێتر لە نیو سەدە بچەسپێنێتەوە.

خوسرەو خان، کە دواتر شاعیرانی کۆشک بە شای کوردان ناویا بردووە (٢٥، ١٢٦ – ١٣٠)، دووجـاران ناچار بووە دەسـەڵات بۆ بابانەکـان جێ بێـڵێ: بۆ سـەلیم پاشـا سـاڵی (١١٦٥/ ١٧٥٢ – ٥٣ و سـاڵی ١١٧٧/ ١٧٦٣ – ٦٤) بۆ سـولەیمان پاشـا سـەلیم پاشـا بەیاریدەی ئازاد خانی ئەفغانی ئەردەلانی گرت و چوار ساڵان حوکمی کرد، تا خوسرەو خان بە پشتگیریی محەمەد حەسەن خانی قاجاری، داواکەرێکی تری تەختی ئێرانی، "رایەخی حوکمی پاشای بابانیی لوول دا" (٢٥، ١٠٣). سەلیم پاشا کە بە دەستی خوسرەو خان لادرابوو، فێڵبازانە بە مەدحکردنەوە بۆ بەغدا بانگ کرا، لەوێش مەرگ چاوەڕێی بوو. فەرمـانداری بەغدا ئەبو لەیلا مونافیسێکی ترسناکی لە کـۆڵ سولەیمان پاشـا کردەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی یەکەم، واتە سەلیم پاشا، بە ئاشکرا سەر بەئێران بوو.

بەقسـەی س. ه. لۆنگریک، مـردنی ئەبولەیلا ئـەو لغـاوەی نەهێـڵا کـە بەهۆیەوە بابانی ملکەچ کردبوو (١٩٠، ١٧٩) و عەلی پاشـای جێگری ئەبولەیلا، هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی بۆ ئەوەی سـولەیمان پاشـا بکەوێتە نێو داوی ئەنجـامـدانی کـاری دوژمندارانە بێ سـوود بوون. ملکەچی بۆ بەغدا کۆتایی هات، ئینجا هێرش کردنە سـەر دەستی پێکرد. هێرشی عەلی پاشا و شەڕی ناوچەی کیفری بە هەڵاتنی میری بابان بۆ ئێران تەواو بوو. سولەیمان پاشـا بەیاریدەی فـەرمـانداری کـرمـانشـا دەسـتـی خـۆی هێنایەوە و، بەقسـەی هـەمـان مێژوونووس، ساڵی ١٧٦٣ هێرشی بردە سـەر ناوچەکانی ئەردەلان، بەڵام سوپای خوسرەو خانی ئەردەلانی خراپ شکاندی.

گـەڕانەوە بۆ خرۆنیکایانی ئەردەلانی دەمـانگەینێـتـە ئەو ئەنجامـەی کە ڕووداوەکـان بە هەندێ جیاوازییەوە پەرەیان سەندووە و هۆ و ئاکامی تریان هەبووە. لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی هەژدەدا لە ئێران، کە تیایدا دوای مردنی نادر شاە ئاگرێکی گەورەی زۆرانبازیی

کۆمەڵانی فیوداڵی لە سەر دەسەڵات هەڵبوو، سەرکردەی خێڵی زەندەکان کەریم خان سەرکەوت کە بەنۆرە مونافیسەکانی خۆیی تێک شکاندن – ئازاد خانی ئەفغانی و محەمەد حەسەن خانی قاجاری، ئەوەی یارمەتیی خوسرەو خانی دا تا "تەختی باو و باپیرانی خۆیی" بگرێتەوە. رەوشی سیاسی بەجارێک گۆڕا. کەریم خانی زەند، دوژمنی ئەردەلانیان، کە چەند جارێک هێرشی وێرانکارانەی کردبووە سەریان، جگە لە خوراسان هەموو ئێرانی ملکەچی خۆی کرد.

پشتگیریکرنی خەسرەوخان لەلایەن یەکێک لە مونافیسە هەرە ترسناکی کەریم خانەوە وای کرد ئەمەی دوایی ئارەزووی تۆڵە سەندنەوەی ببێ و تابیعێکی دڵسۆزی تر لە جێگەی ئەو دانێ. کەچی وەکو لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا هاتووە، سولەیمان پاشای بابان یەکێکی نزیکی خۆی بەدیاریی بەنرخەوە بۆ پیرۆزبایی ناردە لای کەریم خان لە فارس و "ئارەزووی خۆیی دەربڕی ببێت بە فەرمانداری (ئەردەلان) و خزمەتگوزاریی خۆیی راگەیاند" (٢٥، ١٠٩).

کەریم خان، لەبری دان پیانانی دەسەڵاتداریەتی ئەو، میری بابانی کرد بە فەرمانداری ئەردەلان و ساڵی (١١٧٧/ ١٧٦٣، ٦٤) سولەیمان پاشا، بەیاریدەی زەند، کوردستانی سنەی گرت. ئەمەش وای کرد بادەی سەبری پاشای بەغدا لەسەری بڕژێ. میری بابان بە تەواوی دەسەڵاتداریەتیی عوسمانیی پشتگوێ خستبوو، بەشێوەیەک ناوچەکانی ژێر دەستی خۆی فراوان کردبوو کرد نەدەکرا لێی بێ دەنگ بن، هەموو ناوچەکانی بابان و ئەردەلانی دەگرتەوە، بۆیەش ئەمە هێرشی تەمبێکردنی بەسەرکردایەتیی عەلی پاشای، بەبێ دواکەوتن، بە دوادا هات. پاشای بەغدا، دوای سەرکەوتنی لە شەڕی کفری، ئەحمەد پاشای کرد بە فەرمانداری شارەزوور کە برای سولەیمان پاشا بوو، بەڵام ماوەی حوکمی ئەو گەلێ کورت بوو. سولەیمان پاشا هەرزوو هێزی ئامادەکرد، شارەزووی گرتەوە و ئەوەی عەلی پاشا دایمەزراندبوو دەریکرد.

هاوپەیمانیەتیی زەند و بابان، لەگەڵ هەموو هەوڵ و تەقەلای فەرمانداری بەغدا و هێزەکانی عوسمانیشدا، بەردەوام هەر مایەوە. سولەیمان پاشا کە دەسەڵاتی گرتە دەست، نەک هەر ملی بۆ عوسمانییەکان نەدا، بەڵکو هەر زوو کوڕەکەی خۆی، عەلی خان بەخێزانەوە، وەکو بارمتەی دڵسۆزیی ناردە لای کەریم خان (٢٥، ١١٠). سولەیمان پاشا دوو ساڵان بە سەربەخۆیی فەرمانداریەتیی بابان و ئەودەلانی کرد و خۆشی یان لە کوردستانی سنە یان لە شارەزوور دەژیا. ساڵی (١١٧٨/١٧٦٤– ٦٥) لە کۆشکی خۆیدا لە شارەزوور بەدەستی یەکێک بەناوی فەقێ ئیبراهیم کوژرا. لە ئەردەلان عەلی خانی کوڕی لە

جێگەی دانیشت (بەرەزامەندیی کەریم خانی زەند) و لە قەڵاچوالانیش براکەی – محەمەد خان.

هێز و توانای خانەوادەی بابان، لە فەرمانداریەتیی سەلیم پاشا و سولەیمان پاشادا گەیشتە ئاستێک کە هەرگیز بەخۆیەوەی نەدیبوو. دەسەڵاتداریەتی ئەم خانەوادەیە هەر بەرەو رۆژئاوا، بۆ ئەردەلان، نەچووبوو، بەڵکو بۆ خوارووش، تا خوار دیالە و بۆ باکوور تا زوهاب و رانیەش. بەگەکانی سۆرانی لە رەواندز و کۆیە تابیعی بابانەکان بوون. ناوچەکانیان وەکو بەشێک لە هەموو (کل) تەماشا دەکران – "ئیمارەتی قەرەچوالان" بەشێکی پێی دەگوترا بابان، ئەوەی تریش کۆی سنجاق یان سۆران (بڕوانە – ٤٢، ٩٩، ١٠٠) لە هەمان کاتدا فەرمانداریی بابان وەکو "رەعیەت"ێکی دڵسۆز سەیری فەرمانداری سۆرانی دەکرد (١٤، I، ١٢٠).

بەمردنی سولەیمان پاشا دەسەڵاتی بابانەکان لە ئەردەلان لە ڕاستیدا نەما، ئەگەرچی عەلی خانی کوڕی سولەیمان پاشا لەماوەی ساڵی (١١٧٩/ ١٦٦٥– ٦٦) دا ناوچەکەی هەر بەڕێوەدەبرد. نارەزایی لە ئەردەلان، لە ئەنجامی زۆرداریی بابانەکاندا، پێگەیشت و ئەوانەی دەریشیان دەبڕی نوێنەرانی نەجیبزادەی ناوچەکە بوون بەسەرکردایەتیی سێ یاسادانەری ژیانی ئابووری و سیاسی: وەکیل، وەزیر و موستەوفی . هەرچەندی عەلی خان فێڵبازیی کرد نەیتوانی ئەردەلان راگرێ. ساڵی (١١٨٠ / ١٧٦٦) وەکیل محەمەد رەشید بەگ، وەزیر میرزا محەمەد و مستەوفی میرزا سادق بەرەو کۆشکی کەریم خان چوون و توانییان ئەو بابانییە بگۆڕن. خوسرەو خان بۆ جاری سێیەم هاتە سەرتەختی ئەردەلان و بۆ ماوەی چارەگە سەدەیەک، تا ساڵی (١٢٠٥/ ١٧٩٠– ٩١) هەر مایەوە.

گەیشتنی خوسرەو خان بۆ ئەردەلان و "دانیشتنی لەسەر تەختی حوکمڕانی" بەقسەی خرۆنیکانووسان، بەخۆشییەکی گەورەوە پێشوازی کرا. لە کوردستانی ئەردەلاندا، بەقسەی هەموو خرۆنیکانووسەکان، هات و گەشانەوە داهات. هەرچەندە ئەو نەخشە پڕ ئاشتییەی مێژوونووسان بۆ یازدە ساڵی یەکەمی حوکمڕانیی خوسرەوخانیان داناوە گومانێک دروست دەکات کە ئەوەش ئاساییە. بەڵام ئەو ساڵانەی کوردەکانی ئەردەلانی بەبێ شەڕ ژیاون دەبێ بووبێتە مایەی گەشەکردنی ئابووری و سەقامگیری.

لە بابان، دوای کوژرانی سولەیمان پاشا، شەڕێکی برا کوژیی دڕندانە بەرپابوو لە پێناو دەسەڵاتدا، ئەوەش بوو بە مژدە و هاندەرێک بۆ عوسمانی و ئێرانییەکان. تورکیا و ئێران، بەخۆشکردنی ئاگری شەڕی ناوخۆیی و هاندانی نوێنەرانی بنەماڵەی بابان لە دژی یەکدیدا بە بیانووی "داکۆکیکردن" لە مافی میراتگری زاکۆنیی تەختی بابانی، هەمیشە

دەستیان دەخستە ناو ژیانی ئەم ئیمارەتەوە. لە ئەنجامدا دوای حوکمڕانی سەلیم پاشا و سولەیمان پاشا، کە جارجارە هەموو کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتیان دەکەوتە ژێر دەست، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی هەژدە لە ئیمارەتی باباندا هەست بەکزبوونێکی زۆری دەسەڵاتی بنەماڵەی میر دەکرێ – بە پێچەوانەی ئەردەلان کە فەرمانڕەوایان خوسرەو خان و ئەمانەڵڵا خان ئەردەلانی "نزیکەی لە ڕێز مەلیکاندا بوون" (١٩٣، ٢٠٢- ٤٤، ١٤٣).

لەجیاتی ئەو ناوە پرشنگدارانەی فەرمانڕەوایانی پێشووی بابان لەقۆناغی باسکراودا دەبینین، نوێنەرانی بنەماڵەی بابان بە کۆمەڵ جێگەی یەکتر بۆ ساڵێک یان دووان دەگرنەوە. سێ برا: محەمەد و ئەحمەد و مەحموود گەلێ شیلگێرانە شەڕی یەکدییان دەکرد و بەنۆرە دەیانبردەوە. ساڵی (١٧٧٤) محەمەد پاشا، کە لەلایەن براکانیەوە و بەپشتگیریی هێزەکانی تورکیا لادرابوو، بۆ ئێران بۆ لای کەریم خانی زەند ڕایکرد، کەریم خانیش کە ئەوساکە بڕیاری شەڕی دابوو لەگەڵ تورکیادا لەسەر بەسرا کە مەڵبەندێکی بازرگانیی گرنک بوو ئەم هاتنەی محەمەد پاشای بەهەلێکی باش زانی بۆ دەست خستنە ناو کاروباری بابانەوە، دۆڵەکانی شارەزوور و دەوروبەری بەسرا بوون بەمەیدانی شەڕ. سوپای چواردە هەزار کەسی بە سەرکردایەتی عەلی مەردان خان دەبوایە محەمەد پاشا، کە لەگەڵیاندا بوو بگەڕێننەوە بۆ سەرتەختی بابان، هێزەکانی پاشای بەغداو ئەحمەد بابان سەرەتا لەبەردەم سوپای ئێران کشانەوە، بەڵام دوایی بەهێزی یەکگرتوویانەوە فارسەکانیان لە شارەزوور وەدەرنا.

وەڵامی کەریم خان بۆ ژێرکەوتنی عەلی مەردان خان هەر لەو ساڵی (١٧٧٤) دا هێرشێکی تر بوو بۆ سەر بابان، شارەزوور بەر شاڵاوێکی بەهێز کەوت (١٩٠، ١٧٢).

محەمەد پاشا لە سەر تەختی بابان دانرایەوە. میری ئەردەلانیش، بێگومان، بەشداریی لەم شەڕانەدا، هەر نەبێ لەوانەی لە باباندا روویاندا، کردووە. لەکتێبەکەی س. هـ، لۆنگریک دا باسی ئەم هێرشانەی ئەردەلانییان کراوە بۆ سەر شارەزوور (١٩٠، ١٨١)، مێژوونووسانی ناوچەکەش هیچ دەربارەی ئەمە ناڵێن. ساڵی (١١٩١/ ١٧٧٧)، وەکو لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا هاتووە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی رێگەیان دا بە پاشای بەغدا کە هێرش بکاتە سەر ئێران لەتۆڵەی گرتنی بەسرا لەلایەن کەریم خانەوە. ئەم کارەش، بەپێی "تاریخی ئەردەلان" (٢٥، ١١٣)، کەسی باشتر لە محەمەد پاشای، کە بەیاریدەی هێزەکانی ئێرانی تەختی بابانی گرتبووەوە، بۆ نەدۆزرایەوە، فەرمان بە محەمەد پاشا درا کە "دینگەکانی ئەردەڵان تێک بشکێنێ" و ئەمیش لە قەڵاچۆڵانەوە بەرەو سنە

کشا. براکەشی، ئەحمەد خان دەبوایە بە زوهاب دا بۆ کرمانشا بچێت.

ئەگەر چی زانیاریی دەربارەی کارە جەنگییەکانی ئەحمەد پاشا لە سەرچاوەکانی ئێمەدا نییە، بەڵام سەبارەت بە هێرشەکەی محەمەد پاشا بۆ سەر ئەردەلان کە سەرکردایەتیی "هێزەکانی رۆم و بابان"ی کردووە بەڕاشکاوی هەیە.

رووداوەکان بەتاو و گوژمەوە پەرەیان دەسەند. هێزەکانی تورکی – بابان گەیشتنە مەریوان، میری ئەردەلانیش هەر ئەوە بوو فریاکەوت خەبەر بە کەریم خان بگەیەنێ. باسی شەڕەکان، کە لە هیستۆریاگرافیای کلاسیکیی فارسییەوە وەرگیراوە، لە "تاریخی ئەردەلان"دا هەیە (٢٥ ، ١٤– ١١٥) خوسرەو خان شکا و ناچار کشایەوە، محەمەد پاشاش بۆ ناو قووڵایی ئەردەلان نەچوو، هەردوو لا چاوەڕوانیی فەرمانی ئاغای خۆیان دەکرد.

سوڵتانی تورکی محەمەد پاشای خەڵات کرد و وای دەزانی، بەڕای س. هـ. لۆنگریک، کە ئەم هەتا هەتایە سەر بە تورکانەوە دەبێ (١٩٠، ١٨٣) براکەی ئەحمەد پاشا، کە مەحسوبی ئێران بوو و تورکیا ناردبووی کرمانشا بگرێت، جێگەی ئەوی گرتەوە و ئێستاش لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی و خوسرەو خاندا چوو بۆ گرتنی بابان. بەسرا دوای ١٣ مانگ گەمارۆدان تەسلیم بوو و نەزار عەلی خانی زەند، بەقسەی ماهشەڕەفخانم. ناوچەیەکی بەر فراوانی گرت، هەر لە سنوورەکانەوە تا بەغداو سێ فەرسەخ لە شارەکەوە دوور وەستا (٢٥، ١١٥) رەوشەکە بە جارێک گۆڕا، محەمەد پاشا پەنای بۆ هۆشمەندیی ئەوان برد و داوای پێکهاتنی کرد.

خوسرەو خانی ئەردەلان کە پێشڕەوی هێزەکانی زەندی بوو هەڵی کوتا "بۆ گرتنی ناوچەکانی ئەو" و محەمەد پاشا بەبێ شەڕ رایکرد، ئەحمەد پاشای برای جێگەی گرتەوە، ناوچەکەش بەر وێرانکردنێکی دڕندانە کەوت (٢٥، ١١٦). نۆرەی بابان داهات بۆ ئەوەی رووخان و رووتکردن بچێژێ. فەرمانڕەوای بەغدا وەزیری خۆی بەهێزێکەوە نارد بۆ یاریدەی محەمەد پاشا، بەڵام هەر کە زەند و ئەردەلانییەکان لە هێزی تورکی و حەشارگەکانی محەمەد پاشا نزیک بوونەوە ئەم دیسان هەڵات "لە خۆیدا نەدیت شەڕ و جەنگ بکات" (٢٥، ١١٧).

تالانکردن بەهێزێکی دوو قاتەوە دەستی پێکرد – "خانوو و بەرەکان لەو ناوچانەدا سووتێنران، موڵکی خەڵک بە تالان بران، بەشێکی ئافرەتانیش بەدیل گیران" وەکو لە گێڕانەوەکەی ماهشەڕەفخانم دەردەکەوێ، بەجۆرێکی سەرەکی زەند و قزڵباشەکان دڕندایەتییان نواندووە. خوسرەو خان دیلەکانی خۆی ئازاد کردوون، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەردەلانییەکانیش بەشدارییەکی باشیان لە تالانکردندا کردووە. تێبینییەکەی ئەم

مێژوونووسە سەبارەت بە راگوێزانی هەندێ خێزانی دەوڵەمەندی بابان بۆ سنە بایەخێکی گەورەی هەیە.(٢٥، ١١٧).

محەمەد پاشا روویکردە کەریم خانی زەند و ملکەچی خۆیی راگەیاند، لە بری ئەوەش داوای تۆڵە سەندنەوەی کرد لە ئەحمەد پاشا و خۆشی بۆ حوکمڕانیی بابان پێشنیار کرد. پاشای بەغداش هەر زوو عەبای پیرۆز و پاشایەتیی بابانی بە ئەحمەد پاشا بەخشی. دەرکەوت ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی هێزەکانی ئێرانی - ئەردەلانی بەرەو بابان بچن و ئەمجارەیان پشتگیریی داواکارییەکانی مەحمەد پاشا بکەن.

هێرشەکە سەرکەوتوو بوو. ئەحمەد پاشا هەڵات. دیسان براکەی جێگەی گرتەوە. ئەمجارەیان سەرکردە جەنگییەکانی زەندی و خوسرەو خان حەوت مانگان لە بابان مانەوە، تا ئەو کاتەی "محەمەد پاشا خۆی قایم کرد و سەربەخۆیی تەواوی وەدەست هێنا" (٢٥، ١١٨). سوپای ئێرانی بە هەموو قورسایییەکەیەوە بارێکی گران بوو بەسەر بابان و ناوچەکەوە کە سالانێکی زۆر مەیدانی شەڕ و پێکدادانی ئێرانی و تورکی بوو و بەم بۆنەیەشەوە تووشی قەیرانێکی ئابووریی قووڵ هات. میرنشینیی بابان. کە لە ئەنجامی هێرش و شەڕی ناوخۆیی بابانەکاندا بێ هێز بووبوو، بۆ ماوەیەک دەور و بایەخی سیاسیی یەکەمی لە ناوچەی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لەدەست دا.

کۆچی دوایی کەریم خانی زەند ساڵی (١٧٧٩) و ئەو زۆرانبازییەی بە دوایدا هات لە سەرتەختی ئێران و بەردەوامبوونی بۆ ماوەی بیست ساڵان، بووە هۆی ئەوەی هێزەکان بەشێوەیەکی تر دامەزرێنەوە. کاتێک زەندەکان لە ناو خۆیاندا شەڕیان بوو، دواییش زەندەکان بەرەو ڕووی ئەفشاری و قاجارەکان بوونەوە، خوسرەو خان لە ئەردەلاندا دەسەڵاتی خۆیی باش قایم کرد. میری ئەردەلانی بەشدارییەکی چالاکانەی کرد لەو زۆرانبازییەی لە پێناو تەختی ئێراندا، بەلام سیاسەتی تایبەتی خۆیی بەڕێوە دەبرد - پاڵی دەدایە لای زەند یان قاجارەکان یان شەڕی لەگەڵدا دەکردن بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی. خوسرەوخان لەو رەوشە سیاسییە ئاڵۆزەی پاش ساڵی (١٧٧٩) دا بەکردەوە سەربەخۆیی وەدەست هێنابوو.

زێدەبوونی هێز و سەربەخۆیی خوسرەو خان بوو بە مایەی ناڕەزایی وەکو چۆن هی ئەوانەی داوای تەختی شایەتیی ئێرانیان دەکرد، ئاواش هی نەجیبزادەکانی ئەردەلانی. خانەوادەی وەکیلەکان هەر لە کۆنەوە بە حەماسەتەوە هەوڵی بەهێزکردنی بنەماڵەی فەرمانڕەوایان دەدا. دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە چەند جارێک تەقەلای لادانی خوسرەوخانیان دا. عەلی موراد خانی زەند، دوای زاڵبوونی بەسەر خزمانی خۆیدا، زانی

کە خوسرەو خان لە "گەورەیی و ئازایەتی، شکۆ و بەهرەداریدا" لە خۆیی تێپەڕاندووە (٢٥ . ١٢٠)، بۆیە دەیویست بیگرێ و لای خۆی وەکو دیلێکی رێزدار رایگرێ. خوسرەو خان داوەت کرا و لە مانگی ئاگوستی (١٧٨٠) دا گەیشتە بارەگای زەند. ئەم بە "حورمەتێکی گەورەوە" پێشوازیی کرد، بەڵام رێگەی گەڕانەوەیی نەدا بۆ کوردستان و فەرمانی حوکمڕانیی دا بە کاهزاد خان، مامی خوسرەو خان.

دیلیی رێزدار زۆری نەخایاند. هەر زوو دوای شکانی عەلی موراد خان بە دەستی کوڕانی سادیق خانی زەند، خوسرەو خان رایکرد و گەیشتە ئەردەلان و خانی تازە دانراو و لایەنگیرانی موڵک و ماڵی خۆیان بەجێ هێشت و بۆ بابان هەڵاتن. خوسرەو خان بەرهەڵستییەکی وای تووش نەهات و بەدەستکەوتێکی زۆرەوە هاتەوە پایتەخت.

لەناو بنەماڵەی بابانیشدا زوو، بۆ ماوەیەکی کورت، شەڕی ناوخۆ هێمن بوویەوە. کاتێک دوو برای مەحموود پاشا کە لە ساڵی (١٧٧٨)ەوە لە سەرتەختی بابان بوون (١٩٠، ٢٠٧)، بەقسەی ماهشەرەفخانم، لەبەر کردەوەکانی ئەو چوونە خزمەتی خوسرەو خان، مەحموود پاشا "دەروازەی خۆشەویستی واڵا کرد و بانگاشەی یارمەتیی دا، یەکبوون و یەکێتیی دەربڕی" (٢٥، ١٢٢) لە ئەنجامدا میرانی بابان و ئەردەلان ئەو خەڵکانەیان گۆڕییەوە کە پەنایان بۆ بردبوون. خوسرەو خان براکانی مەحموود پاشای بۆ ناردنەوە و ئەمیش یەکسەر هەڵیواسین، مەحموود پاشاش مامی خوسرەو خانی تەسلیم کردەوە، کاهزاد خان کە فەرمانی حوکمڕانیی ئەردەلانی پێدرابوو. کاهزاد خان لەلایەن برازاکەیەوە لاوێندرایەوە و تەنانەت بەرزیش کرایەوە.

لەلایەن خوسرەو خانەوە، هەروەهاش بابانەکانەوە هەوڵدان بەدی دەکرا بۆ دامەزراندنی پێوەندیی هاوسێیەتی. خوسرەو خان، کاتێک دەبوایە بچێ بۆ ئیسفەهان، فەرمانی دا بە کەس و خزمەکانی لای بابانەکان کە لەکاتی هەستکردن بەمەترسی خۆیان بشارنەوە. کەسانی سیاسی و جەنگیی ئەردەلان و بابان وەکو بڵێی وردە وردە توانییان دوژمنانی خۆیان بناسن. کە سەدان ساڵ بوو ئەمانیان لە یەکدیی تیغ دەدان بۆ ئەوەی ملکەچیان بکەن و سوود لە هێزی چەکدارییان وەرگرن بۆ بەرژەوەندییە تەماحکارانەکانیان.

لە خڕۆنیکایانی ئەردەلانیدا بەڕاشکاوی باسی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە کراون کە خوسرەو خان لەشەڕەکانیدا وەدەستی هێناون لەگەڵ فەرمانڕەوای کرماشان ئەڵلا قولی خان زەنگەنە، هەروەها لەگەڵ ئیسماعیل خانی زەند و جەعفەر خانی زەند دا. ئەڵلا قولی خان لە شەڕدا کوژرا و هێزەکانی ئەردەلانی کرماشایان گرت و دەستکەوتێکی باشیان، لە پارەو کەل و پەل، بەدەست کەوت (٢٥، ١٣١). خوسرەو خان مامی ئەڵلاقوڵی خانی، کە بە

دیارییەوە پێشوازیی کردبوو، کرد بەفارمانڕەوا و ناوچەکانی تووی سەرکان، سەعدئاباد، سونکەر و دنیاوەری خستنە ژێر دەستی. دوای ئەم سەرکەوتنە هێزە هەڵاتووەکەی عەلی موراد خانی زەند زوو لە ژێر ئاڵای خوسرەو خاندا کۆبووەوە پاش شکانی ئیسماعیل خانی زەند و جەعفەر خانی زەند. میری ئەردەڵان بووبە خاوەنی بۆروجیرد، قەززاز، فەرەحان، گولپایگان و چەند ناوچەی تریش.

ئەم سەرکەوتنانە بایەخی سیاسیی گرینگیان هەبوو، چونکە ئەڵلاقولی خانی زەنگەنە یەکێک بوو لە داواکارانی تەختی ئێرانی، زەندکانیش گروپێکی بەهێز بوون کە، لەگەڵ پارچە پارچەیی ناوخۆشیاندا، داکۆکییان لە شەرعیەتی بنەماڵەکە دەکرد بۆ سەر تەختی ئێران. زانیارییەکانی مێژوونووسانی ئەردەڵانی سەبارەت بە سەرکەوتنە جەنگییەکانی خوسرەو خان، لەلایەن مێژوونووسی کۆشکی ئێرانییەوە محەمەد هاشیم ئاسەف ئیسفەهانی، نووسەری "روستەم ئەلتەواریخ"، پشتگیریی دەکرێن و لەسەر ئەوەش ئەم هەواڵە گرینگەیان دەخاتە سەر کە خوسرەو خان و ئەڵلا قولی خان "هەردووکیان داواکاری تەختی ئێران بوون" (٢٣، ٤٥).

ئەمە، (واتە ئەم هەواڵەی دوایی – و). راستکردنەوەیەکی گرینگە بۆ هەواڵەکانی مەلا محەمەد شەریف قازی، محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی و خوسرەو ئیبن محەمەد کە گوایە لەو زۆرانبازییەی لەسەر تەختی ئێران، دوای مردنی کەریم خانی زەند، خوسرەو خان هەڵوێستێکی سەر بە قاجاریی دیاری وەرگرت و لە ڕاستیدا رێگەی بۆ سەر تەختی ئێران خۆش کرد بۆ ئەم بنەماڵەیە (٨٤، ١٦). ئەم گەواهەی هستۆریاگرافیای ئێرانی ناچارمان دەکات گومان بخەینە سەر ئەم بۆچوونە لەراستیی چووەی مێژوونووسانی ئەردەڵانی، کە دیارە درەنگتر (دوای سەقامگیر بوونی قاجارییەکان لەسەر تەخت) و بۆ مەبەستی سیاسی دانراوە.

لە ناو هەموو خرۆنیکا نووساندا، تەنیا ماهشەرەفخانم باسی مەبەستی خوسرەو خان دەکات بۆ گرتنی پایتەختی ئێران: " ئەو خوسرەوە بێ وێنەیە کە جەعفەر خانی (زەندی) ڕاونا، ئاڵا شەکاوەکەی رووەو بۆروجیرد کردەوە... و ئەم ناوچانە بوون بە هی جەنگاوەرانی سەرکەوتوو لە پێناو باوەڕدا. ئەمانە بیریان لە داگیرکردنی ئەسفەهان کردەوە و لە هەوارگەی کاندومان دا رەشماڵی شاهانەیان هەڵدا و بڕیاریان دا پشوو بدەن" (٢٥، ١٣٧).

ماهشەرەفخانم گفتوگۆیەکی یەکجار سەرنجڕاکیش دەگێڕێتەوە، کە گوایە لە نێوان خوسرەو خان و وەزیرەکەیدا روویداوە لە کاندوماندا: وەزیر رێنمایی دەکات کە بانگاشەی

شاهانەی خۆیی بدا و "لە هەموو دەوڵەتی ئێرانیدا دەهۆڵی شاهانە لێ بدری". خوسرەو خان لەوە دەچێ، لە خۆیی دڵنیا بووە کە بتوانێ تەختی ئێرانی بگرێ. "بێگومان، وەڵامی وەزیری داوەتەوە، ئێستاکە دەتوانم شاهایەتی لەم وڵاتە دا وەدەست بێنم و تاقە کۆسپێکیش لەبەردەم ئێمەدا نییە... دە هەرکێ دەوێرێ رێگەمان بگرێ؟ بە رەحمەتی خوای گەورە و بە خێرا هێز و لێهاتوویی جەنگاوەران لە شەڕدا لە هەموو شوێنێک سەردەکەوین" (٢٥، ١٣٧، ١٣٨). هەرچەندە دواتر، لە قسەکانی خوسرەو خان دا کە ماهشەرەفخانم هێناویەتەوە، دەگوترێ کە مەبەستی ئەم دوورە لەوەی "پێی خۆیی لەبەرەکەی زێتر راکێشێ" و ئەم بە "حوکمڕانیی کوردستان "رازییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گفتوگۆیە لەبەرژەوەندیی قسەکانی نووسەری "روستەم ئەلتەواریخ" دایە.

کەسایەتی و حوکمڕانیی خوسرەو خان، کە مێژوونووسانی کورد بەمەزن ناویان بردووە، جێگەی سەرنج و بایەخێکی زۆرن. ئەم لە هەموو شتێکدا، لەهەر کردەوەیەکیدا کە مێژوونووسانی کۆشک تۆماریان کردووە یان شاعیران پێیان هەڵگوتووە، هەوڵیداوە لە شا بچێ. هەر لە بەرهەمەکانی ئەماندا، کە شێوەی هەرە سەرنجڕاکێش لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا هەیە، ئاوا میری ئەردەلانی دەبینین کە خۆیان ویستوویانە وا بێت – سەرکردەی هەموو کوردان، سەنتەری دونیا، شاهنشا یان شای شایان (٢٥، ١٢٦ – ١٣٠، ١٣٤–١٣٧).

شکانی ئەڵلاقولی خان و هەردوو زەندەکان لە بەرژەوەندیی ئاغا محەمەد خانی قاجاری دا بوو، ئەوەی ساڵی ١٧٨٥ تاران، قوم، کاشان و ئەسفەهانی گرت. چەند ساڵێکی تر و ئەم بەسەر زەندەکانیشدا زاڵ دەبێ. کارێکی گرانە بڕیار بدەین، بەپێی خرۆنیکایانی ئەردەلانی، لەسەر چۆنیەتی پێوەندیی خوسرەو خان لەگەڵ یەکەمین نوێنەری بنەماڵەی قاجارەکاندا. لە کتێبەکەی ماهشەرەفخانم دا هەست بە نارێکییان دەکرێ، بەڵام ئەو کەمەی ئەویش دەیڵێ، جیاوازە لەو گێڕانەوە مەراییانەی محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی و هی محەمەد شەریف قازی و خوسرەو ئیبن محەمەد. ئەگەر بەم نووسەرانە باوەڕ بکەین، ئەوا خوسرەو خان دوای هەر سەرکەوتنێک سەری بڕاوی کوژراو و گیراوانی بۆ خانی قاجاری ناردووە و ئەمیش هەموو جارێک لە بری ئەوە "بەرز و تەعزیمی کردووە."

بەڵگەی گومان لێنەکراوی دژی ئەمەمان لە بەرهەمی مێژوونووسی زەندەکان میرزا محەمەد سادیق نامی موسەوی "تاریخ گیتی گشادر تاریخ خاندان زند" دا دەست دەکەوێ. کە تیایدا باسی شەڕی خوسرەو خان دەکرێ لەگەڵ ئاغا محەمەد خانی قاجاری دا (٢٦، ٢٨٢ – ٢٨٨). لێرەدا لەسەر هەڵگەڕان و وەرگەڕانەوەی یەکجارسەرنج راکێشی

پێکدادانەکان ناوەستین، کە نووسەری ئەم دێرانە لە پێشەکیدا بۆ خڕۆنیکای خوسرەو ئیبن محەمەد دا بەڕاشکاوی باسی کردووە (٣٢، ٨٧ – ٨٩)، هەر ئەوەندە دەڵێین کە سەرکەوتن لە شەڕەکەدا بەنۆرە بووە "بای سەرکەوتن و ئاهەنگ گێڕان " بۆ سەر خانی ئەردەلانی هەڵی کرد. تەنیا لەکۆتاییدا" هێزە تێکشکاوەکانی (ئاغا محەمەد خان) لەلای رەشماڵی سەرکەوتن کۆبوونەوە (٢٦، ٢٨٧، ٢٨٨) و خوسرەو خان ناچار بوو بکشێتەوە.

ماهشەرەفخانم تاقە مێژوونووسێکی ئەردەلانییە کە باسی مەبەستی ئاغا محەمەد خان دەکات بۆ گرتنی میرنشینیی ئەردەلان: "لەم ساڵەدا (١٢٠١ / ١٧٨٧ – ی. ئی.) ئاغا محەمەد خانی قاجاری... دەیویست کوردستان داگیر بکات و خوسرەو خان ببینێ. بە سوپایەکی لە ژمارە نەهاتووەوە لە شاری هەمەدان هەڵی دا و فەرمانی دا کە بە بانگەشەیەکی شەکراوی خوسرەو خان (بۆ لای خۆی) داوەت بکرێ... ناوبراو لە سنە دەرچوو، (بەڵام) چوونی خۆی بۆ ئەوێ دواخست، داوای لێبووردنی کردو راسپاردەیەکی (ژیرانەی) بۆ نارد" (٢٥، ١٤٠). هەموو ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان خانی قاجاری و خوسرەو خان هەرگیز ئاشتییانە نەبوو. سەفەری میری ئەردەلانی بۆ تاران دوای چەند ساڵێک ئەنجامدرا. ئاغا محەمەد خان بەتەشریفاتێکی زۆرەوە پێشوازیی کرد و (خوسرەو خان – و.) لە راستیدا تا دوا رۆژانی ژیانی بوو بە دیلێکی شاهانە. خوسرەو خان هەر بە گەیشتنی بۆ پایتەخت نەخۆش کەوت. ماهشەرەفخانم ساڵی (١٢٠٤/ ١٧٨٩–٩٠) بۆ نەخۆش کەوتنەکەی دادەنێ و مردنەکەشی، بەقسەی محەمەد شەریف قازی، ساڵی (١٢٠٨/ ١٧٩٣ – ٩٣) بووە. لە ماوە دەردەکەوێ کە دیلایەتیی شاهانەی میری ئەردەلانی پێنج ساڵی خایاندووە.

فەرمانڕەوایی میر، کە لە ژێر سایەیدا ئەردەلانییەکان بەهێز بوون و جارجارەش سەربەخۆییان نواندووە، تەواو بوو. بابانەکانیش پەیتا پەیتا خۆیان بەهێز دەکرد – مەحمود پاشا و ئیبراهیم پاشا، کە هاوچەرخی خوسرەو خان بوون، هەریەکە و بەڕادەیەک سەر بە بەغدا بوون، چونکە پشت بەستن بە زەندەکان چیتر سوودی نەبوو. ئیبراهیم پاشا بەوە ناوی دەرکردووە دروستکردنی شاری سلێمانیی تەواوکرد، ئەوەی مەحموود پاشا ساڵی ١٧٨١ دەستی پێکردبوو (١٩٠، ٢٠٨)، ئەگەرچی لە ئەدەبیاتی مێژووییدا هەمیشە ئیبراهیم پاشا بە دامەزرێنەری سلێمانی دادەنرێ. لە فەرمانڕەوایی ئەم میرەدا رووبەرەکانی بابان – "ئیمپراتۆریای سلێمانی" – گەلێ بەرفراوان بوون و زوهاب، قەسری شیرین، خانەقین و کۆیسنجەق کەوتنە ژێر دەستی بابانەکانەوە (١٩٠، ٢٠٩).

کۆتایی سەدەی هەژدە گۆڕانکارییەکی سیاسیی گرینگی لە بەشی خوارووی رۆژهەڵاتی

ئیمپراتۆریای عوسمانی داهێنا. بزووتنەوەی وەهابی، کە سەرکردایەتیی خەباتی ئێتنۆسی عەرەبیی دەکرد، ناکۆکییەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسیی گەلێ تووند کرد. لە کۆتایی سەدەکەدا رووبەرێکی یەکجار فراوان، هەر لە نەجدەوە تا حەلەب و دیمەشق و هەر لە دەریای سوورەوە تا کەنداوی فارسی، کەوتە ژێر دەستی موسڵمانە پرۆتستانتەکانەوە (٥٩، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٣). لە ناوبردنی وەهابییەکان بە پاشای بەغدا بیویوک سولەیمان (١٧٨٠ – ١٨٠٢) سپێردرا، بەڵام ئەمە هەرچی کردی نەیتوانی بەسەر راپەڕیوەکاندا زاڵ بێ.

لە میرنشینیی باباندا، عەبدورەحمان پاشا ساڵی (١٧٨٩) دەسەڵاتی گرتە دەست کە بەمە ناوی دەرکردووە سەرکردایەتیی یەکەمین بزووتنەوەی گەورەی دژی تورکانی کردووە لە کوردستاندا. ئەو راپەڕینە، بەسەرکردایەتیی عەبدورەحمان پاشا، بە سەرەتای قۆناغێکی نوێی جیاواز دادەنرێ لە بزووتنەوەی کوردیدا. ئەگەر پێش ئەوکاتە کوردەکان، بەچوونی ئادەمۆڤ، تەنیا هێرشی تەمبێکەرانەیان ئاراستە دەکرا لەلایەن پاشاکانی بەغداوە لەسەر ئەوەی ملیان نەدەدا بۆ خزمەتکردنی عەسکەری (٥٩، ٣٨٧)، ئەوا لەگەڵ هاتنی عەبدورەحمان پاشادا هەوڵ و تەقەلای کوردان، وەکو عەرەبەکان، بۆ رزگاربوون لە زۆرداریی تورکان سیمای رەوشی سیاسیی لە کوردستانی خوارەوودا دارشتووە.

قۆناغی یەکەمی فەرمانڕەوایەتیی عەبدورەحمان پاشا، کە تا ساڵی ١٧٩٩ درێژەی کێشاوە، لە ئەدەبیاتدا کەم روون کراوەتەوە و هەندێ جار سەرەتای دەسەڵاتداریەتیی ئەو تەنانەت بۆ ساڵی ١٨٠٣ دەبردرێتەوە (١٠٤، ٦). میری بابان سەرەتا، لەوە دەچێ، هیچ مەترسیی لێ نەکرابێ و خۆیی دڵسۆزانە نواندووە. بەڵام ساڵی (١٧٩٤) سوپای بابانی بەناو جبل – سنجار (چیای سنجار – و.) کەوت و گەیشتە ئورفە، پێنج ساڵانیش دواتر عەبدورەحمان پاشا بە سێ هەزار سوارەوە بەشداریی کرد لە هێرشی تەمبێکەرانەدا دژی کوردە ئێزیدییەکان (١٩٠، ٢٠٨).

لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانمەوە دەردەکەوێ کە لەو قۆناخەدا ئەمانەڵلاخانی کوڕی خوسرەو خان، دەسەڵاتداری بەهێزی دواتری ئەردەلان، لەیەکەمین هەوڵدانیدا بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتداریەت، داوای یارمەتیی لە عەبدورەحمان پاشا کردووە. عەبدورەحمان پاشا هێزێکی بەسەرکردایەتی برای خۆیی سەلیم بەگ بۆ رەوانە کرد، بەڵام لە ژێر فشاری پاشای بەغدا هێزەکەی کێشاوەتەوە، دوای ئەمە ئەمانەڵلا خان سەفەری سلێمانی کرد. بەڵام بێ سوودبوو – لە بەغداوە، کە هەموو کردەوە و چالاکیی میری بابانی لێ تۆمار دەکران، ئەم فەرمانە دەرچوو: "یارمەتیدان قەدەغەیە و پێویست ناکات دەستی تۆڵە شل

بکرێتـەوە لە پێناو پاشـمـاوەکانی بنەماڵەی خـانی (ئەردەلانیـیـەکـان)دا" (٢٥، ١٤٧). ئەم فاکتە سەرنج راکێشەرانەی هاوپێوەندیەتیی عەبدوڕەحمان پاشا و ئەردەلانییەکان تەنیا لە خرۆنیکای مـاهشـەرەفخـانم دا تۆمـار کـراون و لە بەرهەمـەکـانی مـێـژوونووسـانی تری ئەردەلانیدا ئاسەواریان نییە.

ساڵی (١٧٩٩) عەبدوڕەحمان پاشا لابرا و وەکو دڵدانەوەیەک فەرمانڕەوایەتیی کۆیە و حەریری پێ سپێردرا و ئامۆزاکەی میرنشینیەتیی گرتە دەست. دوای سێ ساڵ ناچار ئەمەشی جێ هێشت. عەبدوڕەحمان پاشا و سەلیمی برای، بەقسەی س. هـ. لونگریک، بەدیلی بۆ حیللە دوور خرانەوە (١٩٠، ٢٠٨ - ٢٠٩)، بەڵام زوو ئازاد کران. ساڵی ١٨٠٢ عەبدوڕەحمان پاشان هاتەوە سەرتەختی بابان و ساڵی (١٨٠٥)، نسکۆی فەرمانڕەوای بەغدا حافیز عەلی پاشای لەگەڵ وەهابییەکاندا قۆستەوە، ڕاپەڕینی ڕاگەیاند و بەزنجیرەیەک لە هێرشی وێرانکارانە بۆ ناو قووڵایی پاشایەتیی بەغدا ئەوەی سەلماند کە چیتر ملکەچی ئەوێ نییە. حافیز عەلی پاشا لادانی عەبدوڕەحمان پاشای ڕاگەیاند و فەرمانڕەوایەتیی بابانی دا بە خزمێکی ئەو - خالید پاشا. هێزەکانی ئەمەی دوایی و ئەوانەی لە بەغداوە بۆ یارمەتی هاتبوون لە نزیک ئاڵتون کۆپری خراپ، لەلایەن ڕاپەڕیوەکانەوە، شکان. عەبدوڕەحمان پاشا شارەکەی تاڵان کرد و کشایەوە دواوە بۆ ئەوەی خۆی حەشاردا بەچاوەڕوانیی هێزێکی تر لە بەغداوە (١٩٠، ٢٠٩). میری بابان لەلایەن حافیز عەلی پاشاوە شکاو بۆ ئەردەلان، بۆ لای ئەمانەڵلاخان، رایکرد و تەختی بابانیش بۆ خالید پاشا مایەوە.

ئەمانەڵلا خان بە سوودوەرگرتن لە تێکچوونی کوڕەکانی وەکیل محەمەد رەشید بەگ لە ناو خۆیاندا لە ساڵی (١٢١٤/ ١٧٩٩ - ١٨٠٠) دەسەڵاتی وەرگرتبوو و لە کۆتایی ١٨٠٥ دا بووبوو بە فەرمانڕەوایەکی گەلێ بەهێز، جێگەی خۆیی قایم کردبوو و گەلێ لە دوژمنانی راستەقینە و گومان لێکراوی خۆیی، پێش هەمووشیانی کوڕانی وەکیل کە لەبەرزبوونەوەکەیی قەرزاریان بوو، لە ناو بردبوون (٢٥، ١٥٣ - ١٥٤). عەبدوڕەحمان پاشا داوای لە ئەمانەڵلا خان کرد ببێت بە ناوبژیکەر لە نێوان خۆی و فەتح عەلی شای قاجاریدا و لە کۆشکی ئەودا پشتی بگرێ.

لە تارانیشدا بە وردی چاوەدێریی پەرەسەندنی ڕووداوەکانیان دەکرد لە پاشایەتیی بەغدا بەگشتی و بەتایبەتیش لە کوردستانی بابان. شای قاجاری سەرەتا هەر بەنامە داوای لە پاشای بەغدا کرد کە تەختی بابانی بە عەبدوڕەحمان پاشا ببەخشێتەوە (٥٩. ٤٠١ - ١٩٠، ٢٣٢)، بەڵام وەڵامێکی رازیکەرانەی بۆ نەهاتەوە. لە بەغدا دەنگێک بڵاو

بووەوە کە سوپایەکی گەورەی ئێرانی لەسەر سنوور وەستاوە و ئامادەیە بکشێ بۆ سەر عێراقی عەرەبی. بەگەواهی ماهشەرەفخانم، هێزێکی چەکداری باش بۆ یارمەتیی عەبدورەحمان پاشا دانرابوو (٢٥، ١٥٥).

بەپێی گێرانەوەکەی س. هـ. لۆنگریک، کە لەسەر سەچاوەکانی تورکیی دانراوە (گێرانەوەکەی ئا. ئادەمۆڤیش وەکو هی ئەمە)، حافیز عەلی پاشا بڕیاری دا خۆی یەکەم کەس بێت لە مەیدانی شەڕدا و، چاوەڕێی هەڵوێستی دەسەڵاتداریەتیی عوسمانی نەکرد، لە چلەی هاوینی (١٨٠٦)دا لە بەغدا دەرچوو. هێزە چەکدارەکانی کوردی بەسەرکردایەتیی خالید پاشاش بەگەڵی کەوتن. سوپای حافیز عەلی پاشا سنووری بڕی و بەرەو کرمانشا چوو. بەڵام فریانەکەوت چەند گوندێک تالان بکات کاتێک فەرمانی سوڵتان گەیشت بۆ کشانەوەی. ئەو لە خۆ دەرچوونەی پاشای بەغدا ئەستەمبۆلی نیگەران کردبوو زێتر لە ئەگەری هێرشی ئێرانی. حافیز عەلی پاشا ملی بۆ فەرمانەکە دا، بەڵام بۆ یارمەتیی خالید پاشا وەزیری خۆیی کوچوک سولەیمانی لا بەجێ هێشت. ئەمەش، بەقسەی س. هـ. لۆنگریک، بەگێلی خۆی و سەربەخۆ بەناو ئەردەلان کەوت، "بە سوپا ماندووەکەیەوە کەوتە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی فارسیدا و بەدیل گیرا" (١٩٠، ٢٣٢).

خرۆنیکای ماشرەفخانم لە هەمووی بەڕاشکاوی تر باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بەیاریدەیانەوە دەکرێ فیکرەیەکی راست سەبارەت بە هاوسەنگی هێزە سیاسییەکان لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، لەو قۆناخەدا، دروست بکەین. بارودۆخی ناوچەکە بایەخی ئەستەمبۆل و تارانی بۆ لایخۆ ڕاکێشابوو، بەڵام ڕەوشی میرنشینیی بابان بە ڕادەیەکی زۆر لە سەر مونافەسەی نێوان بەغدا و کرمانشادا وەستابوو، کە کوڕی گەورەی فەتاح عەلی شا بەناوی محەمەد عەلی میرزا بە فەرمانڕەوای دانراوەبوو و دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کرمانشا و خوزستان و لوڕستاندا هەبوو (٢٥، ١٥٥). بەدامەزرانی ئەم فەرمانڕەوایە چالاکیی ئێران لە دەستێوەردانی کاروباری باباندا گەلێ زیادی کرد، جیاوازی لە نێوان هەڵوێستی پاشای بەغدا و فەرمانڕەوای کرمانشادا ئەوەبوو کە ئەمەی دوایی لەلایەن باوکییەوە (کارت – بلانشی) کاغەزی سپیی بۆ مۆر کرابوو. هەرچی بابی عالی بوو لە کردەوەکانی حافیز عەلی پاشا دڵنیا نەبوو و لە زێدەبوونی هێز و سەربەخۆیی ئەو گەلێ نیگەران بووبوو.

عەبدورەحمان پاشا هەر لە مەریوان بوو تا ئەو کاتەی هێزەکانی محەمەد عەلی میرزا و ئەمانەڵلا خانی ئەردەلانی بۆ یارمەتیی ئەو ئامادەکران و فەرمانیان پێدرا بەسەر باباندا بدەن. هێزەکان لە کاتی خۆیاندا گەیشتن و لە مەیدانی شەڕدا، کە بەپێی ترادیسیای

نەنووسـراو دۆڵی مـەریوان بووە، وەزیری بەغـدا کـوچوک سـولەیمان، خـالیـد پاشـا و فەرمانڕەوای کۆیە و حەریر سولەیمان پاشا لەلایەک و عەبدوڕەحمان پاشا، ئەمانەڵلا خان و هێزەکانی ئێرانی لەلایەکی ترەوە بەیەک گەیشتن. بۆیە گێڕانەوەی س. هـ. لۆنگریک، کە باسی شەڕی وەزیری بەغدا دەکات لەگەڵ "هێزەکانی فارسیدا"، گەلێ ورد نییە (١٩٠، ٢٣٢)؛ هەروەها ک. ج. ریچ یش راست ناکات کە دەڵێ نەفارس و نە "ئەمانەڵلا خان و گۆڕانەکانی" بەشدارییان لە شەڕدا نەکردووە. زانیارییەکانی ک. ریچ، وادیارە، لە کوردە بابانەکانەوە وەرگیراون کە ویستوویانە سەرکەوتن بەسەر وەزیردا بکەن بە هی عەبدوڕەحمان پاشا بە تەنیا (٥١، I، ١٩٠، ١٩١، ٢٠٦).

ئەو شەڕەی ک. ریچ بەشەڕی دە دەقیقەیی ناوی دەبات و بەڕەوای نازانی پێی بڵێن شەڕ، لەخرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا وەکو "سەرکەوتنێکی مەزن" بەسەر هێزەکانی عوسمانیدا باس کراوە. کوچوک سولەیمان بەدیل گیرا و باپیری مەستوورە محەمەد ئاکا لەگەڵ دیلەکانی تردا بۆ تارانی برد. بۆیە گاڵتە پێکردنەکەی ک. ریچ لە جێی خۆی نییە سەبارەت بەو نەخشەی شەڕی مەریوان کە لە کۆشکی ئەمانەڵلادا بینیویەتی (دوای ١٤ساڵ) و تیایدا: میری ئەردەلانی و "گۆڕانەکانی" وەستاون و سولەیمان کوچوک بە دیلی لە بەردەمیدا وەستاوە (٥١، I ، ٢٠٦) کەچی کوردەکانی بابان، واپێدەچێ، یەکجار دڕندانە لە شەڕی مەریوانی ساڵی (١٨٠٦)دا جەنگاون (٥٩، ٤٠٢، ٤٠٥) و دوای زاڵبوونیش عەبدوڕەحمان پاشا لەسەر تەختی سلێمانی دانیشتەوە.

میری بابان، دوای ئەم ڕووداوانە بە دوو سێ ساڵ، بەقسەی ماهشەرەفخانم، سەربەخۆیی تەواوی وەدەست هێنا و "پشتی کردە هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا" (٢٥، ١٥٨). پاشای بەغدای نوێ سولەیمان کوچوک (١٨٠٨ – ١٨١٠ – وەزیری پێشوو) دوای هێرش کردنە سەر کۆیە و خالیس لادانی عەبدوڕەحمان پاشای راگەیاند و ساڵی (١٨٠٨) سوپای لە دژدا خستە گەڕ. عەبدوڕەحمان پاشا بۆ ئێران رایکرد و سولەیمان پاشای کوڕی ئیبراهیم لە سلێمانی چووە جێگەی ئەو، خالید پاشاش کە لە پاشای بەغدا نیگەران بوو، ئەوەی هەمیشە دەوری داواکاری تەختی سلێمانی بینیوە و بۆیەش س. هـ. لۆنگریک بە کۆنە داواکار ناوی بردووە، ئەویش ڕێگەی عەبدوڕەحمان پاشای گرتەبەر. پاشای بەغدا، کە هەموو سیاسەتەکەی لەسەر ئەوە دامەرزابوو چالاکترین نوێنەرانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا بەگژیەکدا بکا، لەوە نیگەران بوو کە هەر نەبێ دوو بەهێزترین مونافیس یەکدی بگرنەوە، بۆیە دیسان عەبدوڕەحمان پاشای بۆ سلێمانی بانگ کردەوە. میری بابانی دوای چەند ساڵێک، بەپێی سەرچاوەکان، دەسەڵاتی تەواوی خۆیی وەدەست هێناوە (٢٥، ١٥٨– ١٩٠،

٢٣٢)، ئەوەش بەڕوونی لەوەدا دەردەکەوێ کە بەدەستوبردێکی سیاسییانە سولەیمان کوچوک، پاشای بەغدا، لادرا.

سوڵتان مەحموود دووەم (١٨٠٨ – ١٨٣٩) کە هەر لەسەرەتاوە هەنگاوی زۆری نا بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی، ساڵی (١٨١٠) وەزیری کاروباری دەرەوەی خۆیی، خەڵات محەمەد سەعید، ئەوەی لە کتێبی ماهشەرەفخانم دا ناوی هاتووە و لە کوردستان بە رەئیس ئەفەندی ناوبانگی دەرکرد، بۆ بەغدا رەوانە کرد. سولەیمان کوچوک خرایە بەردەم دوو ئەلتەرناتیف – یان بەرێکوپێکی باج بدات، یان جێگەکەی چۆل کات. کاتێک ئەو بەدوای چارەیەک دەگەڕا، خەڵات محەمەد سەعید گەیشتە موسڵ، لەوێ هێزێکی ئامادەکرد و بەرەو بەغدا کشا (١٩٠، ٢٢٦). عەبدوڕەحمان پاشاش یەکێک لەو سەرکردانە بوو کە پشتی فەرمانبەری سوڵتانیان گرت.

رۆژی ٣٠ی ئەیلولی (سێپتێمبەر)ی (١٨١٠) (٥ی ئۆکتۆبەر بەڕای س. هـ. لۆنگریک) شەڕێک روویدا. پاشای بەغدا شکا و ڕایکرد و زووش کوژرا. لە خڕۆنیکا ئەردەڵانییەکانەوە دەتوانین تێبگەین کە میرانی کورد چۆن ئەم رووداوانەیان لێک داوەتەوە. ئەوەی بایەخێکی تایبەتیی هەیە ئەو جێگەیەیە کە ترادیسیای مێژوویی کوردی بە عەبدوڕەحمان پاشایان بەخشیوە. لە خڕۆنیکای ماهشەرەفخانم دا هاتووە کە "هەردوو سوپا – هێزەکانی بەغدا و بابان – بەیەک گەیشتن" و "لەشکری رۆمی" شکا (٢٥، ١٥٨). بەشداربووانی تری رووداوەکە لە بەرامبەر میری بابانی دا، لەلایەن کوردانەوە، رەش بوونەتەوە.

خەڵات محەمەد سەعید فەرمانی سوڵتانی پێبوو بۆ گرتنەوەی جێگەی پاشای بەغدا. بەڵام هێزی ڕاستەقینە لای عەبدوڕەحمان پاشا بوو. ئەم نەجیبزادە تاوانبارەکانی بەغدای لە سێدارە دان و وەزیر و ئەفسەری کۆشکی نوێی دیاری کردن (١٩٠، ٢٢٧) و دەوری بینی لە دانانی فەرمانڕەوای بەغدا عەبدوڵلا ئاغا بە نازناوی توتنچی. س. هـ. لۆنگریک کە باسی دەوری باڵای عەبدوڕەحمان پاشا دەکات چەند جارێک بە (kingmaker) (دروستکەری مەلیک) ناوی دەبا (١٩٠، ٢٢٦، ٢٣١).

ترادیسیای ناوچەیی کوردی ئەوەی دەربڕیوە کە عەبدوڕەحمان پاشا بۆ پاشایەتی بەغدا پێشنیار کرابوو. بەڵام میری بابان رەتی کردووەتەوە و گوتوویەتی کە دڵۆپەیەکی ئاوی بەفراویی چیاکانی کوردستان لای ئەم لە هەموو تەشریفاتێکی ئیمپراتۆری بەنرخترە (٥١، I، ٩٦– ٩٧).

ئەم کودەتا سیاسییەی لە بەغدا روویدا لە بەرژەوەندیی عەبدوڕەحمان پاشا دا بوو و ئەوەش ئێرانی نیگەرانکرد. سەقامگیربوونە کاتییەکەی رەوشی میری بابان و زێدەبوونی

دەسەڵاتی سیاسیی بۆ کرمانشا و تاران قووت نەدەدرا. عەبدوڕەحمان پاشا بۆ ئەوان هەر بۆ ئەمە بەکەڵک بوو داوای یارمەتی بکات، وەکو شێوازێکی گونجاو بۆ ئەوەی خانەوادەی بابان چالاکی و داواکارییە سیاسییەکانیان لە ژێریدا بشارنەوە.

عەبدوڕەحمان پاشا سەربەخۆیی نیشان دا – وەکو ماهشەرەفخانم دەڵێ "لە خۆیی دەرچوو". لە ئەنجامدا بادەی دان بەخۆداگرتن لەو دیوی سنوورەوە لەسەری رژاو بەکوڕی گەورەی شا مەحموود عەلی میرزا و ئەمانەڵلا خان سپێردرا کە "ئەو فیتنەیە نەهێڵن" (٢٥، ١٥٩). دوای شەڕێک عەبدوڕەحمان پاشا ناچاربوو مل بدا و پەنجا هەزار تومەن وەکو زیاندانەوە بژمێرێ. بەڵام هەر ئەوەندەی هێزەکانی ئێرانی – ئەردەلانی کشانەوە پاشای بەغدا عەبدوڵا توتنچی، کە لەو پاشایەتییەدا قەرزاری عەبدوڕەحمان پاشا بوو، وەکو ماهشەرەفخانم دەڵێ بە غەزەبەوە هات و فەرمانی لادانی عەبدوڕەحمان پاشای دەرکرد. ئینجا هاوینی ساڵی (١٨١١) سوپایەک لە بەغداوە بەرەو سلێمانی کشا کە "ژمارەی لە ئەستێرەی ئاسمان زێتر بوو" و عەبدوڕەحمان پاشا و "قارەمانانی بابان" لە لای کفری بەرەو ڕووی دوژمن بوونەوە.

یەکەمین هێرشی سوارەی بابانی سەرکەوتوو بوو و هێڵی پێشەوەی دوژمنی کەرتکرد (١٩٠، ٢٣٣). بەڵام شەڕەکە بەشکانی عەبدوڕەحمان پاشا تەواو بوو و ئەم بۆ کرمانشا رای کرد و مینارەیەکی لە سەری براوی جەنگاوەرانی کوردی بەجێ هێشت. لە بەغدا بەو سەرکەوتنە دڵیان خۆش بوو و خالید پاشا بۆ جاری سێیەم گەڕایەوە سلێمانی. کەچی خاکی کوردستان ئاشتی ناناسێ و هێشتا دەنگی پێی سوارەی بەغدایی نەبڕابووەوە کاتێک هێزێک بەسەرکردایەتیی محەمەد عەلی میرزا و ئەمانەڵلا خان بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی عەبدوڕەحمان پاشا گەیشت. ئەمجارەیان شای ئێران فەرمانی دابوو کە بەغدا بگرن. نەکەمتر و نە زێتر "ئەم ناوچەیە... وێران بکەن و ئەو پاشایە زیانبەخشە سزا بدەن" (٢٥، ١٥٩).

عەبدوڵلا پاشا توتنچی خۆی ئامادە کردبوو بۆ کردەوەیەکی جەنگی وەکو وەڵام، بەڵام لەبەر سەرهەڵدانی رەوشێکی وا کە پێوەندیی بە هەڵاتنی یەکێکەوە هەبوو، ئەوەی دوای ساڵێک عەبدوڵلا پاشا لە سەر تەختی فەرمانڕەوایەتیی بەغدا لادەدا، نەیتوانی شارەکە بەجێ بهێڵێ. ئەم ناچار بوو، بەقسەی ماهشەرەفخانم، مل بدا بۆ ئاشتبوونەوە و بەرێگەی شێخ و سەیدانەوە "داوای لیبووردن بکات" (٢٥، ١٥٩-١٦٠). لەتەموزی ١٨١٢ دا محەمەد عەلی میرزا و میری ئەردەلانی بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە و عەبدوڕەحمان پاشاش بە ئاسانی دەسەڵاتداریەتی خۆی لە سلێمانی دامەزراندەوە و ئیتر تا مردنی، دوای ساڵێک،

هەر فەرمانڕەوایەتیی کردووە.

مەحمـوود پاشـا، کـوڕی گـەورەی عـەبدوڕەحـمـان پاشـا، جـێگەی باوکـی گـرتەوە و تا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدە، واتە تا کـۆتایی فـەرمـانڕەوایەتی بابانـەکان، لە سـەر شـانۆی سیاسیدا مایەوە. هـەر وەکو لە دەوری باوکیشـیدا هەر وابوو، ململانێ و پێشبڕکێی نێوان ئەستـەمبۆڵ و تاران، بەغدا و کرمانشـان، ئەستەمـبۆل و بەغدا، سلێمانی و سنە – ڕەوشـی سیاسـییـان دیاری دەکرد. نەخـشـەکەش بەناتەواوی دەمـێنێتـەوە ئەگـەر ئـامـاژە بۆ وڵاتی ئەوروپیش نەکـەین، کـە چالاکـانە دەسـتـیـان دەخـسـتـە نێـو ئەو ڕەوشـە سـیـاسـیـیـەوە. کوردسـتـانـی خـوارووی ڕۆژهەڵات کـتـومـت پڕ بـووبوو لە پسـپـۆڕ و شـارەزایانـی سیـاسـی و جەنگیی بێگانە.

لەسـەر ئاسـتی نـاوچەکەدا، سـتـافی کـەسـانی کـاریگـەر بەڕادەیەک گۆڕا. سـاڵی ١٨١٣ سـەعـیـد پاشـا لـە بەغـدا هـاتە سـەر تـەخت، داود ئەفـەندیش بوو بـە کـەسی دووەمـی ئەو پاشـایەتییـە و دوای سێ سـاڵ جـێگەی یەکـەم دەگرێتـەوە. لە سلێـمـانیـشـدا گـۆڕانکاری "داواکـارانی" تەختـی مـیـرنیـشـینی گـرتەوە – داواکـارانی نوێ، لە پاڵ "داواکـارانی کۆن" – خـالید پاشـا دا، بریتی بوون لە عـەبدوڵلا پاشای مـامی مـەحمـوود پاشا و ئاوەڵ زاواکـەی – سـولەیمان، ئەوانـەی لە داهاتوودا جـارجـارە لە جـێگەی مـەحـمـوود پاشـا تەخـتی بـابانی دەگرنەوە. لە ئەیلوولی سـاڵی (١٨١٦) دا دیسـان ئەو هەلومـەرجە داهـاتەوە، کـاتێک پاشـای بـەغدای داهـاتوو داود ئەفـەندی بۆ وەدەستـهێنانی دەسـەڵات پێویستـیی بە پشتگیری مـیری بـابان بـوو و هـەر هـێــزی جــەنگیی بابـانی بوو کــە تـەرازووەکــەی بۆ بەرژەوەنـدیی ئـەو داهێنایەوە.

سـوڵتـانی عـوسـمـانی سـەعـید پاشـای لادا، بەڵام تەنیا ئیـرادەی سـوڵتـانی بۆ ئەمـە بەس نەبوو، چونکە پـاشـای لادراو نیـازی نەبوو بەبێ شـەڕ وازبێنێ. داود و لایەنـگرانی چوون بۆ سلێمانی، مـەحمـوود پاشـا پێشـوازیی کـردن و پاشایەتیـی بەغدای بۆ ئەو راگـەیاند (١٩٠، ٢٣٦). لە سلێـمـانییـەوە راسـپـاردەیەک بۆ پشـتگیری داود بەڕێکرا بـەرەو ئەسـتـەمـبۆڵ و لە نۆڤـەمـبەر (تشـرینی دووەم) دا فـەرمـانی سـوڵتـانی گـەیشـتـەوە ئەوێ. داود بەهـێـزێکەوە، کـە کـوردی بابـانیـشی تیـابـوون، بەرەو بەغدا کـشـاو لە شـوباتی ١٨١٧دا چووە ناو شـارەکـە و سەعید پاشاش لەسەری درا.

س. ه. لۆنگریک تا بڵـێی جـوان ئەو دەورەی دەربڕیـوە کـە مـەحـمـوود پاشـا لە ڕەوشـی باسـکراودا بینـی و بە "kingmaker" ناوی دەبا (١٩٠، ٢٣١). ئەو بـارەی کــە ناوبـراوان لە نوێنـەرانی بابان بەشـداریـیـان کـردووە لە پرۆسـەی دامـەزراندن و لادانی فـەرمـانڕەوایانی

گەورەترین ناوچەی عوسمانی، ئەوانەی لە هەمان کاتیشدا لە رووی رەسمییەوە هەواداری بابانەکان بوون – ئەو بارە یەکجار بایەخدارە. بابانەکان نەوەی میران بوون و رەگوریشەی ناوەکەشیان بۆ رابردوویەکی دوور دەچووەوە. بۆیە بەچاوی نزمەوە سەیری "خەڵکی بێ خێڵ و بی بنەماڵە" یان دەکرد، ئەوانەی پێیان دەگوتن "zerkiri"[٣]، واتە ئەوانەی بە زێڕ کڕاون، کە بنکە و بنەمایەکی پتەوی کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلۆگییان نەبوو. بۆیە هەر تەقەڵایەکی بەغدا بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی لەلایەن سلێمانییەوە بە توندی بەرهەڵستی دەکرا. پاشای بەغدا تاقە ڕێگەیەکی بۆ مابوویەوە – ئەویش لەقاندنی رەوشی سیاسی بوو لەوەشدا وەکو بینیمان کرمانشا سەرکەوتووانە دەستی خۆیی وەپێشدا.

پێوەندیی نێوان مەحموود پاشا و داود پاشا گەلێ زوو لە دۆستایەتییەکی گەرمەوە بۆ دابڕانێکی ئاشکرا وەرچەرخا. ناکۆکی لە ساڵی ١٨١٨دا ئەوەندە قووڵ بووبوو کە چەک تاقە ڕێگەیەک بوو مابوویەوە بۆ چارەسەرکردنی. هاتنی لەشکری بەغدا و خیانەتکردنی نزیکترین خزمەکانی مەحمووود پاشا، کە لادرابوو لە سەر تەخت، ناچار بوو پەنابەرێتە بەر کرمانشا بۆ یارمەتی و بنەماڵەی بابان دیسان بوو بەبیانوو بۆ هێرشی ئێران بۆ سەر پاشایەتی بەغدا. عەبدوڵلا پاشای مامی مەحمووود پاشا بەرەو رووی گەورەترین هێزەکانی محەمەد عەلی میرزا کرایەوە. بەڵام عەبدوڵلا پاشا وای بەباش زانی خۆی لەو شەڕە نەدات. محەمەد عەلی میرزا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە مەحمووود پاشا بچێتەوە سەر تەختی سلێمانی، داود پاشا هیچی بۆ نەکرا و مەحمووود پاشا دیسان لە سلێمانی سەقامگیر بووەوە و سوپای ئێرانیش گەڕایەوە شوێنی خۆی.

ئێران و تورکیا ئەوساکە لەسەر هەڵدێری شەڕ وەستابوون، ساڵی (١٨٢١) هێرشێکی تری ئێرانی بۆ سەر عێراق دەستی پێکرد. جیاوازیی ئەم هێرشەش هەر ئەوە بوو کە ئەمجارەیان فەرمانڕەوای کرمانشا رایگەیاند کە عەبدوڵلا پاشا میری سلێمانییە. مەحمووود پاشاش لەم بارەدا، بێگومان، لایەنی داود پاشای گرت. عەبدوڵلا پاشا لە سلێمانی دامەزرابوو، بەڵام بەهۆی هێرشێکی ئازایانەوە مەحمووود پاشا شارەکەی گرتەوە، ئەگەرچی هەر ناچار، لە ژێر گوشاری هێزەکانی ئێرانی و ئەردەلانیدا، کشایەوە دواوە (١٩٠، ٢٤٦).

هێزەکانی ئەردەلانی بەسەرکردایەتیی ئەمانەڵلا خان، کە پێش دوو ساڵ بووبوو بە

---

(٣) داود پاشا، بۆ نموونە. لە تبلیس لە دایک بووە. ١٣ساڵان بوو هێنراوەتە بەغدا و فرۆشراوە و فرۆشراوەتەوە و کراوە بە موسڵمان. لە ماوەیەکی کورتدا پلەوپایەی بەرزی وەدەست هێناوە و رێگەی نێوان باوەڕپێکراو و پارێزەری نامە و چاپەمەنی تا فەرمانڕەوایەتیی بەغدای بڕیوە (١٩٠، ٢٣٩).

خزمی بنەماڵەی قاجارەکان (٣٢، ٩٣)، گەلێ چالاکانە بەشدارییان لەم هێرشەدا کرد. بەگەواهی ماهشەرەفخانم، میری ئەردەلانی لە تالانکردنی خێڵی جاف سەرکەوتنی باشی وەدەست هێنا. هەموو عەشرەتەکانی جاف تالان کران و "زۆربەی خەڵکە ڕێزدارەکەش بەر شیر کەوتن". دەستکەوتەکە ٥٠ هەزار تومەن دەبوو. بەم جۆرە نیوەی مەسرەفی زەماوەندی کوڕی میری ئەردەلانی و کچی شای ئێرانی دەرچوو، کە بەگشتی ١٠٠ هەزار تومەن دەبوو (٢٥، ١٦٧– ١٦٨). میری ئەردەلان و هێزەکانی گەیشتنە سلێمانیش، کە مەحموود پاشا پێش چەند ڕۆژێک بەجێی هێشتبوو. هەموو ئەو سەروەتە، وەکو ماهشەرەفخانم دەڵێ. بوو بە "دەستکەوتی سوپای سەرکەوتوو" (٢٥، ١٦٨).

لەشکری ئێرانی شار لەدوای شاری دەگرت و داود پاشاش، کە داوای یارمەتیی لە ئەستەمبۆل کردبوو، خۆی ئامادە کردبوو بەغدا گەمارۆ بدرێ. لەشکری ئێرانی ڕۆژە ڕێیەکی مابوو بگات و گەمارۆدانی بەغدا لە بەر چاوان بوو. بەلام رووی نەدا. نەخۆشیی کۆلێرا بلاو بووەوە و محەمەد عەلی میرزا کەوت. ئەو دەردە تۆزێ نەرمی کردبووەوە و هەر زوو پەیمانێکیان بەست. پاشای بەغدا دەبوایە سلێمانی بدا بە عەبدوڵلا پاشا، ئەوساکە محەمەد عەلی میزا ڕووبەرەکانی عوسمانی چۆل دەکات.

کشانەوەی لەشکری ئێرانی و گەیشتنی هەواڵی مردنی محەمەد عەلی میرزا هەندێ ڕەوشەکەی هێور کردەوە، بەلام بۆ ماوەیەکی کورت هەورە تریشقە تا دەهات زێتر دەبوو. عەبدوڵلا پاشا دیسان تەختی سلێمانی گرتەوە، بۆ ماوەیەکی کورت بەغدا و کرمانشا ئەمەیان بەچاک زانی. ئەوەش مەحموود پاشای ناچار کرد پەنا بەرێتە بەر ئێران، جارێکی تریش مامی خۆیی لادا و دیسان سلێمانی گرتەوە. هەم دیسان لەشکری بەغدا گەیشتەوە کەرکووک، بەلام ئێستاکە بۆ داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی عەبدوڵلا پاشا.

ڕەوشی جەنگیی ڕاستەقینە لە نێوان ئێران و تورکیادا هەر مایەوە. لە کوردستانی باکوور، لەشەکری میراتگری تەختی ئێرانی عەباس میرزا چووە ناو خاکی ئێمپراتۆریای عوسمانی. لە بەغداوە هێزێک بەسەرکردایەتی وەزیر حاجی تالیب ئاغا هات، بەلام فریانەکەوت زوهاب بگرێ، کاتێک فەرمانڕەوای کرمانشا محەمەد حوسێن میرزا، کوڕی عەلی میرزا، سنووری ئێران و تورکیای بڕی و وەزیری بەغدای ناچار کرد بکشێتەوە. سەرکەوتنی لەشکری ئێرانی زۆری نەخایاند، بەرهەڵستیی خێڵەکان و دیسان بلاوبوونەوەی دەردی کولێرا دووچاری کشانەوەی کرد و ئەو لەشکرکەشیەش بۆ سەر عێراق سەری نەگرت. مەحموود پاشا هاتەوە سلێمانی و عەبدوڵلا پاشاش چوو بۆ کۆیە. پەیمانی ئەرزەڕۆم ساڵی (١٨٢٣) سنووری ئێرانی – تورکیی بەشێوەی پەیمانی ١٦٣٩،

چەسپاند، بەڵام سەقامگیریی بۆ ناوچە سنوورییەکان دابین نەکرد. هەردوو لا بەردەوام لە یارییە سیاسییەکانیاندا گرۆیان لەسەر"کارتی کوردی" و "داکۆکیکردن" لە بەرژەوەندیی نوێنەرانی خێڵی بابان دەکرد، بابانەکانیش بۆ مەبەستی خۆیان زیرەکانە بەزمەکەیان گەرمتر دەکرد.

لەناو بنەماڵەی سەرکردەدا شەڕێکی شیلگێرانە دەستی پێکرد کە دەیان ساڵی خایاند لە نێوان دوو برادا – مەحموود و سولەیمان. هاودەمەکەی ج. ب. فرێزەر، کە ساڵی (١٨٣٤) لە ئێرانەوە گەڕابووەوە دوای ئەنجامدانی کارێکی دیپلۆماسی، گەلێ بەکورتی و پڕ سۆزەوە باسی ئەم رەوشەی کردووە: "ناکۆکی نێوان ئەم برایانە مایەی نیگەرانی بوو بۆ ئێمە و وڵاتەکەشی کاول کرد. نە مەحموود و نە سولەیمان، هیچ کامیان سێ ساڵان لەسەریەک فەرمانڕەوایەتییان نەکرد، دوایش فارسەکان دەهاتن ناکۆکییەکە نەهێڵن...، وڵاتەکەیان بۆ خۆ دەبرد و بە لەشکروە هەڵیاندەلووشی... دوای ئەمان تاعون دەهات و پاش ئەمیش برسییەتی و پێکەوە میللەتەکەیان دەبرییەوە" (٤١، I، ١٨٠، ١٨١).

سنوورەکانی بابان کە، بەقسەی هاودەمەکەی ج. ب. فرێزەر، لە دەوری عەبدوڕەحمان پاشا هەر لە سەردەشتەوە تا کفری و لە کۆیەوە تا بانەیان دەگرتەوە (٤١، I، ١٨٠)، گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هات. بەهێز بوونی هاوسێی باکووری بابان – میرنشینیی سۆران و هاتنە سەر تەختی میر محەمەدی کۆرە ساڵی (١٨١٤)، بە قسەی م.م. ڤان بروینسن (١٦٧، ٢٢٢)، یان ساڵی (١٨٢٦) وەکو س. هـ. لۆنگریک دەڵێ (١٩٠، ٢٨٥)، گەلێ خراپ کاری کردە سەر بنەماڵەی بابان. میر محەمەد، دوای چەند سەرکەوتنێکی بەرچاو، بابانەکانی لە هەریر، کۆیە، رانیە و ناوچەکانی سەرووی زابی بچووک دەرپەڕاند. تەنانەت دە ساڵ دواتریش، کاتێک "ئیمپراتۆریای میر محەمەد" رووخا و خۆی لە سەر شانۆی سیاسیدا نەما، بابانەکان هەر نەیانتوانی ئەم ناوچانە بگرنەوە شەڕی لەبن نەهاتوو و بڵاوبوونەوەی تاعون ساڵی (١٨٣١) کوردستانی خواروویان کرد بە "رووبەرێکی بێ خەڵک" – وەکو چۆن ج. ب. فرێزەر دوای سێ ساڵان بینیویەتی (٤١، I، ١٤٦– ١٣٥).

رەوشی سیاسی، بۆ هەموو ئیمپراتۆریای عوسمانی، یەکجار، ئاڵۆز بوو. جەنگ لەگەڵ رووسیادا، بزووتنەوەی ناوچەکان بۆ سەربەخۆیی، ناکۆکیی لەگەڵ تابیعی بەهێزی سوڵتان فەرمانڕەوای میسر محەمەد عەلی (١٨٠٥ – ١٨٤٨) و تەواوبوونی بە تێکشکانی سوپای عوسمانی ساڵی ١٨٣٢ لەناوجەرگەی ئەناتۆلیا دا و ساڵی ١٨٣٩ ش لە نزیک نەسیبین لە کوردستانی رۆژئاوادا (١٦٧، ٢٢٠ – ٢٢١)، ئیمپراتۆریاکەیان گەیاندە سەر لێواری رووخان. هەر مانەوەی بنەماڵەی عوسمانی خۆی مەترسیی کەوتە سەر (٨٨، ٩٨).

هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی لە میرنشینە کوردییەکانیشدا دوانەکەوت. فەرمانڕەوای سۆران میر محەمەد کۆرە پێوەندیی بەست لەگەڵ جەنەراڵی میری دا ئیبراهیم پاشا (١٦٧، ٢٢٢)، بەدرخان میری جزیرە و بۆتان، کە ساڵی (١٢٤٠/ ١٨٢٤ – ٢٥) دەسەڵاتی گرتبووە دەست، راپەڕینی بەرپاکرد. بەدرخان هەر زوو سەربەخۆیی راگەیاند و هەموو فەرمانڕەوایانی کوردی بانگ کرد بۆ یەکگرتن، تەقەلاکەی بەدرخان گەیشت بە بەستنی "پەیمانێکی پیرۆز" لە نێوان فەرمانڕەوایانی وان، هەکاری، خێزان و میری ئەردەلان خوسرەو خان ناکام کوڕی ئەمانەڵلا خان (١٥٠، II. ٥). بەلام راگرتنی شەڕ لەگەڵ جەنەراڵی میسری بۆ پشوودان رێگەی بۆ "دامەزراندنی یاسا" لە کوردستان خۆش کرد (٨٨، ٩٨) و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، کە بوو بە گەواهی بەهێزبوونێکی نەبیستراوی میرنشینانی سۆران و بۆتان، بە رووخانی بنەماڵە سەرکردەکانی کوردی تەواوبوو.

عوسمانییەکان ساڵی (١٨٣١) توانییان هێز و توانای فەرمانڕەوای بەغدا داود پاشا نەهێڵن، کە لە دەوڵەمەندیدا خۆیی تەنیا لە قەرەی میسر نەدەدا کەچی، بەقسەی ج.ب. فرێزەر، "یان هیچ ، یان تۆزێکی دەنارد" بۆ خەزینەی سوڵتان (١٤١، I، ٢٥٧). داود پاشا سوپایەکی ٣٠ هەزار کەسی هەبوو، بەلام یارمەتیی سوڵتان مەحموودی دووەمی نەدا لەشەڕیدا لەگەڵ رووسیا (١٨٢٨ – ١٨٢٩) و نێردراوی سوڵتانی لە سێدارە دا کە هاتبوو بۆ بەغدا و فەرمانی لادانی داود پاشای پێبوو – جا بە لادەر لە قەڵەم درا (١٩٠، ٢٦٢، ٢٦٥). لە دامرکاندنەوەی پاشای ملنەدەر دا دەردی کولێرا و لافاو و ئاگر دەوریان بینی و هەموویان پێکەوە پایتەختی پاشایەتییان کرد بە کاوڵگە. داود پاشای بەتەنیا مایەوە، بەغدای جێهێشت و بۆ بروس (بورس) نێردرا.

لە کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی داود پاشادا، سولەیمان پاشا لە بابان دەسەڵاتی گرتە دەست، بەلام دوای ساڵێک فارسەکان دەریانکرد و مەحموود پاشایان لە جێگە دانا. هەر زووش سولەیمان پاشا هاتەوە سەر تەخت و ساڵی (١٢٥٤/ ١٨٣٨ – ٣٩) کوڕەکەی ئەحمەد پاشا، بە میرات جێگەی گرتەوە (١٧٣، ٥٢ – ٥٣). دوای رێککەوتنی ئەرزەڕۆم، ئێران نەک هەر وازی لە داواکردنی رووبەرەکانی بابان نەهێنا. بەڵکو دەسەڵاتەکەی لە کوردستانی خواروو، بەقسەی س. ه. لۆنگریک (١٩٠، ٢٤٩)، ئێستاکە گەلێ زێتر بوو لەوەی تورکیا جاران هەیبوو[(٤)]. لە ئۆکتۆبەری ساڵی (١٨٣٤) دا ج. ب. فرێزەر لە سلێمانی هێزێکی جەنگیی بینی لە ئێرانەوە بە ژمارە ٥٠٠ سەرباز دەبوو بە چەکی تۆپەوە، هێزەکە

(٤) بەڕای ئی. ب. سۆن (٥٢، ١٨٦)، ناوچەکانی ئیمارەتی بابان هەروەکو زەمانی کۆن بەفارسی مانەوە تا کاتی بەستنی پەیمانی ئێرانی ـ ترکی ساڵی (١٨٤٧).

بە بەراورد بچووک بوو. بەڵام بەکەلک ئەوە دەهات، وەکو نووسەر دەڵێ، ئەم وڵاتە هەڵ لووشێ (٤١، I، ١٤٥، ١٥٩).

هەموو ئەم ساڵانە، بە شاهێدیی ماهشەرەفخانم، مەحموود پاشا لەسەر شانۆی سیاسی هەر مایەوە و لە هەندێ هەلومەرجی لەباردا، بۆ ماوەیەک، جێگەی برا و برازاکەی گرتەوە لەسەر تەختی بابان. مەحموود پاشا، گومان لەوەدا نییە، ساڵی (١٨٤٠) دەسەڵاتی بە دەست بوو (١٩٠، ٢٨٧) و سەرەتای ساڵی (١٨٤١)، وادیارە، سەربەخۆیی وەدەست هێناوە. چونکە لە ئازار و نیسانی (١٨٤١) دا ڕێگەی بەخۆی دا "لە دەوڵەتی بنەماڵەی عوسمان جیابێتەوە" و "ئەحمەد پاشا، کە برازای ئەو بوو، بەتەگبیر و فەرمانی سوڵتانی ڕۆم لە ویلایەتی بابانی وەدەرنا" (٢٥، ١٨٧).

ڕێگەی فەرمانڕەوایانی لادراو هەمیشە بەرەو ڕۆژهەڵات، بۆ سنە دەچوو و لەوێشەوە، بەهاوڕێیەتیی خانی ئەردەلانی، بۆ تاران. هێزەکانی ئێرانیی سەر سنوور فەرمانیان پێدرا کە، لەگەڵ مەحموود پاشا و ڕەزاقولی خانی ئەردەلانیدا، بۆ بابان بچن. تەقەڵادان بۆ دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی مەحموود پاشا سەری نەگرت و ئەو ناچار بوو بگەڕێتەوە ئەردەلان و، لەوە دەچێ، چیتر ئەوێی جێ نەهێشتبێ. دواجار کە لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا ناوی هاتبێت ئەوەیە کە باسی ڕووداوەکانی ساڵی (١٨٤٦) دەکرێ لەمەڕ زۆرانبازیی نێوان کوڕانی خوسرەو خان ناکام: مەحموود پاشا دەورێکی چالاکانەی تیادا بینی و لایەنی ڕەزاقولی خانی گرت (٢٥، ٢٠٢).

ماوەی درێژی چالاکیی سیاسیی مەحموود پاشا، لە (١٨١٣)ەوە تا کۆتایی چلەکان خۆی لە خۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە کەسێکی یەکجار ناودار بووە. ئەوەی سەرنج بۆ لای خۆ ڕادەکێشی ئەوەیە کە میری بابانی لادرا و بە ئاسانییەوە توانی خۆی بخزێنێتە ناو ڕەوشی سیاسیی ئەردەلان. ئەمەش ئەوەندە بەڵگەی پێوەندیی سیاسیی بەهێزی ئەو دوو بنەماڵە فەرمانڕەوایە نییە ئەوەندەی ئەوە دەسەلمێنێ کە چارەنووسی مێژوویی ئەردەلان و بابان یەک چارەنووسە و ناپچڕێ. هەروەها بەڵگەی یەکێتی و لێک جیانەبوونەوەی ڕەوشی سیاسییە لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە قۆناغی باسکراودا.

سوپای ئێران لە گەڕانەوەیدا بۆ بابان ئەحمەد پاشای لە سەر تەخت دانا، ئەو ئەحمەد پاشایەی س. ج. ئێدمۆندز بە دوا فەرمانڕەوای ئۆتۆمۆمی لە بنەماڵەی بابان دادەنێ (١٧٣، ٥٥). ف. میلینجان باسی ڕاپەڕینی ئەحمەد پاشای کردووە کە ئامانجەکەی وەدەستهێنانی "سەربەخۆیی نەتەوەیی" بوو (٤٨ ، ٢١٢). ساڵی (١٨٤٣)، بەقسەی نووسەر، "میری میراتگری سلێمانی" لەشکری خۆی بەرەو بەغدا برد. ئەم هێرشەی ئەحمەد پاشا،

بەڕای ف. میلینجان، یەکێکە لەو سێ بزووتنەوە هەرە گەورانەی کوردان بۆ سەربەخۆیی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە – دووەکەی تریش، راپەڕینەکەی میر محەمەدی کۆرە لە سۆران و ئەوەی میر بەدرخان لە بۆتان. ئەم بۆچوونەی نووسەر لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە خۆی پێوەندیی راستەوخۆی لەگەڵ ئەحمەد پاشا و برا و کوڕەکانی هەبووە (٤٨، ٢١٣) ئەوەش بایەخێکی گەورەی هەیە. بەگوێرەی زانیارییەکانی س. ج. ئێدمۆندز، ئەحمەد پاشا تا ساڵی (١٨٤٧) حوکمی کردووە و دوای تێکشکانی سوپای بابانی لە نزیک کۆیێ نەجیب پاشای بەغدایی سلێمانیی دا بە عەبدوڵلا پاشای برای ئەحمەد پاشا، بەڵام وەکو فەرمانبەرێکی عوسمانی رەسمی – قایمقام (١٧٣، ٥٥). ساڵی (١٨٥١) بابانییەکان ئەم پلەیەشیان لە دەست دا و فەرمانبەرێکی تورکی گەیشتە سلێمانی و سوپای تورکی هاتە ناویەوە.

ماهشەرەفخانم ئەو فەرمانە سوڵتانییەی بە نەجیب پاشا گەیشت کە "یاسا لە شارەزوور دامەزرێنێتەوە و ئەحمەد پاشا، ئەوەی زۆر بڵێی لە دوژمندارییەتیی ئێران و تورکیا دەکات، سزابدات" بۆ ساڵی (١٢٦١– ١٨٤٥) دەباتەوە (٢٥، ١٩٣). فەرمانڕەوای بەغدا، بەپێی زانیارییەکانی ئەم مێژوونووسە، لەشکرکەشیی کرد بە٣٠ هەزار سوار و سەرباز و ٢٠ تۆپەوە. ئەحمەد پاشاش بۆ پێشوازی چوو بە چوار فەوج سەرباز، ٢ – ٣ هەزار سوار و چوار تۆپەوە. بەڵام بەهۆی ئەو گێرەشێوێنییەی لەناو هێزەکانیدا دروست بوو ناچار بوو بکشێتەوە. نەجیب پاشا بەبێ شەڕ سلێمانیی گرت. دوو ساڵ دواتر، ساڵی (١٨٤٧)، دوا پاشای بابانی عەبدوڵلا لە سلێمانی، مێوانپەروەرانە پێشوازیی ئەوانەی کرد کە لە ئەردەلانەوە رایانکردبوو – ئەندامانی بنەماڵەی ئەردەلان و نووسەری خڕۆنیکا ماهشەرەفخانم یشیان لەگەڵدا بوون (٨٠، ١٣٠). بۆ ماوەی ٣٠ ساڵان ئەردەلانییەکان هەر لە گیانەلادا بوون، کۆشکی تاران و نوێنەرانی بنەماڵەی حوکمداری قاجارەکان بەشدارییەکی چالاکانەی دەکرد لە گۆڕنکارییەکانی خەباتی سیاسی و شەڕی ناوخۆیی لە ئەردەڵاندا. خوسرەو خان ناکام کە حوسن جیهان خانمی کچی فەتح عەلی شای هێنا و، هەروەها، رەزا قولی خانی کوڕ و میراتگری خوسرەو خان کە توباخانمی خوشکی محەمەد شای هێنا، لە رادەبەدەر، دەور و جێگەی قاجارەکانی زێدە کرد لەناو کۆشکی ئەردەلانیدا . تەماحکاری و دەوری باڵای بینی لە لەقبوونی ستوونی دەسەڵاتی ئەردەلانییان.

ساڵی (١٨٤٧) رەزا قولی خان، بە هەوڵ و تەقەلای دایکی خۆی – حوسن جیهان خانمی کچی شا، کەوتە بەندیخانە (٦٨، I، ٤٧٩، ٤٨٠). خوسرەو خانی گورجی، ئەوەی کە هێشتا بەڕێوەبەری گیلیاف و ئەسفەهان بوو و بە دڵڕەق ناوی دەرکردبوو، کرا بە

فەرمانڕەوای ئەردەلان. دوای ساڵێک ڕەزا قولی خان، بەمردنی محەمەد شا، لە بەندیخانە ڕایکرد، بەڵام فەرمانڕەوایەتیی کەوتە دەست برای ئەو ئەمانەڵلا خانی دووەم (غولام شا خان) و بەپچڕپچڕی تا ساڵی (١٢٨٤ / ١٨٦٧– ٦٨) حوکمڕانیی کرد. دوای مردنی ئەو، شا نەسرەدین فەرهاد میرزای کوڕی عەباس میرزای کرد بە فەرمانڕەوای کوردستان (ئەردەلان) ئەوەی کە خاڵی داواکاری تەختی میرایەتی بوو لە بنەماڵەی ئەردەلانییان – قاجارەکان لە سنە دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئەردەلانی بۆ خزمایەتییان لەگەڵ شا دا نرخێکی گرانیان دا – نرخەکەش، لە ئەنجامدا دەسەڵاتی سیاسی بوو.

ئەردەلان و بابان تەنیا میرنشینیی کوردی نەبوون کە لە ئارادا نەمان، سەدەی نۆزدە، هەروەها. نەمانی میرنشینانی هەکاری، بەتلیس ، سۆران و بۆتانیشی بەخۆوە دیت. هەیکەل و ستروکتوری میرنشینانی کوردی تێکشکان، لەمەشدا ئێران و تورکیا هاوکارییەکی دەگمەنیان نوواند. هۆی ئەو هاوکارییە دۆستانەیە بەوە لێک نادرێتەوە کە ئەمە تەنیا بە نیازی مل پێ کەچکردن بووە. چونکە ئەم مل پێ کەچکردنە لە قۆناخەکانی پێشتریشدا بە زیادەوە پەیڕەو کراوە.

بەبۆچوونی س. هـ. لۆنگریک (١٨٩، ٨٤٥)، فەرمانڕەوایانی بابانی بۆیە وا بە ئاسانی دەگۆڕان، چونکە نیشانەکانی پێکهاتنی ئێرانی – تورکی سەریان هەڵدابوو. هێوربوونەوەی ڕاژەیی پێکدادانی ئێرانی – تورکی لە سەر سنوورەکاندا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا (بڕوانە، ٣١ – ٣٣) فاکتەرێکی گرینگی ڕەوشی سیاسی بوو لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوەش ڕێکەوت نەبوو کە هێز و سەربەخۆیی میرانی ئەردەلان و بابان لە قۆناخی چابوونەوەی پێوەندیی نێوان تورکیا و ئێران لە نێوبران. بەڵکو ئەو کاتە پێویست بەوە نەما فەرمانڕەوایانی کورد وەکو هاوپەیمانی جەنگی ڕابگیرێن. "دیواری لە گۆشت و خوێنی" کوردان، وەکو پەندی کوردی دەڵێ، کە سوڵتان سولەیمان قانوونی ئێمپراتۆریای عوسمانیی پێ قایم کردبوو (بڕوانە ١٠، ٥٨– ٥٩)، چیتر بە دەوری خۆی هەڵنەدەستا. زیاد لەوەش، هاوپەیمانیەتی میرانی کورد تا دەهات تاران و ئەستەمبۆلیان زێتر ناڕەحەت دەکرد. فەرمانڕەوایانی ڕەواندز، بۆتان و بادینان نەیاندەویست بەشداریی شەڕی رووسی – تورکیی ساڵی (١٨٢٨ – ١٨٢٩) بکەن. میری هەکاریش بێ لایەنیی خۆی ڕاگەیاند، هەرچی پاشای بایەزید بوو هەوڵی دا هاوکاریی رووسەکان بکات (٨٧، ١٥٨).

هەڵوەشانەوە (دیمۆنتاژ)ی سستەمی ئیمارەتی کوردی و هەروەها هەوڵدانی ئێران و تورکیا، هەردوولا، بۆ پێکهاتنەوە، بەڕای ئێمە، پێویستییەک بوو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو پرۆسە سیاسییە بەهێزەی لە کوردستاندا، کە لە هەموو ماوەی سەدەی نۆزدەدا توند و

تیـژییـەکـەی لە زێدە بووندا بوو و خـۆی رادەگـەیاند – ئەویش پرۆسـەی یەکـبـوون و یەکگرتنەوەی ئێتنیکی و سیاسی بوو. سەیرکردنێکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان و بابان رێگەمـان دەدات بڵـێین کـە لـەگـەڵ داهاتی سـەدەی نۆزدەدا هـەوڵدانی بنەمـاڵەکـانی فەرمـانڕەوا بۆ هاوکاری و هاوپەیوەنداریەتی جێگەی ملنانە بەریەک و بەرەوڕووی یەکدی بوونەوەی گرتەوە. پرۆسـەی یەکگرتنەوە (کـونسـەلیداتسیـا)، کە کۆسپ و تەگـەرە لە بن نەهاتووەکـانی هەمـوو بڕین، شـیلگێرانە رێگەی خۆیی دەکردەوە و رەوشی سـیاسـیی لە ناوچە کـوردییـەکـاندا دەتەقـاندەوە. ف. مـیلینجـان دوای پێـوەندیکردن بە گـەلێ لە سـەرکردەکـانی "بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد"ەوە گەیشـتووەتە ئەو ئەنجامـەی کـە هەسـتی نەتەوایەتی و تەقەڵا بۆ سـەربەخۆیی لەناو دڵی کورداندا قووڵ داکوتـراوە، "وەکو بڵێی پەتای شۆڕشگێڕی هۆشی هەموو نەتەوەی کوردی تەنیوە" (٤٨، ٢١٣).

شەپۆڵی بزووتنەوەی کوردی لە خـوارووەوە دەچووە سەروو و لەسـەرەوە دەڕژایە خوارەوە، میرنشینەکانیش بەنۆرە دەبوون بەسەنتەری پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئێتنۆ – سیاسی. هەر مـیرنشینـە و منداڵدانی یەکێتـی سیاسیی بەخـۆوە گرتبوو و بەڕادەیەک دەبوو بە هەڵگری ئیدیای یەکگرتنەوە.

لە بیست سـاڵی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا کوردسـتانی خواروو شلەژابوو و عەبدوڕەحمان پاشای بابان راپەڕی. لە دە ساڵی دواتردا کوڕەکانی زازا و میری سۆران محەمەد کۆرە بۆ خـەبات هەڵسـان. دوای دە سـاڵی تر ئەحـمـەد پاشـای بـابان و شـەریف خـانی بەتلیـسی راپەڕین، پاش ئەمـانیش بەدرخانی میری بۆتان کە بانگەشـەی بۆ یەکێتیی کورد دا. ساڵی (١٨٤٢ – ٤٣) بەدرخان پارەی خۆیی لە سکە دا و سەربەخۆیی راگەیاند (١٥٠، II، ٦–٥)، زۆر لە سـەرکردەی کـورد ئامـادەیی خـۆیان دەربڕی بۆ یەکـێتـی. ئۆ. ل. ڤیلچێـڤسکی لە هەمـوومـان جوانـتر ئەم رەوشـە سـیـاسـیـیـەی وڵاتی کـوردانی وەسف کـردووە: تارمـایی "کوردستانێکی نەتەوەیی" دروست بوو (٨٧، ١٥٩).

کەواتە ئیدیای یەکگرتنەوەی ئێتنۆ سیـاسی لە نـاوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەمـەوە دەسـتی پێکرد، لە قـەوارەی ناوچەکە دەرچوو و ئەوەش لەبـارێکدا کە ئیمپـراتۆریاکانی عوسمـانی و ئێرانی دادەتەپین و تارماییـەکە تادەهات روونتـر دەبوو. ئەو کـاتە هـاوسەنگە تەقلیـدییەکـەی هێـزە سـیـاسـیـیـەکـانیش گـۆڕانکاریی بنـەڕەتیی بەسـەردا هـات لە ناوچەکـەدا. دەوڵەتە ئەوروپاییـەکانیش هاتنە ناو گـەمەی سیاسی و ئەمـانیش هەوڵیان دەدا کێشـەی کوردان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاربێنن. ناوچە کوردییەکان کە سەرچاوەی نیگەرانیی هەمیشـەیی و جێگەی گومـان و خۆلێپـاراسـتنی تاران و ئەسـتـەمبۆل بوون، لە هـەردوو پایتـەختـەکانەوە

بڕیاردرابوو کە بەزوویی ملکەچ بکرێن. دەوڵەتانی داگیرکەر (میترۆپۆل)، بۆ خۆپاراستن، میرنشینەکانیان هەڵوەشاندوە و لە ناویان بردن، ئەو میرنشینانەی کە لە ماوەی چەند سەدەیەکدا ئەرکی زەبرگێڕەرەوەیان بۆ دەبینین.

هۆی رووخانی تەختی بنەماڵەکانی ئەردەلان و بابان وا بە ئاسانی هەرگیز هێز و کاریگەریەتیی ئیداری عوسمانی و ئێرانی نەبوو. فەرمانڕەوایەتیی ئەفەندییە تازە پەیابووەکان لە کوردستانی خواروودا، بەقسەی س. هـ. لۆنگریک. تەنیا لە روانگەی تورکانەوە بە پێشکەوتن حسێب دەکرا، بۆ جووتیاری کورد هیچ گۆڕانکاریی نەهێنا (١٩٠، ٢٨٤). فەرمانڕەوایانی نوێ هەرگیز دەستیان بەسەر رەوشەکەدا نەدەڕۆیی. بەهەمان رادەش هەوڵ و تەقەلاکانی بەڕێوەبەرانی سنە بێ کەڵک بوون بۆ ملکەچکردنی ئەردەلان بۆ دەسەلاتی مەرکەزیی ئێران، ئەمانە لە نێو بارەگاکانی خۆیاندا دەکەوتنە بەر هێرشان، بەزەحمەت باجیان پێ کۆ دەکرایەوە و گەلێ جاریش دانیشتوانەکان دەریاندەکردن. ژ. دی مۆرگان نووسیویەتی کە نموونەی دەرکردنی بەڕێوەبەران گەلێ زۆرن (٩٩، II، ٥٧).

تەمادانان لە سەر ملکەچبوونی کوردان خەیاڵ دەرچوو، بەڕێوەبردنی ناوچەکانی ئیمارەتەکان لەلایەن ئیدارەکانی ئێرانی و تورکییەوە لە راستیدا بوو بە مایەی زێدەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی. نەتوانرا، نە لە تورکیا و نە لە ئێرانیش، رێگە لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی کوردان بگیرێ. ساڵی (١٨٨٠) راپەڕینێکی تر لە جزیرە بەرپابوو، بەدرخانییەکان خەڵکیان لە کوردستانی ناوەڕاست هاندا بۆ هێرشبردن. کوڕانی شۆڕشگێڕی بەدرخان رووبەرێکی گەورەیان گرتبوو، بەلام شکان. سلێمانی لە ژێر دەستی عوسمانییەکان، بەقسەی ڤ. ف. مینورسکی، بوو بە مەڵبەندی بزووتنەوەی کورد لە پێناو سەربەخۆییدا (١٩٧، ٥٣٨)، کەچی لە خەباتی سیاسیدا سەرکردەی سیاسیی نوێ جێگەی بنەماڵەی میرانیان گرتەوە کە پشتیان بە ئیدیای هاوکاریی خێڵەتی و ئینستیتووتی ئایینی بەستبوو. ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ولاتی کورداندا چووە قۆناخێکی تازەوە.

***

ناکرێ رەوشی سیاسی لە میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان یەک لایەنانە روون بکرێتەوە. ناوچە کوردییەکان، کە لە ئاقاردا بوون، دەوری سنووریان دەبینی بۆ ئیمپراتۆریاکانی دوژمنی یەکدی و ئەوەش کوردەکانی خستبووە نێو جەنگەی رووداوی سیاسی و خەباتی هەمیشەییەوە. لەم حاڵەتەدا، خاکی کوردان زەبری سەرەکیی بەردەکەوت، گرینگ نەبوو کامە لا سەردەکەوت و سەنگەکە بەلای کامیانەوە دەشکایەوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە، رەوشی سیاسی بەمەوە ئاڵۆزتر بوو کە دەوڵەتانی ئەوروپایش هاتنە نێو

زۆرانبـازییـەکـەوە. لەو سـاکـەوە. گیـروگرفـتـەکـانی سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتـی  – ئابووریی کـوردسـتـان کەوتنە ناو گرێ کوێرەی پێوەندییـەکانـی نێـو دەوڵەتیـیەوە. مـیـرنشـین و خـێڵـە کوردییەکان لە هـەردوو بەری زاگرۆسدا بە ڕێبازی سـیاسـیی هـەمەجۆریانەوە، لە ڕاسـتیدا، توانییان سـەربـەخـۆیی خۆیان بپارێزن (١٧٨، ٣٠) هـەموو پەیمانـەکانی عـوسـمانـی – ئێرانی لەسـەر هـەڵوێستی سـەربەخۆییـانەی ئەماندا وردوخـاش دەبوون و ئەو سنوورانەی دادەنران ڕەش دەبوونـەوە. لە جـێگەی ئـەو سنوورانـەدا تارمــایی  وڵاتی کـوردان تـا دەهـات روونتــر دروست دەبوو.

بەشی دووەم

# ژیانی ئابووری

مێژوونووسانی عەرەبی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ئەو خێڵە کۆچەر و نیوە کۆچەرانەی نە عەرەب و نە تورک بوون – ئێتنۆنیمی "کورد" یان بەکارهێناوە. لە بەرهەمەکانی ئەمانەدا تەنانەت کۆچەرەکانی خوزستانیش، کە بەزمانی عەرەبی دواون، بە کورد ناوبراون. ئەم جۆرە بۆچوونە لە بەرهەمەکانی مێژوونووسانی ئێرانیشدا هەیە. نووسەرانی ئێرانی، وەکو ڤ. ف. مینورسکی ئاماژەی بۆ کردووە، عەرەبەکانیان بە "کوردی سورستان" و دەیلەمییەکانیشیان به "کوردی تەبەرستان" ناوبردوون (١٩٥، ٧٥). بەم جۆرە، ئێتنۆنیمی "کورد" کۆچەرایەتی دەربڕیوە. نووسەرانی ئەوروپایش، بەم یان بە ئەو شێوە، هەمان رایان گوتووە.

ژیانی کۆچەری و ئاژەڵ بەخێوکردن بۆ ناوچەکانی کوردی بەشێوەیەکی سەرەکی و هەر ئەوەتا بەتاقە شێوازی ژیانی ئابووری دانەنراوە. هۆی دواکەوتنی ئابووریی کوردستان و مانەوەی پێوەندییە کۆنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان لەمەدا بینیوە. ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی رەوشی ئابووری – کولتووریی کوردستان وەکو بڵێی گومانی هەڵنەدەگرت. بۆ نموونە، ج. مالکۆڵم لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا نووسیویەتی کە لەو ماوەی ٢٣ سەدەی بەسەر کاتی کسینۆفۆندا تێپەڕیوە ژیانی کوردان گۆڕانکارییەکی وای بەسەردا نەهاتووە: "ئەگەر ئەم (مەبەستی کسینۆفۆنە – و.) بیتوانیایە لە بەهەشت بگەڕێتەوە زۆر بە ئاسانی نەوەی دوژمنانی خۆیی دەناسینەوە کە لە ناو ئەم جەنگەڵانەدا شەڕی لەگەڵ کردوون" (٤٧، II، ٣٧٣ – ٣٧٤). هەر بۆ زێتر روونکردنەوە، بۆ ف. میلینجان دەگەڕێینەوە کە ناوێکی پڕ مانای لەم بابەتەی بۆ کتێبەکەی خۆیی هەڵبژاردووە:

"ژیانی کێویی کوردان" (بڕوانە ٤٨، ٢٣٣، ٢٣٤– ٤٩، ٥٣، ٦٠).

لێکدانەوەی یەک بابەتیی ژیانی ئابووریی ئێتنۆسی کوردی تا رۆژی ئیمڕۆش هەر ماوە (١٥٨، ٦)، وەکو م.م. ڤان بروینسون دەڵێ، تاکو ئێستاش گەلێک وادەزانن کوردستان وڵاتێکە زۆربەی دانیشتوانی لە کۆچەر پێکهاتووە، ئەگەرچی ئەمانە ئێستاکە بەشێکی کەمی کوردانن (١٦٧، ٢٢). ئەو ستریۆتیپەی لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە دروست بووە بۆ

دیاریکردنی ستروکتۆڕی کۆمەڵایەتی – ئابووریی کوردستان، بەردەوام هەر ماوە و بەشداری دەکات لە دروستبوونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی. ئێمە لەبەر رۆشنایی رەوشی میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان هەوڵدەدەین وەلامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئایا پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی – ئابووری لە کوردستان دەکرێ ببن بە سیمبۆلی نۆمادیزم و ئەو کۆچەرە کوردانە چی بوون؟

گەلێ نووسەر لەسەر کوردی کۆچەریان نووسیوە، زێتریش لایەنی جەنگی – سیاسیی خێڵە کۆچەرە گەورەکان خراوەتە بەر تیشکی رووناکی. لەگەڵ ئەوەشدا م.ب. رۆوتۆن، پسپۆری گیروگرفتەکانی نۆمادیزم لە رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، رەوایانە ئاماژەی بۆ کەمیی زانیاری کردووە لەسەر ناوچەی کوردستانی رۆژهەلات: "لە ماوەی شەش سەدەی دوایی و هەندێکدا کەم زانراوە لەمەڕ نۆمادەکانی ئیمارەتی فیۆدالیی بەهێزی ئەردەلان"، هۆی ئەمەش دەباتەوە بۆ ئەوەی کە" حکومەتی فارسی لە رێگەی فەرمانرەوایانی بنەماڵەی ئەردەلانەوە پێوەندیی بە خێڵە کۆچەرەکانەوە کردووە لەم ناوچەیەدا" (٢٠٣، ٢٣٦، پەراوێزی ٥٨).

هۆیەکانی بابەتی کۆمەلایەتی – سیاسی، بێگومان دەوری گرینگیان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی رۆڵی بنبڕانەی بینیوە، وەکو دەردەکەوێ، فاکتەری ئابووری بوو – شێوازی ئابووریی کۆچەری لە ستروکتوری ئابووریی ئەردەلان، هەروەکو لە هەموو ولاتی کوردادا بەگشتی، شێوازی یەکەم و سەرەکی نەبووە و هەروەها تاقە شێواز نەبووە، بەپێچەوانەی بۆچوون سەبارەت بە ئاژەڵ بەخێوکردن وەکو تاقە پیشەی کوردان و دانانیان بە یەکێک لە میللەتانی ئاژەڵ بەخێوکەری ئاسیای خوارووی رۆژئاوا (٦٥، ١٤٣)، نە ئاژەڵ بەخێوکردن بەگشتی و نەئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری بەتایبەتی تاقە بواری ژیانی ئابووریی ئەم ئێتنۆسە بووین.

چیاکانی کوردستان لە ناو دۆڵە بەپیتەکانی پڕ زێ و رووبار، کە سەرچاوەکانیان لە بەشە چیاییەکانی وەلاتەکەوە وەردەگرن (٢٩، ٣٧، ٦٨، ٧٩). دەرفەتێکی لەباریان رەخساندبوو بۆ کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن لە یەک کاتدا. ناوچەکان دووجۆرە وزەی ئابوورییان بەخۆوە گرتبوو. لەم رووەوە، رای گ. ستاوفێر سەرنج رادەکێشی کە ئەو ناوچەیەی ئێران هەڵدەسەنگێنێ، ئەوەی٩٠٪ی سەرە ئاژەڵی ولاتەکەی تیایە و دەبێتە داهاتێکی سروشتی کە خۆی تەنیا لە قەرەی داهاتی نەوت نادات (٢١٠ ، ٢٨٤).

لەلایەنی جیۆگرافییەوە، لە حاڵەتی پێکەوەنووسان و بەدوای یەکدا هاتنی زەویی نزمی لەبار بۆ کشتوکاڵی و لەوەڕگای چیاییدا، کە هەلومەرجی باشیان بۆ ئابووریی ئاژەڵ

بەخێوکردن رەخساندبوو، حەتمیەتی تێکەڵبوونی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵیی نیشتەجێ دارێژرا. تایبەتییەتیی رەوشی ئابووری – کولتووریی کوردستان لێرەوەیە، کە پێکەوە ژیان و پێوەندیی بەهێزی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵیی نیشتەجێی دەگرتە خۆ.

تێکەڵ بە یەکبوونی زەویی کشتوکاڵی و لەوەڕگاکان سیفەتێکی، وەکو م. ب. رۆوتۆن دەڵێ، بەشێکی زۆری ئاسیای رۆژئاوایە، کە تیایدا شارستانیەت، بەقسەی ئەو، لە نێوان دوو پەرگەدا دەهەژایەوە – شاری گەورە و کۆچەرەکان: هەندێ جاران شارستانی زاڵ بووەوە و جارجارەش شوانکارەکان (۲۰۲، ۲٤۹). بەیەکەوە پەرەسەندنی ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵی وایکرد بە شێوەیەکی فراوانتر و هۆشمەندانەتر سوود لە ئاووهەوا و هەلومەرجە سروشتییەکان وەربگیرێ.

ژیانی ئابووریی زۆربەی زۆری دانیشتوانی میرنشینانی ئەردەلان و بابان بەم دوو جۆرە کارە بەسترابووەوە: ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵی، کشتوکاڵی بەجۆرێکی سەرەکی لە دۆڵەکان دەکرا، دۆڵەکانی شارەزوور لە رووی بەپیتییەوە لەهەموو کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات ناوبانگی دەرکردبوو. خەڵکی ئەم ناوچەیە پێویستییەکانی خۆی و هی شاری کەرکووکی لە بەرهەمی کشتوکاڵی بەتەواوی زامین کردبوو. لە سەردەمی ک. ج. ریچ دا، خەڵکی ئەوەندە لە داهاتەکەی دڵنیابوون کە پێشەکی بە بەپارە دەیانکڕی (٥١، I، ١٤٢) دۆڵەکانی عێراق و سوریا، کە کوردیان لێ دەژین، تاکو ئێستاش عەمباری دەغڵی ئەم دوو وڵاتەن (١٦٧، ٢٢).

بەرهەمی کشتوکاڵیی سەرەکی لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا گەنم و جۆ بووە، ئەمانەش بۆ کوردستانی خواروو وەکو ف. بارت دەڵێ نزیکەی وەکو یەک گرینگن (١٦٢، ١٨) و بەنۆرە لە سەر هەر هەمان زەویدا دەچێنران. بەگوێرەی زانیارییەکانی ک. ج. ریچ، لە دۆڵەکاندا زەوی پشووی پێ نەدەدرا و هەر لە ژێر گاسندا بووە و خۆڵەکە بەهۆی ئاڵوگۆڕ پێکردنی دەغڵ و دانەکەوە پیت و بەرەکەتی خۆیی نوێ دەکردەوە. لە جێگە چیاییەکاندا، بەقسەی هەمان نووسەر، ساڵێک نا ساڵێک پشوو بە زەوی دەدرا (٥١، I، ١٣٣) داهاتی دەغڵ و دان لە نێوان یەک بە پێنج تا یەک بە دە بووە. کە دەگەیشتە یەک بە پازدە ئەوا بە داهاتێکی نائاسایی دەژمێردرا. بەقسەی ف. بارت، داهاتی مام ناوەنجی یەک بە هەشت بووە (١٦٢، ١٩). باران بەجۆرێکی سەرەکی لە کەژی زستان و بەهاردا دەباری کە ساڵانە دەگەیشتە ٤٠٠ تا ٨٠٠ م. م. ، ئاودان تەنیا بۆ کشتوکاڵیی وەکو تووتن و برنج پێویست بوو (١٦٢، ١٨). کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە ئەم دوو بەرهەمە بەجۆرێکی سەرەکی لە

شــارەزوور چێنراون (٥١، I، ١٣٤)، بەقــســەی ک. ریچ، پەمــۆش ئاودانی گــەرەک بووە، ئەگەرچی لە زەوییە چیاییەکاندا هەر بە باران پێ گەییوە.

جــۆرە گــەنمێک هەبووە ک. ریچ بە "بـەهار" ناوی بردووە کـە بـەرئاو بووە. بـەگـشــتـی کشـتوکاڵی دێمی لە برەودا بووە و زەوییـەکان، بەقسـەی هەمـان نووسـەر، تەنیـا بۆ ترێ و تووتن سـەمـاد دەکران (٥١، ت، ١٣٤). لە کوردسـتـانـی خوارووی بە زۆری گوڵە پێغـەمـبـەر، کونجی، نیسک و هەروەها تەماتە، شووتی، ئارو و پیـاز روێنراون. کوردە ئەردەلانییەکان بە جووتیار و باخچەوانی لێهاتوو دادەنران (١٢٣، III، ١٧، ١٣٣).

ئامێرەکانی زەوی کێڵان و کارکردنی جـووتیارانی کورد یەکجـار ساکار بووین: کەمی و پچڕپچڕیی زانیـارییـەکـان لە سـەرچاوە مـێژووییـەکـاندا، هەروەهـا سـتـروکـتـوری ئابووریی چەسـپـاو لـە مـاوەی چەنـدەهـا سـەدەدا و گـەشـەکردنـی لەسـەرخـۆی هێـزی بەرهەمـهـێنەر رێگەمان دەدەن، بگرە ناچارمـان دەکەن ئەو رەوشە زانراوەی ئابووریی کوردسـتانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سـەرەتای سەدەی بیسـتـەم بۆ قۆناخێکی زووتری مێژووی کوردی بەرینەوە. لە گوندە چیـاییـەکـان و جێگە بەرزەکاندا تاکو ئێسـتـاش کێـڵانی زەوی بە (جـۆت)ی لە دار دروسـتکراو و سـەرە ئاسن (گـاسن) ئـەنجـام دەدرێ (١٦٧، ٢٣ – ١٨، ١٦) تراکـتـۆر و مـاشینی دەغڵ کۆکـەرەوەی لە دۆڵەکان بەکاردەبرێن دەمێک نابێ پەیابووین و ف. بارت کە وەسفی "جۆری ژیان" ی کردووە لە کـوردسـتـانی خوارووی لە سـەرەتای پەنجاکـانی سەدەی بیسـتـەم، ئەمـیش هەر باسـی جـۆت و گاسن دەکات (١٦٢، ١٩). جـووتیـاری کـورد کـار و کاتێکی یەکجار زۆری لە کێڵانی زەویدا سـەرف کردووە، چونکە ئەو زەوییانەی بۆ مەبەستی بەپیت بوونەوە ناچێنرێن، ئەمانیش دەبێ هەمیشە بکێڵرێن.

گەنم لە کـانوونی دووەم (یانوار)دا دەچێندرا و لە سـەرەتای حـوزەیران (ژون) بۆ دروونە ئامـادە دەبوو. دروونەکـەش بە داسـووک ئەنجام دەدرا کـە دەسکێکی داری ٢٧ سم درێژی هەبوو. داسـەکـە بە دەسـتی راست دەگـیرا و دەسـتـەوانـەیەک دەکرایە دەسـتی چەپ کـە پەنجـەکانی لـە قۆچ دروست کرابوون و بە تێلـە ئاسن لێک بەسـترابوونـەوە و پێی دەگوترا "قەیناخ" (١٨١، ١٣). م. ڤان بروینسون لە پاڵ بەکارهێنانی داسووکدا ئاماژە بۆ داس یش دەکـات (١٦٧، ٢٣)، کـەچی بەقـسـەی هـ. هـ. هـانسن. داس لـە کـوردسـتـانـی خـواروو بۆ دروونەی گـەنم بەکـارنایـەت (١٨١، ١٣). بە گـوێرەی هەمـان نووسـەر، تـەنیـا پیـاو دەغـڵی دروونە دەکرد، لە کاتێکدا کۆکردنەوەی خەرمان کاری ژنان بووە.

شـێـوازی کـوتانی دەغڵ لـە کـاتی ئێـسـتـادا، کـتـومت وەکـو ئەوەیە کـە ت. م. لیکلام لە ناوەڕاستی سـەدەی نۆزدەدا وەسـفی کـردووە. دەغڵی کۆکراوە بە جـەنجـەڕ دادەکوترا کـە

گایەک رایدەکێشا. بەقسەی هەمان نووسەر، بەشێکی دانیشتوانی بەوەندە وازیان دەهێنا کە گا و کەریان بەسەر دەسکە دەغڵەکانی سەر زەوی دەگێڕا (٤٦. IV، ٣١).

وەسف و باسکردنی نووسەری ئێستاکە تەنیا لە هەندێ زێدە وردەکارییەوە جیاوازە، دەنا پرۆسەی کارکردن و ئامێری بەرهەمهێنان لە راستیدا نەگۆڕاون (١٨١، ١٦).

دوای کوتان دەغڵەکەیان شەنەبا دەکرد و دەرژایە ناو هێڵەنگێک، ئینجا لە عەمباری تایبەتیی هەڵدەگیرا کە لە قوڕی خاو دروست دەکرا و بەرزاییەکەی بەقەد بالآی پیاوێک دەبوو. ئەم عەمبارانە کە شێوەی بۆڕی یان گۆشەیەکی ڕاست دەبوو، سەرەکانیان بە تاشە بەرد دادەپۆشین و لە گۆشەیەکی خانووەکەدا لە ژێر زەوی دایاندەنان (١٨١، ١٦). دەغڵەکەیان، پاش ئەمە، لە ئاش دەکرد و ئاشەکەش بەئاو کاری دەکرد، زێ و رووبارە چیاییەکانیش بۆ ئەمە تابڵێی لەبار بوون (٤٦، IV، ٥٩).

بنکەی یەکجار باشی ئالیک بۆ دابینکردنی ئاژەڵ بەخێوکردن هەبوو. هەر لە بەهارێکی زووەوە تا پاییزێکی درەنگ ئاژەڵەکانیان بۆ لەوەڕگا چیاییەکان دەبرد و بەقسەی ف. بارت (١٦٢، ٢٠) تەنانەت لە زستانە هەرە سەختەکانیشدا ئالیکیان پێش وەخت ئامادە نەدەکرد. ناکرێ ئەمە سەبارەت بەهەموو ناوچە کوردییەکان بڵێین، چونکە لە ئەدەبیاتدا باسی ئامادەکردنی کا و ئالیک بۆ زستانان کراوە (٨٥، ٣٥ – ١٦٧، ٩٢).

هەلومەرجی ئابووریی خێزان، وەکو یەکەیەکی خاوەن ئاژەڵ، جۆر و ژمارەی ئاژەڵەکانی و هەروەها شێوازی ژیانی، کۆچەری یان نیشتەجێی، دیاری دەکرد. بۆ شێوازی ژیانی کۆچەری مەڕ و ئاژەڵی بارکردن گرینگترین و دەبوایە هەبن. مەڕ سەرمایەی کۆچەری پێکدەهێنا و سەروەتی سەرەکیی بوو. ئەوەی دووەمیش توانای بەڕێوەبردنی ئابووریی کۆچەریی پێ دەبەخشی. هەبوونی مەڕ مانای دەوڵەمەندیی دەگەیاند (١١، ٤٣، ١٠٩) و بایەخی ئەم ئاژەڵە لەناو کۆچەراندا قسەی لەسەر نەبوو: "مەڕ نەبێ، ژیانیش نابێت" (٢١٠، ٢٩٦، ٢٩٧).

ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەرانی کورد بەجۆرێکی سەرەکی لە سەر بەخێوکردنی مەڕی دوونگداری خوریی تەنک و پڕ دامەزرابوو (٦٦، ٢٢٦) جگە لە مەڕ، بزن و ڕەشە وڵاخیشیان لە کۆچ و گوندەکاندا بەخێو دەکرد، بەڵام بەرهەمهێنەری سەرەکیی کاڵاکانی ئاژەڵ بەخێوکردن لە کوردستاندا هەر مەڕ و بزن بووە و تاکو ئێستاش هەر وایە.

بۆ بارکردنیش ئەم ئاژەڵانەیان بەکار بردوون: وشتر (١١، ١٨، ٣٦) مانگا (٢٢، ١٩٧ – ٤١، I، ٣٥ – ٤٨، ١٦٤، ١٦٥– ٥١، I، ١٩٥). گامێش (٤١، I، ١٣٥– ٤٩، ٥٤)، بەبۆچوونی ف. میلینجان، لە کوردستاندا کەر و هێستر زۆر بەکار نەدەهێنران. کەچی بەڕاشکاوی

باسی مانگا و گامێشانی کردووە. گامێشەکان "گەلێ گەورە بوون" و "مانگاکانیش بچکۆلانە" بەلام تا بلێی بەهێز و دان بەخۆداگر. لە کۆچدا کوردەکان، بەقسەی ف. میلینجان، هەموو دەستکەوتەکانی خۆیانیان دەخستە سەر پشتی ئەم چوارپێیە بێ زەرِ و دان بەخۆداگرانە و کاروانی مانگایان کە لە رووبار دەپەرِنەوە و ژن و منداڵ هێمنانە لەسەر پشتیان دانیشتوون بەخەیاڵی مرۆڤ دادێ کە، دوور لە هەستی پرِ سۆزی ئەم نووسەرە، "ئەمە یەکێکە لە جوانترین و سەرنج راکێشترین دیمەن، کە گەرِۆکێک لە کوردستان بتوانێ بە دیتنی شاد بێ" (٤٨، IV، ١٦٤، ١٦٥). کاروانی گەورەی مانگا و گامێشان کە بە مازوو، روون و بەرهەمی تری ئاژەڵ بەخێوکردن بارکراون و لە چیاوە بۆ سلێمانی و سابلاخ دەیانهێنان – لەلایەن ج. ب. فرێزەرەوە باس کراوە (٤١، I، ١٣٥).

جووتیارەکان زەوییان بە گا و گامێشان[1] دەکێلا و باریان پێدەهێنان. بەگوێرەی ف. میلینجان، لە لادێ تەنیا گامێش مافی ئەوەی هەبوو عەرەبانە راکێشێ (٨٤، ١٦٥). لە ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەلاتدا، کە ج. ب. فرێزەر لەوێ بووە، گامێش بۆ کاروباری کشتوکاڵی لە هەمووان لە پێشتر بووە: لەوە دەچێ لێرە لە کاروباری کشتوکاڵیدا جێگەی هەموو ئاژەڵەکانی تری گرتبێتەوە. زەوی دەکێلن، عەرەبانە رادەکێشن. بار باردەکەن، شیر دەبەخشن. سەریان دەبرِن و گۆشتیان دەخۆن و من دەبێ بلێم کە لەو شوێنەی ئاو هەیە. ئەمانە لەوێ بە سوودترین ئاژەڵی ماڵین. ئەمانە گەلێ لە مانگا بەهێزترن... و باری وشترێکی باش هەڵدەگرن (١٤، I، ٩٣، ٩٤).

وشتر لە لادێ و لە کۆچدا بەکارهاتووە لە کوردستان، دەوڵەمەند و نەجیبزادە "پەرژین"ی لە وشتریان هەبووە (١١، ١٨، ٣٦ – ٦٦، ٢٢٦). کوردە کۆچەرەکان لە راوەستانەکانیاندا لەکاتی کۆچ پەرژینیان بە وشتران لە دەورەی ئاژەڵەکان دروست دەکرد (١٣،II، ١٧٨)، بەپێچەوانەی رای هەندێ نووسەر (٦٦، ٢٢٦)، کوردەکان تەنانەت لە کۆچکردنیشدا هەرگیز ئەسپیان بۆ بارکردن بەکارنەدەهێنا. ئەسپ سیمبوڵی ناوبانگ بوو، لە کۆچکردندا تەنیا جەنگاوەر و ژنانی سەرکردەکانی خێڵ سواری ئەسپی زین زێرِین و رازاوە دەبوون (١١، ١٦). کورد ئەسپی بە ئاژەڵێکی نەجیب داناوە و تەنیا بۆ سواربوون و شەرِپێکردنی تەرخان کردووە (٤٨، ١٦٣، ١٦٤). جەنگاوەری کورد بێ ئەسپ، لەلای ف.

---

(١) بەقسەی محەمەد شەریف قازی. ئەو گامێشە گەورە و بەهێزانەی لە ئەردەلان بۆ داکوتانی گەنم بەکاریان دەهێنا، خان ئەحمەد خان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا و دوای داگیرکردنی بابان، سۆران، ئاکۆ و ئامێدی لە موسڵەوە هێنابوونی. «ئەوا ١٥٠ساڵ بەسەر ئەمەدا چووە، کەچی خەڵک هێشتا لە بیریەتی» ئەمە قسەی مێژوونووسی ناوبراوە (١٥، ١٠).

میلینجانەوە، وەکو زەلامێکی ناو جۆرِک وایە (٤٨، ٣٦٣). بۆیە لێکدانەوەی دەقەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی بەوەی کە کوردەکان لە کۆچکردندا کەلوپەلی خۆیان لە ئەسپەکانیان بارکردووە (١١، ١٥) گومان هەڵدەگرێ. هەروەهاش زاراوەی "سواری سەر ئەسپ" (لە دەقەکەدا "ئەسپی خۆیان") (١١، ٢٥، برِگەی ٤٤ ب. ب.٤٥)، جگە لە سوار بوون، ئەسپ لای کوردان بۆ هیچی تر بەکار نەهاتووە.

پێکەوە بەرِێوەچوونی ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردن و ئابووریی کشتوکاڵی لە ناوچەکانی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا زۆر لە یەک جیاواز بوون. لە کوردستانی ئەردەلاندا، لە ناوچەکانی سنە، ئەسفەنداباد و مەریوان دا ئاژەڵ بەخێوکردن لە رووی بایەخی ئابوورییەوە نەدەگەیشتە کشتوکاڵی. لە هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن و بانە دا ئاژەڵ بەخێوکردن بنچینەی ئابووریی پێکهێنابوو، هەرچی کشتوکاڵییە لەوێ سیمای یاریدەدەری هەبوو. کشتوکاڵی لە ئەردەلان ئەوەندە پەرەی سەندبوو کە هەندێ نووسەر ئەم ناوچەیەیان بە "مەڵبەندی نیشتەجێی کوردی" ناودەبرد (١٧، I، ١٢٧).

لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا دانیشتوان لەمانە پێکهاتبوو: خەڵکی نیشتەجێ، ئەوانەی بەجۆری سەرەکی کشتوکاڵییان دەکرد، نیوە نیشتەجێ. ئەوانەی کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردنیان پێکەوە دەکرد، ئاژەڵ بەخێوکەری کۆچەر. ژمارەی ئەو جووتیارانەی کە هەرگیز ئاژەڵیان بەخێونەدەکرد گەلێ کەم بوو. تەنانەت گوندی نیشتەجێی تەواویش مێگەلێکی بچووکی هەبوو – لەوەرِگا بچووکەکانی لادێی رێگەیان نەدەدا زێتر ئاژەڵ راگرن (١٦٧، ٢٤).

کتێبەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی یاریدەمان دەدا بزانین کۆچ و کۆچەرەکان چی جێگایەکیان لە ستروکتورِی ئابووریی کوردستاندا گرتووە، ئەم سەرچاوەیە بەنرخترین زانیاریی تیایە کە تاکو ئێستا لە لێکۆڵینەواندا بەکار نەهاتوون، ئەگەرچی وەرگێرِانەکەی م. ب. رودێنکۆ (بۆ سەر زمانی رووسی – و.) ئەرکی سوود وەرگرتن لە دەقەکە گەلێ ئاسان دەکات.

سۆتسیۆمی کوردی لە لایەن ئەم نووسەرە کوردەوە رێک بەسەر دوو دابەش کراوە: کۆچەری و نیشتەجێیی (١١، ٤٥، ١٥٠ب) مام ناوەنجی، واتە زاراوەی "نیوە کۆچەر" یان "نیوە نیشتەجێ" لەلای ئەم نییە و ئەو باسانەی لێکۆڵەرەوانی بەناوبانگی گیروگرفتەکانی نۆمادیزم سەبارەت بە دیاریکردنی ماوە و بەردەوامبوونی کۆچکردن و هەبوون یان نەبوونی ئاژەڵ بەخێوکردن و کشتوکاڵیی تێکەڵاو (١٤٦، ١٤، ١٥– ١٧٥، ١٢٨– ٢١٠، ٢٨٥ – ٢٩٠) سەرنجی ئەمیان رانەکێشاوە.

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کتێبی "عادات و رسومی اکرادیە" کە باسی کۆچەری کورد دەکات بە "خێم نشین" و "رەوەند" ناویان دەبات، یان بەبێ ناوی تایبەتی ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەمانە لە ناو رەشماڵاندا دەژین: "کوردەکانی ناو رەشماڵان"، لە "کتێب دەربارەی مێژووی نوێی کوردستان" یشدا زێتر زاراوەکانی "کۆچەر" و "خێم نشین" بەکاردەبات (١٠، برگە ٦٣، پەراوێز ئا. د. ژابا، ١٨٤، ١، پەراوێز ١).

بەلای مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە "نیشانە" ی سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی کۆچەر شێوەی ماڵی گوێزراوە (متنقل)، بزووتنەوە و هەبوونی فاکتی بزووتنەوە (کۆچ) ی هەموو ماڵەکەیە. ئەم فاکتەرانە لە هوشیاریی شارستانییەکاندا ئەوەندە توند تێکەڵ ببوون بە بۆچوون دەربارەی رەوشی ئابووری – کولتووریی کوردستان لە دەرەوەی شارەکاندا کە مەلا مەحموود، وەکو هاودژێکی نیشتەجێیان باسی کۆچەر دەکات. ئەنتیتێزی نووسەر "کۆچەر – نیشتەجێ" لەم حاڵەتەدا وا دێتە بەرچاو: "کورد – نشتەجێ" یان "ئەکراد – یارلو" (برگە ب ١٤٩). "ئەکرادان – یارلوان" (١١، برگە، ب ١٥١، ب ١٥٢)، ئەکراد خۆجاخان (١١ برگە ب ١٥).

م. ب. رودێنکۆ لە وەرگێرانی ئەم دەقەی نووسەر بۆسەر زمانی رووسی و ئەو مانا زێدەیەی ئێتنۆنیمی "کورد" تیایدا گەلێ بە وردی وەریگرتووە و کردوویە بە "کوردی کۆچەر" (١١، ٥٣ – ٥٥) و دواتر یان هەر "کۆچەر" بەتەنیا (١١، ٥٤، ٥٥). لەو نموونانەی وەرگێرانەکەدا ئێتنۆنیمی "کورد" لە نیوەی یەکەمی ئەنتیتێزەکە "کۆچەر – نیشتەجێ" دایە. بەڵام لە دەقی کتێبەکەدا گەلێ نموونەی ئەوە هەیە کە ئەم ئێتنۆنیمە بۆ هەردوو بەشەکە بەکارهاتووە: "دانیشتوانی کورد، چ نیشتەجێ و چ کۆچەر، گەلێ رێز لە سەرکردەکانیان دەگرن..." (١١، برگە ٤١ب).

دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە نووسەر ئەوەندە بایەخی بە هەڵبژاردنی زاراوەکانی نەداوە و ئەوانیش کە لە خۆوە لە لاپەڕەکانی کتێبەکەدا هاتوون لە هەمووی بایەخدارترن. لەم رووەوە، بەکارهێنانی ئێتنۆنیمی "کرمانج" بۆ تاقە جارێک لە هەموو کتێبی "عادات و روسومی اکرادیە" دا بە مانای خەڵکی نیشتەجێ و وەکو ئەلتەرناتیڤی ئێتنۆنیمی "کورد" بەمانای "کۆچەر" تابڵێی سەرنج راکێشە. نووسەر لە کاتی بەراوردکردنی جۆری کارکردنی ئافرەتانی هەردوو گرووپەی دانیشتوانی کورد و بەکارهێنانی لەمەدا ئەنتیتێزی ئاسایی خۆی "کورد – نیشتەجێ"، بۆ تاقە جارێک واز لەم خووەی خۆیی دێنێ: "هەموو کاروباری ناوماڵ لای کوردەکان (کۆچەرەکان) ئافرەت پێیان هەڵدەستێ، کەچی ژنانی کرمانجە نیشتەجێکان (بەتەواوی ) بەپێچەوانەی ئەمانن" (١١، برگە ب ١٤٥). لەبەر رۆشنایی ئەم

نموونانە ئەو ناوونیشانە دووروودرێژەی کتێبەکە، کە نووسەر لەسەر بەرگی دەستنووسەکە دایناوە و ئەو مانایە دەدات: "کتێبی رەوشتی خێڵە (کۆچەر) کوردەکان و بنەمای یاسایی لای کرمانجەکان (نیشتەجێکان)" (١١، ٧) – بایەخێکی کۆمەلایەتیی وەردەگرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە نووسەری کوردی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ئەو رەوشەی کوردستانی بەیەک مانا لێکداوەتەوە، سۆتسیۆمی کوردی رێک کردووە بە دوو بەش – کۆچەری و نیشتەجێ، کەچی بەشی زۆری دانیشتوانەکە لە نێوان ئەم دوو پەڕگەی ژیانی ئابووری – کولتووریدا هەڵوێستێکی مام ناوەندییان هەبووە. زۆربەی خەڵکی کوردستانی خوارووی رۆژهەلات کاروباری کشتوکاڵییان لە دۆڵ و بناری شاخەکاندا تێکەڵ بە ئاژەڵ بەخێوکردن کردووە، نەک بڵێی هەر ژیانی نیشتەجێییان بەرێوەبردبێ و ئەوەی گرینگیشە کۆچکردنیان بەماڵەوە بۆ چیا و هەڵدانیان لەوێ لە کەژی دیاریکراودا. ماوەی نێوان هەوارگەکانی کۆچ لە نێوان چەند سەعاتێک تا چەند رۆژە رێیەک دەبوو. کۆچکردنی کەژی هاوین بۆ لەوەڕگاکان (زۆزان) پێوانەیەک بوو بۆ خووڕەوشتی کۆچەرانەی خەڵکی بەشێکی گوندەکانی کوردستان، کە ئەمانیش هەندێ جار بە کۆچەر لە قەڵەم دەدران (١٧١، I، ٥٥٢).

هەموو گوندەکە، یان بەشی هەرە زۆری بەخۆ و بە ئاژەڵەکانیانەوە دەچوونە چیا بۆ لەوەرگاکان. کاتی کاروباری کشتوکاڵیش پیاوەکان دەگەڕانەوە لادێ و زووش دەچوونەوە بۆ هەوارگەکانیان لە سەر چیا. بەگوێرەی زانیارییەکانی ت. م. لیکلام، ر. کیرپۆرتیر و هی تریش، زۆر لە گوندەکانی کوردان تەنیا زستانان خەڵکیان لێ دەبوون (٤٦، IV، ٦٤ – ٤٣، II، ٥٦٤، ٥٦٥). ت. م. لیکلام کە لە رۆژانی ٢ی مانگی ئەیلولدا بە مەریوان تێپەڕیوە لە هەندێ گوندەکاندا تاقە کەسێکیشی نەبینیوە – چونکە هێشتا لە زۆزان نەگەڕابوونەوە. هەمان ئەم جۆرە فاکتە لە پسوولەکانی رۆژانەی ئا. دێ گاردان تۆمارکراوە. بۆ نموونە، لە گوندی ئێمادات لە نزیک موسڵ لە مانگی ئادارەوە کەسی لێ نەبوو و هەموویان "بە مێگەلەکانیانەوە بۆ لەوەڕگا دوور رۆیشتبوون" (٤٢، ١٠١).

بەڕای م. م. ڤان برۆینسون، ئەم جۆرە ئابوورییە تایبەتە بە بان و گردۆڵکەکان و ئەو ناوچانەی نزیک ریزە چیاکانەوە کە هاوینان یەکجار گەرمن و خەڵکەکەش نەک هەر بۆ مالات و لەوەڕگا، بەڵکو بۆ فێنکایش بۆ سەر چیا دەچوون – تەنانەت خەڵکی شارە گەورەکانیش، وەکو جزیرە و ئەمادیە (العمادیە)، هاوینانیان لەسەر چیا بەڕێوە دەبرد و رەشماڵیان لە ژیانی ناو شار پێ خۆشتر بوو (١٦٧، ٢٢ – ٢٥).

ئەم جۆرە کۆچەرییە، لە ئەدەبیاتدا، نیمچە کۆچەری (Transehumance) (١٦٧، ٢٤–

١٩٦، ٢٣٥) و تەنانەت بەئاژەڵ لەوەڕاندنیش ناو دەبرێ. ئەم ناوەی دوایی هەرگیز لە جێگەی خۆیی نییە، چونکە لە حاڵەتی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکاندا، تەنیا شوانیان لەگەڵدا دەبێ و خاوەنیش بەماڵەوە لە جێگەی ژیانی خۆیدا دەمێنێتەوە. لەوەڕاندنی ئاژەڵ شان بەشانی دانانی ئاخوڕ یان نیمچە ئاخوڕ بەشێکی جیانەکراوەی سستێمی ئاژەڵ بەخێوکردنی نیشتەجێیە (١٤٦، ١٥، ١٦– ٩١، ٧٣).

هەبوونی جووتیار و بردنی ئاژەڵ لە کەژی کارکردندا بۆ سەر چیا لە ستروکتوری ئابووریی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا، بەڵگەی ئەوەیە کە، لەم بەشەی وڵاتی کورداندا، لە نێوان شێوازەکانی ژیانی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵیی نیشتەجێیدا سنوورێک نەبووە. ئەوەی مانای "ناوچەی سنووری" ی دادەت لە نێوان کۆچەری کوردی و نیوە کۆچەر یان نیوە نیشتەجێ لە هەموو شتێکدا روون نییە. م. ڤان بروینسون کە رەوشی ئابووری – کولتووریی ناوچە کوردییەکان شی دەکاتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازیی بنەڕەتی لە ئارادا نییە، بەڵام بۆچوونی ئەم سەبارەت بە بارودۆخی ئێستاکەیە، کاتێک خێڵی کۆچەریی تەواو بەدەگمەن ماون (١٦٧. ٢٤، ٢٥).

سەبارەت بە توانای جیاکردنەوەی ئاژەڵ بەخێوکەرانی کۆچەریی "پاک" و دانانیان لە نێو تیپێکی ئابووری – کولتووریی سەربەخۆدا (١١٠، ٩) رای جۆراو جۆر هەیە. وەکو گ. ئێ. مارکۆڤ سەرنجی داوە، تەنانەت زاراوەی مانادار و هاوبەشی وەکو "کۆچەری"، ئاژەڵ بەخێوکردنی "کۆچەری". "نیمچە کۆچەری" ، "نیمچە نیشتەجێی" لەئارادا نین (١١٤. ٩) هەر بە بۆچوونی ئەو، نیشانەی گشتیش نین کە بتوانین بەڕێگەیانەوە ئابووریی کۆچەری و نیوە کۆچەری لێک جیاکەینەوە، جیاوازی لە نێوانیاندا راژەییە و دیارکردنیان لە هەر تاقە ناوچەیە و بەتەنیا دەکرێ (١١٥، ٨٤ – ٨٥). نووسەری کتێبی دەربارەی کۆچەرانی ئاسیا خۆی کۆچەر و نیمچە کۆچەرانیش دەباتەوە سەر تیپی ئابووریی کۆچەری. ئەم رادەی بزووتنەوەی کۆچەر بە ناهەمیشەیی وەردەگرێ و دەیبەستێتەوە بە ژمارەی ئاژەڵ و بەکەژەکەوە: "هەر هەمان گرووپەی ئاژەڵدار، کە شێوازی ئابووریی خۆیی پاراستووە، دەتوانێ لە جێگەی جیاواز و بۆ ماوەی جۆراوجۆر کۆچ بکات" (١١٤، ٩).

ئەم بۆچوونە، سەبارەت بە ناوچە چیاییەکانی کوردستان، هەرگیز لە جێی خۆیی نییە، لە هەلومەرجی چیا بەرزەکاندا و هەبوونی چەند رێچکەیەکی کەم ئەگەر نەڵێین رێگەی لە کۆچکردن گرتووە، ئەوا یەکجار کەمی کردووەتەوە. هەروەها ژمارەی لەوەڕگاکانیش گەلێ کەم بوون ، بەگەواهی م. م. ڤان بروینسون، هەر خێڵێکی کۆچەر دوو یان زۆرزۆر سێ لەوەڕگای چیایی هەیە کە یەک لە دوای یەک بەکاریان دەبات (١٦٧، ٢٤).

کۆچکردنەکە تەنیا لە نێو رووبەرێکی دیاریکراودا نەدەبوو و هەموویان پێکەوە لە هەوارگە – وارێکەوە بۆ ئەویتر چووین، ژمارەی وارەکانیش کەم بوون (وار – کۆمەڵە رەشماڵێک). لە کتێبی مەلا مەحموودی بایەزیدیدا باسی ئەوە کراوە کە وارەکانی بەهاری و پایزی لە شیو و قوژبنی شاردراوە دەبوون و هی هاوینیش – لە لەوەڕگاکانی سەر چیا (زۆزانان) دا و هەوارگەی "واری کۆزی" بایەخێکی تایبەتیی هەبوو و لەوێ بەرهەمەکان ئامادە دەکران (١١، ١٣، ١٥) تێکەڵبوونی رووبەر و کات ئەوەندە توند بوو کە بەڕێگەی وار و زۆزانەکانەوە حسێبی رۆژانی ژیانیان دەکرد (١١، ٤٣).

لە کوردستاندا، دوای زستان لە ٢٠ی ئادار بۆ واری کۆزی دەچوون. واتە لە سەرەتای ساڵی نوێی هەتاوی، بەهەمان شێوەی خێڵی باسێری لە خوارووی ئێران کە ف. بارت وەسفی کردووە (١١، ١٣ ،٨ – ١٦١، ٥)، لەوێ دەمانەوە تا ئەوکاتەی مەڕەکان دەزان ئینجا دەیانگواستەوە بۆ هەوارگەی بەهاری.

وارە – هەوارگەکانی کوردان – تەنیا ئەو جێگە دیاریکراوانە نەبوون بۆ هەڵدانی کۆچەران، بەڵکو دەبوایە بەڕادەیەک لەباربن بۆ دامەزرانی هەوارگەکان تیایاندا. بۆ نموونە، لە واری کۆزیدا بەخێوکەری بەرخۆڵەکان هەبوون و هەروەها ئاخوڕی لێ بوون کە هەر لە ناوەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە (کۆز – واتە ئاخوڕ بۆ ئاژەڵ). وەکو لە دەقی کتێبەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدیدا دەردەکەوێ، هەر وارێک موڵکی کۆمەڵە کۆچەرێکی پێکهاتوو لە ١٠، ٢٠، ٣٠ یان ٤٠ ماڵ بوو. بەقسەی نووسەر، هیچ کەسێک هەرگیز نەیتوانیوە لە وارێکدا هەڵبدات کە هی خۆیی نەبێت یان دەستی بەسەردا بگرێ (١١، ١٣). بێگومان، یاساکانی ژیاری کۆچەری نەیاندەتوانی بۆ توندوتیژی خۆیان بەسەرنەکەنەوە، لەم رووەشەوە ئەوەی بایەخێکی تایبەتیی هەیە ئاماژەکردنی مەلا مەحموودە بۆ روودانی شەڕوپێکدادان لە نێوان کوردە کۆچەرەکان هەر لە سەر وارەکان، نەک لەسەر لەوەڕگا.

گەواهەکانی مەلا مەحموودی بایەزیدی بەتەواوی ژیانی نۆمادەکانی کوردستان نیشان دەدەن وەکو ئەوەی هەمیشە لە بزووتنەوەدابن لە لەوەرگایەکەوە بۆ یەکێکی تر و بەدوای (!) مێگەلەکانیان کەوتبن (بڕوانە – ٨٦، ١٨٩– ٨٥، ٣٥ – ١١٩، ٦) یان تەنانەت پێشیشیان کەوتبن "ئاژەڵ بە پەلەکردنێکی سەیرەوە بەدوایان دەکەوتن" (١٣، II، ١٧٥). ئەم جۆرە وەسفکردنانە، کە بوونەتە ستریۆتیپ و تەنانەت نووسەر و لێکۆڵەرەوەی بەتواناش عەشقیان بووین، لە ڕاستیدا رەوشی کۆچکردن نە لە بەهار و نە لە پایز و تەنانەت نە لە هاویناندا دەرنابڕن. جگە لەوەش، بزووتنەوەی ناوچە نزیکەکان لە خوارووی ئێراندا کە لە هەلومەرجی جوگرافیی وەکو ئەواندا دەژین، یەکجار کەم دەبووەوە و سیمایەکی ناوچەیی

تەسکی وەردەگرت (بڕوانە – ١٦١، ٦).

ژیانی کوردە کۆچەرەکان لە ماوەی مانگەکانی زستاندا هێشتا سەقامگیرتر بوو. هەوارگە زستانییەکان، کە هەندێ جار پێی دەگوترا "وار" (زازاوار «١٨٣، ٤٢٩»)، لە هەمووش زێتر زاراوەی "قیشلاخ"، "قیشلا" ، "قشلە"ی بۆ بەکاردەبرا – (١١، ٨، ٤٦، ١٠٨، ١١٢، ١١٦، ١٤٣– ١٠٣، ٤٧٨) و لە دۆڵی قووڵ و شیواندا دەبوون. مەسەلەی جۆری ژیانی زستـانە، وا دیارە، لە هەر حاڵەتە بەجیاواز چارەسەر دەکرا. لە ناوچە چیاییە دارستانییەکانی خوارووی رۆژئاوای کوردستانی موکریان کۆچەرەکان لە زستاندا لە خانووی ژێر زەمیندا دەژیان یان تەنانەت لەناو کەپرانیشدا، لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتیشدا خانوویان لە خەڵکی نیشتەجێ بەکرێ دەگرت (٦٦، ٢٣٣)، جافە کۆچەرەکان زستانان لە دۆڵەکانی شارەزوور هەر لە ژێر رەشماڵەکانیاندا دەمانەوە.

بە جۆرە، زاراوەی "کۆچەری" لەبەر رۆشنایی رەوشی کوردستان مانای شێوازێکی ژیانی ئابووریی نادات کە هەمیشە لە بزووتنەوە دابێت. مەسەلەکە باسی ژیان و بەڕێوەبردنی ئابوورییە لە هەلومەرجی رەشماڵیدا و مەبەست لە کۆچکردنی وەکو "بزووتنەوە"، لە ڕاستیدا، گواستنەوەیە لە کۆمەڵە رەشماڵێکەوە بۆ یەکێکی تر و لێرەشدا ژمارەی ئەم هەوارگانەش گەلێک کەم بووین.

زاراوەکانی "کۆچێڤنیک" و "کۆچەر" لە زمانانی رووسی و کوردیدا لە بنەڕەتدا یەک رەگی هاوبەشیان هەیە و دەچنەوە سەر "کۆچ" یان "گواستنەوە". بۆیە زاراوە تەقلیدییەکانی "کۆچەر" و "کۆچەری"، بەهەموو جیاوازییەکی سیمانتیکیی ئێستاکەیانەوە، لەوانی تر کە تازە داهاتوون نزیکترن لە سەرچاوەکانی ئەو دیاردەیەی دیراسەی دەکەین و ناوەڕۆکەکەی زێتر و راستتر دەخەنە ڕوو. هەوڵدان بۆ گۆڕینیان و داهێنانی زاراوەی تری، بۆ نموونە، وەکو "دانیشتوانی نا نیشتەجێ" یان شێوەی ژیانی "بزوێن" سەرکەوتن بە دەست ناهێنن.

پێناسەکردن نابێت تەنیا لە نکۆڵی کردنەوە پێکهاتبێ، دە هەر پێویست بە گەڕان ناکات بە دوای زاراوە و مانای تازەدا، بەڵکو ئەرک بریتییە لە تەواو روونکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەوانەی ئیتر بووین بە تەقلیدی.

سەبارەت بە لێکدانەوەی کۆچەریش وەکو بزووتنەوەی هەمیشەیی بە دوای مێگەلەکانەوە بۆ دۆزینەوەی لەوەڕگای تازە، ئەوا ئەم جۆرە بزووتنەوەیەمان لای ئاژەڵ بەخێوکەرە – نۆمادە "خاوێنە" کانی ئەفغانستانی رۆژهەڵاتیشی بەدی نەکردووە. کە ماوەی کۆچکردنەکەیان لە هەزار (کم) تێدەپەڕی.

کۆچەرە ئەفغانییەکان لە نێو رووبەری لەوەڕگاکانی زستانیاندا هەوارگەی گەلێ

فراوانیان هەیە و هاوینانیش هەر گرووپە خێزانی کۆچەرە و دەچێتەوە جێگەی تایبەتیی خۆی و لێی هەڵدەدا. نۆمادەکان، شان بە شانی هەوارگەی زستانی و هاوینی، ڕێگەی هەمیشەیی کۆچکردنیان هەیە کە بە هاوین و پایزاندا پێیدا تێدەپەڕن و دەچن بۆ هەوارگە تەقلیدییەکانی خۆیان. جگە لەوە، نۆمادەکانی ئەفغانستانی ڕۆژهەلات، بەبۆچوونی لێکۆڵەرەوەی بەلجیکی ک. فردیناند، بە بەراورد لەگەڵ کۆچەرەکانی خوارووی ئێران کە ف. بارت باسی کردوون، لە هەموو کاتێکی ساڵدا بایەخێکی زیاتر بە هەوارگە و قۆناخی هەمیشەیی دەدەن (١٧٥، ١٣٣ – ١٣٥).

ف. بارت گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی (ک. فردیناندیش بۆچوونی ئەو لەبەر ڕۆشنایی ئەفغانستانی ڕۆژهەلات جەخت دەکاتەوە) کە خێڵێکی کۆچەری فارسی ڕێچکەی کۆچکردنی خۆیی هەبوو (عێل راه) و تیایدا هەموو ئەو جێگەیانە دیاریکراو بوون کە خێڵەکە لەکاتی جیاوازی ساڵدا لێیان دەوەستا و بە موڵکی خۆیی دەزانین (١٦١، ٥)، ئەگەر چی ڕێگە لە کۆمەلانی خێڵی تریش نەگیرابوو لە کاتی تردا پێیدا تێپەڕن.

لە کوردستاندا مافی هەبوونی وار و هەوارگە، مافی هەبوونی لەوەڕگاشی لەگەڵ دابوو، جا لەوەڕگاکە بەخشرابێ یان بەزۆرەملێ دەستی بەسەردا گیرابێ و هەروەها ڕێگەشی بۆ دابین دەکرا کە دەیتوانی سنووری سیاسیش ببڕێ. مافی پەڕینەوەی خێڵی کۆچەری جاف لە سنووری ئێرانی – تورکی، بەقسەی قونسولی رووسی لە بەغدا ئا. ئا. ئورلۆڤ، بەبێ دەنگی (!) لەلایەن لێژنەی دانانی سنوورەوە دانی پیانرابوو (٢٢، ٣٦٧). ترادیسیا مافی کۆچەرانی دیاری کردبوو. بەلام لە هەلومەرجی سیاسیی ئەردەلان و باباندا وەکو دوو میرنیشینیی پەرگە (ئاقار) کۆمەلانی خێڵی کۆچەر، بۆ داکۆکیکردن لە مافی خۆیان سەبارەت بە "عێل راه" دەبوایە هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەباشی دابن بۆ شەڕ.

بەم جۆرە، رووبەری کۆچکردن لە کوردستاندا ماوەیەکی چەسپاو و هەمیشەیی هەبوو و کیلۆمەتر و ڕۆژەڕێ بەرێکوپێکی حسێب دەکران. رووبەر و ڕێگەی کۆچکردنی دەشتایی، کە پێی دەگوترێ مێریدیان(*) هاوینان مێگەلەکان بۆ سەروو و زستانانیش بۆ خواروو دەبران، ڕەنگە بەو ڕێکوپێکییە نەبووبێ، بەلام ئەمانیش چەسپاو و هەمیشەیی بوون. ڕێکخەری ئەمەش ڕەوشتی بە میرات ماوەی لەوەڕگاکان بۆ بنەماڵە و خێڵەکان بوو و هەروەها یاساکانی کۆچەریش کە لە ماوەی چەندین سەدەدا دامەزرابوو (١٤٩، ٥٦).

م. ب. ڕۆوتۆن، کە نۆماد و نیمچە نۆماد لێک جیاناکاتەوە، نکۆڵی لە هەبوونی فاکتی کۆچکردن دەکات. بەڕای ئەم زانا ئەمریکاییە، نۆمادیزمی "داخراو" enclosed لە ئاسیای

(*) مێریدیانی: خط الزوال، خط نصف النهار (خط الطول) ـ و.

ڕۆژئاوادا، بەجیاوازیی لە نۆمادیزمی "ئازاد" exclosed لە ئاسیای ناوەڕاست، وەکو چۆن خەڵکی لادێی دەگرتە خۆ کە لە دەشت و لەوەڕگاکانی چیایی تەنیا چەند مانگێک دەمانەوە، ئاواش کۆچەرەکانی کە بە درێژایی ساڵ لە ژێر رەشماڵەکانیاندا دەبوون دەبنە هۆکاری جیاکەرەوەش بۆ بەکۆچەر لە قەڵەمدان. هەبوونی فاکتی کۆچکردنەکە، بەڕای م. ب. ڕۆوتۆن، بایەخی تەنیا بۆ مێژوونووس هەیە (٢٠٢، ٢٥١، ٢٥٢).

ئەگەر لە رووی فراوانییەوە سەیری نۆمادیزمی م. ب. ڕۆوتۆن بکەین، ئەوا ئەم جۆرە بۆچوونە ڕێی تێدەچێ. نیشانەی سەرەکی بۆ کوردێکی وەکو مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە بەلای ئەوەوە بەرامبەر بە یەک بوونەوەی کۆمەڵانی کۆچەری و نیشتەجێی وەکو بلێی لە ناوەوەیە، هەبوون یان نەبوونی فاکتی کۆچکردنە. لە کۆچدا شێوازی ژیانی خەڵکی نیمچە نیشتەجێ "کتومت وەکو هی خێڵی کۆچەری راستەقینە وابوو" (١٣، II، ١٥٧).

بەڕای م. ب. ڕۆوتۆن، کۆچ تەنیا ئەو کاتە نەدەبوو بە نیشانەی نۆمادیزم، کاتێک شوانی پڕۆفشیۆناڵ ئاژەڵی خەڵکی نیشتەجێیان دەلەوەڕاند. بەڵام لەم حاڵەتەدا، کە باسی ئاژەڵی موڵکی خەڵکی نیشتەجێ دەکرێ، ئەوا کۆچکردن بە هەموو مانای ئەم وشەیەوە جێگەی لێرەدا نابێتەوە و فاکتی کۆچکردن بزرە. لە رەوشێکی وادا، ئێمە جۆرێکی لەوەڕاندنی ئاژەڵمان بەدەستەوەیە کە ئەویش فۆرمێکی سستێمی ئابووریی نیشتەجێیە (بڕوانە – ٩١، ٧٣ – ١٤٦، ١٥، ١٦).

شوانە کوردەکانیش، ئەوانەی مێگەلی خێڵە کۆچەرەکانیان دەلەوەڕاند، نابێ بڵێین پسپۆر نەبوون. تەنیا خێزانە هەرە هەژارەکان بە خۆیان، بەبێ شوانی پسپۆر (پڕۆفیشیۆنال)، مەڕەکانیان دەلەوەڕاندن. پیاوانی خێڵ، ئەوانەی ڕێزی خۆیان گرتبایە، ئەرکی سەرەکیی خۆیان بەشەڕکردن دەزانی بۆ داکۆکیکردن لە خەڵک و ئاژەڵ لە مەترسی بەسەردادان. لە بەر ئەوە شوانیان، وەکو رەوشتێکی تەقلیدی، لە خەڵکی هەژاری خێڵ یان هی دەرەوە بەکرێ دەگرتن (هەر شوانێک بۆ ٥٠٠ سەرە مەڕ) (١٦٢، ٣٩ –٤٠).

لە دیراسەکردنی ژیانی ئابووریی ناوچەیەکی دیاریکراودا، نابێ لەوەوە دەست پێ بکەین کە فاکتی کۆچکردنی کەژی لە ئارادایە و ئەویش بکەین بە فاکتێکی رەها (مطلق). ئەم جۆرە رەهاکردنە بووە بە مایەی دروستبوونی ستریۆتیپێک لە دەستنیشانکردنی ستروکتوری کۆمەڵایەتی – ئابووریی کوردستان و پێداگرتن لەسەر مۆنۆپۆلیا (احتکار)ی ئاژەڵ بەخێوکردن لای کوردان. لەم روانگەیەوە گەلێ توێژاڵی دانیشتوانی کوردستانیان بردوونەتەوە سەر ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری، کە لەڕاستیدا شان بەشانی کۆچکردنی کەژی کشتوکاڵیان کردووە. ئەمانە بەشێکی کەمی کاتی خۆیانیان لە کۆچدا بەسەر

بردووه، ئەویش دوای ئەوەی هەموو کاروبارێکی پێویست بۆ کشتوکاڵییان ئەنجامداوە، واتە ئەمانە کۆچەریش و نیشتەجێش بووین و هەریەکەو بە نیوە (بڕوانە - ٢٢، ١٩٣).

ک. فردیناند، پسپۆری نۆمادیزمی ئەفغانستان، لە نێو قەوارەی ئەم شێوازە ئابوورییەدا تەنانەت نیمچە نۆماد و نیمچە نیشتەجێش لێک جیادەکاتەوە. وەکو خۆی چاودێریی کردووە، نیمچە نۆمادەکان، پێش ئەوەی بکەونە ڕێ بۆ کۆچ، لە هەوارگەی جێنیشینانیدا دەغڵیان تۆدەکرد و ئەمانە هەموو ساڵەکە لە ژێر چادراندا دەبوون. ئەمانە دەبوو لە گوندانیش ژیابان، بەلام ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵی لە ژیانی ئابوورییاندا نیوە بە نیوە بوو. نیمچە نیشتەجێکان تەنیا لە کەژێکی ساڵدا گوندیان، کە کشتوکاڵیان لێ کردبوو، بەجێ دەهێشت (١٧٥، ١٢٨، ١٢٩).

ڕەوشی کوردستانیش، بێگومان، لەوە دەچوو و چالاکیی ئابووریی هەردوولایەن، کۆچەری و نیشتەجێی، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا و لە هەندێ قۆناخی دیاریکراودا لای یەکێک لەم لایەنانە تێکەڵاو بووە. نووسەرانی هەندێ کتێب لەسەر کوردان، ئەمانیش نیمچە کۆچەر و نیمچە نیشتەجێ، تەنانەت لە ناوچەیەکی بە ڕاژە بچووکیشدا، لێک جیادەکەنەوە (٦٦، ٢٢٥، ٢٢٧، ٢٣٦). بەلام لە دەقی ئەم کتێبەدا لێک دابڕاندنی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵیی نیشتەجێی، وەکو دوو شێوازە ڕێکخراوەی ئەو پەرگری ژیانی ئابووری، ئەو بایەخەی نییە.

لەگەڵ ئەو هەموو گیروگرفتانەشدا سەبارەت بە کۆچەرانی کورد و لە کاتێکدا دان بەتایبەتمەندیی گومان لێ نەکراوی کۆچکردن دادەنێین لە کوردستاندا و دەوری گەورەی ژیانیان لە هەوارگە کەژییەکاندا و پێوەلکانی تەواوی کۆمەلانی کۆچەری بەم هەوارگانەوە، کەچی لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلات، لە نێو رووبەرەکانی ئەردەلان و باباندا، دەکرێ ئاژەڵ بەخێوکەرە کۆچەرەکان وەکو تیپێکی ئابووری - کولتووریی سەربەخۆ و دیار جیابکەینەوە.

کەلهوڕ، بڵباس، یەکێتی خێڵەتیی گەورەی جاف و هەروەها خێڵی ماندوم، گالباگی (کەلباخی - و) و هی تر، تاکۆتایی فەرمانڕەوایەتیی هەردوو بنەماڵە (مەبەست ئەردەلان و بابانە - و) ژیانی کۆچەرییان بەسەر دەبرد و مێگەلی گەورەی ئاژەڵیان هەبوون - کەمترین ژمارەی سەرە ئاژەڵ کە پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی کۆچەری وەکو ف، پارت دیاری کردووە ٦٠ تا ١٠٠ مەڕ و بزنە (١٦١، ١٦، ١٧) و م. م. ڤان برۆینسونیش ١٠٠ سەری داناوە (١٦٧، ٢٥). ماوەی کۆچکردنیش نەک بە سەعات، بەڵکو بە مانگەڕێ دەژمێردرا و بەسەدان کیلۆمەتریش. بۆ نموونە، هاوینە هەواری جافەکان لەسەر چیا

بەرزەکان ٢٥٠ کیلۆمەتر دوور بوو لە جێگەی زستانانیان لە دەشتایی (١٦٢، ٣٥). دەبێ ئەوەش بڵێین کە کوردە کۆچەرەکان، هەروەکو ئاژەڵ بەخێوکەرە – ماڵدارەکانی ئەفغانیش کە ماوەی نێوان هاوینە هەوار و جێگەی زستانەیان زێتر لە ٥٠٠ کیلۆمەتر دەبوو، زۆربەی زۆریان ڕێگەکەیان بەپێ دەبڕی (١٧٥، ١٣٣، ١٣٤).

لە ناو کۆچەرانی راستەقینەدا، کاروباری کشتوکاڵی دەگمەن بوو و ئابوورییەکە سیمای ئاژەڵ بەخێوکردنێکی تەواوی وەرگرتبوو. کۆچەر، وەکوم. ڤان برویسنسون سەرنجی داوە، ئەگەر بەزەبری هێز نەبوایە بۆ ئاستی کشتوکاڵی دانەدەبەزین (١٦٧، ٢٥). گەواهی گەلێ نووسەر لەسەر تەماشاکردنی کشتوکاڵی بەچاوێکی کەم لەلایەن کۆچەرانەوە بۆچوونی ئەم زانا هۆڵەندییە دەسەلمێنن (بڕوانە – ١٢٥، ١٥٠– ١٥١ – ١٤٦، ١٨ – ١٥٤، ١٠٢). کۆچەرە جەنگاوەرەکان کە ناچاردەکران نیشتەجێ بن و کاری کشتوکاڵی بکەن، ئەمەیان بەکەمکردنەوە لە نرخ و بایەخی خۆیان دەزانی. خاوەن و مێوان پەروەری گوندێکی کوردستانی خواروو کە مێوانیی ج. ب. فرێزەری کردبوو و خێڵەکەی ناچاری نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵیی کردن کرابوو، ئەم بە کەم تەماشاکردنەی کشتوکاڵیی جوان دەربڕیوە: "رۆژانی زێڕینی کوردستان بەسەرچوون... (ئەو) هێز و بریقەی روح لە کوێ دەبینیتەوە؟ هەموو سواری چاک و جەنگاوەرە ئازاکان تیاچوون .. یان بەزۆرەملێ خراونەتە بەر گاسن... جا ئەمە چۆن جەنگاوەرێک دەبێت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت دەستی بە گاسن کەوتبێ؟" (٤١، I، ١٩١).

سنووری واقیعی کە کۆمەڵگای کۆچەری لە هی نیشتەجێیی جیادەکاتەوە و بەزەقی لەوەوە دەست پێدەکات کە هەردوولا بەرەو ڕووبوونەوەی یەکدی قەبووڵ دەکەن، ئەو سنوورە خۆی لەو بەکەم تەماشاکردنەی نۆمادی راستەقینە بۆ کاری کشتوکاڵی دەنوێنێ (١١، ٥٢ – ٥٥). لە ئەنجامدا نیمچە کۆچەرەکان، کە ئابووریی کشتوکاڵی – ئاژەڵ بەخێوکردنی تێکەڵیان بەڕێوە دەبرد، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە جووتیارە نیشتەجێکان نزیک دەبوونەوە، نەک لە ئاژەڵ بەخێوکەرە کۆچەرەکان. ک. ک. کوردۆیڤ، کە زانیاریی بە نرخی لەسەر ئەم بابەتە بۆ نووسەری ئەم دێرانە دەربڕیوە، زۆر توند هەستی بەو رەهەندە (بعد) کۆمەڵایەتییە دەکرد کە نیمچە کۆچەری لە کۆچەری راستەقینە جیا دەکردەوە.

سیما گرینگەکانی کۆچەران: ژمارەیەکی زۆری سەرە ئاژەڵ، ماوە و مەودای کۆچکردنە، بەڵام فاکتەری یەکالاکەرەوەش ئاستی رێکخراوی کۆمەڵایەتییە. بەڕێوەبردنی ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری گەلێ توند بەستروکتوری خێڵەتیی کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە و بەبێ ئەو ژیان و ئابووریی کۆچەری مانەوەیان نابێ. هەموو پێوەندییەکانی ئابووری،

کۆمەڵایەتی. ئیداری، جەنگی و ئیدیۆلۆگی کە کۆمەڵگای کۆچەرییان پتەودەکرد، لە ناو خێڵدا یەکیان گرتبوو. ڕێکخستنی پرۆسەکانی کارکردن و هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی بەناو خێڵ و بە شەکانیدا تێدەپەڕین.

ئاڵقەی سەرەکی لەم زنجیرە ستروکتورییەدا بەشەکانی خێڵ بوون کە خاوەنی لەوەڕگاکان بوون و هەموویان پێکەوە ئاژەڵی خۆیانیان دەلەوەڕاند – ئەمانە لە کاری کوردناسە سۆڤیەتییەکاندا ناوی کۆمەڵانی کۆچەریان وەرگرتووە (ف. بارت) ناویان دەنێ " camp groups" یان " herding units" (بڕوانە ١٦١، ١١، ٤٩). ئەم کۆمەڵانە لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا ناوی جیاوازیان دەبوو؛ لای جافەکان، ئەو بەشەی خێڵ کە لەوەڕگای هەبوو پێی دەگوترا "تیرە"، کۆمەڵەی کۆچەریش – "خەلەم". لە کتێبی مەلا مەحموودی بایەزیدی زاراوەی "بارِ" بۆ لقێکی خێڵ بەکارهاتووە و "زۆما" ش (بڕوانە – ١١، بڕگە ب٩، ب١٨ – ب٢٠، ب١١٨، ب١٦٣) – بۆ کۆمەڵانی کۆچەر. کە هەر وەکو دەتوانین لەم دەقە وەرگێڕدراوەوە تێبگەین هەرگیز یەک ناگرنەوە: "بارِ لە چەند خێزانێکەوە پێکهاتووە و (لە کۆچکردندا لە یەک وار دەبن) پێکەوە دەبن پێی دەگوترێ زۆما. ناوی بارِ و کۆمەڵەی (کۆچەر) بەناوی ئاغا یان کوێخاکەیانەوە دەبێ، جا. ئەگەر ناوی (ئاغا یان کوێخا) عەلۆ یان حەسۆ بێت، ئەوا زۆماکەش پێی دەگوترێ زۆمای عەلۆ یان زۆمای حەسۆ" (١١، ١٣، ٩).

زاراوەکانی "بارِ" و "زۆما" لە ڕووی ماناوە یەک ناگرنەوە و لە لایەنی سیمانتیکی ئەو پارچەیەی دەقی نووسەر ڕەنگبێ مانایەکی تریش بدات: "ئەو ماڵانەی لە یەک بارِ دان و لە هەوارگەیەکدا پێکەوە دەبن پێیان دەگوترێ زۆما. کێ ئاغای ئەم بارەیە یان کوێخای ئەو کۆمەڵەیەیە، بۆ نموونە، عەلۆ یان حەسۆ، زۆماکە بەناوی ئەو دەکرێ: زۆمای عەلۆ و زۆمای حەسۆ"[٢] "زۆما" زاراوەیەکی یەکجار فراوانە. هەروەها زاراوەی "ماڵ"[٣] و مانای ئەو خێزانانەی دەدا کە کۆمەڵەکەیان پێکدەهێنا، لە هەندێ حاڵەتدا مانای کۆمەڵایەتیی دیاری هەیە و لە ناو کۆمەڵەکەدایە (١١، ١٧ بڕگە ب٢٠). لە هی تریشدا ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ ئەو ڕووبەرە دایە کە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتیش بێ. "دەکەوێتە ناو زۆماکەوە و پێکەوە دەبن[٤]" (١١، ٣٣ بڕگە ب ٧٢).

(٢) بەم جۆرە کە ناوی کۆمەڵە کۆچەرەکەیان دەنا. ئاماژەیان بۆ ناوی ئەو ئاغا یان کوێخایە دەکرد کە خاوەنی کۆمەڵەکەیە.

(٣) لای جافەکان لە کوردستانی خواروودا زاراوەی "هۆز" لە برەودایە. لە هەمووش زیاتر، وشەی "چادر" (یان ڕەشماڵ ـ و) کە مانای خێزانی کۆچەری دەدا و هەموو سەروەتی ئەم خێزانەش ئاژەڵە ـ جێگەی ئەم دوو زاراوەیەی گرتووەتەوە (بڕوانە ١٦١، ١١، ١٤ ـ ٤١، I، ١٦٧ـ ٤٨، ٢٨٣).

(٤) لە دەقەکەدا شێوەی کۆ بەکار هاتووە.

واره – هەوارگـەکـان هـی کـۆمـەڵە کـۆچەرەکـان بـوون (بڕوانـە – ١١، ١٣) و ئەوەش ناچارمان دەکات گومان لەوە بکەین کە هێزێکی ڕێکخەر لەناو توخمەکانی ئەم کۆمەڵانەدا هەبێت. وا دەردەکەوێت کە سـیماکـانی کۆمـەڵانی کۆچەر وەکـو کۆبوونەوەیەکی کـاتی و بەئارەزووی خۆیان، دەیانتـوانی هەموو سـاڵێک. بە ڕەچاوکردنی تاقە مـەبدەئی ئینتیمـا بۆ بەشـێکی خـێڵ، توخمـەکانـی ئەم کۆبـوونەوەیە بگۆڕن (١١، ١٣– پەراوێزی ٢٢– ٨٧، ١٤٣– ١٦٢، ٣٩)، ئەوەش لەگـەڵ ئەو ڕەوشـەی مـەلا مـەحـمـوودی بایـەزیدی وەسـفی کـردووە یەک ناگرنەوە. لەم وەسفەی ئەمدا راو بۆچوونی ف. بـارت یش جێگەی نابێتەوە سەبارەت بەوەی کە کـۆمـەڵانی کـۆچەری – خـێڵـەکان، لە ناو رووبـەری لەوەڕگاکاندا دەیـانتـوانی جـێگە بۆ ژیانیان تەرخان بکەن.

بۆیە هەبوونی مـاف، کە بێگومـان ئەو مـافە هەبووە، بـۆ خـێزانە – مـاڵەکان یان گـروپە "ماڵەکان" کە لە حاڵەتی شەڕ و پێکداداندا بچنە ناو کۆمەڵانی ترەوە، ئەوا بەجێهێنانی ئەم مافـە لە پراکتیکدا، وەکو بڵێی، سنووردار بووە. لە کتێبەکەی مەلا مـەحمـوودی بایەزیدیدا تەنانەت باسـی ئەوەش کراوە کە ١٠ – ١٥ مـاڵی هەژار بەگەڵ هـەر زۆمایەک دەخـران و لای دەوڵەمەندەکان دەبوون (١١، ٥٨، بڕگە ب ١٦٧، ب ١٦٨). لە ئەنجامدا، ئەوەش لە سـەرچاوە و ئەدەبیـاتدا بەدی دەکـرێ کـە جـیـاوازییـەک نیـیـە لە نێـوان زاراوەکـانـی "وار" و "زۆمـا"، "هەوارگـە – ئۆردوگـا" و "کـۆمـەڵەی کـۆچەری" دا و ئەمـانە تـەنانەت هـاومـاناشن (٤٥، I، ٢١٤– ٨٦، ١٩٣، ١٦١، ٢٥).

هەلومـەرجی ئابووری ژمـارەی کـۆمـەڵەی کـۆچەری، ئاژەڵ و لەوەڕگـاکـانی دیاریدەکـرد. خێڵی(*) جافـەکان ٢٠ – ٣٠ ڕەشمـاڵ دەبوون (١٦٢، ٣٨)، بەگوێرەی زانیارییـەکانی ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی، ژمارەی مـام ناوەنجیی هەر کۆمەڵەیەک لە ٨ – ١٥ مـاڵ دەبوو، ئەگەر چی هەندێکیـان دەگەیشـتنە ٢٠ – ٢٥ مـاڵ (٨٧، ١٤٣)، م.م. ڤان بڕوینسـون ژمـارەی ٢٥ – ٣٠ ڕەشمـاڵی هێناوەتەوە (١٦٧، ٤٥). بۆ بەراوردیش دەڵێین کە لای بەختیارییـەکان کۆچەر لە لەوەڕگای هـاوینی و زستانییاندا هـەر کۆمەڵەیە ٥ – ١٠ ماڵ دەبوون و ٣ – ٥ کیلۆمەتر لێک دوور دەبوون، ژمارەی مێگەلەکانیشیان لە ٣٠٠ – ٥٠٠ سـەر دەبوون و یەک یان دوو شوان دەیانلەوەڕاندن (١٥٤، ١٠٤).

لە کاتی کۆچکردندا کۆمەڵە کۆچەرییـەکان یەکیان دەگرت، بزووتنەوە بـەرەو لەوەڕگاکانی

(*) نووسـەر خۆی وشـەی "خێڵ"ی بەکارهێناوە و لەمـەشدا مـەبەستی بەشـێکی عـەشیرەتە کە ئێمە وشـەی "هۆز" بۆ ئەمـەی دوایی بەکاردێنین، بەلای نووسـەرەوە، وەکـو دواتر دەردەکەوێ. زاراوەکـانی "زۆمـا" و "هۆبە" و "خێڵ" ـ هاومانان، وەرگێڕ.

هاوینی و گەڕانەوەیان لە سەر ئاستی خێڵ یان بەشێکی خێڵدا دەبوو. ئەمەش هەرگیز ئەوە ناگەینێ کەوا خێڵ بەبێ کۆچ و کۆچکردن وجوودی نەبوو. چونکە خێڵی نیشتەجێش هەبوون، بەڵام پێوەندییە خێڵەکانی ئەمانە بەرەو لەناوچوون بوون و وەکو رابردوو سەیری ئەو سەردەمەیان دەکرد کە خێڵەکە ژیانی کۆچەریی بەڕێوە بردووە.

ئابووریی کشتوکاڵی بەسستێمی حوکمەوە بەسترابووەوە، بە ملکەچبوون، بەحوکمڕانی و کۆنترۆڵەوە لەسەر ئاستی گوند. دانیشتوانی گوند، تەنانەت لە ئەنجامدانی کۆچکردنی کەژیشیان بۆ لەوەڕگا چیاییە نزیکەکان، هەموو کاروباری کشتوکاڵییان جێبەجێ دەکرد بەبێ ئەوەی بیر لە پەیوەنداریەتیی خێڵەتیی خۆیان بکەنەوە. ڕێکخستنی چالاکیی ئابووری و ژیانی کۆمەلاّتییان بەخۆیان و لەسەر ئاستی گوندەکە جێبەجێ دەکرا. هەموو خەڵکی گوند پێکەوە بڕیاریان لەسەر مەسەلە گرینگەکان دەدا – سەبارەت بەکۆچکردنی ساڵانە و گەڕانەوەیان و هەروەها سەریمۆنیا ئاینییەکانیان ئەنجام دەدا. هەر گوندێک، لە حاڵەتی شەڕ و پێکداداندا، دەبوایە ١٠ – ١٥ سوار ئامادە بکات (١٣٢، ٥٣). لە سەر ئاستی هەموو گوندەکە باجی دیاریکراو لە جووتیارەکان وەردەگیرا، هەروەها فەرز و ئەرکی فیۆدالیشیان لەسەر دەبوو.

بەم جۆرە، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە یەکبوون (ئینتگراتسیا)ی کۆمەلاّیەتی لای جووتیاری نیشتەجێ و نیمچە کۆچەرەکان لەسەر ئاستی گوند دەبوو. لە کاتێکدا کۆچەرەکان وەکو کۆمەڵەی ئۆتۆنۆمی بەشێوەی خێڵ کۆدەبوونەوە. گوند، یان کۆمەڵەی لادێی و زۆما (= هۆبە = خێڵ) وەکو کۆمەڵەی کۆچەری، وەکو ئەلتەرناتیڤێکی بنچینەیی بۆ ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵیی نیشتەجێ و نیمچە نیشتەجێ خۆیان دەنواند. ئەوەش لە دەقی کتێبەکەی مەلا مەحمودی بایەزیدیدا بەڕوونی دەردەکەوێ: "ئەگەو تاعون لە گوند یان زۆمایەکدا بلاّو بووەوە، ئەوا کەس بۆ ئەوێ ناچێ" (١١، ٢١برگە ب ٣١). لێرەدا، جیابوونەوە و بەرامبەر یەک وەستانی کۆمەڵەکانی نیشتەجێ و کۆچەری لە کوردستاندا لەسەر ئاستی شێوەکانی خێڵەتی و لادێی یەکبوونی کۆمەلاّیەتی دەستی پێدەکرد کە ڕەگەکانی ئەو یەکبوونە بۆ ڕابردوویەکی دوور دەچوونەوە و لە سایکۆلۆژیای کۆمەلاّیەتیدا چەسپیوە و لە بەرهەمەکانی مێژوونووسانی کورددا تۆمارکراوە.

مەلا مەحموود بایەزیدی، شەرەفخانی بەتلیسی، خرونیکانووسانی ئەردەلانی دانیشتوانی ناوچە کوردییەکانیان ڕێک بەسەر نیشتەجێ و کۆچەریدا بەشیوەتەوە. مەلا محمودی بایەزیدی، کە بەرهەمەکەی خۆیی بەکوردی نووسیوە، وەکو پێشتر باسی کراوە، گەلێ زاراوەی بەکارهێناوە، لەمانە: "خێم نشین" ، "رەوەند" و "کۆچەر" – بۆ

کـۆچـەران، "یارلو" و "خـۆجـاخ"یش  بۆ نیـشـتـەجـێکان. شـەرەفـخـانی بـەتلیـسی و مـێـژوونووسـانی ئەردەڵانی، کـە بە فـارسی نووسـیـویانە، دوو زاراوەیان بەکـاربردووە": "رەعـیـەت" و "عـێـلات". لـەوە دەچێ، وشـەی "رەعـیـەت" یان بۆ خـەڵکی گـوند دانابـێ بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی ئەمانە هاوینان لە جێگەی خۆیاندا دەمانەوە یان بۆ سەر چیا کۆچیان دەکرد(٥). کۆچەر، یان کوردە عەشیرەتیەکانیشیان، کە لە ناو خێڵدا یەکیان گرتبوو، بە عێلات ناو بردووە (عێل – تورکییە و عەشرەت – عەرەبی).

بەڵام ئەم دوو کۆمەڵگایە کە، وەکو مەلا مەحمـوودی بایەزیدی نیشانی داوە (١١، ٥٢ – ٥٥)، هەروەها بڕوانە (١٠)، وا بەزەقی لە بەرامبەر یەک قووت بوونەتەوە، تەنیا لە ڕوانگەی خەڵکی شارەوە ڕێی تێ دەچێ کە نووسەری "عادات و رسومی اکرادیە" یەکێکە لەوان. لە ژیانی واقیعیی کوردستاندا، نە ئابووریی تێکەلاوی نیمچە کۆچەری، نە ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و نە کشتوکاڵی ئەوەندە دوورە پەرێز و ئەو چالاکییە ئابوورییە نەبزێوە نەبووین. وەکو لـە سـەرەوەدا ئامـاژەی بۆ کـراوە، کـۆچەری و نیشـتـەجـێیی لە ناوچەی کـوردسـتـانی خوارووی رۆژهەلاتدا توند بەیەکەوە بەسترابوونەوە و پشتیان بەیەکەوە بەستبوو.

پێوەندیی نێوان نۆماد و نیشتەجێ، لە ئەدەبیات و سەرچاوەکاندا، کە زانیارییان لەمەڕ کوردە کۆچەرەکان تیادا هەیە، ڕەنگی نەداوەتەوە. تەنیا خاڵە جیاکەرەوەکانی نێوانیان سـەرنجـراکـێش بـووین – هـەرچی تەگـەرە هەیە خـراوەتە نێـوان نۆمـاد و جـووتیـارانی کوردسـتـانەوە، تەگەرەی بابەتی توێژاڵی، ئێتنیکی و تەنانەت ڕەگەزیش Race. زۆر جاران نکۆلییان لەوە کردووە کە نیشتەجێکان بەشێک بن لە ئێتنوسی کوردی (بڕوانە ١٦٠، ١٥– ١٧) و لە هەمـان کـاتیـشدا وەکـو ڕەگـەزێکی نزم و بە چاوێکی کـەم تەمـاشـا کـراون. ئەم بۆچوونەی ک. ج. ریچ وەکو نموونە دەهێنینەوە: "من ماوەیەکی درێژ بوو گومانم لەوە دەکرد و ئێستاکەش رای چەند ناودارترین کەسم بە دەستەوەیە کە جووتیارەکان لە کوردستاندا بە تەواوی لە ڕەگەزی خێڵە (کۆچەر)ە کانەوە جیاوازن. لە کاتێکدا جووتیار هەرگیز نابێت بە جـەنگاوەر... هەمـوو کـەسـێک ئـەوە دەزانـێ کـە دەکـرێ بە دەمـوچاو و بـەزمـان یەکـسـەر جـووتیـار لە خـێـڵـەکی (ترایبس مین)ی راسـتـەقـینە جیـا بکرێتـەوە و بۆ ئەو کـەسـە گـەلێ زەحمەتە یەکێکی ڕەگەزی نەجیبزادەتر لە خێڵەکیی بدۆزێتەوە" (٥١، ت، ٨٨).

ئەم قسـانەی ک. ج. ریچ، کە وەکو بەڵگەیەکی سەلمێنەر تاکو ئێستاش هەر دەهێنرێتەوە،

---

(٥) بەڵگەی راسـتـیی ئەم بۆچوونە لەناو دەقی کـتـێبـەکـەی مـەلا مـەحـمـوودی بایـەزیدیدا دەدۆزینەوە  کـە زاراوەی "گوندی" (لە وشـەی کوردییەوە "گوند") هێناوەتەوەو لەلایەن م. ب. رودێنکۆوە کتومت بەمـانای "رەعیەت" تەرجومە کراوە (بڕوانە ١١، ٣١، ٥٣ ـ برگە ب ٦٥، ب ١٤٨).

رای نووســەر دەردەبڕن کـە لـە سـەرجـەمی کـتـێـبـەکـەیدا خـۆی دەنوێنێ. دۆزی ک. ریچ سەبارەت بە کوردنەبوونی گۆرانەکان (وەکو چۆن لە کوردستانی خواروو، یان کوردستانی بابان بە جووتیارە نیشتەجێکانیان دەگوت) تا ڕۆژی ئێمڕۆش بەئاسانی ئەو دەست و ئەو دەست دەکـات و لە کـتـێـبێکەوە دەچێـتـە ناو یەکـێکی تر. دابـەشکردن بۆ سـەر کـۆچەر و نیشتەجێ بەو بۆیە ئێتنیکییە تەنکەوە، وەکو بینیمان، تەنانەت لە هزری نووسـەری کوردی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەشدا هەیە - لە کتێبی مەلا مـەحموودی بایەزیدیدا نموونەی زۆری ئەمـە دەدۆزینەوە (بڕوانە - ١١، ٥٣ - ٥٥، بڕگـە ب ١٤٨- ب١٥٠، ب ١٥٢- ب١٥٤). ئەو کۆسپە ڕێگرەی نێوان کۆچەر و نیشتەجێکان، بەڕادەیەکی زۆر، بریتییە لـەو ستریۆتیپانەی کـە دروست بووین، چونکە نە ئەوان و نـە ئەمـانیش خـۆیـان بە "تایفـەی تووند داخـراو" نەدەزانی. پێـوەندییـەکـانی نێـوانیـان، لە ڕاسـتـیدا، هـەندێ جـاران شـەڕ ئامـێـز بوون، بەتایبـەتیش لە کاتی کۆچکردندا کـە ڕێگەکانی کـۆمـەڵانی کـۆچەر بە زەویی جووتیـارانی نیشتـەجێدا تێدەپەڕین. کـۆچکردن بەبێ شـەڕ و پێکدادان کـەم ڕووی دەدا. دەبوو لەسـەر کرێی تێپەڕبوونی ئاژەڵ پێک نەیێن. کۆچەرەکانیـان بەوە تاوانبار دەکرد کە زۆر لـە سەرخۆ تێپـەڕ دەبن و لەوەڕگـای گوندەکان زیانیـان پێ دەگـەیشت و گـەلێ جـاران بە زەبری چەک مەسـەلەکە چارە دەکرا. کۆمـەڵانی لادێی لە بەرامبەر ڕێکخـراوەیەکی بەهێزتری وەکو خـێڵی کۆچەردا توانـای داکۆکی لە خـۆکردنیـان نـەدەبوو. ک. ج. ریچ زانیـاریی سـەرنجـڕاکێشـی هێناوەتەوە سـەبارەت بەوەی جووتیارەکان لە کوردستـانی خواروو قـەڵایان دروست دەکردن بەتایبەتی بۆ پاراستنی خەڵکی گوندەکان لە کـاتی کۆچکردنی خێڵی بڵباسدا (بڕوانە ٥١، I، ٢٢٩، ٢٣٢، ٤٦ - ١٦٧، ٤٥).

واش دەبوو کە خـێڵێک تەنانەت دەسـەڵاتی خـۆیی بەسـەر کـۆمەڵەیەکی لادێیی دەسـەپاند و لەم حاڵـەتەشدا ئەم کۆمـەڵەیە دەبوو بە ئامـێرێکی دەسـەڵاتداریەتیی نەجیبزادەکانی کـۆچەر بەسـەر خـەڵکی نیشـتەجێ و نیمـچـە نیشـتـەجێوە(٦). لەگـەڵ ئـەوەشدا، کردەوەی جـەنگی و بەرەوڕووبوونەوە جۆری پێوەندییەکانی نێوان کۆچەر و نیشتەجێیان دیاری نەدەکرد، بەڵکو ئەوەی دەوری سـەرەکی لەمەدا دەبینی پەرژەوەندیـی هـەردوولا بوو لە ئاڵوگۆڕکردنی بەرهـەم و کـاڵاکـانیـاندا، لەو ململانێ تەقلیدییـەی نێـوان نۆمـاد و جـووتیـاردا ئەو خـۆگونجـاندنە "بایۆڵۆگییە"(*) بەدی دەکرێ کـە، بە بۆچوونی م. ب. رووتۆن، سیمایەکی نۆمـادیزمی هـەموو

(٦) ئەم وەسـفکردنـەی ف. بارت بەنموونـە دەهێنینـەوە سـەبارەت بەخـێـڵی هـەمـاوەند کـە خـەڵکی چەند گوندێکیان. وەک بلێی موڵکی خۆیان بن. دەچەوساندنەوە (١٦٢، ٤٥ ـ ٥٩).

(*) نووسەر سیمبۆزی (Symbiosis)ی یۆنانی بەکارهێناوە. وەرگێڕ.

ئاسـیـای ڕۆژئاوایە (٢٠٢، ٢٤٩). وەکـو ف. بارت دەڵێ، پێـوەندیی هەمـاوەندەکـان، کـە بە هێـرشـەکـانیـانەوە هـەترەشی خـەڵکی هەمـوو کـوردسـتـانی بابانیـان بردبوو، لەگـەڵ جـووتیـارەکـانی ژێردەسـتـیـاندا لەو خـۆگـونجـاندنە "بایۆلۆگـیـیـە" دەچوو. لەڕاسـتـیـدا جـووتیـارەکـان، کـە سـەر بە خـێـڵـێکی جـەنگاوەری بەهێـز بوون، لەبری ئەو باجـەی بۆ هەمـاوەندەکـانیـان دەژمـارد لـە هێـرشـی جـەنگاوەرانـی تر دەپارێزران. جگەلەوە، ئەمـانە سـوودیشـیـان لە هـێـرشـەکـانی هەمـاوەندان دەدیت بەوەی کـە، لە کـاتی کـاول و وێرانکردنەکاندا، دەبوون بە ناوبژیکەر (١٦٢، ٥٦).

نۆمـادەکـان، کـە بۆ کـۆچ دەکەوتـنە ڕێ، پێش وەخت دەسنیـشـانی ئەو شـوێنانەیان دەکرد کە خـەڵکی لادێییان لێ بوون و دەکەوتنە سـەر "ڕێی خـێڵ" – عێل ڕاه. دەبوو کـە پێکدەهـاتن لەسـەر ئەنجـامـدانی هەندێ کـردەوەی هاتـوچۆ (ترانسـپـۆرت) و بۆ وەدەسـت هێنـانی سووتەمەنی. لە ئەفغانسـتان خەڵکی نیشتەجێ بەخۆشحاڵییەوە پایزان ڕێگەی کۆچەرانیان دەدا، لەمـاوەی یەک دوو مـانگدا، ئاژەڵەکـانیـان لەسـەر زەوییەکانی ئەمـاندا بلەوەڕێنن – بۆ بەپیت بوونەوەی زەوییـەکـان (١٧٥، ١٣٤). گـەواهـی گ. دروڤـیل، کـە باسـەکـەی ڕەوشـی کوردستان لە سەرەتای سەدەی نۆزدە دەگرێتەوە، یەکجار بەنرخە. بەڕای ئەو، دانیشتوانی گوندەکـان تەنانەت "گەلێک ڕازی" دەبـوون کاتێک کۆچەرەکـان لەسـەر زەوییـەکـانی ئەمـان لایاندەدا و بۆ ئەمـان گـەلێ هەرزانتـر بوو مـانگا و مـەڕ لەوان بـکڕن، نەک لە بازاڕ (١٣، II، ١٧٨).

ئێـمـە کـە باسـی هاوپەیوەنداریەتی و پشت بەیەک بەسـتنی کـۆچەر و نیـشـتـەجـێ لە کوردستـاندا دەکەین، مەبەسـتمان تاقە شێوەیەکی پێوەندییـان نییە، بەڵکو ئەو بارەیە کـە ئابووریی ناوچەکە لە سـەر هـەبوونـی چالاکیی جووتیاری نیشتـەجێ و ئاژەڵ بەخـێوکـەری کـۆچەر دامـەزرابوو و ئەمـانەش دەتوانین وەکـو گروپـەی کـۆمـەلایەتیی پسـپـۆر لە ریشـەی خۆیاندا و لە نێو قەوارەی یەک ستروکتوری ئابووریدا تەماشا بکرێن. ئەمانە یەکێتییەکی تەواویان پێکدەهێنا و هەر یـەک ئەویـتـری تەواو دەکرد و هـیچ کاتێک شـتـێکی بەسـتـوو و وەسـتـاو نەبووین (٨٢، ١٢١). بەڕای م. ڤـان بروینسـون، هەمـیـشـە لە نێـوان ئەم گـروپە کۆمەلاتییانەدا جوولانەوە، توند و تیژی و ڕێبازێک هەبووین کە ڕەوشی سیاسی و ئابووریی ئەوکـاتـە دیاری دەکـردن. نۆمـاد دەبوون بـە جـووتیـار و جـووتیـاریش دەبوون بـە نۆمـاد (١٦٧, ١٤٤).

بەرهەمهێنانی خێروبێری مادی یان لەلای کۆچەرە ئاژەڵ بەخێوکەرەکان دەبوو – لەکاتی شـەڕ و پێکدادانەکانی سـەر سنوورەکانـدا کە مێژووی ناوچەکە پڕیەتی، یان لای جووتیارە

نیشتەجێکان دەبوو – ئەویش لە قۆناخەکانی سەقامگیربوونی ڕاژەییدا. بەم جۆرە، لەم ناوچەیەدا هێزی بەرهەمهێنەر هەمیشە لە ئابووریی کۆچەرییەوە دەچووە سەر ئابووریی کشتوکاڵی و بەپێچەوانەوە.

ئەم پرۆسەیە بەتایبەتی لە ژیان و چالاکیی جەستە (ئۆرگانیزم)یەکی کۆمەڵایەتی وەکو خێڵدا بەڕوونی دیار دەبێ. هەموو خێڵە گەورەکانی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات، وەکو چۆن جووتیاری نیشتەجێ، ئاواش کۆچەری ئاژەڵ بەخێوکەریان دەگرتنە خۆ، یەکگرتنەوەی ئەم دوو بەشە هەمیشە بەند بوو بە ڕەوشی سیاسیی دیاریکراوی ناوچەکەوە. بۆ نموونە، جافەکان، لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خێڵەتییانەی سەربە ئەوان بوون، ژمارەیان لە دەساڵی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا نزیکەی ١٠ هەزار ڕەشماڵی نۆماند و ٣ هەزار خێزانی نیشتەجێ دەبوو (٥١، I، ١٧٧). دوای سەدەیەک، ژمارەی نیشتەجێکان لە ناو ئەم خێڵەدا گەلێ زێتر بوو، ئەگەرچی نیشتەجێبوونی تەواو ڕووینەدا، بەڵکو زۆر لە خێزانەکان سەرلەنوێ، کە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا، چوونەوە سەر ژیانی کۆچەری.

لایەنی جیاوازی دیاردەکە دەستنیشان کران: هەلومەرجی جیۆگرافی و تێکەڵ بەیەکبوونی لەوەڕگاکان و خێروبێری کشتوکاڵی (٢٠٣، ٢٢٠)، ئەو هاوسەنگییە ئیکۆلۆگییەی لە ماوەی چەندین سەدەدا دروست بووە لە نێوان چالاکیی ئابووری و باری سروشتیدا (١٥٥، ١٧٢)، هەروەها ئەو هاوسەنگییە خلیسکاوەی نێوان شێوەکانی ئابووریی کۆچەری و نیشتەجێی (٧٧، ٢٣). کەچی بۆ ئەوەی ئەو سووڕانەوە هەمیشەییەی هێزی بەرهەمهێنەر لە مەودای کشتوکاڵییەوە بۆ کۆچەری روون بکەینەوە، دیارە کە پشت بەستن بەهەلومەرجی جیۆگرافی بەتەنیا بۆ لە ئارادابوونی شێوەی ژیانی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری بەس نییە. کوردەکانی ئەردەڵانی و بابانی، لە کاتێکدا ناوچەی بەپیت و لەباریان هەبوو بۆ کشتوکاڵی گەلێ جاران بۆ خاتری ئاژەڵ بەخێوکردن گاڵتەیان بە کشتوکاڵیی کردووە.

جا، دەبێ چۆن هێزێکی ڕاکێشەر لە شێوازی ژیانی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەریدا بووبێ، ئەگەر بۆ خۆلێ لادانی تەقەڵایەکی زۆری لە حکومەتانی ئێران و تورکیاوە گەرەک بووبێ بەنیازی بەزۆر نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرەکانی کوردستان لە سەردەمی نوێدا؟ تۆ بڵێی نەهێنییەکە لەوەدا بووبێ کە "کۆچەر ژیانێکی باشتر و ئازادانەتر دەژیا" وەکو هەندێ نووسەر دەڵێن (١٣٥، ٧٦)؟ یان دەبێ هۆیەکەی ئەوەبێ کە ئەمانە، بەم جۆرە ژیانە خۆیان لە قورسایی ژیانی جووتیاری دزیبێتەوە، چونکە ئاژەڵ کاری کەمتری ویستووە، وەکو ف. بارت (١٦٢. ٢٠)، ڤ. ف. ترویێتسکایا (١٥٥، ١٧١– ١٧٢) و نووسەرانی تر بۆی دەچن؟

ئەو رایەی دەڵێ کاری ئاژەڵ بەخێوکەر لە هی جووتیار ئاسانترە و بۆیەش هەر کاتێک ژمارەی سەرە ئاژەڵ ڕێگەی دابان بۆ کۆچ و کۆچکاری دەگەڕانەوە، رایەکی تابلێی بەربلاوە (بڕوانە ١٢٧، ١٧).

ئەم بۆچوونە لە ڕەوشی ئابووریی کوردستاندا جێگەی نابێتەوە. بەڕێوەبردنی ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردن ژمارەیەکی کەمتری لە کارکەران دەویست، بەلام لە رووی سەقامگیربوونەوە هەرگیز بەراورد ناکرێ (١٢٧، ١٧، ١٦٢، ٤٢). وا رووی دەدا کە کۆچەر، لە حاڵەتی بەسەرداداندا، هەموو شتێکی لە دەست دەچوو، هەروەها شێوازی ژیانی کۆچەری خۆشی کە تێیدا مرۆی کۆچەر تەن بەتەن بەرەوڕووی سروشت دەبووەوە و ڕۆژانە دەبوایە تاقیکردنەوەی ئەوە بدات کە ئایا دەتوانێ بەردەوام بێت لە ژیان؟ پەرینەوە بە ئاژەڵەوە بەسەر تۆپکە شاقووڵیەکان و بەناو رووباری هەڵچوودا تەنیا بە هەوڵ و تەقەلای بەختەیاڵدا نەچوو ئەنجام دەدرا (١٢٣، ١٢٧). ئەو تەسەورەی بۆ وێنەکێشی سینەمایی ئەمریکی م. کوێیر دورست بووە سەبارەت بە کۆچکردنی بەختیارییەکان و وەکو تراجیدیایەکی هەرە گەورە لە بیرەوەرییەکانیدا ماوەتەوە (١٥٤، ١٠٦) ئەمە هەرگیز لەگەڵ فیکرەی ژیانی ئاسان و سەربەخۆی ئاژەڵ بەخێوکەرانی کۆچەردا یەک ناگرنەوە.

بێگومان، کۆچکردن هەمیشە و لە هەموو شتێکدا ئەو تەسەورە غەمناکەی دانەدەهێنا. کۆچکردن لە ژیانی کۆمەڵانی کۆچەردا جێگەیەکی ئەوەندە گرینگی گرتبوو کە بە ئاهەنگی سەریمۆنیایی و سیمبۆلیکای زۆرەوە دەرازێندرایەوە. لە بیرەوەرییەکانی چ. ت. ئایتماتۆڤ دا وەسفی جەژنی کۆچکردنی قرگیزەکان هەیە. لە بیرەوەریی منداڵییدا کۆچکردن وەکو مەوکیبێکی ئابووریی گەورە بە ریتواڵەوە ماوەتەوە – پێشانگای باشترین زین و لغاوی ئەسپ، جوانترین کەلوپەلی رازاندنەوە، سوار، مافووری گران بەها، پیشاندانی کچانی هەرە جوان و باشترین گۆرانیبێژ سەردوولکەی دەگوت ئەگەر لە جێگەیەکدا رۆیشتبان کە کەسێکی ئازیزی لێ مردبایە. "من بەم دیمەنە دڵبەرانە راگەیشتم کە لە هەرەتیاندا بوون، دوایی لەگەڵ نیشتەجێ بووندا بزر بوون" – چ. ت. ئایتماتۆڤ نووسیویەتی (٦٠، ١٥٠).

لای کوردانیش دەبوو کە جوانیی کاروانی کۆچکردن، لە رووی رازاندنەوە و ئاهەنگ گێرانەوە، لەوە کەمتر نەبێت، کاروانی ژیانی نەجیبزادەی بەزێڕ رازاوە پێش کۆچەکە دەکەوت (١١، ١٦) بەلام ئاسایش و سەقامگیری گەلێ بەدەگمەن و ئەویش بۆ ماوەی کورت لەسەر خاکی کوردستاندا دەڕەخسا، کەچی شەڕ و پێکدادان سەدان ساڵی دەخایاند. لەم حاڵەتانەشدا کۆچکردن سیمای خۆشی و ئاهەنگی لە دەست دەدا و دەبوو بە پێویستییەکی وشک و سەخت. وادەبوو کە مێگەل و ئاژەڵی بارکردن لە زستانی سەختدا لە ناو دەچوون،

یان دەکەوتنە بەر هێرشێکی وێرانکارانە. مەلا مەحموودی بایەزیدی لە کتێبەکەیدا حاڵەتی وادەگێڕێتەوە کە لە زستانێکی ساردا یەکێک هەزار سەرە مەڕی مردووە. خاوەنەکە ئەم زیانەی بۆ قووت نەدراوە، پاش ئەوەی هەڕەشەیەکی بێ شەرمانەی ئاڕاستەی خوا کرد، لە ئەسپەکەیەوە کەوت و مرد (١١، ٢٦). بە بۆچوونی ڤ. پ. نیکیتین، بە دوای یەکدا هاتنی هەلومەرجی نالەبار دەبووە هۆی ئەوەی خێڵی کۆچەر گەلێ زووتر لە هی نیشتەجێ لەناو بچێت و لە هەر شوێنێکدا کە خێڵ دەبوو بەدوو بەش ئەوا، وەکو باوە، تەنیا بەشە نیشتەجێکە دەمایەوە (١٢٣، ٢٠١).

بەم جۆرە. هۆیەکانی پتەویی ئابووری بەشێوەی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری لە کوردستاندا هەرگیز بەکاری "ئاسان" و ژیانی "سەربەخۆ"ی کۆچەری کورد روون نابێتەوە. بەڕێوەبردنی ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری پسپۆری و مەسرەفی زێتری گەرەک بوو و کۆچەری کورد زێتر، کە لەگەڵ جووتیار دا بەراورد ناکرێ، ناچار دەبوو لەسەر رۆخی هەڵدێری ژیان بژیت. مەتەڵی "نهێنی"ی راکێشبوونی کورد بۆ کۆچ، وەکو دەردەکەوێ، لەو دەورە تایبەتییەدایە کە ئابووریی شێوازی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری لە مێژووی ناوچەکانی کوردستاندا بەگشتی و لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا بەتایبەتی بینیویەتی.

تەنانەت ئەو زانیارییە پچڕپچڕانەش کە لە سەرچاوەکاندا دەربارەی ژیانی ئابووریی میرنشینییەکانی ئەردەڵان و بابانن، بە ڕای ئێمە، ئەوە نیشان دەدەن کە هەر ئەو ئابوورییە بزێوە کۆچەرییە بوو ناوچە کوردییەکانی رزگار کرد لە ئیفلیج بوونێکی ئابووریی تەواو و لەناوچوونی هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە قۆناخەکانی رووخان و تێکچوون و وێران بووندا کە مێژووی ناوچەکە پێیانەوە دەوڵەمەندە. مێژوونووسانی ناوچەکە ئەم جۆرە رەوشەی ئیمارەتەکانی ئەردەڵان و بابانیان گەلێ جاران نووسیوەتەوە.

کاوڵگەیی جێگەی قۆناخە ماوە کورتەکانی سەقامگیریی ئابووریی لە ئەردەڵاندا دەگرتەوە: "ناوچەکە ئاگری تێ بەردرا، هیچ کارێک ناکرێ، گوندەکان تێکدراون و خەڵکەکەشیان دیار نین" (بڕوانە ٢٥ . ٧٨، ٨٤، ٣٢، ٦٤). ج.ب. فرێزەر وەسفی نەخشەی کاولبوونی تەواوی گوندەکانی نزیک سلێمانیی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٣٤ کردووە. ئەم و هاوڕێیەکەی لە ماوەی رۆژەرێیەکدا تاقە گوندێکی ئاوەدانیان بەرچاو نەکەوت و زۆر لە گوندە چۆلکراوەکانیش بووبوون بە کاوڵگە. هەموو ناوچەکە هەستێکی دڵتەنگی لەبەر ئەو "چۆڵبوونە گشتییە" بۆ نووسەر داهێنا، زۆر بەساکاری هۆکانی ئەم بارەیان بۆ باس کردووە: سێ ساڵ لەمەوبەر تاعون هات، دوای ئەمیش هێزەکانی ئێران هەموو گوندەکانی

سەر ڕێگەیان وێران کرد و هەرچی مابووەوە "ماشتیان و قووتیاندا" (بڕوانە ٤١، I، ١٣٥، ١٣٦، ١٤٤- ١٤٦).

شەڕ و پێکدادان، لە نێوان ئێران و تورکیا و هی فەرمانڕەوایانی کورد لە دژی دەسەڵاتداریەتی مەرکەزیدا و هەروەها لە دژی یەکدیشدا، نزیکەی هەر نەدەبڕایەوە.

ڕەوشی سەر سنووری نێوان دوو ئیمپراتۆریای دژ بە یەک وڵاتی کوردانی کردبوو بەمەیدانێکی شەڕی هەمیشەیی (١٨٠، ٦٢-٦٣). لە ئەنجامدا ئابووری و باری هێزەکانی بەرهەمهێنەر تووشی هەنگاونان بەرەو دواوە هاتبوون.

لە ڕەوشێکی ئاوادا پێویست بە ئاماژە کردن ناکات - نەبۆ هاوسەنگێکی ئیکۆلۆگیی نێوان چالاکیی ئابووریی ئادەمیزاد و هەلومەرجی سروشتی، نەبۆ هاوسەنگێکی خلیسکاویش لە نێوان ئابوورییەکانی شێوازی کۆچەری و نیشتەجێدا. لەم جۆرە هەلومەرجانەدا، ڕادەیەکی بەرزی کۆبوونەوەی دانیشتوان و پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی ڕێکخراو و، بە پێوەندی بە مەشەوە، وەستان و داکۆکی لەخۆکردن تەنیا لەناو ئۆردوگای ڕەشماڵیی کاتیدا لە تواناد ا دەبوو و ڕێگەی چارەی ئابووری، سیاسی و ئیدیۆلۆگیش بۆ کورد خێڵ و ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری بوون. لەوێدا نەک هەر خەڵکی گوند و پایتەختی ئیمارەتەکان کە ماڵی خۆیانیان بەجێ هێشتووە، بەڵکو تەنانەت ئەندامانی بنەماڵە فەرمانڕەواکانیش دەپارێزران و داکۆکییان لێ دەکرا (١٥ بڕگە ٤٥). هەر سەرکردە سیاسییەکان خۆیان لە چرکە هەرە سەختەکانی مێژووی ناوچەکەدا، بە مەبەستی خۆپاراستن، لە ئۆردوگایەکی ڕەشماڵییەوە دەچوونە یەکێکی تر (١٥بڕگە ٣٤).

بەم جۆرە لەبەر ڕۆشنایی مێژووی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان دەتوانین، هەروەکو چەند جارێکیش لەمە دواوین (بڕوانە - ٣٢، ٦٢- ٨٢، ١٢١)، بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئابووریی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری بووبوو بە مایەی پاراستن و مانەوەی ئەم جەستە (ئۆرگانیزمە) کۆمەڵایەتییە (مەبەست خێڵە - و.). زێدەڕۆیی نابێت بڵێین کوردەکان لە ناو پێک کەوتنی شەپۆلی گڕاوە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا، ئەگەر لە چرکە هەرە سەختەکانی مێژووی خۆیاندا بۆ سەر چیاکان نە چووبان کە لەوێ خێڵ و ئۆردوگای ڕەشماڵی حەشاریان دەدان، زەحمەت بیانتوانیایە خۆیان وەکو کۆمەڵەیەکی ئێتنیکی بپارێزن.

وەکو دەردەکەوێ، ئابووریی شێوازی کۆچەری و خێڵی کۆچەر، هەروەها، ئەرکێکی تری هەرە گرینگی ئێتنۆ کۆمەڵایەتی و سیاسیشیان بەجێ هێناوە. بۆ ئەمان سنوورێک نەبوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێران (بڕوانە ١٥١، ١٨) یان میرنشینانی ئەردەڵان و بابان لێک جیابکاتەوە. کوردە جافەکان، دوای پێکهاتنی ئێرانی - تورکیش ساڵی ١٦٣٩ کە لەوە

دەچوو داواکارییە سنوورییەکانی هەردوو ئێمپراتۆڕیای هەندێ روون کردبێتەوە، کۆچە کەژییەکانیان سالانە، وەکو جاران، بەهەمان ڕێگەکانی پێشوو ئەنجام دەدا. ئەمانە بەهاران دەچوونە ناو ڕووبەرەکانی ئەردەلانییان و لە خوارووی سەقز کە دەیکردە ڕۆژهەلاتی دەریاچەی زەریبار لە مەریوان بەسەر چیا دەکەوتن، پایزانیش دیسان سنووریان دەبڕی و دەهاتنەوە بابان بۆ گەرمێنی خۆیان لە شارەزوور بەدرێژایی زێی دیالە (١٧٣، ١٤٧).

سنوورە سیاسییەکانی نێوان دوو دەوڵەت و قەدەغەکردنی تووندی فەرمانڕەوایانی ئەردەلان (لە ماوەکانی تێکچوونی پێوەندییان لەگەڵ بابانەکاندا) بۆ پەڕینەوە لە سنوور هەمووی بێکەڵک بوون لە بەرامبەر ڕێگە تەقلیدییەکانی کۆچی خێڵەکانی جافدا. کۆچەرە کوردەکان لە ڕاستیدا سنووری دەوڵەتەکانیان، کە وڵاتی کوردانی کردبوو بە دوو بەش، ڕەش کردبووەوە. ئەمانە وەکو شادەمارێک ناوچە کوردییە بەربڵاوەکانیان کردبوون بە یەک و بەمەشەوە، لە نێو قەوارەی هەموو ناوچەی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلاتدا، ئەرکێکی ئینتیگراسیۆنی (یەکخستن) یان ئەنجام دەدا.

تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، هێز و توانای جەنگیی کوردان لە ناو خێڵە کۆچەرە بزێوەکاندا مابووەوە. وەکو هەموو مێژوونووسانی ئەردەلانی ئەوە دەسەلمێنن، تا ئەوکاتەی بنەماڵەکانی ئەردەلان و بابان لەسەر شانۆی سیاسەت مابوونەوە. کۆچەرەکان هێز و کۆمەڵە جەنگییەکانی فیۆداڵە کوردەکانیان پێکدەهێنا. هاوسێکانی کورد هەر لەگەڵ کۆچەرەکاندا دەکەوتنە شەڕ و هەریەکە چەند جارێک شەڕەکەی دەدۆڕاند، چونکە کوردەکان لە رووی شەڕکەری و چاونەترسییەوە لە هەموو ڕۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاستدا ناوبانگییان دەرکردبوو. ڕەنگە هەر ئەو واقیعە ئەو تەسەورەی لای میللەتانی هاوسێی کوردان دروست کردبێت کە هاوپەیوەندارییەتیی ئێتنۆسی کوردی و شێوازی ژیانی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری بین بەهاومانا، لە رەوشێکدا کە ئابووریی کۆچەری و کۆچەرەکان لە کوردستاندا هەرگیز تاقە فاکتەری یەکالاکەرەوەی ستروکتوری کۆمەلایەتی – ئابووری نەبووین.

ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری لە کوردستاندا وەکو ئاوێنەیەک بۆ ڕەنگدانەوەی دواکەوتنی ئابووری خۆیی نەنواندووە و نەبووە بە تەگەرەیەک لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەلایەتی – ئابووریدا. هەر ئەو بوو لە قۆناخە هەرە سەختەکانی مێژوویدا، ئەرکی پاراستنی هێزەکانی بەرهەمهێنەری لە ناوچەکەدا گرتبووە ئەستۆ و بوو بوو بە ئالقەیەکی کۆکەرەوەی ناوچە کوردییەکان کە دەوڵەتانی دابەشکەری وڵاتی کوردان – لە هەموو مێژوودا – بەش بەشیان کردبوون.

## زەوی و پێوەندییەکانی

ستروکتوری ئابووریی کۆمەڵگا، ژێرخانە راستەقینەکەی، کە سەرخانی سیاسی و قانوونی لەسەر دادەمەزرێ، لە لایەن کۆمەڵەیەکی مێژوویی و دیاریکراوی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە دیاری دەکرێ (٣، ٦-٧). جا لەبەر ئەوەی هەموو ئابووریی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لە سەر بەرهەمهێنانی کاڵای کشتوکاڵی دامەزرابوو، بۆیە مەسەلەی زەوی و ئەو پێوەندییانەی لە دەورەی ئەودا دروست دەبوون، مەسەلەیەکی سەرەکییە بۆ روونکردنەوەی ستروکتوری ئابووریی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان. کشتوکاڵی، بەکارهێنانی زەوی و میکانیزمی گواستنەوەی کاڵای زێدە وەکو مەسەلە هەرە گرینگەکان خۆیان دەنوێنن. ک. مارکس نووسیویەتی: "پێوەندیی راستەوخۆی خاوەنی هەلومەرجەکانی بەرهەمهێنان بە بەرهەمهێنەرانی راستەوخۆوە، ئێمە هەمیشە لەمەدا ئەو نهێنییە هەرە قووڵە دەبینینەوە کە هەموو بنەماکانی کۆمەڵایەتیی شاردوونەتەوە" (٢، ٣٤٥).

سەرچاوە مێژووییەکانی سەبارەت بە کورد مەسەلەی کشتوکاڵی و زەوی بەکارهێنان زۆر بەگشتی باس کراون. ف. بارت، دوای ئاشنابوون لەگەڵ رەوشی دروستبوو لە کوردستانی خواروو بەگشتی لە سەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەمدا، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە لێکۆڵینەوەی هەندێ بەراشکاوی لەسەر مەبدەئەکانی مۆڵکداریەتیی زەوی لە کوردستان کارێکی گەلێ سەختە (١٦٢، ٢٠).

ئەو مەتریالانەی لە سەرچاوەکانی ئێمەدان گەلێ کەم و پارچە پارچەن و هەرگیز بۆ ئەوە نین کە مۆڵکداریەتیی زەوی و پێوەندییەکانی پێ روون بکەینەوە. بەلام دەکرێ هەندێ زانیاری بدۆزینەوە کە رێگەی ئەوە دەدەن خۆ لە قەرەی ئەم گیروگرفتانە بدەین. لە دیراسەکردنی رەوشی تایبەت بە زەوی لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا، پێش هەموو شتێک، ئەو دیاردەیە سەرنج رادەکێشێ کە بەزێترین رادە پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی فیۆدالی بزر کردووە و واقیعی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شاردووەتەوە، ئەویش دیاردەی پەلبەست بوونی گشتی و لە هەموو رووێکەوەی تاقە کەسە (بڕوانە ١، ٨٧).

کاریگەریەتیی تابعیەتی تاقەکەس لە تۆپکەی هەرەمی کۆمەڵایەتییەوە بۆ بناغەکانیەوە سیمایەکی کوردستانیشە و فەرمانڕەوای ئیمارەت خۆی تابیعێکی یان شای ئێران یان سوڵتانی تورکییە. مەئموون بەگی دووەم لە کرنۆش بردنیدا بۆ سوڵتان موورادی سێیەم (بڕوانە ١٨) خۆیی بە کۆیلە، نە بە شتێکی تر، ناودەبا، هەروەها نازناوی رێزداری دوافەرمانڕەوای ئەردەڵانیان غولام شا خانە کە بە مانای "خانی خزمەتکاری شا" دێت.

لە رەوشێکی وادا، هیرارخیا (المراتبیة - بەدوای یەکدا هاتنی پلە کۆمەڵایەتییەکان - و.)

ی گشتی و تابعیەتی پێوەندییەکانی مۆڵکداریەت شاردراوە و دەمامکیان دابوو و، بە بۆچوونی لیکۆڵەرەوەی گیروگرفتەکانی فیۆدالیزم م. ئا. بارگ. هەر بەکارهێنانی زاراوەی "موڵکداریەت" خۆی لە دەستنیشانکردنی زەوی و پێوەندییەکانی شتێکی راست نییە (٦٩، ٣٣١). سەختیی مەسەلەی موڵکداریەتیی فیۆداڵی بە سروشتی پڕ ناکۆکی و دیالێکتیکییانەی ئەم ئینستووتەوە بەستراوەتەوە (٦٩، ٢٤٨)، هەروەها بە پلاستیکیەتییەوەی (١١٧، ١٩٥). لە ئەنجامدا، لە ژێر کارتێکردنی سیحریی سیمای گشتیی پێوەندییەکانی دەسەڵات و ملکەچیدا، لە جیاتی وشەی موڵکیەت، بە زاراوەی وەکو "هەبوون" و "دەستبەسەر داگرتن" کە بەڕادەی موڵکیەت روون نین، وازیان هێنابوو (١٠٥، ٤٩). هەموو ئەمە، وەکو دەردەکەوێ، بوو بە بنچینەیەک بۆ ف. بارت کە بڵێ موڵکداریەتیی زەوی لە کوردستاندا هیچ کاتێک دانەنراوە و دیاری نەکراوە (١٦٢، ٢٠). کەچی سمای نادیاری موڵکداریەتیی زەوی هەرگیز ئەوە ناگەینێت کە ئەم ئینستیتووتە لە واقیعدا نییە.

لە ئیمپراتۆڕیای عوسمانیدا، کە میرنیشینی بابانیش دەگرتەوە، موڵکداریەتی زەوی کەوتبووە ژێر تەسەوری ئەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی باڵای بەسەر زەوییەکانەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم فیکرەیە لەلایەن هەمووانەوە قەبووڵ کرابوو (١٤٧، ٤٨)، کەچی میرنشینییە کوردییەکان هەر لە سەرەتاوە، لە کاتی بوونیانەوە بە بەشێک لە رووبەرەکانی عوسمانی، وەکو موڵکییەتی بەمیراتی بنەماڵەکانی فەرمانڕەوا تەماشا دەکران. لە سەرچاوەکاندا گەلێ جاران زاراوەی "موڵک" بۆ ئیمارەتەکان بەکارهاتووە یان "موڵکی بەمیرات" ی فلانە بنەماڵەکەی. پ. پیترۆشێڤسکی[*] بە Signoria ی لێکداوەتەوە (١٣٥، ٢٢٩)، بۆ نموونە، لە "شەرەفنامە" دا ناوچەکانی فەرمانڕەوایەتیی هەکاری بە موڵک ناوبراوە: ئەگەر وا روویدا کە هەندێ سەرکردە ویلایەتی ئەمانیان داگیرکرد، ئەوا بەپێی مافی موڵک هەر بە ئەمانی دەدەنەوە" (٣٤، ١٥٣).

ناوەڕۆکی مەسەلەکە لەلایەن ی. پ. پیترۆشێڤسکی یەوە دۆزراوەتەوە و بەوردی لە کتێبی "کشتوکاڵی و پێوەندیی کشتوکاڵی لە ئێران، لە سەدەکانی هەژدە – نۆزدەدا" داڕێژراوە. وەکو نووسەر بۆی دەچێ، سیمای تایبەتیی کۆمەڵگای فیوداڵیی پێشکەوتوو ئەوەیە کە خاوەنداریەتیی زەوی هیرارخی (مراتبی)یە: هەمان پارچە زەوی دوو یان چەند خاوەنێکی هەبوو و ئەمانە بەشێوەیەکی یرارخییانە ملکەچی یەکدی بوون (١٣٢، ٢٣٣). ئاڵقەی یەکەم لە زنجیرەی ملکەچبوونی خاوەندارانی زەوییە کوردییەکان لە بابان سوڵتانی تورکی و لە

---

(*) Signoria ـ شێوەیەکی دەسەڵاتداریەتیی سیاسییە لە شارە ـ دەوڵەتییەکانی ئیتاڵیای سەدەکانی ١٣– ١٦ دا باو بوو و تیایدا دەسەڵات هەمووی بەدەست تاقە کەسێکەوە بوو Signoria. وەرگێڕ.

ئەردەڵانیش شـای ئێرانی بوو. بەڵام مـولکداریەتیی ئەمـانە بۆ زەوییـەکـانی مـیرنشـینان و هەروەها ڕێورەسمی پێشکێشکردنیان بەگوێرەی ڕەوشە سیاسییەکان بەڕادەیەک هەر بەناو بووە. خـاوەندارانی هەرە گـەورەی زەوییـەکـان لـە مـیـرنشـینەکـاندا بابان و ئەردەڵانییەکان بوون. لە قەڵەمدانی زەویی میرنشینە کوردییەکان بە موڵک، بەتەنیا، ڕێگە خـۆش ناکـات بۆ گـەیشتن بەو ئەنجـامـە، بەڵکو بنچـینەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کـە لە سەرچاوەکاندا هاتووە میرانی ئەردەڵان و بابان زەوییان بە خـەڵک بەخشیوە و هەروەها هەمیشە زەوییەکانیان بە ئارەزووی خۆیان بەشیونەتەوە.

چەند جاری تەختی میرایەتی لە دەستی نوێنەرێکی بنەماڵەی فەرمـانڕەواوە دەکەوتە دەست یەکێکی ترەوە ئەوا باشترین زەوییەکان ئەوەندە جارە دەبەشرانەوە. فەرمـانڕەوای نوێ هەمـوو جارێک شوێنە چاکەکانی بەلایەنگرە دڵسۆزەکانی خۆیی دەبەخشین (٥١، I، ٨٨). یەکێک لە نەجیبزادەکانی بابان لە گفتوگۆیدا لەگەڵ ک. ج. ریچ جوان ئەمـەی روون کردووەتەوە: "بۆچی خانووی جوان دروست بکەین و بە جوانی ڕایانگرین ئەگەر ئێمە دڵنیا نەبین کە هەتا لە ژیاندا ماوین بۆ ئێمە دەبن؟ ئەم پاشایە بگۆڕێ، یەکێکی تر هەر لە هەمان خانەوادە و ئەمیش هاوڕییانی خۆیی دێنێ و ئێمە لەسەر ماڵ و مـوڵکی خۆمـان دەردەکەن" (٥١، I، ٩).

سـەرلەنوێ بەشینەوەی زەوییـەکانی میرنشینان تەنیا لەگەڵ هاتنی فەرمـانڕەوای نوێدا رووی نەدەدا. بەشـینەوەکـە جـاری وادەبوو وەکـو چاکـەیەک ئەنجـام دەدرا و ئەمـەش کردەوەیەکی گەلێ ئاسایی بوو. بۆ نموونە، وەکو ک. ج. ریچ ئاماژەی بۆ کردووە، مەحمود پاشای بابان هەندێ "ناوچەی گەلێ جوانی کوردستانی" بە عەبدوڵلا پاشای مامی خۆیی بەخشی (٥١، I، ١٤٩). لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا میری بابان تەواوی ناوچەی نێوان قزڵ ڕەبات و پێنجوینی بە خێڵی جافی موڕادی بەخشی، کاتێک ئەمـەی دوایی لە ئەردەڵان ڕایکرد و هاتەوە بابان (٥٢، ٢٢٣).

لە وتاری نووسەری کورد مـەحـمـوود ئەحـمـەد مـحـەمـەد دا لـەسـەر بابانـەکـان دەقی پێشکێشکردنێک هێنراوەتەوە کە، وادیارە، مێژووەکەی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە. دەقـەکەش سـەبارەت بـە وەقفکردنی سـولەیمان پاشـای مـەقـتـوولە (واتە - کوژراو) یان پێشکێشکردنی "زەوی، باخچە و ڕەز، ئاش، کـاروان سـەرا، کـەناڵەکـانی ئاودێری و دوکان" بە مـزگەوت و مـەدرەسـەکان لە قـەڵاچوالان، خـورمـاڵ، کـۆیێ، هەولێر و کەرکوک (١١٨، ١٠٤).

مـوڵکداریەتیی مـیرانی کوردی بنەماڵەی ئەردەڵان و بابان بۆ ڕووبەرەکانی ژێردەستیان

هەروا بێ مەرج نەبووە (١٣٥، ٢٢٩). ئەو موڵکدارییەتییە بەندبوو بە خزمەتکردنی شای ئێرانی یان سوڵتانی تورکییەوە. ئەم جۆرە بەشێنەوە ئاسانەی زەوییەکانی میرنشینی، ئەوەی باسکرا، تەنانەت بە هەندێ جۆری زەوی دەکرا، وەکو ئەوەی لە ئێران زەویی دیوان هەبوو. ئەم جۆرە زەوییانە نابێ لەگەڵ شوێنە تایبەتییەکانی میرانی کورد تێکەڵ بکرێن کە وەکو زەویی تەختی ئێرانی و تورکیی وابوون.

وەکو لە سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێ، شوێنە بەمیراتماوەکانی خانەوادەی بانی ئەردەڵانی وەکو عەمباری دەغڵ و دانی میرنشینی وابوون و بەپیتترین ناوچەکانی ئەردەڵان بوون – لە ئیسفەند ئاباد (٢٥، ٧٥، ١٩٢، ١٩٩)، هەروەها لە هەورامان (٣٢٨.٣٣) و گیارووس (١٥، برگە ٢٨) لەوە دەچێ کە گوندەکانی ناوچەی ئیسفەند ئاباد لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوا دابەشکرابن.

وەکو لە دەقی پێشکێشکردنی زەوی لەلایەن سولەیمان پاشای بابانەوە دەردەکەوێ، میری بابانی ئەو زەوی و خانوو و بەرەی وەقفی کردبوون پێشەکی کڕیبوونی یان بینای کردبوون (١١٨، ١٠٤). بۆیە مەرج نییە، بۆ ئەم جۆرە پێشکێشکردنە، موڵکییەتی زەوی و زارەکانی لە کەس سەندرابێتەوە، بەڵکو میر خۆی زەوی و بینایەکانی لە خەڵک کڕیوەتەوە.

لە "حەدیقەی ناسرییە" دا باسی ئەوە کراوە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ئەمانەڵڵا خانی یەکەم لە میرنشنیی ئەردەڵان زەویی کڕیوە. ئەو فاکتەی کە فەرمانڕەوایەکی زۆرداری وا کە، بەقسەی ک. ج. ریچ. ئەگەر تەنیا ناوی هاتبا تەواوی ناوچەیەک دەهاتە لەرزین (٥١، I، ٢١١، ٢١٢)، "لە خۆ بووردووانە موڵکی دەکڕی" و دەبوایە "بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان"ی کڕیبایە تابن بە موڵکی تایبەتیی ئەو (٣٠، برگە ١٥٤)، هەر ئەم فاکتە خۆی سەرنج راکێشە. ئێمە لە کاتێکدا بەڕادەی پێویست گومان دەخەینە سەر ئەم جۆرە کڕین و فرۆشتنە کە تیایاندا هێز و توانا حەتمییانە دەوریان بینیوە[7]، سەرنجی ئەوەش دەدەین کە عەمەلیەی کڕین، با هەر بەناویش بووبێ، مەرجێکی پێویست بووە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە موڵکدارییەتیی کەسی بۆ زەوی هەبووە لەگەڵ ئەوەی ئەم ئینستیتووتانە (مەبەست لەم ئینستیتووتانە موڵکدارییەتی و موڵکیەتی کەسییە – و.) زامینکردنی قانوونییان نەبوو.

نەک هەر موڵکدارییەتی و موڵکیەتی کەسی بۆ زەوی، بەڵکو هەموو جۆرە مۆڵکییەتێک – هی بزێو و نەبزێو – زامین نەبوو. سەرۆکی ئیمارەت دەسەڵاتی بەسەر ژیانی هەموو ملکەچانی خۆیەوە، بە موڵکەکانیشیانەوە، هەبوو. ناوەناوەش فەرمانڕەوا، بەبێ هیچ

---

(٧) بۆ نموونە، سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵە کردنی لایەنەکان لە کڕین و فرۆشتندا دەگەڕێینەوە بۆ ک. ج. ریچ دەربارەی "ئەو گوندەی ئەمانەڵلا خانی یەکەم پێشکێش بەفەرمانڕەوای بابانی کرد" (٥١، I، ٢٥٢).

هۆیەکی دیار، دەیتوانی یەکێک لە خێزانە نەجیبزادەکان بخاتە ژێر باری باجدانێک، وەکو سزا، یان دەست بەسەر موڵک و ماڵی دابگرێ هەر لەبەر ئەوەی بەلای ئەمەوە، ئەم خێزانە، لە رادەبەدەر دەوڵەمەند بووە. بنەماڵەی قادری، کە ماهشەرەفخانم کوردستانی لەو بنەماڵەیە بوو، یەکێک بوو لەوانەی کەوتنە ژێر باری ئەم جۆرە سزادانە. سەرۆکی بنەماڵە و کوڕ و برازاکانی لەنکاو گیران و کەمایەتییان پێکرا، ئەمەش چونکە میر خوسرەو خان ناکام، کە دواتر بوو بە مێردی مەستوورە، دەیویست لە ماڵ و سامانی خەزووری داهاتووی خۆیی دڵنیا بێت. (٢٥، ١٧٨).

نموونەی ئەم جۆرە "ئاوڕدانەوە بێزەوەرەی میری(*) میهرەبان"، کە بەندیخانە و ئازاردان و پارە لێ سەندن و هەندێ جار کوشتنیشی لەگەڵدا بوو، لە خرۆنیکای مێژوونووسانی ئەردەڵانیدا گەلێ زۆرن. هەروەها میرانی بابانیش گەلێ سەرکەوتووانە ئەم شێوازانەیان بەکارهێناوە بۆ بەهێزکردنی توانای ئابووریيان. عومەر ئاغا، کە یەکێک لە نەجیبزادەکانی بابان بوو و هاوڕێیەتیی ک. ج. ریچ ی کردبوو لە سەفەریدا بە کوردستانی ئێران، بۆ ئەم جاسوسە ئینگلیزەی گێڕاوەتەوە کە چۆن خۆی و چوار پێنج کەس لە پیاوەکانی لەلایەن مەحموود پاشای بابانەوە گیراون و ئازاردراون: "بەندیخانەکە سر و تاریک بوو، چلەی زستانیش بوو. ڕۆژانە یەکێک یان دوو لە پیاوەکانیان دەبرد و بەدار خراپ لێیان دەدان تا جێگەی پارە و سامانی ئاغاکەیان ئاشکرا بکەن" (٥١، I، ٢٧٣).

لەگەڵ ئەو ئاسانییەشدا کە سامانی بزوێن زەوت دەکرا، ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەینێ کە هەموو دەوڵەمەند و ماڵدارانی خەڵکی کوردستان لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە تووشی ئەم بارە دەهاتن. لەم رووەوە، باسکردنی چەند جارێک لەلایەن مێژوونووسانی ئەردەڵانییەوە کە خەڵکی دەوڵەمەندی ئەردەڵان بەزۆر بۆ کوردستانی بابان گوێزراونەتەوە و بەپێچەوانەوە، یەکجار سەرنج راکێشە. سەلیم پاشا لە ماوەی پێنج ساڵی فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا لە سنە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە، ئەم جۆرە راگوێزانەی دەوڵەمەندانی ئەنجام دەدا لە سنەوە بۆ سلێمانی، بۆ کۆیە و هەریر. دوای بیست ساڵ خوسرەو خان بانی ئەردەڵان، کە باش خۆیی چەسپاند، ئەو ئەردەڵانییە راگوێزراوانەی "ئەوانەی تۆزە ماڵێکیان هەبوو" بۆ سنە دیسان گەڕاندنەوە (١٥، برگە ٤٥، ٢٥، ٩٦، ١٠٣، ١١٠، ١١٧).

ئینستیتووتی موڵکداریەتیی زەوی، ئاو(٨)، سامانی بزێو و نەبزێو، لەگەڵ ئەوەی تەواو

---

(*) نووسەر "خان"ی نووسیوە. وەرگێڕ.

(٨) بەگەواهی ک. ج. ریچ، زێی دیالە، کە بە دۆڵی بەپیتی سلێمانیدا دەڕۆیی و دواتر لەلایەن یەکێکەوە بەناوی یونس بیە پێشکێش بە مەحموود پاشای بابان کرد، موڵکی تاقە کەسێک بوو (٥١، I، ٦٥ـ٦٦).

دابین نەکرابوون و لە ناو زاراوەی وەکو "مولّک" و "خاوەنداری"دا تواببوونەوە، بەلاّم لە ڕاستیدا لە ئیمارەتەکانی ئەردەلاّن و بابان، هەروەکو لە ناوچەکانی کوردستانی باکووردا، ئەم ئینستیتوتە هەبوو. بەقسەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی، زەویی کشتوکاڵی و گوندەکان لە کوردستان تا سەردەمی خۆی، واتە تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە، وەکو مولّک لە باوکەوە بە میرات بۆ کوڕ دەمانەوە: "نە دەوڵەت و نە حەکیم مافی داواکردنیان نەبوو" (١٠، برگە ٨٢ – ٨٣). ئۆ. گ. بۆلشاکۆڤ کە لە گیروگرفتەکانی کۆمەلاّیەتی – ئابووریی مێژووی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و نزیک و ئێرانی کۆڵیوەتەوە، سەبارەت بەم ڕەوشەی لەسەرەوە باسکرا، پرسیارێکی زیرەکانەی قووت کردووەتەوە: ئەگەر زەوییەکان بکڕێن، بفرۆشرێن و بەمیرات بمێننەوە و هێشتاش هەر نەبن بە مولّک. کەواتە موڵکداریەتیی کەسی دەبێ چی بێت؟ (٧٤، ٣٦).

ڕادەی ئاسانیی لێ سەندنەوەی زەوی، لەوە دەچێ، وەستابوو لەسەر شێوازی پەیاکردنی زەوییەکە: بەڕێگەی کڕین و فرۆشتن، داگیرکردن، پێشکێشکراو یان بەمیرات ماوەتەوە. کڕین و فرۆشتنی زەوی، ئەوەی زێتر و باشتر ڕێگە لە لێسەندنەوەی دەگرێ، وەکو بینیمان، لە میرنشینەکانی ئەردەلاّن و باباندا هەبوو، ئەگەرچی سیمایەکی سنوورداری هەبوو. شێوازی پەیاکردنی زەوی بەڕێگەی بەخشین و داگیرکردنەوە بۆ کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلاّت باوتر بوو، بەتایبەتیش لەناو سنووری خێڵدا مەسەلەکانی موڵکداریەتیی و بەکارهێنانی زەوی بەڕێگەی داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنەوە چارەسەر دەکران. س. ج. ئێدمۆندز کە باسی شێوازەکانی پەیاکردنی زەوی و زار لەلایەن سەرکردە بەهێزەکانی خێڵی جافەوە، یەکەمین شت ناوی داگیرکردن دەبا و ئینجا – پێشکێشکردن و کڕین (١٧٣، ١٤٥). بنەماڵەکانی بەگە جافەکان بەڕێگەی ئەو سێ شێوازەوە بوون بەخاوەنی جێگە و ناوچەی فراوان – هەر لە قزلڕباتەوە تا پێنجوین.

زەوییەکان بە جووتیارەکانی لەسەریاندا دەژین و بە لەوەڕگاکانیانەوە، بەناو، هی هەموو خێڵەکە بوون و بەڕێوەبردنی بە میراتیش – بۆ سەرکردەکانی خێڵ بوو. خێڵ، وەکو باو بوو، تەنانەت لەگەڵ رووبەرێکی دیاریکراودا یەکی دەگرتەوە (١٦٧، ٤٤). بەلاّم نەجیبزادەکانی خێڵ هەر لە سەرەتاوە هەروەکو موڵکی تایبەتیی خۆیان سەیری ئەم زەوییانەیان دەکرد. هەروەکو رووبەری هەندێ لە میرنشینە کوردییەکان، لە سەرچاوەکانی ئێرانیی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو زەوییانەی درابوون بە خێڵەکان بە زاراوەی "موڵکییەت" یان "ئۆچاک" ، "ئوچاکێک" (واتە – ئۆجاغ) ئاماژەیان بۆ کراوە (١٣٥، ٢٢٩).

سنوورەکانی موڵکداریەت تەنیا بە ڕێگەی داگیرکردنەوە دەگۆڕان (بڕوانە ١٦٧، ٤٤) و

سەرانی خێڵیش لە نێو قەوارەی ئۆجاغی خۆیاندا دەسەڵاتیان لە هی میرەکان کەمتر نەبوو. هێزی جەنگیی خێڵ گەرەنتیی پاراستنی "مافی زاکۆنی"ی بەسەر زەوی و چەوساندنەوەی ئەوانەی کاریان لە سەر دەکرد گرتبووە ئەستۆ.

لێرە هەمووی ڕێک و ڕەوانە، چاو لە هیچ نەپۆشراوە. چەوساندنەوەش لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە تەنیا لە کۆچ و نێو خێڵەکییەکاندا لە ژێر "دەمامکی" باوک سالاریدا شاردرابووەوە.

بنچینەی ئابووریی ئەم بۆیە باوک سالارییەش، کە لە زۆربەی حاڵەتدا وەکو پاشماوەی پێوەندییەکانی خێڵەتی – بنەماڵەیی تەماشاکراوە و ئێستاش هەروا لە قەڵەم دەدرێ، ئەوەیە کە مافی موڵکداریەتیی زەوییە لەوەڕگاکان هێشتا ڕادەی وردیی ماناکەی کەمترە. موڵکداریەتیی لەوەڕگا لەلایەن کۆمەڵانی کۆچەرییەوە لەسەر ئاستی بەشێکی خێڵ (تیرە) بەڕێوە دەبرا (١٦٢، ٣٦ – ١٦٧، ٤٤، ٤٥). هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە مافی تەواوی ئەوەی هەبوو کە ئاژەڵەکانی خۆیی لە لەوەڕگاکاندا بلەوەڕێنی و کەس نەیدەتوانی، لە یەکەم تەماشاکردندا، ئەم مافە پاوان بکات. بەڵام ئا. ی. پێرشیتس کە پێوەندییەکانی فیۆداڵی شیدەکاتەوە لەناو ئاژەڵ بەخێوکەرانی کۆچەریی باکووری عەرابیادا، دەگاتە ئەنجامێکی سەلمێنەر کە مافی سەرانی خێڵەکان بۆ بەکارهێنانی لەوەڕگاکان بەکەیفی خۆیان مافی کۆمەڵیی کردبوو بەتراویلکە و، لە ڕاستیدا، جیاوازییەکی نەهێشتبووەوە لەگەڵ موڵکداریەتیی زەویی فیۆداڵیدا (١٢٧، ٢٨).

لە قەوارەی لقەکانی خێڵدا تەنیا بەکارهێنانی زەوی ئەنجام دەدرا. هەرچی مەسەلەی خاوەنداریەتیی لەوەڕگا و بەروبوومی کشتوکاڵی بوو لەناو خێڵدا تەنیا لە ئاستی سەرانی خێڵ یان کلان (تایفە)ی بەگزادە قسەی لێ دەکرا. ئەو زەوییانەی پێشکێش بەخێڵەکان دەکران لە بری خزمەتی عەسکەری یان خۆیان داگیریان دەکردن و بەتێپەڕبوونی کات دەبوون بە موڵک و دەبوون بە هی خانەوادە سەرکردەکانی خێڵەکان بۆ چەند پشتێک. بەکارهێنانی بەکۆمەڵی لەوەڕگاکان تەنیا لەناو ئاژەڵ بەخێوکەرەکاندا باو نەبوو. بەقسەی م. م. ڤان بروینسون، لەوەڕگاکانی دەوروبەری گوندەکان تاکو ئێستاش موڵکی کۆمەڵی لادێین بەگشتی (١٦٧، ٤٧). خەڵکی لادێیی هەموو بستە زەوییەکی گوندەکەیان لە خەڵکی گوندەکانی تر دەپارێزن، تەنانەت ئەگەر گوندی هاوسێ سەر بەهەمان بنەماڵەشەوە بێت، لەم حاڵەتەشدا، وەکو دەردەکەوێ، دیسان مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ تڕادیسیای پیرۆز سەبارەت بە مافی بەکارهێنانی زەوی.

بەکارهێنانی زەوی وەکو تەقلیدێک تاکو ئێستاش هەر خۆی دەنوێنێ، تەنانەت ئەو

سەرانی خێڵیش لە نێو قەوارەی ئۆجاغی خۆیاندا دەسەلاتیان لە هی میرەکان کەمتر نەبوو. هێزی جەنگیی خێڵ گەرەنتیی پاراستنی "مافی زاکۆنی"ی بەسەر زەوی و چەوساندنەوەی ئەوانەی کاریان لە سەر دەکرد گرتبووە ئەستۆ.

لێرە هەمووی رێک و رەوانە، چاو لە هیچ نەپۆشراوە. چەوساندنەوەش لەلایەن چینی دەسەلاتدارەوە تەنیا لە کۆچ و نێو خێڵەکییەکاندا لە ژێر "دەمامکی" باوک سالاریدا شاردرابووەوە.

بنچینەی ئابووریی ئەم بۆیە باوک سالارییەش، کە لە زۆربەی حاڵەتدا وەکو پاشماوەی پێوەندییەکانی خێڵەتی – بنەماڵەیی تەماشاکراوە و ئێستاش هەروا لە قەڵەم دەدرێ، ئەوەیە کە مافی موڵکداریەتیی زەوییە لەوەڕگاکان هێشتا رادەی وردیی ماناکەی کەمترە. موڵکداریەتیی لەوەڕگا لەلایەن کۆمەلانی کۆچەرییەوە لەسەر ئاستی بەشێکی خێڵ (تیرە) بەڕێوە دەبرا (١٦٢، ٣٦ – ١٦٧، ٤٤، ٤٥). هەر ئەندامێکی ئەم کۆمەڵەیە مافی تەواوی ئەوەی هەبوو کە ئاژەڵەکانی خۆیی لە لەوەڕگاکاندا بلەوەڕێنی و کەس نەیدەتوانی، لە یەکەم تەماشاکردندا، ئەم مافە پاوان بکات. بەلام ئا. ی. پێرشیتس کە پێوەندییەکانی فیۆداڵی شیدەکاتەوە لەناو ئاژەڵ بەخێوکەرانی کۆچەریی باکووری عەرابیادا، دەگاتە ئەنجامێکی سەلمێنەر کە مافی سەرانی خێڵەکان بۆ بەکارهێنانی لەوەڕگاکان بەکەیفی خۆیان مافی کۆمەڵیی کردبوو بەتراویلکە و، لە ڕاستیدا، جیاوازییەکی نەهێشتبووەوە لەگەڵ موڵکداریەتیی زەویی فیۆداڵیدا (١٢٧، ٢٨).

لە قەوارەی لقەکانی خێڵدا تەنیا بەکارهێنانی زەوی ئەنجام دەدرا. هەرچی مەسەلەی خاوەنداریەتیی لەوەڕگا و بەروبوومی کشتوکاڵی بوو لەناو خێڵدا تەنیا لە ئاستی سەرانی خێڵ یان کلان (تایفە)ی بەگزادە قسەی لێ دەکرا. ئەو زەوییانەی پێشکێش بەخێڵەکان دەکران لە بری خزمەتی عەسکەری یان خۆیان داگیریان دەکردن و بەتێپەڕبوونی کات دەبوون بە موڵک و دەبوون بە هی خانەوادە سەرکردەکانی خێڵەکان بۆ چەند پشتێک. بەکارهێنانی بەکۆمەڵی لەوەڕگاکان تەنیا لەناو ئاژەڵ بەخێوکەرەکاندا باو نەبوو. بەقسەی م. م. ڤان بروینسون، لەوەڕگاکانی دەوروبەری گوندەکان تاکو ئێستاش موڵکی کۆمەڵی لادێین بەگشتی (١٦٧، ٤٧). خەڵکی لادێیی هەموو بستە زەوییەکی گوندەکەیان لە خەڵکی گوندەکانی تر دەپارێزن، تەنانەت ئەگەر گوندی هاوسێ سەر بەهەمان بنەماڵەشەوە بێت، لەم حاڵەتەشدا، وەکو دەردەکەوێ، دیسان مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ تڕادیسیای پیرۆز سەبارەت بە مافی بەکارهێنانی زەوی.

بەکارهێنانی زەوی وەکو تەقلیدێک تاکو ئێستاش هەر خۆی دەنوێنێ، تەنانەت ئەو

کاتەش کە هەموو زەوییەکانی کشتوکاڵی بوون بە موڵکی کەسی. ئەگەر خێڵێک باج لەسەر بەکارهێنانی لەوەڕگایەک بدات، کەس ناتوانێ لە پڕ نەهێڵێ ئاژەڵەکانی لەوێ بلەوەڕێنێ یان لەوەڕگاکە بدات بە خێڵێکی تر (١٦٧، ٤٦، ٤٧). تەنانەت فرۆشتنی زەوی، لە پراکتیکدا، تاکو ئێستاش کۆسپ و تەگەرەی زۆری لە پێشە[9]. بەم جۆرە، زەویی کشتوکاڵی لە میرنشینەکانی ئەردەڵان و باباندا موڵک و پاوانی فیۆداڵانی کورد بوون. هەر گوندێکی تۆزە بایەخێکی هەبووایە، هی ئەوان بوو و ئەوەش، بە بۆچوونی س. ج. ئیدمۆندز، سیمایەکی کورستان بوو (١٧٣، ١٠٠). لە کوردستاندا موڵکداریەتیی زەوی سەرباشقە بوو، بەڵام ئەرستۆکراتیای زەویداری چەسپاو، کە موڵکی خۆیی بەتەواوی لە نەوەیەکەوە بە نەوەیەکی تری سپاردبێ، بەڕای ئا. ک. لێمبتۆن، لە کوردستاندا هەرگیز پەیا نەبووە. ئەوانەی لە وڵاتی کوردان خاوەنی زەوی بوون، بەبێ هیچ گومانێک، "ڕاست نییە بەراورد بکرێن... لەگەڵ ئەرستۆکراتیای زەویداری بریتانی دا یان هی هەر وڵاتێکی ئەوروپای ڕۆژئاوایی" (١٨٧، ٢٥٩، ٢٦٩).

ئەم جۆرە یەک نەگرتنەوەش لەوەدایە کە لە کوردستاندا هیچ کاتێک ئەرستۆکراتیای زەویداری "پاک" لە ئارادا نەبووە، مرڵکداریەتیی زەوی دەسەڵاتداریەتیی سیاسیی دروست کردووە و بەندبووە بە هێز و توانای خێڵەوە. هەروەها بەسترابووەوە بەڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی ئەرکە ئیدیۆلۆگییەکانی سەرکردەکانەوە (سەرکردە و ڕێکخراوە ئاینییەکان).

ئەم چەشنە بەندبوونەی موڵکداریەتیی زەوی بە ئینستیتووتەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسی و ئیدیۆلۆگییەوە لەبەر ئەوە بوو کە دابین بوونێکی قانوونی نەبوو بۆ خاوەنداریەتیی زەوی. وەرگرتن، داگیرکردن و تەنانەت کڕینی زەویش بەتەنیا بەس نەبوو، بەڵکو پاراستنی زەوییەکە بە هەمان ڕادە گرینگ بوو. هەبوونی دەسەڵات گەرەنتی بوو بۆ موڵکداریەتیی زەوی. بۆیە ئەرستۆکراتیای کوردی، کە بنەماڵەکان نوێنەری بوون، لەماوەی گەلێ لە

(٩) لە کتێبەکەی م.م. ڤان بروینسون دا نموونەیەکی جوانی ئەمە هەیە، ئەویش سەبارەت بە ڕۆژگارێکی دوور لە فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەکانی ئەردەڵان و بابانە و ڕووداوەکە هی ناوچەکانی سەرووی کوردستانە. ساڵی ١٩٧٦ لە دۆڵی زێی باتماندا پێکدادانێکی چەکدارانە قەوما لەبەر ئەوەی خەڵکی گوندی کانیکە زەوییەکانی خۆیان بەبێگانان فرۆشت ئەویش نوێنەرانی خێڵێکی بەهێزبوون کە لەسەر چیاکانی ساسۆن دەژیان و زەوییان کەم بوو. کاتێک خاوەنی تازە ویستی بچێتە گوندەکە. خەڵکی ئەوێ دەریانکرد، ئینجا هێزەکانی ئەو خێڵە لە چیا دابەزین و تەقەیان لە گوندەکە کرد. شەڕ ٢٤ سەعات بەردەوام بوو هێزی عەسکەری و جەندرمە هاتنە ناو شەڕەکە. لە ئەنجامدا خەڵکی گوندەکە توانییان زەوییەکانی خۆیان بپارێزن و خاوەنی تازە دەربکەن (١٦٧، ٤٤).

نەوەکاندا هەر لە ڕێز ئێلیت(*) دا بوو، کەچی هەر نەیتوانی ببێت بە ئەرستۆکراتیایەکی زەویداری "پاک".

لە میرنشینەکانی ئەردەڵان و باباندا چینی فیۆداڵە گەورەکانی خاوەن زەوی لە چوار بەش پێکهاتبوو: کلانی ئەردەڵان و بابانەکان، نەجیبزادەی خێڵەتی، ڕێکخراوەی ئاینی و خانەوادەی شێخەکان، فەرمانبەرانی جەنگی و ئیداریی میرنشینەکان. تەنیا نوێنەرانی یەکێک لەم توێژاڵە کۆمەڵایەتییانە و دەسەلات، کە ئەویش هەر لە توێژاڵەکەوە دەهات، دەیانتوانی مافی موڵکداریەتیی زەوی دابین بکەن. لە دەرەوەی ئەم گروپە کۆمەڵایەتییە ناوبراوانەدا موڵکداریەتی و خاوەندارییەتی زەوی لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا بەکەمترین رادە بوو.

سیمای تایبەتیی ئابووریی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان ئەوەبوو کە خاوەنداریەتیی زەویی فیۆداڵەکان لەگەڵ پارچە زەویی بچووک و سەربەخۆی جووتیاراندا پێکەوە بوون، ئەوەش بەڕای ئی. پ. پێتروشێفسکی، سیمایەکی تایبەتیی ئابووریی فیۆدالیزمە بەگشتی (١٣٢، ٢٣٣). خەڵکی ناخێڵەکی لە گوندەکانی کوردیدا بێ زەوی بوون، ئەمانەن یان پارچە زەوییان بەکرێ دەگرت، یان دەبوون بەکرێکاری کشتوکاڵی (١٦٧، ١١٧). سستێمی بەکرێ گرتنی زەوی، کە بە بۆچوونی م. ب. پیۆترۆڤسکی، لە رۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاستدا سیمایەکی هەموو ڕۆژهەڵاتی نزیک بوو (١٢٨ – ١٧٠)، لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتیشدا هەر شێوەی سەرباشقەی بەکارهێنانی زەوی بوو.

خاوەنی زەوی پارچە زەوییەکانی بەمەرجی جۆراوجۆر بەکرێ دەدا. ئەگەر کرێچی خزمی خاوەنی زەوی بووایە هەلومەرجی بەکرێ گرتن هەندێ ئاسانتر دەبوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کەس نەیدەتوانی بەبێ ڕەزامەندیی خاوەن زەوی بێتە ناو گوندەکەوە یان لێی بڕوات (١٨١، ١٨– ١٩). ڕووبەری گوند و دانیشتوانە جووتیارەکەی وەکو یەک پارچەی تەواوی لێک جیانەبووەوە تەماشا دەکران. بەگوێرەی یەکێک لە زاکۆنەکانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، ئەو ڕەعیەتانەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕایاندەکرد دەبووایە لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە بگەڕێندرێنەوە جێگەی خۆیان (٧ أ، ١٢٩).

سەبارەت بە هەبوونی جووتیاری نووساو بە زەوییەکەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست لە وڵاتانی ئاسیای بەرایی و ناوەڕاستدا و نەبوونی مافی جوولانەوەیان، بە ڕای ئی. پ. پیترۆشێڤسکی، یەکێک لە مەسەلە سەختەکانە و بەستراوەتەوە بە تایبەتمەندیی گیروگرفتەکانی گەشەسەندنی فیۆداڵی لەم ناوچەیەدا (١٤٣، ٥٩، ٦١). شەریعەتی

(*) ئێلیت ـ نخبة، صفوة. هەڵبژاردە ـ وەرگێڕ.

ئیسلامی دان بە رەوشی کۆیلەیی جووتیار دانانێت، بەڵام رەوشی واقیعیی کوردستان ناچێتە ناو چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامییەوە، بە تایبەتیش کاتێک باس دێتە سەر کۆمەڵانی ئاینیی وەکو ئێزیدی، ئەهلی هەق و قزڵباشەکان (بڕوانە ١٤٣، ١٤٤).

لە لای هەماوەند و دزەییان جووتیارەکانی سەر بەم خێڵانەوە نەبوون بە زەوییەکانەوە لکێندرابوون (١٦٧، ١١٨)، ئەمانە موڵکی ئاغای خێڵەکان بوون و نەیاندەتوانی ئاغای خۆیان بگۆڕن. چینی هەژار و رەش و رووتی کۆمەڵگای ئێزیدی کۆیلەی تەواوی بەردەستی مورشیدی روحییان بوون و شێخە ئێزیدییەکان، وەکو رەشاد سەبری رەشید ئاماژەی بۆ کردووە (١٤٣، ١١١)، تەنانەت دەیانتوانی موریدەکانی خۆیان، لە بەرامبەر پارەیەکی دیاریکراودا، بەیەکتر بفرۆشن. رەوشی کۆیلەیی، کە لە بەڵگەنامە قانوونییەکاندا تۆمار نەکراوە و تەنانەت لەلایەن قانوونەوە دانیشی پیا نەنراوە، لەناو دڵی خەڵکدا ژیاوە و لە ئاستی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییدا چەسپاوە. لە هەلومەرجی کوردستاندا، لە حاڵەتی هێرش و تاڵانکردن و شەڕی هەمیشەییدا و هەروەها لە توانانەبوونی چاوپۆشین لە هەر یەکێک داکۆکیت لێ بکات، ژیان بەبێ پەنابردن بۆ خێڵێکی بەهێز یان بنەماڵەیەک یان تەنانەت خۆ خستنە ژێر حیمایەیەکەوە بێ مانا بوو. زایەڵەی ئەو هەموو تێکەڵ بەیەکبوونەی پێوەندییەکانی دەست بەسەر داگرتن و ملکەچبوون، لە توانادا نەبوونی مانەوە بەبێ داکۆکی و پاراستن لە لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردیدا تا رۆژی ئیمڕۆکەش هەر بەرگوێ دەکەوێ (بڕوانە ١٠٠، ١٢٤، ١٢٥).

لەگەڵ ئەوەشدا، لکاندنی جووتیاری کورد بە زەوی و بەخودی خاوەن زەوی گەشەسەندنی تەواوی بەخۆوە نەدی. گەواهی ئەوەش فاکتی راکردنی بەکۆمەڵی جووتیاران و گۆڕینی نشیمەنیانە کە لە ئەدەبدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمانە لە کاتی هێرش و تاڵانکردنەکاندا خۆیان لە چیاکاندا دەشاردەوە. ساڵانی ١٨٣١ – ١٨٣٢، کاتێک تاعون بە ناوچەکانی باباندا بڵاو دەبووەوە و شەڕی ناوخۆش لە ئارادابوو، جووتیارەکان بەکۆمەڵ زەوییەکانیان بەجێ هێشت و چوون بەرەو باکوور، بۆ ناوچەکانی ژێردەستی میر محەمەد، فەرمانڕەوای بەهێزی رەواندز (١٦٧، ٤٣٠، ٤١، I، ١٧٧).

میکانیزمی لێ سەندنەوەی بەرهەمی زێدەی کاری جووتیاری کورد لە ئاستی زانیاریی ئێستاماندا دەکرێ تەنیا بەشێوەیەکی گشتی باسی بکرێ. نۆڕمی چەوساندنەوە، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا، وەکو یەک نەبوون. دابەشکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی لە ئەردەڵان لە نزیک شاری سنە بۆ جووتیار یەکجار نالەبار بوو، لە رووبەری حەوت میل دوور لەو شارەوە، بەقسەی ئا. ک. لێمبتۆن، خاوەن

زەوی زێتـر لە نیـوەی گـەنم و جـۆی دەبرد. لە ناوچـەکانـی تری دوورتردا تەنیـا پێنـج یەکی دەغڵەکەی دەبرد (١٨٧، ٣١٠). ئەگەر تۆی دەغڵەکە هـی کرێ گرتەکە بووایە، خاوەن زەوی ٥٠٪ی دەبرد، ئەگـــەر تـۆیەکـــەش هـی خـــاوەن زەوی بووایە ئەوا لـەم حـــاڵەتـەدا ٧٥٪ی بەردەکـەوت (١٨١، ١٩). شـان بەشـانی ئـەو بەشـە دەغـڵـەی خـاوەن زەوی، بەشی مـەلاش دەدرا، بەشی دیوەخانە، داکـردنی کا و ئالیک، بەشی سـوپا و بـاج لەسـەر زەوی بە هەمـوو زێدەکردن و تۆمارکردنی لەبن نەهاتووی "تەفاوت" و "تەوفیر" (١٣٥، ١٦٦)، کە گەلێ جاران لەسەر لاپەڕەکانی خڕونیکا ئەردەڵانییەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە.

شـێوەیەکی دیاریکراوی چەوساندنەوە، نەک هەر ڕەچاو نەدەکرا، بەڵکو هەر دانیشی پیا نەدەنرا. جا لەگەڵ ئەوەی کارێکی زەحمەتە باسی چەسپاندنی بە زورەملێ جووتیار بکەین لە کـوردسـتـانی خـوارووی ڕۆژهـەلاتدا، بەڵام جـووتیـار دڵنیـانەبوو لە سـەلامـەتیی خـۆی لە دەست ئـاغـاکـەی، ئەوەی کـە وەکـو مـوڵکێکی بزێو سـەیری جـووتیـارەکـانی دەکـرد. لە پڕاکتیکدا، جووتیاری کورد نە ژیان و نە کەلوپەلی ژیانی گەرەنتییان نەبوو (١٨٧، ٢٩٠).

خـاوەنی زەوی دەیتـوانی هـەمـوو شـتـێک لـە جـووتیـار بسـێنێ، ئەمـیش مـافی بەرهەڵستکردنی نەبوو. ئەگەر ئاغا یان "نەجیبزادەیەکی کورد" کەمایەتیی بە ڕەعیـەتێک کرد یان لێیدا، ئەوا ڕەعیـەت تەنیا بۆی هەیە لای ئـاغـای خۆی سکاڵا بکات. بۆ سزادانی جووتیـار تەنانەت قـامچی تایبـەتیش هەبوو. تێلی میـتـاڵی پێوە لکێندرابوو و درێژییـەکەی مەتر و نیوێک تا سێ مەتر دەبوو (١٦٠، ١٩، ٢٥). باری جووتیـارێک کە سەر بە خێڵێکەوە نەبوو لەگەڵ باری کۆیلە بەراورد دەکرا (٥١، I، ٨٩ – ١٦٧، ١١٨). لە کۆمەڵگادا ڕەوشێکی وا بەرقەرار بـوو کـە تیـایدا مـالیک دەسـەڵاتی هەمـوو شـتێکی هـەبوو و جـووتیـاریش تـەنیـا سایکۆلۆژیای هەستکردن بە سووکایەتی.

چەوسـاندنەوەی بەبێ ڕاوەسـتانی جـووتیـار، یان بڵێی زاکۆنێک هـەر نەبێ سنوورێکی بۆ دانابێ، لێ سـەندنەوەی نەک هەر بەروبوومی زێدە لە جووتیار، بەڵکو بەرهەمی پێویستیش چەند هۆیەکی هـەبوو. ڕەگی هۆ سەرەکییـەکە لە نەبوونـی سەقامگیریی سیاسیدا بوو لە ناوچەکەدا. زۆرانبازی لە نێو و نێوان تیرە و تایفە فەرمانڕەواکاندا، گۆڕان و هەڵسووڕانی پێشبڕکێی ئێرانی – تورکی و شەڕی ناوخۆی فێودالی، ڕەوشێکی کۆمـەڵایەتی – سیاسیی لەق و ناتەبای هەمیشەییان داهێنا لە ئیمارەتەکاندا.

لەئارادانەبوونی سـەقـامگیری بەتایبـەتی گەلێ خراپ کاریکردەسـەر باری جووتیـاران، ئەوانەی زەویی خەڵکانی فەرمانڕەوایان دەچاند. ئەم خەڵکانە بەهۆی ئەوەی دڵنیا نەبوون لە ماوەی فـەرمانڕەوایەتییان و ئەو موڵکانەی پێشکێشیـان کـرابوون تا چەند هی ئەوانە، بۆیە

ئەوەندەی لە توانایاندا بووایە گوشاریان دەکردە سەر جووتیاران. نەبوونی سەقامگیریی سیاسی چەوساندنەوەیەکی لە ڕادەبەدەری داهێنا، بە قسەی م.م. ڤان بروینسون، سیمایەکی یەکجار بێزەوەری بۆ میرنشینی بابان و ئیمپڕاتۆڕیای عوسمانی بەگشتی دروست کرد (١٦٧، ٢١١).

فەرمانبەرێکی بابانی لە گفتوگۆیدا لەگەڵ ک. ج. ریچ ڕەوشەکەی جوان ڕوون کردووەتەوە: بۆ نموونە، بۆچی من دەغڵ بەسەر زەوی داکەم، کاتێک من دڵنیانیم کە ئاغای من دەتوانێ دەسەڵاتی خۆیی ڕابگرێ و منیش خاوەنی مولکی خۆم بم تا وەختی دروونە دێت؟ لە جیاتی ئەوە، ڕێگە بە جووتیاران دەدەم زەوییەکانم بەکاربێنن بە جۆرێک کە خۆیان بە باش دەزانن و منیش ئەوەی پێشکێشم دەکەن وەریدەگرم... لەسەر ئەوەش ئەوەی دەتوانم لێیان دەربێنم بەهەر شێوەیەک و بەهەر بیانوویێک بێت" (٥١، I، ٩٦).

ڕەوشی میرنشینیی ئەردەڵانیش جیاوازییەکی مەبدەئی لەم ڕووەوە نەبوو، لەوێ کۆکردنەوەی باج هەندێ جاران لێدانیشی لەگەڵدا دەبوو و تەنانەت گوندیش تێکدەدران. سەبارەت بەو زۆرداریییەی وەزیر و خەڵکانی نزیکی میرانی ئەردەڵانی لە سەر دانیشتوانی لادێیی، ئاکاردرشتی و گوشار بۆ هێنیان، لە خرۆنیکایانی ناوچەکەدا چەند جارێک باس کراون (بڕوانە ٢٥، ١٤٦، ١٧٥، ١٨٤، ١٩٢). بەتایبەتیش دوا دە ساڵی فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەی ئەردەڵان ناسەقامگیر بوو. ڕەوشێکی سووتێنەر بوو، زۆرداری و بێ زاکۆنیی لە گوندی ئەردەڵانیدا لە سنوور دەرچوون. باج کۆکەرەوەکان کە ساڵی ١٨٤٨ چوونە ئێیلاگ، بەگەواهی ماهشەرەفخانم، لە ماوەی شەش ڕۆژاندا زۆربەی گوندەکانی ئەوێیان تێکدا، "بەڕێگەی زۆرەملێ و زۆرداریییەوە (٢٥، ١٩٥).

هۆی دووەم کە چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری جووتیارانی داهێنا لە میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان ئەوەبوو کە مولکداران لە گوندەکانی خۆیاندا نەدەژیان. دەرەبەگی لەوێ نەبوو (غائب) سیمایەکی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتە. لە گوند پیرێک دیاری دەکرا (کێخوا)، یان بەڕێوەبەرێک (سەرکار) یان یەکێک لە خزمی جووتیارەکان دەبوو بە (نایب) و نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئاغای دەکرد (١٦٢، ٤٨؛ ١٨٠، ٩٧– ٩٨). لە شارەکاندا نەک هەر نوێنەرانی بنەماڵەی سەرکردە و کۆشکی میر، بەڵکو پیاوانی ئایینیی گەورەش لە نزیک کۆشکی میردا دەژیان. تەنانەت سەرکردەی خێڵەکانیش لە ژیانی شارستانییەوە بە دوور نەبوون، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی درێژ خێڵیان بەبێ چاودێری نەدەهێشتەوە. ئەمانە دەبووایە لەگەڵ هێزەکانیان لە ناو قەڵایەکانیاندا بژین، بەڵام لە دەرەوەی گوند.

خاوەن زەوییەکان ساڵێ جارێک (ئەگەر ئەمە هەر ڕووی بدایە بەگشتی) لە کاتی

درووونەی دەغڵ و دان سەریان لە گوندەکان دەدا. جا، لە گوندی حەمەکەسی لە ئەردەلان، کە ت. م. لیکلام لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەوێ بووە، ئاغاکانی ئەوێ تەنیا لەو کاتانەدا پەیادەبوون و ئەم جۆرە سەردانەش، بە قسەی ئەو، رووتاندنەوەی عاجباتانەیان لەگەڵدا دەبوو. دەرەبەگ کە جووتیاری بەجارێک رووت دەکردەوە هەرگیز بە لایەوە گرینگ نەبوو کە بۆ ساڵێکی تر دەمێنێتەوە یان هەر چارەنووسی چی بەسەر دێت و دەگەڕایەوە بۆ هەمەدان (٤٦،IV، ٣١– ٣٢).

دەبوو کە خاوەن زەوی هەر نەچێ بۆ سەر زەوییەکانی. لەم حاڵەتەشدا کێخوا یان سەرکار رووتاندنەوەکەیان دەکرد. بۆ نموونە، ئاغای گوندی حاجی مینە، کە ت. م. لیکلام سەردانی کردبوو، لە تاران دەژیا و کێخوا دەبووایە ساڵانە بەشە دەغڵەکەی بۆ ئەوێ بگەینێ (٤٦، IV، ٦١، ٦٢). بەکارهێنانی سەرکار دەسەڵاتەکەی بۆ سوودی خۆی، بەقسەی هەڵکەوت حەکیم، راستییەکە و لە کوردستاندا باش زانراوە (١٦٢، ٤٨؛١٨٠، ٩٧ – ٩٨)، ئەگەرچی لە گوند سەرکار نزمترین مەرکەزی هەیە.

چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر لەلایەن دەرەبەگەوە لە کوردستان هێشتا هۆیەکی تریشی هەیە – ئەویش هەبوونی ناوچەکانی خێڵە کۆچەر و نیوەکۆچەرەکان و بەمەشەوە سەرەڕمی چەوساندنەوەی دەستی نەجیبزادەکان بۆ ناو خێڵەکە نەبوو، بەڵکو رووەو دەرەوە بوو، بۆ ناوچەکانی کشتوکاڵی و نیشتەجێی. ئەم سەرنجە تایبەتە بە ڕەوشی ناوچەکانی سەرووی عەرابیا و هی ئا. ئی. پێرشیتسە (١٢٨، ١٤٠) کە. وەکو نووسەری ئەم دێڕانە لە پێشدا ئاماژەی بۆ کردووە (٣٢، ٦٩)، دەکرێ ئەمە بۆ ناوچە کوردییەکانیش بگوترێ.

هەموو سەرکردە خێڵەکان لەهەمانکاتدا وەکو خاوەن زەویش خۆیان دەنواند، ئەو زەوییانە کە بەناو هی خێڵ بوون. ئەمانە لەوەڕگا و زەوییەکانی کشتوکاڵییان بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن بەکاردەهێنا. بەڵام لەمەدا سەرکردەکان پشتیان دەبەست بە خێڵی کۆچەر، بەهێزە چەکدارەکەی و بەئیدیۆلۆگیای هاوکاریی خێڵەتی. کەمبوونەوەی چەوساندنەوە لە ناوەوەی خێڵدا لە سەر حسێبی چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەری جووتیاران بوو کە هەندێ جاران دەکران بە کۆیلەی راستەقینە (١٦٤، ٤٧٣ – ٥١ – ٨٩).

چەوساندنەوەی ئەندامانی خێڵ لە ژێر پەردەی تەقلید (ترادیسیا) شاردرابووەوە: وەکو تەقلیدێک ئاژەڵی بنەماڵەی بەگزادەیان دەلەوەڕاند، دیاری و پێشکێشکردنی تەقلیدی هەبوون، هەروەها ئەرک و کاری تەقلیدیش. لە ئەنجامدا هێنانەوەی سامان و سەروەتی یەکجار زۆر لە لەوەڕگاکانەوە بەشێوەیەکی مێگەلی لەژمار نەهاتوو، سەرنجی گەلێ لە نووسەرانی رانەکێشاوە. کەچی نایەکسانیی موڵکایەتی لە ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەریی

کوردیدا گەلێ ناکۆکتر دیارە لەوەی لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندایە. چەوساندنەوەی جووتیاران کە هیچ زاکۆنێک سنووری بۆ دانەنابوو بەڕادەیەکی زۆر ستاتووسی موڵکداریەتیی ئەمانی نەدەگرتەوە، هەرچی کۆچەرییە – هەندێک بە هەزاران سەرە مەڕیان هەبوو و ئەوانی تریش تەنیا بە دەیان.

خێزانی سەرکردەکانی خێڵەتی ئاژەڵداری هەرە گەورە بوون. ئەندامانی خێڵی هەرە هەژاریش خاوەنی هیچ شتێک نەبوون و لای خزمە دەوڵەمەندەکانیان دەژیان و، ئاسایی، کاریان بۆ دەکردن. هەروەها ئەوانەی لە دەرەوە دەهاتن بەکرێ کاریان پێ دەکردن و لە دەرەوەی رێکخراوی خێڵەتی دەمانەوە. تراویلکە (وهم) ی باوک سالارییەتیی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کۆچەریدا، لە پەیابوونیدا قەرزاری، پێش هەموو شتێک، کارتێکردنێکی ئیدیۆلۆگییانەی ئینستیتوونی هاوکاریی خێڵەتییە. دەتوانین باوک سالاریەتی وەکو بۆیەیەکی ئیدیۆلۆگیی بۆ پێوەندییەکانی کۆمەلایەتی و بەرهەمهێنان لە ناو خێڵدا هەڵبسەنگێنین بۆ دابینکردنی زێترین رادەی بەجێهێنانی ئەرکەکانی جەنگی و کۆمەلایەتی – سیاسی.

بەشی سێیەم

# ستروکتوڕی کۆمەڵایەتی - سیاسی

کامڵبوونی کۆمەڵایەتی– سیاسی لە کوردستاندا هەمیشە سیمایەکی ناوچەیی هەبووە. هەموو بنەماڵە کوردەکان، ئەوانەی لە ریز مەلیکان بوون، یان لە دەرەوەی وڵاتانی کوردان حوکمڕانییان کردووە، یان ناوچەکانیان بەشێکی رووبەری مێژوویی کوردستانیان گرتووەتەوە، بەڕای م. م. ڤان بروینسون، ستروکتوڕی کۆمەڵایەتی– سیاسیی هەرە ئاڵۆز (معقد) لە ناوچەکانی نێوان چیا و دەشتاییەکاندا دروست بووە، لە کاتێکدا لە شاخ و ناوچە سەختەکاندا رێکخراوە کۆمەڵایەتی– سیاسییەکان سیمایەکی ساکارتریان هەبووە (١٦٧، ١٤٨). ئێمە لەم بەشەدا تەنیا لە دوو شێوەی ستروکتوڕی کومەڵایەتی – سیاسی دەکۆڵینەوە لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا – ئەمانیش میرنشینی و خێڵە.

نووسەران، ئەوانەی لەسەر مێژووی میرنشینە کوردییەکانیان نووسیوە، پێناسەی جۆراوجۆر و هەندێ جار ناکۆک و دژبەیەکیان بۆ داناون و وەکو بەشێکی ئێمپڕاتۆریاکانی عوسمانی و ئێرانی، کە بە رەسمی دەکەوتنە ناو ئەمانەوە، تەماشایان کردوون. پێناسە سەرباشقەکان ئەمانە بوون: "ئیمارەت" ، "ئیمارەتی نیمچە ئۆتۆنۆمی" ، "مینی – دەوڵەت" ، "مەملەکەتی بچووک" (بڕوانە ١٧٣، ٨ – ٥٢، ٢١٨، ٣٧٧). لێرەدا دەکرێ قسە لە سەرهەڵدانی بۆچوونێکی ستریۆتیپی بکەین سەبارەت بە ئیمارەتەکان کە خاوەنی ستاتووسی سەربەخۆن. جا کامەن ئەو بنچینە واقیعییانەی ئەم جۆرە ستریۆتیپە پشتی پێ بەستوون، ئێمە هەوڵ دەدەین لەسەر نموونەی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان دەستنیشانیان بکەین.

## ئیمارەتی ئەردەڵان

هەندێ جاران بە ملوکی میراتگر ناوی بنەماڵەی ئەردەڵانییان بردووە، یا بە فەرمانڕەوایانی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ، یاخۆ پێیانگوتوون فەرمانڕەوایانی دانراو لەلایەن شاوە. محەمەد ئەمین زەکی چواردە بنەماڵەی کوردستانی ژماردووە و ئەمانە، بەڕای ئەو، هەموو سەلاحیەتی دەسەڵاتداریەتیی شاهانەیان هەبووە و فەرمانڕەوایانی

ئەردەڵانیشی لەگەڵ ئەمانە داناوە (١٢٣، ١٧٣). مێژوونووسانی ئەردەڵانی هەندێ جار گەلێ تەماوییانە پێناسەی ئەردەڵانیانیان کردووە: حەکیم، حوکمڕان، فەرمانڕەوا،(*) میر، دەسەڵاتدار و لە هەمووش زێتر ناوی میر یان والی یان بەکارهێناوە کە ئەوەش تیتووڵی رەسمییان بووە، رەنگبێ، لە سەدەی حەڤدەوە.

بۆ دیاریکردنی ستاتووسی والیی ئەردەڵان لە سەدەی حەڤدەدا، بەرهەمی نووسەری فارسی یاریدەمان دەدات کە ساڵی ١٧٢٥ دانراوە دەربارەی ستروکتوری ئیداریی سەفەوی لە ژێر ناوی "تەزکەرەت ئەل – مولوک"دا[١] . ئەم کتێبە لەسەر بناغەی دەکومێنتی رەسمی و ئەرشیف و زانیاریی نووسەرەکەیدا دانراوە کە بێگومان کەسایەتییەکی ئیداریی گەورە بووە، تەسەورێکی رێک و رەوان دروست دەکات سەبارەت بە دام و دەزگاکانی بەرێوەبردن لە ئیمپراتۆریای سەفەویدا، جیهازی ئیداری بەگشتی و بەشەکانی، داهات و سەرفکردن لە بودجەدا، پلە و مەرتەبەکانی توێژاڵی نەجیبزادە. ئێمە هەر لەو کتێبەدا ئیشارەت دەدۆزینەوە بۆ ئەو جێگەیەی فەرمانڕەوای ئەردەڵان. یان والی کوردستان – وەکو بە رەسمی گوتراوە، لەم پلە و مەرتەبانەدا گرتوویەتی و هەروەها مەرکەزی واقیعی دەدۆزینەوە کە خۆی لەم تیتووڵەدا نواندووە.

توێژاڵی هەرەبەرزی نەجیبزادەیی لە دەوڵەتی سەفەویدا، کە پێیان دەگوترا "میرانی شکۆداری بەرز"، دەبوو بە دوو بەشەوە: "میرەکانی سنوور" و "میرەکانی کۆشک"، لە مانەشدا سنوور یەکەم و سەرباشقە بوون[٢] ئەمانیش بە دەوری خۆیان پێکهاتبوون لە: والی، بەگلەربەگ. خان و سوڵتانەکان (٥٤، ٤٣ – ٤٤).

والی لە بەگلەربەگ گەورەتر بوو، بەگلەربەگ لە خان و خان یش لە سوڵتان باڵاتر بوون، والی یەکان لەناو "میرانی شکۆداری بەرز"ی دەوڵەتی سەفەویدا جێگەی یەکەمیان گرتبوو.

---

(*) نووسەر لە پاڵ وشەی فەرمانڕەوادا ناوێکی تریشی هێناوەتەوە کە بەمانا هەر فەرمانڕەوا دەکات بۆیە چاومان لێ پۆشی. و.

(١) دوو لێکۆڵەرەوە، ڤ. ف. مینۆرکسی و ئی. پ. پێترۆشێڤسکی. کە بایەخی زێتریان بەم بەرهەمە داوە نووسەرەکەیان بەبێ ناو لە قەڵەم داوە. ناوی نووسەرەکەی. کە میرزا محەمەد سەمیعە، ئۆ. ف. ئەکیموشکین جوامێرانە پێی گوتم، هەروەها ئەوەش کە کتێبی میرزا محەمەد رەفیع "توحفەت ئەل ـ مولوک"، کە بە شێوازی ئەم بەرهەمە لە ساڵانی ٧٠ –٨٠ی سەدەی حەڤدەدا نووسراوە.

(٢) دەتوانین لێرەدا سەرنجی نزیکایەتییەکی دیار بدەین لە نێوان زاراوەی "میرەکانی سنوور" و "ئومەرای سەرحەد" و نێوان زاراوەی "میرزەبان" لە ئێرانی ساسانیدا کە تەرجومەی کتومتی دەبێت بە "پارێزەری سنوورەکان". میرزەبانەکان ئاڵقەی بەرزی ناوەڕاستیان پێکدەهێنا لە ناو توێژاڵی گەورە و بەهێزی جەنگیدا (A١٠٠، ٤٩، ٥٤).

چوار فـەرمـانڕەوا، لـەو ڕۆژگـارەیدا کـە لە "تەزکـەرەت ئەل – مـولوک" دا باسـی کـراوە و نووسـەرەکـە بـەگـوێرەی مـەرکـەز و شـکۆدارییـان ژمـاردوونی، تیـتـووڵی والی یـان هـەبوو. یەکەمـین کـەس باسـی والیـی عـەرەبسـتـان (خـوزسـتـان) هـاتووە کـە "بـەرزتر و ڕێزدارترە... لەبەر ئەوەی لە خانەوادەی سەیدانە، (هـەروەها) لەبەر جوامێری و ژمارەی خێڵەکەی. دوای ئەم – لە سـەرچاوەکـەدا، والیی لوڕسـتـانی فـەیلی دێت کە وەکـو مـوسـڵـمـانێک لـە والیی گورجسـتان ڕێزدارترە... دوای والیی گورجستان والیی کوردستان دێت کە بارەگاکەی لە سـینـاندوج دایە" (٥٤، ٤٤)، وادیـارە ئەوسـاکـە سـەنـەندج. پایتـەخـتی ئەردەڵانیـیـان، وا نێـوبراوە. بەم جـۆرە، حکومـەتی شـاهنشـایی تـابیـعـە هـەرە بەهێـزەکـانی خـۆیی، فەرمانڕەوایانی مـیراتگری ناوچەکانی ئاقاری ئیـمپراتۆریا، کە ئی. پ. پێتروشێڤسکی بەمەلیک ناوی بردوون (١٣٦، ٢٩٦)، تیتووڵی والیی پێداون.

دەتوانین لە "تەزکەرەی ئەل – مولوک" ەوە، کە بەرهـەمێکی هیسـتـۆریاگرافیـای کۆشکی ئێـرانییـە و زەحـمـەتە بیر لەوە بکەینـەوە کـە ئارەزووی بەرزکـردنەوەی "مـیرانی سنوور"ی تیابێ، زانیاریی هەڵێنجین سەبارەت بە ستاتووسی میری ئەردەڵانی (والیی کوردستان) لە سەدەی حەڤدەدا وەکو فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ، ئەگەرچی ناوچەکانیشی بەشێک بووین لە دەوڵەتی سەفەوی. دەسەڵات و سەربەخۆیی ئەو ناوچانەی کە بە ڕەسمی کوردستانیان پێدەگوترا ڕێک لەوەدا ڕەنگی دابووەوە کە سستێمێکی ئیداریی ئۆتۆنۆمی و بودجەی خۆی هەبووە، لە ڕاستیشدا کەوتبووە دەرەوەی سستێمی چاودێریکردنی (مراقبە) ئیمپراتۆریای سەفەوییەوە.

مـافـی وەرگـرتنی بـاج لەلایەن ناوچـە سنوورییـەکـانی ئیـمـپـراتۆریاوە دەگـەڕێتـەوە بۆ ڕۆژگارێکی گەلێ دوورتر لە سەدەی حەڤدە. لە بری خرمەتکردن و پاراستنی سنوورەکان، هەندێ خێڵ و تەواوی یەکێتـییـە خێڵـەتییـەکان، فـەرمـانڕەوایانی ڕووبەرەکـانی گـەورە و بچووک، لە باجدان بۆ خـەزێنەی دەوڵەت ئازاد کرابوون. گوشاری دەوڵەت بۆ باج وەرگرتن لە ناوچـە سنوورییـەکـان بێگومـان دەبوو بە خـوێن مـژینی ئەو نـاوچانە و کـارێکی خـراپی دەکردە سـەر فەرمانڕەواکان و، کەواتە، دڵسۆزیشیان. کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ و باجدانان لە سەر ناوچە چیاییە کوردییەکان، وەکو م. م. ڤان بروینسـون سەرنجی داوە، لەسەر دەوڵەت گەلێ گرانتر دەوەستا لەو داهاتەی چاوەڕوانی دەبوو. (٤٠، ١٣).

شای ئێران، کە موڵکداری زەویی هەرەبەرز بوو لە هەموو دەوڵەتەکەدا، لە ناوچەکانی ژێر دەسـتی والیـیـاندا وا نـەبوو (٥٤، ١٧٩). داهاتـەکـانی بـاجی خـوزسـتـان، لوڕسـتـان، گورجسـتـان و کـوردسـتـان لـە نـاو بودجـەی هـەمـوو وڵاتـەکەدا نـەبوو. فـەرمـانڕەواکـانی ئەم

ناوچانە لە ڕاستیدا، جگە لە ئامادەکردنی هەندێ جۆری هێزی جەنگی، بەرامبەر بە شای ئێرانی هیچی تریان بەسەر شانەوە نەبوو. ئەو پارەیەش کە دەدرا بووبوو بە رەوشتێک و سیمایەکی زۆر سیمبۆلی (رەمزی) وەرگرتبوو، بووبوو بەشێوازێکی دیار و ریتواڵ ئامێز (شرایعی)ی دروستکردنی پێوەندییەکانی تابعیەت.

رەچاوکردنی ئێتیکێتی دیاری و پێشکێشکردنی بایەخێکی زۆری هەبوو. "دیاری و پێشکێشکردن" بۆ شا هەندێ جاران شێوازی سەرەکی و تەنانەت تاقە شێوازێکی دەربڕینی ملکەچبوونی والییەکانی ئەردەڵانی بوو و پشتگوێ خستنیان وەکو دان نەنان بە دەسەڵاتیداریەت تەماشا دەکرا. بۆ سەلماندنی ئەمەش گێڕانەوەیەکی کۆنترین مێژوونووسانی ئەردەڵانی، کە ئێمە ئاگاداری بین محەمەد شەریف قازی دەهێنینەوە. ئەم کە وەسفی فەرمانڕەوایەتیی هەڵۆخان (کۆتایی سەدەی شازدە و، سەرەتای سەدەی حەڤدە) دەکات، دەڵێ:" ئەم دیاریی بۆ هیچ دەسەڵاتدارێک نەناردووە،... (واتە) ملکەچی هیچ شایەک نەبووە." (١٤، برگە. ب ١٩٠). رادەی نیگەرانبوونی شای ئێرانی و سوڵتانی تورکی بەم بۆنەیەوە ئەوە نیشاندەدات کە رەچاوکردنی ئەم ریتۆاڵە وەکو خۆپیشاندانێکی سیاسی هەڵدەسەنگێنرا.

دیارییەکان نەدەبوون بە سەرچاوەیەکی داهات، بەڵکو دەبوون بە نیشانەی ملکەچبوون: باشترین ئەو شتانەی لە ناوچەکاندا دەچێندران یان بەرهەم دەهێنران بۆ کۆشکی شا دەچوون. لە کوردستانەوە رۆن و بەرهەمی ئاژەڵ بەخێوکردن دەهات، لە گورجستانەوە.- شەڕاب و کۆیلەی ژن و پیاو. کاروانی ئەم دیارییانەش پێی دەگوترا "کاروانی شاهانە"، کە دیارییەکانیش دەگەیشتنە پایتەخت "پێشکێش نووس"ی تایبەتی تۆماری دەکردن و ژمارەکەشیان، وادیارە، هەر بەعادەتی رێک دەخرا.

والییەکانی ئەردەڵانیش لە دەسەڵاتدارانی ئێران و تورکیاوە دیارییان پێدەگەیشت، کە هەرگیز سیمای سیمبۆلییان پێوە نەبوو. بۆ نموونە، فەرمانڕەوای ئەردەڵان، سوراب بەگ کوڕی مەئموون بەگ، لە خەزینەوە ساڵانە هەزار تومەنی پێدەدرا (٣٤، ١٤٩). ئەم جۆرە دیارییە. بێگومان، نیشانەی ملکەچبوون نییە، بەڵکو لەبڕی دڵسۆزییە.

حکومەتی شا دەستی نەدەخستە ناو کاروباری ناوەوەی ناوچەکانەوە، ئەو ناوچانەی موڵکی والییەکان بوون و لەلایەن "تەزکەرەت ئەل - مولوک" ەوە بە "مەمالیکی سەرحەد" ناوبراون، بەڵکو دەسەڵاتی تەواوی بە بنەماڵە ناوچەییەکان بەخشیبوو و چاویشی لە دڵسۆزیی ئەمانە بوو. ناوچەکانی ئەمانیش لەسەر سنوورەکان بوون کە لەو دیویانەوە دەوڵەتی دوژمنداری ئێران هەبوو و ئارەزووی هەمیشەیی ئەوە بووە کە لەو شوێنانەدا

خـەڵكی ئێرانیی لاسار هەبێ. گوتاری سوڵتان مەحموود، کە لە "زوبدەت ئەل – تەواریخی سـەنەندەجی" دا هاتووە (لەوە دەچێ مـەبەسـتی سـوڵتان مـورادی چوارەم بێت)، بەبۆنەی بەخێرهێنانی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانییەوە، ئەوە نیشاندەدات کە چۆن پێشوازییان لەو فەرمانڕەوا ئەردەڵانییانە کردووە کە پێوەندییان لەگەڵ سەفەوییەکاندا پچڕاندووە: "بەخێر بێیت، خان!... بەهاتنی تۆ شادبووین و ئێوە ڕێگەی راستتان گرتووە. هێشتا پێش من هەموو جارێک کە باوک و باپیرانتان... لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانییەوە بەچاوی کەمەوە سەیرکراون، ڕوویان کردووەتە ئەم دەروازە گەورەیەوەوە و... دەسەڵات و سەربەخۆییان پێدراوە" (١٥، بڕگە ٣٥).

ئەردەڵانییەکان، بە گەواهی مێژوونووسانی ناوچەکە، لە قەڵاکانی خۆیانەوە و "شادبوون بە سامانی زۆرەوە" بەسەربەخۆیی و دەسەڵاتی تەواوەوە فەرمانڕەوایەتییان کردووە. پێنج قەڵای گەورە و چیایی ئەمانیان لە نێو سنوورەکانی خۆیاندا شاردبووەوە و بووبوون بە حەشارگەی دڵسۆز: حەسەن ئاباد، زەڵم، پالانگان، مەریوان (مەهربان – ٧، بڕگە ٧٧ب –) و قەرە تەڤار. سێ لە مانە بەگوێرەی پەیمانی ئێرانی – تورکی ساڵی ١٦٣٩ تەخت کران. دووەکەی تر، حەسەن ئاباد و قەرە تەڤار. لە نووسراوە ئەردەڵانییەکاندا نزیکەی تا کۆتایی سەدەی هەژدە هەر باسیان دەکرێ[٣].

حکومەتی شا زەحمەتی زۆری دەکێشا تا ملکەچیی تابیعەکانی خۆیی زامین بکات و وەکو شێوازێکی بەڕێوەبردنی سیاسی پەنای دەبردە بەر هاندانی والییەکانی کوردستان، لوڕستان و خوزستان لە دژی یەکدی. ئەرکی کپکردنەوەی بنەماڵە ڕاپەڕیوەکانیش هەمیشە بەهاوسێیەکانیان دەدرا، فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان چەند جارێک ئەم ئەرکەیان بەجێ هێناوە: کەلب عەلی خان لە پەنجاکانی سەدەی حەڤدەدا خوزستانی هێور کردەوە، عەلی قولی خان لە سەرەتای سەدەی هەژدەدا خەڵکی لوڕستانی "کە سەریان لە نێو کۆتی ملکەچبوون بۆ شا دەرهێنابوو" کپ کردەوە، لە کۆتایی هەر هەمان سەدەشدا، لوتف عەلی خان لەگەڵ فەرمانڕەواکانی کرمانشا و لوڕستانی "راپەڕینی خوزستانی لە ناوبرد (٢٥، ١٤٣؛ ٣٢، ١٢٤، ١٢٩، ١٥٥– ١٥٦).

کوردستانی ئەردەڵان، هەروەکو لوڕستان، خوزستان و گورجستانیش ناوچەیەکی سووککەرەوەی زەبریان پێکهێنابوو، یان بە قسەی مەلا مەحموودی بایەزیدی، دیوارێکی زیندوو بوون لە نێوان ئیمپراتۆریاکانی عوسمانی و سەفەویدا. سەفەوییەکان لە سەدەی

(٣) ماهشەرەفخانم باسی قەڵای قەسلان یش دەکات کە کرابوو بە بەندیخانە (٢٥، ١٧٨) و نووسەری "خولاسەت ئەل ـ سییەر"یش ئاماژەی بۆ قەڵای هەورامان کردووە.

حەڤەدەدا سیاسەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم و سوڵتان سولەیمانی یەکەمیان دووبارە کردەوە کە دڵسۆزیی میرنشینە کوردییەکانی دابینکردبوو و لە جەنگ بە سەر ئێراندا زاڵ بوون (٣٤، ٤٨، ٥٠) و ئەم سیاسەتەیان وەکو چەکێک بەکاربرد.

هەروەکو نووسینەکانی مێژوونووسانی ئەردەڵانی نیشانی دەدەن، هەندێ لە فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی ئەردەڵانی هەموو جارێک ستاتووسی رەسمییان نەبووە وەکو چۆن لە سەدەی حەڤدە و هەروەها، زێتریش، لە سەدەکانی دواتردا کە گۆڕانکاریی زۆریان داهێناوە لەم رەوشەی باسی لێوە دەکرێ. ئەم ستاتووسە بەندبوو بە گەرمبوونی ناکۆکیی نێوان ئێران و تورکیا، وەوشی سیاسی لە ئێران و لە کوردستان بە ستاتووسی تەبەعیەی فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانییەوە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوویاندا و بەڕادەی جۆراوجۆری دڕندایەتی خۆیی دەربڕیوە.

لاوازبوونی دەسەڵاتداریەتیی مەرکەزی لە ئێران یەکسەر تاو و گوژمێکی دایە ئارەزوومەندانی رزگاربوون لە دەست سەنتەر لە ناوچە سنوورییەکاندا. والیی ئەردەڵان جارجارە بەشداریی چالاکانەی کردووە لەو شەڕ و پێکدادانە خوێناوییانەی گرووپە فیۆدالّییەکان لە پێناو تەختی ئێرانیدا کە ژیانی سیاسیی وڵاتەکەی هەڵتەکاندبوو. یارمەتیی جەنگیی ئەردەڵانییان بۆ قاجارەکان و ئەو پەیمانەی بۆ داکۆکی لێککردنی نێوانیان (٥٢، ٢١٨)(٤) یاریدەی ئەمانەی دوایی دا کە بەسەر زەندەکاندا زاڵبن و تەختی ئێرانی داگیر بکەن.

پێوەندییەکانی ماتریمۆنالی(*) نیشاندەرێکی ستاتووسی فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانی بوون. خزمایەتیی لەگەڵ والییەکانی کوردستاندا میزالیانسێک(**) نەبوو بۆ بنەماڵەکانی شاهنشایی ئێرانی وەکو سەفەوی و قاجارەکان. خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆخان زاوای عەباسی یەکەم بوو و خوشکی شای لەلا بوو (٣٢، ١١٤).

خەسرۆ خان ناکام و کوڕەکەی رەزا قولی خان دوو کچە میری قاجاریان لابوو و خوشکی خەسرۆ خان ناکامیش درابوو بە میرێکی قاجاری (٢٥، ١٦٧).

خزمایەتی (ماتریمۆنالی) ئەردەڵانییەکانی بە سەرانی خێڵی ئوستاجلو بەستبووەوە کە یەکێک بوو لە خێڵە هەرە بەهێزەکانی قزڵباش و پاڵپشتی تەختی سەفەوییەکان بوو (٣٤،

---

(٤) ڤ. پ. نیکیتین ئەمەی بە "یەکێتی بۆ دۆستایەتی و یەکبوون" ناوبردووە (٢٠٠، ١٦٩).

(*) matrimonalis ـ خزمایەتی بە ژن لێک هێنان ـ و.

(**) mesalliancc ـ وشەیەکی فرەنسییە بە مانای ژن هێنان لە خەڵکی لە خۆ نزمتر. واتە پلەی کۆمەڵایەتییان نزمتر بێت ـ و.

١٥٠)، هەروەهاش ئەو جۆرە پێوەندییانە لەگەڵ بنەماڵە نەجیبزادەی خێڵی کوردیی بەتواناشدا هەبوو، بۆ نموونە. لەگەڵ تیرەی بەگزادەکانی جاف و بەرازی دا، کاتێک کوڕێکی میر کچی وەڵەد بەگ جافی گواستەوە، ڕووداوێکی وای تیا قەوما کە گەلێ دوور بوو لە شایی و زەماوەندەوە. لە خرۆنیکادا هاتووە کە "خێڵەکانی جاف ئاکاردرشتیان نوواند، والیی هەوابەرز (ئەمانە الله خان) ئەمەی بۆ قووت نەدرا و کارێکی وایکرد کە هەموویان تێک بشکێنێ" (٢٥، ١٦٧– ١٦٨).

زەماوەندەکە تێکچوو و لە ئەنجامدا ئەمانە الله خان عەشیرەتی جافەکانی تالان کرد و "زۆربەی خەڵکە ڕێزدارەکەشی دایە بەر شمشێر". بەگی جاف و کوڕەکانی بەدیل گیران، بەڵام هێز و کاریگەریی خێڵەکە بەڕادەیەک بوو کە ئەمانە الله خان زوو لە وەڵەد بەگ "خۆش بوو" و کچەکەیی بۆ کوڕی خۆی گواستەوە. پێوەندیی خزمایەتی ئەردەڵانیان لەگەڵ خێزانە نەجیبزادەکانی ئەردەڵانیشدا بەهەمان جۆر بووین بەشێوازێکی چارەسەرکردنی سیاسی. بەڵام مێژوونووسانی ناوچەکە ئەم جۆرە ژنهێنانەیان وەکو شەرەفێکی گەورە تەماشاکردووە کە دراوە بەوانەی ژنیان لێ خواستوون و بەمەشەوە جەختی جیاوازیی نێوانی هەردوو لایان کردووەتەوە لە ڕووی ستاتووسی کۆمەڵایەتییەوە.

فەرمانڕەوایانی ئەردەڵانی هەر لە سەرەتای دەسەلاتداریەتیانەوە پێیان نەدەگوتن والی. هەروەکو لە دەقی "شەرەفنامە"وە دەردەکەوێت، ئەمانە تا کۆتایی سەدەی شازدە سوڵتان یان بەگ یان پێ گوتراوە[٥]. تیتوڵی خان، کە لە "تەزکەرەت ئەل – مولوک" دا هاتووە، بۆ یەکەمین جار بەسەر ناوی دوو برا تەیموور خان و هەڵۆخان بەدی دەکرێ، کە ئەردەڵانییەکان لە فەرمانڕەوایەتیی ئەواندا هێز و شکۆیەکی هەرگیز نەبیستراوی لە هەموو سەدەی شازدەدا بە خۆوە دیت. لەو ساکەوە و تا کۆتایی دەسەلاتداریەتی بنەماڵەکە تیتوڵی خان بوو بە بەشێک لە ناوی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی سەرکردەدا.

فەرمانڕەوای ئەردەڵانی، وەکو سەرکردەی باڵا، دادوەر و بەڕێوەبەر، هەموو دام و دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتیی لە دەست خۆ گرتبوون. ڕەوشی سیاسی وای پێویست دەکرد کە سەرانی میرنشینانی کوردی پێش هەموو شتێک سەرکردەی جەنگی بن. هەموو بنچینەیەکی ئەوەمان هەیە کە گەلێ لە نوێنەرانی ئەم بنەماڵەیە بە سەرکردەی جەنگی لێهاتوو لە قەڵەم بدەین، بۆ نموونە، هەڵۆخان و کوڕەکەی خان ئەحمەد خان، هەروەها خەسرۆ خانی مەزن. میرە کوردەکان خۆیان سەرکردایەتیی شەڕ و هێرشەکانیان دەکرد و کوڕ و هەموو ئەندامانی خانەوادەیان، ئەوانەی توانای شەڕکردنیان هەبوو، دەبوون بە

(٥) بەڕای ڤ. ف، مینۆرسکی (١٩، ٤٧١). تیتووڵی والی دوای ساڵی ١٦٣٩ پەیابوو.

یاریدەدەری. بۆ نموونە، لە شەڕی خەسرۆ خانی مەزن لەگەڵ ئەڵلاقولی خانی زەند دا ساڵی ١١٩٣ – ١٧٧٩ هەر حەوت کوڕی تێیدا بەشدار بوون، جێگەی خان خۆی لە نێوەڕاستدا بوو، لە نێوان باڵی چەپ و باڵی راستدا (٣٠، برگە ١٤٢). لەشکر و کاروباری دابینکردنی جێگەی بایەخی سەرەکیی فەرمانڕەوا بوو و مێژوونووسانی ناوچەکە مەبەستیان لە "کاروباری دەسەڵاتداریەت" پێش هەموو شتێک و بەجۆرێکی سەرەکی "کۆکردنەوەی هێز و لەشکر" بوو (٢٥، ١٥٤).

لە شکری میر، لەوە دەچێ، ژمارەیەکی چەسپاوی نەبووە. لە کۆتایی ساڵانی چلی سەدەی هەژدەدا، حەسەن عەلی خانی ئەردەڵانی لەشکرێکی دەهەزار کەسی هەبوو "لە خێڵی ئەفغانی، ئوزبێکی، قزڵباش و کورد". ئەمەش وایکرد کە میری ئەردەڵانی "سەربەخۆیی تەواو لە بەڕێوەبردندا" وەدەست بێنێ و "دەسەڵاتێکی تەواوی" ببێت: "دەستی داگیرکردنی بۆ هەموو لایەک درێژ دەکرد و هێرشی دەکردە سەر هاوسێیان" (٢٥، ٨٩، ٩٠).

ماهشەرەفخانم کە باسی هێرشی لوتف عەلی خان دەکات بۆ سەر راپەڕیوانی خوزستان لە ساڵانی ١٧٩١ – ١٧٩٢ دا دەڵێ کە هێزەکانی ئەردەڵانی پێکهاتبوون لە ٣ هەزار "جەنگاوەر لە پێناو باوەڕدا" (٢٥، ١٤٣). پ. ئی. ئاڤیریانۆڤیش هەمان ئەم ژمارەیە دەهێنێتەوە کاتێک باسی چاوپێکەوتنی دەکات لەگەڵ جەنەرال ئا. پ. ئێرمۆلۆڤ لە ٢٦ی تەموزی ساڵی ١٨١٧دا لە رێوڕەسمێکدا کە ئەمانە الله خان خۆی و ٣ هەزار "سوارەی کورد" تێیدا بەشداربوون (٥٨، ٣٢). لە هەردوو حاڵەتیشدا مەبەست، بێگومان، تەنیا بەشێکی هێزەکانە. وەکو لە دەقی "تاریخی ئەردەلان" هوە دەردەکەوێ ژمارەی سوپاکەی فەرەجەڵلاخان سەردار ساڵی ١٨٠٦، کە فەرمانی پێدرابوو هێرش بەرێتە سەر خاکی بابان، لە حەوت هەزار "سوارەی ئازا وەکو رۆستەم" کەمتر نەبوو (٢٥، ١٥٥).

لە سوپای والییەکانی ئەردەڵانیدا دەوری سەرەکی هی هێزە خێڵەکی و تابیعەکانی میر و هی فەرمانڕەواکانی ناوچەکان بوو. هێزی سوارە لە "خێڵە ئازاکانی کوردستان" پێکدەهات (٣٠، برگە ١٤١، ١٥١)، هێزی پیادەش بەتایبەتی خەڵکی هەورامان و بانە (٢٥، ١٨٦، ١٩٨)، یان بەپێی سەرچاوەی تر خەڵکی بانە و سەقز بوون (٣٠، برگە ١٦٤– I،٥١، ٢٤٢). ئیتر لە فەرمانڕەوایەتیی خان ئەحمەد خانەوە، کوڕی هەڵۆخان، سوپای ئەردەڵانی تۆپی هەبووە و تۆپچی باشی (سەرپەرشتیاری چەکی تۆپ) محەمەد قولی لە ریز خزمەتکارانی دڵسۆزی میردا ناوی هاتووە (٣٠أ، برگە١٣٠أ).

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەکرێ باسی هەبوونی لەشکر (فەیلەق، کۆرپوس) ێکی

نیزامیی سەربازان بکەین. لە ٢٨ ی ئابی ١٨٢٠ دا کاتێک خۆپیشاندانێکی جەنگی تایبەتی بۆ ک. ج. ریچ رێکخرا، لەشکرێکی ٣٠٠ کەسی "یەکێکی وەکو ئەفسەری رووسی" سەرکردەی بوو. سەرکردەکە دار عاسایەکی شوانانی بە دەستەوە بوو و ناوەناوە، بۆ دابینکردنی رێکوپێکی، دەیکێشا بەسەر و قاچی ژێردەستانی خۆیدا (٥١، I، ٢١٦، ٢١٧).

پێکهێنانی لەشکرێکی نیزامی، سەرهەڵدانی ناو و تیتوڵی جەنگیی نوێی لەگەڵ خۆدا هێنا وەکو سەرهەنگ (مقدم)، ئەجودان باشی (سەرۆکی یاوەران)، یاساوڵ[٦]. لە فەرمانڕەوایەتیی خەسرۆخان ناکامدا برای خۆی سەرهەنگ بوو و جەعفەر سوڵتانیش، ئامۆزای ماهشەرەفخانم، ئەجودان باشی بوو (٢٥، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٧).

فەرمانڕەوای ئەردەڵان، وەکو میرەکانی کوردی لە هەموو کوردستاندا، لە ناوچەکانی خۆیدا دادوەر (قازی) ی باڵا بوو. قازییە موسڵمانەکان، کە بەناو نەدەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی دنیایی، لە وڵاتی کورداندا ملکەچی میر بوون و، بە قسەی م.م. ڤان بروینسون، پەیڕەوکەری ئەو بوون (١٦٧، ٢١٣، ٢٥٧). قازییەکانی سنە، کە سەر بە بنەماڵەی مەوالی بوون، وەکو لە دەقی نووسینە مێژووییەکانی ئەردەڵانیدا دەردەکەوێ، زێتر راوێژکەری میری ئەردەڵانی بوون، ئەوەش چونکە بنەماڵەکە پایەیەکی بەرزی هەبوو و لە بنەماڵەی فەرمانڕەوا نزیک بوو.

فەرمانڕەوای ئەردەڵانی، بۆ بەجێهێنانی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی باڵا، پشتی بە دام و دەزگای ئیداریی دەبەست کە بەگشتی وەکو جیهازی بیرۆکراتیی ئێرانی وابوو، بەڵام تایبەتمەندیی خۆیشی هەبوو. هەرە نزیکترین فەرمانبەر لە شای ئێرانی وەزیری مەزن ئیعتیماد ئەل – دەولە (باوەڕپێکراوی دەوڵەت) بوو. وەزیر لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و گەلێ وڵاتانی رۆژهەڵاتدا فەرمانبەری هەرە بەرزی دەوڵەت بوو. (٧أ، ١٩٧). لەلای میری ئەردەڵانیدا لە سەدەی حەڤدەمەوە، ئەو رۆژگارەی زانیاریی زێتری لەسەر هەیە، وەزیر و وەکیل هەبوون کە دەسەڵاتی زۆریان پێدرابوو.

ئەم فەرمانبەرانە هەمیشە دژ بەیەک و ناکۆکییان لە نێواندا هەبوو و لەبەر ئەوەی گیروگرفتەکان زێتر بەشمشێر چارەدەکران بۆیە ئەمانیش گەلێ جاران وەکو دوژمن دەکەوتنە بەرامبەر یەک. دەستنیشانکردنی پلە و ئەرکەکانیان جارێ ناخرێنە ژێر پێوانەیەکی راستەقینە. لە "تاریخی مەردۆخ" دا وەزیر بە پێشکار (واتە بەڕێوەبەری کار) ناوی هاتووە (١٥٠، II، ٣٦)، وەکیل زێتر راوێژکاری میر بووە. ئەمانە هەردووکیان –

(٦) لە کۆشکی خانەکانی بەڵخی دا، بەو کەسانەیان دەگوت یاساوڵ کە ئەرکی تایبەتییان پێ دەسپێررا و هەمیشە لە ناو حاشیەی خان دا بوون. بڕوانە (٦٧، ١٥٨ ـ ١٥٩).

یاریدەدەری راستەوخۆی بەڕێوەبردنی میرنشینی بووین.

بۆ بەراوردکردنی ئەم دوو پلەیە بەرزە لە کۆشکی فەرمانڕەوای ئەردەڵانیدا، گەڕانەوە بۆ لیستی فەرمانبەرانی کۆشکی سەفەوی بەڕادەیەک سوودی دەبێ. لە دەوری سەفەویی زوودا تیتوڵی وەزیری ئەعزەمی دیوانی ئەعلا و ئیعتیماد ئەل – دەولە تۆمار نەکراون و درەنگتر ناویان بوو بە وەزیری مەزن، سەرەکی ترین "قوتبەکانی دەوڵەتی ئێرانی". فەرمانبەری هەرە بەرزی دەوڵەت پێی دەگوترا وەکیل (٥٤، ١١٤).

شا ئیسماعیلی یەکەم کە ساڵی ١٥٠١ هاتە سەر تەخت مام و (وصیی) خۆیی حوسێن خان لالەی کرد بە وەکیل و ناوی نا "جێگری تایبەتیی خاوەن شکۆ". دوای چەند ساڵێک ئەم نازناوە درا بە نەجمەدین مەسعود و بەڕێوەبەرایەتیی ئیداری و دارایی پێدرا و پلەی ئەو دوو هەنگاو بەرزتر بوو لە میرەکانی تر. ئەوەی دوای نەجمەدین هات ئیتر دوو نازناوی هەبوو – وەکیل و میری میران.

ساڵی ١٥١٤ لە لیستی ناوی فەرمانبەرانی سەفەویدا "پلەی بەرزی وەکیلی دیوانی وەزارەت" پەیابوو و درا بە شا حوسێن ئەسفەهانی و ئەوەی هاتە جێگەی تیتوڵی "وەزیری سەربەخۆ"ی وەرگرت (٥٤، ١١٥). لە فەرمانڕەوایەتیی شا تەهماسپی یەکەم دا تیتوڵی وەکیل دیسان هاتەوە سەر لیستەکە و درا بە مەسعود بەگی سەفەوی کە سەر بە بنەماڵەی شا بوو. وەزیری مەزن لە لیستەکەدا بە پلەی دووەم، دوای وەکیل، دەهات.

مێژوونووسان لە باسی رووداوەکانی دەوری شا عەباسی یەکەمدا ناوی وەکیل یان نەهێناوە، جێگەی یەکەمیان داوە بە وەزیری مەزن. نازناوی وەکیل لەگەڵ هاتنە پێشەوەی رەوشی تایبەتی کە پێویستی بە دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر دەبوو ئەویش خرایە سەرەوەی لیستی ناوی فەرمانبەرانی دەسەڵاتدارەوە. لە دوا ساڵانی فەرمانڕەوایەتیی سەفەوییەکاندا، کاتێک ئیمپراتۆریاکە لە ژێر زەبری هێزەکانی ئەفغانی و تورکیدا پارچەپارچە بووبوو، پلەی وەکیل هاتە کایەوە، لە دەوری شاتەهماسپی دووەمدا ساڵی ١٧٢٢، بەگوێرەی خرۆنیکای مەحەمەد حوسێن "زوبدەت ئەل – تەواریخ"، پلەی وەکیل ئەل – دەولە دانرا (٥٤، ١١٥). دوای کۆچی دوایی نادر شا لە ماوەی ساڵانی "١٧٥٠ تا ١٧٥٢" عەلی مەردان خان وەکیل بوو و لە ١٧٥٠وە تا ١٧٧٩ کەریم خانی زەند هەر بە ناوی وەکیل ٢٧ ساڵان فەرمانڕەوایەتیی کرد و تیتوڵی شای قەبووڵ نەکرد.

هەروەکو لە "شەڕەفنامە"ی شەرەفخانی بەتلیسییەوە دەردەکەوێت، پلەی وەکیل لە میرنشینە کوردییەکانی تریشدا هەبوو، بۆ نموونە، لە جزیرە و لە بەتلیس. بەقسەی ئەم مێژوونووسە، فەرمانڕەوای جزیرە کاروباری دارایی بە وەکیل سپاردبوو "٣٤، ١٨٧".

سەبارەت بە وەکیل و ئەرکی سەرشانی، دەتوانین لە باسی کاروباری ناوەوەی خان نشینی نەخچەوان لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا زانیاریی بدۆزینەوە – نەخچەوان بە میرات هی خێڵی کەنگەرلو بوو کە لقێکی هۆزی قزڵباشی ئوستاجلو بوو و خزمی ئەردەڵانییان بوون. فەرمانڕەوای نەخچەوان، کە سەرۆکی میراتگری خێڵ بوو، جێگرێکی وەکیلی تایبەتیی هەبوو و کاروباری ناوخۆی خێڵە کۆچەرەکانی بەدەست بوو. بەتەمەنترین ئەندامی بنەماڵەی خان ئەم پلەیەی پێدەدرا (١٣٥، ١٣٣).

ئەم گەشتە کورتە بۆ دەرەوەی میرنشینی ئەردەڵان دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە مەرکەزی فەرمانبەرانی گەورە – وەکیل و وەزیر – و هەروەها یەکگرتنەوەی رادەی ئەرک و دەست رۆیشتنیان ناکرێ دیاری بکرێ. تەنانەت ئەگەر میرنشینی ئەردەڵانیش بەتەنیا وەربگرین، ئەم دوو پلەیە، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوویدا، جیاواز بووین.

پلەکانی وەکیل و وەزیر لە دوا سەدەی ژیانی میرنشینیی ئەردەڵانیدا بوون بەمیراتگری. لەگەڵ ئەوەشدا بەوردی دەست نیشانکردنی مێژوو و ماوەی دەست بەئەرک بوونی ئەم خانەوادە بەهێزانە جارێ زەحمەتە. تەنیا نوێنەرە هەرە بەرچاوەکانیان لەسەر لاپەڕەکانی نووسینە مێژووییەکاندا دەردەکەون و هەندێ لایەنی ژیان و چالاکیی سیاسییان نیشان دەدرێن. دەرفەت بۆ چاودێریکردنی قۆناغێکی ژیانیان و بەرزبوونەوەیان گەلێ دەگمەن دەست دەکەوێت.

میرزا عەلی ئەکبەر خان سادیق ئەل – مولک و شێخ محەمەد مەردۆخ کوردستانی، کە "خانەوادە مەزنەکانی کوردستان" دەژمێرن، یەکسەر دوای فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانی باسی خانەوادەی وەزیران دەکەن و خانەوادەی وەکیل یش دوای ئەم دێت، بەمەشەوە وەزیرەکانیان پێش خستووە لە هیرارخیای ستاتووسی ئەم دوو تیرەیەدا. بەقسەی ئێ. ب. سۆن، خانەوادەی وەزیران هەمیشە لە پاڵ ئەردەڵانییان بووە و تاو و هێزی وەدەست هێناوە (٥٢، ٢١٨). دامەزرێنەری ئەم خانەوادەیە خواجە ئیبراهیم کوڕی خواجە یوسف بەرزاز ئەسفەهانی بووە کە هەڵۆخان ساڵی "١٠٢٢ – ١٦١٣" لە ئە سفەهانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بارەگای خۆی لە قەڵای حەسەن ئاباد (بڕوانە ١٥٠، II، ٣٦). باوکی دامەزرێنەری خانەوادەکە، وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، خەڵکی ئەسفەهان بووە، پایتەختی شاکانی سەفەوی، نازناوی بەززازیش «بەفارسی "بازرگانی قوماش"» بەڵگەی ئەوەیە کە سەر بە بازرگانانی پایتەختەوە بووە. زۆر لەوە دەچێ کە خواجە ئیبراهیم بەڕەچەڵەک کورد نەبووبێ. بەڵام لەماوەی سەدە و نیوێکدا، لە کاتی هاتنەوە بۆ ئەردەڵان تا سەرەتای

چلەکانی سەدەی هەژدە، کاتێک میرزا عەبدوڵلا، کە نەوەیەکی ئەو بوو، لە کۆشکی میردا پلەیەکی بەرزی پێدرا، خانەوادەکە لەو ماوەیەدا فریای ئەوە کەوتبوو کە رەگی خزمایەتیی قووڵ دابکوتێ و ببێ بە کورد[٧].

شەجەرەی رەچەڵەکی ئەم خانەوادەیە لقی زۆر بوون. میرزا عەبدوڵلا، کە لە فەرمانڕەوایەتیی خەسرۆخان دا وەزیر بوو و مێژوونووسانی کورد بە "مەزن" ناویان بردووە، حەوت کوڕی هەبووە و لە مانە دووانیان، حاج میرزا ئەحمەد و میرزا یوسف، دواتر بوون بە وەزیر. ئەمانە هاوشان لەگەڵ هەر پێنج براکانیاندا دەورێکی چالاکانەیان لە ژیانی سیاسیی میرنشینیدا بینیوە. دووانیان لە مانە، میرزا عەلی و میرزا مەهدی، لە شەڕدا لەگەڵ بابانەکان سەریان تێداچووە لە دۆڵی مەریوان لە سالآنی ٧٠ی سەدەی هەژدەدا. میرزا ئەحمەدی برا گەورەشی لە هەمان شەڕدا بە دیل گیرا. برایەکی تریشی – میرزا لوتفەڵلا، کە دەبوو بە خاڵی ماهشەرەفخانم، لەلایەن ئەمەی دواییەوە باسی دەکرێ لەناو بەشداربووانی شەڕ لەگەڵ بڵباسە راپەڕیوەکاندا لە سەرەتای سالآنی ٩٠ی هەمان سەدەدا.

وەزیر میرزا عەبدوڵلا بەرپرسیار بوو لە دابینکردنی یاسا لە پایتەختی ئەردەلآن سنە و قەلآی حەسەن ئاباد، کاتێک خەسرۆ خان لە "بارەگای فەرمانڕەوایەتی" دوور خرایەوە (٢٥، ١٠٨)، لە ئەنجامیشدا بوو بە نزیکترین باوەڕپێکراوی میر. هەر ئەویش بوو لە سالآنی هەشتای پڕ فتنەدا، کاتێک هەڵوێستی فەرمانڕەوای کورد لە زۆرانبازیی گروپە فیوداڵییەکان لە پێناو تەختی ئێرانیدا بایەخێکی زۆی هەبوو، پێشنیاری بۆ خەسرۆخان کرد کە بانگەشەی پاشایەتیی ئێران بۆ خۆیی بدات (٢٥، ١٣٧).

لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا، خانەوادەی وەزیران ئەگەرچی لە میرەوە نزیک بوو، بەلآم بە پلە لە کۆشکی میردا لە پاش خانەوادەی وەکیلەوە دەهات و لە ململانێی ئەمانەی دوایی لەگەڵ ئەردەلآنییاندا هەڵوێستێکی روونی سەر بە میری هەبوو. وەزیر میرزا ئەحمەد لە ململانێی نێوان بنەماڵەی ئەردەلآنی و تیرەی بەهێزی وەکیلاندا تەنانەت وەکو ناوبژیکەریش خۆی نواند. هەر ئەویش بوو کە ئەوانەی پلانی کوشتنی ئەمانە الله خانی زۆرداریان دانابوو ئاشکرای کردن و، کە وەکیل محەمەد رەحیم بەگ یشیان لەگەڵ دابوو، هاوکاریی کرد بۆ لەناوبردنیان (٢٥، ١٥٧).

لە دوا سەدەی فەرمانڕەوایەتیی ئەردەلآنییاندا رەوشی خانەوادەی وەزیران هێشتا زێتر چەسپا. کوڕی وەزیر میرزا ئەحمەد لە سالآنی ١٨١٨ – ١٨١٩ دا راپەڕینی فەرمانڕەوای

(٧) ماهشەرەفخانم کوردستانی لە دایکەوە خزمی ئەم خانەوادەیە بوو.

بانە فەتح عەلی سوڵتانی دامرکاندەوە، جێگری ئەویش وەزیر میرزا فەرەجەڵلا، بەقسەی ماهشەرەفخانم، لە ناوەڕاستی ساڵانی ۳۰دا "جێبەجێکردنی (هەموو) کارەکانی... لە ناو دەستی پیرۆزی خۆیدا" گرتبوو (۲٥، ۱۸۳). خانەوادەی وەزیران چالاکترین بەشداریی کردووە لە هەموو ئاڵوگۆڕە کۆتاییەکانی خەباتی سیاسیدا، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە تا کۆتایی سەدەی نۆزدە کوردستانی ئەردەڵانیان دەهەژاند (۳۰، بڕگە ۱٦۳و دواتر).

ئەمانەن ئەو فاکتانەی کە مێژوونووسانی ئەردەڵانی هێناویانەتەوە، دەربارەی مێژووی ئەو خانەوادەیەی کە نوێنەرانی "نەوە دوای نەوە پلەی وەزیری و بەڕێوەبەرایەتیی کوردستانیان پێ سپێردراوە" (۳۰، بڕگە ۲۷٦ -۲۸۲). هیچ یەکێک لە نوێنەرانی ئەم خانەوادەیە، کە مێژوونووسان باسیان کردبن، تیتوڵی ئێلیتاری (النخبە المتسلطة) یان هەڵنەگرتووە. ناوی میرزا، لەوە دەچێ، بە جیاوازیی لەگەڵ نازناوی بەگ، سوڵتان، ئاغا تەنیا شێوازێکی ڕێزگرتنە لە هەموو کەسێکی خوێندەوار. بەم جۆرە خانەوادەی وەزیران لە هەموو ماوەی چالاکیی سیاسییدا هەر لە دەرەوەی تیتوڵداریی ئێلیتاریدا مایەوە. تەنیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا مێژووی رابردووی خانەوادەکە و نزیکایەتیی لە بنەماڵەی ئەردەڵانییەوە سیمای ئەرستۆکراتیزمیان پێ بەخشی و بوو بە یەکێک لە خانەوادە ڕێزدار و ئەرستۆکراتەکانی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات. خزمایەتی کردنیان تەنانەت بۆ بنەماڵەی بەهێزی بەگزادەکانی جافیش بە بەختەوەری حسێب دەکرا. نموونەیەکی ئەمەش مێژووی عادیلە خانمی ناودارە کە لە خانەوادەی وەزیران بوو و بوو بە خێزانی عوسمان پاشای جاف، عادیلە خانم پاش مردنی عوسمان پاشا توانی سەرکردایەتیی هەموو خێڵەکە بکات (بڕوانە ۱۸۱، ۸؛ ٥۲، ۲۲٥).

خانەوادەی وەکیلان لە ناو " خانەوادە گەورەکانی کوردستان" دا، کە مێژوونووسانی ئەردەلانی ژماردوویانن، دوای خانەوادەی وەزیران دێت (۳۰، بڕگە ۲۸۲ – ۲۸۳؛ ۲٥۰، II، ۳۸ – ۳۹). نوێنەرانی ئەم خانەوادەیە لە ماوەی ۳۰۰ ساڵدا بە میرات پلەی وەکیلیان وەردەگرت. بەجیاوازیی لە وەزیرانی ئەردەڵانی کە تیتوڵی ئێلیتارییان نەبوو و، وا دیارە، بە ناوێکی بێ فیزی وەکو (میرزا) رازیبوون، نوێنەرانی تیرەی وەکیلان پێیاندەگوترا (بەگ)، واتە سەربە توێژاڵی بەگزادەبوون.

خانەوادەی وەکیل شەجەرەی ڕەچەڵەکی خۆیان دەبردەوە سەر فەرمانڕەوای خۆشناو خالید بەگ و کوڕەکەی بەهرام بەگ، کە یەکێک بوو لە نەوە زۆرەکانی سوهراب بەگی ئەردەڵانی (۲٥، ۳۹ – ٤۰؛ ۳۲، ۱۰۹، ۱۱۸، ۱۱۹). نەوەکانی ئەم دەسەڵاتیان لە دەست دابوو و، بە قسەی خەسرۆ ئیبن محەمەد، بە هەژاری دەژیان. بەڵام نەجیبزادەییان

بەرەچەڵەک و بەوەی کە لە بەگزادەکان بوون تاو و گوژمێکی زۆری پێدابوون کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا بجووڵێنەوە و تەنیا رەحم و بەرەکەتی خان ئەحمەد خانی کوڕی هەڵۆ خان بەس بوو بۆ ئەوەی نەوەکانی خالید بەگ ببن بە "فەرمانڕەوای بەختەوەری رواندز، خۆشناو ئامێدی و سەرکردایەتیی خێڵ و عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە بکەن" (٣٢، ١١٨– ١١٩) هەندێ لە مانە هاتن بۆ ئەردەڵان و لەوێ جێگیر بوون و "بەرەبەرە بۆ پلەی وەکیلی دەخشین" (٢٥، ٣٩ – ٤٠؛ ٣٢، ١١٩).

تیرەی وەکیلان توانی دەسەڵاتێکی یەکجار زۆر وەدەست بێنێ. ئەمانە هەندێ جاران، بەقسەی ماهشەرەفخانم، "هەموو دەسەڵاتێکیان بەسەر دانیشتوانی کوردستانی سنە دا هەبووە و حوکمیان دەکردن" (٢٥، ٨٥) و تەنانەت بوون بە موونافیسی بنەماڵەی ئەردەڵانییەکانیش. ئەمانە، وەکو بڵێی، ئەرکی ئەوەیان بەخۆ دابوو کە هەمیشە رێگە لە زێدەبوونی دەسەڵاتی میرەکان بگرن. کاتێک ئەردەڵانی بەهێز دەبوون، وەکیلەکان هەمیشە سەرکردایەتیی بەرهەڵستکارانیان دەکرد، کاتێکیش بنەماڵەی فەرمانڕەوا بێ هێز دەبوو ئەمانە لایەنگیرییان دەکرد. ئەمانە کە لە توانایاندا نەبوو لە ئەردەڵان زۆرانبازیی لەسەر دەسەڵات بکەن، هەوڵیان دەدا لە ناوچەکاندا سەربەخۆ بن و چارەی پێکدادانە ناوچەییەکان بەدەست ئەوانەوە بێت.

لە نووسینە مێژووییەکانی ئەردەڵانیدا باسی زێتر لە ١٠ کەسی سەربە خانەوادەی وەکیلان کراوە. لە هەمووشیان بە بایەختر ئیبراهیم بەگ و کوڕەکەی محەمەد رەشید بەگ بوون کە زێتر لە نیوسەدە وەکیلایەتییان کرد. لە رەوشێکی سیاسیی ئاڵۆزدا کە ئەردەڵان و هەموو ئێران لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا پێیدا تێپەڕین، وەکیل ئیبراهیم بەگ هەڵوێستێکی دیاری سەر بە بابان و زەندەکانی هەبوو. کاتێک کە حەسەن عەلی خانی ئەردەلان لە مەیدانی شەڕدا پێوەندیی خۆی لەگەڵ سەلیم پاشای باباندا یەکالا دەکردەوە، بەقسەی مەستوورە، وەکیل "لە پەلەنگان، بیلەوار و ئەو ناوچانەدا بە هەوەسی خۆی حوکمڕانیی دەکرد" (٢٥، ١٠٢). لە دوا شەڕی حەسەن عەلی خانیشدا دژی سوپاکانی یەکگرتووی بابانی و تورکی، ئیبراهیم بەگ چەک بەدەستەوە "دژی ئاغای (خۆیی) "هەڵسا و لایەنی دوژمنانی ئەوی گرت و، وەکو مێژوونووسەکە دەڵێ، بوو بە "هۆی شکانی هێزەکانی حەسەن". ئەم لە گوندی ئێلیک قەڵایەکی قایمی دامەزراند و پەڵەنگان و بیڵەواری گرت "لاساریی کرد و بەهەوەسی خۆی حوکمڕانیی دەکرد" (٢٥، ٩٦ – ٩٧). کاتێکیش لە فەرمانڕەوایەتیی کەریم خانی ئەردەڵانیی بێتوانا "ویلایەت بێ خاوەن مایەوە" (٢٥، ١٠٢)، ئیبراهیم بەگ، وەکو لە ترادیسیای مێژووییدا هاتووە، زەندەکانی هاندا سوود لەم دەرفەتە

وەرگرن، ئەردەڵان کاول بکەن و کەریم خان دەربکەن.

محەمەد رەشید بەگ کە بوو بە وەکیل، لە سەر ڕێی باوکی رۆیشت و چالاکیی خۆیی بەوە دەست پێکرد کە دانی مِنا بە دەسەڵاتی خەسرۆ خانی ئەردەڵانی و هاوکاریی کرد لەگەڵ سولەیمان پاشای بابان و ئازاد خانی ئەفغانی کە داواکاری تەختی ئێرانی بوو. بەڵام لە ساڵانی ٦٠ی سەدەی هەژدەدا، کاتێک مەسەلەی گۆڕانی فەرمانڕەوای ئەردەڵانییان لە کوردستانی سنەدا لەلایەن بابانەکانەوە بوو بە راستییەک، وەکیل محەمەد رەشید بەگ لەگەڵ وەزیر میرزا عەبدوڵلا و مستەفا میرزا سادیق دا یەکێتییەکی بەهێزی دژ بە بابانییان دامەزراند، ئەمانە بە یاریدەی کەریم خانی زەند توانییان بابانەکان، کە بووبوون بە فەرمانڕەوای ئەردەڵان لادەن و خەسرۆ خان بێننەوە سەر حوکم (٢٥، ١١١). ئەم رووداوەی کە لە مێژووەکەی ماهشەرەفخانم دا تۆمارکراوە و بریتی بوو لە بزووتنەوەی پێکەوەی سێ بەرزترین پایەداری دام و دەزگای ئیداریی ئەردەڵانی (لە چرکە ساتێکی هەرە سەختی خەباتی سیاسیدا و کاتێک تای تەرازوو بەرەوە بەرژەوەندیی بابانەکان دەهەژایەوە) تاقە دەستوبردێکی سیاسییە کە تواناکانی ئەم فەرمانبەرە پایە بەرزانەی، ئەوانەی هەمیشە لە دژایەتیی یەکدی دابوون، یەک خستووە و ئێمە لە نووسینە مێژووییەکانی ئەردەڵانیدا دۆزیومانەتەوە.

بەڵام مێژوونووسانی کورد بەبێ هۆ خەسرۆخان یان بە "مەزن" لە قەڵەم نەداوە. ئەم کە بە یاریدەی وەکیلی بەهێز دەسەڵاتی وەرگرتبوو، بە تەما نەبوو دەسەڵاتەکە لەگەڵ هیچ کەسێک ببەشێتەوە. محەمەد رەشید بەگ، وادیارە، کە تەمای برِی لە پاداشدانەوەی میر، لە ساڵانی حەفتادا چوو بۆ کرمانشا بۆ لای ئەڵلاقولی خانی زەنگەنە، ئەوەی دوای مردنی کەریم خانی زەند بوو بە داواکاری تەختی ئێرانی. لە شەڕدا لەگەڵ خەسرۆ خان ئەردەڵانیدا پێش هەموو کەس فەرمانڕەوای کرمانشا شکا و ئەوەی یەکەم سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. محەمەد رەشید بەگ "راوێژکاری ئەڵلاقولی خان" (٣٠، برِگە ١٤١)، کە ئەویش لە شەڕەکەدا بوو، لەلایەن ئاغای خۆیەوە بەدیل گیرا و ئازادیشی کرد، لەوەدەچێ خەسرۆ خان نەیویستبێ تۆڵە بسێنێتەوە، کەچی دە ساڵ دواتر وەکیل محەمەد رەشید بەگ، بەقسەی ماهشەرەفخانم، دیسان خەڵکی لە خەسرۆخان "هانداوە" (٢٥، ١٢٠).

بەڕادەی زێدەبوونی هێزو سەربەخۆیی خەسرۆخان دژایەتیی لەگەڵ وەکیلدا قووڵتر دەبوو. محەمەد رەشید بەگ یان داوای یارمەتیی لە وەزیری بەغدا دەکرد، یاخود پاڵی دەدایە لای زەندەکان و دەبوو بە "هەواڵدەری هێزەکانی زەندی"، یا ئەوەتا جەعفەر خانی

هان دەدا "کوردستان بگرێ". شەڕی خەسرۆ خان و زەندەکان بەسەرکەوتنێکی تری میری کوردی تەواو بوو، دوای حەوت ساڵیش دوژمنایەتی خەسرۆخان دیسان وەکیلی خۆیی ئازاد کرد کە بۆ دووەمین جار بە دیلی گرتبوو (٢٥، ١٣٣، ١٣٦).

لە لاپەڕەکانی خڕۆنیکای ماهشەرەفخانم دا جارێکی تریش ناوی محەمەد رەشید بەگ بەرچاو دەکەوێتەوە، لە باسی شەڕی کوڕی خەسرۆ خان دژی خێڵی راپەڕیوی بڵباسەکان. تا ئەوکاتەی خەسرۆ خان لە کۆتایی ساڵانی هەشتادا لە وڵات دوور بوو، لە سەردانێکیدا بۆ تاران بەدیل راگیرا، وەکیلی چاونەترس لە ناو ریزەکانی لەشکری میردا بەشداریی دەکرد لە تێکشکاندنی راپەڕیوەکاندا. لە سەرەتای ساڵانی ٩٠ دا دەسەڵاتی میرنشینی بەشێوەیەکی کاتی کەوتە دەست لقێکی تری بنەماڵەی بانی ئەردەڵانی، بەنوێنەرایەتی لوتف عەلی خان و کوڕەکەی حەسەن عەلی خان. ئەمانە، بەقسەی مێژوونووسانی ئەردەڵانی، "هەموو تەقەلایەکیان تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بە فەرمانڕەوا ناوببرێن" (٣٢، ٩٠، ١٥٧).

دەسەڵاتی تەواو لە کوردستانی ئەردەڵانیدا لەناو دەستەکانی وەکیل محەمەد رەشید بەگ و کوڕەکانیدا کۆبووەوە و تا مردنی لە ساڵی ١٢١٢ – ١٧٩٧ هەروا مایەوە. ناکۆکی لە نێوان کوڕەکانیدا لەسەر ئەوەی کێ ببێ بە وەکیل، یاریدەی ئەمانەڵلا خان کوڕی خەسرۆ خانی دا دەسەڵات بگرێتە دەست. یەکگرتنەوەی کوڕانی محەمەد رەشید بەگ بۆ بەدەست هێنانەوەی جێگەی جارانیان بێ سوود بوو. ئەمانەڵلاخان پێش هەموو کەس حسێبی لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە بوون بە مایەی بەدەست هێنانەوەی دەسەڵاتەکەی: بەخیانەت تاوانباری دەکردن و لە سەری دەدان "تا ببن بە عیبرەت بۆ خەڵکی تر".

بێگومان، تیرەی وەکیلان لە ناونەچوو و بەردەوام دەوری چالاکانەی لە ژیانی سیاسیی ناوچەکەدا بینیوە[8] ، ئەگەرچی هێز و گوژمی گەلێک دابەزیبوو. نەوەی محەمەد رەشید بەگ، وەکیل ئەمانەڵلا بەگ قسەی لەسەرنییە کەسایەتییەکی بایەخدار بوو. ئەم، لەدوا قۆناغی فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەی بانی ئەردەڵانیدا لایەنی رەزا قولی خانی گرت و خزمەتی زۆری کردووە (کەچی خانەوادەی وەزیران پشتگیریی ئەمانەڵلاخانی برای رەزا قولی خانی کرد).

لە بەر کەمیی زانیاری سەرچاوەکاندا ناتوانین بە ڕوونی ئەرکەکانی وەکیلی ئەردەڵانی دیاری بکەین. لە خڕۆنیکای ماهشەرەفخانم دا هاتووە کە محەمەد قولی بەگ، کاتێک

(٨) لە کتێبی ماهشەرەفخانم دا باسی راستییەکی سەرنج راکێشی مێژووی ناوچەکە کراوە: ساڵانی کۆتایی بیستەکانی سەدەی نۆزدە. لە کاتی شەڕی رووسی ـ ئێرانی دا، کوڕی وەکیل محەمەد زەمان بەگ و چەند کەسێکی خانەوادەکە پاڵیاندایە لای سوپای رووسی (٢٥، ١٧٧).

وەكیل بووە لە دەوری نادر شـای ترسناكدا، تاوانباركراوە بەوەی دەست تێوەردانی كردووە لە حیـسـاباتی باجـەكـان و ئاكاردرشـتی نـواندووە لەگەڵ باجدەرەكـاندا (٢٥، ٨٥). رەنگە راست نەبێت كە ئاكاردرشـتی دەرحەق هـاووڵاتییـان نادر شای نیگەران كردبێت، بەڵام ئەو پارە "زێدەیە"ی محەمـەد قولی بەگ خستبوویە گیرفانیەوە هـانیدا وەكیل كوێر بكات و پێنج هەزار تومەنی وەكو سزا پێ بژمێرێ.

دەكرێ، بەگوێرەی خرۆنیكای مـاهشـەرەفخانم، بڕیـاربدەین كە دەزگـای باج وەرگـرتن لە دەست وەكـیل دابووە - دانـان و رێكخـسـتنی لیـسـتی بـاجـەكان و تـەنانـەت كـۆكـردنـەوەی باجـیش. بـەڵام وەكـو دەردەكـەوێ، هـەر ئەوەندە بەس نـییـە بـۆ دەسـتنیـشـانكردنـی ئەركی سـەرشـانی وەكیلی ئەردەڵانی. سـتـاتووسی كـاركردنی فـەرمـانبـەرانی پایە بەرزی جـیـهـازی ئیداریی مـیرنشـینیی ئەردەڵان ناكەوێتـە نێو قـەوارەی دیاریكردنێكی رێك و رەوان. تەنانەت ناكرێ پلەكەشـیان بە پلەیەكی مەدەنیی تەواو لە قەڵەم بدرێ. لە كاتی پێویستدا (ئەوەش تا بڵـێی زۆر رووی دەدا) وەكـیل و وەزیرەكـان دەبوون بـە "خـەڵكی شـمـشـێـر بـە دەست" و بەشدارییەكی یەكجار چاڵاكانەیان دەكرد لە زۆرانبازی لە پێناو دەسەڵاتدا.

پلەكـانی وەزیر و وەكیل مـیـراتگری بوون، پاوانی دوو خـانـەوادە بوون و نوێنەرەكـانیـان، نەوە لە دوای نەوە، ئەم پلانەیان وەردەگرت. گۆڕینی كەسەكان هەر لە چوارچێوەی ئەم دوو خـانـەوادەیـەدا بوو و دەكـرێ بڵـێین كـە "نـەهـۆمی سـەرەوەی" دەزگـای ئیـداری - فەرمـانڕەوایەتیی ئەردەڵانی بووبوو بە توێژاڵێكی كۆمەڵایەتیی داخـراو، كەسێكی تری سەر بە توێژاڵێكی تری كومەڵایەتی مافی هاتنە ناویەوەی نەبوو.

لە ناو خـەڵكانی پایە بەرزی كۆشكی ئەردەڵانیدا، پێویستـە باسی مستـەوفی بكرێت كە، وادیارە، بەڕادەیەك لاسایی خـەزنەچیی باڵای شاهـانە (مستوفی ئەل - مەمـالێك)ی هـەموو ئێرانی دەكردەوە. بەڵام گومان لەوە دەكرێ كە تەواوی دەزگای باج وەرگرتنی میرنشینی لە دەست مـسـتـەوفـیی ئەردەڵانیـدا بووبێت. كـارەكـانی ئەو زێتـر سـیـمـای جـێبـەجـێكردنی (تەنفیـزی) هـەبـوو، چونكە سـەرلەبەری دەسـەڵاتی ئیداری لـە دەست والی و دوو یاریدەدەرە نزیكەكـانیـدا بوو، تەنانەت بەراتیش، یان ئەو پارەیەی یەكـجـار دەدرا و داواكـارەكە خـۆی دەبوایە لە گوندەكانی وەربگرێت، میری ئەردەڵانی خودی خۆی دەینووسییەوە[٩].

دەسەڵاتی مستەوفی لە هیچ رووێكەوە لـەگەڵ هی وەزیر و وەكیل بەراورد نەدەكرا، لەگەڵ ئەوەشـدا لـە سـاڵانی ٦٠ی سـەدەی هەژدە بۆ ئەوەی بتـوانن بابانـەكـان لادەن و مـیـری

(٩) بۆ نموونە. لە وەرگێڕانەوەی مـاهشـەرەفـخـانم دا هاتووە كـە سێ بەرات دراون بە شـاعیری كۆشكی خەسرۆ خان ـ مەهدی بەگی شكاك. (بڕوانە : ٢٥، ١٣٨).

ئەردەڵانی بێننەوە سەر تەخت، ئەمە وەکو باس کرا، پێویستی بەیەکخستنی هێزەکانی ئەم سێ نوێنەرانەی جیهازی بەڕێوەبەراتی هەبوو.

مستەوفییەکانی ئەردەڵانی، هەروەکو وەزیرەکانی ئەردەڵان، نەدەکەوتنە نێو قەوارەی تیتوڵ و نازناوی ئێلیتارییەوە. هەروەکو خەسرۆ ئیبن محەمەد و ماهشەرەفخانم بەدەگمەن ئاماژەیان بۆ کردووە، دەکرێ بڵێین کە ئەمانە بە ناوی بێفیزی میرزا نێوبراون. زانیارییەکانی ئەم مێژوونووسانە رێگەمان نادەن بڕیاربدەین کە ئەم پایەیە بەندە تەنیا بە خانەوادەیەکەوە. دەتوانین هەندێ زانیاریی بەنرخی زێدە لە "حەدیقەی ناسرییە" وە هەڵێنجین، کە تێیدا نووسەر لە ناو بنەماڵە ناودارەکانی کوردستاندا باسی خانەوادەی مستەوفی شەفیع دەکات کە "زانا و نەجیبزادەی" تیا هەڵکەوتوون (٣٠، بڕگە ٢٩٣ – ٢٩٤). هەر لەم سەرچاوەیەشدا پایەیەکی تریش بەرچاو دەکەوێت، ئەویش مستەوفیی بالایە (مستەوفی – باشی) کە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا، ٢٠ ساڵ دوای رووخانی دەسەلاتداریەتیی ئەردەڵانیان، دوو کەس لە نەوەکانی بنەماڵەی وەزیران بەنۆرە ئەم جێگەیەیان گرتووە (٣٠، بڕگە ٢٨٠)، سەرهەڵدانی ئەم پلەیە، هەروەکو چەند پلە و نازناوی تریش، پێوەندیی بە لە ناوبردنی میرنشینییەکەوە بوو کە فراوانبوونی جیهازی بیرۆکراتیی بەدوا داهات و ژیانی ئیداری زێتر بەسەر وردەکاریدا بەشرایەوە.

نایب پلەیەکی یەکجار گرینگ بوو لە کۆشکی ئەردەڵانیدا. ناوبردنی ئەمە بە پلەیەکی فەرمانبەریی بالا دەبێ بەڕادەیەک مەرجدار بێت، چونکە جێبەجێکردنی بەستراوبووەوە بە سەفەرکردنی میر یان نەخۆشبوونی (٢٥، ٧٩، ٨٢، ١٧٢). دەبوو کە کوڕی گەورەی میر ئەم پلەیە وەرگرێت – لە سالانی هەشتای سەدەی هەژدەدا پێی دەگوترا نایب ئەل – ئەیالەت (٢٥، ١٢٣) (وادیارە بەشێوەی جێگری شا بووە نایب ئەل – سەلتەنە)، هەروەها یەکێک لە بنەماڵەی ئەردەڵانیان یان باوەڕپێکراوێکی فەرمانڕەوا و مەرج نەبوو کە لە بنەماڵەکەوە بێت – ئەم پلەیەی پێدەدرا. بۆ نموونە، باوکی ماهشەرەفخانم ئەبول حەسەن بەگ، مامۆستای کوڕی میر، ئەرکەکانی نایبی جێبەجێ دەکرد.

ئەندامانی کۆشکی میر بەژمارە زۆربوون. سەرچاوەکانی ئەردەڵانی ئاماژەیان بۆ پلەی نەزیر (چاودێریکەر)ی کوردستان کردووە (٢٥، ٥٣، ٢١١). یان نەزیری سندووق خانە (چاودێریکەری خەزێنە) (II،١٤٨، ١١٠٣)، نەزیری ئەردەڵانی، وا پێدەچێ، لاسایی کردنەوەی یەکێک لە پلە گرینگەکانی دەوڵەتی ئێرانی بێت، کە پێی دەگوترا "نەزیری بیوتات" و بەرپرسیار بوو لە هەموو دەزگا پیشەیی و گەرماو و عەمبارەکانی ناو کۆشکی شا (٥٤، ٤٨ – ٥٠). ئەم پلەیە لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا بۆ یەکەمین جار لەگەڵ

ڕووداوەکانی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا باس دەکرێ.

موراد وەیس سولّتان کەلّهوڕ بۆ پلەی نەزیری کوردستان بەرزکرایەوە کە بەگوێرەی نازناوی سولّتان، لەوە دەچێ لە نەجیبزادەکانی خێلّی گەورە و بەهێزی کەلّهوڕ بێت.

دەسەلاّتی نەزیر، بێگومان، گەلێ زۆرتر بوو لە تەنیا چاودێریکردنی عەمبارەکانی میر. ئەمەش لە نموونەی باپیری ماهشەرەفخانم کوردستانی دا، محەمەد ئاکاوە دەردەکەوێت کە ژیانێکی درێژی پڕ ڕووداو و چالاکیی بردووەتەسەر و لەماوەی نیو سەدەدا، لە فەرمانڕەوایەتیی چوار میری ئەردەلاّنیدا، ئەرکی نەزیریی جێبەجێ کردووە. محەمەد ئاکا بەشدارییەکی یەکجار چالاکانەی لە خەباتی سیاسیدا کردووە و ئەوەندە زوو نفوزی زێدە دەبوو کە سەرۆکەکانی چەند جارێک ویستوویانە نزمی بکەنەوە (٣٢، ١٨؛ ٨، ١٢٤، ١٢٥).

نەزیر محەمەد ئاکا، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ئەوەندە بەهێز بووبوو کە پالّی دایە لای کوڕانی وەکیل محەمەد ڕەشید بەگ بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاّتی ئەمانەلّلا خان. لە ئەنجامیدا میری ئەردەلاّنی "بۆ چەند ڕۆژێک چاوی ڕەحمی خۆیی لێ بڕی" و بە پێنج هەزار تومەن سزای دا، بەلاّم هەر زوو بەخشی و کردییەوە بە نەزیر و کچەکەی، پووری ماهشەرەفخانم، کرد بە حەریم (جاریە. و.)ی خۆی (٢٥، ١٥٤).

دوای ئەم ڕووداوانە محەمەد ئاکا بوو بە بەرپرسیاری کاری تایبەتیی ئەمانەلّلا خان، ئەو کارانەی پێویستییان بە بەهرەی دیپلۆماسی و جەنگی هەبوو (٢٥، ١٥٧، ١٦٠، ١٦٢، ١٦٤). ئەم نموونانە، کە دەکرێ زێتریش بێنینەوە، ئەوە نیشاندەدەن کە هەلّگری پلەی نەزیری کوردستان جێگەیەکی چەند گرینگی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی – سیاسیی میرنیشینی دا گرتبوو. لە ناو خەلّکی پایەداری کۆشکی میری ئەردەلاّنیدا، هەروەکو لە کۆشکی شادا، ئیشیک – ئاغاسی باشی (سەرۆکی خزمەتکارانی کۆشک) هەبوو. ئەو دوو کەسەی لە خرۆنیکای خەسرۆ ئیبن محەمەدا ناویان هاتووە ئەم پلەیەیان هەبووە و تیتولّی ئێلیتاریی بەگ – یان هەلّگرتووە (٣٢، ١٦٣، ١٨٠).

ڕاوکردن جێگەیەکی یەکجار بایەخداری گرتووە لە ژیانی ناو کۆشکدا کە نەجیبزادە و جەنگییەکان بەشدارییان تێدا دەکرد. لە فەرمانڕەوایەتیی خان ئەحمەد خانی دووەمدا (سالاّنی هەشتای سەدەی حەڤدە) "٣٠ کەس لە نەجیبزادانی ئەردەلاّنی" بەبازهەلّگر دانرابوون و خەسرۆ بەگ، کە لە خانەوادەی وەکیلان بوو، کرابوو بە میری شکار (بەرپرسیاری ڕاوکردن) و بازهەلّگر و یاریدەدەرانی تری ڕاوکردن لەبەر دەستی ئەودا بوون (٢٥، ٥٩).

میری ئاخوڕیش (بەرپرسیاری مەیتەرەکانی میر) پلەیەکی گەورە و ڕێزدار بوو. لە

ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، لە بەر ئەو جەنگاوەرییەی محەمەد ئاکا لە شەڕ لەگەڵ ئەفغانیاندا نواندی، خەسرۆ خان خۆی کردی بە میرئاخوڕ و لەو کاتەوە تا ساڵی ١٨٤٧ – کە ماهشەرەفخانم خرۆنیکاکەی تەواوکرد، پلەی میرئاخوڕ پاوانی نەوەکانی محەمەد ئاکا بووە (٢٥، ١٠٨). میر ئاخوڕ رۆستەم، نەوەی محەمەد ئاکا، کە مێژوونووس ناوی هێناوە تیتوڵی ئێلیتاریی بەگی هەڵگرتووە و سەر بە توێژاڵی بەگزادەوە بووە. ئەمەش بایەخی زێتر دەبێت ئەگەر بێنینەوە یادخۆمان کە وەزیرەکان تا کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی بنەماڵەی ئەردەڵانی ئەم جۆرە تیتوڵەیان نەبوو.

لە کۆشکی میرانی ئەردەڵانیدا، کە دەیانویست لە هەموو شتێکدا لە شایانی ئێرانی بچن، وەقایعی – نیگاری هەبوون (مێژوونووسانی کۆشک) کە لە هەموو شوێنێک لەگەڵ سەرکردەکانیاندا دەبوون و هەموو کردەوەکانیان تۆمار دەکردن. ئەم کارەش تایبەت بوو بەنوێنەرانی خانەوادەی مەوالی کە مێژوونووسانی وەکو محەمەد شەریف قازی، محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی و ئیسماعیل ئیبن مەلا محەمەد حوسێن – یان تیا هەڵکەوتوون (١٩٤، ٣٢، ٣٣). بەقسەی محەمەد ئیبراهیم، باو و باپیرانی ئەمانە "هەر لە نزیک خودی فەرمانڕەوای ئەردەڵانی بووین، لە بەتەنیایی و لە ناو خەڵکدا، لە جەنگ و لەکاتی هێمنیدا مێژوونووسانی ئەم بنەماڵەیە بەختەوەرە بووین" (٥٣، برگە ١). خانەوادەی مەوالی هەروەها مافی پاوانکردنی پلەی قازی و موفتییان پێدرابوو، کە باڵاترین پلەی ئاینیی بوون. نزیکایەتییان لە کۆشکی میر و بەشدارییان لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دا لە خرۆنیکا ئەردەڵانییەکاندا تۆمار کراوە.

میر مونشی (سکرتێر)یش هەبوو کە لە ئەرکەکانی ئەوانە بوون: دانانی گوتاری سەرکەوتن، نووسینی نامە و نووسراو سەبارەت بە ئارەزوو و ئیرادەی میر و هەروەها نامە بۆ شا. ئیتر لە ساڵانی سیی سەدەی هەژدەوە، لە کۆشکی میری ئەردەڵانیدا تەواوی ستافی (میلاک) مونشییان هەبوو و میر چەند جارێک لە وەڵامی داوەتی شادا ئارەزووی خۆی بۆ نەچوونی بۆ "دەروازەی شاهانە" لە ژێر نووسراوی جوان و ڕێکوپێکی "بە خامەی ئەم جۆرە مونشییانە" دا شاردووەتەوە (٢٥، ٧٦).

تەنانەت باسکردنی بەدەگمەنی مێژوونووسانیش ڕێگەمان دەدات بزانین کە زێدەبوونی سکرتێران، لەوە دەچێ، شانبەشانی گەورە و ئاڵۆزبوونی دام و دەزگاکانی ئیداری ڕوویداوە. لە باسکردنی ڕووداوەکاندا تا دەگاتە کۆتایی سەدەی هەژدە تەنیا ناوی مونشی هاتووە، لە کاتێکدا درەنگتر مونشی باشی یان مونشی گیری (سەرۆکی سکرتێران)یش هەبووە. لە حوکمڕانیی دوو دوافەرمانڕەوایانی ئەردەڵانیدا – دوو برا ڕەزا قولی خان و

ئەمـانەڵلا خـانـی دووەم – مـیـرزا عـەبدوڵلای مـام (یان خـاڵ. و.)(*)ی مـاهشـەرەفخـانم کوردسـتانی ئەم پلەیەی وەگرتووە. شـانازیکردنی میرزا عەبدوڵلا بەو شـەرەفەی کە پێی درابوو، ئەوە نیشان دەدات کە پلەی مونشی باشی لە کۆشکی ئەردەڵانیدا چەند رێزدار و بەناوبانگ بووە: من، ئەو دەنکە خۆڵە یەکجار بچووکە... (ئەمانەڵلا خان) بە رەحمی خۆی بە جۆرێک ئینسانیی لەگەڵدا کردم و ئەوەندە منی لە ناو خەڵکی وەکو خۆم جیاکردەوە و دیاری کردم کە ناکرێ سنوورێکی بۆ (بدۆزێتەوە)، ناکرێ بیر لە زێتر (تەنانەت لە ئەوەش) بکرێتـەوە. ئەو مـنی بەرزکـردەوە بۆ پلەی دانـەری (کـاغـەز و بـەڵگەنامـە) و نـاوی مـونشی باشـیـی پێ بەخـشـیم" (٢٥٠، ٢٢٢). لە ناو سـتـافی کـۆشکی ئەردەڵانیـدا هـەروەهـا پلەی مـۆردار (هەڵگری مـۆر)یش هـەبوو. دەبـێ ئەوەش بڵـێین کـە ئەگـەرچی "لەقـەبـە رێزدار و بەناوبانگەکانی" مونشی باشی و مۆردار سـتـاتووسی مەدەنی بوون، بەڵام هەڵگرانی ئەم دوو نازناوە لـە کـاری جـەنگاوەری ئـازاد نەکـرابوون. بەپێی خـرۆنیکای مـاهـشـەرەفـخـانم، مـونـشی خـەسـرۆ بەگ و مـونشـی عەبدوڵلا بەگ بـەشـدارییـەکی راسـتـەوخـۆیان کـردووە لە شـەرەکانی سـەدەی هـەژدەدا و لەناو کـوژراوەکـان بوون (٢٥، ٧٤، ١١٤). مـۆردار مـیـرزا فەزلـەڵلا لە شەڕدا لەگەڵ بابانان لە سەرەتای چلەکانی سەدەی نۆزدەدا کوژرا (٢٥، ١٩٠) بەگوێرەی ناوەکانیان، هەرسێک لەمانە سەربە توێژاڵی ئێلیتاریی بەگزادەوە بوون.

لە کـۆشکی مـیـری ئەردەڵانیـدا، هـەروەکو لـە کـۆشکی سـەردارانی ئێـران و تورکـیـادا، کتێبخـانەیەکی دەوڵەمـەند هەبوو بە کۆمەڵێک لە وەسـتـا و شـارەزایانی کاروباری کتێب و رێکخەرانی دەستنووسانەوە. پلەی کیتابدار (پارێزەری کتێبخانەی میر) لە ساڵانی ٢٠ – ٣٠ سـەدەی نۆزدەدا بە خـەسـرۆ ئیـبن مـحـەمـەد، دانەری یەکێک لە خرۆنیکایانی ناوچەکە، درابوو (٣٢، ١٩، ٢١، ٢٢). لە هـەمان ئەم سـەرچاوەیەدا ئاماژە کراوە بۆ کۆمەڵی پزیشکان بەسـەرکـردایەتیی حـەکـیم باشـی (سـەرۆکـی پزیشکان) کـە چاوەدێریی تەندروسـتی مـیـر و ئەندامانی خانەوادەکەیان دەکرد.

سیمایەکی تایبـەتیی ژیانی کۆشکی ئەردەڵانی ئەوەبوو کـە لە نێو لیسـتی ناوی پلەداران، ئەوانەی لەلایـەن مێـژوونووسـانی ئەردەڵانیـیـەوە باس کـراون، ناوی خـەسـاوەکـان نییـە – ئەوانەی دەورێکی بایەخداریان هەبووە لەناو کۆشکی ئێرانی و سوڵتانی عوسمانیدا. لەلای بابانـەکـان، وەکـو دواتریش باس دەکـرێ، حـەرەم ئـەغـاسی هـەبوو (بەرپرسـیـاری ژنـانی کـۆشک) و ئەوەی ک. ج. ریچ (٥١، I، ٢٨٤) گـەلێکی پـێ سـەیر بوو ئەو کـەسـە زەلامـێکی گەورەی ریشدار بوو. ئـەم پلەیە بریتی بوو تەنیا لە فەرمانداریەتێکی رێزدار و بێ کار، تاقە

(*) لە زمانی رووسیدا بۆ مام و بۆ خاڵیش هەمان وشەی (دیادیا) بەکاردێت ـ و.

ئامـــاژەیەک بـۆ هەبـوونی پلەیـەکی لـەم بـابەتـە لە کــۆشـکی ئەردەڵانیـــدا لە خـــڕۆنیکای ماهشـەرەفخـانم کوردسـتـانی دا هـەیە. دانەری خڕۆنیکا خـۆی، کـە ئەوسـاکـە بووبوو بە خێزانی خـەسـرۆ خان ناکام، "بەرز کرایەوە" بۆ پلەی وەزیری ئەندەروون (کاروباری ژنانی کۆشک) (٢٥، ١٨٠).

میـری ئەردەڵانی لە جێبـەجێکردنی ئەرکـەکانی خـۆیدا وەکو سـەرکـردەی باڵا، قـازی و بەڕێوەبەر پشـتی بە کۆمەیتـەیەک دەبەست کە پێکهاتبوو لە نەجیبزادە، عالیم و ناودارانی ئیسلامی و خـەڵکانی فەرمـانبەر. ئەوانەی لەم کۆمیتـەیەدا بایەخی تایبەتییان هـەبوو شـێخ ئەل – ئیسـلام، وەکـیل و سـەرۆک خـێڵـەکـان بوون (بڕوانە ١٥: برگـە ٤٤؛ ٢٥، ٩٤). بەڵام لەوەدەچی کە ئەم کۆمیتەیە زووزوو کۆنەدەبووەوە.

سنە، بارەگای ئەردەڵانیـان، بە قەڵا – کۆشکێکی رازاوەوە و بە یاسا و ئێتیکێتی ژیانەوە لە کۆشکدا، پایتەخت بـوو – بە هـەموو مانای ئەم وشـەیەوە. والییـانی ئەردەڵانی، کە لاسایی شای ئێرانیان دەکردەوە، کۆشکیان بەباغ و بە بـاخچەوە، بەشێوەی چوارباغ لە ئەسفەهان، دروست کردووە و تەنانەت توانیـویانە لەویش تێپـەڕ بکەن (بڕوانە ٥١، I، ٢٠١). پایتـەختی ئەردەلانیـان بوو بە یەکێک لە مـەڵبەندە سیاسی و کولتوورییە سـەرەکییـەکانی کوردسـتان. تەنیـا ئـەوە کـە لە هـەمـوو رۆژهـەڵاتی نزیک و ناوەڕاسـتـدا تا کـۆتایی سـەدەی نۆزدە تاقـە مێژوونووسی ژن لە میرنشینی ئەردەڵان پەیابوو – کە ئەویش مـاهشـەرەفخانم کوردستانیی شاعیر بوو، ئەوە نیشـان دەدات کـە کامـە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سـیاسی و کولتووریی تایبەتی بۆ ناوچەیەکی، بە بەراورد، بچووکی کوردستانی خواروی رۆژهـەڵات رەخسا بوو.

زانیـارییە پچڕ پچڕەکانی دەربارەی کۆشکی میری ئەردەڵانی رێگەمـان دەدەن بگەین بـەم ئەنجامانە:

١– سـسـتـێمـی ئیـداری بەسـەر بواری جیـاواز دابەشکرابوو، بـەڵام ئەم دابەشـبـوونە، لە ڕاسـتیدا، هـەر بەناو بووە. جیاوازیی تەواو لە ئەرکـەکانی بەڕێوەبردن لە دام و دەزگای ئیداریدا نەبووە.

٢– دیار نەبوونی رشـتـە و ئەرکـەکانی وەزیر و وەکیل هـەسـتی پێدەکرێ، ئەگـەرچی ئەمـە لە ئاسـتـەکانی تری ئیـدارەی ئـەردەڵانیدا کـەمـترە. باری مرۆی فـەرمـانبـەر لەسـەر رەوشـە سـیـاسـییـەکـە وەسـتـابوو، هەروەهـا لەسـەر سـتـاتووسی کـۆمـەڵایـەتیی ئەو کـەسـە و باوەڕپێکردنی مــیــریش. بـۆ نموونـە، مــیــر ئـاخــوڕ مــەنوچەهر بەگ لە خــڕۆنیکای ماهشـەرەفخانم دا وەکو کەسێکی باوەڕ پێکراوی تایبەتیی رەزا قولی خان باسی دەکرێ لە هـەلومـەرجێکی یەکجار سـەختی خەباتی سیاسی لە میرنشینی دا (٢٥، ١٩٤).

٣– تەنیا بەشێوەیەکی مەرجدار دەتوانین بەجیهازی ئیداریی میری ئەردەڵانی بڵێین کە جیهازێکی بیرۆکراتیی مەدەنی بوو. هەموو خەڵکانی فەرمانبەری کۆشک دەبوایە، پێش هەموو شتێک، جەنگاوەری باش بن. بەم بۆنەیەوە، نووسەری "حەدیقەی ناسرییە" کە باسی وەزیر میرزا یوسف دەکات (کۆتایی حەفتاکانی سەدەی هەژدە) پێشەکی دەڵێت کە ئەم شمشێردار بوو و "وەکو رۆستەمی ئەفسانە هێرشی برد" و تەنیا پاش ئەوە دەڵێت کە " خامەشی هەبوو" (٣٠ برگە ١٤٢).

فەرمانبەرە "مەدەنییە"کانی تریش "جەنگاوەرییان" کەمتر نەبوو. بیرۆکراتیای مەدەنی لە میرنشینی ئەردەڵاندا گەشەی راستەقینەی نەسەند و جیابوونەوەی بوارەکانی جەنگی و مەدەنی رووی نەدا. بۆیە بۆچوونی م. م. ڤان بروینسون (١٦٨، ٣٦٨) سەبارەت بەوەی کۆشکی فەرمانرەوای کوردی پێکهاتبوو لە جەنگاوەرانی ناودار (سەرکردەی خێڵەکان)، فەرمانبەرانی مەدەنی و زانایان، واتە دابەش بووبوو بەسەر نەجیبزادەی جەنگی و بیروکراتیای مەدەنیدا (بڕوانە ١٣٥، ٨٩) – ئەم بۆچوونە بەگوێرەی رەوشی میرنشینیی ئەردەڵانی ناسەلمێ. ئەم لێک جیانەبوونەوەی بوارەکانی جەنگی و مەدەنی لە ئەردەڵاندا بەهەمان رادە هەستی پێدەکرێ لە ئاستی جێبەجێکردنی ئەرکی سکرتێریش، مۆردار و هەروەهاش لە ئاستی پلەکانی وەزیر و وەکیل یشدا.

٤– لە هەموو "بوارەکانی" ئیدارەی ئەردەڵانیدا هەست بە ئارەزوو و هەوڵدان دەکرێ بۆ دانان و کۆکردنەوەی پلە ئیدارییەکان. لە ناو قەوارەی یەک خانەوادەدا دەوری پلەی کۆمەڵایەتیی یەکجار کەم بووبووەوە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە ئیتر دەکرێ باسی پەیابوونی بنەماڵەی تەواوی ئیداریی بکەین.

٥– لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە رێبازێک لە جیهازی ئیداریی میرنشینیی دا دەردەکەوێت بۆ ئاڵۆز و زێدەکردنی لەقەب و نازناوەکان، ئەوەش وا پێدەچێ پێویستییەک بوو بۆ قەرەبووکردنی نرخی بەشێکی زۆری پلە ئیدارییەکان بەهۆی پرۆسەی گشتیی بێ هێزبوونی دەسەڵاتی ئەردەڵانییان لە دوا دە ساڵی فەرمانڕەوایەتییان دا. پرۆسەکە بەوە تەواو بوو کە ئەردەڵانییەکان لە فەرمانڕەوایەتیی دوور خرانەوە و تیتوڵە ئێلیتارییەکان لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنران – ئەوەش لە خرۆنیکای عەلی ئەکبەر خان سادیق ئەل – مولک دا تۆمارکراوە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا نووسراوە، ئەو ساکەی ناوچەکە بووبوو بە هەرێمێکی ئێرانی.

**میرنشینیی بابان**

هەیکەلی ئیداریی ئیمپراتۆریای عوسمانی، کە ئیمارەتی بابانیش دەگرێتەوە، پێکهاتبوو لە ویلایەتەکان بەسەرۆکایەتیی والییەکان و سنجاق، یان لیواکانیش موتەسەریفەکان بەڕێوەیان دەبردن. پلەیەک خوارووتر قایمقام دەهات کە قەزای لە بەردەستدا بوو و مودیریش ناحیە (١٧٣، ٨). زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، کە لە ئەنجامی دابەشکردن لە نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەویدا بەر تورکیا کەوتن، لە راستیدا لە دەرەوەی ئەم ستروکتورەیە مانەوە و رۆڵی سەرباشقەی بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەواکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە هەر مایەوە، چەند ناوچەیەکیش بەتەواوی ئۆتۆنۆمییان هەبوو و پێیان دەگوترا (کورد حوکومەتی). فەرمانڕەواکانی ئەم ناوچانە باجیان بۆ خەزینەی گشتی نەدەنارد، خزمەتی عەسکەرییان لە سوپای دەوڵەتدا نەدەکرد، سوڵتان نەیدەتوانی زەوییەکانی ئەمان بکات بەفیۆدا – واتە بەخەڵکی تریان ببەخشێت (١٦٧، ١٩٠) تاقە ئەرکێکی ئەم فەرمانڕەوایانە، بەگوێرەی زاکۆنەکانی سوڵتان سولەیمان قانوونی، بەشداریکردن بوو لە لەشکرکەشیە جەنگییەکاندا (٤٠، ٢١ – ٢٢).

ئەو شوێنانەی نەدەکەوتنە نێو کورد حکومەتی، کرابوون بە سنجاق. بەشێک لەو سنجاقانە لەلایەن سنجاقبێیانەوە بەڕێوەدەچوون کە لە سەنتەرەوە دادەنران، ئەوانی تریش هی بنەماڵە کوردییەکان بوون و بە (ئۆجاغلیک) یان (بورتلوک) (وەجاغ یان شوێنی بنەماڵە) و (ئەکراد بێیلیگی) (بێیلیگی کوردان) نێودەبران (١٦٧، ١٩٠– ١٩١). لەم جۆرە شوێنانەدا عوسمانییەکان دەیانتوانی نوێنەرێکی خۆیان بکەن بەفەرمانڕەوا، بەڵام دەبووایە ئەم یەکێک بێت لە تیرەکە و مافی ئەوەیان نەبوو هەموو بنەماڵەکە پشتگوێ بخەن. لەبری ئەوەش بەگە کوردەکان دەبوایە بەشداریی بکەن لە لەشکرکەشیەکاندا و بەشێکی داهاتیان بۆ خەزێنە بنێرن. بەم جۆرە، بەشێکی زۆری کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا نەبوو و لەلایەن میرنشینانی کوردیی، کەم تا زۆر، ئۆتۆنۆمییەوە بەڕێوە دەچوو. ئاستی راستەقینەی سەربەخۆیی حکومەت و ئۆجاغلێکەکان، لە رووی ئیداری و داهاتیانەوە، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی مێژوویاندا جیاواز بوو. بۆ نموونە، ئەولیا چەلەبی لە گەشتەگەیدا بۆ کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا، فەرمانڕەوای میراتگری ئوجاغلیکی وای بەرچاوکەوتوون کە جێپێیان قایم چەسپابوو و ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە حکومەت دەستی نەدەخستە نێو کاروباری دەسەڵاتی بەمیراتی ئەوانەوە (٤٠، ٢٤).

فەرمانڕەواکانی بابانی لە نووسراوە مێژووییەکانی ئەردەڵانیدا، وەکو ئەردەڵانییەکان،

یان بەناوی تابلێی تەماوی وەکو حەکیم و فەرمانڕەوا (٣٢، بڕگە ٤٩ب، ٨٠ب، ٨٢ب، ٨٥ب) نێو براون، یان هەندێ کۆنکرێتر بە موتەسەریف ناویان هاتووە (٣٢، بڕگە ٤٤ب، ٥٩ب، ٧٢ب، ٩٠أ). بەبۆچوونی م.م. ڤان بروینسون، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە سەرانی میرنشینی بابان تیتوڵی تورکیی بەرزی پاشایان وەرگرتووە، ئەوەش گومان هەڵدەگرێ، چونکە بنەماڵەی بابان لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەوە دەسەڵاتی گرتەدەست و یەکەمین نوێنەری ئەم بنەماڵەیە کە ناوی لە نووسینە مێژووییەکانی ئەردەڵانیدا هاتبێ بەبە سولەیمانە کە نازناوی بەگی هەبوو (١٥، بڕگە ١٧). ئەوەی هەر بەجارێک ڕێی تێ ناچێ ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێ فەرمانڕەوای سلێمانی گوایە خۆی. بەپشتیوانی ئێرانییەکان، پاشایەتیی کوردستانی بەخۆداوە (بڕوانە – ٨٧، ١٣٧).

بابانەکان لە ستروکتوری ئیداریی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا ستاتووسی ڕەسمیی سنجاق بێی، موتەسەریف یان فەرمانڕەوایانی بێیلیگە کوردییەکانیان هەبوو. لە کاتێکدا والییەکانی ئەردەڵانی بەگوێرەی پلە هیرارخییەکان (مراتبی) لەگەڵ فەرمانڕەوایانی گورجستان، لورستان و خوزستان یەکسەر دوای شا دەهاتن، کەچی بابانەکان سەر بەپاشای بەغدا بوون و باجیان دەدایە خەزێنەی ئەو، نەک هی سوڵتان، هەروەها بەشدارییان دەکرد لە لەشکرکەشییەکانی ئەودا.

لەگەڵ ئەو جیاوازییە، وەکو بڵێی، جەوهەرییەشدا لە ستاتووسی ڕەسمیی ئەم دوو بنەماڵەیەدا، ڕەوشی واقیعی و هێزی سیاسییان لەڕاستیدا وەکو یەک بوو و ناوەناوە تای تەرازوو بەلایەکدا دەشکایەوە کە ئەمەش لە سۆنگەی کێبرکێی سیاسیی توندی نێوانیانەوە بوو. چ ئەو فەرمانڕەوا و چی ئەمانی تر بەلای کوردانەوە میر و ئەمیر بوون. (میران – بەکوردی) و سەر بە توێژاڵی هەرە بەرزی نەجیبزادەیی کوردی بوون. پێ دەچێ هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە ئیسماعیل ئەردەڵان، بلاوکەرەوەی دەقی خرۆنیکای خەسرۆیئبن محەمەد، زاراوەی (موتەسەرریف)ی بەهاومانای (والی)ی لێکداوەتەوە (١٦، ٦٦).

هیچ حەماسێک لای بابانەکان بەدینەدەکرا بۆ ڕەچاوکردنی ملکەچبوون بۆ پاشای بەغدا. ئەمانە کە لە سوڵتانەوە دووربوون تەنیا بە ملکەچبوونێکی سیمبۆلی وازیان دەهێنا، لە کاتێکدا پاشای بەغدا داوای بەڵگەی ڕاستەقینەی دەکرد بۆ دڵسۆزییان... عەبدوڕەحمان پاشا، کە دواتر ماوەی فەرمانڕەوایەتیی ئەو ( ١٧٨٩– ١٨١٣) بە (ڕۆژانی سەربەخۆیی) ناودەبەن، بە پێداگرتنەوە داوای دەکرد (وڵاتەکەی سەر بەبابی عالی بێت بۆ ئەوەی ئازاد بێت لە پاشای هاوسێی جا هەر کێیەک بێت ( ٥١، I، ٩٦). بەڵام پێداگرتنەکەی بێ سوود بوو.

میرنشینیی بچووکی بابان هێڵە سنوورییە هەرە گرینگەکانی ئێرانی – تورکیی دەگرتەوە. سنووری کۆنی ئێرانی – تورکی لە کەنداوی فارسییەوە تا ئەڕاڕات، بە ڕای س. ج. ئێدمۆندز، نزیکەی ١١٨٠ میل دەبوو – ٧٠٠ میلی بە کوردستاندا تێدەپەڕی و ٤٤٠ میلیشی بەکوردستانی بابان (١٧٣، ١٢٥). میرنشینیی بابان بوو بە گرێکوێرەی بەرژەوەندیی سیاسیی گەلێ زۆر. ک. ج. ریچ ڕەوشی ساڵی ١٨٢٠ی جوان روون کردووەتەوە: ... یارییەکە بەردەوامە، کارێکی سەختە ئەو هەموو فێڵبازییە تاکۆتایی هەڵبێنین، بەلام روونە کە لەم حاڵەتدا لە بەرامبەر فێڵبازیدا فێڵبازی هەیە. پاشای بەغدا دەیەوێ پاشای کوردستان و شازادەی کرمانشا هەڵخەڵەتێنێ. لە کاتێکیدا شازادە فێڵ لە هەردووکیان دەکات: پاشای بەغدا و پاشای کوردستان. هەمووشیان پێکەوە و هەریەکە بەتەنیاش هەوڵ دەدەن بابی عالی هەڵخەڵەتێن... بابی عالیش بای ئەوەندە زیرەک دەبێت کە ببێ بە دوژمنی هەمووان... (١٥، I، ٧٢).

دەکرێ تەنیا سەرنجێک بۆ ئەم قسانەی سیخوڕی بەریتانی زێدە بکەین، ئەویش ئەوەیە کە ولاتی نووسەری ناوبراویش لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە هاتە ڕیز ئەوانەی بەرژەوەندییان لەلای میری بابانەوە هەبوو. ئیمپڕاتۆریای بەریتانی – کە ک. ج. ریچ ساڵی ١٨٢٠ بوو بەنوێنەری سیاسیی لە کوردستانی خواروو، بایەخێکی زۆری بۆ فەرمانڕەوایانی میرنشینە کوردییەکان نیشاندا لە ناوچەکانی نێوان ئێران و تورکیادا و پلان و گرەوەکانی لەسەر بەغدا و سلێمانی گەلێ زووتر لەو رووداوانەی ساڵی ١٩١٨ دەستیان پێکرد داینابوون.

پێوەندیی نێوان مەحموود پاشا و عوسمان بەگ بابان کە لە پسوولەکانی ڕۆژانەی ک. ج. ریچ دا تۆمارکراوە ئەوە نیشان دەدات کە چەند زەحمەت بووە و هەندێ جاریش نەکراوە کە بەرەوڕووی ئەو فشارە لەبن نەهاتووەی کێبڕکێیە سیاسییەی دەرەوە ببنەوە، ئەم دوو برایە ئەگەرچی هەموو تەکانێکیان داوە کە بەرهەڵستی بکەن بەلام هەر بوون بە قوربانیی پیلانی سیاسییەکانی مونافیسان. میرەکانی بابان، کە کەوتبوونە نێوان دوو دەوڵەتی مونافیسەوە و یەکێکیان خۆی بە خاوەنی بابان دەزانی و ئەویتریش لە هەوڵدان نەدەکەوت بۆ ناچارکردنیان کە هاوکاریی لەگەڵدا بکەن، بۆیە پەنایان بردبووە بەر تاکتیکی موناوەرەکردنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ستاتووسی زەبر کەمکەرەوەی میرنشینەکە وایکردبوو لە زۆر شتدا سەربەخۆ بێت. میری بابان هەر ئەوە نەبوو کە لەژێر فشار و پیلاناندا بتلێتەوە، بەڵکو خۆشی لێهاتووانە گەمەی بە تەماحە سیاسییەکانی مونافیسان دەکرد و بەمەشەوە

بەشێکی زۆری سەربەخۆیی خۆیی دەپاراست و هاوسەنگێکی لە نێوان کاریگەرییەتیی ئێرانی و عوسمانیدا رادەگرت. رازاندنەوەیەکی سەرنج راکیشی ئەو گەمە سیاسییە لە کتێبی ئو. ف. ئێیسڤۆرت دا هەیە و بۆ ساڵی ١٨٣٧ دەگەڕێتەوە. لەکاتی پێشوازیکردنی رەسمیی نووسەر لەلایەن پاشای سلێمانییەوە، ئەمبینی کە وەفدی ئێرانی لەلای دەستی راستی پاشاوە دانیشتوون و هیچ ئاسەواری نوێنەری سوڵتانی عوسمانی لە پایتەختی بابانیدا نەبوو. کەچی لە گفتوگۆکردندا میر بەچاکی زانی سوپاسی نووسەری کتێب بکات بۆ ئەو سەرنجەی کە لە قازانجی تورکان بوو و ئەوەش یەکسەر بوو بە مایەی نارەحەتیی فارسەکان (بڕوانە: «١٧٣ – ٥٥ »).

بابانەکان لە گەمە سیاسییەکاندا، هەندێ جاران نزیکەی شانیان لە شانی شەریکە بەهێزەکانیان دەداو (نەملکەچی تورکان و نە هی فارسان دەبوون). جا بۆیە، لەگەڵ جیاوازیش لە ستاتووسی رەسمیی فەرمانڕەوایانی کوردی ئەردەڵان و باباندا، مەرکەزی سیاسیی هەردوو لا لە گەلێ لاوە وەکو یەک بوو. بەڕای م.م. ڤان بروینسون، میرنشینی بابان کە بەشێک بوو لە ئیمپڕاتۆریای عوسمانی، ئەوە نزیکەی هەمیشە هەر بەناو بووە و بەجۆرێکی سەرەکی لەوەدا رەنگی دابووەوە کە باجی دەداو دیارە، سەرەتا بە خەزێنەی سوڵتان، ئینجا دواتر بە خەزێنەی بەغدا. باجەکە چەند بوو دیار نییە، بەڵام نووسەر گومان لەوە ناکات کە ئەو داهاتەی بەغدا لە زەوییەکانی بابانییەوە بۆی دەهات زۆر نەبوو، چونکە بەشی زۆری داهاتەکە دەچووە گەنجینەی میرەوە (١٦٧، ٢٠٨، ٢١٢). هەندێ جاران کە سوڵتان داوای هێزی جەنگیی لە میری بابان دەکرد بۆ کپکردنەوەی پاشای بەغدا، ئەوا ناردنی داهات بۆ ئەوێ گومانی هەڵدەگرێ.

فەرمانڕەوای بابانی، هەروەکو میری ئەردەڵان، خاوەنی بالاّی زەوییەکانی میرنشینی بوو. قازیی بالاّش بەڕێوەبەر و سەرکردەی جەنگیی بالاّ بوو. خەسرۆ ئیبن محەمەد باسی هێزی لەژمار نەهاتووی سولەیمان پاشای بابان دەکات، کە لە سالانی ٩٠ی سەدەی حەڤدەدا شەڕی لەگەڵ وەزیری بەغدا کرد و بەسەریدا زاڵ بوو، کەچی هێزەکانی تورکی هەلاّتن (٣٢، ١٢٦)، دوای سەدەو نیوێک لەو مێژووەوە، فەرمانڕەوای بابان، بەگوێرەی سەرچاوەکان، سوپایەکی نیزامی و رێکوپێکی لەبەردەستدا بووە (١٧٣، ٥٥).

زانیاریی وا لە نووسینە مێژووییەکانی ئەردەلاّنیدا نییە کە بە ڕێگەیانەوە بتوانین فیکرەیەک سەبارەت بەدام و دەزگای ئیداریی میرنشینی بابان پەیا بکەین، زانیاریی پچڕ پچڕ، بەڵام گەلێ بەنرخ، دەکرێ لە پسوولەکانی رۆژانەی ک. ج. ریچ دا بدۆزینەوە کە رێگەمان بدەن بڵێین ستروکتوری ئیداری لە ئیمارەتی بابان لایەن و بوارەکانی یەکجار زۆر

بووه. بەڕای م.م. ڤان بروینسۆن، تیتوڵ و نازناوی خەڵکانی فەرمانبەری کۆشک، لاسایی کردنەوەیەکی تیتوڵەکانی کۆشکی عوسمانی و کۆشکی بەغدا بووە، کە ئەمەی دوایی خۆی لە خۆیدا، بەڕای نووسەر، کۆپیای کۆشکی ئەستەمبۆڵ بووە (١٦٧، ١٥١، ٢١٠).

یاریدەدەری هەرەنزیکی میری بابان لە کاروباری فەرمانڕەوایەتیدا (سەرۆک وەزیرانی پاشای سلێمانی بوو)، کە لەقەبی مەسرەفی هەبوو (ماناکەی – موستەشاری خەزینە) (٥١، I، ٦٩، ١١٥). لە کاتی سەفەرەکەی ک. ج. ریچ دا بۆ سلێمانی، مەحموود مەسرەف ئەم پلەیەی هەبوو و ئەم بەرپرسیار بوو لە ڕازاندنەوە و دانانی ڕێورەسمی پێشوازیکردن لە مێوانی بێگانە (١٧٣، ٥٦). ئەم پلەیە میراتگری بوو و هی خانەوادەی عەزیز ئاغا بوو و توونددەستیات پێوە گرتبوو. مەحموود مەسرەف (سەرۆک وەزیرانی) مەحموود پاشای بابان لە دەوری عەبدوڕەحمان پاشادا، باوکی مەحموود پاشا، ئەم پلەیەی پێدرا بوو و هەروەها لە دەوری ئەوەی پێش عەبدوڕەحمان پاشاشدا هەر خۆی سەرۆک وەزیران بووە. تێکچوون و پێکدادانی ئەندامانی بنەماڵەی بابانی لەسەرتەختی میرایەتی ئەم خانەوادەیەی نەدەگرتەوە و کاری نەدەکردە سەر پلەوپایەکەی. ناوی مەحموود مەسرەف، بەقسەی ک. ج. ریچ. لە هەموو کوردستان ناسرابوو (٥١، I، ٦٩). دوای مردنی مەحموود مەسرەف، کوڕە گەورەکەی عەزیز ئاغا جێگەیی گرتەوە، ئەوەی خانەوادەکە بەناویەوە ناسراو پلەی بەرز و نفوزی خۆیی تادوای لە ناوچوونی میرنشینیی بابانیش پاراست، تا کاتی ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩١٩– ١٩٢٥ کە س. ج. ئێدمۆندز تۆماری کردوون.

لە کۆشکی میری بابانی دا پلەی سیلاحداریش میراتگری بوو، ئەوەی ساڵی ١٨٢٠ گەنجێکی زۆر بچووک ئەو پلەیەی لە باوکییەوە بۆ بەجێما (٥١، I، ١١٥). ئەرکەکانی سیلاحدار، بێگومان یەکێک لە جێگەی ئەو بەڕێوەی دەبرد تاکاتی خاوەنی ڕاستەقینەی پلەکە دەبوو بە پیاو. ئەو پلەیەش لاسایی کردنەوەی یەکێک لە سێ پلە بەرزەکانی کۆشکی عوسمانی بوو – سیلاحدار ئاغا. کە هەموو ئەوەی دەچووە لای سوڵتان و لەلای ئەمەوە دەردەچوو بەدەستی ئەمەوە بوو (١٦٧، ٢١٠).

هەروەها ئێشک ئاغاسی (بەرپرسیاری ڕێورەسمەکان) و میر ئاخوڕیش لە پلە بەرزەکانی کۆشکی میری بابان بوون. لەوە دەچێ کە ئەرکی ئێشک ئاغاسی هەر ئەوەندە نەبووە ڕێوڕەسمی پێشوازیکردن بەڕێوەببات کە بە (دار عەسا ڕەسمییەکەی خۆیەوە) سیمایەکی ئاهەنگ ئامێزی پێ دەبەخشێ و چاودێریکردنی لانەدان لە ئێتیکێتەوە، بەڵکو هەروەها کاروباری دیپلۆماسیشی بەڕێوە دەبرد (٥١، I، ٧٩، ١٦٨).

مونەجیم – باشی (ئەسترۆلۆگی باڵا). بەشێوەی کۆشکی عوسمانی، کە لەوێ ئەمە

یەکێک لە پایەدارنی بەرزی کۆشک بوو، لە کۆشکی میری بابانیشدا هەروا بوو (١٦٧، ٢١١؛ ٥١، I، ١٣٦). لە ئەرکەکانی مونەجیم – باشی، بۆ نموونە، ئەوەبوو کە رۆژ و تەنانەت ساتی دەست پێکردنی کارێک یان بەرێ کەوتن دیاری بکات. لە (ساتێکی بەختەوەر)ی وادا ک. ج. ریچ لە ١٠ی گوڵانی ١٨٢٠دا گەیشتە سلێمانی کە مونەجیمی میری بابانی بۆیی دیاری کردبوو (بڕوانە – ٥١، I، ٧٦ –، هەروەها –٥٤، ٥٧).

لە کۆشکی میری بابانی دا، هەروەکو لە ئەردەڵانیش، خەساو نەبوون، لە کاتێکدا سەرۆکی خەساوەکان لە ئیمپڕاتۆریای عوسمانیدا یەکێک لە کەسایەتییە هەرە بەهێزەکانی دەوڵەت بووە. بەم بۆنەیەوە، لەسەدەی شازدەدا سەرۆکی خەساوەکانی کۆشکی سوڵتان لە چارەکردنی کاروبارە گرینگەکاندا تەنیا بۆ وەزیری ئەعزەم و شێخ ئەل – ئیسلام ملی دەدا (١٦٧، ٤٣٧). حەرەم ئاغاسی (بەرپرسیاری کاروباری ژنان)ی کۆشکی میر لە سلێمانی و (هەندێ لە خزمەتکارانی حەرەم) کە بەپێی ئێتیکێتی رۆژهەڵات (دەبوایە خەساو بن)، بوون بەمایەی عاجباتیی ک.ج. ریچ کاتێک دەرکەوت ئەمانە (کوردی زەلام و ریشدار) بوون ( ٥١، I، ٢٨٤).

ئەرکی تەمبێکردن، هەروەکو لە ئەردەڵانیشدا، داروگا (سەرۆکی پۆلیس) بەجێی دەهێنا. چالاکیی ئەفسەرەکانی ئەو لە کتێبەکەی ک. ج. ریچ دا گەلێ جوان وەسف کراوە. ئاپۆرەیەکی گەلێ زۆر بۆ تەماشاکردنی گەیشتنی مەندوبی بریتانی بۆ سلێمانی کۆبوونەوە، (بەڵام نیزام گەلێ نموونەییانە راگیرا. ئەفسەرانی داروگا دارعەسا قورسەکانیان بەڕاست و چەپدا دەدا... کە لەوەدەچوو تەنیا زەبرێکی ئەم دار عەسایانە بەس بێ بۆ خستنی گایەک). ئەم جۆرە ڕاگرتنەی یاسا، پێدەچێ ئاساییانە بووە. ک. ج. ریچ، گەواهی ئەوە دەدات کە (من تاقە کەسێک بووم لەم جۆرە رێگەکردنەوەیە نیگەران بووبووم، کوردەکان کە لێدان وەکو تەرزە بەسەریاندا دەباریێ، بەسەر و پشتیان دەیانگێڕایەوە و گوێیان لێ نەبوو) (٥١، I، ٧٨).

میری بابان کۆمیتەیەکی هەبوو بە سەرکردایەتی نوێنەری بنەماڵەی فەرمانڕەوا (٥١، I، ٧٨)، بەڵام هەروەکو لە ئەردەڵانیشدا، ئیشی ئەم کۆمیتەیە تەنیا راوێژکاری بوو. بابانەکان رووبەرێکی بەرفراوانیان بەڕێوەدەبرد کە تابڵێی زوو زوو، هەروەکو لەسەرەوەدا بینیمان، لە سەر حسێبی موڵکی هاوسێیانیان، میرانی سۆران و ئەردەڵان، فراوانتر دەبوو. ئەو ناوچانەی خێڵەکانی لێ بوون، لەلایەن سەرکردەی خێڵەکانەوە بەڕێوەدەچوون، لە هەر شوێنێکیش دانیشتوانی ناخێڵەکیی لێ بووایە، میر بە فەرمانی خۆی فەرمانڕەوایەکی بۆ دادەنا. بابانەکان لە قەرەداغ ، سەردەشت، کۆیسنجاق، خورماڵ، هەریر، پشدەر جێگری

خۆیانیان دانابوون (١١٨، ١١٠)، ئەمانە تابیعی بابانەکان بوون و پێوەندیی نێوانیان بەهەمان شێوەی پێوەندیی میرانی بابان و ئەردەڵان لەگەڵ سەنتەردا وابوو.

هەڵسوکەوتی فەرمانڕەوای پشدەر، ناوچەی باکووری میرنشینی بابان، نموونەیەکی ئەمەیە. ئەم تابیعە بابانییە، بەماوەیەکی کەم پێش هاتنی ک. ج. ریچ، کە مەحموود پاشا دایناببوو، چوو بۆ تەورێز و بوو بە ملکەچی میراتگری تەختی ئێرانی عەباس میرزا کە لە هەڕەتی ناوبانگیدا بوو، ئەم لە ئەنجامدا دیسان فەرمانڕەوایەتیی پشدەری پێ درایەوە و سەردەشتیشی خرایە سەر، بەڵام ئەمجارەیان وەکو تابیعی میرێکی قاجاری (٥١، I، ٣٢١– ٣٢٢، ١٦٧، ٢٠٩ – ٢١٠). لە کۆشکی بابانیدا بۆ راگرتنی تابیعەکان رەوشی وەرگرتنی بارمتە باوبوو کە بە شێوەیەکی فراوان کاری پێ دەکرا و ئەوەش دەبوو بە گەرەنتی بۆ بەردەوامبوونی دڵسۆزیی خێڵ و فەرمانڕەوایانی ناوچەکان.

نیشاندانی میکانیزمی بەڕێوەبردن، سستێمی دام و دەزگاکان و تاقە ئاڵقەکانی لە میرنشینی باباندا بەگوێرەی سەرچاوەکان بەتەواوی – کارێکی سەختە. شتێک گومانی لەسەر نییە – ئیدارە، هەموو دام و دەزگاکانی بەڕێوەبردن و سوپا لە میرنشینیدا تا کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی بابانەکان هەر بە کوردی مانەوە. بەقسەی س. ج. ئێدمۆندز، میرەکان هەمــوو بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتی مەملەکەتێکی بچووکیان هەبوو (١٧٣، ٥٤). لە چوارچێوەی دام و دەزگای دەوڵەتیدا کە نامۆیە بە کورد، هەبوونی ستروکتوری دەوڵەتیی تایبەت بەخۆ لەبەرچاوان دیارە، ئەم ستروکتورەیە لە کوردستانی بابان شەقڵ و سیمای دیاری خۆیی وەرگرت، ئەوەش لەبەر: دووری میرنشینی لە پایتەختی عوسمانییەوە، ملکەچبوونی بۆ پاشای بەغدا هەر بەناو، نەک بۆ سەنتەر، ستاتووسی ناوچەی سنووری (یان وردتر زەبرگێرەوە) و پێکدادانی هەمیشەیی ئێرانی – تورکی. لە ئەنجامدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە لە کوردەواریدا بنەماڵەی بابان خەرمانە (هالە)یەکی ناوبانگداری بەخۆوە گرت، بەتایبەتیش لە فەرمانڕەوایەتیی هەندێ لەنوێنەرانیدا. هەر دوای بیست ساڵان یادی فەرمانڕەوایەتیی عەبدوڕەحمان پاشا دەکرا وەکو (ڕۆژانی زێڕینی کوردستان) کە سەقامگیری، یاساداری و مافی زاکۆنی نیشانەیان بوون. ئەو ڕۆژانە، بەقسەی هاودەمی ج. ب. فرێزەر دەتوانرا (سەفەر بکەیت لەم سەری پاشایەتییەوە تا ئەو سەری، گەوهەرت بەسەر سەرەوە بێت و ئاڵتوونیشت لە دەستدا بێت) (٤١، I، ١٨٠، ١٩٠). درەنگتر، دوای رووخانی دەسەڵاتداریی میرانی بابان، فەرمانڕوایەتییان وەکو رۆژگاری سەربەخۆیی تەماشا دەکرا. ئیمارەتی بابان دەوری سیمبۆڵێکی ئیدیۆلۆگیی پێدرا.

س. ج. ئیدمۆندز، ئەفسەری سیاسیی هێزی داگیرکەرانی بریتانی، ٧٠ ساڵ دوای

رووخانی دەسەڵاتداریەتی بابانەکان، کاریگەریەتیی ئەو هێزە ئیدیۆلۆگییەی کە تەنیا لە ناوی بابان دا هەبوو هەڵیسەنگاندووە. لە وەسفکردنی بارودۆخی کوردستانی خواروودا ساڵی ١٩٢١، کاتێک وڵاتەکە. بەقسەی ئەو، هیچ حوکمێکی لێ نەبووە، نووسیویەتی: (ئەندامێکی خانەوادەی بابانی لێرە بووایە، ناوەکە دەیتوانی ببێت بەکۆکەرەوە بۆ توخمە نەتەوەییەکان) (١٧٣، ١٢٤). کەچی بابانەکان، وادیارە هاوکاریی ئینگلیزەکانیان نەکردووە و ئەوکەسەی بەپێشنیاری دیاریکراوەوە رووی تێ کردوون، «ئەوەندەی خەریکی رابردووی خانەوادەکەیی بووە ئەوەندە پراکتیکای سیاسیی ئەو رۆژەی مەبەست نەبووە».

مێژووی کوردستان شاهیدی لەدایکبوون و لەناوچوونی میرنشینی زۆرە. گەلێ لە خانەوادە کوردە بەهێزەکان ناوچە کوردییەکانیان لەژێر دەسەڵاتی خۆدا یەک خستوون. بەڵام تەنیا لێرە. لە سلێمانی، هەستی سیاسیی تەنکی س. ج. ئیدمۆندز ئەو فیکرەیەی قۆستووەتەوە کە (هەمیشە لەگەڵ هەوادا بووە) یان لەگەڵ (هەموو چینەکانی دانیشتواندا) ژیاوە، ئەویش سەبارەت بەوەی شارەکە سەرەتای قووتبوونەوەی دەوڵەتێکی کوردیی بەرفراوانی لەناوخۆدا گرتبوو. بەقسەی س. ج. ئیدمۆندز، ئەم باوەڕە ئەوەندە بەهێز بوو کەم کورد هەبوو لەوانەی دەهاتن و لێی دەمانەوە نەکەونە ژێر کارتێکردنیەوە (١٧٣، ٥٩).

نموونەیەکی ئەوەی کە چۆن مێژووی میرنشینی بابان بوو بە سیمبۆل و کاری کردووەتە سەر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ئەو شیعرەی شاعیری کورد شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٥–١٩٠٩)[١٠] (وڵاتی بابان) کە سەرجەمەکەی تەرجومەی بۆ زمانی ئینگلیزی لە کتێبەکەی ج. س. ئیدمۆندزدا هێنراوەتەوە (١٧٣، ٥٧ – ٥٨).

لە بیرم دێ سلێمانی کە دار الملکی بابان بوو[*]
نە مەحکومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو
لەبەر قاپی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو
لەبەر تابووری عەسکەر رێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مۆزیقە و نەققارە تا ئەیوانی کەیوان بوو

---

(١٠) بڕوانە (٩٩، ٦١) س. ج. ئیدمۆندز مێژوویەکی تری بۆ ژیانی ئەم شاعیرە داناوە ١٨٤٢ – ١٩١٠ (١٧٣، ٥٧).

(*) نووسەر، ی. ئی. ڤاسیلیڤا، ئەم شیعرەی لە کتێبی س. ج. ئیدمۆندزەوە وەرگرتووە و خۆی لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە رووسی. ئێمەش یەکسەر کوردییەکەیمان هێناوەتەوە کە لەم سەرچاوەیەدا هەبوو: علاءالدین سجادی. (مێژووی ئەدەبی کوردی). چاپی دووەم ١٩٧١ ل ٣٨٨. وەرگێڕ.

دریّغ بۆ ئەو زەمـــانە ئەو دەمـــە ئەو عـــەســـرە ئەو رۆژە
کـــە مـــەیدانی جـــریدبازی لـەدەوری کـــانی ئـاسکان بوو
بەزەربی حـەملەیی بەغدای تەسـخـیر کردووە تێی هەڵدا
سلێـمـانـی زەمـان، راسـتـت ئەوێ باوکی سلێـمـان بوو
عـــەرەب ئینکاری فـەزلی ئێـــوە ناکـەم ئەفـــزەلن ئەمما
سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو
قـــبـــووری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ لە رەحـــمـــەت بێ
کـە بارانی کەفی ئیحـسـانیـان وەک هەوری نیسـان بوو
کـــە عـــەبدوڵلا پاشـــا لـەشکری والی سنەی شـــڕ کـــرد
رەزا ئەو وەخت عومری پێنج و شەش تیفلی دبستان بوو

مێژووی میرنیشینی بابان وەکو سیمبۆلێکی ئیدیۆلۆگی لە رەوشی ئێستای کوردستانیشدا بەکاردێت.

لە کـۆتاییـدا ئەمـانەی خـوارەوە دەڵێـین: فـەرمـانـڕەوایانی ئەردەڵان والیـیـان پێـدەگـوتن، بابانەکـان... پاشـایان هەبوو. بۆ کـوردان ئەم جیـاوازییـە لە لەقـەب و نازناودا بایەخـێکی زۆری نەبوو و ئەوانیش و ئەمـانیش هەر ئەمـیر بوون (بەکوردی – مـیـران)، بۆیە زاراوەی (ئیـمـارەت) مـانای تەواوی ناوچەکانی بابان و ئەردەڵانیـان دەردەبڕی، نزیکتـرین وشــەی رووسـیش لەمـەوە (کنیـاژ سـتـڤۆ) یە، یان رێکخـراوێکی دەوڵەتیی بچـووک بە جـەسـتـەیەکی کۆمەڵایەتی – سیاسیی تایبەت بەخۆیەوە و بە ئەرک و ئینستیتووتەکانیەوە.

تابعیـەتی میـرنشـینانی ئـەردەڵان و بابان لە قۆناخـە جیـاوازەکانی مێـژووییاندا بەڕادەی جـۆراوجـۆری توندو تیـژی دەردەکـەوت، بـەڵام بواره هـەره گـرینگەکـانی ژیانـی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوورەدەستی دام و دەزگاکانی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی مابوونەوە.

مـیـرنشـینەکـان، لەڕاسـتیـدا، بوون بـەتۆپکەی کـامڵـبوونی کـۆمـەڵایەتـی – سیـاسـی لە کوردسـتـاندا و کـوردەکان لەمـاوەی چەندەها سـەدەی مێـژووییاندا نەیانتـوانی لەمـە زێـتـر بەسەرکەون.

## خێڵەکان

جاف گەورەترین و بەهێزترین خێڵەکانی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان بوو. بە گوێرەی زانیارییەکانی شێخ محەمەد مەردۆخ، ئەم خێڵە پێکهاتبوو لە ١٢هەزار خێزان و دوو بەش بوو:

جافی موڕادی و جافی جوانڕۆیی، یان جافی ئێرانی و جافی تورکی. لقی یەکەم، جافی موڕادی، ٣١ تیرەی هەبوو: ڕەخزادی (ڕوغزایی – و.) گەلاڵی، تیرخانی، شاتری، هاڕونی، کەماڵی، عەمەلەیی، پوشتمالی[11] بوداکی، ساگانی (سیدانی)، مەکایلی، ئیسماعیلی عەزیزی، سوفیوەند، نورولی، شوان، شێخ بازنی، تالانی (جافی ڕەشکە)، گەواری، بێسەری، کاڤیلی، پارخی چوچانی، حەسەنی، ڕەشوبوری، باشکی، موڕادی، یوسوجانی، یەزدان بەخشی، یاروباسی، عیسایی، شەڕەف بەیانی. جافەکانی جوانڕۆییشی کردوون بە ١٦ تیرە: قوبادی، پاوە، جانی، وەلاد بەگی، ئیناخی، ئیمامی، داغ توویی، تایشە، تاوەگۆزی، کەلاش، نامدار بەگی، قادر مەریوەیس، نیرزی، میربەگی، دەڵەتازە، دەواشی (١٥٠، I، ٨٥). خێڵەکە زێتر ژیانی کۆچەریی بەڕێوە بردووە و بەشە نیشتەجێیەکەی تا ساڵی ١٩١٤ زێتر لە پێنج یەکی نەبووە (٢٠٤، ١٣).

مەندومی – دووەمین خێڵی گەورەی ناوچەکانی بابان و ئەردەڵانە و نشیمەنەکانی ئەمانە بوون:

شارەزوور. زەهاو، بازیان، سەرخەرە و حوسەین ئابادە، ئەم خێڵە لە پێنج تیرەوە پێکهاتبوو: محەمەد (موڕادی)، تاری موڕادی، ئاخی سووری، عەلی موڕادی، مولارزی. مەردوخ ژمارەی خێڵەکەی بە ١٢٠٠ خێزان داناوە، ڤ. ف. مینۆرسکی – بە ٢٠٠٠ و ئەویش هەر ئەو بەشی حوسەین ئاباد کە ناوچەیەکی کوردستانی ئەردەڵان بوو (١٥٠، I، ١١٣؛ ١٩٥، ٢٢٦).

لە ناو ١٦خێڵەکانی ئەردەڵان لە (حەدیقەی ناسرییە) دا باسی ئەمانە کراوە: گەڵباگی (کەڵباخی – و.)، ٣ هەزار کەس (٥٠٠ خێزان «١٧٦– ٨١») – ناوچەکان: خوباتو، سەرال، قەرەتەوار؛ شێخ ئیسماعیلی، ١٦٠٠ کەس (٣٠٠ خێزان «١٧٦ – ٨١») ئیسفەند ئاباد؛ کۆرەکە، ١٥٠٠ کەس – ئێیلاک؛ بالیوەند، ١٥٠٠ کەس – ئێیلاک؛ خێڵی گیشکی کە هەرگیز ملی نەدەدا (١٩٦، ٢٢٦) ١٥٠٠ کەس – ناوچەکانی جوانڕۆ؛ دوڕاجی، ١٢٠٠کەس

(١١) ناوی تیرەکانی عەمەلەیی و پشتمالی کە مانای (کارکەر) و (ڕاگری ماڵ) دەدەن یان (کۆمەڵێ خزمەتکار و پاسەوانان) (١٦٢، ٣٦، ٤٢)، دیارە کە ناوەکان ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ڕوانگەی کۆمەڵەکەوە سەر بەم توێژاڵە کۆمەڵایەتییەوەن.

– حەسەن ئاباد و ئێیلاک؛ کۆیک، ۱۰۰۰ کەس – ژەڤیرود و قەڵا ئەرزان؛ پورپیشە ۱۰۰۰کەس (۳۰۰ خێزان (۱۷٦، ۸۱) – ئیسفەند ئاباد؛ لاله، ٦۰۰ کەس – ئێیلاک، مەحمود جبرائیلی ٤۰۰ کەس – ئێیلاک؛ سەکور ۳۰۰ کەس، تەمەر تۆزه، ۳۰۰کەس – ئێیلاک (۳۰، برگە ۸٦ – ۸۷)، ئەو خێڵانەی نووسەری (حەدیقەی ناسرییە) ناوی هێناون وەکو گیوەکێش – و – حەرەرات (ماناکەی – پینەدۆز و تیژکەرەوەی دار) ۱۰۰۰ کەس – لوڕی قۆڵاخگر (واتە – لوڕی کڵاو بەسەر)، ۳۰۰ کەس – وا دیارە ئەمانە کۆمەڵەی پێشەداربووین. نوێنەرانی ئەمانە لە گوندە جیاوازەکانی ئەردەڵاندا دەژیان، هی کۆمەڵەی یەکەمیش لە مانەدا – لە سنە بوون.

لە جوانڕۆد و ناوچەکانی تری ئەردەڵاندا بەشێکی خێڵی سنجابی (سنجاوی) دەژیا، هەندێ لە لقەکانیشی لە ماهدەشت و کرمانشا بوون. بەقسەی مەردوخی، ئەم خێڵە ۲۵۰۰ خێزان و ۱۲ تیرە بوو: چەلەوی، (چەلەبی)، دالییان، گوازی، بەرازی، سیمەوەند، سورمەوەند (سەرهەوەند)، تاکەوەند، تفەنگچی، خاکانزاریانی، ئەماسوەند، دارخور، بیوەخشتیان (۱۵۰، I، ۹٦).

لە ناو خێڵەکانی کوردستانی باباندا کە لە پسوولەکانی رۆژانەی ک. ج. ریچ دا تۆمار کراون ئاماژە بۆ ئەم خێڵە نیشتەجێیانە کراوە – سەکیر و نورەددینی کە دانیشتوانی ۱۰ گوندیان پێک دەهێنا لە ناوچەی پشدەر، شینکی (۲۰۰) خێزان و گەلاڵی (۱۵۰) خێزان کە لە ناوچەکانی هەمان ناویان هەبوو دەژیان، خێڵی سیوی یل (۵۱، I، ۲۸۰) لیستی ناوی خێڵە کۆچەرەکانی میرنشینی بابان، شان بەشانی خێڵی گەورەی جاف، لە کتێبەکەی ک. ج. ریچ دا، ئەم ناوانەی گرتووەتە خۆ:

شێخ ئیسماعیلی (۵۰۰ خێزان)، کەڵهوڕ (۲۰۰)، مەندومی (۳۰۰)، کەلوگاوانی (۲۵۰)، میرزینک (۸۰ – ۹۰ خێزان، لەسەرەتادا لەناو خێڵی بڵباس دابوو)، تیلەکۆ (۱۰۰)، کۆسە (٦۰)، هەمەوەند (۲۰۰)، سۆفی وەند (٤۰ – ۵۰ خێزان، سەر بە لەک بوو)، کەچەلی (٤۰)، چیگینی بەسەر گوندانda بڵاوەیان کردبوو)، زەند (٦۰)، ٦۰ خێزانی لوڕ لە خێڵی فەیلی، سەدەنی (۱۰۰)، گۆڕزی (۱۰۰خێزان) (۵۱، I، ۲۸۰ – ۲۸۱). ئەوەی یەکجار سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کە هەموو ئەو کۆمەڵە خێڵەکییانەی هاتنە ژماردن بەش و پارچەی ئەو خێڵانە بوون کە لە ئەردەڵان، کرمانشا و لوڕستان دەژیان.

ئەو ژمارەیەی خێڵەکان، کە هەرگیز هەمووی نییە، ئەوە نیشان دەدات ناوچەی خێڵەکان لە میرنشینانی ئەردەڵان و باباندا لەسەرەتای سەدەی نۆزدە تا چەند تێکەڵاو و جۆراوجۆر بووە و توخمی بێگانە بەشێوەی بەشێک لە خێڵەکانی لوڕ و لەکی دا هەبووە. جیاوازیی

ئێتنیکی لە ناوچەی خێڵەکان لە سەردەمی پێشووتری دەسەڵاتداریەتیی بنەماڵەکەدا هێشتا گەلێ زەقتر بوو. بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، کاتێک حەسەن عەلی خانی ئەردەڵانی (سەربەخۆیی تەواوی لە کاروباری فەرمانڕەوایەتی وەدەست هێنا) لە وانەی ژێر دەستیدا ١٠ هەزار کەس لە خێڵەکانی ئەفغانی، ئۆزبیکی، قزڵباشی و کوردی بوون (٢٥، ٨٩).

ستروکتوری خێڵەتی هەموو شوێنەکانی میرنشینانی ئەردەڵان و بابانی نەگرتبووەوە، ژمارەی ئەو بەشە دانیشتوانەی کە خێڵەتی دەیگریتەوە یان نەیدەگرتەوە، هەر نووسەرە بەجۆرێک دایناوە – سەبارەت بە بابان، بەگوێرەی ک. ج. ریچ، ساڵی ١٨٢٠ – پێنج یەک بووە (٥١، I، ١٧٧)، بەپێی ئەو زانیارییانەیش کە هەڵکەوت حەکیم پشتی پێ بەستوون، خێڵەکان لە ناوچەکانی خوارووی کوردستاندا سێ لەسەر چواری دانیشتوانیان پێکهێناوە (١٨٠، ٦٤)، ئەوەش پێدەچێ زێدەڕۆیی بێت.

لە کوردستانی ئەردەڵان راژەی دانیشتووانی خێڵەتی گەلێ کەمتر بوو. بەگوێرەی زانیارییەکانی (حەدیقەی ناسرییە) کە ف. چیرنۆزۆپۆڤ زۆری شێواندوون بەراورد بکە (١٦٠، ١٦ – ١٧؛ ٢٠، ٧٢ – ٧٣)، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکانی کە میرزا عەلی ئەکبەر خان بە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دایناوە نزیکەی ٢٠٥ هەزار کەسە، ١٧ خێڵی گەورە ژمارەکەیان نزیکەی ١٨ هەزار کەس و خەڵکی سنەش – ٥٠ هەزار کەس.

بەم جۆرە، وەکو لە (حەدیقەی ناسرییە) دا هاتووە. خێڵەکان راژەی ٥، ٦٪ ی دانیشتووانی ئەردەڵانیان پێکهێناوە. ئەم ژمارەیەش لەوەدەچێ کەم کرابێتەوە: نووسەر دیارە فیکرەیەکی روون و تەواوی نەبووە دەربارەی رەوشی ناوچەکانی ئەردەڵان. یەک شت گومان هەڵناگرێ – لە میرنشینی ئەردەڵاندا راژەی دانیشتوانی خێڵەتی گەلێ نزمتر بووە وەک لە میرنشینی بابان، لەگەڵ ئەوەشدا، ستروکتوری خێڵەتی مۆری خۆیی ناوە بە رەوشی کۆمەڵایەتی – ئابووری و کۆمەڵایەتی– سیاسی لە رووبەرێکی گەلێ فراوانتر لەوەی خێڵەکان لێی دەژیان و تەنانەت ئەوەی کۆچیشیان بۆ دەکرد، ئەوەش لەبەر ئەوەی سەرکردە خێڵەتییەکان لەهەمان کاتدا خاوەنداری گەورەی زەوییەکانیش بوون.

فاکت سەبارەت بەوەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی، تا کۆتایی قۆناخی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ستركتوری خێڵەتیی پاراستووە، خۆی لە خۆیدا، دەبووایە ببێ بە بەڵگەیەکی قسە لێ نەکراو بۆ سەلماندنی ئەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان (لە پەتی پێوەندیی بنەماڵەیی ئاساییەوە) نەپچڕاون (١، ٨٩).

مەسەلەکەش لەوەدایە، ئایا دەتوانین ئەم جۆرە پێوەندییانە لە کۆمەڵگای کوردیدا

بەبنەماڵەیی ئاسایی لە قەڵەم بدەین.

یەکڕایی لەمەڕ سروشتی خێڵ بەگشتی و خێڵی کوردی بەتایبەتی لە ئاراد نییە. ڤ. پ. نیکیتین، هێشتا لە ساڵانی ٥٠ ەوە، ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە کە دوو رای ئەوپەڕگری ناکۆک بەیەکی لەسەر خێڵ بەدی کردوون؛ هەندێ لێکۆڵەرەوە وەکو بنەماڵەیەکی فراوانبوو سەیری خێڵ دەکەن، هەندێکی تریش – وەکو یەکەیەکی سیاسیی دەستکرد (١٢٣، ١٩٥). لە حاڵەتی یەکەمدا مەبدەئی خزمایەتی رەهایانە جێگەی خۆیی گرتووە کە ئەوەش بوو بە مایەی دروستبوونی نەخشەیەکی گریمانی و بەئیدیاڵکراوی خێڵ، رەنگە، وەکو ئەو خێڵانەی لە قۆناخی زووی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتیدا هەبوون، لە چەرخەکانی مەشاعیەتی سەرەتاییدا. ئێمە خۆمان بەم نەخشەیە بەدوور دەگرین، چونکە خاوەنەکانی سەرنجی جیاوازیی کۆمەڵایەتی، لێک جیابوونەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەیان لەناو خێڵدا، نەداوە و جەختی ئەوەیان کردووە گوایە گیانێکی یەکسانیی گشتی لە ناو خێڵەکاندا بەرقەرار بووە. تەنانەت نەجیبزادەی خێڵەتیش وەکو (یەکەمەکان لە نێو یەکساناندا) تەماشاکراون (١٧٩، ١٠٦)؛ لە ئەنجامدا خێڵ وەکو ئەوەی هەمیشە ئاسەوارەکانی بینای کۆمەڵایەتیی بێ چینی تیا مابێتەوە وا سەیرکراوە، وەکو دیاردەیەکی دواکەوتووانە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا. ئەم جۆرە بۆچوونە تا ڕۆژی ئیمڕۆکەش هەر ماوە و بەردەوام لایەنگری بۆ پەیا دەبن و بەشێوەی جۆراوجۆر لە وەسفکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا دەردەکەون.

مەتریالی مێژوویی – ئێتنۆگرافیی کۆنکریت، سەبارەت بە رەوشی ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست، راستکردنەوەی زۆریان لەم تیۆرییایەی سەردەم داهێناوە. ی. پ. پیترۆشێفسکی. لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێ لە سەرچاوە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە خێڵەکانی مەنگۆلی و تیورکیی سەدەکانی سێزدەو چواردە لەسەر بنچینەی خزمایەتی یەکیان نەگرتبوو کە یەک باپیرە گەورەیان هەبووبێ. ئەمانە یەکێتییەکی وا بوون کە لە پارچەکانی گرووپەی خێڵەتی و بنەماڵەیی زووتر، بەشێوەیەکی دەستکردانە، پێکهاتبوون، نموونەیەکی ئەم جۆرە یەکێتییە دەستکردەش، یەکگرتنی ٣٢ خێڵی بچووک لە ژێر ناوی (ئوتوز ئیکی) دا (واتە سی و دوو) بوو کە خێڵی کوردیشی تیا هەبوو – بنەما سەرەکییەکەشی خێڵەکانی قزڵباشی بوون. بەڕای ئی. پ. پیتروشێڤسکی. تەنیا هەندێک مەرجدارانە دەتوانین ئەم جۆرە یەکێتییە بەخێڵ ناو بەرین (١٣٥، ٩٥ – ٩٦).

ک. ئی. پیتروڤ یش گەیشتووەتە ئەنجامێکی لەم بابەتە، ئەویش لە لێکۆڵینەوەی دینامیکای گەشەکردنی کۆمەڵگەی کۆچەرە ئاژەڵ بەخێوکەرەکانی قیرگیزی دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە تەنانەت مەرجە سیمای خزمایەتیی بەو رێکخراوە خێڵەتی –

بنەماڵەییانەوە نەبێت، ئەوانەی (تەنیا مەرجدارانە ئەم ناوەیان لێ دەنێین، لەبەر جارێ نەبوونی زاراوەیەکی تری باو و لەبار) (١٢٩، ٥٣). هەروەها خێڵە عەرەبەکانیش، بەبۆچوونی گە. یێ. مارکۆڤ، بریتی نەبوون لە یەکێتی خزمایەتی و بنچینەکەیان (هەرگیز خزمایەتی نەبوو، بەڵکو پێویستی واقیعیی جەنگی - سیاسی و ئابووری بوو) (١١٤، ٢٥٢). ئەم جۆرە بۆچوونە هەرگیز حسێبی بۆ پێوەندیی خزمایەتی و تەنانەت فیکرەی خزمایەتی خۆشی، کە ناوەڕۆکی گیروگرفتەکانی لەناو دایە، نەکردووە.

سەبارەت بەوەی خێڵە کوردەکان نەدەکەوتنە نێو قەوارەی یەکێتی خزمایەتییەوە، هێشتا لەسەدەی حەڤدەوە ئەولیا چەلەبی و ک. ج. ریچ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە سەرنجیان داوە. گەورەترین کۆنفدراسیای خێڵەتیی دیاربەکر، بەپێی زانیارییەکانی ئەولیا چەلەبی، پێکهاتبوو لە خێڵی تیورکی و خێڵی کوردییەوە کە زستانیان لە بیابانەکانی سوریادا بەڕێوەدەبرد و هاوینانیش دەچوونە لەوەڕگەی چیا بەرزەکانەوە لە سەرووی رووباری موراد - چای (٤٠، ٢٧). جافەکان کە ژمارەیان چەند هەزار رەشماڵ دەبوو، لە رۆژگاری ک. ج. ریچ. دا بەقسەی ئەو، لە ناویاندا جافە رەسەنەکان لە ٦٠٠ خێزان زێتر نەدەبوو، بەشی سەرەکیی خێڵەکانی بەگەڵیان کەوتبوون لە لوڕستان و کوردستانی ئێرانەوە هاتبوون (٥١، I، ٢٨١).

زێدە بوونی زانیاریی دەربارەی خێڵەکانی کوردستان و کاری مەیدانی چەند نووسەرێک بە تێپەربوونی کات رێگەیان بۆ ئەوە خۆش کرد کە بگەین بە ئەنجامێک سەبارەت بە ناڕاستیی ئەو رایەی خێڵی کوردی بە خێزانێکی گەورەبوو دادەنێ. ئو. ر. های ئەوەی ت. بوا بۆچوونەکەی دووبارە کردووەتەوە، خێڵی کوردیی وەکو کۆمەڵەیەک یان یەکێتیی چەند کۆمەڵەیەک تەماشاکردووە کە بۆ داکۆکی لەخۆکردن لە زۆرداریی دەرەوە و بۆ پاراستنی نەریتی ئێتنیکی و شێوە ژیانیان پێکهاتووە. سۆسیۆلۆگیستانی کورد خەسباک(*) و عەقراوی یەکێتیی خاک و رووبەریان لە کوردستان کردووە بە بڕبڕەی پشتی خێڵ، بەجیاوازیی لە خێڵی عەرەبی کە بۆ ئەو خزمایەتی بڕبڕەکەی بووە (بڕوانە: ١٦٤، ٤٧١). تەواوترین هەڵسەنگاندنی خێڵی کوردی وەکو ئینستیتوتێکی کۆمەڵایەتی بە بەڵگەوە، بەڕای ئێمە، لە کارەکانی م.م.ڤان بروینسون دایە (بڕوانە: ١٦٧، ١٦٨)، ئێمە چەند جارێک دەگەڕێینەوە سەر بۆچوونە سەرەکییەکانی تیۆریای ئەم نووسەرە.

بەگوێرەی بۆچوونی لێکۆڵەرەوەی هۆڵەندی، لە دوورترین و دابڕاوترین ناوچەکانی کوردستاندا ناتوانین خێڵێکی وا بدۆزینەوە کە ستورکتورەکەی لە هی رۆژگارەکانی

(*) شاکر خەسباک کورد نییە، بەڵکو عەرەبێکی خەڵکی باشووری عێراقە. وەرگێڕ.

کۆمەڵگەی بێ چین بکات. خۆ ئەگەر لەتواناشدا بووایە شێوەی (ستروکتوری سەرەتایی) خێڵ بێنینەوە بەرچاو خۆمان، ئەوا هیچ بنچینەیەکمان بۆ ئەوە نییە بڵێین یەکێک لە خێڵەکانی کوردستان ئەم شێوەیەی هەیە (١٦٧، ١٤٨).

بێگومان، هەر لە رۆژگاری شەرەفخانی بەتلیسییەوە، سەدەی شازدە، زێتریش لە سەدەکانی دواتر خێڵی کوردی پێکهاتوو لەسەر بناغەی پێوەندیی گێنێتی لە ئارادا نەمابوو، لەو خێڵە کوردییانەی لە (شەرەفنامە) دا ناویان هاتووە، تەنیا کەمێکیان لە ناو لیستەکانی تردا ماونەتەوە. ناوی نوێ جێگەی زۆربەیانی گرتووەتەوە، ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە پرۆسەی هەڵوەشانەوەی هەندێ لە کۆمەڵە خێڵەکان و دامەزرانی هی تازە هەر بەردەوام بووە. تەنیا مەبدەئی خزمایەتی وەکو شتێکی هەمیشەیی مایەوە، ئەویش چونکە یەکێتیی سیاسی لەیەکێ لە هەنگاوەکانیدا بە ناچاری بەدوای خزمایەتییەکی دروستکراودا گەڕاوە و بەهۆی ئەمەشەوە ئەم یەکێتییە هەر چاوی لە رابردوو بووە.

جیاوازیی لە نێوان تیرە، کە رەسەنێکی هاوبەشی لەناودا نییە، و بنەماڵەدا، کە دەکرێ باپیرە گەورەی هاوبەشی تیا دیاری بکرێ، بەزەحمەت دۆزراوەتەوە (١٦٧، ٤١). لە واقیعدا، هەموو بنەماڵەیەک خەڵکی بێگانەی تێ کەوتووە و ئەمانە وەکو ئەندامێکی راستەقینە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. یەک دوو نەوە بەسەر چووین و ئەمانە بووین بە خزم و کەس، بێگانەیی ئەمانە لەبیرکراوە. پارچە و بەشەکانی خێڵ لە دەورەی خێزانێکی بەهێزدا کۆبوونەتەوە و بووین بەمایەی سەرکەوتنە جەنگی و سیاسییەکانی ئەم خێزانە. لە ناو تیرەی جافە موڕادییەکاندا، بۆ نموونە، ئەم خێڵانەمان بەرچاو دەکەون: گەلالی، بێسەری، چوچانی، کاویلی (کەویلایی) – کە لەگەڵ بڵباس و کەڵهوڕ و خێڵی تردا گەلێ پێش پەیابوونی جافەکان لەم ناوچانەدا لە شارەزوور نیشتەجێ بوون (بڕوانە: ١٧٣، ١٤٢).

هەوڵدراوە کە چاو لە نەبوونی پێوەندیی خزمایەتیی راستەقینە بپۆشرێ. یەکێتیی تیرە لە کاتی ئێستاوە براوەتەوە دواوە، بۆ مێژوو، و بەتێپەڕبوونی کات تیرەکە بووە بە گرووپەیەکی خزمایەتیی راستەقینە. دەبوو کە باپیرە گەورەی هاوبەشیش لە خۆوە دادەنرا، نموونەیەکی سەرنج راکێشی ئەمەش لە کتێبی م.م. ڤان بروینسون دا هەیە. مەسەلەکە سەبارەت بە دروستبوونی خێڵی ئۆمەریانە کە لە دوو تیرە پێکهاتبوو – ئێتمان کان (رەنگە وەتمانەکان بێت – و.) و مەحمودەکان. ئەم دوو تیرەیە بەناوی دامەزرێنەرانیان ئێتمان (وەتمان – و.) و مەحمەوود کرابوو، دوای یەکگرتنی هەردوو تیرەکە، یەک کەس سەرکردایەتیی کردووە و مەحمود و ئێتمانیش، کە تەنانەت خزمی یەکتریش نەبووین، کراون بە برای یەکدی (١٦٧. ٤١).

لەم حاڵەتەدا، ئەوەی جێگەی سەرنجدانە، تەقەلای ئەوە دراوە کە نەبوونی پێوەندیی خزمایەتی پشتگوێ بخرێ. ئیدیای خزمایەتی دیسان و سەرلەنوێ وەکو پێکهێنەری رووی دەرەوە خۆی دەنوێنێ، وەکو دەمامکێکی ئیدیۆلۆگی بۆ سستێمی پێوەندییەکانی سیاسی. ئەم ئیدیایە توانایەکی ئیدیۆلۆگی گەلێ بەهێزی هەیە کە کاریگەریی بۆ خێڵ، وەکو ئینستیتووتێکی سیاسی، یەکجار گرینگە. خزمایەتی دروستکراو. کە دڵسۆزیی سیاسیی دابین دەکرد، بوو بە شتێکی گەلێ بەبایەختر لە پێوەندیی خزمایەتیی راستەقینە.

مرۆڤ لەژێر سایەی خێڵدا هەستی بەدڵنیایی دەکرد. جا لە مەشەوەیە ئەو (دڵسۆزییە وشکەی) کۆچەر بۆ خێڵەکەی، کە م. ب. رۆوتون لە سەری نووسیوە (٢٠٢، ٢٤٧، ٢٥١). مرۆی کوردی خێڵەکی (ترایبسمێن) بەلایەوە باشتر بوو دڵسۆزیی بۆ سەرۆک لە دەست بدات، نەک بۆ خێڵەکەی. فیکرەی خزمایەتی یەکێتیی کۆمەلایەتی و یەکێتیی کۆمەلایەتی – سیاسیی خێڵی دابین دەکرد و کاریگەریی ئەم ئینستیتووتە (واتە فیکرەی خزمایەتی – و.) لەسەر کۆچەران وێنەی نەبوو.

مەبدەئی یەکێتیی خێڵەتی، وەکو دەردەکەوێ، هەر لەسەرەتاوە بریتی بوو لە ناوەڕۆکێکی قایم لە بنەماڵەیەک یان چەند بنەماڵەیەکەوە کە بەشی جیابووەوەی خێڵەکانی تریش دەیانتوانی لە دەورەی کۆببنەوە. لەم رووەوە ف. میلینجان، بە بۆچوونی خۆی، بەشی چەسپاو و نەچەسپاوی خێڵی کوردیی لێک جیا کردووەتەوە (٤٨، ٢٨٤). فیکرەی ناوەڕۆکێکی یەکگرتوو شتێکی پێویست بوو، وەکو هەنگاو هەڵێنانێک بۆ ئیدیای یەکێتی و خزمایەتی لە نێوان هەموو ئەندامانی خێڵ دا. زانیارییەکانی م.م. ڤان بروینسون – یش سەبارەت بەدیاریکردنی خێڵی کوردی وەکو کۆمەڵەیەکی سیاسی کە پێکهاتووە لە، بەلای کەمەوە، گرووپەیەکی خزمی یەکدی و ژمارەیەکی نادیاری خەڵکی سەربە نەتەوەی تر کە بەگەڵ ئەم خێڵە کەوتون. (١٦٨، ٣٦٩). بەم جۆرە، گەورەیی و فراوانی سنوورەکانی خێڵ چەسپاو و هەمیشەیی نەبوون. ستروکتۆری خێڵ کە دەبوو پێکهاتبێ لە بنەماڵەیەک... یان دوو، یان لە هەر ژمارەیەکی یەکێتیی بنەماڵەیی و بگرە لە یەکێتیی ئەم جۆرە یەکێتییانەش هتد (١٦٨، ٣٦٩)، رادەی هەرە زۆری توانای بزووتنەوەی بۆ دابین کردبوو و رێگەی دابوو وەکو چۆن زوو ئاڵقەی نوێی ستروکتوریی زێدە بکات، ئاواش بەبێ زیان بیانپچڕێنێ و لە دەستیان بدات و توانای لە ژیان مانەوەی خۆشی بەتەواوی بپارێزی، تەنانەت ئەگەر یەک تاقە ئاڵقەی ستروکتوریشی بمێنێت. زیندوویی ئاڵقەکانی ستروکتوری خێڵەتی بەندبوو بەوەوە کە هەر یەکێکیان، لە ڕاستیدا، بریتی بوو لە مۆدێلێکی ئۆتۆنۆمیی خێڵ لە ناو خێڵەکەدا. م. ب. رۆرتۆن خێڵی کۆچەری ناوناوە ماڵی ئۆتۆنۆمی و مرۆی کۆچەریش – قارەمانەکەیەتی (٢٠٢، ٢٤٧).

بەڕای هەندێ لێکۆڵەرەوە، فراوانی و رادەی ئاڵۆزیی ستروکتوری خێڵەتی لەبن نەهاتوون (بڕوانە: ١٦٨، ٣٦٩)[١٢]. ستروکتورەکان کە هەمیشە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، نەخشەیەکی وشک بووەوەیان پێک نەهێناوە، بەڵام پرۆسەی سەرلەنوێ دامەزرانەوە هەمیشە لە چوارچێوەی ئیدیای خزمایەتی روویداوە. هەر بۆ ئەوەش کە بتوانێ فیکرەی خزمایەتی دروست بکات ئەمە پێویستی بە گۆڕانی چەند نەوەیەک هەبوو. ئەم دۆخەی باس کرا دەبوو هەر ببێت بە سیمایەکی سنووررداری ئاشکرا لەگەڵ ئەو مەودا لەبن نەهاتووە تروایێلکەییەشدا بۆ جۆری و خۆ گۆڕینی ستروکتوری خێڵەتی.

لە ئارادابوونی ئیدیای ناوەڕۆک و خزمایەتیی تەواو خێڵ، هەروەکو نەبوونی ئەو ئیدیایەش، بوو بە نیشانەیەک بۆ ئاستی پرۆسەی یەکگرتن، هەروەها لە بۆچوونی ت. بوا دا سەبارەت بە دابەشکردنی خێڵە کوردییەکان بۆ خێڵی کلاسیکی (بەسەرکردایەتی ئاغا و ئیدعا کردنی رەسەنی هاوبەش) و ئەوانەی تیرە یان فراکسیۆنیان لەناودا هەیە (کە فیۆداڵی لە بنەماڵەی ترەوە سەرکردایەتی دەکەن) (١٦٤، ٤٧١) – ئێمە (تیپی جیاوازی رێکخراوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری) مان دەست ناکەوێت، بەڵکو ئاستی جیاوازی پرۆسەی یەکگرتن و جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی. فیکرەی خزمایەتی لە هەمووی کەمتر لە ئاڵقەکانی هەرە بەرزی ستروکتوری خێڵەتی هەستی پێدەکرێ، ئەوانە ئێستاکە لە ئەدەبیاتدا پێیان دەڵێن کۆنفدراسیا. بۆیە هەر چەندی ستروکتوری خێڵەتی ئاڵقەی ستروکتوری زێتر بوو، ئەوا پرۆسەی یەکگرتن تەگەرەی زێتری دەهاتە پێش، ئەوا ئەگەر ئەو پرۆسەیە لە ئارادا بووبێ، تەنانەت هەبوونی ئیدیای خزمایەتی خۆی و ئامادەیی بۆ دروستکردنی، ئەوا بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی پرۆسەی یەکگرتن لە کۆتایی هاتنییەوە نزیکە.

دینامیکای هەمیشەیی، کە بەسەر ئەو ستروکتورانەی خێڵ دروستیکردوون هاتووە و بزێوی ئاڵقە ستروکتورییەکانی خێڵ رەنگی خۆیان لە ناوە تەماوی و نەچەسپاوەکانی یەکێتی بنەماڵەیی – خێڵەتییەکاندا داوەتەوە. یەک تاقە ناو دەبوو بە هی خێڵ، هی بەشێکی خێڵ و کۆنفدراسیای خێڵەتیش. زاراوەکانی وەکو عێل، تایفە، عەشیرەت کە لە رابردوودا. بێگومان، لە یەکەوە جیاواز بوون[١٣]، لە خڕۆنیکا ئەردەڵانییەکاندا هاومانان (٣٢، ٧١).

---

(١٢) بۆ بەراوردیش، بەڕای م. ب. رۆوتۆن مەودا بۆ هەمەجۆریی ستركتوری لە کۆمەڵگەی خێڵەتیدا گەلێ فرە نییە (٢٠٦، ٣٦٩).

(١٣) دراسە کردنی دەقی (شەرەفنامە) یاریدەی ئەوەی داوە، بۆ نموونە، هەندێ زاکۆن لە بەکارهێنانی. وەکو بڵێی. نارێکوپێکی زاراوەکانی (تایفە). (قەبیلە) و (عەشیرەت) بەدی بکرێن و دەستنیشانی تایبەتی سیمانتیکی هەر یەکێکیان بکرێت (٨٣، ٦ – ٩).

مێژوونووسانی کورد جیاوازیی ناکەن لە نێوان خێڵ، کونفدراسیای خێڵەتی یان یەکێتی خێڵەتیدا. هەردوو ئەم کۆمەڵە خێڵەتییە دەکرێ ناوبرابن عەشیرەت یان تایفە، بۆیە ئەگەر لێکۆڵەرەوان لە حاڵەتێکدا زاراوەی (خێڵ) و لە بارێکی تریش – (کۆنفدراسیا) یان بەکار هێنابێ – ئەوا بەڕادەیەک مەرجدارانە بووە. ئەم جۆرە وێنەکێشانە، هەروەکو هەموو نەخشەیەکی وشک هەڵاتوو، نەدەچووە نێو قەوارەی ستروکتوری زیندوو و بزێوی خێڵەتییەوە. تەنیا هەبوونی ئارەزوو بۆ دانانی باپیرە گەورەیەکی هاوبەش، کە بەڵگەی زێدەبوونی یەکگرتنە، بەڕای م.م. ڤان بروینسون، سەنگەکە بەلای زاراوەی (خێڵ) نەک (کۆنفدراسیا) دەشکێنێتەوە (١٦٨، ٣٦٩).

نەبوونی ناوی خێڵەتیی کوردیی هاوبەش هەرگیز ئەوە لە حسێب دەرناکات کە ناوی ماناداری هەندێ ئاڵقەی ستروکتوری لە خێڵ یان یەکێتی خێڵەتیی دیاریکراودا هەبن و لە هەندێ حاڵەتدا لێک جیاواز بن. دەتوانین وەکو نموونە ناوی ئاڵقە ستروکتورییەکانی خێڵی جاف و هەماوەند بێنینەوە کە ف. بارت وەسفی کردوون. خێڵی جاف، کە لە کتێبی ف، بارت دا بەعەشیرەت ناو براوە، سێ تیرە بووە کە ئەمانە، بەڕای لێکۆڵەرەوە، وەکو گرووپەی سیاسی سەرەتایی خۆیان نواندووە و خاک و زەویی هاوبەشیان هەبووە. رەیس سەرۆکی تیرە بوو و دەسەڵاتەکەشی میراتگری بووە. تیرە، بە زێدە بوونی ژمارەی یان جیابوونەوەی لقێک لێی لە ئەنجامی پێکدادان و کۆنفلیکت دا، دەبوو بە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ.

ئاڵقەی ستروکتوریی دواتر خێڵ بوو کە بەشێک بوو لە بەشەکانی تیرە و لە ئاستی خێڵ دا لە کۆچ ئوردوگا هەڵدەدران. کێخوا سەرۆکی خێڵ بوو، بەهێزترین و دەوڵەمەندترین ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە بوو و نارەسمییانە کەم تا زۆر هەڵدەبژێردرا. خێڵیش بەدەوری خۆی لە ٢٠ – ٣٠ ماڵ یان چادر– پێکدەهاتن و ئەگەر بیانویستایە بڵێن کە فلانە خێڵ ئەوەندە ماڵەیە، دەیانگوت (ئەوەندە چادرەی هەیە) (٤٨، ٢٨٣).

لە سەر تۆپکەی سێ گۆشەی ستروکتۆڕەکەدا نوێنەری بنەماڵەی بەگزادە، کە سێ لقی هەبوو، دانیشتبوو (١٦٢، ٣٦ – ٤٤). هەرچی لای هەماوەندەکانە خێڵیش و هەموو پارچە و لقەکانیش بە (تیرە) ناو بردوون. لەقەب و نازناوی سەرانی خێڵ و لقەکانیشیان، بەهەمان شێوە، کەمن – بەهەمووان دەڵێن (ئاغا) (١٦٢، ٤٥ – ٤٦).

خێڵە کوردییەکان هەر بەستروکتور و ناوی هەندێ ئاڵقەی ستروکتوری لێک جیا نەبوون. مەرامە سیاسییەکان لە ناوچەکە لە یەکەم تەماشاکردندا یەکێتییەکی چاوەڕوان نەکراوی بەشی جیاجیای خێڵەتییان داهێنابوو. بۆ نموونە، لە کۆمەڵەی خێڵەتی سنجابی

دا لوڕ و جاف و گۆران یەکییان گرتبوو و سەر بە ئاینی ئەهلی هەق بوون (١٥٠، I، ٩٦). بەرژەوەندییەکانی سیاسی و پێویستەکانی ئابووری – ئیداری و هاوکاریی جەنگی بەسەر پەرت و بڵاویی ئێتنیکی، ئاینی و زماندا زاڵ بووبوون. سنوورەکانی خێڵ نە لەگەڵ سنووری کولتووری و نەلەگەڵ هی زماندا یەک ناگرنەوە (بڕوانە: ٩٤، ٦)، تارمایی کۆمەڵەی خێڵەتی لە کوردستاندا زێترو روونتر سیمای سیاسییان هەبوو. ف. بارت یش. لە لێکۆڵینەوەی گیروگرفتەکانی نۆمادیزم دا، لەسەر نموونەی خێڵی ئێرانیی خوارو باسەری گەیشتووەتە ئەنجامێکی هەمان جۆر (١٦١، ١).

گەلێ نووسەر، بەگوێرەی ئاشنابوونی خۆیان لەگەڵ رەوشی کوردستاندا، لەسەر خێڵی کوردییان نووسیوە وەکو ستروکتورێکی سیاسی (بڕوانە: ٤٨، ٢٨٢). ستروکتوری بنەماڵەیی – خێڵەتی ئەو مانا کۆمەلایەتی و ناوەڕۆکەی لەدەست داون، ئەوانەی لە چەرخی بنەماڵەیی – باوک سالاریدا هەیبوون (١٥٤، ١٣٨) و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە کوردستاندا تەنیا سیمای نەپچڕاویی لە (پێوەندییە بنەماڵەییە سروشتییەکانەوە) یان پێوە مابوو (١، ٨٩). لەگەڵ ئەوەشدا، بردنەوەی زاراوەکانی (خێڵ) و (ڕێکخراوەی بنەماڵەیی – خێڵەتی) بۆ چەرخەکانی (مەشاعیەت) (١١٥، ٨٩)، تاکو ئێستاش کارتێکردنێکی سیحراوی هەیە لەسەر نووسەرانی هەندێ لە بەرهەمەکانی سەبارەت بە کوردان کە تێیاندا ستروکتوری خێڵەتی، لە ڕاستیدا، براوەتەوە بۆ دوورتر لە ستروکتوری فیۆداڵی.

دەکرێ خێڵەکانی کوردستان وەکو پێهکاتەیەکی کۆمەلایەتی –سیاسی و ئابووری – ئیداری لەقەڵەم بدەین کە لەسەر ئیدیۆلۆگیای خزمایەتی دروست بووە. لەبەر رۆشنایی زانیاریی سەرچاوەکان، پێش هەمووشیان خرۆنیکا ئەردەلانییەکان، هەوڵدەدەین چاودێریی چۆنیەتی کارکردنی هەرە گەورەترین کۆمەڵە خێڵەتییەکان بکەین و دەوریان لە ژیانی کۆمەلایەتی–سیاسی میرنشینانی ئەردەلان و باباندا نیشان بدەین.

وەکو چۆن میرنشینانی ئەردەلان و بابان بەشێکی سنووریی و زەبرکەمکەرەوەی نێوان ئێران و تورکیایان پێکهێنابوو، ناوچەی خێڵەکانیش ئاوا کەوتبوونە ئاقاری میرنشینەکانەوە، نیوە سەربەخۆ و بزێو بوون.[١٤]

---

(١٤) لەم رووەوە، ئەم قسانەی میری ئەردەلانی سوبحان وێردی خان سەرنج راکێشن، کە ئاڕاستەی سەرکردەی هێزی سوارەی ئەفغانیی کردوون، ئەوەی بەفەرمانی نادر شا بۆ باج کۆکردنەوە هاتبوو: (لە ناوچەکانی ویلایەتدا هەندێ خێڵی ئاژەڵ بەخێوکەری یەکجار بەهێز هەن...) (٢٥، ٨٧). بەقسەی خان، کۆچەرەکان لەسەر ئاگر چاوەڕێی ئەفغانییەکانیان دەکرد تا شەڕیان لەگەڵدا بکەن، بەلام ئەمان زوو ئەردەلانیان بەجێ هێشت و تەنیا بە تالانکردنی هەمەدان وازیان هێنا.

خێڵـە کۆچـەرەکان، وەکـو یەکەیـەکی کۆمـەڵایەتی – سـیاسـی، بەهۆی بزێوی و هێـزی جەنگییانەوە سەربەخۆییان تەنانەت لە میرنشینەکانیش زێتر بوو و پێوەندییان بە بنەماڵە فـەرمـانڕەواکـانـەوە، بەهـەمـان شـێـوەی پێـوەندیی مـیـرنشـینان بە تورکـیـا و ئێـرانەوە دادەمەزران.

لە قۆناخەکانی بەهێزبوونی سیاسی و سەقامگیریی بنەماڵەکانی ئەردەڵان و بابان دا، دەتوانین بڵێین کە بەشێک لە خێڵەکان کەوتبوونە نێو ستروکتوری میرنشینییەوە. سەرکردەکانیان وەکو مسکێنی میر رەفتاریان دەکرد و هەمیشە دەبوایە سەردانی کۆشکی میر بکەن، بەهێزەکانیانەوە بەشداریی شەڕەکانی فەرمانڕەوایانیان دەکرد و باجیشیان دەدا. هەرچەندی هێزی جەنگیی خێڵەکە زێتر بووایە، لەبەر هەندێ هۆی دیار، باجەکەی کەمتر دەبوو. بەگەواهی ک. ج، ریچ، جاف کە گەورەترین خێڵی کوردستانی خواروو بوو ئەو باجەی دەیدا بە بابانەکان گەلێ کەمتر بوو لەو خێڵانەی تەنیا ٣٠ ماڵ یان کەمتریش بوون. وەرگرتنی باجی زێتر لە خێڵی گەورە کارێکی ئاسان نەبوو، پێویستیش نەبوو نارەحەتی لەبەر ئەمە بۆ خۆیان دابێنن (٥١، I، ٢٨١). گرینگترین نیشان بۆ ئەوەی خێڵ بەشێک بێت لە ستروکتوری میرنشینی ئەوەبوو کە دەبووایە خێڵەکە بەشداریی لە لەشکرکێشیەکانی میردا بکات.

لە میرنشینیی بابان زێتر دیاربوو کە خێڵە کۆچەرەکان کەوتبوونە ناو سستێمی میرنشینەوە. جافەکان، کە جێگەیەکی دیاریان لەناو هێزەکانی میردا هەبوو، نزیکەی هەمیشە بۆیی هەر بەدڵسۆزی ماونەتەوە. لە کاتی پێویستدا ئەم خێڵە دەیتوانی نزیکەی دوو هەزار سوار و چوار هەزار پیادەش ئامادە بکات کە بە باشترین سەربازەکانی سوپای کوردی لەقەڵەم دەدران (٥١، I، ١١٢).

فەرمانڕەوای بابان خۆشی وایدەکرد کە لە سەرکردەی خێڵ بچێت، بەحسێب سەرکردەی خێڵی بەبە، یان بابان، بوو و گەلێ لە خێڵەکانی کوردستانی خواروو سەر بە ئەو خێڵە دادەنران (بڕوانە: ٢١١، ٥٥٧ – ٥٦٠). میری بابان گەلێ ئارەزوومەندانە ئیلتیزامی خۆی بەخێڵەتییەوە، بۆ هەندێ ئامانجی ئیدیۆلۆگی، لە گوتەکانیدا نیشان دەدا بەوەی کە دەیگوت ئێمە (خەڵکی خێڵەتین). ک. ج. ریچ زۆر لێهاتووانە ئەم جۆرە یاریکردنە بەهەستی خێڵەتیی قۆستووەتەوە، ئەوەش لە یەکەمین پێشوازیکردنیدا لەلایەن مەحموود پاشاوە و بەئامادەبوونی هەموو ئەندامانی کۆشک و نەجیبزادەکان.

قسەکانی مەحموود پاشا و لێپرسراوانی بابانی کە ک. ج. ریچ ئاماژەی بۆ کردوون، هەروەها بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە (بابانە خێڵەتییەکان – کلانس مێن) و

ئەردەڵانییە ناخێڵەتی (ناتریباڵی) (٥١، I، ٨٢، ٨٦ – ٨٨)، بوون بە بنچینەیەک بۆ کۆمەڵێ لە لێکۆڵەرەوان کە ئەم دوو میرنشینییە ببەنەوە بۆ سەر تیپی جیاوازی (رێکخراوەی سیاسیی رەسمی)، کە تیایاندا یەکێک پێی دەگوترێ خێڵەتی (تریباڵی) و ئەویتریش – فیۆداڵی. تیۆریاکەی ف. بارت، بەتایبەتی، لەسەر ئەوە دانراوە کە ئەم دوو تیپەی لە بەرامبەر یەک وەکو دوو هاودژ قووتکراونەتەوە (١٦، ١٣، ٣٤، ٤٩ و دواتر). لە ئەنجامدا میری ئەردەڵانی (فەرمانڕەوای سنە) لای ف. بارت بووە بە (دەسەڵاتداری فیۆداڵی) (١٦٢، ٥٣)، ئەوەش لە ڕوانگەی ف. بارتەوە مەبدەئییانە جیاوازە لە هاوڕێ بابانییەکەیەوە، ئەوەی دەسەڵاتەکەی، بەڕای ئەو، لەسەر بنچینەکانی خێڵەتی دامەزراوە.

تەنانەت لە حاڵەتێکیشدا کە زۆر جاران، سەبارەت بەفیۆدالیزم، مەبەست هەرگیز تیپێکی کۆمەڵایەتی – ئابووری قۆناغێکی مێژوویی نییە، بەڵکو تەنیا سیستەمێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی، هەر ناتوانین لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوەدا بین. بابانەکان لە ڕۆژگاری پێش دەسەڵاتگرتنە دەستیان، لە ڕاستیدا، خێڵ بوون (بڕوانە: ٣٤، ٣٣٧، ٢٧٠)، لەگەڵ دروستبوونی میرنشینیدا خێڵەکە بوو بەتیرە – تایفە (clann-caste) و لەوێشەوە سیاسەتمەدار و ئێلیتای کۆمەڵایەتی – سیاسیی خوارووی کوردستان هاتنە کایەوە. بابانەکانیش بۆیە هەر پێیان دەگوترا خێڵ چونکە ئەمانە خۆیان خستبووە ژێر داکۆکی لێکردنی میرەوە. جێبەجێکردنی ڕۆڵی سەرکردەی خێڵیش، لەم حاڵەتەدا، شتێکی زێتر نییە لە بەکارهێنانی ئینستیتووتی هاوکاریی خێڵەتی بۆ پتەوترکردنی دەسەڵاتی خۆی.

میری ئەردەڵانی، وەکو دواتریش دەردەکەوێ، زێتر پشتی بە ئینستیتووتی ئیدیۆلۆگیی ترەوە بەستبوو، نەک بە هاوکاریی خێڵەتییەوە، هەرچەندە هێزەکانی خێڵەتی بناغەی سوپای ئەردەڵانییان پێکهێنابوو و نەجیبزادەی خێڵەتی لە دامەزراندنی میرنشینیی دا دەورێکی دیاری هەبوو. نوێنەری بنەماڵەی سوڵتانی کەڵهورەکان، ئەوانەی م.م. ڤان بروینسون پێیان دەڵێ گەورەترین خێڵەکانی ئێران (١٦٨، ٣٧٩)، لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا لەکۆشکی میر پلەی نازیری هەبوو. لە نیوەی دووەمی هەمان سەدەدا مەحموود سوڵتان گەلباگی، کە لە نەجیبزادەکانی خێڵێکی گەورەی تری کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات بوو، (لەگەڵ ئەشراف و نەجیبزادە «کوردستانییەکانی» تردا کاروباری دیوانی گرتە ئەستۆی خۆی) (٢٥، ٥٤). خەزووری میری ئەردەڵانی ئەمانەڵڵاخان، سوڵتانی خێڵی بەراز، دەورێکی باڵای لە ژیانی سیاسیی سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بینیوە، هەورامانیش لە ژێر دەسەڵاتی سەرکردەی خێڵی هەورامان بوو. دەتوانین نموونەی زێتریش بێنینەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە میرنشینی ئەردەڵان یەکجار جیاوازبووە لە میرنشینەکانی تری ژێردەستی

عوسمانییان، ئەوانەی نەجیزادەی خێڵەتی بووبوون بە بنچینەی دەسەڵاتداریەتییان (١٦٨، ٣٦٧) – ئەم بۆچوونە پێویستیی بەزێتر روونکردنەوە هەیە.

لەم رووەوە، رەوشی کۆشکەکانی بابانی و ئەردەڵانی لەیەک دەچن. جیاوازی تەنیا لەوەدا بوو کە چینی فیۆداڵی کوردی لە ئەردەڵان پێویستی بە پاڵپشتی هێزی جەنگی خێڵەوە هەبوو، ئەوەندەش پێویستی بە دەمامکدانی دکتاتۆرەکانی خۆیی نەبوو، مەڵبەندی ئابووریی میرنشینی کەوتبووە دەرەوەی ناوچەکانی کۆچ و خێڵەتییەوە. لێرەدا ئەگەرچی دوو خانەوادەی فەرمانڕەوا سیمای چینایەتیی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام جیاوازیشیان هەبوو لە شێوەی ئیدیۆلۆگیی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیدا. کێبڕکێی سیاسیی بابان و ئەردەڵانییەکان بوو بە بنچینەیەک بۆ خەباتی ئیدیۆلۆگییان، بابانەکانیش، کە ئیدیۆلۆگیای تریبالیزم (خێڵەتی)یان بەکاردەهێنا، دەوری (خەڵکی خێڵەتی)ی راستەقینەیان بەخۆدا بوو.

سەبارەت بە هاوکێشیی کارکردنی میرنشینی و خێڵ، وەکو دوو یەکەی کۆمەڵایەتی – سیاسی، لە ئەردەڵاندا لەبەر رۆشنایی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی بنەماڵەی ئەردەڵانییان لەگەڵ خێڵە هەرەگەورەکانی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا تەماشا دەکەین. بەتایبەتی مێژووی خێڵی گۆران گەلێ تەماوی و مەتەڵی زۆری گرتووەتە خۆ، ئەگەرچی نە گۆرانەکان و نە زمانی گۆرانی لەلایەن لێکۆڵەرەوانەوە پشتگوێ نەخراون. ئەمە خێڵێکی گەورەیە، گەورەییەکەشی وەکو کەلهوڕ وایە (١٧٦، ٨١). بەشێکی ئەم خێڵە هەر لە کۆنەوە کۆچەریی کردووە، بەشێکیشی نیشتەجێ بووە و کشتوکاڵیی کردووە. خێڵی گۆران لە شەش تیرە پێکهاتبوو: کەڵخانی. بیبییانی، نیریژی، گەهوارە، کانی، زەنگیری – بەگوێرەی زانیارییەکانی شێخ محەمەد مەردۆخ، ژمارەیان شەش هەزار خێزان بووە. کەچی هـ. فیلد – ٥ هەزار خێزانی بۆ داناون (١٥٠، I، ١٠٨؛ ١٧٦، ٨١). بەشی زۆری گۆرانەکان سەر بەئاینی ئەهلی هەق بوون – کە تایفەیەکی شیعەی ئەوپەڕگرە، رێبازەکەیان لادانێک بوو لە نۆرم و یاساکانی ئیسلامی. یەکبوونی مرۆڤایەتی لەگەڵ خوادا لای موسڵمانێکی ئیماندار گوناحێکی گەورەیە، لەکاتێکدا بەلای ئەهلی هەقەوە خوا چەند جارێک لە لەشی خەڵکی هەڵبژاردەدا تەجسیدی کردووە. دەوری سەرەکی لەناو پانتیۆنی ئەم ئاینەدا هی عەلییە، زاوای محەمەد پێغەمبەر. بەباوەڕی ئەهلی هەق، هەر عەلی لە هەموو کەسانی پیرۆزی دواتردا تەجسیدی کردووە، بۆیەش پەیڕەوکەرانی ئاینەکە نێو نراوە (عەلی ئیلاهی) یان (عەلی خوایی).

خێڵی گۆران لەلایەنی ئاینەوە لە هەموو جەماوەری دانیشتوانی کوردستانی خوارووی

ڕۆژهەڵاتەوە جیاواز بوو. بۆ موسڵمانێکی سوننی، کە زۆربەی کوردەکانی ئەردەڵان و بابان سوننە بوون، باوەڕی ئاینی گۆرانەکان، بەڕای ڤ. ف. مینورسکی، بەزەندەقەی راستەقینە لە قەڵەم دەدرا (١٩٨، ٧٩). سەرنجی ئەوەش دەدەین کە لێکۆڵەرەوەی رەوشی ئێستای ئاینی و نەتەوەیی کوردستان رەشاد سەبری رەشید نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەهلی هەق موسڵمان بن و وەکو کۆمەڵەیەکی ئاینی ناموسڵمان سەیریان دەکات (بڕوانە: ١٤٤، ١١).

گۆرانەکان، بە ڕای مێژوونووسی ئەمەریکی م. ب. رۆوتۆن، یەکێک لەکۆنترین خێڵی کوردین، رەنگە هەر ئەوانە بووبن کە سترابۆن باسی کردوون "(٢٠٣، ٢٣٢) هەروەها (١٩٥، ٧٧)". هەروەکو ف. ف. مینورسکی سەلماندوویەتی، گۆرانەکان یارمەتیی بنەماڵەی کوردیی حەسەن وەحیدییان داوە کە دەسەڵات بگرێتەدەست و لە دام و دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا پلەی بەرزیان پێدراوە (١٩٥، ٨٤). مێژووی رابردووی بنەماڵەی ئەردەڵانییان هەروەها ڕەچەڵەکیشیان پێوەندیی بەهێزی بە خێڵی گۆرانەوە هەیە.

بەگوێرەی زانیارییەکانی مێژوونووسانی ئەردەڵانی دەتوانین بڕیار بدەین کە، لەکاتی هاتنی باپیرە گەورەی بنەماڵەکە بۆ ئەردەلان، گۆرانەکان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و شارەزووردا دەژیان و پایتەختەکەشیان قەلای پەلانگان بوو (١٥، بڕگە ٧؛ ٣٢، بڕگە ١٩؛ ٥٣، بڕگە١). شەرەفخانی بەتلیسی نووسیویەتی کە بابە ئەردەلان لە ناو گۆرانەکاندا ژیاوە، هەرچی خەسرۆ ئیبن محەمەد دەڵێ: (بوو بە فەرمانڕەوای گۆرانەکانی پەلانگان) (٣٢، ١٠٠؛ ٣٤، ١٤٦). پاش نزیکەی دوو سەدە، لە ناوەڕاستی سەدەی چواردە، زانای میسری شەهابەدین ئەل – عومەری لیستەیەکی خێڵە کوردییەکانی داناوە و تێیدا یەکەمین خێڵ ناوی هاتبێ هی گۆرانەکانە کە لە چیاکانی هەمەدان و لە شارەزوور ژیاوە (١٦٧، ١٢٨).

مێژوونووسانی ئەردەلانی باسی ئەوە ناکەن کە پێوەندیی بنەماڵەی ئەردەلان لەگەڵ خێڵی گۆراندا تا ناوەڕاستی سەدەی هەژدە چۆن بووە. تەنیا لە (زوبدەت ئەل – تەواریخی سەنەندەجی) دا توانیمان سەرنج بدەین کە گوتراوە سافی خان سوڵتانی گۆران کرا بە فەرمانڕەوای جەوانڕۆد و خێڵی جاف لەلایەن میری ئەردەلانییەوە کەلب عەلی خان، ئەوەش لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا (١٥، بڕگە ٣).

ماهشەرەفخانم یش باسی ئەمەی کردووە، بەڵام ناوی خێڵەکە لەتەک سوڵتان پەڕیوە. هەرچی لە خرۆنیکای خەسرۆ ئیبن محەمەدە هاتووە کە ئەم پلەیە دراوە بە (یەکێک لە جافەکان) (٢٥، ٥٤؛ ٣٢، ١٢٤).

جگە لەم فاکتەی باسکرا سەبارەت بە نزیکیی خێڵی گۆران لە رەچەڵەکی بنەماڵەی

میـرەوە و ئەو کورتە بـاسـەی لە خرۆنیکای مـحـەمـەد شـەریف قـازیدا هـاتووە، کـە نازانین جـارێ بۆ لەلایەن نووسـەرانی درەنگترەوە ئەو گـۆڕانکارییـەی بـەسـەردا هـاتـووە، دەتوانین تەنیـا ئەو زانیارییانە لە مێژوونووسانی ئەردەلانییـەوە وەربگرین کە دەگەڕێنەوە بۆ نیـوەی دووەی سـەدەی هـەژدە و سـەدەی نـۆزدە. جەمـاوەری سـەرەکیی خێڵەکان دیارە بەمـاوەیەکی زۆر پێش سـەدەی نـۆزدە لە دەرەوەی سنوورەکـانی ئەردەلاندا ژیـاون، لە بەشـی رۆژئاوای ناوچەی کـرمـانشـا. بەپێی زانیـارییـەکـانی مـەردۆخ، لە ئەردەلان ٢ هـەزار خێزانـی گۆران مانەوە و لە سنە، هەورامان، زەڤیرود و پەلاّنگاندا ژیاون (٥٠، I، ١٠٨).

تێکەڵاوی ئەردەلانـی و گۆرانەکـان میـراتێکی کولتـووریی دیاری داهێناوە – کـتـێبی زۆر بەزمـانی گۆرانی، ئـەو زمـانەی تاکۆتایی سـەدەی هـەژدە زمـانی شـیعـر، مێژوو، نووسـینی ئاینی و ئێتـیکێتی کۆشکی ئەردەلانی بوو. ڤ. ف. مـینورسکی گۆرانیی ناوناوە زمـانی کۆشکی بنەماڵەی ئەردەلان (١٩٨، ٧٩).

لەوەدەچـێ ئەردەلانیـیـەکـان لە رابردوودا لەگـەڵ گـۆرانەکـاندا یـەک باوەڕی ئاینیـیـان هـەبووبێ. ناوی عـەلی، کەلە ناو ئەهلیـهەق دا خـوایە، لە ناوی کۆمـەڵێک لە فەرمـانڕەوایانی ئەردەلانیدا هـەیە، بەتایبـەتیش ناوی کـەلب عـەلی خان، کـە لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤدەدا فـەرمـانڕەوا بووە. سـەرنج رادەکێشـێ کـە کـتـومت مـاناکـەی دەبێتـە (سـەگی عـەلی). رەنگە هـەرگـیـز وا نەبێت کـە ئەندامـانی بنەماڵەی فەرمـانڕەوا خـۆیانیـان کردووە بەشیـعـە (تا دڵی شــاى فــارســان خــۆش بکەن) هـەروەک ک. ج. ریچ دەڵێ (٥١، I، ٢٠٩). ئـەوەی کـە ئەردەلانیـیـەکان سـەر بەئاینی ئەهلی هـەق بـووین، یان شـیـعـەی ئەوپەڕگـر، لای عـەبدوڵلا مـەردۆخ گومان هەڵناگرێ هەروەها ئەوەش کـە باپیـرە گەورەی بنەمـاڵەکە لە خێڵی گۆران بووە (١٩٤، ١٨٦ – ١٨٧).

سـەبارەت بەوەی خرۆنیکا ناوچـەییـەکان زانیـاریی کـەمیـان هێناوەتەوە دەربارەی خـێڵی گۆران کـە هـەرگیـز هـاوتای ئـەو رۆڵە گرینگەی نییـە کـە لە مێژووی بـنەمـاڵەی ئەردەلانی و ژیانی کـولتـووریی تەواوی ناوچەکـەدا بینیـویەتی (زمـانی ئەدەبیی گـۆرانی لەناو کـۆشکی سلێـمـانیـشدا باوی هـەبوو)، ئەمـە لە ڕاسـتـیـدا وامـان لێدەکات هەست بکەین کـە جۆرە بێدەنگییـەکی لێکراوە. ئەوەی گومانـی لێ ناکرێ ئەمـەی خـوارەوەیە: لە سـەدەکانی هـەژدەو نۆزدەدا، ئەم خێڵە هێزێکی جەنگیی گەورەی هـەبوو و بەشـدارییەکی چالاّکانەی لە خەباتی سیاسیدا کردووە و لە ریز دوژمنانی بنەماڵەی ئەردەلانیاندا بووە.

لە ناوەڕاسـتی سەدەی هـەژدەدا، ئەم خـێڵە لایەنگیریی داواکارییە سیـاسـیـیـەکانی ئیـمام قولی خانی زەنگەنەی کرد کە (هێزێکی گەورەی کۆ کردبووەوە لە خێڵ و عێلەکانی زەنگەنە،

کەلهوڕ. گۆران و تایفە و حەشەمی ترەوە) (٢٥، ٩١) و هێرشی کردە سەر ئەردەلان. هەروەکو پێشتر باسکرا، سەرکردەی زەنگەنە شەڕێکی لەگەڵ حەسەن عەلی خاندا کرد و لەلایەن ئەمەوە تێکشکا. هێزەکانی ئیمام قولی خان رووی لە هەڵاتن کرد و ئەردەڵانییەکانیش دەسکەوتێکی زۆریان پێبڕا (٣٢، بڕگە ٤٩، ٥٣، بڕگە ٦). بەم جۆرە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە ئەردەلانی و گۆرانەکان لە مەیدانی شەڕدا بەیەک گەیشتوون.

لە سەرەتای ساڵانی ٣٠ی سەدەی نۆزدەدا سەرکردەی لاساری جافەکان بەهرام بەگ بوو بەلایەنگیر و هاوپەیمانی سەرۆکی خێڵی گۆران. کاتێک خەسرۆ خان ناکام، فەرمانڕەوای ئەردەلان، (کەمەری بڕیاردانی بەست بۆ لادانی بەهرام بەگ و پەتی سەلامەتیی ئەوی قرتاند) ئەم بەخێڵەکەیەوە بەگەڵ کەڵهوڕ و گۆرانەکان کەوت (٣٢، ١٧٣ - ١٧٤). دوایش شەڕ روویدا، جاف و هاوپەیمانەکانی شکان. هەڵسوکەوتی گۆران و کەڵهوڕ لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوە نیشان دەدا کە ئامادەبوون بۆ هەر کردەوەیەک لە دژی ئەردەلانییان.

سەبارەت بەوەی کە هۆی چی بوو ئەو ئامادەییەی گۆرانەکان بۆ پشتگیریکردنی دوژمنانی ئەردەلانیان، هەر بەگریمانی دەمێنێتەوە.

ئەردەلانییەکان، کە بە یاریدەی خێڵی گۆران دەسەڵاتیان وەرگرتووە. کاتێک خۆیان قایم کردووە توانیویانە سنوورێک بۆ دەوری ئەم خێڵە دابنێن. رەنگە ئەم خێڵە بووبێ بەمونافیسێکی سیاسیی گەلێ بەهێز بۆ فەرمانڕەواکە. لە هەموو حاڵەتێکدا رێبازی سیاسیی هەردوولا، لە رۆژگارێکدا، لێک جیابوونەتەوە و خێڵی گۆران تەنیا بەڕادەیەک کەوتووەتە نێو ستروکتوری کۆمەڵایەتی - سیاسیی میرنشینی ئەردەلانەوە. بەشی سەرەکیی خێڵەکە لەلای خوارووی رۆژئاوای رووبەری ئەردەلان نیشتەجێ بوو، لە چیاکانی سەرووی رێگەی بەغدا و کرمانشادا.

بەرێگەی خڕۆنیکا ناوچەییەکانەوە ئاسەواری ژیانی خێڵێکی گەورەی تر - خێڵی کەڵهوڕ لە ناو سنوورەکانی میرنشینی ئەردەلاندا دەدۆزینەوە. ئەگەرچی پ. ئی. ئاڤیریانۆڤ لە ناو خێڵەکانی ئەردەلاندا بە دووەمی دادەنێ دوای جافەکان (٥٨، ٣١٥). کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بەشی زۆری خێڵەکە لە دەرەوەی ناوچەکەدا ژیاوە، لە: ماهدەشت، هاڕوتن ئاباد، قەڵاشاینی، لە دەوروبەری قەسری شیرین و کەرەند و سەرکردەی ئەم خێڵە تا سەدەکە لە کۆتایی هات هەر بە فەرمانڕەوای قەسری شیرین مایەوە (٢٠٣، ٢٣٣). شێخ محەمەد مەردۆخ بەشەکانی ئەو خێڵە کە لە ئەردەلاندا مابوونەوە، لە دەوروبەری سەقز و خوڕخوڕە بە ٢٠٠ خێزان داناوە (١٥٠، I، ١٠٥) لە ناو ژمارەی گشتیی خێڵەکەدا - ١٠ هەزار خێزان.

وەکو لە (حەدیقەی ناسرییە)دا هاتووە، کەڵهوڕەکان لە قەلای پەلانگان کە (١٢ فەرسەخ لە خوارووی شاری سنەی ئێستەیە) (٣٠، برگە ١٠٤) لەگەڵ گۆرانەکاندا ژیاون. کەڵهوڕ و گۆران لە نووسینەکاندا هەمیشە وەکو ناوی دوو خێڵی جیاواز هاتوون. بەگوێرەی دەقەکانی نووسراوە مێژوویيەکانی ئەردەلانی بەلای کەمەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەوە هەر بەم جۆرە بووە. نزیکەی لە هەموو حاڵەتەکاندا لەلایەن مێژوونووسانی ئەردەلانییەوە ناوی ئەم دوو خێڵە هەر لەتەک یەکدا بووین و هەروەها لە پێکدادانە سیاسییەکانی باسیشکراون ئەمانە هەمیشە لەیەک (سەنگەر) دا بووین. یەکبوونی ڕێبازی سیاسیی ئەم دوو خێڵە، لەم حاڵەتەدا، هەر بە پێوەندیی باشی هاوسێیەتیی ئاسایی لێک نادرێتەوە. بەڵکو ئەمە ترادیسیایەکی مێژوویی و هاوپەیوەندارییەتێکی ئاڵۆز و پڕ مانای هەبووە.

لە هەموو چاپەکانی (شەرەفنامە)دا دێڕێک هەیە کە تاکو ئێستا ماناکەی لەلایەن ئەوانەی لێیان کۆڵیوەتەوە بەتەواوی لێک نەدراوەتەوە. ئەم دێڕەش سەبارەت بە فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی کەڵهوڕانە: (عەشیرەتی ئەوان "هی کەڵهوڕان – ی. ف." ناویان ناوە گۆران) (٣٨، ٤٠٨). یەکەمین هەڵوێستی من ئەوە بوو کە کەڵهوڕم بە ناوی تیرەی سەرکردەی خێڵ دانا و گۆرانیش بەلامەوە ناوی هەموو عەشیرەتەکە یان یەکێتی خێڵەتیەکە بوو. هەمان ئەو ڕەوشە لەلای م.ب. ڕۆوتۆن روویدا سەبارەت بەزەنگەنە و کەڵهوڕ. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەم لێکۆڵەرەوەیە، سەرەتا زەنگەنە ناوی تیرەی سەرکردەی خێڵی کەڵهوڕ بووە (٢٠٣، ٢٣٣).

تیرە سەرکردەکان هەمیشە خۆیان لە ڕەسەنی هاوبەشی خێڵەکەوە جیا کردووەتەوە. بۆیە لە ڕووی مەبدەئییەوە ڕەوشەکە، کاتێک بنەماڵەی سەرکردە و خێڵەکە ناوی جیاوازیان دەبێ، ڕێی تێدەچێ. محەمەد عەلی عەونی هەمان ئەم بۆچوونەی دەربڕیوە لە وەرگێڕانی بەرهەمەکەی شەرەفخانی بەتلیسی بۆ زمانی عەرەبی (٣٦، ٣١٣).

ئەو ڕاستییەی کە خێڵەکە ناوی گۆرانی هەبوو (لەدەرەوەی رووبەرەکەی خۆشیەوە، چونکە نووسەری "شەرەفنامە" هەرگیز لە ناوچەکانی ئەودا نەبووە) خۆی لە خۆیدا هەرگیز ئەوە ناگەینێ کە تەنیا لە گۆرانەکانەوە پێکهاتبوو. بەڵکو تاکە مانای ئەوەیە کە گۆرانەکانی تیا هەن، ئەگەر چی دەشبێ هەبوونی توخمی کەڵهوڕ تێیدا لە قەوارەی تیرەی سەرکردەدا نەبووبێ.

گریمانی ئەوەی کە عەشیرەتی گۆران لە "شەرەفنامە" دا باسکراوە و کەڵهوڕەکان سەرکردایەتییان دەکرد، لە ڕاستیدا بریتی بوو لە یەکێتی خێڵەتیی گۆران و کەڵهوڕەکان –

گریمانەکە ئەو ناکۆکییەی لە زانیاریی سەرچاوەکاندا هەیە سەبارەت بەم مەسەلەیە لادەبات. خۆ پەلانگان، بەگوێرەی (زوبدەت ئەل – تەواریخی سەنەندەجی)، لە کاتی هاتنی بابە ئەردەلان بۆ ئەم ناوچانە پایتەختی گۆرانەکان بووە (١٥، برگە ٣)، لە کاتێکدا لە لیستی ناوی خێڵەکانی کوردستانی ئێران دا، کە نازانین ئەم لیستەیە هی کێیە، بەپایتەختی خێڵی کەڵهوڕ لەقەڵەم دراوە (٩، برگە ١٢)، لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەبەست هەر هەمان خێڵە. س. ه. لۆنگریک، بە پشت بەستن بەکۆمەڵە سەرچاوەکانی خۆی، نووسیویەتی کە باپیرە گەورەی ئەردەلانیان هاتووەتە ناو بەشی گۆرانی لە خێڵی کەڵهوڕدا (١٩٠، ٦).

کەڵهوڕ و گۆرانەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی خێڵەتی پێک بێنن هەرگیز پێویستیان بەوە نەبوو کە بەرەچەڵەک یەکبن، یان زێتریش، یەکێکیان ببێت بەئەوەی تر (بڕوانە "٦٢، ١٣٥–١٣٦")[١٥]

کاتێک کۆمەڵەیەک خێڵێک یان بەشێکی خێڵی دەگرتەخۆ (نووسەر وشەیەکی هاومانای "التبني" بەکارهێناوە... و.) (١٢١، ١٠ – ١١)، پەیمان دەبەستراو ئەوەی بۆ خێڵەکە قسەی لەسەر نەبوو ئەوەبوو کە دەبوایە مێژوو و رەچەڵەکی کۆمەڵەکە بە هی خۆیی بزانێ و هەروەها رەچاوکردنی هەموو یاسا و نەریتەکانی ژیانی ناوەوەشی. خێڵی هاتوو ئازادی تەنانەت هەڵبژاردنی ناویشی هەبوو. جا ناوی کۆنی خۆیی یان هی کۆمەڵەکەی هەڵبژاردایە. گەلێ جاران ئەو بەشە خێڵانەی جیا دەبوونەوە و دەبوون بە بەشێک لە خێڵێکی تر ناوی کۆنی خۆیانیان پاراستووە (٢٢، ١٩٥). جیاوازی لە زمان و باوەڕی ئاینی بایەخێکی نەبوو. بەش و پارچەی خێڵەکانی تورکمانی، لوڕی و بەختیاری بووین بە بەشی کۆمەڵەی خێڵەتیی عەرەبی و کوردی. لەم حاڵەتانەدا (وەرگەڕان) و بوون بەگۆران، لوڕ، کورد، ئێرانی هتد (بڕوانە – ٦٢، ١٥٧، ١٦٠) پێویستیی بەنهێنییەتی نەبوو، ئەمە پرۆسەیەکی ئاسایی بوو، ئەمە شێوازێکی خۆپاراستن و داکۆکی لە خۆ کردنی خێڵ، بنەماڵە، هەندێ خانەوادە یان تەنانەت تاقە کەسانیش بوو، ئەوانەی کە بێ هێز دەبوون (بڕوانە "١٢١، ١١").

لە حاڵەتی خێڵەکانی کەڵهوڕ و گۆراندا مەسەلەکە لەوەدایە کێ چووەتە لای کێ. لەبەر

---

(١٥) پرسیار سەبارەت بەوەی گۆران لە کەڵهوڕانەوە پەیابووین یا بەپێچەوانەوە (بڕوانە "٦٢، ١٣٥") تەنیا زانایان قووتیان نەکردووەتەوە. بەگەواهی ه. رۆلینسۆن کە سەرکردایەتی هێزەکانی گۆرانی پێ سپێردرابوو لە ناو سوپای میری قاجاریدا، کەڵهوڕەکان ئیدیعایان دەکرد کە گۆرانەکان بەشێکن لە خێڵی ئەوانەوە، گۆرانەنەکانیش خۆیان – کە هەواڵدەری ه. رۆلینسۆن بوون، ئەمەیان بەڕاست دەزانی.

ئەوەی هەڵگری دەسەڵاتی بەرزی عەشیرەت، کە بەگۆران نێوبراوە، لە (شەرەفنامە) دا بەدەست خانەوادەی کەڵهوڕ بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کە گۆرانەکان هاتوونەتە لای کەڵهوڕانەوە. ئەو رەوشەی کە لە (شەرەفنامە) نەخشە کێشراوە، لە دواتر گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەو کۆمەڵە خێڵەتییەی لە کەڵهوڕ و گۆرانەکانەوە پێکهاتبوو هەڵوەشایەوە و دابەشبوو بەسەر دوو خێڵی سەربەخۆ کە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەش پەیمانێکی سیاسییان لە نێواندا هەر هەبووە.

دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەردەلانی لەوەدەچێ، پشتی بەهێز و توانای گۆران و کەڵهوڕانەوە بەستبێ، بەڵام بە گەواهی مێژوونووسانی ئەردەلانی، تەیمورخان ئەردەلان لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا لە مەیدانی شەڕ بەرەوڕووی خێڵی کەڵهوڕ بووەوە. بەقسەی ماهشەرەفخانم، ئەم هێرشی کردە سەر عومەر بەگ کەڵهوڕ، ویلایەت و خێڵەکەیی تاڵان کرد و (ئەم بێ بەختانەی بەبێ نان هێشتەوە) (٢٥، ٢٥)، ئەمیش بۆ یارمەتی رووی کردە فەرمانڕەوای لوڕستان و خانی لەخۆبایی ژیانی خۆیی لەسەر ئەو کردەوەیەی دانا.

دوایی پێوەندیی نێوان ئەردەلان و کەڵهوڕ چابووەوە، لە فەرمانڕەوایەتیی خانەوە تا کۆتایی ساڵانی ٣٠ی سەدەی حەڤدە، نوێنەری بنەماڵەی سوڵتانی خێڵ، مورید وەسیی سوڵتانی کەڵهوڕ، لە کۆشکی میردا پلەی نازیری پێدرابوو. پاش لادانی سولەیمان خان، بەپێی زانیارییەکانی ماهشەرەفخانم، سوڵتانی کەڵهوڕ بۆ فەرمانڕەوایەتیی ئەردەلان بەرز کرایەوە و تەنیا بە تەقەلاکانی مورید وەیس سوڵتانەوە، کە خێڵی کەڵهوڕی ئازای لە پشت بوو، ئەردەلانی، بەقسەی ئەم مێژوونووسە، توانییان لەدەسەڵاتدا بمێننەوە (٢٥، ٥٣ – ٥٤). لە سوپاسگوزاریدا کەلب عەلی خان، دوای جێگیربوونی لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی، سەرکردەی کەڵهوڕانی کرد بە (خاوەنی دەسەڵاتداری تەواوی پەلانگان) (٢٥، ٥٤).

وەکو لە (حەدیقەی ناسرییە) دا هاتووە، کوردستانی ئەردەلان، بەهەوڵ و تەقەلای مورید وەیسی سوڵتانی کەڵهوڕ، لەلایەن شا عەباسی دووەمەوە (٣٠، برگە ١١٤) کراوە بە چەند پارچەیەک. رای مێژوونووسانی ئەردەلانی سەبارەت بەمە وەکو یەک نین، بەڵام دیارە کە هەموویان وەکو وەرچەرخانێک تەماشای ئەم رووداوە دەکەن. رەنگە هەر لێرەشدا بووبێت جیابوونەوەی ئامانج و رێبازی سیاسی بنەماڵەی ئەردەلانی و سەرانی خێڵی کەڵهوڕ.

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا کەڵهوڕەکان، هەروەکو گۆرانەکانیش، نیشتەجێ بوون و لە خزمەت فەرمانڕەوای کرمانشا، ئیمام قولی خان زەنگەنە، دابوون (٢٥، ٩١). هێزەکانی کەڵهوڕ و گۆرانەکان لەگەڵ حەسەن عەلی خانی ئەردەلانی دا جەنگاون و شکاون،

۳۰سالآن دواتر، کەڵهورەکان لە ناو لەشکری ئەللا قولی خان زەنگەنەدا دیسان دژی ئەردەلانییان شەریان کردووە و شکاون. دوا باسکردنی ئەم خێڵە لە خرۆنیکا ئەردەلانییەکاندا بۆ سالآنی ۳۰ی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. کاتێک کەڵهوڕ و گۆران پشتگیریی راپەڕینی سەرکردەی خێڵی جافیان کردووە. زانیارییەکانی مێژوونووسانی ناوچەکە لەگەڵ بۆچوونەکانی ک. ج. ریچ دا یەک ناگرنەوە سەبارەت بەوەی کەڵهوڕەکان یەکێک بوون لە خێڵەکانی ژێر دەستی میری ئەردەلانی (٥١، I، ۲۱۷). هەر ئەو بەشە جیابووەوەی کەڵهوڕان، کە ڕەنگە چەند سەد خێزانێک بووبن و لە سەقزدا ژیاون، لە ژێر دەستی میردا بووە. کەلهورەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەشدا بەردەوام (ژیانی کۆچەریی تەواویان) بەڕێوە بردووە و بەشێکی زۆری ئەم خێڵە لە تورکیاوە بۆ ئێران و بەپێچەوانەوە کۆچی کردووە و دانی بەهیچ دەسەلآتێک دانەناوە و باجیشی نەداوە (٥٨، ۳۱٦).

پێوەندیی نێوان ئەردەلانی و خێڵی شکۆمەندی جاف گەلێ دیارترە. ئەم خێڵە لە میرنشینی ئەردەلاندا ناوچەی چیایی گرتبوو، رۆژئاوا و سەرووی گەورە چیای شاهۆ، ناوی ناوچەکە خۆشی جەوانڕود لە ڕووی ئێتیمۆلۆگییەوە دەبێت بەجافانڕود، یان (زێی جافان)، ئەوەش بەڵگەی کۆنیی ئەم خێڵەیە لە ناوچەکەدا.

یەکەمین ناوهێنانی خێڵی جاف لە خرۆنیکا ئەردەلانییەکاندا بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدە دەگەڕێتەوە، ئەویش پێوەندیی بەوەوە هەبوو کە یەکێک لە نوێنەرانی ئەم خێڵە کرا بە فەرمانڕەوای جافەکان و جەوانڕود (بۆ ئەوەی ئەمانە لاساری نەکەن و ملکەچ و گوێڕایەڵی شا سافی بن) (۳۲، ۱۲٤). ئەردەلانییەکان دیارە، نەیانتوانی گوێڕایەڵی و ملکەچییان دابین بکەن و دوژمنداریەتی نێوانیان وای کرد بەشێکی خێڵەکە بۆ رۆژئاوا کۆچ بکات.

را و زانیارییەکانی سەبارەت بە کات و هۆکارەکانی جێگۆڕکێی جافەکان جۆراوجۆرن، تەنانەت هەواڵدەری س. ج. ئیدمۆندزیش، کە یەکێک بوو لە بەگزادەکانی جاف، بەقسەی ئەو، مێژووی جیاوازی بۆ ئەمە هێناوەتەوە (۱۷۳، ۱٤۲). ئێ.ب. سۆن، ئا.ئا. ئۆرلۆڤ کە چالاکیی سیاسییان نزیکەی لەیەک کاتدا بووە کۆچەکەیان بۆ رۆژئاوا، بۆ لای کەناری راستی زێی سیروان، بۆ دەوری فەرمانڕەوایەتی سوڵتان موڕادی چوارەم (۱٦۲۳- ۱٦٤۰) دەبەنەوە و تەنانەت ناوی موڕادیش، کە جافەکانی (تورکی) پێیەوە ناوبانگیان دەرکردبوو، بۆ ناوی سوڵتان دەبەنەوە. بەقسەی ئێ. ب. سۆن، جەماوەری سەرەکیی خێڵەکە زەویەکانی خۆیان لە جەوانڕود بەجێهێشت (٥۲، ۲۱۷). هەرچی ئا. ئا. ئۆرلۆڤە دەڵێ کە جافەکان بەجارێک نەیانگوێزایەوە، بەڵکو ساڵی ٥۰ - ۱۰۰ ماڵێک و تا کۆتایی سالآنی ۳۰ی سەدەی

حەڤدە، کاتێک موڕادی چوارەم بەغدای لە ئێران داگیرکردەوە، هاتووەکان ١٢٠٠ ماڵ نەدەبوون. وەکو دەگێڕنەوە، جافەکان بەشدارییانکردووە لە هێرشدا بۆ سەر بەغدا و لە بری ئەوە ناوی موڕادییان پێ بەخشراوە (٢٢، ١٩٣، ١٩٤).

ئەم ڕووداوەی باسکرا، بەبێ یەکلاکردنەوەی زێتر، براوەتەوە بۆ ساڵانی (١١٥٠/ ١٧٣٧، ١١٨٦/ ١٧٧٢ و بۆ سەدەکانی حەڤدە، هەژدە، نۆزدە (بڕوانە "١٧٣، ١٤٢ – ١٩٦، ٢٢٦). لێرەدا ڕێگەی ئەوە دەدەین بیربکەینەوە کە لەو مێژووانەدا کۆچکردنی زێتری بەدوای یەکدا هاتووی جافەکان بۆ ڕۆژئاوا ڕوویداوە، بۆیە دەتوانین تەنیا ئەو ئەنجامە وەدەست بێنین: کۆچی سەرەکیی ئەمانە لە ساڵانی ٣٠ – ی سەدەی حەڤدەدا بووە. بۆچوونەکانی ئێ. ب. سۆن و ئا. ئا. ئۆرلۆڤ واقیعیانە ترن.

لە مێژووی گەورەترین سێ خێڵی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا: جاف، کەڵهوڕ و گۆران، هەروەکو لە مێژووی چارەنووسسازی بنەماڵەکانی ئەردەلانی و بابانیدا گەلێ ڕوون ڕۆژگاری وەرچەرخان دەردەکەوێت کە لە زۆر لایەنەوە ڕەوشی سیاسیی داهاتوو لە ناوچەکەداو هەروەها پێوەندیی نێوان سەرکردە خێڵەتییەکان خۆیان و لەگەڵ ئەم دوو بنەماڵە فەرمانڕەوایەدا – دیاری کردوون. ئەم قۆناغە لە کۆتایی ساڵانی ٣٠ی سەدەی حەڤدەدا و لەگەڵ ئەو ڕووداوانە داهات کە بوون بەهۆی دەستپێکردنی جەنگی نێوان ئێران و تورکیا و مەرجەکانی پەیمانی ساڵی ١٦٣٩.

پێش ساڵی ١٠٤٧/ ١٦٣٧ – ٣٨ ڕووبەری ئەردەلانیان ناوچەکانی هەردوو بەری زنجیرە چیای زاگرۆسی دەگرتەوە. خان ئەحمەد خان، کە فەرمانڕەوایی لەو ساڵەدا کۆتایی هات، لە (تاریخی ئەل – ئەمارەی عەبباسی) دا بە فەرمانڕەوای ئەردەلان و بەگلەر بەگی شارەزوور ناوی هاتووە (٢٤، II، ١٠٨٦). کاتێک موڕادی چوارەم ساڵی ١٦٣٧ بەغدای گەمارۆدابوو، وەکو محەمەد شەریف قازی دەگێڕێتەوە، هێزێکی بەسەرکردایەتی خەسرۆ پاشا ڕەوانەکرد (تاکو هەوڵبدەن شارەزوور، شاربازێڕ، قەرەداغ، ساروچیک و شوێنەکانی تر بێننە ناو ڕووبەری ناوچەکانی سوڵتانەوە). هەر ئەوساکە بوو ئەردەلانییەکان بەشی ڕۆژئاوای ڕووبەرەکانی خۆیان لەدەستچوو و کەوتە ژێردەستی فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی بەبە، یان بابانەکان (١٥، بڕگە١٣). پەیمانی ساڵی ١٦٣٩ ڕووبەری میرنیشینیی کرد بە دوو بەشەوە، لەوساکەوە ڕووبەری بنەماڵەکە بریتی بوو تەنیا لە خاک و زەوییەکانی ئەردەلان خۆی.

لە شارەزوور ناچار دەبوایە بۆشاییەکی سیاسی دروست بووایە، ئەویش بابانەکان پڕیان کردەوە. ئەمانە تا ئەو کاتە، بەپێی زانیارییەکانی توفیق قەفتان، خۆیان باش قایم

کردبوو (٢٧، ٩-١٩) و تیژبینانە چاودێری ڕەوشەکەیان دەکرد. لەبارترین دەرفەت بۆ جێبەجێکردنی داواکارییە سیاسییەکانیان جەنگی نێوان ئێران و و تورکیا بۆی ڕەخساندن کە پەیمانی ساڵی ١٦٣٩ی بەدوادا هات و ئەردەلانی نیوەی ناوچەکانی خۆیان لە دەستدا.

جافەکانیش دەبوایە لەناو ئەو بۆشاییە سیاسییەدا بۆخۆیان هەوڵ بدەن و، ڕەنگە، یارمەتیی چەکدارانەی بابانەکانیشیان داوە کە نابێ پێویستییان پێ نەبووبێ. ئەم گریمانەی دوایی ئەو چاوتێرییەی بنەماڵەی تازە ڕوون دەکاتەوە کە تەواوی ناوچەیەکی پێشکێش بەخێڵ کردووە، وەکو لەسەرەوە باسکرا. پێش جێگۆڕکێی جافەکان بەرەو ڕۆژئاوا گەلێ ئاسایی بوو کە ڕاپەڕینێک دژی ئەردەلانییان ڕوویدات و، وەکو لە (بیرەوەریی ناوچەکە) دا ماوەتەوە، جافی کۆچەر و نیشتەجێکان، کە لەشەڕدا دژی میر شکان، لێک جیابوونەوە (١٧٣، ١٤١؛ ٣٠٤، ١٣). نیشتەجێکان لە دۆڵی بەپیتی جەوانڕود مانەوە کۆچەرەکانیش بەشێکیان بەگەڵ گۆرانان کەوتن[١٦]، سێ پارچەی تر خێڵی تازەیان پێکهێنان، جەماوەرە سەرەکییەکەش چوونە ژێر دەسەڵاتی تورک و بابانەکانەوە.

خرۆنیکا ئەردەڵانییەکان ڕێگەمان دەدەن بڕیاربدەین کە هێزەکانی جاف لە سەرەتای سەدەی نۆزدە ئیتر لەناو سوپای بابانیدا بوون، بەگویرەی خرۆنیکای ماهشەرەفخانم. خانە پاشای بابان ساڵی ١٧١٩- ٢٠ ڕۆستەم بەگی جافی ناردووە بۆ یاریدەی عەلی قولی خانی ئەردەلانی کە داوای یارمەتیی جەنگیی لە بابانەکان کردبوو (٢٥. ٧٠). هەر لەم ڕووەشەوە، زانیارییەکانی ماهشەرەفخانم سەبارەت بەکردەوەی دوژمندارانەی سەرکردەی جاف زاهیر بەگ لە دژی خان ئەحمەد خان ئەردەلان کە لە ساڵانی ٣٠ و سەرەتای چلەکانی سەدەی هەژدەدا لە ترسی هەڕەشەی نادرشا بۆ تورکیا رایکرد - سەرنج ڕاکێشن (٢٥، ٨١). تا ئەو کاتە خێڵی جاف جێ پێی خۆیی لەسەر ئەو ڕووبەرە، کە بوو بە بەشێک لە ئیمپراتۆریای عوسمانی، توند و قایم کردبوو.

ئەو بەشەی خێڵی جاف کە لە جەوانڕود مایەوە دانینا بە هاووڵاتییەتی ئێران و دەسەڵاتی ئەردەلانیان. لە خرۆنکیا ئەردەلانییەکاندا باسی ئەوە کراوە کە شای ئێران فەرمانڕەوای جەوانڕود و جافەکانی داناوە. سەبارەت بەوەی کێ کراوە بەفەرمانڕەوا: (یەکێک لە جافەکان) (٣٢، ١٢٤) یان سافی خان سوڵتانی گۆران (١٥، بڕگە ١٣) زانیاریی سەرچاوەکان یەک ناگرنەوە. ڕاستییەکەی هەر کێ بووبێت، تەقەلا بۆ بەڕێوەبردنی خێڵەکە

---

(١٦) دوو پارچەی جیابووەوەی جافەکان - جافی قادر میر وەیس و تایشی، تێکەڵ بەگۆرانەکان بوون و لە کرمانشا جێگیربوون. هەروەها حەوت تیرەی تری جاف جیابوونەوە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە هاتنە لای گۆرانەکان (١٧٣، ١٤١؛ ٥٢، ٢١٧).

(تەنانەت بەشێکیشی کە مابووەوە) لە سەنتەرەوە لەوەدەچێ ئەرکێکی سیاسیی ترادیسیایی و باو نەبووبێ. ئەم بارە کە سەرنجی هەموو مێژوونووسانی ئەردەلانیی راکێشاوە بەڵگەیەکی روونی ئەوەیە کە ئەمە لەگەڵ رەوشی پێشوودا نەگونجاوە.

ئەم سێ فەرمانڕەوایەی (جاف و جەوانڕود) کە لە کتێبەکەی ماهشەرەفخانم دا ناویان هاتووە نە لە خێڵی جاف و نە لە بنەماڵەی بەگزادەکانی جاف بووین. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، سادیق خان کوڕی ئەمانەڵلاخان، میرزا عەبدولەجید برازای وەزیر میرزا هیدایەتتولڵا و نەجەف قولی خان، کە لە بنەماڵەی ئەردەلانی بوون، بەنۆرە کراون بە فەرمانڕەوای جاف و جەوانڕود (٢٥، ١٦٩، ١٩١ – ١٩٢، ٢٠٤).

لە دەوری قاجاریشدا دانانی یەکێکی بێگانە وەکو نوێنەری دەسەڵاتداریەتیی باڵا بەسەر خێڵێکەوە بوو بە مەسەلەیەکی ئاسایی. بۆ نموونە، ئەمە لەناو بەختیارییەکان بەزۆری پەیڕەو دەکرا، وەکو سزادانێکی خێڵی لاسار. لە ئەنجامدا پلەی فەرمانڕەوا، وەکو ڤ. ڤ. تروبیتسکۆی ئاماژەی بۆ کردووە، دەدرا بە هەریەکێکی ئارەزووی لێ بووایە و پارەیەکی پێویستی دابین کردایە، سەرانی خێڵەکانیش زۆر جاران دەبوون بە فەرمانبەر. بازرگان و تەنانەت پیاوی ئاینیش (١٥٤، ١٤٨).

ئەوەی لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا باسکراوە کە کەسانی بێگانە کراون بە فەرمانڕەوای جافەکان، لەوەدەچێ، دەستوبردێکی کاتی و سزادان بووە بۆ مل نەدانی خێڵەکە، لە ئاستی رەوشی کوردیشدا، ئەمە زێتر رەنگدانەوەی داواکاریی دانانی سەرکردەی خێڵی جاف بووە بۆ فەرمانڕەوا. فەرمانڕەوا دانراوەکان نەیانتوانیوە کاریگەرییان لەسەر خێڵەکە هەبێ و بنەمای خانەوادەی بەگزادە هەڵتەکێنن، ستاتووسی خێڵەکەش، بە بۆچوونی ئێ.ب.سۆن، وەکو زێتر لە نیمچە سەربەخۆ هەر مایەوە (٥٢، ٢١٧). ئەو جافانەی تەواوی ساڵ لە نێو رەشماڵەکانیاندا دەژیان، هاوینان بەسەر چیا بەرزەکانی حاجی ئەحمەدی دەوروبەری پێنجوین لە ئەردەلان دەکەوتن و رەشماڵەکانیان، بەقسەی نووسەری (حەدیقەی ناسرییە)، سێ فەرسەخ دوور لە سنەوە دەبینران (٣٠، بڕگە ٢٠٤). پایزانیش دۆڵی شارەزوور دەبوو بە نشیمەنیان و لەم وەرزەی ساڵدا بوو کە ئێ. ب. سۆن بینی کتومت (قۆناغەکانی خێڵی جاف بە رەشماڵ داپۆشراون.) (٥٢، ٢١٢). نشیمەنی زستانەشی لە شێروان بە درێژایی رووباری دیالا خوارووی رەبەت دەبوون (٥١، I، ١١٣– ١٦٢، ١٤).

جەماوەری سەرەکیی جافەکان یەکێتیی خۆیی لەدەست نەدابوو. هەموو ساڵێک لە هاویندا لە پێنجوین، سێ رۆژە رێ دوور لە هەڵەبجە، کۆبوونەوەیەکی گەورەی

سەرکردەکانی جاف دەبەسترا. ئەوەی ئێ. ب. سۆن ناوی ناوە کۆنفرانسی خێڵەتیی گشتی (٥٢، ٢٣٩ – ٢٤٠) بۆ ئەمە تەنیا سەرانی جاف نەدەهاتن، بەڵکو هی خێڵی تریش ئامادە دەبوون بۆ ئەوەی پێوەندیی دۆستایەتی و یەکێتی دروست بکەن.

بەشی زۆری ئەم خێڵە لە راستیدا بەردەوام بووە لە بینینی دەوری کیانێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیی یەکگرتوو.

پێکدادانە سیاسییەکان ئەگەرچی کۆچی تەقلیدی و بەکارهێنانی لەوەڕگاکانی هاوین و زستانانیان وەزەحمەت خست کە لە ماوەی چەندین سەدەدا مافێکی ئەو خێڵانە بوو، بەڵام نەیانتوانی بنبڕی بکەن. یەکێتیی خێڵ بە جوانترین شێوە خۆی لەو سەردەمەدا نوواند، کاتێک جافەکان دەست بەچەکەوە هەڵسان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەست خستنە نێو رەوشی (زێتر لە نیمچە سەربەخۆییانەوە). لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا بۆ جافەکان قەدەغە بوو (پێ بخەنە سەر خاکی) کوردستانی ئەردەلان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کە دەستوبردی باش بۆ ئەمە کرابوو. قەدەغەکە سەری نەگرت.

هەڵوێستی بەگزادەکانی جاف هەمیشە میرەکانی ئەردەلانی نیگەران دەکرد، ئەگەرچی لە نێوان ئەم دوو بنەماڵەیەدا، ناوە ناوە، ژن هێنان رووی دەدا (بڕوانە "٥٢، ٢١٩"). ژن هێنان تەنانەت دەبوو بە پشوودانێکی کاتی بۆ کێبڕکێ و پێکدادانی جەنگی و هیچی تر. لە خرۆنیکا ئەردەلانییەکاندا باسی دوو هێرشی ئەردەلانیان کراوە بۆ سەر جافەکان – ساڵی ١٨١٧ و ساڵانی ٣٠ی سەدەی نۆزدە، یەکەمین هێرش هی ئەمانەڵلاخان بوو بۆ سزادانی وەڵەد بەگ جاف، ئەوەی بەلای ماهشەرەفخانمەوە یەکێکە لە گەورەترین کەسی کوردان (٢٥، ١٦٨). بەقسەی ئەم مێژوونووسە، هەموو عەشیرەتی جافەکان تالان کران و ٥٠ هەزار تومەنیش وەکو دەسکەوتی جەنگی دەستی بەسەردا گیرا.

وەڵەد بەگ جاف و دوو کوڕی بۆ سنە هێنران و لە قەلای قەسڵان بەندکران. کوڕەکانی بەگزادەی جاف یەکسەر رایانکرد، بەڵام وەڵەد بەگ دوای ساڵێک ئازاد کراو بۆ ئاشتبوونەوە کچی بەگ درا بە کوڕی میر. کپبوونەوەی جافەکان زۆری نەخایاند، دوای دە ساڵ بەهرام بەگی سەرۆکی خێڵ، بەقسەی خەسرۆ ئیبن محەمەد، ماهدەشت و شارەزووری هەڵتەکاند، لوڕ و کەڵهوڕەکانی تالانکرد، (هێرشی کردە سەر شارەزوور و عەرەبستان). هەروەها مێژوونووسەکە دەڵێ: (ئەم بەهیچ رازی نەدەبوو و تەواو لە خۆی بایی بووبوو، لە کردەوەکانیدا وەکو والی وابوو... شێر لە ترسان لەبەری دەلەرزی) (٣٢، ١٧٣).

سەرکردەی جافەکان هیچ باجێکی نەدەدا و ئەوەی بۆ کۆکردنەوەشی دەهات دەری

دەکرد. تەنانەت کاتێک کە بەهرام بەگیان بەپەت راکێشایە بەر دەرگەی کۆشکی میر، وەکو لە خرۆنیکادا هاتووە، خەسرۆخان ناکام وای بەچاک زانی (بیبەخشێ) و دیسان بیکاتەوە بە سەرۆکی خێڵی جاف و فەرمانڕەوای جەوانرود. ئەمەش جگە لە شانۆگەرییەکی سیاسی شتێکی تر نەبوو، میری ئەردەلانی وای نیشاندا کە لە دەسەڵاتی ئەم دایە بیکات یان نەیکات بەسەرۆکی خێڵ، لایەنەکەی تریش ئەم یارییەی قەبووڵ کرد.

خێڵی جاف لە ڕاستیدا هەر بە کیانێکی ئۆتۆنۆمی کۆمەڵایەتی – سیاسی مایەوە، هەموو تەقەلاکانی ئەردەلانیان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی راستەقینەیان بەسەرەوە هەبێت بێ ئەنجام بوون. هەر لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم دا سەبارەت بە رووداوەکانی ساڵی ١٨٤٦، لەم روانگەیەوە باسی جاف و خێڵی سورسور دەکرێ کە دەبووایە سنوورێکیان بۆ دابنێن (٢٥، ٢٠٤). لە دوا لاپەڕەکانی دەسنووسی بەرهەمەکەی خەسرۆ ئیبن محەمەد دا لە باسی هەورامان باسی خێڵێکی لاسار کراوە کە جافەکان یەکسەر پشتگیرییانکردووە.

یەکێتیی خێڵەتیی هەورامی، کە ناوچەکانی سەر سنووری ئەردەلان بە ناوییەوە کراون، لە سەرووی جەوانرود، ئامادەیی بۆ یاخیبوون کەمتر نەبوو. ملکەچیی سەرانی ئەم خێڵانە، کە سەربە دوو بنەماڵەی سوڵتانی دوژمن بەیەک بوون، لە بەشی زۆریدا بێ ناوەڕۆک بوو. بەقسەی خەسرۆ ئیبن محەمەد. ئەم (لە خۆبایی بوونەی سەبەبکارانی بەڵا) سەری خۆیان (لە ناو یاخەی لاسارییەوە بەرز) دەرهێنابوو (٣٢، ١٨٢).

لەم خرۆنیکایەدا باسی شەڕی سوپای میر کراوە لەگەڵ یاخیبووانی خێڵەکانی هەورامی لە سەرەتای ساڵانی ٣٠ی سەدەی نۆزدەدا. دوای شەڕەکە، پاش ئەوەی (قارەمانانی هێزەکانی والی بەسەر هەورامانیان دادا و کەوتنە گیانی یەکدی) دیسان (بەخشینێکی بێ سنوور)ی بەدوادا هات و مێژوونووس بەم دێڕە کۆتایی بە رووداوەکە دەهێنێ: (ئێستاکەش محەمەد سوڵتان هەورامی. کە ناوبانگی چاکی لە هەمووان زێتر بوو، لە ژێر رەحمەتی ئەو /میری ئەردەلانی/ دایە) (٣٢، ١٨٣).

خێڵەکانی هەورامی لەگەڵ ئەو هەموو لاسارییەشیاندا، وادیارە، ئارەزوویان هەبوو لەناو هێزەکانی میردا کاربکەن. هێزی پیادەی هەورامانی ئیمتیازی ئەوەی پێدرابوو کە کۆشکی سنە بپارێزێ (٥١، I، ٢٠٢).

پێوەندیی ئەردەلانییان بەخێڵێکی بەهێز و دێرینی تری کوردستانی رۆژهەڵاتەوە، بڵباسەکان، تەنیا لە مەیدانەکانی شەڕدا بووە. بەقسەی محەمەد شەریف قازی، بڵباسەکان ملیان بۆ تاقە فەرمانڕەوایەکیش کەچ نەکردووە (١٥، برگە٩) و بەناو رووبەرێکی گەورەدا کۆچیان دەکرد. رێگەی کۆچکردنیان، لە رۆژگارەکانی دووردا، تا

ناوچەکانی سەرووی ئازەربایجانیش دەچوو و، هەر چەندە ناوچە سەرەکییەکانی نشیمەنیان لە خوارووی دەریاچەی ورمێ بوون، لە نێوان شنۆ و سابڵاغدا و لە بەشی سەرووی رووبەرەکانی بابانیدا (١٥، برگە ١٨– ٥٨، ٣١٤)، ئەمانە لە سەر خاکی بنەماڵەی ئەردەلانیانیش پەیا دەبوون، هێرشی تاڵانکارییان دەکرد و هیچ رێزی دەسەڵاتداریەتی ناوچەکەیان نەدەگرت.

بڵباسەکان لەسەر چیا گوند و حەشارگەی قایمیان دروست کردبوون. باسی گەمارۆدان و گرتنی قەڵایەکی لەم جۆرەی بڵباسەکان لەلایەن خان ئەحمەد خانی ئەردەلانییەوە لە سەرەتای ساڵانی٢٠ی سەدەی حەڤدەدا بەلای مێژوونووسانی ناوچەکەوە خۆشترین بابەتە. وەکو خەسرۆ ئیبن محەمەد دەگێڕێتەوە، فەرمانڕەوای ئەردەلانی کە بەئاسانی بەغدای گرتبوو (٣٢، ١٢٠)، لە گەمارۆدان و گرتنی حەشارگەی بڵباسەکان گەلێ تەگەرەی هاتنە پێش (بڕوانە " ٢٥، ٣٦ – ٣٧، ٣٠ برگە ١٠٧ – ١١٧– ١١٨") و تەنیا دوای گەمارۆدانێکی دوورودرێژ ئینجا توانی بیگرێ – خێڵی بڵباس، بەقسەی محەمەد شەریف قازی، سەری بۆ خان ئەحمەد خان دانواند و دواتریش (لە قەدەغە و فەرمانەکانی ئەو لای نەدا) (١٥، برگە ٩).

بڵباسەکان دوژمنداریەتیی هەمیشەییان هەبوو لەگەڵ هاوسێکانیاندا، کوردەکانی موکریان و رواندزی. نووسینە مێژووییەکان هیچ باسی پێوەندیی ئەم خێڵە لەگەڵ بابانەکاندا ناکەن، بەڵام بڵباسەکان لەسەر خاکی بابانەکان پەیادەبوون و بەشێوەیەکی کاتی دەمانەوە. خەسرۆ ئیبن محەمەد دەگێڕێتەوە کە (مەڵبەندی بڵباسان) لە ئالان، ناوچەی باکووری رۆژئاوای کوردستانی بابان، ساڵی ١١١٠/ ١٦٩٨– ٩٩ لەلایەن سەرکردەی هێزەکانی شاوە، حوسێن خان لوڕ، وێران و کاول کراو خەڵکەکەشی گیران و کوژران (٣٢، ١٢٧). بەگوێرەی زانیارییەکانی ک.ج. ریچ، بڵباسەکان باجیان بە فەرمانڕەوای بابانی داوە، هەروەها جووتیارەکانی ناوچەکە حەشارگەیان ئامادە کردوون بۆ خۆشاردنەوە لە هێرشی بڵباسەکان (٥١، I، ١٥٢، ٢٣١، ٢٣٢).

لە خوێندنەوەی گێڕانەوەکانی مێژوونووسانی ئەردەلانیدا سەبارەت بەپێکدادانەکانی ئەردەلان و بڵباسەکان، مرۆ هەست بەوە دەکات کە هەر فەرمانڕەوایەکی لەو بنەماڵەیە رێزی لەخۆنایە هەر ئەوەتا بەئەرکێکی پیرۆزی نەدەزانی کە بە زەبری هێز ئەمانە ملکەچ بکات. ئەمە کێبرکێ، خەبات، ململانێیەکی نەپچڕاو بوو کە نەوەکان بەیەکدییان دەسپارد. بڵباسەکان خراپترین وەسفیان لەلایەن مێژوونووسانی ئەردەلانییەوە پێدەدرا، رێک و رەوان بە شەڕانی و خوانەناسانی بەدفەڕ ناویان بردوون.

سوبحان وێردی خان لە سەرەتای ساڵانی ٤٠ی سەدەی هەژدەدا هێرشێکی کردە سەر بڵباسەکان و، بەپێی خرۆنیکای ماهشەرەفخانم، ئەمانە (ناچار بوون زەلیلیی خۆیان دەربڕن، باج و خەراج بدەن) (٢٥، ٧٩ –٨٠). جێگەی گومانە بڵباسەکان ئەوەی سۆزیان دابوو جێبەجێیان کردبێ، چونکە دوای ٤٠ ساڵان ئەمانە دیسان لەشکریان بردووەتەوە سەر زەوییەکانی ئەردەلانیان و خان ئەحمەد خانی کوڕی گەورەی خەسرۆ خان بۆ کپکردنی (فیتنەی ئەو خێڵە ئاکار شەڕانییە) گیانی خۆی لە دەست دا (٢٥، ١٤١– ١٤٢؛ ٣٢، ١٥٣ – ١٥٤).

هەموو راپەڕیو و نارازییەکان جێگەیان لە ناو خێڵی بڵباساندا دەبووەوە، تەنانەت خەڵکانێکی بنەماڵەی فەرمانڕەواش کە دەسەڵاتیان لە دەست چووبوو و بەهیوای ئەوە بوون بەیاریدەی ئەم خێڵەوە دەسەڵات وەرگرنەوە. فەرمانڕەوای بانە، ئەحمەد سوڵتان بانەیی، لە ناو بڵباسان خۆی حەشاردابوو کە لە سەرەتای ساڵانی ٩٠ی سەدەی هەژدەدا سەرکردایەتی راپەڕینێکی کردبوو و بانە، هەورامان و مەریوانی گرتبوو (٢٥، ١٤٥). بڵباسەکان حەسەن عەلی خانیشیان گرتە خۆ کە ساڵی ١٢١٦/ ١٨٠١ –٢ لادرابوو و یارمەتیی جەنگییان دا (٢٥، ١٥؛ ٣٠، برگە ١٥٣).

خێڵی بڵباس وەکو کیانێکی ئۆتۆنۆمیی کۆمەڵایەتی – سیاسی رەفتاری دەکرد و، بەقسەی ک. ج. ریچ، دانی نە بە دەسەڵاتی تورکیا و نە بە هی ئێران دادەنا. تاقە یاسای بڵباسان داب و نەریتەکانی خێڵەکە بوو. رەوشەکە بەم جۆرە بوو، کاتێک (هێز و گیانی ئەم نەتەوەیە)، بەڕای نووسەر، (وەکو چون تورکەکان، ئاواش فارسەکان تێکیان شکاندن) (٥١، I، ٢٣١). ئەم بۆچوونەی ک. ج. ریچ سەبارەت بەگیانی تێکشکاوی بڵباسەکان لەگەڵ زانیارییەکانی نووسەرانی دەرنگتردا هەرگیز یەک ناگرنەوە. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا، پ. پی. ئاڤریانۆڤ نووسیویەتی کە ئەمانە دانیان بەدەسەڵاتی تورکیا و ئێران دانەدەنا و باجیان بۆ کەس نەدەبرد و هیچ بایەخێکیان بە دەسەڵاتی ناوچەکانی ئێران نەدەدا (٥٨، ٣١٤).

کورتەی ئەنجامەکانی ئەم نموونانەی سەرەوە، سەبارەت بەوەی چۆن پێوەندیی بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ئەردەلان و بابان لە ماوەی سەدەی زۆردا بە خێڵەکانەوە دروست بوون، دەتوانین خێڵە کوردییەکانی ناوچەکە بەسەر سێ گرووپەدا ببەشینەوە، بەگوێرەی ئاستی سەربەخۆیی، کۆمەڵایەتی – سیاسییان.

١– ئەو خێڵانەی، وەکو بڵباسەکان، بەتەواوی لە دەرەوەی سستێمی یاساکاندا بوون، تەنانەت ئەگەر ناویشیان بنێین دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا (٢٠٢، ٢٥٠؛ ٢٠٣، ٢٤٠)

کارێکی سەختە، چونکە ئەمانە خۆیان نە سەربە ئێران و نە سەربە تورکیا دەزانی و نە ملکەچی ئەردەلانی و نە هی بابانەکان بوون و بە درێژایی ناوچە سنوورییەکان کۆچیان دەکرد. ئەوەی دووره پەرێزیی کۆمەڵایەتی - سیاسییانی زێتر و توندتر دەکرد، وەکو حاڵەتی خێڵی بڵباس، جیاوازیی ئاینی بوو کە وەکو تەگەرەیەکی ئیدیۆلۆگی وابوو.

٢- ئەو خێڵانەی، وەکو جاف و هەورامی، کە بەشێوەیەک دەکەوتنە ناو ستروکتوری سیاسیی ئێران و تورکیا، میرنشینانی ئەردەلان و بابان - و دەبوون بە (دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا) - ئەمەش بە هەندێ چەسپاوییەوە هاوتایانە لەگەڵ فشاری دەرەکی بەسەریانەوە، دەسەڵات بەسەر خێڵە کۆچەرەکانەوە هەر بەکزی مایەوە. میرەکانی ئەردەلان و بابان، زێتریش ئێران و تورکیا، نزیکەی هەرگیز دەستیان نەدەخستە ناو کاروباری ناوەوەی خێڵەوە، هەرچی لە رووی جەنگیشەوەیە ئەوا هەر ملکەچی ئەوان بوون، چونکە ئەردەلانی و بابانەکان تا کۆتایی فەرمانڕەوایەتییان پشتیان هەر بە هێزی جەنگیی ئەوانەوە بەستبوو. تێخستنی تەواوی ئەم خێڵانە بۆ ناو سستێمی سیاسیی میرنشینەکان رووی نەدا، ئەمان هەروەکو کیانێکی ئۆتۆنۆمی کۆمەڵایەتی - سیاسی مانەوە.

٣- خێڵی بە بەراورد بچووک کە تەنیا لە ژێر داکۆکیی ستروکتوری سیاسیی بەهێزدا دەیانتوانی خۆ بپارێزن. ک. ج. ریچ یش مەبەستی هەر ئەو کۆمەڵە خێڵەتییانە بووە، کاتێک باسی خێڵەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی ئەردەلانی کردووە (٥١، I، ٢١٧). لە ناو ئەمانەدا ناوی لقێکی کەڵهوڕی هێناوە، هەروەها شێخ سمایلی، مەردامە. بەگەواهی ک. ج. ریچ، تەنانەت هەندێ لەو خێڵانەی لە دۆڵەکانی بەغدا و خانەقین دا کۆچیان دەکرد لە ژێر دەسەڵاتی ئەمانەڵلا خان دابوون (٥١، I، ٢١).

لەبەر نەبوونی هێزی گەورەی بتوانی لە چیاکاندا ئاسایش دابین بکات، بۆیە تەنیا کۆمەڵەی خێڵەتی چەکدار و ئۆتۆنۆمی دەیتوانی ئاژەڵ بەخێو کردن بەڕێوەببات. م. ب. رۆوتۆن گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە لە کاتی لاوازبوونی دەسەڵاتی مەرکەزیدا (یەکێتی خێڵەتییە گەورەکان دەستیان پێکرد وەکو دەوڵەتی لەدایکبوو کار بکەن و لەناو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا خاوەن ئۆتۆنۆمی بن،... هێزی چەکداری خۆیانیانی هەبێ و رووبەرەکانیش کۆنترۆڵ بکەن) (٢٠٣، ٢٤٠)، ئەوەش بۆ رەوشی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لەو قۆناغەی لێرەدا لێی دەکۆڵرێتەوە ناگونجێ. ئەم ئەرکەی خێڵەکان لە کوردستاندا سیمایەکی کاتیی نەبوو، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە ئەم ئەرکەیان هەبووە، لەم رووەوە، یەکێک لە ئەنجامە هەرە گرینگەکانی م.م ڤان بروینسون ئەو بۆچوونەیەتی سەبارەت بەوەی کە

خێڵ بریتیی نییە لە قۆناخێکی پێشکەوتن کە پێش دامەزراندنی دەوڵەت هاتبێتە کایەوە، دەوڵەتیش نەهات جێگەی ئەو بگرێتەوە، بەڵکو هەردووکیان پێکەوە لە ئارادا بوون و کاریان لەیەکدی دەکرد (١٦٧، ١٥٠، ١٥١، ١٦٠، ١٦١).

ئێمە لە خێڵ و لە دەوڵەتدا کارمان بەوەدا نییە کە ئاستی پێشکەوتنیان بەرزترە یا نزمتر، بەڵکو ئێمە لەگەڵ ئاستی جیاوازی ئاڵۆزیدا مامەڵە دەکەین. ئەم هەڵوێستە ڕێگەمان دەدات بیر بکەینەوە کە خێڵ ئەوە نییە هەمیشە (پاشماوەکانی) یان ئاسەوارەکانی بنەمای بنەماڵەیی – خێڵەتیی تیا مابێتەوە، بەڵکو تەنیا وەکو مۆدێلێکی ستروکتوری کۆمەڵایەتی – سیاسیی بزێو و خۆزامینکەر تەماشای دەکەین. ئێمە لە خێڵدا، لەجیاتی دام و دەزگای دەوڵەتیی بۆ بەڕێوەبردن، کە چاودێریی ڕەچاو کردنی نۆرمەکانی یاسایی دەکات، ستستێمێکی بەڕێوەبردن بەدی دەکەین کە تەواو لەسەر بنچینەی (یاساکانی عەشیرەت)، یان لەسەر بناغەی ژیانی ترادیسیۆنیی خێڵەتیدا بەوردەکارییەوە داڕێژراوە... ستروکتورەکانی دەسەڵات لە خێڵدا بەجۆرێک دامەزراون کە پەیڕەوکردنی یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دابین بکەن، لە کاتێکدا سستێمی چاودێریکردن و سزادان لە دەوڵەتدا هەر بۆ ئەوە بووە کە لادان لە یاسا قەرەبوو بکاتەوە. لە پشت ستروکتوری کۆمەڵایەتی – سیاسی کە ساکارانە دێنە بەرچاو، لە ڕاستیدا، ئاستێکی تری جیاوازی، لەڕووی چۆنایەتییەوە، ڕێکخراوە هەیە کە دامەزراوە نەک لەسەر سەرەتایەکی ڕەسمییانە، بەڵکو لەسەر ستروکتوری گونجاودا بۆ کۆمەڵگا.

خێڵ هەموو ئەرکە سەرەکییەکانی دەرەکی و ناوەوەی دەوڵەتی بەجێ هێناوە، هەندێ نووسەریش چەند خێڵێکی کوردی وەکو کۆپیایەکی بچووکی دەوڵەتانی دەوروبەریان تەماشا دەکەن (٦٧، ١٥١). جێبەجێکردنی کاروباری دەرەوەی دەوڵەت بەڕێگەی هێزی جەنگیی خێڵەتییەوە، هۆکارێکی گرینگی ئۆتۆنۆمیی خێڵەکە بووە. م. ب. ڕۆوتۆن ڕەوایانە خێڵی کۆچەری ناوناوە کۆمەڵەیەکی نیوەجەنگی کە بەشێکی هەمیشە بۆ جەنگ ئامادەیە (٢٠٤، ٢٥٤).

ستروکتوری ساکاری خێڵ زێتر بۆ ئەوە لەبارە کە کاروباری ناوەوەی دەوڵەت ئەنجام بدات بە پشتگیریی دکتاتۆریەتی چینایەتی، هەرچی لە ئارادابوونی دەسەڵاتی ناچارکەری سەرکردەی خێڵەتییە بەسەر ئەندامانی خێڵەوە ئەوا تەنیا هەندێ نووسەر سەرنجیان داوە و دانی پێدا دەنێن. دیراسە کردنی ستروکتوری کۆمەڵایەتی – ئابووریی خێڵە بەختیارییەکان (١٥٤، ١٣٨)، ئەوەی نیشانداوە کە نایەکسانیی چینایەتی، کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ناچارکەری پێوەندییەکانی فیوداڵی لە ژێر پەردەی ستروکتوری بنەماڵەیی –

خێڵەتیدا شاردراونەتەوە. لە ئارادابوونی دام و دەزگای جەنگی – سیاسیی ناوەوەی خێڵ کە لەسەر بنچینەی داب و نەریتەکان دامەزرابێ، بەلای ئا.بی. پێرشیتسەوە، لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵگەی کۆچەریی سەرووی عەرابیا، گومان هەڵناگرێ (١٢٧، ٣٢– ٣٣). هەرچی بەڕای ئا. م. ڤاسیلیڤە، دام و دەزگای ناچارکەری چینایەتی لای کۆچەرانی عەرابیا تازە دروست دەبوو و توخمە سەرەکییەکانی سوپا، پۆلیس. بەندیخانە، دەزگای بەڕێوەبەرایەتی، دادگای جینایەتی – لەناو خێڵدا نەبوون، بۆیە بەهێزترین سەرکردەی خێڵ، بەڕای ئەم لێکۆڵەرەوەیە. نەیدەتوانی بچووکترین سزا بخاتە سەر هەژارترین ئەندامی خێڵەکەی خۆیەوە (٧٧، ٤٨، ٤٩).

دەربارەی هەبوونی دەسەڵاتی ناچارکەر لەناو خێڵی کوردیشدا یەک رایی نییە و گەلێ جاران سەرۆکی خێڵ وەکو کەسی یەکەم لەناو هاوتایانی خۆیدا سەیر دەکرێ (بڕوانە "١١٩، ٦١؛ ١٧٩، ١٠٦"). کەچی قسەکانی ک. ج. ریچ سەبارەت بەوەی هەر ئەندامێکی خێڵی بڵباس دەیتوانی کار بکاتە سەر بڕیاری سەرۆک و تەنانەت دەشیگۆڕی (٥١، I، ١٥٠– ١٥١)، لەگەڵ قسەی تری هەر خۆیدا ناگونجێ کە دەڵێ سەرکردەی خێڵ دەسەڵاتی بێ سنووری هەیە (٥١، I، ١٢٣)، هەروەهاش ناگونجێ لەگەڵ گێڕانەوەی نووسەری کوردی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا مەلا مەحمودی بایەزیدی – (سەرکردەیەکی خێڵەکان خەڵکیان لە خێڵی خۆیان گرتووە "لەبەر هەر تاوانێکی بچووک بووبێت"، بەندیان کردوون، موڵک و ماڵیان لێ سەندوونەتەوە و، ئەگەر بەخەیاڵیاندا هاتبایە، لەماڵی خۆیاندا یەک، دوو، یان سێ کەسێکیان دەکوشت. فەرمانڕەواکان پرسیاریان دەربارەی کوژراوان نەدەکرد، چونکە ئەمانە سەر بەخێڵێک بوون "کە ئاغای ئەوانی کوشتووە"... کەس نەبوو لێیان بپرسێ: بۆچی وات کرد؟ ) (١١، ٤٢ – ٤٣).

دیار نەبوونی سیماکانی دەسەڵاتی ناچارکەر لە دەرەوە، لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا یەک ناگرێتەوە. ئەو نموونانەی سەرەوە ئەوە نیشان دەدەن کە چۆن ئەرکەکانی دەزگای پۆلیسی، بەندیخانە، دادگا و تەنانەت سزای کوشتنیش، رێک و ڕەوان و بەبێ تەگەرە جێبەجێ کراون. دەزگای ساکاری چەوساندنەوە ڕێگەی نێوان تاوان و سزادانی یەکجار کورت کردووەتەوە. بەتایبەتیش لە خێڵە بچووکەکاندا ئەم دەزگایە ساکار بوو، کە تیایاندا سەرکردەی خێڵ راستەوخۆ کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد. رەشماڵی سەرۆک خێڵ لەیەک کاتدا دادگا، کۆمیتە و دیواخانە بوو.

دوورەپەرێزی ستروکتوری دەسەڵات لە خێڵە گەورەکاندا روون و ئاشکراترە. ئەندامانی بنەماڵەی بەگزادە ژنیان لە خەڵکی خێڵەکەوە نەدەهێنا و ئیدعای رەچڵەکێکی جیاواز و

تەنانەت (بێگانە)شیان دەکرد. خێڵی جاف، کە خانەوادەیەکی ئەرستۆکراتیی لەم بابەتەی تیا هەبوو، لەلایەن س. ج. ئیدمۆندزەوە بە خێڵێکی ئاسایی کوردیی شێوەی کلاسیکی ناوبراوە (١٧٣، ١٤٦).

بەم جۆرە، لێک جیابوونەوەی کۆمەڵایەتی دەستی درێژ کرد بۆ سەر پیرۆزترین شتی ستروکتوری خێڵەتی – بۆ سەر ئیدیای خزمایەتی خۆی. سەرکردایەتیی خێڵ توێژاڵێکی تایبەتی، یان ئەرستۆکراتیای خێڵەتیی پێکهێنا کە بەرامبەر ئەندامانی ئاسایی خێڵ قووت بووەوە. بنەماڵەی بەگزادە پشتی بە هێزی سوارەوە بەستبوو، کە لە باشترین جەنگاوەرانی خێڵەکەوە پێکهاتبوو. بیرۆکراتیای خێڵەتیش جیاواز بوو: سەرکردە خێڵەتییەکان یاریدەدەر، جێگر، سکرتێر و راوێژکارانی تایبەتیی خۆیان هەبوو. لە سەردەمی میرنشینەکاندا ئەم توێژاڵە بیرۆکراتیایە بەگەلێ وردەکاری ترەوە خرابووە روو، بە نازناو و پلەوە، وەکو کۆپیایەکی دام و دەزگای ئیداریی دەوڵەت (بڕوانە "١٦٧، ١٥١).

ستروکتورەکانی سەرخان لە خێڵە بچووکەکاندا بۆ کەمترین رادە، ئەگەرچی یەکجار گرینگ، بڕابوونەوە و بزێویی پێویست و پلاستیکیەتی سیستێمەکەی دابین کردبوو، هەروەها چەسپاوی و توانای خۆ نوێکردنەوەشی. میرنشین و خێڵی کوردی پێکەوە گەشەیان سەند و هەمیشە هاوپەیوەندارییەتییان هەبووە. بەهێزبوونی لقی خێڵی بەبە سێ جاران بابانەکانی، کە بەم ناوە ناوبانگییان دەرکردبوو، هێنایە سەر دەسەڵات و هەموو جارێکیش، کاتێک بابانەکان دەسەڵاتیان لە دەست دەدا، کۆمەڵگە و ستروکتورەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسی بەسەر خێڵ و یەکێتیی خێڵیەتیی دابەش دەبوون.

لە کاتی جەنگ و تێکشکانەکاندا، کە مێژووی ناوچەکانی کوردستان پڕیەتی، لە هەلومەرجی چیایی و نەبوونی هێزی تر بۆ دابینکردنی ئاسایش، خێڵ وەکو ستروکتوری کۆمەڵایەتی – سیاسیی سەرەکی مایەوە. دانیشتوانی گوندەکان بەکۆمەڵ لادێکانیان جێ دەهێشت و دەچوونە پاڵ خێڵەکان. خێڵ تەنیا بریتی نەبوو لە حەشارگەیەک، بەڵکو لەم حاڵەتانەدا تاقە ئینستیتووتێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی بوو کە لە بوارەکانی بەردەستی ئەودا کۆنترۆڵی رەوشەکەی کردبوو.

بەم جۆرە، خێڵ لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا، بەم شێوە دیارەی جیاوازیی کۆمەڵایەتییەوەی، بە مەرکەزییەتی وردی دەسەڵات بەڕێوەبردنیەوە و توێژاڵە ئەرستۆکراتییە نوێنەرەکەی – بەگزادە، نابێ ناوبنرێ کۆمەڵەی خزم و تێکەڵاو بەخوێن، ئەمە هیچی هاوبەشی نییە لەگەڵ شێوەی رێکخراوەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی بێ چین دا (بڕوانە "١٥٧، ٢١٣"). شانەی سەرەکیی خێڵی کوردی، وەکو لە کۆمەڵگەی خێڵەتیی سەرووی

عەرابیادا (١٢٧، ٢١)، خێزانی بچووک بوو کە پێوەندیی موڵکیەتی کەسیی تێدا بوو، نەک بنەماڵە.

خێڵە کوردییەکان ستروکتوری فیۆداڵیی تەبا بوون، نەک ئەوەی لە هەموو ماوەی مێژووی کوردیدا ئاسەوارەکانی (بنەمای خێڵەتی - بنەماڵەیی لە نێو چوارچێوەی سستێمی فیۆداڵی دا) یان پاراستبێ (١٠٩، ٥٧). ئەمانە بەتەواوی دەکەوتنە نێو پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی - سیاسیی ناوچەکانی کوردستانەوە وەکو توخمێکی جیانەبووەوە لێی.

خێڵ و میرنشینی لە کوردستاندا، لە هەلومەرجی پارچە پارچەیی هەمیشەیی وڵاتی کورداندا، وەکو شێوەی کەمتر و زۆرترین ئاڵۆزیی تەرکیبی سیاسی خۆیان نواندووە، وەکو ستروکتوری مینی و ماکسیی یەکگرتنەوەی کۆمەڵایەتی - سیاسی. پرۆسە سیاسییەکان لە ناوچەکەدا بەناو هاوپەیوەندارییەتیی بەهێز و تەنانەت بەیەکەوە بەستراوەی ئەم ستروکتورانەدا رۆییوون. لە مێژووی هەر میرنشینێکی کوردیدا، خێڵێک بەرچاو دەکەوێت کە پشتگیریی بنەماڵەی دامەزرێنەری کردووە (بۆ نموونە - وەکو گۆرانەکان بۆ بابە ئەردەلان)، یا ئەوەتا خێڵەکە خۆی بووەتە بەردەسیلەی توێژاڵی سەرکردە (وەکو بابانەکان و خێڵی بەبە).

هەندێ لە لێکۆڵەرەوان وا دەبینن کە میرنشینی ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی - سیاسیی خاوەن ئامانجێکی دیاریکراو بووە، وەکو شێوەیەکی بەڕێوەبردنی ناڕاستەوخۆی خێڵەکان، ئەویش چونکە بەڕێوەبردنی خێڵەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ ئێران و تورکیا تەنیا لە حاڵەتی دەگمەن دەرەخسا. بەڕای م. ب. رۆوتۆن، بەگشتی دوو شێوازی بەڕێوەبردنی خێڵەکان هەبوون: بەیاریدەی سیاسەتی (جیاکەرەوە و حوکم بکە) یان بەڕێگەی میرنشینیی بچووکەوە (٢٠٣، ٢١٩).

بێگومان، ئێران و تورکیا هەوڵیانداوە کاربکەنە سەر رەوشی خێڵایەتی لە کوردستاندا بەڕێگەی میرنشینەکانەوە، بەڵام میرنشینەکان خۆیان زۆر پێش دابەشبوونی وڵاتی کوردان بەسەر ئەم دەوڵەتانەوە لە ئارادا بوون و بریتی نەبوون لە دامەزراوێکی فیکرەی بەڕێوەبردنی خێڵەکان. جگە لەوەش، ڕێی تێدەچێ کە کاریگەرییەتیی میرنشینەکان لەسەر خێڵەکان، زۆری بەسەرەوە نرابێ، وەکو چۆن ئەمە لە حاڵەتی ئەردەڵانییان بەڕوونی دیارە.

میرنشینەکان نەهاتنە جێگەی خێڵەکانەوە، بەڵکو هەردووکیان پێکەوە مانەوە. ساکاریی لە ڕادەبەدەری ئینستووتەکانی سەرخان، نەبوونی دام و دەزگای گەورەی دەسەڵات، رووەو دەرەوە کردنی توند و تیژیی دیکاتۆریای چینایەتی بۆ دەرەوەی خێڵ و هەروەها دەمامکدانی ئەم دکتاتۆریەتە بە ئیدیۆلۆگیای خزمایەتی، هەموو ئەمە توانای مانەوەی

ستروکتوڕی خێڵەتیی لە ڕەوشە سیاسییە هەرە سەختەکاندا ڕەخساند – دەرکەوت کە خێڵ ستروکتوڕێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیی بەتەمەنترە لە میرنشینی: لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، دوای هەرەسهێنانی بنەماڵەکانی میران، ستروکتوڕی خێڵەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی – سیاسیدا هاتە جێگەی یەکەمەوە و کوردستان پڕ بوو لە ئاژاوەی فیۆداڵی – خێڵەتی کە نە تورکیا و نە ئێرانیش لە توانایاندا بوو خۆیانی لێ لادەن یان دەستی بەسەردا بگرن.

بەشی چوارەم

## ستروکتوری کۆمەڵایەتی

بەگشتیکردنی فاکتە سۆسیۆلۆگییەکانی مێژووی دوو میرنشینە کوردییەکان ئەرکێکی پێویستی یەکجار گرینگە. ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە دەوری چین و توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا هاتنە پلەی یەکەمەوە و، وەکو. ئا. بارگ ئاماژەی بۆ کردووە، لە مێدیڤێستیکای(*) وڵاتانی دەرەوەدا هەموو توخمەکانی زانستە مێژووییە - یاریدەدەرەکان لە خزمەتی مێژووی کۆمەڵایەتیی دانراون (٧٠، ١١١، ١١٢). بە بۆچوونی هەندێ لە نووسەران، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بەڕادەیەک پاوانی کولتووری کۆمەڵایەتییان کردووە (١٤٥، ٢٩).

لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی دەربارەی ئێتنۆسی کوردی دەمێک نییە سەری هەڵداوە. نەخشەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و دابەشبوونی چینایەتی هەمیشە وایکردووە کە توخمە خێڵەتی و ناخێڵەتییەکانی سۆتسیۆمی کوردی لەبەرامبەر یەک قووت بکرێنەوە. وەکو نموونە ت. بوا دەهێنینەوە کە نزیکەی کتومت بۆچوونەکانی سن. ج. ئێدمۆندزی دووبارە کردوونەتەوە. ت. بوا نووسیویەتی کە لە کۆمەڵگای کوردیدا چینە کۆمەڵاتییە راستەقینەکان لێک جیاوازن و زێترین رادەی جیاوازیش لە نێوان خەڵکی لادێی خێڵەتی و ئەوانەی سەر بەخێڵەوە نین دیارە (١٦٤، ٤٧٢، ١٧٣، ١٢). کوردە خێڵەتییەکان وەکو توێژاڵێکی سەرکردە تەماشاکراون و ناخێڵەتییەکانیش - وەکو خزمەتکار (١٦٧، ١١٧). سەرجەمی خێڵی گۆران دەوری چەوسێنەری گۆرانە جووتیارەکانی بینیوە (بڕوانە: ٨٩، ٦٣).

ئەم جۆرە دابەشکردنە بەسەر (چینەکان)، کە تێیدا (چینی) خێڵ ناشکەوێتە نێو قەوارەی (ستروکتوری فیۆدالییەوە)، بووەتە هۆی ئەوەی تەگەرەی چینایەتیی راستەقینە قووت بکرێتەوە و کۆمەڵگەی کوردی، لە ناوچە خێڵەتییەکانیش و لە دەرەوەشیاندا، بکات بەدوو بەشەوە.

لەیەکەم چاو پێ خشاندندا، ف. پ. نیکیتین بەڕادەیەک لایداوە لە مەبدەئی خێڵەتی،

---

(*) مێدیڤێستیکا - مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست - و.

کاتێک ئاماژەی بۆ هەبوونی (بەلای کەمەوە) دوو چین کردووە: نەجیبزادە بە جەنگاوەرە – خزمەتکارەکانیانەوە و جووتیارە نیمچە کۆیلەکان (۱۲۳، ۱۹۸). بەڵام هەر بە بۆچوونی ئەم، چینی جووتیارە نیمچە کۆیلەکانیش هەر لەم گۆرانانەوە، واتە جووتیارە ناخێڵەتییەکان، پێکهاتبوو. دانانی ئەم جۆرە نەخشانە هەمیشە دەبووە مایەی گەڕان بەدوای رەگ و ریشەی ئێتنیکیی جیاوازی ئەم گرۆپە کۆمەڵایەتییانەو، هەروەها، بۆچوون سەبارەت بەوەی گۆرانە جووتیارەکان نەوەی خەڵکی نیشتەجێی ناخێڵەتی و (کوردە راستەقینەکان)، ئەوانەی بەلای نووسەرانەوە خێڵە کۆچەرە ئاژەڵ بەخێوکەرەکانن، ملکەچیان کردوون. بەبۆچوونی ڤ. ب. نیکیتین، چینی جووتیارە نیمچە کۆیلەکان لە ڕووی ئێتنیکییەوە نامۆ بوون بە (چینی مۆڵکدارانی زەوی و خزمەتکارە جەنگاوەرەکانیان)، (ئێمە مەسەلەی داگیرکەران و دانیشتوانی ناوچەیی ملکەچبوومان لەبەر دەستدایە) (۱۲۳، ۲۰۰) لەگەڵ ئەوەشدا، ڤ.ب. نیکیتین ئەم رەوشە تەنیا بۆ ناوچەیەک لە کوردستانی سەرووی رۆژهەڵات دەسەلمێنێ.

کارەکانی ئۆ.ل. ڤیلچێڤسکیش، کە یەکێکە لە دیارترین کوردناسانی سۆڤیەتی، رزگاریان نەبووە لە فیکرەی رەچەڵەکی ئێتنیکیی جیاوازی گرووپە کۆمەڵایەتییە (باڵاکان) (خێڵەتییەکان) و (نزمەکان) (ناخێڵەتی) لە کوردستاندا. لە راستیدا، ئەم لە تێوریاکەیدا سەبارەت بە فیۆداڵیزمی کوردی لەم فیکرەیەوە دەستی پێکردووە، چونکە پێوەندیی فێوداڵی لە کوردستاندا، بەڕای ئەو، لە نێوان (سەرانی بنەماڵەیی) خێڵە کوردییە کۆچەرەکان و خەڵکی جوتیار و نیشتەجێی هەر هەمان ئەو ناوچانەدا، کە بەگشتی سووری و ئەرمەنی بوون و تەنیا لە دواتر کوردیان بەگەڵ کەوتوون، ئەم پێوەندییانە گەشەیان سەندووە (۸۷، ۱۳٦). بەڕای ئەم نووسەرە، تەنانەت لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، (کوردەکان نەبووبوون بە ژێرخانێکی ئابووریی وا کە فیوداڵ پشتی پێ بەستبێ) (۸۷، ۱۳۸). تاقە بەڵگەیەکی ئەم قسانەی نووسەریش، کە پشتی پێ بەستووە، گەواهی قونسولی ئینگلیزییە لە دیاربەکر – د. تایلۆر– کە دەڵێ سەرجەمی بەشی کارکەری دانیشتوانی هەموو کوردستان پێکهاتبوو لە (ئەرمەنی دیان و پەیرەوکەرانی نەستووری) کە لە حاڵەتی کۆیلەییدا ژیاون (بڕوانە: ۲۹، ۷۱؛ ۸۷، ۱۳۹).

کتێبی ف. بارت لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆگیی قووڵی گرتووەخۆ دەربارەی کوردستانی خواروو (بابانی) و لە سەر ئەو مەتریاڵە مەیدانییانە دامەزراوە کە نووسەر خۆی لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا کۆی کردوونەتەوە. بەردەوام گەڕانەوەی بۆ مێژووی رابردووی ناوچەکە، بۆ دەوری بابانەکان، ئاسۆیەکی مێژوویی و

قـوولّی بەئەنجـام و بۆچوونـە سـۆسـیـۆلۆگـیـیـەکـانی بەخـشـیـوە. وەکو ف. بـارت دەڵێ، لە کـۆمـەڵگەی کـوردیدا یەکـێک پلـە (مـەرکـەز)ێکی ناوداری هەبێت، دەبێـتـە نیـشـانـدەرێکی سـتاتووسـی کۆمـەڵایەتی و ئەم جۆرە پلەیەش لای ئـەمان چەند نیشـانە و ماکی خـۆی هەیە. نووسـەر خـۆی تەنیـا بە ناوچە لادێیـەکـانەوە بەسـتـووەتـەوە، ئەو وەپێـشـخـسـتـنەی ئەم شـوێنانەش ڕێگەیی داوە کە ئاڵۆزی و تێکەڵ بەیەکبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی لادێ نیشان بدات.

لە کتێبەکانی م.م. ڤان بروینسون و ئا.م مێنتەشێشڤیلی یشدا بایەخێکی زۆر دراوە بە تەرکـیـبـی کـۆمـەڵایەتی. هەرچـەندە بەگـشـتی مـەبەسـتی ئەمـان زێـتـر ئێـسـتـیـتـووتەکـانی کـۆمـەڵایەتی – سـیـاسـیـیـە، نەک سـتروکـتـوری کـۆمـەڵایەتی – چینایـەتی. لەم رووەوە، ئەو نەخـشـەیـەی دابەشـبـوونی کـۆمـەڵایەتی کـە م.م. ڤـان بروینسـون دایناوە لەسـەر نموونەی رەوشی میرنشینی بەتلیسی، سەرنج راکێشە (١٦٧، ٢٠٦ – ٢٠٨).

ئێـمـە لەو شـێـوانەی دابەشـبـوونی کـۆمـەڵایـەتیـیـەوە، کـە دەتوانـین لە خـرۆنیکای مـێـژوونووسـانی ئەردەلانیـدا بیـاندۆزینـەوە، دەست پێـدەکـەین تەمـاشـای مـەسـەلەی سـتـروکـتـورەکـانی کـۆمـەڵایەتی – چینایەتی بکەین لە مـیـرنشـینانی ئەردەلان و باباندا. سیـمای مێژوونووسـانی ئەردەلانیی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، هەروەکو هی مێژوونووسی سـەدەی شـازدەش – شـەرەفخـانی بەتلیس، ئەوەیە کە بەڕوونی دەوروبەری کۆمـەڵگەکەیان، هەروەکو کۆمەڵگەکانی (چەرخ و ڕۆژگاریان) بەسەرچووە، دابەش دەکەن بەسەر (هی مەزن و هی بچووک) یان (هەرە گەورە و هەرە بچووک)، بەسەر (نەجیبزادە و رەش و رووت) یان (نەجیبزادەیی و رەش و رووتی). نەجیبزادەیی، شـەهامـەت و (گەورەیی) – وەکو پێوانەی مەزنی و لێهاتوویی، لە جەمسەرێکدا، کەمی و بچووکیش لە ئەوی تردا.

مـەتریالّی فەرهەنگی و زمـان بۆ دەربڕینی چەمکە سـۆسیـۆلۆگییەکان زۆر نین، ئەوەی لە هەمـووی زێـتـر بەکـارهـاتوون بریتین لە (نـەجـیـبـزادە و رەش و رووت). مـێـژوونووسـە ئەردەلانییەکان لە یەکەمین لاپەڕەی نووسینەکانیاندا کۆمەڵگای ئەو ناوچانەی کوردستان کە باسیان دەکەن بەسەر ئەو دوو توخمەدا بەشیوەتەوە. بەم جۆرە، مەسەلەی نەجیبزادەیی یان ئەرسـتۆکراتیا، کە لە کـاتی ئێسـتـادا جێگەی بایەخی تایبـەتیی پسـپۆرانی مێژووی سـەدەکـانی نـاوەڕاسـتـە (٧٠، ١١٣)، یەکـەمین بابـەتە دێنە پێش لێکۆڵەرەوەی کـۆمـەڵگای کوردییەوە.

زاراوەی (نەجیبزادە) مانای (چینی دەسەلاتدار) نادات. هەروەها دەوڵەمەندیش بەتەنیا مرۆی نەدەکردە نەجیبزادە – وەکو نموونە، چارەنووسی کوڕی گەورەی ئەمـانەڵلای یەکەم

دێنینەوە کە میراتی تەختی حوکمڕانی پێ نەدرا لەبەر ئەوەی لە دایکەوە نەجیبزادە نەبوو. دایکی ئەم کچی خاوەن بانکێک (بانکیر) بوو و لە خێزانە نەجیبزادەیی بنەماڵەی باوکیشی نەیانتوانی (نزمیی) پلەی دایک پڕ بکەنەوە. ئەم نموونەیە ڕێگەمان نادات پشتگیریی بۆچوونی ف. بارت بکەین سەبارەت بەوەی رەسەنی دایک بایەخی سیاسی نەبووە (١٦٢، ٣٤).

چەمکی نەجیبزادە لە کوردەواریدا جیاناکرێتەوە لە (لەدایکبوونێکی نەجیبزادانە)یەوە. نەجیبزادەیی خۆی لە خۆیدا مافی دەسەڵاتداریەتی سیاسی و دەوڵەمەندیی دەبەخشێ. بەبۆچوونی ف. بارت، ئەندامانی بنەماڵەی نەجیبزادە بەهۆی رەچەڵەکیانەوە. (بەهەمان شێوەی نەوەکانی پێغەمبەر) بەهرەیەکی خوایی تایبەتییان پێوە دەلکێندرا (١٦٢، ١٢٢). لە کۆمەڵگای کوردیدا چەمکێکی زاکۆنیی بۆ نەجیبزادەیی لە ئارادا نەبوو، بەڵکو نەجیبزادەیی فاکتێک بوو لەناو هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا، نەک لە زاکۆن. بۆ دارشتنی ناوی خانەوادەیی دەوڵەمەندی و دەسەڵاتی سیاسی پێویست بوون، چونکە پلەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ بنەماڵان دەگەڕایەوە، نەک بۆ تاقە کەسان. ستاتووسی خانەوادەیی لەلایەن کۆمەڵگاوە دانی پیادەنرا و دەچەسپا، تەنیا لەو حاڵەتەشدا دەبوو بە فاکتێکی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و ئاکسیۆماتیی وەردەگرت(*)، واتە دەبوو بە شتێکی قسە لێ نەکراو.

ف. بارت لە کاتێکدا ڕێگەی ئەوەی داوە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەرز بوونەوەی کۆمەڵایەتیی ستوونی رەخسابوو، دەشڵێ کەوا ئەو تەگەرانەی ڕێگەی بەرەو سەروویان وەزەحمەت خستووە لە هیرارخیای فیۆدالیدا بنچینەیی نەبوون، بەڵکو ئەو تەگەرانە سیمایەکی پراکتیکییان هەبوو و گرفتێکیش کە دەهاتە بەردەم گەنجێکی چاوی لە بەرز بوونەوە بێ، وای لێ دەکرد کە شێوازەکە هەڵبژێرێ. دەوڵەمەندی و ناوبانگ، بەڕێگەی ئەوانیشەوە دەسەڵات، بەڕای ئەو، بەڕێگەی سەرکەوتنەوە لە هێرشی بچووکدا، ئازایەتی، توانای کۆنترۆڵکردنی خەڵک، بە بەستن و فراوانکردنی دۆستایەتییەوە وەدەست دەهێنران. جا (بەم جۆرە دەتوانرا تەگەرەی نزمیی رەچەڵەک وەلابخرێ) (١٦٢، ١٢١). ف. بارت دەڵێ، لە کۆمەڵگای کوردیدا هیچ کۆسپێک نەبوو لە بەردەم گەیشتن بەسەرکردایەتی، دەکرا سەرکردایەتی بە یاریدەی تێکەڵکردنێکی توخمەکانی ستاتووسەوە وەدەست بهێنرێ، ئەگەر ئەم توخمانە پێکەوە پلەی ستاتووس ببەخشن کە بەڕادەی پێویست بەرز بێت و هاوتای ئەو داواکارییە سیاسی و داواکارییەکانی تر بێت کە پلەی سەرکردایەتی بەرزیان دەکاتەوە.

(*) ئاکسیۆما – بەدیهیەت. و.

تیۆریای ڕێگە تێچوون بۆ بەرزبوونەوەی ستوونیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا کە سەبارەت بە ڕەوشی میرنشینەکانی ئەردەڵان، بابان و هی تر بەکار هاتووە، دامەزراوە لەسەر ئەوەی کە نەجیبزادەیی کوردی لە ڕووی تیۆرییەوە توێژاڵێکی داخراو نەبوو. ڕاستەقینە زاکۆن داینەڕشتبوو، بەڵکو لە پراکتیک دەتوانرا لە هەر توێژاڵێکی فیۆداڵانی کوردیدا خانەوادەی نەجیبزادە جیا بکرێتەوە کە لە ماوەی سەدەی زۆردا دەسەڵاتیان توونند بەدەستەوە گرتبوو.

مەبدەئی بەمیرات وەرگرتنی ستاتووس بەڕاشکاوی لە لایەن ڤ. پ. نیکیتینەوە سەیر کراوە لە نەخشەکەیدا بۆ دابەشکردنی چینی فەرمانڕەوای کوردی بەسەر ئەم توخمانەدا:

١- مەلازادە - نەوەکانی مەلایانی زاناو پیاو چاک،

٢- شێخ زادە - نەوەی شێخەکان،

٣- بەگزادە - خانەوادەی بەتوانای نەجیبزادە، وەکو بنەماڵەی میرەکانی بۆتان و ڕواندز،

٤- ئاغەزادە - سەرانی خێڵە بچووکەکان،

٥- زەڤەخدار - خەڵکی سەر بە خانەوادە پیرۆزەکان(*) (١٢٣، ٢٠٤)

جارێ لە مەسەلەی تا چەند ئەم نەخشەیە تەواو و ڕاستە نادوێین، ئاماژە تەنیا بۆ ئەوە دەکەین کە نزیکەی لە هەموو ناوەکانی (جگە لە دواییەکە) ئەم توخمانەی چینی دەسەڵاتداردا پاشگری ( زادە) هەیە کە دەبێ بە هاومانای (لەدایکبوو)، (نەوە)، (منداڵ). بەم جۆرە، مەرجی لەدایکبوون مرۆ دەکات بە ئەندامی هەر یەکێک لەم پێنج توخمانەی نووسەر ژماردوونی یاخۆ مەرجی ئینتیما بۆ بنەماڵە یان تیرەیەک.

سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی بایەخی مەرجی گینیالۆگی لە ژیانی سۆتسیۆمی کوردیدا کارێکی سەختە. لێکۆڵینەوەش لە ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان لە تیۆریا و لە پراکتیکدا مرۆ هەر بە ئەو ئەنجامە دەگەینێ. بەڕای ڤ. ف. مینورسکی، لە دەرەوەی ئەم مەرجەدا، بەبێ (شیکردنەوەیەکی میکرۆسکۆبی) وا، نەدەکرا کاروباری کۆنسوڵیی خۆیی بەڕێوەببات.(**) گینیالۆگیای خانەوادە کوردییە نەجیبزادەکانی ئەم کۆی کردبوونەوە، ئەنجامی چەندین سعات گفتوگۆ و چەندین سەد کیلومەتر ڕۆیشتن بەسواری بوون، بەڵام ئەمانە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی گواستنەوەی ناوەکان لەلای هەندێکەوە بۆ خەڵکی تر و کاریگەریەتیی هەندێ تاقە کەس (١٩، ٤٦٢).

---

(*) نووسەر ئەم ناوەی لە ڤ. پ. نیکیتینەوە وەرگرتووە و ئێمە کوردییەکەیمان بۆ نەدۆزرایەوە. و.

(**) مەبەستی ڤ. ف. نیکیتینە - و.

پرەنسیپی خزمایەتی و زەخرەفەی گینیالۆگی تارمایی ستروکتوری کۆمەڵایەتیی لە هەموو (نەوەمە) بەرزەکانیدا لە کوردستان دیاریدەکرد. ستروکتوری بنەماڵەیی و خانەوادەیی – تیرەیی بووبوو بە قەوارەیەکی توندی پارێزەر کە خۆلێلادانی مەحاڵ بوو. ئەوەی ناوی نراوە رەچەڵەک دەرگای هاتنە ژوورەوە و گەیشتن بەو توێژاڵەی قایم داخستبوو. نەجیبزادەیی لەسەر بنچینەی رەچەڵەک، بە تیتووڵی خانەوادەییەوە کە بەمیرات وەردەگیرا و بەگینیالۆگیاوە کە گەلێ نەوەی تیا دەژمێردرا، نەجیبزادەیی کوردی کردبوو بە توێژاڵێکی داخراو.

وەکو دواتر دەخرێتە روو لەسەر نموونەی هەندێ توێژاڵ و گروپە، رادەی دوورەپەرێزیی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، کە چینی فیۆداڵە کوردەکان بەسەریاندا بەش کرابوو، لە قۆناخی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان و باباندا وەکو یەک نەبوو. داخراوەیی چینی فیۆدالانی کورد، بەرای ئێمە، بەشێوەی دابراویی تەواوی توێژاڵە هەرەبەرزەکانی نەجیبزادەیی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە خۆی دەنوێنێ، ئەم توێژاڵە هەرە بەرزانەش دووانن و لەلایەن ئێمەوە مەرجدارانە نێونراون (میران) و (بەگزادە). هەروەها ئەم چینە لە هەموو ئاستەکانی تریشدا دوورە پەرێزیی خۆیی دەنوێنێ.

بێگانەیی بە رەچەڵەک، یان وردتر، رەسەنی ئێتنیکیی جیاواز، کە گەلێ لە خێزانی نەجیبزادەکانی کوردستان خۆیان پێ لەقەڵەم دەدا، بووبوو بە تەگەرەیەکی توێژاڵی و شێوەی ئیدیۆلۆگیی وەرگرتبوو و لە هەموو بەشەکانی تری کۆمەڵگاوە جیا بووبووەوە. بۆ ئەوەی نموونەی زۆری ئەمە بێنینەوە، دەتوانین بگەرێینەوە بۆ دەقی (شەرەفنامە) و سەرچاوە مێژووییەکانی تر. فەرمانرەوایانی ئەردەلان، بەتلیس و ساسۆن خۆیان دەبردەوە بۆ سەر ساسانییەکان، فەرمانرەوایانی هەکاری – بۆ خەلیفەکانی عەباسی. هەروەها میرانی بادینان و چەمی شگەزەک رەسەنی خۆیان هەر بۆ ئەمانەی دوایی دەبردەوە. فەرمانرەوایانی جزیرە رەگ و ریشەی شەجەرەکەیان بەناوی سوپا سالاری عەرەبی خالید کوری وەلید، خۆشەویستی محەمەد پێغەمبەر، رازاندبووەوە. میرانی سۆرانیش ئیدیعای رەسەنێکی عەرەبی نەجیبزادەیان کردووە (بروانە: ٣٤، ١٦٧، ١٧٥، ٢٢٠، ٢٤٧، ٣٢٢، ٤٠٦). تەنانەت بابانەکانیش، کە بنەماڵەیەکی بەراژە (گەنج) بوون و فەرمانرەوایەتییەکەیان دوو سەدەی خایاند، فریاکەوتن کە ئەفسانەیەک دەربارەی رەسەنی بێگانە، ئەگەرچی بەرێگەی دایکەوە، بۆ خۆیان رێک خەن. بەگوێرەی ئەو گێرانەوەیەی خانەوادەی بابانەکان کچێکی فەرەنگی، یان وردتر، کچێکی ئەوروپایی بووە بەناوی کەگان و لەلایەن مێردی داهاتوویەوە وەکو جەنگاوەرێکی فەرەنگی بەدیل گیراوە لە کاتی شەرِ

لەگەڵ (کافران) دا (٥١، ٢٩١، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٨١).

دەتوانین لە هێنانەوەی نموونە بەردەوام بین (بڕوانە: ٣٤، ٢٣٢، ٢٧٤، ٢٩٠، ٣٠٤)، بەڵام ئێمە تەنیا هەرە بەناوبانگەکان دەخەینە ڕوو. هەر نووسەرە بەجۆرێک ئەم ئیدیعاکردنە گینیالۆگییانەی سەرەوەی وەرگرتووە. بۆ نموونە، عەبدوڵلا مەردۆخ ڕەسەنی ئەردەلانی لە ساسانییەکانەوە وا لێکدەداتەوە کە ویستوویانە ناوبانگی خانەوادەکە بەرزکەنەوە (١٩٤، ١٧٨) و گومان لەوەدا نییە کە گەرەکیان بووە خانەوادەکەیان خەرمانەیەکی شاهانەی پێوەبنرێ.

هەندێ لە نووسەران بەبێ هیچ بنچینەیەک ئەم ئیدیعاکردنە گینیالۆگییانەی زۆربەی بنەماڵە کوردییەکانیان کردوون بە مەتریاڵ بۆ مەسەلەی ئێتنۆگنێزی کوردان و تیۆریا و بۆچوونیان لەمەڕ ڕەچەڵەکی میللەتەکە داناون. بۆ نموونەش دەتوانین وتارەکانی گ. ب. ئاکۆپۆف بێنینەوە کە سەرجەمی لەسەر گینیالۆگیا داڕێژراوە(٦١، ١٩٣– ١٩٦). ڕەگەکانی ئەم دیاردەیە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی – چینایەتی و کۆمەڵایەتی – سیاسی دان نەک لە بواری ئێتنیکی. ئەم جۆرە گینیالۆگییانە کە گوایە ڕەچەڵەکی ناکوردی بنەماڵە نەجیبزادەکان دەسەلمێنن شتێکی زیاتر نییە لەوەی کە دوورە پەرێزییەکی بەئیدیۆلۆگی کراوەی توێژاڵی هەرە بەرزی نەجیبزادەیی بێت – ئەرکی ئەم بەئیدیۆلۆگی کردنەش – زیاتر بەرچاو خستن و توندکردنی سنووری کۆمەڵایەتیی ئەم توێژاڵە جیابووەوەیە.

دابەشبوونی نەجیبزادەی کوردی، دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی کە بەمافێکی ڕەوای ئەو دادەنرا، جیاکردنەوەی گرووپ و توێژاڵە سەرەکییەکانی لایەنێکی یەکجار گرینگی لێکۆڵینەوەی ستروکتوری کۆمەڵایەتی – جینایەتی و کۆمەڵایەتی – سیاسییەکانی میرنشینەکانی ئەردەلان و بابانە. مێژوونووسانی کورد مەبەستیان لە (مەزنان) کێیە، بەیاریدەی دابەشکردنی خەسرۆ ئیبن محەممەدەوە دەتوانین ئەمە ڕوون بکەینەوە. لە کتێبەکانی ئەودا (میر و نەجیبزادە، سەرکردە و سەرانی خێڵەکانی ویلایەت) (٣٢، بڕگە ٩) – نیشاندراون – لێرەدا ئێتیکێتی نووسین ڕەچاوکراوە بە بەکارهێنانی وشەی هاومانا بۆ چەمکەکان، بۆیە دەکرێ بڵێین مەبەست لەوانەی سەرەوە – (میر و سەرانی خێڵەکانە)، ئەوانەن کە ئێلیتای کۆمەڵایەتی – سیاسییان لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا پێکهێنابوو.

**میران**

زاراوەی (میران) (کۆی میر یان ئەمیرە) لای کوردان، مانای خەڵکێکی سەر بە توێژاڵی کۆمەڵایەتیی هەرەبەرزی داوە کە دەسەڵاتی سیاسییان لەسەر ئاستی میرنشینی (ئیمارەت) بەدەست بووە. نازناوی ئەمیر لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی فراوان بڵاو بووبووەوە و مێژووی گەشەکردنی خۆیی هەیە (١٧٢، ٤٣٨ – ٤٤٠). لە هەندێ ناوچەشدا ئەم وشەیە لای هەر ئێتنۆسە بە جیاواز بەکار هاتووە. بە گوێرەی کات و شوێن ئەم چەمکە مانای سوپاسالار و مانای فەرمانڕەواشی داوە – وەکو چۆن خاوەن دەسەڵاتداری تەواو، ئاواش خاوەن دەسەڵاتێکی سنووردار.

بە بۆچوونی ئی. پ. پێترۆشێفسکی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەوە ناوی ئەمیر بوو بەتیتوڵی تاقە کەسان، لەسەرەتای سەدەی شازدەشەوە بوو بە نازناوی بەمیراتی سەرانی خێڵەکان و دەشبەخشرا. بەخشینەوەی تیتۆڵی ئەمیر زۆر باش قایم دەکرا بە پێشکێشکردنی فەرمانداریەتی ناوچەکان و مافی دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵی و لەوەڕگەکان بەسەر نەجیبزادەی خێڵەتیدا (١٣٥، ٩٦، ١٠٣). زاراوەکانی (ئیمارەتی خێڵ)، (ئیمارەتی میراتگر) لە (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەتلیسیدا (٥٦، ٢٩٤، ٣٠٣، ٣٠٦، ٣١٥، ٣٣٣) و لە نووسینە مێژووییەکانی ئێرانیشدا زۆر بەکارهاتوون و مانای دەسەڵاتی باڵای میر و ئەو رووبەرەیان داوە کە بە سەرکردەی ئەم خێڵە بەخشراوە بۆ بەڕێوەبرن و فەرمانڕەوایەتی کردن (١٣٥، ١٠٣).

بەم جۆرە، لە سەدەی شازدەوە سەرانی خێڵە کۆچەرە گەورەکان بە میر نێوبراون، کە ئەرستۆکراتیای جەنگیی باڵایان پێکهێنابوو. لە سەدەی دواتر، وەکو لە دەقی (تەزکەرەت ئەل – ملوک) دا دەردەکەوێ، هەموو نەجیبزادەکانی کۆشکی شا، لە هەمان کاتیشدا ئەوانەی پلەکانیان مەدەنی بوون، پێیان گوتراوە میرانی مەزن.

ئەمەی دواییش بەند بوو بە بەهێزبوونی بیرۆکراتیای مەدەنییەوە، لە ئەنجامی ریفۆرمەکەی شا عەباسی یەکەمدا کە بەجارێک هێز و توانای خێڵە کۆچەرەکانی نەهێشت. وادیارە، ناوی ئەمیر لە ناو تیتۆڵەکانی ئێلیتاریای ئێرانی سەدەکانی دواتردا بەڕادەیەکی زۆر مانای دیاری خۆیی لە دەست داوە، بەپێچەوانەی ناوچەکانی کوردییەوە. لەوێ ئەم ناوە توووند بەفەرمانڕەوایانی میرنشینانەوە نووسابوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی ئەم ناوە لەلایەن سەرانی خێڵی گەورە و یەکێتییە خێڵەتییەکانەوە قەدەغە نەبوو. لە خڕۆنیکای ماهشەرەفخانم دا سەرکردەی خێڵی جاف، بەهرام بەگ، بە میری مەزن نێوبراوە. لەم

حاڵەتانەدا چەمکی میر مانای کۆنکریتی خۆیی نەدەما و تەنیا دەبوو بە هێمایەک بۆ نەجیبزادەیی.

دوو بنەماڵە لە میر لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا نوێنەرایەتیی ئەو توێژاڵە کۆمەڵایەتییەیان کردووە، ئەوەش ئێمە مەرجدارانە ناومان ناوە میران. تایبەتییەتیی هەڵوێستی کۆمەڵایەتی - سیاسیی ئەمانە لەوەدا بوو کە ناتەبایی هەبوو لە نێوان مەرکەزی قایمی بنەماڵە فەرمانڕەواکان و ناسەقامگیریی دەسەڵاتی زۆربەی تاقە فەرمانڕەواکاندا. مێژووی بنەماڵەی بانی ئەردەلانی (بابانییەکانیش بەتایبەتی) نموونەی زۆری لابردنی فەرمانڕەوایانی تێدایە. عەبدورەحمان پاشا، کە س.ج. ئیدمۆندز و س.ھ. لۆنگریکش بنچینەیان بۆ ئەوە هەبوو ناوی بنێن مەزن - هەرە مەزنی بابانەکان، پێنج جاران دەسەڵاتی لەدەست چووە. هەروەها ئەوانەی پێش ئەویش - سولەیمان پاشا و ئەحمەد پاشا. سەبارەت بە ئەردەلانییەکان. ئەم جۆرە گۆڕینەی فەرمانڕەواکان، بە پەلەیەکی شێوەی سینەمایی، کەمتر بوو. بەڵام بەگشتی ئەم دیاردەیە لە کوردستانی ئەردەلانیش باوی هەبوو، فەرمانڕەوایەتیی خەسرۆ خانی مەزن نموونەیەکی ئەمەیە، کە چوار جاران لە دەسەڵات لادرا و نەوە بەناوبانگەکەشی، سوبحان وێردی خان، هەشت جاران دەسەڵاتی لەدەست چووە.

هەموو هەڵگەڕان و وەرگەڕانی خەبات لە پێناو دەسەڵات و تەختی میریدا بووە مایەی دروستبوونی کێبڕکێ لەناو بنەماڵەی فەرمانڕەوادا. ستاتووسی بەرزی میر مولْک و سەروەتی بنەماڵەکە بوو، هەر ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە بەهەندێ سیفات و بەهرەی پێویستەوە لەلایەن رای گشتییەوە مافی دەسەڵاتداریەتیی پێدرابوو کە لە هەلومەرجی سیاسیی لە باردا و بەپشتیوانیی ئەو گروپە سیاسییانەی بەرژەوەندییان تیا دەبوو میر دەبوو بە پلەیەکی باڵاو واقیعی. بەمیرات وەرگرتنی دەسەڵات دامەزرابوو لەسەر ترادیسیا و گونجانی هێزەکان بەیەکەوە.

سەقامگیربوونی رەوشی سیاسی لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات، کۆبوونەوەی بەرژەوەندیی سیاسیی لایەنی زۆر و دژ بەیەک لێرەدا زۆرانبازی و پێکدادانی هەمیشەییان لەناو خانەوادەکانی میران داهێنا. خەبات و براکوژی لە ناو تیرەی بابانەکاندا دیاردەیەکی ئەوەندە باو بوو کە ف. بارت هەموو مێژووی فەرمانڕەوایەتییانی ناو ناوە - خرۆنیکای شەڕی لەبن نەهاتوو لە نێوان داواکارانی تەختی میری دا (١٦٢، ١٢٩). بەڵام کاتێک مرۆ چاوێک بە دەسەڵاتداریەتیی بنەماڵەکە بەگشتی دەخشێنێ، ئەو خەیاڵەی بۆی دروست بووە سەبارەت بە ناسەقامگیریی هەندێ لە میرەکان نامێنێ. ف.بارت چاودێرییەکی

سۆسیۆلۆگییانەی بەنرخی هەیە سەبارەت بەوەی کە فەرمانڕەوای لادراو ناوبانگی بەرزی خۆیی دەپارێزێ و ڕێی تێدەچێ کە ستاتوسی لەدەستچووی وەرگرێتەوە بەیاریدەی لایەنێکەوە یان نەمانی ئەو هێزە دەرەکییەی موونافیسەکەیی هێنابووە سەر دەسەڵات (١٦٢، ١٣٠)، دیارە کە ئەم سەرنجی تەنیا لایەنێکی ئەم دیاردەیەی داوە.

ڕەوشە راستەقینەکە بریتی بوو لە ئەنجامێکی یەکێتی و هاوپێوەندیی دوولایەنی دژبەیەکەوە: لە بارودۆخێکی نائارام دا، بەلادانێکی زووی هەندێ نوێنەرانی خانەوادەکان سەقامگیری دابین دەبوو، هەروەها داچەسپاوی ستاتووسی کۆمەڵایەتی خانەوادەکان بەگشتی لە ئەنجامدا بەند بوو بەو سەقامگیری و ناسەقامگیرییەوە. ئاڵۆزیی ڕەوشی کۆمەڵایەتی – سیاسی، پێکدادانی توند و هەمیشەیی لە دەرەوە و ناوەوەدا پێویستی بە (کادیر) ی یەدەگ (احتیاط)ەوە هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن سەقامگیریی بنەماڵەی فەرمانڕەوا دابین بکەن. زیاد لەوەش بەردەوام هەبوونی ئەم جۆرە (کادیرانە) لە ناو بنەماڵەی باباندا دەوری لە وەرچەرخانی ڕێبازی سیاسییدا دەبینی، ئەم بنەماڵەییە هەر لە کۆنەوە دوو باڵی تێدا بووە – باڵی سەر بەئێران و هی سەر بە تورکیا. بێگومان تەنیا بەشێوەیەکی مەرجدارانە دەتوانین ئاوا ناویان بنێین، چونکە مومکین نییە باسی هەڵوێستی هەمیشەیی هەندێ لە نوێنەرانی ئەم بنەماڵەیە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئارادابوونی ئەم گرووپە بچووکانە یاریدەی بنەماڵەی فەرمانڕەوای دەدا کە لە ڕەوشە سیاسییە هەرە سەختەکاندا، بە کەمترین زیان بۆ بنەماڵەکە، دەربازی ببێ.

لە ئەنجامدا، بنەماڵەکانی ئەردەلان و بابان لە ماوەی چەند سەدەیەکدا توند خۆیان چەسپاند و مانەوەی دووروودرێژیان لەم ستاتووسەدا بایەخێکی کۆمەڵایەتی پێ بەخشین و بوو بەمایەی پریستیژ (ناودار)ی خانەوادەیی بۆیان. ئەو فاکتەی کە چەند سەدەیەک حوکمڕانییان کردووە، خۆی لە خۆیدا، بوو بە بەڵگەی شەرعیەتی دەسەڵاتیان و جێگیربوونی مەبدەئی پیرۆزیی دەسەڵات لەناو هوشیاریی کۆمەڵایەتیدا هەر یەک هەنگاو دوور بوو لە بوونی بەجۆرە ئاینێک.

دیاردەی تەقدیسکردنی دەسەڵات، دانانی هەموو شتێکی پێوەندیی بەناوبانگی فەرمانڕەواوە هەبووبێت لە ناو قەوارەی باوەڕ، متمانە پێکردن یا نەکردندا (١٤٢، ٢٦)، هەر چەندی دەسەڵاتەکە سەقامگیرتر بووایە، ئەم دیاردەیە بەهێزتر خۆیی دەنواند. تەقدیسکردنی دەسەڵاتی میرە کوردەکان فاکتێکە گەلێ لە نووسەران دانیان پیاناوە و بەبێی ئەو ناکرێ ئەو پلەیە بەرزە روون بکەینەوە کە بنەماڵە میرەکان پاراستبوویان دوای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیشیان لە دەست چووبوو. م.م.ڤان بروینسۆن نووسیویەتی: (من

تێدەگەم کە زاراوەی "کاریزما"(*) تەنیا ناوە و هیچ تەفسیرێک ناکات، بەڵام بە پێویستی دەزانم جەختی ئەوە بکەم کە دەسەڵاتی میرەکان سیمای ئلوهیەتی هەبوو، دوای زیاتر لە سەد ساڵ، پاش نەمانی دوا میرنشینەکان، خەڵکی لە هەموو شوێنەکان بەڕێزەوە باسی خانەوادەکانی میرانی جارانیان دەکەن) (١٦٧، ٢١٥).

کاتێک میرنشینەکان لە ئارادا نەمان، هێزی سیاسیی خانەوادەکان هەر مایەوە. هەروەها ستروکتوری ئێلیتای کوردیش لە کەمیی نەدا. نازناوەکانی میر و میران دوای میرنشینانیش مانەوە و لە هەندێ نوێنەرانی و لە ناوی بنەماڵاندا تاکو ئێستاش خۆیان پاراستووە. بۆ نموونە، دەتوانین تیتۆلی میر لە ناوی نەوەکانی بنەماڵەی بەهێزی فەرمانڕەوایانی بۆتان دا بەدی بکەین. (١٧٤).

## بەگزادە

گرووپەی ئێلیتاریی دووەم، کە تەنیا بە ڕەچەڵەک دیاری دەکرا، گرووپەی بەگزادە بوو (واتە کوڕ و نەوەی بەگەکان یان ئەوانەی بەگایەتییان بەمیرات بۆ ماوەتەوە).

زاراوەکە خۆی ئاماژە بۆ دوورەپەرێزی و داخراویی توێژاڵە کۆمەڵاتییەکە و ستروکتورە تیرەیی – بنەماڵەییەکەی دەکات. ئەم زاراوەیە وەکو نیشاندەرێکی ستاتووسی کۆمەڵایەتی خانەوادان و هەندێ لە نوێنەرانیان و هەروەها بەمانای ئەرستۆکراتیای خێڵەتی لە کوردەواریدا بە شێوەیەکی فراوان بڵاوبووبووەوە. زێتریش وشەی بەگ ئاماژەیەک بوو بۆ نەجیبزادەیی، بۆ (خەڵکانی نەجیبزادەی پلەی یەکەم) (I،٥١، ٨٧). ئەم زاراوە کوردییە هەر بەو مانایەشەوە بەکارهاتووە لە بەرهەمەکانی مێژوونووسانی ئەردەلانیدا کە بە فارسی نووسیویانن (بڕوانە "٢٥، ١٨٦، ١٩٥").

تیتوڵی ئەرستۆکراتیای خێڵەتیی کوردی هەر بەگ نەبوو. سەرانی خێڵە گەورەکان دەبوو بە میر ناو ببرێ، وەکو فەرمانڕەوایانی میرنشینەکان. تەنانەت سەرانی خێڵی جاف نازناوی پاشایان هەڵگرتبوو کە عوسمانییەکان. بە بابانەکانیان بەخشیبوو. بەڵام ئەو تیتوڵانەی لە ناو نەجیبزادەی خێڵەتیی کوردیدا زێتر باو بوون بەگ، ئاغا و سوڵتان بوون. سەبارەت بەوەی کامە تیتوڵ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردی و لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەکاردەهات پێش هەموو شتێک ڕەچاوی ستروکتورە کۆمەڵایەتییە باوەکانی ناو ئێران و تورکیا دەکرا. لێکپچڕانی سیاسیی وڵاتی کوردان وایکرد کە تیتوڵی ئێلیتاریی لە دەرەوەڕا بەسەردا بچەسپێ، لەوانە سوڵتان و پاشا. بە فەرمانی شای ئێرانی فەرمانڕەوایانی

(*) کاریزما – بەهرە (موهبة فطرية).– و.

ناوچەکانی سەرسنووری تورکیا تیتولّی سولّتانیان پێدرا، ئەوەش دوای ئەوەی سولّتانی تورکی تیتولی پاشای بەخشی بە تابیعەکانی خۆیی لە سەرسنوور (پاشا لە وشەی "شا" وە هاتووە، بەلاّم تارمایی نزم تەماشاکردنی بەسەرەوە بوو) (١٦٠، ٤٣- ٤٤). سەرانی خێڵەکانی هەورامی، بەراز، گەلباخی، سیامەنسور، گۆران تیتولّی سولّتانیان هەلّگرتبوو.

ئەو نازناوە ئێلیتاریانەی بەسەر رۆژگاردا زالّ بووین و ماونەتەوە و لەناو نەجیبزادەی خێڵەتیی کوردیدا زێتر باون، نازناوەکانی بەگ و ئاغان. لە هەر خێڵێکدا خانەوادەی فەرمانڕەوا هەبووە و ئەندامەکانی تیتولّی ئاغا یان بەگ یان هەلّگرتووە و دوای ناوەکانیان هاتووە. بێگومان، لە تیتولّی بەگ دا زێتر هەست بە ئەرستۆکراتیزم دەکرێ، ئەگەرچی هەندێ جاران بێفیزتر دێتە بەرچاو بە بەراورد لەگەڵ سولّتان و خان دا (بڕوانە "١٣٥، ١٠٥") ئەو (بێ فیزییەی) تیتولّی بەگ، وادیارە، هەر لە ئێراندا بووە نەک لە کوردستان.

ئەندامانی بنەماڵەی سەرکردە لە خێڵە کوردییەکاندا بە (کوڕانی بەگان) یان بەگزادە نێودەبران و مەرج نەبوو کە ئەمان تیتولّی بەگ و ئاغایان بەسەر ناوەکانیانەوە بووبێ (١٧٣، ٨٥). تەنیا سەرکردە بەرزەکانی خێڵ بە بەگ نێو دەبران، هەرچی سەرانی تیرەکانیش بوون بەناوی رەیس رازی بوون. تیتولّی ئاغا، بەجیاوازیی لە بەگ، دەبوو کە هەم سەرانی خێڵەکان و هەم سەرکردەکانی هەموو بەشەکانی خێڵیش هەلّی گرن.

بەلای ت. بوا تیتولّی ئاغا بەڕاژە نوێیە و پەیابوونی لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری دوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن سولّتان موڕادی چوارەمەوە سالّی (١٦٣٧) (١٦٤، ٤٧٢). مەلا مەحمودی بایەزیدی کە خەڵکی کوردستانی باکوور بوو وای دادەنا کە تیتولّی ئاغا تەنیا هی کۆچەران بووە. بەڕای ئەو، لە ناو کۆچەراندا بەگ نەبوون، (ئەمان ئاغایان هەبوون) (١٠، ٦٣). هەولّدان بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکی مەبدەئییانە لە نێوان باوترین دوو تیتۆڵدا – بەگ و ئاغا، هەندێ جاران شتی هەڵبەستراو دروست دەکات – بۆ نموونە، یەکێک لە هەوالّدەرانی م.م. ڤان برینسۆن، کە باسی رووداوەکانی سالّی ١٩٢٠ی کردووە لە دیاربەکر، بەم جۆرە ئەم جیاوازییەی خستووەتە روو: (ئاغا – سەرکردەی خێڵە کە لە چیاکاندا لەگەڵ خێڵەکەیدا دەژی، بەگیش لە ناو شاردا دەژی. بەگ خوێندەوارە، ئاغاش نەخوێندەوار. بەگ شارستانییە و سیاسەت دەکا، ئاغاش شەڕ دەکا، بەگەکان گەلێ جاران خاوەنی جێگەی زۆرن.... ئاغا لە چیاکاندا خاوەنی زەویەکانی خەڵکی خێڵی خۆیی نییە). (١٦٧، ٨١ – ٨٢).

بێگومان، قۆناغەکانی مێژووی کوردیی دوای رووخانی میرنشینەکان دەیانتوانی جیاوازییەکی دیار لە بەکاربوونی، تیتولّەکانی ئاغا و بەگ دابێنن، بەلاّم بەگشتی نەبوونی

هاوتایی لە بەکارهێنانی تیتوڵەکانی ئێلیتاری لای کوردان دەگەڕێتەوە بۆ ترادیسیا و تایبەتمەندیەکانی ناوچەیی. وادیارە تیتوڵی ئاغا زیاتر لە ناوچەکانی سەرووی کوردستاندا باوە، کەچی تیتوڵی بەگ، لە ناوەکانی یەکەمین فەرمانڕەوایانی بنەماڵە نەجیبزادە کوردییەکاندا، کە لە (شەرەفنامە) دا تۆمارکراون، نزیکەی لە هەموو شوێنێکدا هەیە. روانینێک بۆ دواوە بە مێژووی رابردوودا بەهای کۆمەڵایەتی و ئەرستۆکراتیزمی زێتر بەو تیتوڵە دەبەخشێ.

خێڵەکانی میرنشینانی ئەردەلان و بابان تیرەی ئێلیتاریی بەگزادەیان هەبووە بەبێ پێوەندی بە ژمارەیانەوە یان بەچەندیی بەش و لقەکانی پێویستەوە: هەم جافەکان، کە گەورەترین و بەهێزترین خێڵی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات بوون، هەم هەماوەندەکانیش، کە تەنانەت لە رۆژگاری بەرزترین سەروەرییاندا ژمارەیان لە ۱۰۰۰ – ۱۵۰۰ کەس تێنەدەپەڕی (۱٦٢، ٤٥).

بۆچوون سەبارەت بەوەی لەناو خێڵدا یەکسانیی ماف و ئەرک نەبوو، بەڵکو تەنیا خانەوادەی نەجیبزادە – بەگزادە و خەڵکی رەمەکی (۱٦٤، ٤٧٢)، یان گوایە نەجیبزادەی خێڵەتی زۆر بەزەقی لە جەماوەری رەمەکیی کۆچەرانەوە جیاوازتربوو (۱۳٥، ۹٦)، بەس نییە بۆ ئەوەی گۆشەگیریی توێژاڵی بەگزادە و گەورەیی ئەو مەودا کۆمەڵایەتی – چینایەتیەی جیای کردووەتەوە نیشان بدات. راشکاویترین زانیاری، کە ستاتووسی بەگزادە روون بکەنەوە، دەربارەی تیرەی ئێلیتاریی خێڵی جافن. لە چوار چێوەی ئەم بنەماڵەیەدا، ئەوەی لێکۆڵەرەوان بە بنەماڵەیەکی مەلەکی ناویان بردووە (۱٦٢، ۳٦؛ ۱٦٧، ۸۰)، دابەشکردن و گۆڕینی دەسەڵاتی بەرزی خێڵەتی روویدەدا و هەر لەناو لقەکانی خۆشیدا دەسەڵات دەگوێزرایەوە. ستاتووسی بەرزی نیمچە مەلەکیی تەواوی خانەوادەی بەگزادەی گرتبووەوە و جافەکان خۆیان بە تابیعی سەرانی خێڵ نەدەزانی، بەڵکو بە هی تەواوی خانەوادەی فەرمانڕەوا (۱٦٢، ٤۱). بەهەمان چەشنی دەسەڵاتی میرەکان، دەوری سەر باشقەی بەگزادە لە ناو خێلەکاندا بووبوو بە فاکتێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، نەهی قانوونی، وەکو بڵێی پلەی بەرزیان (بەرەکەتی خوا) بێت و قسەی لەسەر نەبێت.

خاڵی گرینگ لە باسی بەگزادەی خێڵی جافدا ئەوەیە کە نووسەران ئاماژەیان بۆ کردووە سەبارەت بەوەی بنەماڵەی بەگەکان دەعوای رەسەنی هاوبەشی نەکردووە لەگەڵ بەشەکانی تری خێڵداو یەکێک لە نەوەکانی پێغەمبەر بووە بە سەرچاوەی شەجەرەی ئەم بنەماڵەیە (۱٧۳، ۱٤٥). داننان بە خزمایەتیی بەخوێن لە نێوان هەموو ئەندامانی خێڵدا، با ئەو خزمایەتییە هەڵبەستراویش بووبێت و لە رەوشێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی کۆنتریشەوە

هاتبێت، بوو بە بنەمایەکی ئیدیۆلۆگی بۆ یەکێتیی خێڵەتی. جۆرە تراوێلکەیەک سەبارەت بە بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەندامانی ئاسایی و سەرانی خێڵ خۆی پاراستبوو. دیارە کە لە ناو جافەکاندا یەکێتیی خێڵەتییان لە جیاوازیی کۆمەڵایەتیدا تواببووەوە و ئیدیای رەسەنی هاوبەش جێگەی چۆڵکرد بۆ فیکرەی پەرت و بڵاوی هەمیشەیی و تێکەڵ بەیەک نەبوونی دوو چینی سەرەکی: چینی فیوداڵەکان کە شێوازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی سیاسی لە چەنگ خۆیدا کۆکردبووەوە، چینی بەرهەمهێنەریش – ئاژەڵ بەخێوکەر و جووتیارەکان. سەرکردەی جافەکان پشتی بەهێزێکی واقیعییەوە بەستبوو وەکو هێزی پاسەوانی کە لە هەموو بەشەکانی خێڵەوە هەڵدەبژێردران، نەک بە فیکرەی رەسەنی هاوبەشەوە (١٦٢، ٣٩).

تیرەی ئێلیتاریی بەگزادەکانی جاف زەویدارەگەورەکان، سەرکردە جەنگییەکان و خەڵکی پایەداری دەگرتنەخۆ. بەگزادەکان لە هەموو شوێنێک زەوییان هەبوو، هەر لە چیاکانی هەورامانەوە تا چیای حەمرین، بەتایبەتیش لە دۆڵی شارەزوور. لە ناوچەی هەڵەبجەدا، کە بابانەکان بەجافەکانیان بەخشیبوو، ئەندامانی خانەوادەی سەرکردە خاوەنی نزیکەی هەموو زەوییەکان بوون (٢٠٣، ٢٣١ – ١٧٣، ١٤١– ١٦٢، ١٤).

ئەمانە بەشێوەیەکی سنووردار بەشدارییان لە ژیانی کۆچەریدا کردووە، تەنانەت لەو کاتانەشداکە بەشی هەرەزۆری خێڵەکە کۆچی کردووە ئەمانە بە جۆرێکی سەرەکی لە ناو کۆشک و قەڵای خۆیان لەسەر کەناری دیالادا ژیاون.

گەلێ لە خانەوادەی نەجیبزادە خێڵەتییەکان خۆیان بردووەتەوە سەر رەچەڵەکی (بێگانە)، بەگزادەکانی جافیش لە مەدا ریزپەڕ نەبووین (١٧٣، ١٤٥).

ئێلیتای خێڵەتی توێژاڵێکی کۆمەڵایەتی پێکهێنابوو و لە ئەندامانی تری خێڵەکەوە تا بڵێی دابڕابوو. رێکخراوی خێڵەتیی بەشێکی کۆمەڵگای کوردی بەتەواوی دەکەوتە نێو ستورکتوری فیۆداڵییەوە و توخمێکی گرینگی ئەو ستروکتورەیە بوو و هەرگیز پاشماوەی قۆناغی کۆمەڵگای بێ چین نییە کە لە هەموو ماوەی مێژووی کوردیدا مابێتەوە – هەرچەندە ئەم جۆرە بۆچوونە دەربارەی جێگەی خێڵ لە ناو ستروکتوری دەرەبەگایەتیدا یەکجار بڵاوە. خێڵە گەورە و یەکێتییە خێڵەتییەکان وەکو تەرکیبێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی خۆیان دەنواند و تێیدا خەیاڵی رەسەنی هاوبەش بە پلەی یەکەم نەدەهات، بەڵکو واقیعی جیاوازی و پەرت و بڵاویی چینایەتی و دابەشبوونی خێڵ بەسەر دوو توخمدا – یەکێکیان مافێکی قسە لێ نەکراوی دەسەڵاتداریەتی و حوکمکردنی ئەوەی تری هەبوو.

هێز و وزەی سیاسیی نەجیبزادەی خێڵە کوردییەکان گەلێ گەورەبوو. گرووپە

کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانەی ئێمە بەشێوەیەکی مەرجدارانە بە میران و بەگزادە ناومان بردوون، تا کۆتایی حوکمڕانیی بنەماڵەکانی ئەردەلان و بابان بانی هەرە بەرزی ستورکتوری کۆمەڵایەتی – چینایەتیی میرنشینەکانیان گرتبوو و بەشێوەی توێژاڵی تەسکی تیرەی فەرمانڕەوا دروستبووبوون. دوو توێژاڵی تری چینی دەسەڵاتدار توند بەمانەوە لکابوون – نوێنەرانی پلە و پایەدارانی بەرز و سەرانی دەزگای ڕوحیی ئیسلامی.

## دەزگای جەنگی - ئیداری

وەکو لە سەرەوەدا ئاماژەی بۆ کرا، سیمایەکی توێژاڵی پایەدارانی بەرز لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا ئەوەبوو کە بە ڕوونی دابەش نەبووبوو بەسەر دوو گرووپەی سەرەکی – جەنگی و ئیداری، وەکو چۆن ژیانی سیاسی لە ئێران لە ماوەی چەندەها سەدەدا بریتی بووە لە زۆرانبازی لە نێوان ئەم دوو گرووپەدا. لە کۆمەڵگای کوردیدا دەکرێ بڵێین جەنگی و ئیداری لێک جیا نەبوون، لە میرنشینەکاندا بیرۆکراتیای جەنگی پەرەی تەواوی خۆیی نەسەند، بەڵکو لەوێ شوهرەت (ناوبانگ) زاڵ بوون.

جێ پەنجەی دەزگاکانی بیرۆکراتیی ئێرانی شێلگیرانە خۆی دەگەیاندە میرنشینی ئەردەلان، بەڵام تەنانەت لە فەرمانڕەوایەتیی دوانوێنەرانی بنەماڵەی ئەردەلانیش جێگای خۆیی هەر نەگرت. نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشی ئەمە دەتوانین لە گێڕانەوەی چارەنووسی میرزا ڕەزا عەلی دا هەڵێنجین، ئەوەی کە بوو بە دیوان بەگی کوردستان – دوای ئەوەی ناسیرئەلدین شا ساڵی ١٢٧٥/ ١٨٥٨ – ١٨٥٩ (دیوانخانەی عەدالەت)ی دامەزراند. ئەم فەرمانبەرە نوێیە، کە بە ویست و ڕەزامەندیی شا خۆی دامەزرا بوو، کوردێکی ناوچەکە بوو و نازناوی (نائب ئەلوەزیر)ی پێدرابوو (١٢٠، ٨٤)، ئەم سەر بەسەنتەرەوە بوو و لەوە دەچێ دەسەڵاتێکی باشیشی هەبووبێ و تەمسیلی ئیرادەی شای کردبێ. کەچی لە ڕاستیدا ئەو پلەوپایەی شا بەمیرزا ڕەزا عەلی بەخشیبوون نەک هەر دەسەڵاتەکەیان بۆ دابین نەکرد، بەڵکو زامینی سەلامەتیی خۆی و خێزانی و موڵک و سەروەتیشی نەبوون.

ئەمانەڵلای دووەم، کە خۆیی ناونابوو غوڵام شاه خان (واتە کویلەی شا) فەرمانی دا دیوان بەگی تازە دروستکراو و کوڕەکەی بخرێنە زیندان، لەوێش سووکایەتییان پێکرا و ئەشکەنجە دران (١٢٠، ٨٥ – ٨٦)، ماڵەکەشی تاڵان کرا و هەموو ئەوەی تۆزە نرخێکی هەبوو بردرا، تەنانەت پەنجەرە و دەرگاکانیش دەرکێشران. هەموو دەکومێنتەکانیشیان بردن و تەنانەت فەرمانی شا کە تێیدا ناوی میرزا ڕەزا عەلی نووسرابوو ناوەکەیان سڕییەوە و هی تریان لە جێگای نووسی.

هۆی ئەو دەردەی بەسەر میرزا رەزا عەلی و نەوەکانی هات لە هەڵوێستی عەلی ئەکبەر خان سادیق ئەلمولک، نووسەری (حەدیقەی ناسرییە)، دابوو بەرامبەر بە میرزا رەزا عەلی ئەکبەر خان باوەڕپێکراوی ئەمانەڵلاخان بوو و لە رادەبەدەر سوودی لەو پلەیەی خۆیەوە وەرگرت (١٢٠، ٨٥، ١٠٣). تەنانەت ئەگەر ئەو گلەییانەی لە عەلی ئەکبەرخانیش دەکرێن راست بن، ئەوا هۆی جێگیر نەبوونی پلەی دیوان- بەگ لەبەر پێوەندیی کەسایەتیی لەگەڵ والی و دەوروبەرەکەیدا نەبووە، بەڵکو لەوەدابووە کە سیستێمی ئۆرگانیی(*) ئیمارەت ستروکتوری بیرۆکراتیی ئێرانی قەبووڵ نەکرد. ستروکتورەکە دواتر چەسپا، کاتێک پارێزەرێکی فەرمانبەر لە تارانەوە هاتە جێگەی میری کوردی.

لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا ئەو پلەوپایە فەرمانبەرایەتییە نەبووین کە لەناو چینی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێراندا گرووپە خەڵکیان دورست کردبوون (١٤٧، ١٩٢). لەوێ، لەجیاتی پلە و پایەی فەرمانبەرایەتی پلەوپایەی پێوەندیی کەسایەتی، یان پێوەندیی تابیعەت هەبوو. لە کۆمەڵگای کوردیدا کاربەدەستبوون خۆی لە خۆیدا دەوری پلەو پایەی کۆمەڵایەتیی نەدەبینی.

دەسەڵاتی راستەقینە، کە بە کاربەدەستبوونەوە بەسترابێتەوە، بە بۆچوونی ف. بارت، لەسەر شوهرەتی ئەو کەسانەوە وەستابوو کە کاربەدەست بوون (١٦٢، ٩٨).

بۆچوونە سۆسیۆلۆگییەکانی ف. بارت بێگومان سەرنج راکێشن، بەڵام پێویستیشیان بە تەواوکردن هەیە. پلەی کاربەدەستی لە کۆمەڵگای کوردیدا یەکسەر ستاتووسی کۆمەڵایەتی دروست نەدەکرد، بەڵام هەر دەچووە ناو ئەو ستاتووسەوە وەکو یەکێک لە توخمەکانی. کاربەدەستی رێگەی بۆ بەرزبوونەوە خۆش دەکرد، بەڵام بە مەرجێ خێڵ یان خانەوادەیەک پشتگیریی کردبایە، نموونەیەکی روونی ئەمەش خانەوادەی وەزیرانە لە میرنشینی ئەردەلاندا.

لەم بوارە کۆمەڵایەتییەدا زنجیرەیەک لە خەڵک و خانەوادەی تازە بەرچاو دەکەون. بەڵام لە ڕاستیدا توانای بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتی بەکەمترین رادە بوو – بەرزبوونەوەکە زیاتر ئیحتیمال بوو، لەوەی واقیع بێت. خانەوادەی وەزیرانی ئەردەلانی هەر لە دەرەوەی نازناوەکانی ئێلیتاریدا مایەوە و لە هەموو ماوەی کاربەدەستبوونی وەزیرایەتیدا یەک هەنگاو لەم رووەوە بەرەوپێش نەچوو.

سەرکەوتن لە هەوڵدان بۆ چوونە ناو دەقی گینیالۆگیاکانەوە تەنیا بۆ دەزگا جەنگی – ئیداری و بۆ پیاوانی ئاینی بەرزی ئیسلام رەخسابوو.

(*) ئۆرگانی – عضوی جەستەیی – و.

## دەزگای ئاینی

بواری ئاینی و پیاوە ئاینییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردستاندا جێگەیەکی ئەوەندە گرینگیان گرتبوو کە لە هەموو مێژووی میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان بەشێکی گەورەی چینی دەسەڵاتداری دەربەگە کوردەکانیان پێکهێنابوو و جێگای یەکەمیان تەنیا بۆ نەوەی نەجیبزادەکان چۆڵ کرد بوو. ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی بەناوی خزمەتگوزاریی ئاینی ئیسلامی ناسراو بەهۆی ئەوەی لە ئیسلامدا، هەر لەسەرەتاوە، لاهوت و شەریعەت و پەروەردە کردن، دەسەڵاتی دنیایی و روحی لێک جیانەکراونەتەوە، بۆیە گرووپەیەکی موتەجانیس نییە.

لە ستروکتوری کۆمەڵایەتیی میرنشینانی ئەردەلان و بابان و لە هەموو کوردستاندا گەلێ بەزەقی دیارە کە لاهوت، دادگایی، پەروەردەکردن و ئیرشادی روحی توونډ تێکەڵ بەیەک بووین و لێک ناکرێنەوە. هەڵوێستی کۆمەڵایەتیی ئەو کەسانەی لە بواری ئاینیدا باڵا دەست بوون، لە راستیدا شێوەیەکی فێڵبازانەی وابووە کە دەبوو خەڵکی هەندێک یان هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تیا بووایە و ئەمەش بەرادەیەک سیمای گەلێ لە ناودارانی ئیسلامیی کوردستانە کە ستاتوسی خۆیان هەبووە. بۆ نموونەش نووسەری یەکەمین خرۆنیکای ئەردەلانی، ئەوەی تائێستا بیزانین، دێنینەوە محەمەد شەریف کە پێیان دەگوت قازی یان مەلا، یان هەردووکیان پێکەوە (بروانە – ٢٥، ٦، ١٦، ٥٢، ٨٩، ١١٨).

لە کوردستاندا وەکو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا، ناودارانی لاهوت، دادگا. فێرکردن و ئیرشادی دینی پێیان دەگوترا عولەما (لە وشەی عەرەبییەوە – عالم واتە زانا)... – دەبوایە هەمیشە بەشداری بکەن لە کۆبوونەوەکانی فەرمانڕەوایانی ئەردەلانیدا سەبارەت بە مەسەلەکانی شەڕ و ئاشتی (٢٥، ١٠، ١٤، ٤٩)و بەگوێرەی مێژوونووسانی ناوچەکە، میرەکان (بەهەمان شێوەی باوک و باپیرانیان) هەمیشە کاتی خۆیان لەگەڵ (عولەما و رۆشنبیران)دا بردووەتە سەر، تەنانەت لە سەردەمی شەڕیشدا میرانی ئەردەلان و بابان مزگەوت و مەدرەسە دروستکردنیان لەبیرنەکردووە، کە زاناکان تیایاندا دەرسی ئیسلامییان دەگوتەوە. (٢٥، ٢٨). بنیاتنەری شاری سنە، سولەیمان خان، لە یەک کاتدا مزگەوت و مەدرەسەی لەگەڵ کۆشکی میردا پێکەوە دروست کردوون. تەنانەت خانە پاشای بابانیش، کە ماوەیەک لە سەر تەختی ئەردەلانی دانیشت، بەپەلە مینارەیەک و مەدرەسەیەکی دروست کردن بۆ ئەوەی دڵسۆزیی خۆیی بۆ ئاینی ئیسلامی نیشان بدات. (٢٥، ٥١، ٧٢).

له پراکتیدا نیشاندانی ئاین پەروەری و ڕێزلێنان له ناودارانی ئاینی شێوازێک بوو بۆ بەکارهێنانی عولەماکان لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئەردەلانییەوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و تەنیاش ئەو کاتە بەقسەیان دەکردن کاتێک ئامۆژگارییەکانیان بگونجایە لەگەڵ ئیرادەی میردا. ئەوەبوو حەسەن عەلی خان بایەخێکی نەدا بە (ئامۆژگاری و پێداگرتنی پیرانی بێ وێنە) (٢٥، ٩٤). زیاد لەوەش، لە خرۆنیکایانی ئەردەلانییەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی ناودارانی ئاینیی لە میرنشینانی ئەردەلان و بابان دا گەرەنتییەکی بەهێز نەبووین بۆ سەلامەتی خودی خۆشیان.

هەڵۆ خان ئەردەلانی فەرمانی کوشتنی مەلا یاقوب (باپیرە گەورەی مەلا عەباس شەیخولئیسلام)ی دابوو و فەرمانەکەی تەنیا لەبەر ئەوە جێبەجێ نەکرا چونکە خان ئەحمەد خان لە جێگەی باوکی، واتە هەڵۆخان، بووبوو بە فەرمانڕەوا. گێڕانەوەی ئەم ڕزگاربوونە بەختەوەرانە لای هەموو مێژوونووسانی ئەردەلانی هەیە، ئەم ڕووداوە تەنانەت بووبوو بە پەندیش (٢٢، ٩٤). ئیشارەت کراوە بۆ کوشتنی زۆردارانەی مەلا مستەفا شیخولئیسلامیش، باوکی مێژوونووس مەلا محەمەد شەریف قازی. لە شەڕی تورک و بابان لەگەڵ نادر شادا مەلا عەبدولکەریم قازی کوژرا. لە شەڕی نێوان بابان و ئەردەلانیشدا شێخ عەلی بەگ کوژرا (٢٥، ٧٤، ١٩٠، ٢١٢). لە کاتی شەڕ و جەنگدا مزگەوت و مەدرەسەکان دەبوون بە (ئاخوڕ بۆ ئەسپی جەنگاوەران و سەرا بۆ ئەو هێزانەی "تێنووی" تۆڵەسەندنەوە بوون). ئەمانەڵلا خانی ئەردەلان، بەبێ ئەوەی پرس بە کەسێک بکات، مینارە و مەدرەسەی خانە پاشای بابان لە سنە دروستی کردبوون رووخاند و شوێنەکەی کرد بە باغ (٢٥، ٧٢، ٩٨).

ئەم فاکتانەی سەبارەت بە ڕێزنەگرتنێکی تەواوی ئاینداران و سیمبۆلەکانی ئیسلامی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسایی نین و ڕێزپەڕن و بەستراونەتەوە بەدەوری چالاکانەی ناودارانی ئاینی لە خەباتی سیاسیدا. ئیدیۆلۆگیا هەمیشە وەکو چەکێک لە پاڵ چەکی جەنگدا بەکار هاتووە. نموونەی پڕ بەپێستی ئەمەش ڕووداوەکانی ناوەڕاستی سەدەی هەژدە بوون کە لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم کوردستانیدا هاتوون و تیایاندا بەشدار بووە گرینگەکانیان مەلا مستەفای شیخولئیسلام و شێخ محەمەد واسیم بووین (٢٥، ٩٧ –٩٩).

بەشێوەی جیاواز دەستنیشانی گرووپە خەڵکی خاوەن ستاتووس دەکرێن لە بواری ئیسلامیدا. بەلای ف. بارتەوە (١٦٢، ٨١) دەروێش، شێخ، سەید، مەلاو حاجی خەڵکانی هەرە ناوداری ئیسلامیین لە کوردستاندا. هەرچی نەخشەکەی م.م.کان بروینسون. کە تێیدا سەید، موفتی، قازی، مەلاو شێخی دیاریکردوون (١٦٧، ٢٥٤ – ٢٥٨)، کەچی لەمەدا

ئاڵقەی هەرە گرینگ – مودەریس بزرە.

ئینستیتووتی (خەڵکی بنەماڵەی محەمەدی) یان سەیدەکان، لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا هەبوو. لە کاتی ژماردنی کەسایەتییە ڕێزدارەکانی ئیسلامی لە نووسینە مێژووییەکانی ئەردەلانیدا سەیدەکان، کە بە ئامادەبوونیان چرکە ساتێکی ئاهەنگ ئامێز دادەهات، جێگەی یەکەمیان پێدراوە. لە (حەدیقەی ناسرییە) دا هاتووە کە (سەید، عولەما و شێخەکان بۆ پێشوازیی خانە پاشای بابان چوون و لەگەڵیدا بۆ سنە گەڕانەوە) (٣٠، بڕگە ١٢٦).

لە ئەردەلاندا ١٢خانەوادەی سەیدان هەبووە (١٥٠، II، ٣١)، بەڵام دەتوانین سەرنج بدەین کە لەمانە، بەلای کەمەوە، چوار خانەوادە سەربە (نەوەکانی حەسەن و حوسێن) بوون و مەرکەزی ئاینییان هەبووە. خۆ لە قەڵەمدان بە (خەڵکی بنەماڵەی محەمەد) لە کوردستاندا، خۆی لە خۆیدا، ڕێ خۆشکەر نەبوو بۆ چوونە ڕێز ئەرستۆکراتیای ئاینی، وەکو چۆن، بۆ نموونە، لە سەروو و خوارووی عەرابیادا وابوو (١٢٧، ٣١ – ١٣٨، ١٠١). بەڕای م. ڤان بروینسون، لە کوردستاندا خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر و قارەمانانی ئیسلامیدا بەتەنیا بەس نەبوو بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگ و دەسەڵات (١٦٧، ٢٥٦). ف. بارت بەگشتی (خەڵکانی ئاینی گەڕۆک) کە بانگاشەی خزمایەتییان لەگەڵ محەمەد دەدا (ئەمانە بەگوندان‌دا دەگەڕان، نووشتەیان دەفرۆشت و بەختیان دەخوێندەوە) وایان نیشان دەدا کە (ستاتووسێکی نزمیان هەبوو) (١٦٢، ٩١–٩٢).

ئەم بۆچوونەی ف. بارت لەوە دەچێ، ڕەنگدانەوەی ڕەوشی ئاینی ئێستا بێت لە کوردستانی خوارووا. س. ج. ئیدمۆندز کە باسی ساڵانی ئەم سەدەیە(*) دەکات جێگەی دووەمی، لەدوای شێخەکان، داوە بە (خەڵکی بنەماڵەی محەمەد... لەبەر ناوبانگی ئاینییان) (١٧٣، ٣٩، ٥٩)، بەڵام ئەم نموونەیەی ئەم هێناویەتەوە سەبارەت بەسەیدایەتیی (پاکی) سەید محەمەد جەباری کە (ملکەچبوونی تەواوی خەڵکی گوندی) بۆ دابین کردبوو و خۆیی لەقەرەی (مەرکەزی سەرانی خێڵەتی هەندێ ناوداران) دەدا، لە کتێبەکەیدا ئەمە تاقە نموونەیەکە. ئەوەی بایەخێکی زۆریشی هەیە، بێگومان ئەوەیە کە یاریدەی سەید محەمەد جەباری داوە بۆ دەستگیرکردنی ئەم ستاتووسەی س. ئیدمۆندز باسی کردووە، هەروەها ئەوەش کە سەید یەکێک لەلایەنگیرە دڵسۆزەکانی شێخ مەحموود بووە.

ئینستیتوونی سەید لە کوردستاندا زۆر بەفراوانی بڵاوبووەوە و دەوری توخمێکی ستاتووسی کۆمەڵایەتی وەرگرت بۆ کەسایەتی ئاینی. بەتایبەتیش گەلێ جاران، وەکو

(*) مەبەستی سەدەی بیستە – و.

لەخوارەوەدا دەبینین، شێخەکان پەنایان بردووەتە بەر سەیدان بۆ بەهێز کردنی ناوبانگی خۆیان بەحسێب هەڵگری (بەهرەیەکی) خوایی تایبەتێن و باوەڕیان بەکەرامەتیان لا هەبووە، ئیدیعاکردنی خزمایەتیی کۆن لەگەڵ پێغەمبەر دا یاریدەی شێخەکانی دەدا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان و بوو بە بنەمایەکی ئیدیۆلۆگی بۆ ئەو پلە و ناوبانگەی وەریانگرتبوو.

بۆچوونی هەڵەی ف. بارت سەبارەت بە وەکویەکبوونی زاراوەکانی (سەید) و (شێخ) لە کۆمەڵگای کوردیدا کە، بەڕای ئەو بەکاردێن بۆ خۆبردنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (١٦٢، ٨٩)، بەڕای ئێمە، ئەو هەڵەیە بۆ هەر ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە شێخە ناودارەکانی کوردستان پەنایان بردووەتە بەر سەیدان. پەنابردنە بەر ئینستیتووتی سەید بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەڵوێستی تەنیا شێخەکان نەبووە، بەڵکو تیرەی بەگزادەدکانیش وایانکردووە ئەگەرچی وا زۆر نا، خانەوادەی بەگزادە جافەکان ئیدیعای خزمایەتیی کردووە لەگەڵ پێغەمبەر دا. بەڵام نازناوی سەید لە شەجەرەکەدا تەنیا یەک جار، ئەویش لە بنەچەکەدا، پەیابووە. جێبەجێکردنی ئەرکەکانی موفتی و قازی، کە بریتیبوون لە پاراستن و پەرەپێدانی زاکۆنەکانی ئاینی، سەربەخۆیی تەواوی بۆ دابینکرد بوون، بەڵام لە واقیعدا حاکمی باڵای میرنشینی فەرمانڕەوا و خێڵەتییەکان خۆیان بوون. ئەمەش بەلای م.م. ڤان بروینسونەوە سیمایەکی گشتیی رەوشی هەموو کوردستانە (١٦٧، ٢٥٧)، کە موفتی و قازی دەگمەن دەوری باڵایان لە پرۆسە سیاسییەکاندا بینیوە. هەروەها ستاتووسی مەلاش لە وڵاتی کوردانذا دەروازەی بۆ سیاسەتی باڵا نەخستووەتە سەر گازی پشت (١٦٧، ٢٥٨)، کە تاقە ستاتووسێکی ئاینییە شوبهەتی لەگەڵ خزمەتگوزارانی مەسیحیدا هەیە.

جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قازی و موفتییەکانی ئەردەلان لەماوەی چوار سەدەدا پاوانی خانەوادەی مەوالی بوون (١٥٠، ٢، ٢٦) کە یەکێک لەم خانەوادەیە دانەری (زوبدەت ئەل – تەواریخی سەنەندەجی) بوو و، بەلای کەمیشەوە، چوار لە نووسەرانی خرۆنیکایانی درەنگتریش. یەکەمین نوێنەرانی ئەم خانەوادەیە، لە نەوەکانی مەلا حوسێن، قازی بوون لە قەڵای پایتەختی ئەردەلانییاندا– حەسەن ئاباد. پێنج پلە و پایەداران لەناو ستاتووسی کۆمەڵایەتی خانەوادەکەدا توند تێکەڵ بەیەکدی بووبوون – قازییە میراتگرەکان، موفتی، مودەریس، مەلا و مێژوونووسانی کۆشک. ساڵی ١١٦٠ / ١٧٤٧ مەلا مستەفا، کوڕی مەلا عەبدولکەریمی قازی، نازناوی رێزداری شێخ ئەل – ئیسلامی پێبەخشرا کە تاکو ئێستاش نازناوی بنەماڵەکەیەتی.

بەم جۆرە، هەوڵدان بۆ چوونە ناو ریزەکانی تیتوڵ و نازناوی خانەوادەیی، کە لەسەرەوە باسکرا، سیمای ژیانی کۆمەڵایەتییە لە نهۆمە هەرەبەرزەکانی کۆمەڵگای کوردی و لە ئاستی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتییانەشدا رەنگی دایەوە کە باسیان لێوە کرا.

کۆبوونەوەی پێنج پلەوپایە لەناو ستاتووسی یەک خانەوادەدا جێگەی بەرزی دیاریکردووە لەناو ستروکتوری کۆمەڵایەتیی ئەردەڵاندا. تیرەی مەوالی لە ئەردەڵان، کە لەماوەی چەند سەدەی مێژووی میرنشینیدا دام و دەزگای بەرزی ئیسلامی «قادری» دانا، دەورێکی چالاکانەی لە ژیانی سیاسیدا گێڕاوە. لەسەر لاپەڕەکانی خرۆنیکا ئەردەڵانییەکاندا بەرچاومان دەکەوێ کە نوێنەرانی خانەوادەی مەوالی لە کۆمیتەی نەجیبزادان هەبووین، ئەو کۆمیتەیەی میرەکان کۆیاندەکردەوە بۆ وەرگرتنی بڕیاری گرینگ. ئەمانە ئەندامی هەمیشە و رێزداری ئەم کۆمیتەیە بووین و دەنگەکانیان بایەخداربووین، کاری وا بەمانە دەسپێردرا کە پێویستی بە بەهرەیەکی دیبلۆماسی هەبێ – گفتوگۆ کردن لەگەڵ دوژمناندا...، سەردانی سەرۆک دەوڵەتان، تەزکیە کردن ( ٢٥، ٩٧، ٩٨، ١٤٧، ١٦٣). نوێنەرانی ئەم خانەوادەیە منداڵی میرانیان فێردەکردن و دەبوون بە مورشیدی دینییان (٢٥، ١٦٣)، ئەم نزیکایەتیەشیان لەماڵی ئەردەلانیانەوە سیمایەکی نارەسمییانەی هەبوو. ئەم پێوەندییە بە هێزەی خانەوادەی مەوالی بە ئەردەلانییانەوە رێگەی ئەوەی لێ نەگرتبوون کە لە چرکەساتە سیاسییە سەختەکاندا هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن و تەنانەت هەندێ جاران لایەنگیریی بابەنەکانیش بکەن (٢٥، ٧٢، ٧٤). مەلا عەبدولکەریم قازی چالاکانە سەر بەعوسمانی و بابانەکان بوو و چەک بەدەستەوە دڵسوزیی خۆیی بۆ سەلماندن و تەنانەت لە شەڕێکدا ژیانی خۆشی بۆ بەخت کردن.

خانەوادەی مەوالی بەشدارییەکی چالاکانەشی کرد لەو پێکدادانە ناوخۆییەی ئەردەلانییەکان لەسەر دەسەڵات، ئەوەی بوو بە پێشەکییەک بۆ رووخانی بنەماڵەکە (بڕوانە – ٢٥، ١٩٢، ١٩٥، ٢١٢). هەموو ئەوە رێگەمان نادات بە تەواوی پشتگیریی بۆچوونی م. بروینسون بکەین سەبارەت بە پلەی کەم بایەخی موفتی، قازی، و مەلا. بەڵام، ئەوەش گومانی لەسەر نییە کە بۆ ئەوەی خانەوادەی مەوالیی ئەردەلان ئەو مەرکەزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی وەدەست هێنایە دەبوایە ئەو پێنج پلەوپایەی ئیشارەتیان بۆ کراوە لەناو ستاتووسی کۆمەڵایەتیی خانەوادەکەدا یەک بگرن تا دەسەڵاتەکەیی دابین بکەن.

لەناو خەڵکانی ئاینی ئیسلامیدا، کە لە کوردستاندا یەکێک لە گرینگترین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان جێبەجێ کردبێ – ئەرکی رێبەرایەتیی ئیدیۆلۆگی. دەکرێ دوو گروپە دیاری بکرێن، یەکەمیان لە نێو قەوارەی ئیسلامی شەرعیدا کاری دەکرد و پیاوانی ئاینی

ئۆرتۆدوکسال نوێنەرایەتییان دەکرد، وەکو – موفتی، قازی مەلا، ئیمامی مزگەوت، واعیز و مودەریس. گروپەی دووەمیش پێکهاتبوو لە خەڵکانی ئیسلامیی نەتەوەیی (١٦٤، ٤٧٥)، ئەوەی کە شان بەشانی ئیسلامی شەرعی پەیابوو و گەشەی سەند بەشێوەی ڕێبازی دەروێشی و بەناوێکی گشتی – سۆفیزم – ناوی دەرکرد. ئەم گروپەیەی پیاوانی ئاینی ئیسلامی پشتی بە ئینستیتووتی ئیرشادی روحی بەستبوو.

سۆفیزم، بەڕای ت. بوا، سەدەی دوازدە لە کوردستاندا پەیدا بوو( ١٦٤، ٤٧٥). ئەم ڕێبازە لەوێ هەلومەرجێکی یەکجار لەباری بۆ رەخسا بۆ بڵاوبوونەوەی و یەکسەریش توانی جەماوەرانی خەڵک کۆبکاتەوە، دەروێشەکانی زوو بە جۆرێکی سەرەکی خەریکی ژیانی نهێنی بوون، روویان لە خوا و لە حەقیقەت کردبوو و دەوری ئاڵقەی نێوەڕاستیان دەبینی لەنێوان خواوەند و پەیڕەوەکەرانیدا.

دەروێش – مامۆستا، کە بە شێخ، پیر یان مورشید نێو دەبرا، وردە وردە خۆیی بوو بە بابەتی پەرستن و لەبەر چاوی پەیڕەوکەر – قوتابیانییەوە خاوەنی هێزی ئاسا بەدەرو پیرۆز بوو. ڕۆڵی مرۆی ئاینی، ئەوەی بەهۆی داهێنانی کەراماتی هەبوو، یەکێک بوو لەناو کۆمەڵی دەورە کۆمەڵایەتییەکان و شێخە مەزنەکانی کورد گرتبوویانە دەست و ئەنجامیان دەدا وەکو ڕۆڵێکی سەرەکی ( ١٦٢. ٦٣. ٦٤؛ ١٦٧، ٢٥٨). ئەگەرچی لە رووی تیۆرییەوە کەرامەت، بەقسەی س. ج. ئیدمۆندز، ئیجباری نەبوو و تەنانەت لەناو بەهرەکانی مورشیدیشدا ئارەزوومەند نەبوو، بەڵام لە واقیعدا ناوبانگی ئەو بەرادەیەکی زۆر وەستابوو لەسەر «تاچەند دەتوانن بۆ خەڵکی بسەلمێنن کەوا خۆی خاوەن کەراماتە» ( ١٧٣. ٧٤). لەم رووەوە، لە کوردستاندا لە هەمووی بایەخدارتر ئەو بەهرەیە بوو کە دەدرایە پاڵ هەندێ لە شێخەکان گوایە دەتوانن گوللەبەند دروست بکەن.

دڵسۆزیی بێسنووری موریدان بۆ مورشیدەکانیان، یارمەتییەکی مادیی یەکجار هەست پێکراو بوو بۆ دەسەڵاتی ڕۆحیی شێخ و بنچینەی ئەوەی بۆ دەرەخساند کە نەک هەر ببێت بە ڕێبەرێکی ئیدیۆلۆگی، بەڵکو ببێت بە سەرکردەیەکی سیاسیش. گوێ رایەڵبوونی موریدان، دەبووایە کوێرانە و بێ قسە لێکردن بێت.

باوەڕی لەرادەبەدەری موریدان بەمورشیدی روحییان ئەو گێرانەوەیەی ک.ج. ریچ نیشانی دەدا دەربارەی گفتوگۆیەکی لەگەڵ مورديدی یەکێک لە دەروێشە ناودارەکاندا، موریدەکە گومانی لەوە نەکردووە کە دەروێش (واتا مورشیدەکەی– ر.م.) توانای هەبووە لە هاودەمەکەی بگات بەهەر زمانێک قسەی کردبایەو سەری لە هەموو زانستێک دەرکردووە. موریدەکە گوتوویەتی: « زیاد لەوەش، ئەو دەزانێ ئێوە بیر لە چی دەکەنەوە، ئەگەر نیازی

پرسیارکردنێکتان هەبێت، ئەو یەکسەر وەڵامیان دەداتەوە بەبێ ئەوەی ئێوە قسەیەک بکەن، ئەم ئەوەش دەزانێ کە ئێمە ئێستاکە باسی ئەو دەکەین» (٥١، I، ١٤١).

بەشی خێڵەتیی کۆمەڵگای کوردی، کە تاکۆتایی سەدەی نۆزدە گەلێ لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیانی کوردانی دارشتبوو، هەروەها لەئارادابوونی شەڕو پێکدادانی نێو خێڵەتی هەلومەرجێکی یەکجار لەباریان رەخساندبوو بۆ چالاکیی سیاسیی شێخەکان کە هەمیشە لە دەرەوەی ستروکتوری خێڵەتی بووین و دەوری ناوبژیکەری ئیدیالیان بینیوە لە چارەسەرکردنی پێکدادانەکاندا، پرۆسە سیاسییە خێڵەتییەکان، بەگوێرەی م. ڤان بروینسون، هەروەکو مولکێکی رەهای شێخەکان مانەوە ( ١٦٧، ٢٥٧) – تەریقە دەروێشییەکان لە کوردستاندا تاقە رێکخراوەیەک بوون کە هەموو تخووبە خێڵەتییەکانیان بڕیبوون، ئەم رێکخراوەیە هیچ سنوورێکی بۆ نەبوو، نە هی سیاسی کە وڵاتی کوردانی لەت کردبوو، نە هی کۆمەڵایەتیش.

موریدەکان لە توێژاڵە کۆمەڵایەتییە نزمەکانەوە هاتبوون و دەبوایە لە ڕادەبەدەر گوێڕایەڵ بن. وا دیارە ئەندامانی بنەماڵە فەرمانڕەواکان نەدەبوون بە مورید، بەوەندە وازیان دەهێنا کە دەبوون بە مەنسووب یان پەیڕەوکەر و شێخیان بە مامۆستای خۆیان داناوە و دانیان ناوە بە زانایەتییان لە بواری ئاینیدا ( ١٨٠، ١٤٢). ئەحمەد پاشای بابان و رەزا قولی خانی ئەردەلانی مەنسووبی شێخ عوسمان سیراجەدین بووین. ( ٢١٤، ٢٦).

م.م. ڤان بروینسون سەرەتای دەوری گەورەی شێخە سۆفییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی – سیاسیی کورداندا بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەباتەوە، بۆ چەرخی گێژاوە و بێ زاکۆنی کە دوای تێکچوونی میرنشینەکان داهات. لە رەوشێکدا، کاتێک ژمارەی پێکدادانە نێو خێڵەتییەکان توند پەرەیسەند شێخەکان لەڕاستیدا گەشانەوە و م.م. ڤان بروینسون ئەم ئەنجامەی بەدەست هێناوە:

لە کاتێکدا جاران هیچ یەکێک لە شێخەکان، بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو، بەپلەی یەکەم سیاسی نەبووە، لەو رۆژگارەوە ئیتر نزیکەی هەموو سەرکردە سیاسییەکان شێخ بووین. یان هەر نەبێ لە بنەماڵەی شێخەکان بووین. ( ١٦٧، ٢٩٢ – ٢٩٣).

ئەم چاودێری کردنە سۆسیۆلۆگییە یەکجار بەنرخەی زانای هۆڵەندی پێویستی بە لێ زێدەکردن و چاکردنەوە هەیە. وا دەردەکەوێ کە لە قۆناغی زووتری مێژووی کورداندا ئەو دەورە سیاسییەی شێخەکان هەبووە. مەسەلەکەش تەنیا و ئەوەندەش لەوەدا نییە کە م. بروینسون ئاماژەی بۆ کردووە گوایە شێخەکان توانیویانە سەرکردە خێڵەتییەکان و پێکدادانەکانیان بەکار بێنن و سوودیان لێ وەرگرن، بەڵکو بەرێگەی ئەمانیشەوە سوودیان

لە سەرجەمی خێڵەکانیش وەرگرتووە( ١٦٧، ٢٩٤).

ئینستـیـتـووتی ئـیـرشـادی روحی، وەکـو لـە دەقی «شـەرەفنامـە»دا دەردەکـەوێ، لە کـوردسـتـاندا لەگـەڵ رەچەڵەکی زۆر لـە بنەمـاڵە فـەرمـانڕەواکـاندا بووە و دەوری پێـبلقـەی کۆمەڵایەتیی بینیوە بۆ گەیشتن بە پلەی نەجیبزادەیی کوردی. هەندێ لەم بنەماڵانە بوون بە فیـۆداڵی دنیایی و تیـتوڵی ئێلیتـاریی کوردیی ئاسـاییان وەرگرت، ئەوانـەی تریش دەسـەڵاتی تیۆکۆاتیی خۆیان پاراست و، وا دیارە، نازناوەکانی شێخ و پیریان لا گەلێ پیرۆز بووە.

پێوەندیی نێوان سـەرکردەی شـێخ یان پیـر و پەیڕەوکـەرانی کـە مـوریدی بوون، بێگومـان گـەلێ بەهێـزتر و لە ڕووی ئـیـدیـۆلۆگـیـشـەوە زۆر چەسـپـاوتر بـووە لە پێـوەندیـی نێـوان فـەرمانڕەوا و تابیعـەکانی کە هیچ بۆیـەیەکی ئاینی بەسـەرەوە نەبووە، ملکەچبوون شێوەی گـوێڕایەڵبـوونێکی تەواو بـۆ مـورشـیـدە روحـیـیـەکـەیی وەرگـرتبـوو و خـزمـەتکردنی باشـی مورشید وەکو رێسایەکی رەفتاری دەروێشانە تەماشادەکرا ( ١٣٥، ٩٣).

مێژووی هەندێ بنەماڵـە فەرمانڕەواکانی کوردی بە ڕوونی نیشان دەدات کە پەڕینەوە لە ئیرشـادی روحـییـەوە بۆ سـەرکـردایەتیی سیاسـی هەمیشـە هـەر روویداوە. دامـەزرێنەرانی بنەمـاڵەی سـەرکردەکـانی خێڵی بەهـێزی میـرداسـی، کە خـاوەنی سێ  ناوچـەی ویلایەتی دیاربەکـر بووە لە کـوردسـتـانی ناوەڕاسـتدا بە، پێـبلقـەکانی دەروێشـیـزمی ئیـسـلامیـدا بەسەرکەوتوون (٣٤، ٤٣، ٤٩٩). سێ کەس لە نوێنەرانی ئەم بنەماڵەیە پیربووین یەکەمیان پیر مـەنسـور «پیـاوێکی خـوایی و خـواترس بوو و کـات ناکـات دەگـەیشت بـەوەحی ئـیـلاهیی نهێنی». شـەو و ڕۆژانی خـۆیی تەرخـان کـردبوون بۆ بانگاشـەکردنی خـەڵکی ئەم وڵاتە بۆ ملکەچبوون و خزمەتکردنی خوا، وازی نەهێنا تا زۆربەی دانیشتوان نەبوون بە گوێڕایەڵ و موریدانی خۆی.

پیـر مـوسـا، کـوڕی پیر مـەنسـور، تەکیـەی دەروێشـی دامـەزراند و زۆر سـەرکـەوتووانە دەسـەڵاتـی خۆیی بڵاوکردەوە و زۆربەی خێڵی میرداس و خەڵکی ناوچەکانی ئەوێ بوون بە مـوریدی ئەو. نـاوبانگی ئـیـرشـادی روحـیی ئەو تا دەهات زیـادی دەکـرد – «نەجـیـبـزادە و خـەڵکی سادەی ئەم ویلایەتە گوارەی ملکەچبوونیان کردە گوێ و عەبای کۆیلەییان خستە سـەر شـان». بۆ نوێنەری دواتری ئەم خانەوادەیە، پیر بەدر، ئیتر زەحمەت نـەبوو کە بەهۆی دڵسـۆزیی مـوریدەکـانیـەوە دەسـەڵاتی دنیـایش بـخـاتـە سـەر دەسـەڵاتە روحـیـیـەکـەیەوە و بەیاریدەی هێـزی عـەشـرەتی مـیـرداسی ناوچە و قـەڵای ئاگـیل بگرێ. دوو نـەوەی تر و کوڕەزاکانی پیر مەنسور، کە ببوون بە میری خێڵی میرداس، ئیتر بە بەگ ناو دەبران، واتە لەناو توێژاڵی بەگزادەدا جێگەی خۆیان گرت (٣٤، ٢٣٧ – ٢٣٩).

دەسەڵاتی فەرمانڕەوای چەمیشگەزەک بۆیەیەکی تیۆکۆاتیی گەلێ دیاری بە خۆوە گرتبوو کە، بەگەواهی شەرەفخانی بەتلیسی، لەهەموو کوردستاندا بەخێڵی گەورە و پەیرەوکەرانی زۆرەوە ناوبانگییان رۆیشتبوو، ناوچەکانیان رووبەرێکی ئەوەندە فراوانیان گرتبوو کە، بەقسەی مێژوونووس، هەم «خاقانە خاوەن شکۆکان» و هەم میللەتی رەش و رووت بە کوردستان ناوی رووبەرەکەیان دەبرد، لەناو کوردەواریشدا کاتێک باسی کوردستانیان دەکرد، مەبەستیان چەمیشگەزەک بووە( ٣٤. ٢٢١).

یەکەمین فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵەیە، کە شەرەفخان ناوی هێناوە، نازناوی شێخی هەبووە و ناوی شێخ حەسەن بووە– ئەم گەلێک سەرکەوتووانە بەرەنگاری تەقەلاکانی بنەماڵەی ئاق – قۆینلۆ بووەوە بۆ « لە ناوبردنی فەرمانڕەوایانی چەمیشگە زەک». کوڕ و کوڕەزای شێخ حەسەن بە بەگ نێو براون، هەرچی نەوەکەیەتی پیر حوسێن بەگ دەسەڵاتی دنیایی تەواوی بەدەست بووە و نازناوی دینی و ئێلیتاری پێکەوە هەڵگرتووە. ئەم جۆرە تێکەڵکردنەی تیتوڵی ئاینی و ئێلیتاری تەنیا لە ناوی سێ فەرمانڕەوای کورددا هەیە کە لە «شەرەفنامە»دا هاتوون، یەکێکیان لە مانە فەرمانڕەوای چەمیشگەزەکی ناوبراوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەدا، ئەو فاکتەش سەرنجڕاکێشە کە هیچ یەکێک لە شازدە کوڕانی پیر حوسێن بەگ لەقەبی ئاینییان نەبووە– سەرلەبەریان بە بەگ نێوبراون (بڕوانە – ٣٤، ٢٢٥).

ئەم جۆرە پەرینەوەیە لە پلەی ئاینییەوە بۆ پلەی سەرکردەی سیاسی و بەپێچەوانەوە[١] تەنیا لە نێو بنەماڵەی فەرمانڕەوای چەمیشگەزەک دا بەرچاو ناکەوێ. یەکێک لە کوڕانی باپیرەگەورەی میرانی سۆران تیتۆڵی شێخی هەبووە (شێخ وەیس) و یەکێکیش لە نەوەکانی ئەو تیتۆڵی پیر (پیر بۆداق). پیر بۆداق وەکو سێ براکەی، کە بەمیر ناویان دەبرا، بوو بە میراتگری ویلایەت و بەهۆی سەرکەوتنەکانییەوە لە شەڕ لەگەڵ قزڵباشەکاندا توانی ناوچەکانی خۆی دووقات فراوان بکات ( ٣٤٣٢٢ – ٣٢٤).

هەر لەم بوارەدا زانیاریی سەرنجڕاکێش هەیە سەبارەت بە مێژووی میرانی خێڵی دومبلی. شەرەفخانی بەتلیسی عیسا بەگ بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە دادەنێ کە لە ناوەکەیڕا دیارە سەربە توێژاڵی بەگزادە بووە یان، هەر نەبێ، بە رەچەڵەک لە بەگەکان بووە. بەڵام نەوەی ئەم کە بە «پلەی بەرز» گەیشت نازناوی شێخ و بەگیشی هەبوو– شێخ

---

(١) پەرینەوە بە ئاسانی لە پلەی ئاینییەوە بۆ پلەی دینایی و پێچەوانەکەشی لە بوارەکانی تری ئیسلامیشدا بەرچاو دەکەوێ. ئێ. بێ. پیترۆسیان ئاماژەی بۆ دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی هەمان جۆر کردووە لە بواری کارکردنی عولەماکاندا (١٣٠. ١٥٢).

ئەحمەد بەگ. دووان لە کوڕانی ئەو نازناوی ئاینییان هەبووە و ئەوەی جێگەی باوکیشی گرتەوە خاوەنی دوو تیتوڵی بوو – شێخ بەهلول بەگ، هەبوو میرانی دواتری خێڵی دومبلی، کە لە «شەرەفنامە»دا باسکراون، بە بەگ نێوبراون ( ٣٤، ٣٥٧).

کارێکی سەختە هۆ و ئاکامەکانی ئەم فاکتانەی سەرەوە بە روونی دیاری بکرێن لە حاڵەتی فەرمانڕەوایانی خێڵی میرداس، میرانی خێڵی مەحمودی( ٣٤، ٣٤٩) و میرانی میافارقین ( ٣٤، ٣١٩). دیارە کە ئینستیتووتی ئیرشادی روحی دەوری پێبلقەی کۆمەڵایەتیی بینیوە و گەیاندوونی بە توێژاڵی بەگزادە. بۆ میرانی دومبلی لە یەکەم چاوپێخشاندندا، پێویستی بەم پێبلقەیە نەبووە، چونکە دامەزرێنەری بنەماڵەکە تیتوڵی بەگی هەبووە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بەرزبوونەوەی بنەماڵەی میرانی دومبلی و وەدەستهێنانی «پلەی باڵا» بەسترابووەوە بە ئینستیتووتی ئیرشادی روحییەوە. لەم رەوشە دیاریکراوەدا، بۆ ئەوەی خانەوادەکە ستاتووسێکی راستەقینە و بەرزی سیاسیی بەدەست بێنێ سوفیزم دەوری گەلێ گەورەتری بینیوە لە رەچەڵەکی بەگزادەیی بەتەنیا.

ئەم نموونانەی سەرەوەش تاقە نموونە نین. دەکرێ جێپەنجەی ئینستیتووتی ئیرشادی روحی لە مێژووی گەلێ لە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستاندا بدۆزینەوە، هەمان کات لە بنەماڵەکانی ئەردەلان و بابانیشدا. سیاسەتمەدارانی کورد، لە پراکتیکدا، لە کۆنەوە ئەو هێزی تەقێنەر و کۆکەرەوە گەورەیەیان بەکار هێناوە کە لە پێکەوەنانی دەروێشیزم و سیاسەت دروست دەبوو.

شێخە کوردەکان سەرکەوتووانە میزاجی دەروێشییانە و چالاکیی سیاسییان تێکەڵ بەیەک کردووە و ئەو توانا بەهێزەی ئاین لە کۆکردنەوەی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکانیان بەکارهێناوە و ئەوەش گەلێ زووتر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. لە بواری کۆمەڵایەتی – سیاسییدا، ئینستیتووتی ئیرشادی روحی بە فراوانییەوە بەکارهاتووە، وەکو چۆن بۆ گەیشتن بە ستاتووسی بەرز لە ئاستی میران و بەگزادە، ئاواش بۆ چەسپاندنی دەستکەوت و دەسەڵاتە سیاسییەکە.

زانیارییەکانی شەرەفخانی بەتلیسی بەگشتی رێگەی ئەوە نادەن باس لە تەواوبوونی پرۆسەی دروستبوونی توێژاڵە کۆمەڵایەتییە سەرکردەکانی کۆمەڵگای کوردی میران، بەگزادە و شێخ بکەین لە کۆتایی سەدەی شازدەدا. ئەمانە ئەوساکە هێشتا توند بەیەکەوە لکابوون، بەشێوەی توێژی کۆمەڵایەتی جاریَ دروست نەبووبوون. جیابوونەوەی تەواوی نفوزی سیاسی لە دەسەڵات لە قۆناغێکی دواتر روویدا و پێوەندیی بە دابەشبوونی کوردستانەوە هەبوو لە نێوان ئیمپڕاتۆریاکانی ئێرانی و عوسمانیدا و ئەمەش بێ دەور

نەبوو لە سرکردنی هێزی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسیدا.

جیابوونەوەی توێژاڵی تایبەتیی شێخەکان لە چینی دەسەڵاتداری فیۆداڵە کوردەکانەوە و پەیاکردنی وردەوردەی سەرکردایەتیی ئیدیۆلۆگی و سیاسییان لەوەوە دەستی پێکرد کە خانەوادە و بنەماڵە بوون بە پاڵپشتی شێخەکان.

کەڵەکەبوونی هێز و توانای ئابووریش بووە بە پێشەکییەک بۆ ئەم پرۆسەیە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەشەوە ئیتر دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە لە کوردستانی خوارووداا ژمارەی ئەو خانەوادانەی چوونە پاڵ ئەم توێژاڵەوە کەم نەبوون.

گەورەترین خانەوادەی شێخ بەژمارە و بە دەسەڵاتترینیان ساداتی بەرزنجە یان سەیدەکانی بەرزنجە بوون. ئەو گوندەی ناوەکەی بوو بە ناوی ئەم خانەوادەیە، دەکەوتە رۆژهەڵاتی سلێمانی و چواردە میل لێیەوە دوور بوو (١٣٧، ٦٨). شێخەکانی بەرزنجە توانییان ببن بە خاوەنی زەویوزارێکی گەلێ زۆر و نفوزی خۆشیان لە دەرەوەی سنوورەکانی میرنشینی بابان، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بڵاوبکەنەوە (٦٧. ٣٧٨). نفوز، دەسەڵات و سەروەت لە نەوەیەکەوە دەچوونە دەستی نەوەکەی ترەوە، نازناوی شێخ بوو بە میراتگری – شێخی قادرییەکانی بەرزنجە کەسیان بە شێخ قبووڵ نەدەکرد، ئەگەر کوڕی شێخێک نەبووایە (١٦٧، ٢٨٨). بەم جۆرە، مەودای پرۆسەی دروستبوونی توێژاڵی کۆمەڵایەتیی شێخ فراوانتر بوو و گەیشت بە ئینستیتووتی ئیرشادی روحیش، ئەو بوارەی کە تێیدا میراتگری، گوایە، دەبووایە سیمایەکی ئاینی رووتی هەبووایە، نەک تەجسیدێکی مادییان بکات لە نێو قەوارەی خزمایەتیدا.

لە ڕاستیدا، خانەوادەی ساداتی بەرزنجە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە رابەرایەتیی تەریقەی قادریی کردووە لە کوردستانی خوارووداا، خانەوادەی شێخەکانی ساداتی نێری(*) کە لە کوردستانی ناوەڕاستدا ژیاون، بە ڕادەیەکی کەم لە ناوچەکانی تری کوردستان خۆی چەسپاندووە و کێبڕکێی ساداتی بەرزنجەی پێ نەکراوە لە کوردستانی خواروو. موونافیسی ئەم خانەوادەیە لە سەدەی هەژدەوە خانەوادەی شێخەکانی تاڵەبانی بووە، بەڵام موریدەکانی ئەم خانەوادەیە زێتر لە ناوچە کوردییەکانی تر بووین و بەتایبەتیش لە کوردستانی ئێران ( ١٦٧، ٢٨١).

بەهێزترین زەبر کە خانەوادەی ساداتی بەرزنجە چێشتبێتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بوو و پێوەندی بە زێدەبوون و گەورەبوونی تەریقەی نەقشبەندییەوە بوو. بەقسەی

(*) نەهری، نایری– و.

م. م. ڤان بروينسون، بەشی هەرە زۆری خەڵکی سادە ڕێز و شکۆ و پێوەندیی ئاینی خۆی (شان بەشانی ئەو پارەو پوولەی وەکو قوربانی دەیدا) لە تەریقەی قادرییەوە بۆ تەریقەی نەقشبەندیی گواستەوە( ١٦٧، ٢٨١). پێویست ناکات بچینە ناو وردەکاریی کێبڕکێی شێخەکانی قادری و نەقشبەندی و هۆیەکانی، کە زۆر دوورن لە بواری ئاینەوە، هەر ئەوە جەخت دەکەینەوە کە خانەوادەی ساداتی بەرزنجە هێزو توانای ئابووری و سیاسی خۆیی پاراست.

***

لە هێنانەوەی دەرئەنجامەکاندا دەڵێین، توێژاڵی هەرەبەرزی چینی فیۆداڵیی کوردی، کە لە میرنشینانی ئەردەلان و بابان دروست بوو، بەتەواوی لە ڕووی خەڵکی تر داخراو بوو بەجیاوازی لە، بۆ نموونە، چینی دەسەڵاتداری ئیمپڕاتۆریای عوسمانییەوە کە تێیدا، ئەگەرچی ئینستیتووت هەبوون و بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتیی تەنیا شێوەی ستوونی هەبوو، ئەم چینە دەسەڵاتدارەی عوسمانی، بەبۆچوونی لێکۆڵەرەوان، کراوە بووە (١٤٧. ١٩٢). پرۆسەی چوونەناو توێژاڵی بەرزو دانانی شەجەرەی رەچەڵەک بە چوار رێگەدا رۆیشت و بوو بە مایەی دروستبوونی، لە دەوروبەری سەدەکانی هەژدەو نۆزدە، چوار گروپەی کۆمەڵایەتیی سەرەکی و وزەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی لە دەرەوەی ئەم چوار گروپەیەدا بەکەمترین ئەندازە بووین. شان بەشانی ئەمانە توێژاڵی مام ناوەنجی و نزمیش هەبوون لەنێو قەوارەی چینی دەسەڵاتداردا و بەڕێوەبەرایەتیی گوندی نیشتەجێ و لق و بەشی خێڵە کۆچەرەکان بەدەستی ئەمانە بووە، بە یاریدەی ئەم ئاڵقە کۆمەڵایەتییەوە سەرانی باڵای فیۆداڵی کاڵای زێدەی وەدەست دەهێنا، بەڵام ئەمانە تەنیا ئامێرێک نەبوون لە میکانیزمی چەوساندنەوەدا، بەڵکو خۆشیان چالاکانە بەشدارییان لە چەوساندنەوەی خەڵکدا دەکرد.

لەو گوندانەی دانیشتوانی سەربە خێڵەکانیان تیانەبوون کوێخا و ریش سپی بەرژەوەندیی خاوەن زەوییەکانیان دەپاراست. لە کۆچەریشدا ئەوانەی یاریدەی سەرکردەی خێڵیان دەدا جێگرەکەی و سەرانی بەشەکانی خێڵ بوون. لەو ناوچە خێڵەتیانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی. نیشتەجێ و نیمچە نیشتەجێ، لە ئاستی لادێ تێنەدەپەڕی، سێ پلەی هەرەمی هەبوون: ١- ئاغای خێڵ، کە لەدەرەوەدا نوێنەرایەتی خێڵی دەکرد و لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئەرکێکی وای نەبوو. ٢- ئاغای تیرە (کلان)، گیروگرفتەکانی نێوان گوندانی چارەسەر دەکرد. ٣- ئاغای گوند، کاروباری گوندیانی بەڕێوەدەبرد، کرێ و باجی لە جووتیاران وەردەگرت (١٦٧، ٨٢، ٩١، ٩٢). ئاغای گوند لە هەموو گوندەکاندا نەبوو،

بوونی یان نەبوونی ئەم لە ستروکتوری کۆمەڵایەتیی خێڵی نیشتەجێدا، بەڕای من، نیشانەی جۆراوجۆریەتی ئاستەکانی پرۆسەی هەڵوەشانەوەی خێڵە (Detribalization -.و) ، هەرچی ئەو رەوشەی م. م. ڤان بروینسون ئاماژەی بۆ کردووە، کاتێک ئاغای گوند مونافیسی سەرەکیی ئاغای خێڵ بووە (١٦٧، ٩١) ئەوا تووندو تیژیی ئەم پرۆسەیە نیشان دەدات و تەنانەت نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی ئەم پرۆسەیەش دەخاتە ڕوو، ئەمەش کاتێک یەکبوون و یەکێتی خاک و رووبەر دێتە خانەی یەکەمەوە.

سنووری کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگای کوردیی دابەشکردبوو بەسەر بوارەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی بەرهەم، بە زەقترین شێوە لە ناوچە نیشتەجێکانی خێڵەتیدا دیار بوو کە لەوێ چەوساندنەوە بە رەوشتە خێڵەتی و بنەماڵەییەکانەوە دەمامک نەدرابوو، فیۆداڵی خاوەن زەوی و جووتیاری ملکەچی ئەو نوێنەرانی سەرەکیی چەوسێنەرو چەوساوەکان بوون. جوتیارانی ناخێڵەتی، کە زۆربەی دانیشتوانی میرنشینیی بابان یان پێکدەهێنا (٥١، I، ١٧٧؛ ١٦٧، ١٢٥) و هەروەها، بەڵکو زێتریش، لە ئەردەلان، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە بوون کە گرانی و قورسایی سەرەکیی باجیان بەسەر شانەوە بوو. سنووری کۆمەڵایەتی لە خێڵەکانی نیشتەجێ و نیمچە نیشتەجێدا روونی و ئاشکرایی خۆیی پاراستبوو، هەرچی چەوساندنەوەی جووتیاری خێڵەتیی بوو لەلایەن ئاغاکەیەوەو تەنانەت ئەگەر لە بنەماڵەی خۆشییەوە بووایە ئەوا، بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان، گەلێ باشتر نەبوو لە هی جووتیاری ناخێڵەتی (١٦٧، ٩٨). هەبوونی بنەماڵەی رەعیەت لە ناو خێڵەکاندا (١٧٣، ١٤٦) و هەروەها عەمەلە (واتە – کارکەر) بەڵگەی ئەوەن کە جیاوازیی کۆمەڵایەتیی تووند هەیە. زیالەوەش، ئاڵقە خێڵەتییەکان لەم حاڵەتەدا شێوازێک بوون کە بەهۆیەوە ستاتووسێکی کۆمەڵایەتی دەلکێنرا بە گرووپەیەکی کۆمەڵایەتی و بۆی دەبوو بە میرات.

خێڵی کۆچەر لەلایەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە جێگەیەکی تایبەتی گرتووە، چونکە چالاکییەکانی شوانکارە کۆچەرەکان تەنیا لە بوارەکانی بەرهەمهێناندا نەبوون. گەلێ لە نووسەران تاکو ئێستا یان لە ڕوانگەی بێچینایەتیی کۆمەڵگای کۆچەرییەوە بۆی دەچن، یا ئەوەتا بەلایانەوە لێک جیابوونەوەی چینایەتی لە شێوە سەرەتاییەکانیەوە زێتر نەڕۆییوون ( ١٢٧، ٧–٨). کەچی نایەکسانیی موڵکداریەتی لە شوانکاریی کۆچەریی کوردیدا گەلێ زەقتر خۆیی نواندووە وەک ئەوەی لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا. چەوساندنەوەی لە ئەندازەبەدەری جوتیاران و بەبێ ئەوەی هیچ زاکۆنێک ڕێگەی لێ بگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ستاتووسی موڵکداریەتی رەش نەدەکردەوە. لە کۆچەریشدا هەموو ئەندامێکی خێڵ تەواوی مافی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی خۆیی هەبوو و هیچ سنوورێکی قانوونی بۆ

زێدەکردنی سەرەئاژەڵی خۆی، بەقسەی ف. بارت، لەوێدا نەبووە ( ١٦٢، ٣٩).

لە ئەنجامدا هەندێکیان بە هەزاران سەرەئاژەڵیان هەبووە، هەندێکیشیان بەدەیان، خانەوادەی سەرانی خێڵیش گەورەترین موڵکداری سەرەئاژەڵ بووین. هەرە هەژارەکانیش خاوەنی هیچ نەبووین و لای خزمە دەوڵەمەندەکانیان ژیاون و، بێگومان، کاریان بۆ کردوون. هەروەها کرێکاری بەکرێگیراویش کە لە شوێنی ترەوە دەهاتن دەبوون بە هێزی کارکردن ئەمانە هیچ مافێکی کۆمەڵایەتییان نەبووو وەکو بلێی لە دەرەوەی کۆمەڵگادا وەستابن. ئەوەش زۆر جوان لە نەخشەی ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتیی جافە کۆچەرەکاندا دەردەکەوێ لە کتێبی ف. بارت.دا (١٦٢، ٣٩، ٤٠).

لەناو شوانکاریی کۆچەریدا گرووپەی کۆمەڵایەتیی دوو جەمسەر (دوو قطبی) دیارن، نوێنەرانی یەکێکیان تیرەی بەگزادەیە کە لەوەڕگا و ئاژەڵی لە ژمار نەهاتووی لە دەستدایە، ئەویتریش هەژارو نەدارن. توێژی چەوساوەی کارکەران کە شوانەتی و خزمەتی دەوڵەمەندان دەکەن، تراویلکەی بێچینیی کۆچەری، بەڕای ئێمە، بەڕادەیەکی زۆر لەمەوە هاتووە کە بەشێکی هەرە چەوساوەی توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکە (کارکەرە بەکرێگیراوە هاتووەکان) لە دەرەوەی ستروکتوری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کۆچەریدا دەمانەوە و بەشەکەی تریش لەناو خزمە دەوڵەمەندەکان بزر دەبوون و لەژێر پەردەی یارمەتیدانی خزمایەتی شاراوە بوون.

جووتیار و ئەندامانی رەش و رووتی خێڵی کۆچەری، وەکو خەڵکانێکی بەرهەمهێنەر، بە ئەندامی چینێکی یەکگرتوو ناوبانگییان دەرکردبوو و ملکەچی فیوداڵە خاوەن زەوی و ئاژەڵدارەکان بوون، نەک لە بەرامبەر یەک و دژ بەیەک وەستابن. لە کۆمەڵگای خێڵەتیدا پرۆسەی هەڵوەشانەوەی خێڵەتی (Detribalization) بەردەوام بووە، هەرچەندە بەڕای ف.بارت، ئەم پرۆسەیە کاریگەری و میکانیزمێکی نەبووە بۆ ئەوەی ببێت بە شێوەیەکی تر (١٦٢، ١٣٤). ئەم پرۆسەیە دەبووایە پرۆسەیەکی پێچەوانەشی لەگەڵدا بووایە، چونکە بەڕای نووسەر، «سنووری ڕاستەقینە لە نێوان ناوچە خێڵەتی و ناخێڵەتییەکاندا لە ماوەی زۆر نەوەدا هەروەکو خۆی مایەوە» (١٦٢، ١٣٥).

پەڕینەوە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی خێڵەتی و ناخێڵەتیدا هەمیشە هەر هەبووە. پاشماوەی خێڵەکان و چەند خێزانێک لە دەوری سەرکردەیەکی سەرکەوتوو کۆ دەبوونەوەو خێڵی نوێیان دامەزراندووە، خێڵیش لە خێڵەتی کەوتووە و بووە بە کۆمەڵە خێڵێکی جووتیار ( ١٦٧، ١٤٤). ئەم جۆرە بزووتنەوەیەی ئاڵقەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و توانایان لە دۆزینەوەی شێوەی گونجاو، وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، ناوچە کوردییەکانی

رزگارکرد لە داڕووخانی تەواوی ئابووری لە چرکەساتە هەرە سەختەکانی مێژووی ناوچەکەدا.

بەرهەڵستکاریی کۆمەڵایەتیی جووتیاران (رەعیەت) و کۆچەرەکان (عێلات) لەوێوە دەست پێدەکات کاتێک چەوساندنەوەی فیۆداڵی ئەوپەڕی توونددوتیژیی وەرگرت نە لە ناوەوەی، بەڵکو لە دەرەوەی سنوورەکانی خێڵدا. چالاکییەکانی کۆچەرە ئاژەڵ بەخێوکەرەکان تەنیا لە بواری بەرهەمهێناندا نەبوون، ئەمان لەهەمان کاتدا ئەرکی جەنگاوەرییان دەبینی. تاکۆتایی حوکمڕانیی بنەماڵەکانی ئەردەلانی و بابانەکانیش هێزە خێڵەتییەکان بنچینەی سوپایان پێکهێنابوو، خێڵیش بریتی بوو لە هێزێکی جەنگی – سیاسی و ئامێرێک بۆ دەسەلاتداریەتیی فیۆداڵە کوردەکان.

تەگەرەی جینایەتی و ئێتنیکی، کە هەندێ جاران لە نێوان بەشی خێڵەتی و ناخێڵەتیی کۆمەڵگای کوردیدا قووت دەبووەوە، لەپێش هەموو شتێکەوە لەبەر ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی (تریبالیزم) بوو و ئینجا دەوری رەوشە کۆمەلایەتییە ڕاستەقینەکە دەهات. ئەو نووسەرانەی دەربارەی سنووری زەقی نێوان گرۆپی خێڵەتی و ناخێڵەتییەکانی دانیشتوانی کورد نووسیویانە، پشتیان بەقسەی تەنیا لایەنێک بەستووە. هەواڵدەران هەمیشە ئەندامانی خێڵ بووین و هەر بەچاکەش باسی خۆیانیان کردووە، هەر ئەمانەیش بوون ئەم جیاکردنەوەیەیان بە بۆیەیەکی چینایەتی رەنگ دەکرد و بەشانازییەوە باسی بالادەستیی خۆیانیان دەکرد بەسەر (جووتیاران)دا و حوکم کردنیان. وەکو نموونە دەتوانین ئەم دەربڕینە یەکجار جوانە بێنینەوە کە ک.ج. ریچ لە بابانێکی نەجیبزادەی خێڵەتیی بیستووە:

«تورکەکان ئێمە هەموومان بەکورد ناودەبەن و ئاگاداری جیاوازییەکانی نێوان ئێمە نین، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە زۆر جیاوازین لە خەڵکی جووتیار. ئەمان گەمژەن و تورکەکان بەخۆشحاڵییەوە ئێمەش وا لە قەڵەم دەدەن» ٥١، I، ٨٩/.

نموونەیەکی بەرچاوی ئەوەی کە چۆن رەوشی ئیدیۆلۆگی لەسەر رەوشی کۆمەلایەتییەکەدا دروست دەبێ، مێژووی پەیابوونی زاراوەی (گۆران)ە لە کوردستانی خوارووی. لە کوردستانی بابان جووتیاری ناخێڵەکی و هەموو کوردەکانی ئەردەلانی، بە ئەندامانی میریشەوە، بە گۆران ناودەبران (٥١، I، ٨٠. ١٥٣). سەبارەت بە حاڵەتی یەکەم ناوی خێڵی گۆران دەوری زاراوەیەکی کۆمەلایەتیی بینیوە، لە حاڵەتی دووەمیشدا – نازناوی دانیشتوانی تەواوی ناوچەیەک.

مەسەلەی گۆرانەکان ڕا و دەمەتەقێی زۆری لەسەر دروست بوون کە ڕەنگیان لە

کـتـێـبـەکـەی م. م. ڤـان بروینسـون دایەوە( ١٦٧، ١٢٢– ١٣٤). بنەمـای ئەمـەش لە بۆچوونەکەی ک. ج. ریچ دا بوو (کە لە گفتوگۆکانی لەگەڵ نوێنەرانی ئیدیۆلۆگیای خێڵەتیدا وەری گرتبوو) سەبارەت بەوەی گۆرانەکان « تەواو جیاوازن لە خێڵەکانی راسو» (٥١، I، ٨٨). بەڵام ئەگەر ک. ج. ریچ هێشتا گومانی لەوە هەبووبێ کە گۆرانەکان کورد نین و دیالێکتەکەیان بەکوردی دادەنێ، ئەوا لای س. ج. ئێدمۆندز ئەو گومانە نەماوە. ئەو پرسیارەی ک. ریچ قووتی کردبووەوە، وەڵامەکەی لای س. ئێدمۆندز هەبوو: «ئەم ناوچەیە لە رابردوویەکی ئەوەندە دووریش نا میللەتێکی بە بەراورد پێشکەوتووی لێ ژیاوە و بەگۆرانی دواون... و لەژێر شاڵاوی نۆمادە ئاکاردرشتەکاندا کە بەکوردی قسەیان کردووە نوقووم بووین، هاتنە ناو ئەمانەو دەسەڵات و زمانی خۆیان بەسەردا سەپاندن» (١٧٣، ١٢).

ئەم بۆچوونە، لە کتێبەکەی م.م. ڤان بروینسوندا، دیارتر دەردەکەوێ و بە رەوشی ناو کوردستانی ئەردەلان دەبەستریتەوە. بەڕای نووسەر، بەلای کەم لە سەدەی چواردەوە میللەتێک لە کوردستانی خواروودا ژیاوە کە لەئێرانی سەروو و ناوەڕاستیەوە هاتووە و زمانەکەی سەر بە دیالێکتەکانی زمانی فارسییەوە بووە. ئەم میللەتەش گۆرانەکان بوون کە بە زمان و کولتوور و شێوەیان لە کوردەکان جیاواز بوون. لە کۆتایی چەرخی مەنگۆلیدا بابا ئەردەلانی کورد، کە نووسەر گومانی لە رەسەنی نەتەوەیی ئەو هەیە، دەسەڵاتی بەدەست هێنا. لە قۆناغەکانی دواتریشدا خێڵە کوردییەکانی دی کە لە جێگەی جۆراو جۆرەوە دەهاتن وردە وردە بنەچەی گۆرانە دەسەڵاتدارەکانی گۆڕی و لە هەر شوێنێکی ئەمەی لێ روودابێت ناوی «گۆران» مانای «جووتیار»ی وەرگرتووە (١٦٧. ١٢٩ –١٣٠).

بەم جۆرە، لێکجیابوونەوەی کۆمەڵایەتی، کە لە ئەنجامی دابەشبوونی کۆمەڵگا بەسەر دوو گرووپەی جووتیاری ناخێڵەکی و خێڵەکی «سەرکردە»دا روویداوە، بەئاسانی دەبەنەوە بۆ ملکەچبوونی گۆرانەکان لەلایەن خێڵە کوردییەکانەوە. ئەم جۆرە بۆچوونە بەلای م.ڤان بروینسونەوە ساکارانەیە، ئەگەرچی بەڕای ئەم ئەو لێکدابڕانە کۆمەڵایەتییەی خەڵکی کوردستانی خواروو لە ڕۆژگاری ک.ج. ریچ دا، بێگومان لە کارلێک کردنی هاوبەشی بەلای کەمەوە دوو گرووپەی ئێتنیکیی جیاوازەوە روویداوە (١٦٧، ١٢٦).

نامانەوێ زیاتر لەسەر ئەو خاڵە دەمەتەقێ هەڵگرانە بووەستین کە نووسەر هەڵی سەنگاندوون و لە بابەتی ئەم بەشە گەلێ دوورە، تەنیا ئەوە دەڵێین کە رەوشی کۆمەڵایەتی بەڕادەیەکی زۆر شێوەی مەتەڵ ئاسای خۆی لە دەست دەدا. هەر ئەوە دەمێنێتەوە کە چەمک و زاراوەکانی کوردستانی بابان لەگەڵ ئەوانەی لە ناوچەکانی سەردەمی باباندا هەبووین، لە میرنشینی رەواندز، موسڵ و هەولێر دا بەراورد بکەین. ئەو دیاردەیەی ک. ج.

ریچ ئاماژەی بۆ کردووە کە لە سەرووی رووبەری بابانەکاندا، لە ناوچەی رەواندز «تاقە نوێنەرێکی رەگەزی جووتیاران» نادۆزینەوە ( ٥١، I، ١٠١)، بە ئاسانی روون دەکرێتەوە، لەوێدا جووتیارە ناخێڵەکییەکان نێویان بە گۆران نەدەبرا، بەڵکو بەمان دەگوترا کرمانج ( ١٧٣، ١٢؛ ١٦٧، ١٤١). واتە بەو ناوەی کە کوردەکانی بابانی و بنەماڵەی فەرمانڕەوای بابان لە میرنشینی ئەردەلان و، وا دیارە، لە ناوچەکانی سەرووی کوردستانیشدا ناوبانگییان پێ دەرکردبوو.

ئەگەر پەیرەوی نەخشەی بۆچوونەکانی سەرەوەی س. ئیدمۆندز بکەین، ئەوا لەو بەشەی کوردستاندا توێژاڵی هەرە چەوساوە کرمانج بوون کە لە خێڵەکان جیا بووبوونەوە، ملکەچ کراو و بووبوون بە بنەچەی «کوردە ڕاستەقینەترەکان» کە ئەمانیش خێڵەکانی رەواندز بوون. سەبارەت بەوەی کە هەر هەمان زاراوەی «کرمانج» لە باشوور بۆ کوردە خێڵەکییەکان و لە باکووریش بۆ خەڵکی ناخێڵەکی و ژێردەست بەکارهاتووە، تەنیا هەر بەڵگەی ئەوە نییە کە پارچەکانی خێڵەتی و ناخێڵەتی گەلێ توند بەیەکەوە بەسترابوون (بڕوانە– ١٦٧، ١٤١)، بەڵکو پێش هەموو شتێک هەلومەرجی تایبەتیی ناوچەکان نیشان دەدات لە پەیابوونی چەمک و زاراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەگەرچی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدان دەربارەی گۆرانەکان لە ڕاستیدا هێشتا کەمن بۆ ئەوەی بۆچوونی بنەڕەتییانە دابین بکەین ( ١٦٧، ١٢٢). لە ئارادابوونی ئێتنۆنیمی «گۆران» لە هەندێ لە بەشەکانی کوردستانی بابان (١٧٣، ١٢)، وەکو زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەڕادەیەکی زۆر بەندبووە بە هەلومەرجە ناوچەییەکانەوە، تیرە فەرمانڕەواکانی ئەردەلان، بابان و رەواندز زۆربەی کات ناکۆک و دژ بەیەک بووین و ئەوەش بوو بە مایەی سەرهەڵدانی ناو و نازناوی ناوچەیی کە تارمایی سووکایەتی پێکردنیان پێوە بووە. تایبەتمەندی و گۆشەگیریی ئاینی خێڵی گۆران وایکرد کە دۆستایەتی کۆنی لەگەڵ ئەردەلانییەکاندا ببێت بە بابەتێکی لەبار بۆ هێرشی ئیدیۆلۆگییانە بۆ سەر بنەماڵەی میر و کوردە ئەردەلانییەکان بەگشتی، چونکە ستروکتوری خێڵەتی لە ئەردەلان، بە بەراورد لەگەڵ میرنشینی بابان، دەوری گەلێ کەمتری هەبوو و ناوی گۆران لە هەندێ ناوچەی باباندا، بوو بە ناتۆرە و گاڵتە پێکردن بۆ جووتیاری ناخێڵەکی.

ئەم زاراوەیە، شان بەشانی ئەو رەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی زاراوەکەی داهێنابوو، بوون بە مێژوو. لەکاتی ئێستادا، لە کوردستانی خواروو، کە جاران لەوێ زێتر زاراوەی «گۆران» بەکاردەهات، جووتیاری ناخێڵەکی دەکەونە نێو قەوارەی زاراوەیەکی کۆمەڵایەتیی گەلێ بڵاوی وڵاتی کوردانەوە کە ئەویش زاراوەی «مسکێن»ە (١٦٧. ١٢٠).

ستروکتوری کۆمەڵایەتیی میرنشینانی ئەردەلان و بابان هەر بەو توخم و ڕەگەزانەی باسکران تەواو نەدەبوو. تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بێگومان، ئاڵۆزتر و دەوڵەمەندتر بوو. ژیانی کۆمەڵایەتیی شار، لە خرۆنیکا ئەردەلانییەکان و سەرچاوەکانی تری ئێمەدا، لە دەرەوەی کۆشکی میردا رەنگدانەوەیەکی نەبوو، هەروەهاش دەوری بازاڕ لە میکانیزمی کارلێکردنی توخمەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی میرنشیناندا و گەلێ بواری تری. ئەم وەسفکردنەی ئێمە خستمانە ڕوو، لەڕاستیدا، تەنیا رەشنووسێکی نەخشەکەیە، تەواوکردنی پێویستی بەکات و توانای زێتر هەیە.

لە کۆتاییدا لەسەر ئینستیتووتێکی کۆمەڵایەتی دەوەستین، ئەوەی دەورێکی گەلێ بەرچاوی لە ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. «ماڵ بۆ میوانان» یان دیوانخانە (= میوانخانە) لە ژیانی کۆمەڵایەتیی گوند و کۆچەرایەتیی کوردیدا شایانی سەرنجێکی تایبەتییە. زۆربەی ئاغاکان ئەم جۆرە «ماڵە میوانپەروەرە» یان هەیە، ئەمە لە گونددا ماڵێکی سەربەخۆ یان ژوورێکی تایبەتی بوو، لای کۆچەرانیش بەشێک لە رەشماڵی ئاغا کە بەمافوورو سەرین رادەخرا، یان هەر رەشماڵێکی سەربەخۆ دەبوو بە مێوانخانە (٣٦، ١٠). گەڕۆکەکان لە مێوانخاناندا دەمانەوە و شەوان مەجلیسی پیاوان دەبەسترا.

م. م. ڤان بروینسون لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەرک و کاری ئەم ئینستیتووتە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەی لە کوردستاندا دەرخستووە. لێکۆڵەرەوەی ناوبراو کە بایەخی پێویستی داوە بە دیوانخانە وکو شوێنی تایبەتی بۆ وەرگرتنی دەنگوباس (زانیاری) (١٦٧، ٨٣، ٤٢٨)، ئەرکێکی هەر گرنگتریشی نیشانداوە. ئاغا بە یاریدەی دیوانخانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی پاوان دەکرد. خەڵکی ناچاربوون هەموو ئێواران بێن بۆ ئێرە، ئەگەر یەکێکیش نەهات، ئەوا ئاغا و ریش سپییان گلەیی تووندیان لێ دەکرد. ئاغا کۆنترۆڵێکی تەواوی دەکرد بەسەر هەموو شتێکدا، دیوانخانەش شێوازی کۆنترۆڵ و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی بۆ دابین دەکرد. ڕۆژانە دووبارە بوونەوەی نیشاندانی بە کۆمەڵ، وەکو هەموو فێرکردنێکی تری یاسا، تێکست، سەریمۆنیا ستریۆتیپەکانی دەربڕینی هەڵچوون «انفعال» بوو بەشێوازێکی گەلێ کاریگەر بۆ خنکاندنی، هەر بەساوایی، هەموو رەفتارێکی ناحەز، بۆ نەهێشتنی بەرەڵلایی (١٤٢، ٢٤) و یاریدەی ئەوەی دا کە زۆرباش کۆنترۆڵ و راستکردنەوەی رەوشی کۆمەڵایەتی بکرێت، وەکو چۆن لە گوند، ئاواش لە کۆچدا. تەنانەت ئوسوڵی دانیشتن لە دیوانخانە، خۆی لەخۆیدا، هەموو ئێواران باش نیشانی مرۆی دەدا کە جێگەی لە کۆمەڵگادا لە کوێیە.

سیمایەکی تایبەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد بەگشتی لەوەدایە کە فیکرەی هیرارخی

«المراتبيه– و.» هەموو بوارێکی گرتبووەوە و ڕەنگی لە وشەی قەدرزانین qedr zanin[٢] دا بووەوە. وشەکە بە ئاشکرا مانای ژمارە و پێوانەی داوە و ئیشارەیەک بووە بۆ ستاتووس. هەر لە دیوانخانەشدا هەموو ئێواران لە بەرچاوی هەمووان هەریەکە و بەقەدەر خۆی ڕێزی لێنراوە، ئەم جۆرە ئەزبەرکردنە ڕۆژانەی بنچینەکانی هیرارخیا بوو ڕێگەی خۆش دەکرد کە زۆربەی ئینستیتووتە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان (وەکو، نەجیبزادەیی) ئەرکی خۆیان بەجێ بهێنن، بەبێ ئەوەی لە یاساکاندا تۆمار بکرێن، بەڵکو تەنیا دەبوون بە فاکتێکی ناو هوشیاریی خەڵک. سستێمی هیرارخیا لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ماوەی چەندین سەدە ئەوەندە باش ڕێکخرابوو کە هەموو میکانیزمی چەوساندنەوە، لە ناوەڕۆکدا، سەرچاوەی لە یاسا گشتییەکانەوە هەڵدەگرت.

دەتوانین بڵێین کەوا ستروکتوری کۆمەڵایەتی میرنشینانی ئەردەلان و بابان پڕ و تەواو بوو، ئەگەرچی بەڕواڵەت توێکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیی هەردوو میرنشینەکە لە دەرەوەی رووبەرەکانیان بوون، بەپێچەوانەی سترکتوری کۆمەڵایەتیی خێڵی کۆچەر. ئەمەی دوایی، ئەگەر شتێکی بەدەرئاسا روویدایە و خەڵکی نیشتەجێ و ناخێڵەکی ونبووایە، ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆیی لە دەست دەدا. ئەو چەوساندنەوەیە بەهێزەی ڕووەو دەرەوەی خێڵ کراوەتەوە، پەکسەر لەو حاڵەتەدا رووەو ناوەخۆی دەبووەوە و قورسایی باوک سالاری و ئیدیۆلۆگیای هاوکاریی خێڵەتیی تێکدەدا، بۆیە بنچینەی ستروکتوری کۆمەڵایەتیی خێڵ لە بنەڕەتدا تەنیا توێژاڵی چەوساوە و هەژار و نەداری ئەندامانی خێڵ نەبوو، بەڵکو جووتیارکانیشی دەگرتەوە کە بە ڕواڵەت دەکەوتنە دەرەوەی ستروکتوری خێڵەتی و زەویی فیوداڵە خێڵەکییەکانیان دەچاند. لەمەشدا بوو جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان میرنشینی و خێڵ – وەکو دوو شێوەی سەرەکیی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی – سیاسیی ئێتنۆسی کوردی لە ڕۆژگاری بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

(٢) qedr بەکوردی، هەروەکو لە زمانی فارسیشدا، دوو مانا دەدا– «ڕێز» و «ژمارە» /١٠٢، ٤٦٣؛ ١٠٣، ٤٨٦/.

## بەشی پێنجەم

# ڕەوشی ئیدیۆلۆگی

ئەی وشە! نیشاندە کامەن جەوهەرو سیفاتی تۆ،

کێ تۆی تاقی کردۆتەوە تا بزانی هێزی تۆ؟

ئەگەر تۆ مالان دەسووتێنی ئەی کوانی ماڵی تۆ؟

شەرەفخانی بەتلیسی

هێزو توانای وشە لە ڕاستکردنەوە، پەروەردەکردن و زیندووکردنەوەدا ئەرکی یەکەم و سەرەکیی وشەی داڕشتووە، کە ئەویش – ئیلهامە. جا وشەی «ئیلهام» لە کوردەواریدا بانگاشەی بۆچی کردووە و پشتی بە چی بەستووە؟ نووسەری ئەم دێڕانە هەوڵدەدات لەسەر بنچینەی ئەو کۆمەڵە ئیدیایانەی لە میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان دا زاڵ بوون، وەلامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

لە گەڕان بەدوای بنەما ئیدیۆلۆگییەکاندا هەمیشە گەڕاونەتەوە بۆ سەرەتایەکی خوایی و ئاین وەکو گرینگترین بەشەکانی ئیدیۆلۆگیا خۆیی نواندووە. سیمای ئاینی هۆشیاریی جەماوەر زەمینەی هەمیشەیی پرۆسەکانی کۆمەلایەتی – سیاسی و ئیدیۆلۆگی بووە تا دەگاتە سەردەمی ئێستاش، جێگەی یەکەمیش لە ناو سستێمی باوەڕە ئاینییەکاندا لە وڵاتی کوردان هەر بۆ ئیدیۆلۆگیای ئیسلامی بووە و ئێستاش هەروایە. ئەو رایەی سەبارەت بە کوردان لە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و لە ئەدەبیاتدا بڵاوبۆتەوە گوایە کورد بایەخ بە ئیسلام نادەن و هەر بەناو ئیسلامن (٤٩، ٥٩؛ ٨٧، ١٥٩) جێگەی باوەڕ نییە و کوردەکان خۆیان بەدرۆیان دەخەنەوە.

ئیسلام وەکو ئاینی بالادەست لە کوردستاندا تەنیا زاڵبوونی جیهانبینی ئاینی – ئیدیۆلۆگیی دابین نەکردووە، بەڵکو وەکو هەموو ئاینێکی تر، ئیسلام رووەو تەقدیسکردنی دەسەلات و چەسپاندنی بووە. لێکۆڵەرەوەی ستروکتورەکانی سەرخانی کۆمەڵ لە ئاسیای بەرایی کۆندا م. ئا. داندامایەڤ وریامان دەکاتەوە لەو زانیارییانەی کە لە ئەرکی ئاینان کەم دەکەنەوە لە دابینکردنی شەرعیەتی دەسەلات بەسەر یەکدیدا(٩٠، ١٠). تەقدیسکردنی دەسەلاتیش لەو باوەڕە هاتووە کە خودا پرۆسەی مێژوویی و (حەتمیەتی)ی داناوە،

هەروەها بێ توانایی مرۆڤ لەکارکردنە سەر ڕووداوەکان و بانگەشە بۆ تەحەمول و ملکەچبوون، ئەم ڕاستییە چەسپاوانەی موسڵمانی ئیماندار بوون بە توخمێکی حەتمی لە گێڕانەوەی مێژوودا.

دنیای واقیعی وەکو دەروازەیەک بۆ تێپەڕبوون دەخرایە ڕوو، وەکو قۆناغێکی کاتی، یان کاروان سەرای، مەڵبەندی خەم و پەژارە، دواییش ئەوەی ئەرکە ئاینییەکانی خۆی بەجێ گەیاندوون «مەڵبەندی بەختەوەری و پشوودان» چاوەڕێی دەکات (بڕوانە – ٣٤، ٣٦٣، ٤٢٥؛ ٣٥، ٣٢؛ ٣٢، ٢٥). ئەوەی ملکەچی چارەنووسی خۆی بووبێ سۆزی پاداشی پێدرابوو لە دنیای تردا، بەمەش ئیسلام، وەکو هەموو ئاینێکی تر، ئەرکێکی وای جێبەجێ کردووە کە پێی دەگوترێ – پاداشتدانەوەی وەهمی (١٥٦، ٩٨– ١٠٢).

کاریگەریی دوو فاقییانەی ئیدیۆلۆگیی ئیسلام، لە بانگاشەیدا بۆ ملکەچبوون و سۆزی پاداشی وەهمی، لە دەروێشی ئیسلامی، یان لە سۆفیزمدا، چەند قات بەهێزتر دەرکەوت. دەروێشیی ئیسلامی دەروازەیەکی زێدەی کردەوە کە پڕبوو لە هێز و توانای پاوانکردنی هوشیاریی جەماوەرو هاندانی بەرەو هەردوو ئەم خاڵانە. لەلایەکەوە، «گرتنی ڕێگەی ڕاستی» «ڕەشاد» لای دەروێشان ئەوەبوو کە مورید «کە بەرێگەی ڕاستدا دەڕوات» کوێرانە و بێ قسەلێکردن ملکەچی مورشیدی خۆی بێت (١٣٣، ٣٢٣)، بەمەشەوە ئینستیتووتی ئیرشادی ڕوحی ڕێگەی بەرەو دەسەڵاتی ڕەها دابین کرد. لەلایەکی تریشەوە، باوەڕی دەروێشان بەوەی کە هەموو ئیماندارێک لەسەر ئەم دنیایە (نەک دنیای تر) بە ڕێگەی مورشیدی خۆیەوە بۆی هەیە بگات بە خوا، کاریگەرتی پاداشتی وەهمی چەند قات زێدەکرد و هەموو ئەوانەی بە «ڕێگەی ڕاستدا» دەڕۆیین بۆ خۆیی ڕاکێشان. ئەمانە، لەمەدا، لەبری ئەو زیانە کۆمەڵایەتییەی لێیان کەوتبوو، قەرەبووێکی باشیان وەدەست کەوت.

بەڕای ف. بارت، ئیسلام وەکو دۆگمایەکی توووند چەسپاو لە ناو عەقڵیەتی خەڵکدا، دامەزرابوو لەسەر لێک جیاکردنەوەی تەواوی سروشتی خوا و ئادەمیزاد. خوای خاوەن هێز و حیکمەتی لەڕادەبەدەر و بێ توانایی مرۆڤیش لە لادانی ئەو جیاوازییە. لە کاتێکیشدا ئەو هەوڵدانەی کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بۆ لادانی ئەو تەگەرە گەورەیە و بەستنی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوادا، بەڕای ف. بارت، دوو جەمسەری بە خۆوە گرتبوون – یەکێکیان دەروێشەکان بوون و ئەوی تریش– پەیڕەوکەرانی شەعایرە شامانییەکان. (١٦٢، ٨٢)(*) ئەم بارە، بەڕادەیەک، ئەو ناوبانگەی تەریقە دەروێشییەکان روون دەکاتەوە کە لەناو

(*) شامانیزم– مەبەست ئەو ئاینە سادەو ساکارانەیە کە بەجۆرێکی سەرەکی پشت بە سەماو گۆرانی و چالاکیی جادووکەرانە دەبەستن بۆ کارکردنە سەر پەیڕەوکەران – و.

هەژارترین بەشی دانیشتوانی کوردستاندا بۆیان دروست بووبوو. دەروێشەکانیش بە زۆری هەر لەم خەڵکانە بوون و ئەندامەتی لە کۆمەڵە دەروێشییەکاندا زۆر جاران نیشانەی هەژاری بوو (١٦٢، ٨٨؛ ١٦٧، ٣٠٢).

ئەو چەند قات بەهێزتر بوونەی کاریگەریی فیکری دەروێششان سەبارەت بە تەقدیسکردنی دەسەڵاتی سیاسی و فاکتەری پاداشتی وەهمی وایکرد کە سۆفیزم ببێت بە ئینستیتووتێکی سیاسی - ئیدیۆلۆگی. لە کوردستاندا، لە هەلومەرجی پەرتوبڵاویی سیاسیدا و نەبوونی سەنتەرێکی بەهێز، کە بتوانی پرۆسە سیاسییەکان بەرەو ئامانجێکی هاوبەش بەرێت، دەروێشیزمی ئیسلامیی زەمینەیەکی لەباری بۆ رەخسا و زۆر بڵاوبوەوە. دوو تەریقەی سۆفی، قادری و نەقشبەندی، کە بە ئەندازەیەکی زۆر لە وڵاتی کوردانداچەسپاون، بە هەموو کوردستانیشدا بڵاوبوونەوە بەبێ ئەوەی حسێب بۆ سنووره سیاسیی و خێڵەتییەکان بکەن. بەقسەی س. ج. ئیدمۆندز، سستێمی سۆفیزم بوو بە ئاینی جەماوەری کوردان (١٧٣، ٦٢). تەریقەی دەروێشەکان کە بەنهێنی داپۆشرابوون و پەنابردنە بەر «حەزەری لە رادەبەدەر» بۆ شاردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانیان و ناردنی خەڵکیان بۆ پڕوپاگەندەکردن لەو شوێنانەی هێشتا جێ پێیان تێدا نەبووە، وایکرد تۆڕێکی نەبینراو لە کوردستاندا هەڵخەن و هەموو کۆمەڵگای کوردیی بگرێ، هەر لە سەرەوە تا خوارەوەی (١٦٧، ٢٧٨، ١٨٠، ١٥٩).

لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا دەکرێ بڵێین کە تاکۆتایی سەدەی هەژدە تەریقەی قادری زاڵ بوو. شێخ و «پیاوی ئاینی» واش هەبوون کە پێوەندیی راستەوخۆیان نەبووە بە تەریقەیەکی دەروێشی دیاریکراوەوە. ئەمانە دەسەڵاتیان بەسەر ئیماندارانەوە هەبوو و هەروەها راوێژکاری فەرمانڕەوایان بوون لە ناوچەکەدا. شێخ محەمەد واسیم لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا، کە لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم کوردستانیدا وەکو راوێژکارێکی نزیکی میری ئەردەلان ناوی هاتووە، کاریگەریی زۆری لەسەر میرانی ئەردەلان و باباندا هەبووە.

پەیڕەوکردنی «رێگەی» دەروێشی بۆ مەعریفەت، رێگەی لێ نەگرتبوو کە لە یەکێک لە چرکەساتە هەرە سەختەکاندا، کە مێژووی ئەم دوو میرنشینە پڕیەتی لەم جۆرە چرکەساتانە، بەشداریی چالاکانە لە ژیانی سیاسی بکات و سەرکردایەتیی جەنگاوەرانی ئەردەلانی بکات (٢٥، ٩٧، ٩٨).

شێخ محەمەد واسیم، واپێدەچێ، یان لە سنە ژیاوە، یان لە کۆشکی میرانی بابان لەسلێمانی، چونکە ئەم ناوی هاتووە لەناو هەرە ناودارترین عولەماکانی کوردستانی

باباندا، لەناو ئیمزاکانی سەر دەقی پێشکەشکردنی سولەیمان پاشای باباندا کە لە وتاری محەمەد ئەحمەد محەمەدا هاتووە (١١٨، ١٠٤)، یەکەمینیان ئیمزای شێخ محەمەد واسیمی گەورەیە.

سەبارەت بەوەی تەریقەی نەقشبەندی پێش سەدەی نۆزدە لە کوردستاندا هەبووە، رای جۆراوجۆر هەیە. ت. بوا پشت بە راکانی ک. ج. ریچ و س. ج. ئیدمۆندز و ڤ. پ. نیکتین دەبەستێ و باسی هاتنی ئەم تەریقەیە بۆ یەکەم جار بۆ کوردستان دەکات (١٦٤، ٤٧٥؛ ١٧٣، ٧٧، ٧٨)، م. م. ڤان بروینسون باسی دووبارە هاتنەوەی تەریقەکە بۆ کوردستان دەکات (١٦٧، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨٨). تەریقەی نەقشبەندی، وەکو تەریقەکانی تر، پێش سەدەی نۆزدە لە کوردستاندا هەبووە، ئەولیا چەلەبیش ئەوە دەسەلمێنێ کاتێک باسی دیاربەکر دەکات و ناوی دوو تەریقەی دەروێشی دەبات- گولشەنی و نەقشبەندی کە ژمارەیەکی زۆری پەیرەوکەرانیان لە ناو شارەکەدا هەبووە (٤٠، ٤٩). لەگەڵ ئەوەشدا نەقشبەندی نەدەگەیشتە تەریقەی قادری و لە ناوچەی کوردستانی خواروو تەریقەی قادری جێ پێی قایمتر بوو.

بەلای م.م. ڤان بروینسونەوە، پێوەندیی عەبدولقادر گەیلانی (١٠٧٧- ١١٦٦) بەتەریقەکەوە کە ناوی ئەوی هەڵگرتووە، روون نییە و ئیدیعاکردنی خانەوادەی شێخی ساداتی نەهری کە نەوەی عەبدولقادرن، بەڕای ئەو «گومان هەڵدەگرێ» (١٦٧، ٢٧٠). شێخەکانی بەرزنجی شەجەرەی خۆیان دەبەنەوە سەر شێخ عیسا کە یەکێک بوو لە دوو برای سەید و، بەگوێرەی تڕادیسیا، دەوروبەری ساڵی ١٣٦٠ هاتوون بۆ شارەزوور و تەریقەی قادرییان بڵاوکردۆتەوە. لە ئەنجامدا شێخەکانی قادریی کوردستانی خواروو سەید عیسایان خستە ناو سیلسیلەیانەوە. لە خانەوادەی ساداتی بەرزنجە ئەم سیلسیلە ئاینی (روحی)یە، کە دەیبەستانەوە بەدامەزرێنەری تەریقەکە، بەڕادەیەکی زۆر شێوەی مادیی وەرگرت(*) و تەنیا کوڕانی شێخ دەبوون بە شێخ.

باڵادەستیی شێخەکانی قادری لە بواری ئیدیۆلۆگی لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا بەوە تەواوبوو کە تەریقەی نەقشبەندی لە ماوەی سێ دە ساڵی یەکەمی سەدەی نۆزدە بە تاو و گوژم بڵاوبووەوە. زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی تەریقە سۆفییەکانی کوردستانیان نووسیوە، ئەم بڵاوبوونەوە زووەی نەقشبەندییان بۆ کەسایەتیی لە ئاسابەدەری شێخی کوردەوە بەستۆتەوە کە ساڵی ١٨٠٨ لە دەلهییەوە هات بۆ سلێمانی و

(*) نووسەر وشەیەکی هاوماناى زاراوەی Materializationی بەکار هێناوە -و.

ئیزنی بڵاوکردنەوەی تەریقەی نەقشبەندیی بەدەستەوە بوو، ئەم شێخە زیائەدین خالید بوو کە ناوبانگی بە مەولانا[1] خالید دەرکردو پێرسۆناژی هەرە بایەخدار بوو لە مێژووی تەریقە دەروێشییەکاندا (١٧٣، ٧٧؛١٦٧ , ٢٨٢، ٢٨٣).

مەولانا خالید لە خێڵی جاف و بەشی میکایلی بوو و بەخانەوادە مەلا بوو. بەگوێرەی هەندێ زانیاری ساڵی ١٧٧٦ لە دایک بووە، بەپێی هەندێکی تریش ١٩ی یانواری ١٧٧٩( ١٨٠، ١١٥؛ ٢١٣، ٧–٨). ئەو راستییەش گەلێ گرنگە کە مەلا کەریمی مودەریسی ئیشارەتی بۆ کردووە، ئەویش دایکی مەولانا لە خانەوادەی ساداتی پیری خدری بووە (٢١٣، ٧). تەنانەت لە دایکیشیەوە، بەرەچەڵەک چوونەوە سەر پیاوێکی ئاینی گەلێ پیرۆز، بێگومان، پاڵپشتێکی گەورە بوو بۆ مەولانا خالید وەکو سەرکردەیەکی ئیدیۆلۆگی.

لە خوێندنی ئاینی ترادیسیۆنیدا ماوەیەکی دیارنەکراو هەبوو بۆ قوتابی کە دەبوایە بەدوای مامۆستایان بگەڕێ، قوتابی لەگەڵ هەر مامۆستایەک ماوەیەک دەمایەوە، بە ئارەزووی خۆی. خوێندنەکەش بەگشتی خوێندنەوی قورئان، تەفسیر و هەروەها خوێندنی بەرهەمە ئاینییەکانی تر بەعەرەبی و فارسی. کاتێک مامۆستا و قوتابی بڕیاریان دەدا، خوێندنەکە تەواو دەبوو. قوتابی گوتارێکی دەخوێندەوە و جامانەی سپی مەلاییان پێشکەش دەکرد، ئینجا دپلۆمیش کە ستاتووسەکەیی دەسەلماند (١٦٢، ٩٣؛١٦٧، ٢٥٧، ٢٥٨).

مەولانا خالیدیش ئەم کۆرسەی خوێندنی وەرگرتووە – سەرەتا لای باوکی، ئینجا لە مەدرەسەکانی سنە، سلێمانی و بەغدا (١٧٣، ٧٧؛ ٢١٣ . ٨–١٠). لە تەمەنی بیست ساڵی دا بوو بەمەلا لە پایتەختی میرنشینی بابان – سلێمانی (١٦٧، ٢٨٢؛ ٢١٣، ١١). بەم جۆرە، یەکەمین پێبلقەی بۆ سەرکردایەتیی ئیدیۆلۆگی، ئینستیتووتی سەید لە دایکییەوە و ستاتووسی مەلایەتی بوو. نفوزی مەلا بەگوێرەی زانایەتی و پاکی بوو، بەڵام ئەمە بە تەنیا لە کۆمەڵگای کوردیدا بەسنەبوو بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و ناوبانگ. ئینستیتووتی ئیرشادی روحی، وەکو بینیمان وزەیەکی یەکجار گەورەی بەخۆوە گرتبوو، بۆیەش مەولانا خالید رووی لە سۆفیزم کرد.

بەقسەی م.م. ڤان بروینسون، کوردە نەقشبەندییەکان ئێستاش دەگێڕنەوە کە چۆن مەولانا خالید خەونێکی بینیوە و پێی راگەینراوە بەدوای رێگەی مەعریفەت بگەڕێت و ئەمە گەیاندوویەتیە هیند، دوای ئەوەی حەجی لە مەککە کردووە و لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا بووە. لە رێگەیەوە بۆ هیند، ماوەیەک لای سەرانی خانەوادەی ساداتی نەهری بەسەر بردووە، شێخ عەبدوڵاش ئیجازەی تەریقەی قادری پێداوە ( ١٦٧، ٢٨٢؛ ١٧٣، ٧٧). ئەو بارەش، کە

(١) مەولانا– بۆ رێزلێنانی پیاوی ئاینییە، وشەیەکی عەرەبییە بەمانای (خاوەنی ئێمە) دێت.

مـەولانا ئیـجـازەی تەریقـەی قـادریی وەرگـرتووە نە لە سـلێمـانی کە شـێخ مـارف نۆدەیی، گـەورەی شـێـخـەکـانی بەرزنجی ئەو کـاتە، لێ بووە – تا بڵـێی سـەرنج راکـێـشـە. لەگـەڵ ئەوەشدا، مـەولانا خالید هەر لە سەرەتای گرتنەبەری رێگای دەروێشیدا خۆیی لە بـەرامبەر خانەوادەی ساداتی بەرزنجەدا قووت کردەوە.

ساڵی ١٨٠٨ مەولانا لە هیندەوە گەڕایەوە سلێمانی، دوای ئەوەی چووبووە سەر تەریقەی نەقـشـبـەندی و ئـیجـازەی بڵاوکـردنەوەیی وەرگـرتبـوو. لە سـاڵـی ١٨٠٨وە تا ١٨٢٠ یان لە سلێمانی یان لە بەغدا ژیاوە وەکو «پیاوێکی ئیسلامیی گەورە و پیرۆز» (٥١، I، ١٤٠) و ١٢ هـەزار مـوریدی هـەبووە. رێزو حورمـەت گرتنی «پیـری پیرۆز» ، کە ساڵی ١٨٠٨ تەمـەنی ٤١ سـاڵ بووە، لە ڕادەبەدەر بوو. رووڵێکردنی بەغـەیری حەزرەتی مـەولانا، بەقسـەی ک.ج. ریچ، بە پێـشـێڵ کـردنی مـوقـەدەسـات دادەنرا: «هـەمـوو کـوردەکان بەئەولـیا[٢] ناوی دەبەن، یان پیاوچاک، زۆربەی هەرە زرۆیشیان **لە رێزی پێغەمبەری دادەنێن، (خەتەکە ئێمە دامان ناوە – نووسەر)** (٥١، I، ١٤١ ). هەر بەقسـەی هەمـان نووسـەر، گوتـەکانی مـەولانا خـالیـد، وەکو حەدیسـەکانی پێغەمبەر، بەحەدیس نێو دەبران.

رێزگرتنی لەمە زێتر رێی تێ ناچێ، ئەوەش لە روانگەی ئیسـلامی ئۆرتۆدۆکسـالەوە رێگە نەدەدرا. مـحـەمـەد بەدوا پێـغـەمـبـەر و (خـاتم الانبـیـاء) دادەنراو کـاتێکیش شـێخ (لە رێز پێغەمبەر) دا بێ و قسەکانی بکرێن بە حەدیس لادانێک بوو لە شەرعی ئیسلامی.

بە بۆچوونی ک.ج. ریچ، (هەموو کوردە مەبدەئییەکان) شان بەشانی میری بابان موریدی مەولانا خالید بوون(٥١، I، ١٤١). خانەوادەی میر رێزێکی زۆری دەگرت. میر خۆی لە پێش خـەڵک لەبەردەمی وەسـتـاوە و قـەڵەنەی بۆ تێکردووە (I،٥١، ٣٢٠). کـاتێکیش ئەندامـانی خـانەوادەی مـیـر، بە داخـوازیـی مـەحـمـوود پاشـا، سـوێندی ئەوەیان خـوارد لـەگـەڵ هیچ کـەسێکدا بەجیـا پەیمان نەبەستن و نامـەو نـووسـراوەکـانی لە بەغـداو کرمـاشـانەوە دێن نەشارنەوە، ئەوا لەبەردەم مەولانا خالید و لە ماڵی ئەودا کرا (I،٥١، ١٤٧، ١٤٨).

ئیـتر، بوارەکانی سـەرکردایـەتی ئیدیۆلۆگیی شـێـخە سـۆفـییـەکان و بنەماڵە شـێـخـەکـان، وەکو بڵێین، بۆ هەتـا هـەتایی دابەشبـوون و شـێخـە بەرزنجییـەکان خـۆیان لە پلەی دووەمـدا بینیـیـەوە. بەگوێرەی ک.ج. ریچ مـەولانا خـالیـدیان لە هەمـان ئاسـتی شـێخ عـەبدولقـادر، دامـەزرێنەری تەریقـەی قـادری، دادەنا( ٥١، I، ١٤١). تەنانـەت بەرزتریش– وەکـو س. ج. ئیـدمـۆندز دەڵێ( ١٧٣، ٧٣) خانـەوادەی ساداتی بەرزنجـە ئەمـەیان بە مـەترسـییـەکی گـەورە دانا بۆ ناوبـانگی خـۆیان. بەگـەواهـی ک. ج. ریچ، هـەمـوو عـولەمـاو سـەیدەکـان لە سـەرووی

(٢) یەکێک لە تیتوڵە بەرزەکانی سۆفییە – نووسەر.

هەمووشیانەوە شێخ مارف نۆدەیی رقیان لە مەولانا خالید دەبووەوە (٥١، I، ٣٢١). کێبڕکێ لەسەر سەرکردایەتیی ئاینی لە پڕ (بۆ ک. ج. ریچ) بەوە کۆتایی هات کاتێک شەوی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٢٠ مەولانا خالید لە پایتەختی بابانی رایکرد و هەرگیز بۆی نەگەڕایەوە.

هۆیەکانی سەفەرکردنی مەولانا خالید بەڕاشکاوی لەلایەن ک.ج. ریچ) س. ج. ئیدمۆندز، م.م. ڤان بروینسنەوە باسکراون ( ٥١، I، ٣٢٠. ٣٢١؛ ١٧٣، ٧٣؛ ١٦٧، ٤٤١، ٤٤٢). لێکدانەوەی یەکجار جۆراوجۆریان هێناوەتەوە، ئەم رووداوەیان بەستۆتەوە بەوەی کە مەولانا جێگەی خۆیی لای میر لە دەستداوە بەهۆی مردنی کوڕی میرەوە، ئەویش دوای ئەوەی مەولانا سۆزی سەلامەتیی کوڕەکەی پێداوە لە کێبڕکێدا لەگەڵ شێخ مارف بۆ پێشاندانی موعجیزەو کەرامات. رای م.م. ڤان بروینسون سەبارەت بەوەی راکردنی مەولانا زەحمەت ئەنجامی ئەو جۆرە ململانێیە راست و ڕەوانە بووبێ، سەلمێنەر دێتە بەرچاو.

مەسەلەکەش لەوەدا نییە کە شێخ مارف نەیتوانیوە جێگەی مەولانا لە سلێمانیدا بگرێ و ئەو (ماوەیەکی زۆر لەپلەی دووەمیندا ماوەتەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات ئەو عەبایەی مونافیسی هەرە گەورەی بەجێی هێشتبوو بکاتە بەر) (١٧٣، ٧٣)، رووداوەکە سیمایەکی سیاسیی گومان لێ نەکراوی هەبووە. بەڵگەی ئەوەش تەنیا ئەو گفتوگۆیە نییە کە ک.ج. ریچ بەرگوێی کەوتووە دەربارەی ئەوەی مەولانا خالید ویستوویەتی مەزهەبێکی نوێ دامەزرێنێ و خۆی ببێت بە سەرکردەی دینی و دنیایی لە وڵاتداو بۆیەش پێوەندیی نێوان پاشاو براکانی تێکداوە. بیانووی سەرەکیش بۆ راستیی ئەم بۆچوونە، زۆر جیاوازە لەو هەڵسەنگاندنەی کەسایەتی و چالاکیی مەولانا خالید پێش و پاش راکردنەکەی: (پیاوی ئاینی گەورە و پیرۆز)، (نزیکەی لە رێز محەمەد پێغەمبەر دایە)، ئێستاش پێی دەڵێن (کافر و بێ باوەڕ) و (گەلێ چیرۆک سەبارەت بەهەوابەرزی و لە دین دەرچوونی) دەگێڕنەوە( ٥١،I، ٣٢٠).

لە پاڵ ئەو زێدەڕۆییەدا لە هەڵسەنگاندنی و ناوبانگی ئینجا بەو تووندییەش کەمکردنەوە لە نرخ و بایەخی ئەو تەنیا دەبێ تێکچوونی پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەی سیاسییدا میری بابانی هەبووبێت و بنچینەی رووداوەکانیش زێتر تاکتیکی خەبات بووە لەپێناو دەسەڵاتدا. میری بابان نەیتوانی حسێب بۆ بایەخی سیاسیی بەرزبوونەوەی ناوبانگی مەولانا خالید نەکات، مەولانا، بەسوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێو بنەماڵەی میر و بە پشت بەستن بە دڵسۆزیی کەللەرەقانەی مورید و خێڵی خۆی – جاف، توانیویەتی هەنگاوێک لەم بوارەدا بنێت و شێخەکانی بەرزنجی و پەیڕەوکەرانیان بەئێرەییەوە چاویان بڕیبووە

هەنگاونانەکانی ئەو. میری بابان کە لەبەردەم خەڵک و بە ئێتیکێتەوە ڕێزی مەولانای دەگرت حەزەرو وریاییەکەی خۆی شاردبووەوە. زێدەبوونی دەسەڵات و ناوبانگی مەولانا بۆ میر جێگەی مەترسی نەبوو تا ئەو کاتەی لە دەسەڵات و ناوبانگی ئەو نزیک بۆتەوە.

م.م. ڤان بروینسون ئەگەری زەمینەیەکی سیاسیی بۆ ڕووداوەکان داناوە و هەروەها ئەگەری تەقەڵای مەولانا بۆ «وەدەست هێنانی دەسەڵاتێکی دنیایی گەورە» ش ( ١٦٧ ، ٤٤٢). دکتۆرانامەی هەڵکەوت حەکیم دەربارەی ئەمە زانیاریی یەکجار بەنرخی گرتۆتەخۆ( ١٨٠، ١٢١، ١٢٠).

بەڕای ئەم نووسەرە ئەوە یەکەمین سەفەری مەولانا نەبوو لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا. ئەم ساڵی ١٨١٢ هەمان شتی کرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەبدوڕەحمان پاشادا، باوکی مەحموود پاشا، تەنیا دوای مردنی ئەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

ئێمە بەم ڕاشکاوییەوە لەسەر ئەم ڕووداو و کەسایەتیی مەولانا خالید وەستاین لەبەر ئەوە نییە کە زانیاریی دەربارەیان لە سەرچاوە و ئەدەبیاتدا هەیە. ئەم هەڵبژێردراوانە لە ڕووداوەکان و لە ژیانی مەولانا خالید ڕێگە نیشاندەرن بۆ سەرکردایەتیی ئیدیۆلۆگی لە ڕەوشێکی ئاڵۆزی کوردستانی خوارووی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا. سیمایەکی دیاری ئەوساکەی کوردستانی خواروو ئەوەبوو کە ئیدیۆلۆگیای ئیسلامی شەرعی و دەروێشیزمی ئیسلامی لێک جیانەبوونەوە، بەڵکو یەکتریان تەواو دەکرد. ستاتووسی مەلایەتیی مەولانا خالید نەک هەر ڕێی لێ نەگرتبوو بگات بەڕێزی پێغەمبەر، بەڵکو ڕێگەشی بۆ خۆش کردبوو. ئینستیتووتی سەیدایەتی کە ڕۆڵێکی گەورەو سەربەخۆی سیاسی–ئیدیۆلۆگیی نەبینیوە، ئەویش بووبوو بە توخمێکی گرینگی ناوبانگی کۆمەڵایەتی – سیاسیی بنەماڵە شێخەکان و بەکاردەهێنرا بۆ چەسپاندنی هەڵوێستی خۆیان.

دەسەڵات و ناوبانگی شێخ پێش هەموو شتێک و بەجۆرێکی سەرەکی لەسەر وزەی بەدەرئاسا و کەرامەتییەوە وەستابوون، نەک لەسەر کاروکردەوە تیۆرییەکانی. قادرییەکانیش و نەقشبەندیش لە زۆرانبازییاندا لەسەر ڕوح و گیان زێتر پەنایان دەبردە بەر کردەوەی پراکتیکی، بەم جۆرەش زۆرانبازییە ئیدیۆلۆگییەکەیان دەهێنایە سەر زمانی خەڵک– واتە ملکەچی ئینستیتووتی قەداسەت و هێزو توانای بەدەرئاسایان دەکرد.

توانای بەجێهێنانی کردەوەی عاجباتی کە دەدرایە پاڵ شێخەکانەوە، بە باوەڕی ئیمانداران، بەڵگەی ئەوە بوو کە ئەمانە خاوەنی «کەرامەت»ن. «کەرامەت»ی شێخێکی سۆفیی ناودار تەنانەت دوای مردنیشی کاریگەرتی هەر دەما و جەستەکەی لە ناو گۆڕیدا هەر دەمایەوە و دەبوو بە زیارەتگا و «نزیکەی بت پەرستی» (١٧٣ . ٦٣؛ ١٦٧، ٢٦٧). بۆیە

وزە و توانای بەدەرئاسای شێخ تەنیا بە کەرامەتەکەی هەڵنەدەسنگێنرا، بەڵکو بەکردەوە و رابردووی بنەماڵەکەشی. جبەخانەی ئیدیۆلۆگیی بنەماڵەی شێخ لە نەوەیەکەوە بۆ ئەویتر هەر زێدە دەبوو، هەر یەکەو جێپەنجەی خۆیی دەخستە سەر پەرەپێدانی.

شێوازەکانی کارتێکردنی ئیدیۆلۆگی، کە لە پراکتیکدا شەعایری تەریقە دەروێشییەکان بوون، لە کوردستاندا رووەو هۆشیاریی جەماوەر کرابوونەوە. کۆبوونەوەکانی قادری «مەجالیس» وەکو پیشانگەیەک بۆ دیتن روویاندەدا، ئەو کردەوە عاجباتانەی دەدرانە پاڵ «کەرامەت»ی شێخان ئەوەشی دەگرتەوە کە دەتوانن هێز و توانای تایبەتیی بە پەیڕەوکەرانیان ببەخشن تا قارەمانییەتی بنوێنن: خواردنی پەنگر، کوژاندنەوەی کڵپەی ئاگر لەناو دەمیاندا، قووتدانی ماری ژەهراوی، هەڵدڕینی گوپ و سک بە ڕم و خەنجەر «بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگات» (١٦٢، ٨٦).

بەقسەی هەواڵدەری ف. بارت، میکانیزمی پێسپاردنی ئەم توانایە بە سانایی بووە. دەروێشی ئیماندار کە هەموو مەبدەئەکانی تەریقەی جێبەجێ کردووە دەیتوانی بچێتە لای شێخ و داوای لێ بکات هێزێکی تایبەتیی پێ ببەخشێت، ئەگەر شێخ ئەمەی بەکارێکی راست زانی، ئەوا تەنیا دەستی دەخستە سەر سەری دەروێش و دەیگوت لەمەودوا تۆ خاوەنی ئەم هێز و توانایەیت. پێویستی بە پرۆڤەکردن نەبوو و یەکسەر دەبوو بە خاوەنی هێزی بەدەر ئاسا و وەکو بەڵگەیەک بۆ «کەرامەت»ی شێخ دەیتوانی ئەم هێزەی خۆی نیشانی خەڵک بدات.

دەروێش ئەم هێزی بەدەرئاسایەی خۆی لەکاتی زیکری دەروێشاندا دەخستە روو. ئەنجامدانی ئەم جۆرە قارەمانییەتە سیمای تایبەتیی «تاقیکردنەوەی روحی» بوو لای ئەندامانی تەریقەی قادری لە کوردستاندا، دەروێشەکان دەکەوتنە نێو نەشوەیەکی روحی کە پێی دەڵێن «حاڵ» و لە هەندێ چرکەدا، بە گوێرەی دەروێشانی موسڵمان، دەگەیشتن بە خوا ( ١٣٣، ٣٢٧).

م.م. ڤان بروینسون بەڕاشکاوی دەگێڕێتەوە کە چۆن سەریمۆنیای کۆبوونەوەی ئەندامانی تەریقەی قادری و نەقشبەندی روویاندا. ئەم وەسفکردنە شارەزایانەی زانای هۆڵەندی بۆ ئەم دیاردە نائاساییە، کە پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە بۆ سەر لێدەرکردن و هەڵسەنگاندنی، باش نیشان دەدا کە میکانیزمی کارلێکردنی بەوردەکارییەوە رێکخراوە.

شەعایری زیکری قادری لە سنە، بانە و مەهاباد، کە م.م. ڤان بروینسون تێیاندا ئامادەبووە، لە مەڵبەندی دەروێشان (خانەقا یان تەکیە)دا کراون و دوای نوێژی عیشا

دەسـتـیـان پێکردووە[٣]. ئەمـانە دادەنیـشتن و جگەرەیان تێـدەکـرد، چایان دەخـواردەوە و باسـی ڕووداوی ڕۆژانەیان دەکـرد، خـەلیـفـە «جـێگری شـێخ» دەهاتـە ژوورەوە و ئەمـری دەسـتـپـێکردنـی دەدا، جگەرە دەکـوژانەوەو چای لادەبرا. خـەلیـفـە دوعـای بۆ پێـغـەمبـەرو سـەحابە و پیـاوچاکـان دەکـرد، ئینجـا ڕەحـمـەتی خـودایی دەدایە پـاڵ شـێخ، هـەروەها بۆ هەمـوو تەریقـە دەروێشیـیـەکان، دوای ئەمە هـەموو دەروێشەکان دەسـتـیـان دەکرد بە زیکر «گوتنی ناوی خوا بەدەنگی بەرز». بە دەنگی بەرز و ئاوازەوە، پێکەوە و شێوەی جیاوازیان دەهێنانەوە، بۆ نموونە: «یاهـو، یاهو، یامەن هو، یامـەن لەیس ئیـلا هـو» «یائەڵڵا، دایم ئەڵڵا» وهـی تریش- هـەمـووی نزیکەی دە زیکرن، هـەریەکە و حـەوت جـار دەگـوترێن. دوای ئەمـەش سیلسیلە «زنجیرەی شێخـەکانی خاوەن تەریقە» دەهات، ئینجـا زیکری «شەهادە»: «لا اله الا اللّه» کە سـەدان جار دەگوترا و لەمـەشـەوە هەڵدەسـتـانە سـەر پێـیـان و بەشـی سـەرووی لەشیان دەهێناو دەبرد: «لا اله» - بۆ لای چەپ و «الا اللّه» - بۆ لای ڕاست. زیکر بە «ئەڵلا، ئەڵلا» و دەف لێدان تەواو دەبوو.

دوای گـوتنـەوەی «ئەڵلا، ئەڵلا» سـەدان جـار زیکر نـەدەمـا، بەڵام جـووڵە و بزووتـنـەوەی دەروێشـان کێویتر دەبوون، هەندێکیان ئەم شـێوە حاڵەیان دەکرد: «یەکێکیان لەنکاو ڕاپەڕی و زەرگی هـەڵکێـشـا... و بە چریکەیەک سـەرنجی هەمـووانی بۆ خـۆیی ڕاکێشـا، ئەگەرچی ئەم، وەکو بڵێی، لە حـاڵ دابوو دڵنیا بوو لەوەی خـەلیفـە و من، کە بێگانـە بووم، سەرنجمان لای ئەوە. ئینجا لەسـەر چۆکان لە پێش مـن دانیشت تا توانی دەمـی خۆیی کردەوە، نووکی تیـژی زەرگی لە سـەری زمـانـی دانا و توونـد چەقـاندی و هـەر پاڵیـدا تا سـەرەکـەی لەژێر چەناگـەیەوە دەرهـات، دوای پێنج دەقیـقـە زەرگەکـەی دەرهێنا و پەنجـەی گـەورەی خـۆیی لەسـەر برینەکـە دانا و یەک دڵۆپ خـوێنی لێ نەهـات. پاش چەند دەقـیـقـەیەک چایـەکی خواردەوە» (١٦٧، ٢٩٩).

دەروێشـەکانی تـر زەرگـیـان لە لەشی خـۆ داوە، سنگیـان بەشـمـشـێـر بریندار کـردووە، یەکێکیـشـیـان، بە ئامـادەبوونی م.م. ڤـان بروینسـون، چەنگە بزمـارێکی ئاسنی قووتداوە و جامە ئاوێکیشی لەسەر خواردۆتەوە.

نووسـەر لە خـانەقـەکـانی(*) تری قـادریدا هـەمـان کـردەوەی بـەرچاو کـەوتووە. مەجلیسەکانی قادری لە سنە، بانە، مەهاباد بەهەمان شێوە بەڕێوەچووین. مەبەستیش لەم جۆرە زیکر و حاڵانە نواندنی مـەگنیتی (تنويم مغناطيس) خۆ و دەوروبەریان بووە، دوعا

(٣) وەسفەکان لە م.م. ڤان بروینسونەوە وەرگیراون /٦٧، ٢٩٦ - ٣٠/.

(*) وەکو باوە قادرییەکان ناوی (تەکیە) و نەقشبەندیش (خانەقا) بۆ مەڵبەندەکانیان بەکاردێنن - وەرگێڕ.

لەخوارەوەدا دەبینین، شێخەکان پەنایان بردووەتە بەر سەیدان بۆ بەهێز کردنی ناوبانگی خۆیان بەحسێب هەڵگری (بەهرەیەکی) خوایی تایبەتین و باوەڕیان بەکەرامەتیان لا هەبووە، ئیدیعاکردنی خزمایەتیی کۆن لەگەڵ پێغەمبەر دا باریدەی شێخەکانی دەدا بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتیان و بوو بە بنەمایەکی ئیدیۆلۆگی بۆ ئەو پلە و ناوبانگەی وەریانگرتبوو.

بۆچوونی هەڵەی ف. بارت سەبارەت بە وەکویەکبوونی زاراوەکانی (سەید) و (شێخ) لە کۆمەڵگای کوردیدا کە، بەڕای ئەو بەکاردێن بۆ خۆبردنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر (١٦٢، ٨٩)، بەڕای ئێمە، ئەو هەڵەیە بۆ هەر ئەو راستییە دەگەڕێتەوە کە شێخە ناودارەکانی کوردستان پەنایان بردووەتە بەر سەیدان. پەنابردنە بەر ئینستیتووتی سەید بۆ چەسپاندن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەڵوێستی تەنیا شێخەکان نەبووە، بەڵکو تیرەی بەگزادەدکانیش وایانکردووە ئەگەرچی وا زۆر نا، خانەوادەی بەگزادە جافەکان ئیدیعای خزمایەتیی کردووە لەگەڵ پێغەمبەر دا. بەڵام نازناوی سەید لە شەجەرەکەدا تەنیا یەک جار، ئەویش لە بنەچەکەدا، پەیابووە. جێبەجێکردنی ئەرکەکانی موفتی و قازی، کە بریتیبوون لە پاراستن و پەرەپێدانی زاکۆنەکانی ئاینی، سەربەخۆیی تەواوی بۆ دابینکرد بوون، بەڵام لە واقیعدا حاکمی باڵای میرنشینی فەرمانڕەوا و خێڵەتییەکان خۆیان بوون. ئەمەش بەلای م.م. ڤان بروینسونەوە سیمایەکی گشتیی رەوشی هەموو کوردستانە (١٦٧، ٢٥٧)، کە موفتی و قازی دەگمەن دەوری باڵایان لە پرۆسە سیاسییەکاندا بینیوە. هەروەها ستاتووسی مەلاش لە وڵاتی کورداندا دەروازەی بۆ سیاسەتی باڵا نەخستووەتە سەر گازی پشت (١٦٧، ٢٥٨)، کە تاقە ستاتووسێکی ئاینییە شوبهەتی لەگەڵ خزمەتگوزارانی مەسیحیدا هەیە.

جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قازی و موفتییەکانی ئەردەلان لەماوەی چوار سەدەدا پاوانی خانەوادەی مەوالی بوون (١٥٠، ٢، ٢٦) کە یەکێک لەم خانەوادەیە دانەری (زوبدەت ئەل – تەواریخی سەنەندەجی) بوو و، بەلای کەمیشەوە، چوار لە نووسەرانی خرۆنیکایانی درەنگتریش. یەکەمین نوێنەرانی ئەم خانەوادەیە، لە نەوەکانی مەلا حوسێن، قازی بوون لە قەڵای پایتەختی ئەردەلانییاندا– حەسەن ئاباد. پێنج پلە و پایەداران لەناو ستاتووسی کۆمەڵایەتی خانەوادەکەدا توند تێکەڵ بەیەکدی بووبوون – قازییە میراتگرەکان، موفتی، مودەریس، مەلا و مێژوونووسانی کۆشک. ساڵی ١١٦٠ / ١٧٤٧ مەلا مستەفا، کوڕی مەلا عەبدولکەریمی قازی، نازناوی رێزداری شێخ ئەل – ئیسلامی پێبەخشرا کە تاکو ئێستاش نازناوی بنەماڵەکەیەتی.

بەم جۆرە، هەوڵدان بۆ چوونە ناو ریزەکانی تیتوڵ و نازناوی خانەوادەیی، کە لەسەرەوە باسکرا، سیمای ژیانی کۆمەڵایەتییە لە نهۆمە هەرەبەرزەکانی کۆمەڵگای کوردی و لە ئاستی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە کۆمەڵایەتییانەشدا رەنگی دایەوە کە باسیان لێوە کرا.

کۆبوونەوەی پێنج پلەوپایە لەناو ستاتووسی یەک خانەوادەدا جێگەی بەرزی دیاریکردووە لەناو ستروکتوری کۆمەڵایەتیی ئەردەلاندا. تیرەی مەوالی لە ئەردەلان، کە لەماوەی چەند سەدەی مێژووی میرنشینیدا دام و دەزگای بەرزی ئیسلامی «قادری» دانا، دەورێکی چالاکانەی لە ژیانی سیاسیدا گێڕاوە. لەسەر لاپەڕەکانی خرۆنیکا ئەردەلانییەکاندا بەرچاومان دەکەوێ کە نوێنەرانی خانەوادەی مەوالی لە کۆمیتەی نەجیبزادان هەبووین، ئەو کۆمیتەیەی میرەکان کۆیاندەکردەوە بۆ وەرگرتنی بڕیاری گرینگ. ئەمانە ئەندامی هەمیشە و رێزداری ئەم کۆمیتەیە بووین و دەنگەکانیان بایەخداربووین، کاری وا بەمانە دەسپێردرا کە پێویستی بە بەهرەیەکی دیبلۆماسی هەبێ – گفتوگۆ کردن لەگەڵ دوژمناندا...، سەردانی سەرۆک دەوڵەتان، تەزکیە کردن ( ٢٥، ٩٧، ٩٨، ١٤٧، ١٦٣). نوێنەرانی ئەم خانەوادەیە منداڵی میرانیان فێردەکردن و دەبوون بە مورشیدی دینییان (٢٥، ١٦٣)، ئەم نزیکایەتیەشیان لەماڵی ئەردەلانیانەوە سیمایەکی نارەسمییانەی هەبوو. ئەم پێوەندییە بە هێزەی خانەوادەی مەوالی بە ئەردەلانییانەوە رێگەی ئەوەی لێ نەگرتبوون کە لە چرکەساتە سیاسییە سەختەکاندا هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن و تەنانەت هەندێ جاران لایەنگیریی بابەنەکانیش بکەن (٢٥، ٧٢، ٧٤). مەلا عەبدولکەریم قازی چالاکانە سەر بەعوسمانی و بابانەکان بوو و چەک بەدەستەوە دڵسوزیی خۆیی بۆ سەلماندن و تەنانەت لە شەڕێکدا ژیانی خۆشی بۆ بەخت کردن.

خانەوادەی مەوالی بەشدارییەکی چالاکانەشی کرد لەو پێکدادانە ناوخۆییەی ئەردەلانییەکان لەسەر دەسەڵات، ئەوەی بوو بە پێشەکییەک بۆ رووخانی بنەماڵەکە (بڕوانە – ٢٥، ١٩٢، ١٩٥، ٢١٢). هەموو ئەوە رێگەمان نادات بە تەواوی پشتگیریی بۆچوونی م. بروینسون بکەین سەبارەت بە پلەی کەم بایەخی موفتی، قازی، و مەلا. بەڵام، ئەوەش گومانی لەسەر نییە کە بۆ ئەوەی خانەوادەی مەوالیی ئەردەلان ئەو مەرکەزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی وەدەست هێنایە دەبوایە ئەو پێنج پلەوپایەی ئیشارەتیان بۆ کراوە لەناو ستاتووسی کۆمەڵایەتیی خانەوادەکەدا یەک بگرن تا دەسەڵاتەکەیی دابین بکەن.

لەناو خەڵکانی ئاینی ئیسلامیدا، کە لە کوردستاندا یەکێک لە گرینگترین ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان جێبەجێ کردبێ – ئەرکی رێبەرایەتیی ئیدیۆلۆگی. دەکرێ دوو گروپە دیاری بکرێن، یەکەمیان لە نێو قەوارەی ئیسلامی شەرعیدا کاری دەکرد و پیاوانی ئاینی

ئۆرتۆدوکسال نوێنەرایەتییان دەکرد، وەکو – موفتی، قازی مەلا، ئیمامی مزگەوت، واعیز و مودەریس. گروپەی دووەمیش پێکهاتبوو لە خەڵکانی ئیسلامیی نەتەوەیی (١٦٤، ٤٧٥)، ئەوەی کە شان بەشانی ئیسلامی شەرعی پەیابوو و گەشەی سەند بەشێوەی ڕێبازی دەروێشی و بەناوێکی گشتی – سۆفیزم – ناوی دەرکرد. ئەم گروپەیەی پیاوانی ئاینی ئیسلامی پشتی بە ئینستیتوتی ئیرشادی روحی بەستبوو.

سۆفیزم، بەڕای ت. بوا، سەدەی دوازدە لە کوردستاندا پەیدا بوو( ١٦٤، ٤٧٥). ئەم ڕێبازە لەوێ هەلومەرجێکی یەکجار لەباری بۆ رەخسا بۆ بڵاوبوونەوەی و یەکسەریش توانی جەماوەرانی خەڵک کۆبکاتەوە، دەروێشەکانی زوو بە جۆرێکی سەرەکی خەریکی ژیانی نهێنی بوون، روویان لە خوا و لە حەقیقەت کردبوو و دەوری ئاڵقەی نێوەڕاستیان دەبینی لەنێوان خواوەند و پەیڕەوەکەرانیدا.

دەروێش – مامۆستا، کە بە شێخ، پیر یان مورشید نێو دەبرا، وردە وردە خۆیی بوو بە بابەتی پەرستن و لەبەر چاوی پەیڕەوکەر – قوتابیانییەوە خاوەنی هێزی ئاسا بەدەرو پیرۆز بوو. ڕۆڵی مرۆی ئاینی، ئەوەی بەهۆی داهێنانی کەراماتی هەبوو، یەکێک بوو لەناو کۆمەڵی دەورە کۆمەڵایەتییەکان و شێخە مەزنەکانی کورد گرتبوویانە دەست و ئەنجامیان دەدا وەکو ڕۆڵێکی سەرەکی ( ١٦٢. ٦٣. ٦٤؛ ١٦٧، ٢٥٨). ئەگەرچی لە رووی تیۆرییەوە کەرامەت، بەقسەی س. ج. ئیدمۆندز، ئیجباری نەبوو و تەنانەت لەناو بەهرەکانی مورشیدیشدا ئارەزوومەند نەبوو، بەڵام لە واقیعدا ناوبانگی ئەو بەرادەیەکی زۆر وەستابوو لەسەر «تاچەند دەتوانن بۆ خەڵکی بسەلمێنن کەوا خۆی خاوەن کەراماتە» ( ١٧٣. ٧٤). لەم رووەوە، لە کوردستاندا لە هەمووی بایەخدارتر ئەو بەهرەیە بوو کە دەدرایە پاڵ هەندێ لە شێخەکان گوایە دەتوانن گوللەبەند دروست بکەن.

دڵسۆزیی بێسنووری موریدان بۆ مورشیدەکانیان، یارمەتییەکی مادیی یەکجار هەست پێکراو بوو بۆ دەسەڵاتی ڕۆحیی شێخ و بنچینەی ئەوەی بۆ دەرەخساند کە نەک هەر ببێت بە ڕێبەرێکی ئیدیۆلۆگی، بەڵکو ببێت بە سەرکردەیەکی سیاسیش. گوێ ڕایەڵبوونی موریدان، دەبووایە کوێرانە و بێ قسە لێکردن بێت.

باوەڕی لەڕادەبەدەری موریدان بەمورشیدی روحییان ئەو گێڕانەوەیەی ک.ج. ریچ نیشانی دەدا دەربارەی گفتوگۆیەکی لەگەڵ موردیدی یەکێک لە دەروێشە ناودارەکاندا، موریدەکە گومانی لەوە نەکردووە کە دەروێش (واتا مورشیدەکەی– ر.م.) توانای هەبووە لە هاودەمەکەی بگات بەهەر زمانێک قسەی کردبایەو سەری لە هەموو زانستێک دەرکردووە. موریدەکە گوتوویەتی: « زیاد لەوەش، ئەو دەزانێ ئێوە بیر لە چی دەکەنەوە، ئەگەر نیازی

پرسیارکردنێکتان هەبێت، ئەو یەکسەر وەڵامیان دەداتەوە بەبێ ئەوەی ئێوە قسەیەک بکەن، ئەم ئەوەش دەزانێ کە ئێمە ئێستاکە باسی ئەو دەکەین» (٥١، I، ١٤١).

بەشی خێڵەتیی کۆمەڵگای کوردی، کە تاکۆتایی سەدەی نۆزدە گەلێ لایەنی کۆمەڵایەتیی ژیانی کوردانی دارِشتبوو، هەروەها لەئارادابوونی شەرِو پێکدادانی نێو خێڵەتی هەلومەرجێکی یەکجار لەباریان رەخساندبوو بۆ چالاکیی سیاسیی شێخەکان کە هەمیشە لە دەرەوەی ستروکتوری خێڵەتی بووین و دەوری ناوبژیکەری ئیدیالیان بینیوە لە چارەسەرکردنی پێکدادانەکاندا، پرِۆسە سیاسییە خێڵەتییەکان، بەگوێرەی م. ڤان بروینسون، هەروەکو مولکێکی رەهای شێخەکان مانەوە ( ١٦٧، ٢٥٧) – تەریقە دەروێشییەکان لە کوردستاندا تاقە رێکخراوەیەک بوون کە هەموو تخووبە خێڵەتییەکانیان برِیبوون، ئەم رێکخراوەیە هیچ سنوورێکی بۆ نەبوو، نە هی سیاسی کە وڵاتی کوردانی لەت کردبوو، نە هی کۆمەڵایەتیش.

موریدەکان لە توێژاڵە کۆمەڵایەتییە نزمەکانەوە هاتبوون و دەبوایە لە رادەبەدەر گوێرِایەڵ بن. وا دیارە ئەندامانی بنەماڵە فەرمانرِەواکان نەدەبوون بە مورید، بەوەندە وازیان دەهێنا کە دەبوون بە مەنسووب یان پەیرِەوکەر و شێخیان بە مامۆستای خۆیان داناوە و دانیان ناوە بە زانایەتییان لە بواری ئایندا ( ١٨٠، ١٤٢). ئەحمەد پاشای بابان و رەزا قولی خانی ئەردەلانی مەنسووبی شێخ عوسمان سیراجەدین بووین. ( ٢١٤، ٢٦).

م.م. ڤان بروینسون سەرەتای دەوری گەورەی شێخە سۆفییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی – سیاسیی کورداندا بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەباتەوە، بۆ چەرخی گێژاوە و بێ زاکۆنی کە دوای تێکچوونی میرنشینەکان داهات. لە رەوشێکدا، کاتێک ژمارەی پێکدادانە نێو خێڵەتییەکان توند پەرەیسەند شێخەکان لەراستیدا گەشانەوە و م.م. ڤان بروینسون ئەم ئەنجامەی بەدەست هێناوە:

لە کاتێکدا جاران هیچ یەکێک لە شێخەکان، بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو، بەپلەی یەکەم سیاسی نەبووە، لەو رۆژگارەوە ئیتر نزیکەی هەموو سەرکردە سیاسییەکان شێخ بووین. یان هەر نەبێ لە بنەماڵەی شێخەکان بووین. ( ١٦٧، ٢٩٢ – ٢٩٣).

ئەم چاودێری کردنە سۆسیۆلۆگییە یەکجار بەنرخەی زانای هۆڵەندی پێویستی بە لێ زێدەکردن و چاکردنەوە هەیە. وا دەردەکەوێ کە لە قۆناغی زووتری مێژووی کورداندا ئەو دەورە سیاسییەی شێخەکان هەبووە. مەسەلەکەش تەنیا و ئەوەندەش لەوەدا نییە کە م. بروینسون ئاماژەی بۆ کردووە گوایە شێخەکان توانیویانە سەرکردە خێڵەتییەکان و پێکدادانەکانیان بەکار بێنن و سوودیان لێ وەرگرن، بەڵکو بەرِێگەی ئەمانیشەوە سوودیان

له سەرجەمی خێڵەکانیش وەرگرتووە( ١٦٧، ٢٩٤).

ئینستـیـتـووتی ئیـرشـادی روحی، وەکـو لـە دەقی «شـەرەفنامـە»دا دەردەکـەوێ، لە کـوردسـتـاندا لەگـەڵ رەچەڵەکی زۆر لـە بنەمـاڵە فـەرمـانڕەواکـاندا بووە و دەوری پێـبلقـەی کۆمەڵایەتیی بینیوە بۆ گەیشتن بە پلەی نەجیبزادەیی کوردی. هەندێ لەم بنەماڵانە بوون بە فیۆداڵی دنیایی و تیتوڵی ئێلیتاریی کوردیی ئاساییان وەرگرت، ئەوانـەی تریش دەسەڵاتی تیۆکۆاتیی خۆیان پاراست و، وا دیارە، نازناوەکانی شێخ و پیریان لا گەلێ پیرۆز بووە.

پێوەندیی نێوان سـەرکردەی شـێخ یان پیر و پەیڕەوکـەرانی کـە مـوریدی بوون، بێگومـان گـەلێ بەهێـزتر و لە ڕووی ئیـدیۆلۆگـیـشــەوە زۆر چەسـپـاوتر بـووە لە پێـوەندیـی نێـوان فـەرمانڕەوا و تابیعـەکانی کە هیچ بۆیـەیەکی ئاینی بەسـەرەوە نەبووە، ملکەچبوون شێوەی گـوێڕایەڵبـوونێکی تەواو بـۆ مـورشـیـدە روحـیـیـەکەیی وەرگـرتبـوو و خـزمـەتکردنی باشـی مورشید وەکو رێسایەکی رەفتاری دەروێشانە تەماشادەکرا ( ١٣٥، ٩٣).

مێژووی هەندێ بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردی بە ڕوونی نیشان دەدات کە پەرینەوە لە ئیرشـادی روحـییـەوە بۆ سـەرکردایەتیی سیـاسی هەمیـشـە هـەر روویداوە. دامـەزرێنەرانی بنەمـاڵەی سـەرکردەکـانی خێڵی بەهـێزی میـرداسـی، کـە خـاوەنی سێ ناوچـەی ویلایەتی دیاربەکـر بووە لە کـوردسـتـانی ناوەڕاسـتدا بە، پێـبلقـەکانی دەروێشیـزمی ئیـسـلامیـدا بەسەرکەوتوون (٣٤، ٤٣، ٤٩٩). سێ کەس لە نوێنەرانی ئەم بنەماڵەیە پیربووین یەکەمیان پیر مـەنسـور «پیـاوێکی خـوایی و خـواترس بوو و کـات ناکـات دەگـەیشت بـەوەحی ئیـلاهیی نهێنی». شـەو و ڕۆژانی خـۆیی تەرخـان کـردبوون بۆ بانگاشـەکردنی خـەڵکی ئەم وڵاتە بۆ ملکەچبوون و خزمەتکردنی خوا، وازی نەهێنا تا زۆربەی دانیشتوان نەبوون بە گوێڕایەڵ و موریدانی خۆی.

پیـر مـوسـا، کـوڕی پیر مـەنسـور، تەکـیـەی دەروێشـی دامـەزراند و زۆر سـەرکـەوتووانە دەسـەڵاتی خۆیی بڵاوکردەوە و زۆربەی خێڵی میرداس و خەڵکی ناوچەکانی ئەوێ بوون بە مـوریدی ئەو. نـاوبانگی ئیـرشـادی روحـیی ئەو تا دەهات زیـادی دەکـرد – «نەجـیـبـزادە و خـەڵکی سادەی ئەم ویلایەتە گوارەی ملکەچبوونیان کردە گوێ و عەبای کۆیلەییان خستە سـەر شـان». بۆ نوێنەری دواتری ئەم خانەوادەیە، پیر بەدر، ئیتر زەحمەت نـەبوو کە بەهۆی دڵسـۆزیی مـوریدەکـانیـەوە دەسـەڵاتی دنیـایش بـخـاتـە سـەر دەسـەڵاتە روحـیـیـەکـەیەوە و بەیاریدەی هێـزی عـەشـرەتی مـیـرداسی ناوچە و قـەڵای ئـاگـیل بگرێ. دوو نـەوەی تر و کوڕەزاکانی پیر مەنسور، کە ببوون بە میری خێڵی میرداس، ئیتر بە بەگ نێو دەبران، واتە لەناو توێژاڵی بەگزادەدا جێگەی خۆیان گرت (٣٤، ٢٣٧ – ٢٣٩).

دەسەڵاتی فەرمانڕەوای چەمیشگەزەک بۆیەیەکی تیۆکۆاتیی گەلێ دیاری بە خۆوە گرتبوو کە، بەگەواهی شەرەفخانی بەتلیسی، لەهەموو کوردستاندا بەخێڵی گەورە و پەیرەوکەرانی زۆرەوە ناوبانگییان رۆیشتبوو، ناوچەکانیان رووبەرێکی ئەوەندە فراوانیان گرتبوو کە، بەقسەی مێژوونووس، هەم «خاقانە خاوەن شکۆکان» و هەم میللەتی رەش و رووت بە کوردستان ناوی رووبەرەکەیان دەبرد، لەناو کوردەواریشدا کاتێک باسی کوردستانیان دەکرد، مەبەستیان چەمیشگەزەک بووە( ٣٤. ٢٢١).

یەکەمین فەرمانڕەوای ئەم بنەماڵەیە، کە شەرەفخان ناوی هێناوە، نازناوی شێخی هەبووە و ناوی شێخ حەسەن بووە– ئەم گەلێک سەرکەوتووانە بەرەنگاری تەقەلاکانی بنەماڵەی ئاق – قۆینلۆ بووەوە بۆ « لە ناوبردنی فەرمانڕەوایانی چەمیشگە زەک». کوڕ و کوڕەزای شێخ حەسەن بە بەگ نێو براون، هەرچی نەوەکەیەتی پیر حوسێن بەگ دەسەڵاتی دنیایی تەواوی بەدەست بووە و نازناوی دینی و ئێلیتاری پێکەوە هەڵگرتووە. ئەم جۆرە تێکەڵکردنەی تیتوڵی ئاینی و ئێلیتاری تەنیا لە ناوی سێ فەرمانڕەوای کورددا هەیە کە لە «شەرەفنامە»دا هاتوون، یەکێکیان لە مانە فەرمانڕەوای چەمیشگەزەکی ناوبراوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەدا، ئەو فاکتەش سەرنجڕاکێشە کە هیچ یەکێک لە شازدە کوڕانی پیر حوسێن بەگ لەقەبی ئاینییان نەبووە– سەرلەبەریان بە بەگ نێوبراون (بڕوانە – ٣٤، ٢٢٥).

ئەم جۆرە پەرینەوەیە لە پلەی ئاینییەوە بۆ پلەی سەرکردەی سیاسی و بەپێچەوانەوە[1] تەنیا لە نێو بنەماڵەی فەرمانڕەوای چەمیشگەزەک دا بەرچاو ناکەوێ. یەکێک لە کوڕانی باپیرەگەورەی میرانی سۆران تیتوڵی شێخی هەبووە (شێخ وەیس) و یەکێکیش لە نەوەکانی ئەو تیتوڵی پیر (پیر بۆداق). پیر بۆداق وەکو سێ براکەی، کە بەمیر ناویان دەبرا، بوو بە میراتگری ویلایەت و بەهۆی سەرکەوتنەکانییەوە لە شەڕ لەگەڵ قزڵباشەکاندا توانی ناوچەکانی خۆی دووقات فراوان بکات ( ٣٤٣٢٢ – ٣٢٤).

هەر لەم بوارەدا زانیاریی سەرنجڕاکێش هەیە سەبارەت بە مێژووی میرانی خێڵی دومبلی. شەرەفخانی بەتلیسی عیسا بەگ بە دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە دادەنێ کە لە ناوەکەیڕا دیارە سەربە توێژاڵی بەگزادە بووە یان، هەر نەبێ، بە رەچەڵەک لە بەگەکان بووە. بەڵام نەوەی ئەم کە بە «پلەی بەرز» گەیشت نازناوی شێخ و بەگیشی هەبوو– شێخ

(١) پەرینەوە بە ئاسانی لە پلەی ئاینییەوە بۆ پلەی دینایی و پێچەوانەکەشی لە بوارەکانی تری ئیسلامیشدا بەرچاو دەکەوێ. ئێ. بێ. پیترۆسیان ئاماژەی بۆ دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی هەمان جۆر کردووە لە بواری کارکردنی عولەماکاندا (١٣٠. ١٥٢).

ئەحمەد بەگ. دووان لە کورانی ئەو نازناوی ئاینییان هەبووە و ئەوەی جێگەی باوکیشی گرتەوە خاوەنی دوو تیتوڵی بوو – شێخ بەهلول بەگ، هەبوو میرانی دواتری خێڵی دومبلی، کە لە «شەرەفنامە»دا باسکراون، بە بەگ نێوبراون ( ٣٤، ٣٥٧).

کارێکی سەختە هۆ و ئاکامەکانی ئەم فاکتانەی سەرەوە بە روونی دیاری بکرێن لە حاڵەتی فەرمانڕەوایانی خێڵی میرداس، میرانی خێڵی مەحمودی( ٣٤، ٣٤٩) و میرانی میافارقین ( ٣٤، ٣١٩). دیارە کە ئینستیتووتی ئیرشادی روحی دەوری پێبلقەی کۆمەلایەتیی بینیوە و گەیاندوونی بە توێژاڵی بەگزادە. بۆ میرانی دومبلی لە یەکەم چاوپێخشاندندا، پێویستی بەم پێبلقەیە نەبووە، چونکە دامەزرێنەری بنەماڵەکە تیتوڵی بەگی هەبووە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بەرزبوونەوەی بنەماڵەی میرانی دومبلی و وەدەستهێنانی «پلەی باڵا» بەستراوبووەوە بە ئینستیتووتی ئیرشادی روحییەوە. لەم رەوشە دیاریکراوەدا، بۆ ئەوەی خانەوادەکە ستاتووسێکی راستەقینە و بەرزی سیاسیی بەدەست بێنێ سوفیزم دەوری گەلێ گەورەتری بینیوە لە رەچەڵەکی بەگزادەیی بەتەنیا.

ئەم نموونانەی سەرەوەش تاقە نموونە نین. دەکرێ جێپەنجەی ئینستیتووتی ئیرشادی روحی لە مێژووی گەلێ لە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردستاندا بدۆزینەوە، هەمان کات لە بنەماڵەکانی ئەردەلان و بابانیشدا. سیاسەتمەدارانی کورد، لە پراکتیکدا، لە کۆنەوە ئەو هێزی تەقێنەر و کۆکەرەوە گەورەیەیان بەکار هێناوە کە لە پێکەوەنانی دەروێشیزم و سیاسەت دروست دەبوو.

شێخە کوردەکان سەرکەوتووانە میزاجی دەروێشییانە و چالاکیی سیاسییان تێکەڵ بەیەک کردووە و ئەو توانا بەهێزەی ئاین لە کۆکردنەوەی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکانیان بەکارهێناوە و ئەوەش گەلێ زووتر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە. لە بواری کۆمەلایەتی – سیاسییدا، ئینستیتووتی ئیرشادی روحی بە فراوانییەوە بەکارهاتووە، وەکو چۆن بۆ گەیشتن بە ستاتووسی بەرز لە ئاستی میران و بەگزادە، ئاواش بۆ چەسپاندنی دەستکەوت و دەسەلاتە سیاسییەکە.

زانیارییەکانی شەرەفخانی بەتلیسی بەگشتی رێگەی ئەوە نادەن باس لە تەواوبوونی پرۆسەی دروستبوونی توێژاڵە کۆمەلایەتییە سەرکردەکانی کۆمەڵگای کوردی میران، بەگزادە و شێخ بکەین لە کۆتایی سەدەی شازدەدا. ئەمانە ئەوساکە هێشتا توند بەیەکەوە لکابوون، بەشێوەی توێژی کۆمەلایەتی جارێ دروست نەبووبوون. جیابوونەوەی تەواوی نفوزی سیاسی لە دەسەلات لە قۆناغێکی دواتر روویدا و پێوەندیی بە دابەشبوونی کوردستانەوە هەبوو لە نێوان ئیمپراتۆریاکانی ئێرانی و عوسمانیدا و ئەمەش بێ دەور

نەبوو لە سرکردنی هێزی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی سیاسیدا.

جیابوونەوەی توێژاڵی تایبەتیی شێخەکان لە چینی دەسەڵاتداری فیۆداڵە کوردەکانەوە و پەیاکردنی وردەوردەی سەرکردایەتیی ئیدیۆلۆگی و سیاسییان لەوەوە دەستی پێکرد کە خانەوادە و بنەماڵە بوون بە پاڵپشتی شێخەکان.

کەڵەکەبوونی هێز و توانای ئابووریش بووە بە پێشەکییەک بۆ ئەم پرۆسەیە و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەشەوە ئیتر دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە لە کوردستانی خوارووداا ژمارەی ئەو خانەوادانەی چوونە پاڵ ئەم توێژاڵەوە کەم نەبوون.

گەورەترین خانەوادەی شێخ بەژمارە و بە دەسەڵاتترینیان ساداتی بەرزنجە یان سەیدەکانی بەرزنجە بوون. ئەو گوندەی ناوەکەی بوو بە ناوی ئەم خانەوادەیە، دەکەوتە رۆژهەڵاتی سلێمانی و چواردە میل لێیەوە دوور بوو (١٣٧، ٦٨). شێخەکانی بەرزنجە توانییان ببن بە خاوەنی زەویوزارێکی گەلێ زۆر و نفوزی خۆشیان لە دەرەوەی سنوورەکانی میرنشینی بابان، لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بڵاوبکەنەوە (٦٧. ٣٧٨). نفوز، دەسەڵات و سەروەت لە نەوەیەکەوە دەچوونە دەستی نەوەکەی ترەوە، نازناوی شێخ بوو بە میراتگری – شێخی قادرییەکانی بەرزنجە کەسیان بە شێخ قبووڵ نەدەکرد، ئەگەر کوڕی شێخێک نەبووایە (١٦٧، ٢٨٨). بەم جۆرە، مەودای پرۆسەی دروستبوونی توێژاڵی کۆمەڵایەتیی شێخ فراوانتر بوو و گەیشت بە ئینستیتووتی ئیرشادی روحیش، ئەو بوارەی کە تێیدا میراتگری، گوایە، دەبووایە سیمایەکی ئاینی رووتی هەبووایە، نەک تەجسیدێکی مادییان بکات لە نێو قەوارەی خزمایەتیدا.

لە ڕاستیدا، خانەوادەی ساداتی بەرزنجە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە رابەرایەتیی تەریقەی قادریی کردووە لە کوردستانی خوارووداا، خانەوادەی شێخەکانی ساداتی نێری(*) کە لە کوردستانی ناوەڕاستدا ژیاون، بە ڕادەیەکی کەم لە ناوچەکانی تری کوردستان خۆی چەسپاندووە و کێبرکێی ساداتی بەرزنجەی پێ نەکراوە لە کوردستانی خواروو. مونافیسی ئەم خانەوادەیە لە سەدەی هەژدەوە خانەوادەی شێخەکانی تاڵەبانی بووە، بەڵام موریدەکانی ئەم خانەوادەیە زێتر لە ناوچە کوردییەکانی تر بووین و بەتایبەتیش لە کوردستانی ئێران (١٦٧، ٢٨١).

بەهێزترین زەبر کە خانەوادەی ساداتی بەرزنجە چێشتبێتی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بوو و پێوەندی بە زێدەبوون و گەورەبوونی تەریقەی نەقشبەندییەوە بوو. بەقسەی

(*) نەهری، نایری– و.

م. م. ڤان بروینسون، بەشی هەرە زۆری خەڵکی سادە ڕێز و شکۆ و پێوەندیی ئاینی خۆی (شان بەشانی ئەو پارەو پوولەی وەکو قوربانی دەیدا) لە تەریقەی قادرییەوە بۆ تەریقەی نەقشبەندیی گواستەوە( ١٦٧، ٢٨١). پێویست ناکات بچینە ناو وردەکاریی کێبڕکێی شێخەکانی قادری و نەقشبەندی و هۆیەکانی، کە زۆر دوورن لە بواری ئاینەوە، هەر ئەوە جەخت دەکەینەوە کە خانەوادەی ساداتی بەرزنجە هێزو توانای ئابووری و سیاسی خۆیی پاراست.

***

لە هێنانەوەی دەرئەنجامەکاندا دەڵێین، توێژاڵی هەرەبەرزی چینی فیوداڵیی کوردی، کە لە میرنشینانی ئەردەلان و بابان دروست بوو، بەتەواوی لە ڕووی خەڵکی تر داخراو بوو بەجیاوازی لە، بۆ نموونە، چینی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریای عوسمانییەوە کە تێیدا، ئەگەرچی ئینستیتووت هەبوون و بەرزبوونەوەی کۆمەڵایەتیی تەنیا شێوەی ستوونی هەبوو، ئەم چینە دەسەڵاتدارەی عوسمانی، بەبۆچوونی لێکۆڵەرەوان، کراوە بووە (١٤٧. ١٩٢). پرۆسەی چوونەناو توێژاڵی بەرزو دانانی شەجەرەی ڕەچەڵەک بە چوار ڕێگەدا ڕۆیشت و بوو بە مایەی دروستبوونی، لە دەوروبەری سەدەکانی هەژدەو نۆزدە، چوار گرووپەی کۆمەڵایەتیی سەرەکی و وزەی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی لە دەرەوەی ئەم چوار گرووپەیەدا بەکەمترین ئەندازە بووین. شان بەشانی ئەمانە توێژاڵی مام ناوەنجی و نزمیش هەبوون لەنێو قەوارەی چینی دەسەڵاتداردا و بەڕێوەبەرایەتیی گوندی نیشتەجێ و لق و بەشی خێڵە کۆچەرەکان بەدەستی ئەمانە بووە، بە یاریدەی ئەم ئاڵقە کۆمەڵایەتییەوە سەرانی باڵای فیوداڵی کاڵای زێدەی وەدەست دەهێنا، بەڵام ئەمانە تەنیا ئامێرێک نەبوون لە میکانیزمی چەوساندنەوەدا، بەڵکو خۆشیان چالاکانە بەشدارییان لە چەوساندنەوەی خەڵکدا دەکرد.

لەو گوندانەی دانیشتوانی سەربە خێڵەکانیان تیانەبوون کوێخا و ریش سپی بەرژەوەندیی خاوەن زەوییەکانیان دەپاراست. لە کۆچەریشدا ئەوانەی یاریدەی سەرکردەی خێڵیان دەدا جێگرەکەی و سەرانی بەشەکانی خێڵ بوون. لەو ناوچە خێڵەتیانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی. نیشتەجێ و نیمچە نیشتەجێ، لە ئاستی لادێ تێنەدەپەڕی، سێ پلەی هەرەمی هەبوون: ١- ئاغای خێڵ، کە لەدەرەوەدا نوێنەرایەتی خێڵی دەکرد و لە ژیانی ڕۆژانەشدا ئەرکێکی وای نەبوو. ٢- ئاغای تیرە (کلان)، گیروگرفتەکانی نێوان گوندانی چارەسەر دەکرد. ٣- ئاغای گوند، کاروباری گوندیانی بەڕێوەدەبرد، کرێ و باجی لە جووتیاران وەردەگرت (١٦٧، ٨٢، ٩١، ٩٢). ئاغای گوند لە هەموو گوندەکاندا نەبوو،

بوونی یان نەبوونی ئەم لە ستروکتوری کۆمەڵایەتیی خێڵی نیشتەجێدا، بەڕای من، نیشانەی جۆراوجۆریەتی ئاستەکانی پرۆسەی هەڵوەشانەوەی خێڵە (Detribalization -.و) ، هەرچی ئەو رەوشەی م. م. ڤان بروینسون ئاماژەی بۆ کردووە، کاتێک ئاغای گوند مونافیسی سەرەکیی ئاغای خێڵ بووە (١٦٧، ٩١) ئەوا توندو تیژیی ئەم پرۆسەیە نیشان دەدات و تەنانەت نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی ئەم پرۆسەیەش دەخاتە ڕوو، ئەمەش کاتێک یەکبوون و یەکێتی خاک و رووبەر دێتە خانەی یەکەمەوە.

سنووری کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگای کوردیی دابەشکردبوو بەسەر بوارەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی بەرهەم، بە زەقترین شێوە لە ناوچە نیشتەجێکانی خێڵەتیدا دیار بوو کە لەوێ چەوساندنەوە بە رەوشتە خێڵەتی و بنەماڵەییەکانەوە دەمامک نەدرابوو، فیۆداڵی خاوەن زەوی و جووتیاری ملکەچی ئەو نوێنەرانی سەرەکیی چەوسێنەرو چەوساوەکان بوون. جوتیارانی ناخێڵەتی، کە زۆربەی دانیشتوانی میرنشینیی بابان یان پێکدەهێنا (٥١، I، ١٧٧؛ ١٦٧، ١٢٥) و هەروەها، بەڵکو زێتریش، لە ئەردەلان، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییە بوون کە گرانی و قورسایی سەرەکیی باجیان بەسەر شانەوە بوو. سنووری کۆمەڵایەتی لە خێڵەکانی نیشتەجێ و نیمچە نیشتەجێدا روونی و ئاشکرایی خۆیی پاراستبوو، هەرچی چەوساندنەوەی جووتیاری خێڵەتیی بوو لەلایەن ئاغاکەیەوەو تەنانەت ئەگەر لە بنەماڵەی خۆشییەوە بووایە ئەوا، بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان، گەلێ باشتر نەبوو لە هی جووتیاری ناخێڵەتی (١٦٧، ٩٨). هەبوونی بنەماڵەی رەعیەت لە ناو خێڵەکاندا (١٧٣، ١٤٦) و هەروەها عەمەلە (واتە – کارکەر) بەڵگەی ئەوەن کە جیاوازیی کۆمەڵایەتیی توند هەیە. زیالەوەش، ئاڵقە خێڵەتییەکان لەم حاڵەتەدا شێوازێک بوون کە بەهۆیەوە ستاتووسێکی کۆمەڵایەتی دەلکێنرا بە گرووپەیەکی کۆمەڵایەتی و بۆی دەبوو بە میرات.

خێڵی کۆچەر لەلایەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە جێگەیەکی تایبەتی گرتووە، چونکە چالاکییەکانی شوانکارە کۆچەرەکان تەنیا لە بوارەکانی بەرهەمهێناندا نەبوون. گەلێ لە نووسەران تاکو ئێستا یان لە ڕوانگەی بێچینایەتیی کۆمەڵگای کۆچەرییەوە بۆی دەچن، یا ئەوەتا بەلایانەوە لێک جیابوونەوەی چینایەتی لە شێوە سەرەتاییەکانیەوە زێتر نەڕۆییوون (١٢٧، ٧–٨). کەچی نایەکسانیی موڵکداریەتی لە شوانکاریی کۆچەریی کوردیدا گەلێ زەقتر خۆیی نواندووە وەک ئەوەی لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا . چەوساندنەوەی لە ئەندازەبەدەری جوتیاران و بەبێ ئەوەی هیچ زاکۆنێک ڕێگەی لێ بگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ستاتووسی موڵکداریەتی رەش نەدەکردەوە. لە کۆچەریشدا هەموو ئەندامێکی خێڵ تەواوی مافی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی خۆیی هەبوو و هیچ سنوورێکی قانوونی بۆ

زێدەکردنی سەرەئاژەڵی خۆی، بەقسەی ف. بارت، لەوێدا نەبووە ( ١٦٢، ٣٩).

لە ئەنجامدا هەندێکیان بە هەزاران سەرەئاژەڵیان هەبووە، هەندێکیشیان بەدەیان، خانەوادەی سەرانی خێڵیش گەورەترین موڵکداری سەرەئاژەڵ بووین. هەرە هەژارەکانیش خاوەنی هیچ نەبووین و لای خزمە دەوڵەمەندەکانیان ژیاون و، بێگومان، کاریان بۆ کردوون. هەروەها کرێکاری بەکرێگیراویش کە لە شوێنی ترەوە دەهاتن دەبوون بە هێزی کارکردن ئەمانە هیچ مافێکی کۆمەڵایەتییان نەبووو وەکو بلێی لە دەرەوەی کۆمەڵگادا وەستابن. ئەوەش زۆر جوان لە نەخشەی ڕێکخراوەی کۆمەڵایەتیی جافە کۆچەرەکاندا دەردەکەوێ لە کتێبی ف. بارت.دا (١٦٢، ٣٩، ٤٠).

لەناو شوانکاریی کۆچەریدا گرووپەی کۆمەڵایەتیی دوو جەمسەر (دوو قطبی) دیارن، نوێنەرانی یەکێکیان تیرەی بەگزادەیە کە لەوەڕگا و ئاژەڵی لە ژمار نەهاتووی لە دەستدایە، ئەویتریش هەژارو نەدارن. توێژی چەوساوەی کارکەران کە شوانەتی و خزمەتی دەوڵەمەندان دەکەن، تراویلکەی بێچینیی کۆچەری، بەڕای ئێمە، بەڕادەیەکی زۆر لەمەوە هاتووە کە بەشێکی هەرە چەوساوەی توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکە (کارکەرە بەکرێگیراوە هاتووەکان) لە دەرەوەی ستروکتوری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کۆچەریدا دەمانەوە و بەشەکەی تریش لەناو خزمە دەوڵەمەندەکان بزر دەبوون و لەژێر پەردەی یارمەتیدانی خزمایەتی شاراوە بوون.

جووتیار و ئەندامانی ڕەش و رووتی خێڵی کۆچەری، وەکو خەڵکانێکی بەرهەمهێنەر، بە ئەندامی چینێکی یەکگرتوو ناوبانگییان دەرکردبوو و ملکەچی فیۆداڵە خاوەن زەوی و ئاژەڵدارەکان بوون، نەک لە بەرامبەر یەک و دژ بەیەک وەستابن. لە کۆمەڵگای خێڵەتیدا پرۆسەی هەڵوەشانەوەی خێڵەتی (Detribalization) بەردەوام بووە، هەرچەندە بەڕای ف.بارت، ئەم پرۆسەیە کاریگەری و میکانیزمێکی نەبووە بۆ ئەوەی ببێت بە شێوەیەکی تر (١٦٢، ١٣٤). ئەم پرۆسەیە دەبوایە پرۆسەیەکی پێچەوانەشی لەگەڵدا بووایە، چونکە بەڕای نووسەر، «سنووری ڕاستەقینە لە نێوان ناوچە خێڵەتی و ناخێڵەتییەکاندا لە ماوەی زۆر نەوەدا هەروەکو خۆی مایەوە» (١٦٢، ١٣٥).

پەرینەوە لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی خێڵەتی و ناخێڵەتیدا هەمیشە هەر هەبووە. پاشماوەی خێڵەکان و چەند خێزانێک لە دەوری سەرکردەیەکی سەرکەوتوو کۆ دەبوونەوەو خێڵی نوێیان دامەزراندووە، خێڵیش لە خێڵەتی کەوتووە و بووە بە کۆمەڵە خێڵێکی جووتیار ( ١٦٧، ١٤٤). ئەم جۆرە بزووتنەوەیەی ئاڵقەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و توانایان لە دۆزینەوەی شێوەی گونجاو، وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە، ناوچە کوردییەکانی

رزگـارکـرد لە داڕووخـانی تـەواوی ئابووری لە چرکـەسـاتـە هـەرە سـەخـتـەکـانی مـێـژووی ناوچەکەدا.

بەرهەڵستکاریی کۆمـەڵایەتیی جووتیاران (رەعیەت) و کۆچەرەکـان (عێلات) لەوێوە دەست پێدەکـات کـاتێک چـەوسـاندنەوەی فـیـۆداڵی ئەوپەڕی تووندوتیژیی وەرگـرت نە لە ناوەوەی، بەڵکو لە دەرەوەی سنوورەکانی خێڵدا. چالاکییەکانی کۆچەرە ئاژەڵ بەخێوکەرەکان تەنیا لە بواری بـەرهـەمـهـێناندا نەبوون، ئـەمـان لـەهـەمـان کـاتدا ئەرکی جـەنگاوەرییـان دەبینی. تاکۆتایی حوکمڕانیی بنەماڵەکانی ئەردەلانی و بـابانەکانیش هێزە خێڵەتییەکان بنچینەی سوپایان پێکهێنابوو، خـێڵیش بریتی بـوو لە هێزێکی جـەنگی - سیـاسی و ئامـێرێک بۆ دەسەڵاتداریەتیی فیۆداڵە کوردەکان.

تەگەرەی جینایەتی و ئێتنیکی، کە هەندێ جاران لە نێوان بەشی خێڵەتی و ناخێڵەتیی کۆمـەڵگای کوردیدا قـووت دەبووەوە، لەپێش هەمـوو شتێکەوە لەبەر ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی (تریبالیزم) بوو و ئینجا دەوری رەوشە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکە دەهات. ئەو نووسەرانەی دەربارەی سنووری زەقی نێوان گرۆپی خـێڵەتی و نـاخێڵەتییەکانی دانیشتـوانی کورد نووسیـویانە، پشتیان بـەقسـەی تەنیا لایەنێک بـەستووە. هـەواڵدەران هـەمیشـە ئەندامـانی خـێڵ بووین و هەر بـەچاکـەش باسی خـۆیانیـان کـردووە، هەر ئـەمـانـەیش بـوون ئەم جیاکردنەوەیەیان بە بۆیەیەکی چینایەتی رەنگ دەکرد و بەشانازییەوە باسی بالادەستیی خـۆیانیـان دەکـرد بەسـەر (جـووتیـاران)دا و حـوکم کـردنیـان. وەکـو نموونە دەتوانین ئەم دەربڕینـە یەکـجـار جـوانە بێنینەوە کـە ک.ج. ریچ لـە بابانێکی نەجیـیـبـزادەی خـێڵـەتیی بیستووە:

«تورکەکان ئێمـە هەمـوومـان بەکورد ناودەبەن و ئاگاداری جیاوازییـەکانی نێوان ئێمـە نین، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە زۆر جیاوازین لە خـەڵکی جـووتیار. ئەمـان گەمژەن و تورکەکان بەخۆشحاڵییەوە ئێمەش وا لە قەڵەم دەدەن» ٥١، I، ٨٩/.

نموونـەیەکی بـەرچاوی ئـەوەی کـــە چۆن رەوشـی ئیـــدیۆلـۆگی لـەســـەر رەوشـی کۆمـەڵایەتییـەکەدا دروست دەبێ، مـێژووی پەیابوونی زاراوەی (گـۆران)ە لە کـوردسـتـانی خـواروو. لە کـوردسـتـانی بـابان جـووتیـاری ناخێڵەکی و هەمـوو کـوردەکانی ئەردەلانی، بە ئەندامانی مـیریشـەوە، بە گۆران ناودەبران (٥١، I، ٨٠. ١٥٣). سەبارەت بە حـاڵەتی یەکەم ناوی خـێـڵی گـۆران دەوری زاراوەیەکی کـۆمـەڵایەتیی بینیـوە، لە حـاڵەتی دووەمـیـشـدا - نازناوی دانیشتوانی تەواوی ناوچەیەک.

مـەسـەلەی گـۆرانەکـان ڕا و دەمـەتەقـێی زۆری لەسـەر دروست بوون کـە ڕەنگیـان لە

کـتـێـبـەکـەی م. م. ڤـان بروینسـون دایەوە( ١٦٧، ١٢٢– ١٣٤). بـنەمـای ئەمـەش لە بۆچوونەکەی ک. ج. ریچ دا بوو (کە لە گفتوگۆکانی لەگەڵ نوێنەرانی ئیدیۆلۆگیای خێڵەتیدا وەری گرتبوو) سـەبارەت بەوەی گۆرانەکان « تەواو جیـاوازن لە خێڵـەکانی راسـو» (٥١، I، ٨٨). بەڵام ئەگـەر ک. ج. ریچ هێـشتـا گومـانی لەوە هەبووبـێ کە گـۆرانەکان کـورد نین و دیالێکتـەکـەیان بەکـوردی دادەنێ، ئەوا لای س. ج. ئێـدمـۆندز ئەو گـومـانە نەمـاوە. ئەو پرسیارەی ک. ریچ قووتی کردبووەوە، وەڵامەکەی لای س. ئێدمۆندز هەبوو: «ئەم ناوچەیە لە رابردوویەکی ئەوەندە دووریش نا میللەتێکی بە بەراورد پێشکەوتووی لێ ژیاوە و بەگۆرانی دواون... و لەژێر شـاڵاوی نۆمـادە ئاکاردرشتـەکاندا کە بەکوردی قسـەیان کردووە نوقـووم بووین، هاتنە ناو ئەمانەو دەسەڵات و زمانی خۆیان بەسەردا سەپاندن» (١٧٣، ١٢).

ئەم بۆچوونە، لـە کتێبـەکـەی م.م. ڤـان بروینسـوندا، دیـارتر دەردەکەوێ و بە رەوشـی ناو کـوردسـتـانـی ئەردەڵان دەبەسـتـرێتـەوە. بەڕای نووسـەر، بەلای کـەم لە سـەدەی چواردەوە مـیللەتێک لـە کوردستـانی خـوارووی ژیاوە کە لەئێرانی سـەروو و ناوەڕاستـیـەوە هـاتووە و زمانەکەی سەر بە دیالێکتەکانی زمانی فارسییەوە بووە. ئەم میللەتەش گۆرانەکان بوون کە بە زمـان و کولتوور و شـێوەیان لە کوردەکان جیـاواز بوون. لە کۆتایی چەرخی مـەنگۆلیـدا بابـا ئەردەلانی کـورد، کـە نووسـەر گـومـانی لـە رەسـەنـی نەتەوەیی ئـەو هـەیە، دەسـەڵاتی بەدەست هێنـا. لە قۆناغـەکانی دواتریشـدا خـێڵـە کوردییـەکانی دی کە لـە جێگەی جـۆراو جۆرەوە دەهـاتـن وردە وردە بنەچەی گـۆرانە دەسـەڵاتدارەکـانی گـۆڕی و لە هـەر شـوێنێکی ئەمەی لێ روودابێت ناوی «گۆران» مانای «جووتیار»ی وەرگرتووە (١٦٧. ١٢٩ –١٣٠).

بەم جـۆرە، لێکجیابـوونەوەی کۆمـەڵایەتی، کـە لە ئەنجامی دابەشـبوونـی کۆمـەڵگا بەسـەر دوو گـروپەی جووتیـاری ناخـێڵـەکی و خـێڵـەکی «سـەرکردە»دا روویداوە، بەئاسـانی دەبەنەوە بۆ ملکەچبـوونی گۆرانەکان لەلایەن خـێڵە کوردییـەکانەوە. ئەم جـۆرە بۆچوونە بەلای م.ڤـان بروینسـونەوە سـاکـارانەیە، ئەگـەرچـی بەڕای ئەم ئەو لێکدابڕانـە کۆمـەڵایەتـیـیـەی خـەڵکی کوردستـانی خواروو لە ڕۆژگـاری ک.ج. ریچ دا، بێگومـان لە کارلێک کردنی هـاوبەشـی بەلای کەمەوە دوو گروپەی ئێتنیکیی جیاوازەوە روویداوە (١٦٧، ١٢٦).

نامـانەوێ زیـاتر لەسـەر ئەو خـاڵە دەمـەتەقێ هـەڵگرانە بووەسـتـین کـە نـووسـەر هـەڵی سـەنگاندوون و لە بابەتی ئەم بەشـە گـەلێ دوورە، تەنیـا ئەوە دەڵێین کە رەوشـی کۆمـەڵایەتی بەڕادەیەکـی زۆر شـێـوەی مـەتەڵ ئاسـای خـۆی لە دەست دەدا. هـەر ئـەوە دەمـێنێتـەوە کـە چەمک و زاراوەکـانی کـوردسـتـانی بابان لەگـەڵ ئەوانەی لە ناوچەکـانی سـەردەمـی باباندا هـەبووین، لە میـرنشینـی رەواندز، موسڵ و هـەولێر دا بەراورد بکەین. ئەو دیاردەیەی ک. ج.

ریچ ئاماژەی بۆ کردووە کە لە سەرووی رووبەری بابانەکاندا، لە ناوچەی رەواندز «تاقە نوێنەرێکی رەگەزی جووتیاران» نادۆزینەوە ( ٥١، I، ١٠١)، بە ئاسانی روون دەکرێتەوە، لەوێدا جووتیارە ناخێڵەکییەکان نێویان بە گۆران نەدەبرا، بەڵکو بەمان دەگوترا کرمانج ( ١٧٣، ١٢؛ ١٦٧، ١٤١). واتە بەو ناوەی کە کوردەکانی بابانی و بنەماڵەی فەرمانرەوای بابان لە میرنشینی ئەردەلان و، وا دیارە، لە ناوچەکانی سەرووی کوردستانیشدا ناوبانگییان پێ دەرکردبوو.

ئەگەر پەیرەوی نەخشەی بۆچوونەکانی سەرەوەی س. ئیدمۆندز بکەین، ئەوا لەو بەشەی کوردستاندا توێژاڵی هەرە چەوساوە کرمانج بوون کە لە خێڵەکان جیا بووبوونەوە، ملکەچ کراو و بووبوون بە بنەچەی «کوردە راستەقینەترەکان» کە ئەمانیش خێڵەکانی رەواندز بوون. سەبارەت بەوەی کە هەر هەمان زاراوەی «کرمانج» لە باشوور بۆ کوردە خێڵەکییەکان و لە باکووریش بۆ خەڵکی ناخێڵەکی و ژێردەست بەکارهاتووە، تەنیا هەر بەڵگەی ئەوە نییە کە پارچەکانی خێڵەتی و ناخێڵەتی گەلێ توند بەیەکەوە بەسترابوون (بڕوانە– ١٦٧، ١٤١)، بەڵکو پێش هەموو شتێک هەلومەرجی تایبەتیی ناوچەکان نیشان دەدات لە پەیابوونی چەمک و زاراوە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەگەرچی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدان دەربارەی گۆرانەکان لە راستیدا هێشتا کەمن بۆ ئەوەی بۆچوونی بنەرەتییانە دابین بکەین ( ١٦٧، ١٢٢). لە ئارادابوونی ئێتنۆنیمی «گۆران» لە هەندێ لە بەشەکانی کوردستانی بابان (١٧٣، ١٢)، وەکو زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرادەیەکی زۆر بەندبووە بە هەلومەرجە ناوچەییەکانەوە، تیرە فەرمانرەواکانی ئەردەلان، بابان و رەواندز زۆربەی کات ناکۆک و دژ بەیەک بووین و ئەوەش بوو بە مایەی سەرهەڵدانی ناو و نازناوی ناوچەیی کە تارمایی سووکایەتی پێکردنیان پێوە بووە. تایبەتمەندی و گۆشەگیریی ئاینی خێڵی گۆران وایکرد کە دۆستایەتی کۆنی لەگەڵ ئەردەلانییەکاندا ببێت بە بابەتێکی لەبار بۆ هێرشی ئیدیۆلۆگییانە بۆ سەر بنەماڵەی میر و کوردە ئەردەلانییەکان بەگشتی، چونکە ستروکتوری خێڵەتی لە ئەردەلان، بە بەراورد لەگەڵ میرنشینی بابان، دەوری گەلێ کەمتری هەبوو و ناوی گۆران لە هەندێ ناوچەی باباندا، بوو بە ناتۆرە و گاڵتە پێکردن بۆ جووتیاری ناخێڵەکی.

ئەم زاراوەیە، شان بەشانی ئەو رەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی زاراوەکەی داهێنابوو، بوون بە مێژوو. لەکاتی ئێستادا، لە کوردستانی خواروو، کە جاران لەوێ زێتر زاراوەی «گۆران» بەکاردەهات، جووتیاری ناخێڵەکی دەکەونە نێو قەوارەی زاراوەیەکی کۆمەڵایەتیی گەلێ بڵاوی وڵاتی کوردانەوە کە ئەویش زاراوەی «مسکێن»ە (١٦٧. ١٢٠).

ستروکتوری کۆمەڵایەتیی میرنشینانی ئەردەلان و بابان هەر بەو توخم و ڕەگەزانەی باسکران تەواو نەدەبوو. تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بێگومان، ئاڵۆزتر و دەوڵەمەندتر بوو. ژیانی کۆمەڵایەتیی شار، لە خرۆنیکا ئەردەلانییەکان و سەرچاوەکانی تری ئێمەدا، لە دەرەوەی کۆشکی میردا ڕەنگدانەوەیەکی نەبوو، هەروەهاش دەوری بازاڕ لە میکانیزمی کارلێکردنی توخمەکانی ستروکتوری کۆمەڵایەتی میرنشیناندا و گەلێ بواری تری. ئەم وەسفکردنەی ئێمە خستمانە ڕوو، لەڕاستیدا، تەنیا ڕەشنووسێکی نەخشەکەیە، تەواوکردنی پێویستی بەکات و توانای زێتر هەیە.

لە کۆتاییدا لەسەر ئینستیتووتێکی کۆمەڵایەتی دەوەستین، ئەوەی دەورێکی گەلێ بەرچاوی لە ژیانی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. «ماڵ بۆ میوانان» یان دیوانخانە (= میوانخانە) لە ژیانی کۆمەڵایەتیی گوند و کۆچەرایەتیی کوردیدا شایانی سەرنجێکی تایبەتییە. زۆربەی ئاغاکان ئەم جۆرە «ماڵە میوانپەروەرە» یان هەیە، ئەمە لە گوندا ماڵێکی سەربەخۆ یان ژوورێکی تایبەتی بوو، لای کۆچەرانیش بەشێک لە ڕەشماڵی ئاغا کە بەمافوورو سەرین ڕادەخرا، یان هەر ڕەشماڵێکی سەربەخۆ دەبوو بە مێوانخانە (٣٦، ١٠). گەڕۆکەکان لە مێوانخاناندا دەمانەوە و شەوان مەجلیسی پیاوان دەبەسترا.

م. م. ڤان برویینسون لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەرک و کاری ئەم ئینستیتووتە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەی لە کوردستاندا دەرخستووە. لێکۆڵەرەوەی ناوبراو کە بایەخی پێویستی داوە بە دیوانخانە وکو شوێنی تایبەتی بۆ وەرگرتنی دەنگوباس (زانیاری) (١٦٧، ٨٣، ٤٢٨)، ئەرکێکی هەر گرنگتریشی نیشانداوە. ئاغا بە یاریدەی دیوانخانەوە ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی پاوان دەکرد. خەڵکی ناچاربوون هەموو ئێواران بێن بۆ ئێرە، ئەگەر یەکێکیش نەهات، ئەوا ئاغا و ریش سپییان گلەیی توونديان لێ دەکرد. ئاغا کۆنترۆڵێکی تەواوی دەکرد بەسەر هەموو شتێکدا، دیوانخانەش شێوازی کۆنترۆڵ و پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیی بۆ دابین دەکرد. ڕۆژانە دووبارە بوونەوەی نیشاندانی بە کۆمەڵ، وەکو هەموو فێرکردنێکی تری یاسا، تێکست، سەریمۆنیا ستریۆتیپەکانی دەربڕینی هەڵچوون «انفعال» بوو بەشێوازێکی گەلێ کاریگەر بۆ خنکاندنی، هەر بەساوایی، هەموو ڕەفتارێکی ناحەز، بۆ نەهێشتنی بەڕەڵلایی (١٤٢، ٢٤) و یاریدەی ئەوەی دا کە زۆرباش کۆنترۆڵ و ڕاستکردنەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی بکرێت، وەکو چۆن لە گوند، ئاواش لە کۆچدا. تەنانەت ئوسوڵی دانیشتن لە دیوانخانە، خۆی لەخۆیدا، هەموو ئێواران باش نیشانی مرۆی دەدا کە جێگەی لە کۆمەڵگادا لە کوێیە.

سیمایەکی تایبەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد بەگشتی لەوەدایە کە فیکرەی هیرارخی

«المراتبیه– و.» هەموو بوارێکی گرتبووەوە و ڕەنگی لە وشەی قەدرزانین qedr zanin[(٢)] دا بووەوە. وشەکە بە ئاشکرا مانای ژمارە و پێوانەی داوە و ئیشارەیەک بووە بۆ ستاتووس. هەر لە دیوانخانەشدا هەموو ئێواران لە بەرچاوی هەمووان هەریەکە و بەقەدەر خۆی ڕێزی لێنراوە، ئەم جۆرە ئەزبەرکردنە ڕۆژانەی بنچینەکانی هیرارخیا بوو ڕێگەی خۆش دەکرد کە زۆربەی ئینستیتووتە کۆمەڵایەتییە کوردییەکان (وەکو، نەجیبزادەیی) ئەرکی خۆیان بەجێ بهێنن، بەبێ ئەوەی لە یاساکاندا تۆمار بکرێن، بەڵکو تەنیا دەبوون بە فاکتێکی ناو هوشیاریی خەڵک. سستێمی هیرارخیا لە کۆمەڵگای کوردیدا لە ماوەی چەندین سەدە ئەوەندە باش ڕێکخرابوو کە هەموو میکانیزمی چەوساندنەوە، لە ناوەڕۆکدا، سەرچاوەی لە یاسا گشتییەکانەوە هەڵدەگرت.

دەتوانین بڵێین کەوا ستروکتوری کۆمەڵایەتی میرنشینانی ئەردەلان و بابان پڕ و تەواو بوو، ئەگەرچی بەڕواڵەت تۆپکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیی هەردوو میرنشینەکە لە دەرەوەی رووبەرەکانیان بوون، بەپێچەوانەی سترکتوری کۆمەڵایەتیی خێڵی کۆچەر. ئەمەی دوایی، ئەگەر شتێکی بەدەرئاسا روویدایە و خەڵکی نیشتەجێ و ناخێڵەکی ونبووایە، ئەوا لە رووی کۆمەڵایەتییەوە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆیی لە دەست دەدا. ئەو چەوساندنەوەیە بەهێزەی رووەو دەرەوەی خێڵ کراوەتەوە، پەکسەر لەو حاڵەتەدا رووەو ناوەخۆی دەبووەوە و قورسایی باوک سالاری و ئیدیۆلۆگیای هاوکاریی خێڵەتیی تێکدەدا، بۆیە بنچینەی ستروکتوری کۆمەڵایەتیی خێڵ لە بنەڕەتدا تەنیا توێژاڵی چەوساوە و هەژار و نەداری ئەندامانی خێڵ نەبوو، بەڵکو جووتیارکانیشی دەگرتەوە کە بە ڕواڵەت دەکەوتنە دەرەوەی ستروکتوری خێڵەتی و زەویی فیوداڵە خێڵەکییەکانیان دەچاند. لەمەشدا بوو جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان میرنشینی و خێڵ – وەکو دوو شێوەی سەرەکیی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی – سیاسیی ئێتنۆسی کوردی لە ڕۆژگاری بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

---

(٢) qedr بەکوردی، هەروەکو لە زمانی فارسیشدا، دوو مانا دەدا– «ڕێز» و «ژمارە» /١٠٢، ٤٦٣؛ ١٠٣، ٤٨٦/.

بەشی پێنجەم

# ڕەوشی ئیدیۆلۆگی

ئەی وشە! نیشاندە کامەن جەوهەرو سیفاتی تۆ،
کێ تۆی تاقی کردۆتەوە تا بزانی هێزی تۆ؟
ئەگەر تۆ ماڵان دەسووتێنی ئەی کوانی ماڵی تۆ؟

شەرەفخانی بەتلیسی

هێزو توانای وشە لە راستکردنەوە، پەروەردەکردن و زیندووکردنەوەدا ئەرکی یەکەم و سەرەکیی وشەی دارشتووە، کە ئەویش – ئیلهامە. جا وشەی «ئیلهام» لە کوردەواریدا بانگاشەی بۆچی کردووە و پشتی بە چی بەستووە؟ نووسەری ئەم دێرانە هەوڵدەدات لەسەر بنچینەی ئەو کۆمەڵە ئیدیایانەی لە میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان دا زاڵ بوون، وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

لە گەڕان بەدوای بنەما ئیدیۆلۆگییەکاندا هەمیشە گەڕاونەتەوە بۆ سەرەتایەکی خوایی و ئاین وەکو گرینگترین بەشەکانی ئیدیۆلۆگیا خۆیی نواندووە. سیمای ئاینی هۆشیاریی جەماوەر زەمینەی هەمیشەیی پرۆسەکانی کۆمەلایەتی – سیاسی و ئیدیۆلۆگی بووە تا دەگاتە سەردەمی ئێستاش، جێگەی یەکەمیش لە ناو سستێمی باوەڕە ئاینییەکاندا لە وڵاتی کوردان هەر بۆ ئیدیۆلۆگیای ئیسلامی بووە و ئێستاش هەروایە. ئەو رایەی سەبارەت بە کوردان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئەدەبیاتدا بڵاوبۆتەوە گوایە کورد بایەخ بە ئیسلام نادەن و هەر بەناو ئیسلامن (٤٩، ٥٩؛ ٨٧، ١٥٩) جێگەی باوەڕ نییە و کوردەکان خۆیان بەدرۆیان دەخەنەوە.

ئیسلام وەکو ئاینی بالادەست لە کوردستاندا تەنیا زاڵبوونی جیهانبینی ئاینی – ئیدیۆلۆگیی دابین نەکردووە، بەڵکو وەکو هەموو ئاینێکی تر، ئیسلام رووەو تەقدیسکردنی دەسەلات و چەسپاندنی بووە. لێکۆڵەرەوەی ستروکتورەکانی سەرخانی کۆمەڵ لە ئاسیای بەرایی کۆندا م. ئا. داندامایەڤ وریامان دەکاتەوە لەو زانیارییانەی کە لە ئەرکی ئاینان کەم دەکەنەوە لە دابینکردنی شەرعیەتی دەسەلات بەسەر یەکدیدا(٩٠، ١٠). تەقدیسکردنی دەسەلاتیش لەو باوەڕە هاتووە کە خودا پرۆسەی مێژوویی و (حەتمیەتی)ی داناوە،

هەروەها بێ توانایی مرۆڤ لەکارکردنە سەر ڕووداوەکان و بانگەشە بۆ تەحەمول و ملکەچبوون، ئەم ڕاستییە چەسپاوانەی موسڵمانی ئیماندار بوون بە توخمێکی حەتمی لە گێڕانەوەی مێژوودا.

دنیای واقیعی وەکو دەروازەیەک بۆ تێپەڕبوون دەخرایە ڕوو، وەکو قۆناغێکی کاتی، یان کاروان سەرای، مەڵبەندی خەم و پەژارە، دواییش ئەوەی ئەرکە ئاینییەکانی خۆی بەجێ گەیاندوون «مەڵبەندی بەختەوەری و پشوودان» چاوەڕێی دەکات (بڕوانە – ٣٤، ٣٦٣، ٤٢٥؛ ٣٥، ٣٢؛ ٣٢، ٢٥). ئەوەی ملکەچی چارەنووسی خۆی بووبێ سۆزی پاداشی پێدرابوو لە دنیای تردا، بەمەش ئیسلام، وەکو هەموو ئاینێکی تر، ئەرکێکی وای جێبەجێ کردووە کە پێی دەگوترێ – پاداشتدانەوەی وەهمی (١٥٦، ٩٨– ١٠٢).

کاریگەریی دوو فاقییانەی ئیدیۆلۆگیی ئیسلام، لە بانگاشەیدا بۆ ملکەچبوون و سۆزی پاداشی وەهمی، لە دەروێشی ئیسلامی، یان لە سۆفیزمدا، چەند قات بەهێزتر دەرکەوت. دەروێشیی ئیسلامی دەروازەیەکی زێدەی کردەوە کە پڕبوو لە هێز و توانای پاوانکردنی هوشیاریی جەماوەرو هاندانی بەرەو هەردوو ئەم خاڵانە. لەلایەکەوە، «گرتنی ڕێگەی ڕاستی» «ڕەشاد» لای دەروێشان ئەوەبوو کە مورید «کە بەرێگەی ڕاستدا دەڕوات» کوێرانە و بێ قسەلێکردن ملکەچی مورشیدی خۆی بێت (١٣٣، ٣٢٣)، بەمەشەوە ئینستیتوتی ئیرشادی ڕوحی ڕێگەی بەرەو دەسەڵاتی ڕەها دابین کرد. لەلایەکی تریشەوە، باوەڕی دەروێشان بەوەی کە هەموو ئیماندارێک لەسەر ئەم دنیایە (نەک دنیای تر) بە ڕێگەی مورشیدی خۆیەوە بۆی هەیە بگات بە خوا، کاریگەرتی پاداشتی وەهمی چەند قات زێدەکرد و هەموو ئەوانەی بە «ڕێگەی ڕاستدا» دەڕۆیین بۆ خۆیی ڕاکێشان. ئەمانە، لەمەدا، لەبری ئەو زیانە کۆمەڵایەتییەی لێیان کەوتبوو، قەرەبوویەکی باشیان وەدەست کەوت.

بەڕای ف. بارت، ئیسلام وەکو دۆگمایەکی توند چەسپاو لە ناو عەقڵیەتی خەڵکدا، دامەزرابوو لەسەر لێک جیاکردنەوەی تەواوی سروشتی خوا و ئادەمیزاد. خوای خاوەن هێز و حیکمەتی لەڕادەبەدەر و بێ توانایی مرۆڤیش لە لادانی ئەو جیاوازییە. لە کاتێکیشدا ئەو هەوڵدانەی کۆمەڵانی خەڵکی زۆر بۆ لادانی ئەو تەگەرە گەورەیە و بەستنی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوادا، بەڕای ف. بارت، دوو جەمسەری بە خۆوە گرتبوون – یەکێکیان دەروێشەکان بوون و ئەوی تریش– پەیڕەوکەرانی شەعایرە شامانییەکان. (١٦٢، ٨٢)(*) ئەم بارە، بەڕادەیەک، ئەو ناوبانگەی تەریقە دەروێشییەکان ڕوون دەکاتەوە کە لەناو

(*) شامانیزم– مەبەست ئەو ئاینە سادەو ساکارانەیە کە بەجۆرێکی سەرەکی پشت بە سەماو گۆرانی و چالاکیی جادووکەرانە دەبەستن بۆ کارکردنە سەر پەیڕەوکەران – و.

هەژارترین بەشی دانیشتوانی کوردستاندا بۆیان دروست بووبوو. دەروێشەکانیش بە زۆری هەر لەم خەڵکانە بوون و ئەندامەتی لە کۆمەڵە دەروێشییەکاندا زۆر جاران نیشانەی هەژاری بوو (١٦٢، ٨٨؛ ١٦٧، ٣٠٢).

ئەو چەند قات بەهێزتر بوونەی کاریگەریی فیکری دەروێشان سەبارەت بە تەقدیسکردنی دەسەڵاتی سیاسی و فاکتەری پاداشتی وەهمی وایکرد کە سۆفیزم ببێت بە ئینستیتووتێکی سیاسی - ئیدیۆلۆگی. لە کوردستاندا، لە هەلومەرجی پەرتوبڵاویی سیاسیدا و نەبوونی سەنتەرێکی بەهێز، کە بتوانی پرۆسە سیاسییەکان بەرەو ئامانجێکی هاوبەش بەرێت، دەروێشیزمی ئیسلامیی زەمینەیەکی لەباری بۆ رەخسا و زۆر بڵاوبوەوە. دوو تەریقەی سۆفی، قادری و نەقشبەندی، کە بە ئەندازەیەکی زۆر لە وڵاتی کورداندا چەسپاون، بە هەموو کوردستانیشدا بڵاوبوونەوە بەبێ ئەوەی حسێب بۆ سنووره سیاسیی و خێڵەتییەکان بکەن. بەقسەی س. ج. ئیدمۆندز، سستێمی سۆفیزم بوو بە ئاینی جەماوەری کوردان (١٧٣، ٦٢). تەریقەی دەروێشەکان کە بەنهێنی داپۆشرابوون و پەنابردنە بەر «حەزەری لە رادەبەدەر» بۆ شاردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانیان و ناردنی خەڵکیان بۆ پروپاگەندەکردن لەو شوێنانەی هێشتا جێ پێیان تێدا نەبووە، وایکرد تۆڕێکی نەبینراو لە کوردستاندا هەڵخەن و هەموو کۆمەڵگای کوردیی بگرێ، هەر لە سەرەوە تا خوارەوەی (١٦٧، ٢٧٨، ١٨٠، ١٥٩).

لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا دەکرێ بڵێین کە تاکۆتایی سەدەی هەژدە تەریقەی قادری زاڵ بوو. شێخ و «پیاوی ئاینی» واش هەبوون کە پێوەندیی راستەوخۆیان نەبووە بە تەریقەیەکی دەروێشی دیاریکراوەوە. ئەمانە دەسەڵاتیان بەسەر ئیماندارانەوە هەبوو و هەروەها راوێژکاری فەرمانرەوایان بوون لە ناوچەکەدا. شێخ محەمەد واسیم لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا، کە لە خرۆنیکای ماهشەرەفخانم کوردستانیدا وەکو راوێژکارێکی نزیکی میری ئەردەلان ناوی هاتووە، کاریگەریی زۆری لەسەر میرانی ئەردەلان و باباندا هەبووە.

پەیرەوکردنی «رێگەی» دەروێشی بۆ مەعریفەت، رێگەی لێ نەگرتبوو کە لە یەکێک لە چرکەساتە هەرە سەختەکاندا، کە مێژووی ئەم دوو میرنشینە پرپەتی لەم جۆرە چرکەساتانە، بەشداریی چالاکانە لە ژیانی سیاسی بکات و سەرکردایەتیی جەنگاوەرانی ئەردەلانی بکات (٢٥، ٩٧، ٩٨).

شێخ محەمەد واسیم، واپێدەچێ، یان لە سنە ژیاوە، یان لە کۆشکی میرانی بابان لەسلێمانی، چونکە ئەم ناوی هاتووە لەناو هەرە ناودارترین عولەماکانی کوردستانی

باباندا، لەناو ئیمزاکانی سەر دەقی پێشکەشکردنی سولەیمان پاشای باباندا کە لە وتاری محەمەد ئەحمەد محەمەدا هاتووە (١١٨، ١٠٤)، یەکەمینیان ئیمزای شێخ محەمەد واسیمی گەورەیە.

سەبارەت بەوەی تەریقەی نەقشبەندی پێش سەدەی نۆزدە لە کوردستاندا هەبووە، رای جۆراوجۆر هەیە. ت. بوا پشت بە راکانی ک. ج. ریچ و س. ج. ئیدمۆندز و ڤ. پ. نیکتین دەبەستێ و باسی هاتنی ئەم تەریقەیە بۆ یەکەم جار بۆ کوردستان دەکات (١٦٤، ٤٧٥؛ ١٧٣، ٧٧، ٧٨)، م. م. ڤان بروینسون باسی دووبارە هاتنەوەی تەریقەکە بۆ کوردستان دەکات (١٦٧، ٢٧٧، ٢٧٨، ٢٨٨). تەریقەی نەقشبەندی، وەکو تەریقەکانی تر، پێش سەدەی نۆزدە لە کوردستاندا هەبووە، ئەولیا چەلەبیش ئەوە دەسەلمێنێ کاتێک باسی دیاربەکر دەکات و ناوی دوو تەریقەی دەروێشی دەبات- گوڵشەنی و نەقشبەندی کە ژمارەیەکی زۆری پەیڕەوکەرانیان لە ناو شارەکەدا هەبووە (٤٠، ٤٩). لەگەڵ ئەوەشدا نەقشبەندی نەدەگەیشتە تەریقەی قادری و لە ناوچەی کوردستانی خواروو تەریقەی قادری جێ پێی قایمتر بوو.

بەلای م.م. ڤان بروینسونەوە، پێوەندیی عەبدولقادر گەیلانی (١٠٧٧- ١١٦٦) بەتەریقەکەوە کە ناوی ئەوی هەڵگرتووە، روون نییە و ئیدیعاکردنی خانەوادەی شێخی ساداتی نەهری کە نەوەی عەبدولقادرن، بەڕای ئەو «گومان هەڵدەگرێ» (١٦٧، ٢٧٠). شێخەکانی بەرزنجی شەجەرەی خۆیان دەبەنەوە سەر شێخ عیسا کە یەکێک بوو لە دوو برای سەید و، بەگوێرەی تڕادیسیا، دەوروبەری ساڵی ١٣٦٠ هاتوون بۆ شارەزوور و تەریقەی قادرییان بڵاوکردۆتەوە. لە ئەنجامدا شێخەکانی قادریی کوردستانی خواروو سەید عیسایان خستە ناو سیلسیلەیانەوە. لە خانەوادەی ساداتی بەرزنجە ئەم سیلسیلە ئاینی (روحی)یە، کە دەبیەستانەوە بەدامەزرێنەری تەریقەکە، بەڕادەیەکی زۆر شێوەی مادیی وەرگرت(*) و تەنیا کوڕانی شێخ دەبوون بە شێخ.

بالادەستیی شێخەکانی قادری لە بواری ئیدیۆلۆگی لە کوردستانی خوارووی رۆژهەلاتدا بەوە تەواوبوو کە تەریقەی نەقشبەندی لە ماوەی سێ دە ساڵی یەکەمی سەدەی نۆزدە بە تاو و گوژم بڵاوبووەوە. زۆربەی ئەو نووسەرانەی دەربارەی تەریقە سۆفییەکانی کوردستانیان نووسیوە، ئەم بڵاوبوونەوە زووەی نەقشبەندییان بۆ کەسایەتیی لە ئاسابەدەری شێخی کوردەوە بەستۆتەوە کە ساڵی ١٨٠٨ لە دەلهییەوە هات بۆ سلێمانی و

(*) نووسەر وشەیەکی هاوماناى زاراوەی Materializationی بەکار هێناوە -و.

ئیزنی بڵاوکردنەوەی تەریقەی نەقشبەندیی بەدەستەوە بوو، ئەم شێخە زیائەدین خالید بوو کە ناوبانگی بە مەولانا[1] خالید دەرکردو پێرسۆناژی هەرە بایەخدار بوو لە مێژووی تەریقە دەروێشییەکاندا (١٧٣، ٧٧؛١٦٧ . ٢٨٢، ٢٨٣).

مەولانا خالید لە خێڵی جاف و بەشی میکایلی بوو و بەخانەوادە مەلا بوو. بەگوێرەی هەندێ زانیاری ساڵی ١٧٧٦ لە دایک بووە، بەپێی هەندێکی تریش ١٩ی یانواری ١٧٧٩( ١٨٠، ١١٥؛ ٢١٣، ٧–٨). ئەو راستییەش گەلێ گرنگە کە مەلا کەریمی مودەریسی ئیشارەتی بۆ کردووە، ئەویش دایکی مەولانا لە خانەوادەی ساداتی پیری خدری بووە (٢١٣، ٧). تەنانەت لە دایکیشیەوە، بەرەچەڵەک چوونەوە سەر پیاوێکی ئاینی گەلێ پیرۆز، بێگومان، پاڵپشتێکی گەورە بوو بۆ مەولانا خالید وەکو سەرکردەیەکی ئیدیۆلۆگی.

لە خوێندنی ئاینی ترادیسیۆنیدا ماوەیەکی دیارنەکراو هەبوو بۆ قوتابی کە دەبووایە بەدوای مامۆستایان بگەرێ، قوتابی لەگەڵ هەر مامۆستایەک ماوەیەک دەمایەوە، بە ئارەزووی خۆی. خوێندنەکەش بەگشتی خوێندنەوی قورئان، تەفسیر و هەروەها خوێندنی بەرهەمە ئاینییەکانی تر بەعەرەبی و فارسی. کاتێک مامۆستا و قوتابی بریاریان دەدا، خوێندنەکە تەواو دەبوو. قوتابی گوتارێکی دەخوێندەوە و جامانەی سپی مەلاییان پێشکەش دەکرد، ئینجا دپلۆمیش کە ستاتووسەکەیی دەسەلماند (١٦٢، ٩٣؛١٦٧، ٢٥٧، ٢٥٨).

مەولانا خالیدیش ئەم کۆرسەی خوێندنی وەرگرتووە – سەرەتا لای باوکی، ئینجا لە مەدرەسەکانی سنە، سلێمانی و بەغدا (١٧٣، ٧٧؛ ٢١٣ . ٨–١٠). لە تەمەنی بیست ساڵی دا بوو بەمەلا لە پایتەختی میرنشینی بابان – سلێمانی (١٦٧، ٢٨٢؛ ٢١٣، ١١). بەم جۆرە، یەکەمین پێبلقەی بۆ سەرکردایەتیی ئیدیۆلۆگی، ئینستیتووتی سەید لە دایکییەوە و ستاتووسی مەلایەتی بوو. نفوزی مەلا بەگوێرەی زانایەتی و پاکی بوو، بەڵام ئەمە بە تەنیا لە کۆمەڵگای کوردیدا بەسنەبوو بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات و ناوبانگ. ئینستیتووتی ئیرشادی روحی، وەکو بینیمان وزەیەکی یەکجار گەورەی بەخۆوە گرتبوو، بۆیەش مەولانا خالید رووی لە سۆفیزم کرد.

بەقسەی م.م. ڤان بروینسون، کوردە نەقشبەندییەکان ئێستاش دەگێرنەوە کە چۆن مەولانا خالید خەونێکی بینیوە و پێی راگەینراوە بەدوای رێگەی مەعریفەت بگەرێت و ئەمە گەیاندوویەتیە هیند، دوای ئەوەی حەجی لە مەککە کردووە و لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا بووە. لە رێگەیەوە بۆ هیند، ماوەیەک لای سەرانی خانەوادەی ساداتی نەهری بەسەر بردووە، شێخ عەبدوڵاش ئیجازەی تەریقەی قادری پێداوە ( ١٦٧، ٢٨٢؛ ١٧٣، ٧٧). ئەو بارەش، کە

(١) مەولانا– بۆ رێزلێنانی پیاوی ئاینییە، وشەیەکی عەرەبییە بەمانای (خاوەنی ئێمە) دێت.

مەولانا ئیجازەی تەریقەی قادریی وەرگرتووە نە لە سلێمانی کە شێخ مارف نۆدەیی، گەورەی شێخەکانی بەرزنجی ئەو کاتە، لێ بووە – تا بڵێی سەرنج راکێشە. لەگەڵ ئەوەشدا، مەولانا خالید هەر لە سەرەتای گرتنەبەری رێگای دەروێشیدا خۆیی لە بەرامبەر خانەوادەی ساداتی بەرزنجەدا قووت کردەوە.

ساڵی ١٨٠٨ مەولانا لە هیندەوە گەڕایەوە سلێمانی، دوای ئەوەی چووبووە سەر تەریقەی نەقشبەندی و ئیجازەی بڵاوکردنەوەیی وەرگرتبوو. لە ساڵی ١٨٠٨وە تا ١٨٢٠ یان لە سلێمانی یان لە بەغدا ژیاوە وەکو «پیاوێکی ئیسلامیی گەورە و پیرۆز» (٥١، I، ١٤٠) و ١٢ هەزار مووریدی هەبووە. رێزو حورمەت گرتنی «پیری پیرۆز» ، کە ساڵی ١٨٠٨ تەمەنی ٤١ ساڵ بووە، لە ڕادەبەدەر بوو. رووڵێکردنی بەغەیری حەزرەتی مەولانا، بەقسەی ک.ج. ریچ، بە پێشێل کردنی موقەدەسات دادەنرا: «هەموو کوردەکان بەئەولیا[٢] ناوی دەبەن، یان پیاوچاک، زۆربەی هەرە زرۆیشیان **لە ڕێزی پێغەمبەری دادەنێن، (خەتەکە ئێمە دامان ناوە – نووسەر)** (٥١، I، ١٤١ ). هەر بەقسەی هەمان نووسەر، گوتەکانی مەولانا خالید، وەکو حەدیسەکانی پێغەمبەر، بەحەدیس نێو دەبران.

ڕێزگرتنی لەمە زێتر رێی تێ ناچێ، ئەوەش لە روانگەی ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسالەوە رێگە نەدەدرا. محەمەد بەدوا پێغەمبەر و (خاتم الانبیاء) دادەنراو کاتێکیش شێخ (لە رێز پێغەمبەر) دا بێ و قسەکانی بکرێن بە حەدیس لادانێک بوو لە شەرعی ئیسلامی.

بە بۆچوونی ک.ج. ریچ، (هەموو کوردە مەبدەئییەکان) شان بەشانی میری بابان مووریدی مەولانا خالید بوون(٥١، I، ١٤١). خانەوادەی میر رێزێکی زۆری دەگرت. میر خۆی لە پێش خەڵک لەبەردەمی وەستاوە و قەلەنەی بۆ تێکردووە (٥١،I، ٣٢٠). کاتێکیش ئەندامانی خانەوادەی میر، بە داخوازیی مەحموود پاشا، سوێندی ئەوەیان خوارد لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەجیا پەیمان نەبەستن و نامەو نووسراوەکانی لە بەغداو کرماشانەوە دێن نەشارنەوە، ئەوا لەبەردەم مەولانا خالید و لە ماڵی ئەودا کرا (٥١،I، ١٤٧، ١٤٨).

ئیتر، بوارەکانی سەرکردایەتی ئیدیۆلۆگیی شێخە سۆفییەکان و بنەماڵە شێخەکان، وەکو بڵێین، بۆ هەتا هەتایی دابەشبوون و شێخە بەرزنجییەکان خۆیان لە پلەی دووەمدا بینییەوە. بەگوێرەی ک.ج. ریچ مەولانا خالیدیان لە هەمان ئاستی شێخ عەبدولقادر، دامەزرێنەری تەریقەی قادری، دادەنا( ٥١، I، ١٤١). تەنانەت بەرزتریش– وەکو س. ج. ئیدمۆندز دەڵێ( ١٧٣، ٧٣) خانەوادەی ساداتی بەرزنجە ئەمەیان بە مەترسییەکی گەورە دانا بۆ ناوبانگی خۆیان. بەگەواهی ک. ج. ریچ، هەموو عولەماو سەیدەکان لە سەرووی

(٢) یەکێک لە تیتوڵە بەرزەکانی سۆفییە – نووسەر.

هەمووشیانەوە شێخ مارف نۆدەیی رقیان لە مەولانا خالید دەبووەوە (٥١، I، ٣٢١). کێبڕکێ لەسەر سەرکردایەتیی ئاینی لە پڕ (بۆ ک. ج. ریچ) بەوە کۆتایی هات کاتێک شەوی ٢٠ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٢٠ مەولانا خالید لە پایتەختی بابانی رایکرد و هەرگیز بۆی نەگەڕایەوە.

هۆیەکانی سەفەرکردنی مەولانا خالید بەڕاشکاوی لەلایەن ک.ج. ریچ) س. ج. ئیدمۆندز، م.م. ڤان بروینسونەوە باسکراون ( ٥١، I، ٣٢٠. ٣٢١؛ ١٧٣، ٧٣؛ ١٦٧، ٤٤١، ٤٤٢). لێکدانەوەی یەکجار جۆراوجۆریان هێناوەتەوە، ئەم رووداوەیان بەستۆتەوە بەوەی کە مەولانا جێگەی خۆیی لای میر لە دەستداوە بەهۆی مردنی کوڕی میرەوە، ئەویش دوای ئەوەی مەولانا سۆزی سەلامەتیی کوڕەکەی پێداوە لە کێبڕکێدا لەگەڵ شێخ مارف بۆ پێشاندانی موعجیزەو کەڕامات. رای م.م. ڤان بروینسون سەبارەت بەوەی راکردنی مەولانا زەحمەت ئەنجامی ئەو جۆرە ململانێیە راست و ڕەوانە بووبێ، سەلمێنەر دێتە بەرچاو.

مەسەلەکەش لەوەدا نییە کە شێخ مارف نەیتوانیوە جێگەی مەولانا لە سلێمانیدا بگرێ و ئەو (ماوەیەکی زۆر لەپلەی دووەمیندا ماوەتەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات ئەو عەبایەی مونافیسی هەرە گەورەی بەجێی هێشتبوو بکاتە بەر) (١٧٣، ٧٣)، رووداوەکە سیمایەکی سیاسیی گومان لێ نەکراوی هەبووە. بەڵگەی ئەوەش تەنیا ئەو گفتوگۆیە نییە کە ک.ج. ریچ بەرگوێی کەوتووە دەربارەی ئەوەی مەولانا خالید ویستوویەتی مەزهەبێکی نوێ دامەزرێنێ و خۆی ببێت بە سەرکردەی دینی و دنیایی لە وڵاتداو بۆیەش پێوەندیی نێوان پاشاو براکانی تێکداوە. بیانووی سەرەکیش بۆ راستیی ئەم بۆچوونە، زۆر جیاوازە لەو هەڵسەنگاندنەی کەسایەتی و چالاکیی مەولانا خالید پێش و پاش راکردنەکەی: (پیاوی ئاینی گەورە و پیرۆز)، (نزیکەی لە رێز محەمەد پێغەمبەر دایە)، ئێستاش پێی دەڵێن (کافر و بێ باوەڕ) و (گەلێ چیرۆک سەبارەت بەهەوابەرزی و لە دین دەرچوونی) دەگێڕنەوە( ٥١، I، ٣٢٠).

لە پاڵ ئەو زێدەڕۆییەدا لە هەڵسەنگاندنی و ناوبانگی ئینجا بەو توونددییەش کەمکردنەوە لە نرخ و بایەخی ئەو تەنیا دەبێ تێکچوونی پێوەندیی لەگەڵ سەرکردەی سیاسییدا میری بابانی هەبووبێت و بنچینەی رووداوەکانیش زێتر تاکتیکی خەبات بووە لەپێناو دەسەڵاتدا. میری بابان نەیتوانی حسێب بۆ بایەخی سیاسیی بەرزبوونەوەی ناوبانگی مەولانا خالید نەکات، مەولانا، بەسوودوەرگرتن لە ناکۆکیی نێو بنەماڵەی میر و بە پشت بەستن بە دڵسۆزیی کەللەرەقانەی مورید و خێڵی خۆی – جاف، توانیویەتی هەنگاوێک لەم بوارەدا بنێت و شێخەکانی بەرزنجی و پەیڕەوکەرانیان بەئێرەییەوە چاویان بڕیبووە

هەنگاونـانەکـانـی ئەو. میـری بابان کـە لەبەردەم خـەڵک و بە ئێـتـیکێتـەوە ڕێزی مـەولانای دەگرت حـەزەرو وریاییەکەی خـۆی شاردبووەوە. زێدەبوونی دەسـەڵات و نـاوبانگی مەولانا بۆ میر جێگەی مەترسی نەبوو تا ئەو کاتەی لە دەسـەڵات و ناوبانگی ئەو نزیک بۆتەوە.

م.م. ڤـان بروینسـون ئـەگـەری زەمـینەیەکی سـیـاسـیی بۆ ڕووداوەکـان داناوە و هـەروەها ئەگـەری تەقـەڵای مـەولانـا بۆ «وەدەست هێنـانی دەسـەڵاتێکی دنیـایـی گـەورە» ش ( ١٦٧، ٤٤٢). دکتۆرانامەی هـەڵکەوت حەکیم دەربارەی ئەمە زانیاریی یەکجـار بەنرخی گرتۆتەخۆ( ١٨٠، ١٢١، ١٢٠).

بەڕای ئەم نووسـەرە ئەوە یەکەمین سەفـەری مـەولانا نەبوو لە سلێمـانییـەوە بۆ بەغدا. ئەم ساڵی ١٨١٢ هـەمان شتی کرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەبدوڕەحمان پاشادا، باوکی مەحموود پاشا، تەنیا دوای مردنی ئەو گەڕایەوە بۆ سلێمانی.

ئێمـە بەم ڕاشکاوییـەوە لەسـەر ئەم ڕووداو و کەسـایەتیی مـەولانا خـالید وەسـتـاین لەبەر ئەوە نییـە کە زانیـاریی دەربارەیان لە سـەرچاوە و ئەدەبیـاتدا هـەیـە. ئەم هەڵبـژێردراوانە لە ڕووداوەکـان و لە ژیانـی مـەولانا خـالید ڕێگە نیشـاندەرن بۆ سـەرکردایەتیی ئیـدیۆلۆگی لە ڕەوشێکی ئاڵۆزی کوردستانی خوارووی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا. سیمایەکی دیاری ئەوساکەی کوردسـتانی خوارو ئەوەبوو کە ئیدیۆلۆگیای ئیسـلامی شـەرعی و دەروێشیزمی ئیسـلامی لێک جیانەبـوونەوە، بەڵکو یەکتریان تەواو دەکرد. ستاتووسـی مـەلایەتیی مەولانا خـالیـد نەک هـەر ڕێی لێ نەگـرتبـوو بگات بەڕێزی پێـغـەمـبـەر، بەڵکو ڕێگەشـی بۆ خـۆش کـردبوو. ئینسـتـیتـووتی سـەیدایەتی کە ڕۆڵێکی گەورەو سـەربەخـۆی سیاسـی-ئیـدیۆلۆگیی نەبینیـوە، ئەویش بووبوو بە توخـمێکی گرینگی ناوبانگی کۆمـەڵایەتی - سـیاسـیی بنەمـاڵە شێخەکان و بەکاردەهێنرا بۆ چەسپاندنی هـەڵوێستی خۆیان.

دەسـەڵات و ناوبانگی شـێـخ پێش هـەمـوو شـتـێک و بەجـۆرێکی سـەرەکی لەسـەر وزەی بەدەرئـاسـا و کـەرامـەتیـیـەوە وەسـتـابوون، نـەک لەسـەر کـاروکـردەوە تیـۆرییـەکـانی. قـادرییەکانیش و نەقشبـەندیش لە زۆرانبـازییاندا لەسـەر ڕوح و گیان زێتر پەنایان دەبردە بەر کردەوەی پراکتیکی، بەم جـۆرەش زۆرانبازییە ئیـدیۆلۆگییـەکەیان دەهێنایە سـەر زمانی خەڵک- واتە ملکەچی ئینستیتووتی قەداسەت و هێزو توانای بەدەرئاسایان دەکرد.

توانای بەجـێـهێنانی کـردەوەی عـاجـبـاتی کـە دەدرایە پـاڵ شـێـخـەکـانـەوە، بە باوەڕی ئیمـانداران، بەڵگەی ئـەوە بوو کە ئەمـانە خـاوەنی «کەرامـەت»ن. «کەرامـەت»ی شـێـخێکی سۆفیی ناودار تەنانەت دوای مردنیشی کاریگەرتی هـەر دەما و جەسـتەکەی لـە ناو گۆڕیدا هـەر دەمـایەوە و دەبوو بە زیارەتگا و «نزیکەی بت پەرسـتی» (١٧٣، ٦٣؛ ١٦٧، ٢٦٧). بۆیە

وزە و توانای بەدەرئاسای شێخ تەنیا بە کەرامەتەکەی هەڵنەدەسنگێنرا، بەڵکو بەکردەوە و رابردووی بنەماڵەکەشی. جبەخانەی ئیدیۆلۆگیی بنەماڵەی شێخ لە نەوەیەکەوە بۆ ئەویتر هەر زێدە دەبوو، هەر یەکەو جێپەنجەی خۆیی دەخستە سەر پەرەپێدانی.

شێوازەکانی کارتێکردنی ئیدیۆلۆگی، کە لە پراکتیکدا شەعایری تەریقە دەروێشییەکان بوون، لە کوردستاندا رووەو هۆشیاریی جەماوەر کرابوونەوە. کۆبوونەوەکانی قادری «مەجالیس» وەکو پیشانگەیەک بۆ دیتن روویاندەدا، ئەو کردەوە عاجباتانەی دەدرانە پاڵ «کەرامەت»ی شێخان ئەوەشی دەگرتەوە کە دەتوانن هێز و توانای تایبەتیی بە پەیڕەوکەرانیان ببەخشن تا قارەمانییەتی بنوێنن: خواردنی پەنگر، کوژاندنەوەی کڵپەی ئاگر لەناو دەمیاندا، قووتدانی ماری ژەهراوی، هەڵدڕینی گوپ و سک بە ڕم و خەنجەر «بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگات» (١٦٢، ٨٦).

بەقسەی هەواڵدەری ف. بارت، میکانیزمی پێسپاردنی ئەم توانایە بە سانایی بووە. دەروێشی ئیماندار کە هەموو مەبدەئەکانی تەریقەی جێبەجێ کردووە دەیتوانی بچێتە لای شێخ و داوای لێ بکات هێزێکی تایبەتیی پێ بەخشێت، ئەگەر شێخ ئەمەی بەکارێکی راست زانی، ئەوا تەنیا دەستی دەخستە سەر سەری دەروێش و دەیگوت لەمەودوا تۆ خاوەنی ئەم هێز و توانایەیت. پێویستی بە پرۆڤەکردن نەبوو و یەکسەر دەبوو بە خاوەنی هێزی بەدەر ئاسا و وەکو بەڵگەیەک بۆ «کەرامەت»ی شێخ دەیتوانی ئەم هێزەی خۆی نیشانی خەڵک بدات.

دەروێش ئەم هێزی بەدەرئاسایەی خۆی لەکاتی زیکری دەروێشاندا دەخستە روو. ئەنجامدانی ئەم جۆرە قارەمانییەتە سیمای تایبەتیی «تاقیکردنەوەی روحی» بوو لای ئەندامانی تەریقەی قادری لە کوردستاندا، دەروێشەکان دەکەوتنە نێو نەشوەیەکی روحی کە پێی دەڵێن «حاڵ» و لە هەندێ چرکەدا، بە گوێرەی دەروێشانی موسڵمان، دەگەیشتن بە خوا ( ١٣٣، ٣٢٧).

م.م. ڤان بروینسون بەڕاشکاوی دەگێڕێتەوە کە چۆن سەریمۆنیای کۆبوونەوەی ئەندامانی تەریقەی قادری و نەقشبەندی روویاندا. ئەم وەسفکردنە شارەزایانەی زانای هۆڵەندی بۆ ئەم دیاردە نائاساییە، کە پێویستی بە خۆ ئامادەکردن هەیە بۆ سەر لێدەرکردن و هەڵسەنگاندنی، باش نیشان دەدا کە میکانیزمی کارلێکردنی بەوردەکارییەوە رێکخراوە.

شەعایری زیکری قادری لە سنە، بانە و مەهاباد، کە م.م. ڤان بروینسون تێیاندا ئامادەبووە، لە مەڵبەندی دەروێشان (خانەقا یان تەکیە)دا کراون و دوای نوێژی عیشا

دەسـتـیـان پـێکردووە(٣). ئەمـانە دادەنیـشتن و جگەرەیان تێـدەکـرد، چایان دەخـواردەوە و باسـی رووداوی ڕۆژانەیان دەکـرد، خـەلیـفـە «جـێگری شـێخ» دەهـاتـە ژوورەوە و ئەمـری دەسـتـپـێکردنـی دەدا، جگەرە دەکـوژانەوەو چای لادەبرا. خـەلیـفـە دوعـای بۆ پێـغـەمـبـەرو سـەحـابە و پـیـاوچاکـان دەکـرد، ئینجـا رەحـمـەتی خـودایی دەدایە پـاڵ شـێخ، هـەروەها بۆ هەمـوو تەریقـە دەروێشـیـیـەکان، دوای ئەمە هـەموو دەروێشـەکان دەسـتـیـان دەکرد بە زیکر «گوتنـی ناوی خوا بەدەنگی بەرز». بە دەنگی بەرز و ئاوازەوە، پێکەوە و شێوەی جیاوازیان دەهێنانەوە، بۆ نموونە: «یاهـو، یاهو، یامەن هو، یامـەن لەیس ئیـلا هـو» «یائەللا، دایم ئەللا» وهـی تریش- هـەمـووی نزیکەی دە زیکرن، هـەریەکە و حـەوت جـار دەگـوترێن. دوای ئەمـەش سیلسـیلە «زنجیرەی شێخـەکانـی خـاوەن تەریقە» دەهـات، ئینجـا زیکری «شـەهـادە»: «لا الە الا اللّە» کـە سـەدان جار دەگوترا و لەمـەشـەوە هـەڵدەسـتـانە سـەر پێـیـان و بەشـی سـەرووی لەشیـان دەهێناو دەبرد: «لا الە» - بۆ لای چەپ و «الا اللّە» - بۆ لای راست. زیکر بە «ئەڵلا، ئەڵلا» و دەف لێدان تەواو دەبوو.

دوای گـوتنـەوەی «ئەڵلا، ئەڵلا» سـەدان جـار زیکر نـەدەمـا، بەڵام جـوولە و بزووتـنـەوەی دەروێشـان کێویتر دەبوون، هەندێکیان ئەم شـێوە حاڵەیان دەکرد: «یەکێکیان لەنکاو راپەڕی و زەرگی هـەڵکێـشـا... و بە چریکەیەک سـەرنجی هەمـووانی بۆ خـۆیی راکێـشـا، ئەگەرچی ئەم، وەکو بڵێی، لە حـاڵ دابوو دڵنیا بوو لەوەی خـەلیفـە و من، کە بێگانـە بووم، سەرنجـمان لای ئەوە. ئینجـا لەسـەر چۆکان لە پێش مـن دانیشت تا توانی دەمـی خۆیی کردەوە، نووکی تیـژی زەرگی لە سـەری زمـانـی دانا و توونـد چەقـاندی و هەر پاڵـیـدا تا سـەرەکـەی لەژێر چەناگـەیەوە دەرهـات، دوای پێـنج دەقـیـقـە زەرگەکـەی دەرهێنـا و پەنجـەی گـەورەی خـۆیی لەسـەر برینەکـە دانـا و یەک دڵۆپ خـوێنی لێ نەهـات. پاش چەنـد دەقـیـقـەیەک چایـەکی خواردەوە» (١٦٧، ٢٩٩).

دەروێشـەکانی تـر زەرگیـان لە لەشی خـۆ داوە، سنگیـان بەشـمـشـێـر بریندار کـردووە، یەکێکیـشـیـان، بە ئامـادەبوونی م.م. ڤـان بروینسـون، چەنگە بزمـارێکی ئاسنی قووتداوە و جامە ئاوێکیشی لەسەر خواردۆتەوە.

نووسـەر لە خـانەقـەکـانی(*) تری قـادریدا هـەمـان کـردەوەی بـەرچاو کـەوتووە. مەجلیسەکانی قادری لە سنە، بانە، مەهاباد بەهەمان شێوە بەڕێوەچووین. مەبەستیش لەم جۆرە زیکر و حاڵانە نواندنی مـەگنیتـی (تنویم مغناطیس) خۆ و دەوروبەریان بووە، دوعا

(٣) وەسفەکان لە م.م. ڤان بروینسونەوە وەرگیراون /٦٧، ٢٩٦ - ٣٠/.

(*) وەکو باوە قادرییەکان ناوی (تەکیە) و نەقشبەندیش (خانەقا) بۆ مەڵبەندەکانیان بەکاردێنن - وەرگێڕ.

خـوێندنـی بەرز و بە ئاوازەوە، خـۆی لە خـۆیدا، کاریگەریی مـەگنیـتـی هەبووە و م.م. ڤـان بروینسـونیش خۆی هەسـتی بەوە کردووە. بە بۆچوونی ئەم کاریگەرییەکە بۆ بەشداربووانی زیکر گـەلـێ زێتـریش بووە. بەهـۆی ئەو جـووڵانەوەی توندی سـەر و لـەشـیـان و نەفـەس خواردن و دانەوەی زووزوویانەوە (١٦٧، ٢٩٩).

ئاوازی مـۆسـیـقـایی، ئاوازی بزووتنەوە لەگـەڵ ئاوازی زیکرەکـە بەدەنگی بەرز کـارێکی ئینفیعالی گەورەی کردووەتە سـەر سروشتی نەفسی و فیزیۆلۆگیی ئادەمیزاد. ئەم جـۆرە کردەوانە پیـاوێکی ئـاییـنی سـادە و ئاسـایی توونـد بۆ خـۆ رادەکێشـا و لە پاڵ ئەو چێژەی وەریدەگـرت لە گـەیشتن بەخـوا و پیـاوچاکـاندا، خـاووبوونەوەیەکی نەفـسی و ئینفیـعـالی پێدەدا کە لەسەر ئاستی ژیاردا بایەخی لە ئەوەی یەکەم کەمتر نەبوو.

شێوازەکانی کارتێکردن لە شەعایری تەریقەی نەقشبـەندیدا جیاواز بوو لە ئەوەی قادری – حـاڵ و زەرگ و شـمـشـێر، نەقـشـبـەندی ئەمـەیان بە دەروێشـیـزمـی شـێـواو لە قـەڵەم داوە (١٦٧، ٣٠٧). چۆنیـەتـی (مـەشــقـکردنی روحـیی) پـەیڕەوکــەرە کـوردەکــانـی تەریـقــەی نەقشبەندی، دەکرێ لە وەسفکردنەکانی م.م. ڤان بروینسون و هـ– حەکیم وەربگرین (١٦٧، ٣٠٥ ؛ ١٨، ٣٨ – ٤٨).

کۆبوونەوەی شـەعایریی نەقشبەندی (خەتمە)، کـە م.م ڤان بروینسـون لێی ئامادەبووە، لە مـزگـەوتی گـوندێکدا حـەفـتـەی جـارێک یـان دوو جار پـاش خـۆرئـاوابوون، روویداوە. دوای نوێژکـردن بەرەو قـیـبلە دانیـشـتـوون، چرایان کـوژاندۆتەوە و شـێخ یا مـەلا بـە پاڕانەوە لە پێغەمبـەر و خوێندنەوەی دەقی قورئان دەستی پێکردووە. لە ماوەی نێوان دوعاکاندا کڕی و بێـدەنگی بەرقـەرار بووە و بەشـداربووان (لە دڵەوە) سـوورەت و ئـایەتیـان خـوێندۆتەوە. بۆ هەڵبـژاردنی دەقــەکـانی قــورئانیش، بـەڕێوەبەری خــەتمە پێـیگوتـوون. دوای دوعـاکــان و خـوێندنەوەش نۆرەی فیکر و رامان هـاتووە، بۆ نموونە (بیـرکردنەوە لە مردن). ئامـادەبووان لە کڕی و بێدەنگی و تاریکیدا مـردنی خـۆو هەموو ئەوەی، بەڕای ئـەوان، بەدوای مردنیـاندا دێ هێناویانەتە بەرچاو خۆیان. ئەم جـۆرە رامانە ٥ – ١٠ دەقیقـە بەردەوام دەبوو و گریانی بەدەنگیشی لەگەڵدا دەبوو.

دوای ئەمـە بەشـی هەرەگـرنگی رامـانـەکـەیان دەهات و پێـیـانـدەگـوت (پەیوەندیکردن بە شێـخەوە)، لەمـەشدا مورید چاو دادەخا و مـوڕشیدی روحـیی خۆیی دێتـە بەرچاو و دەبینی چۆن دەسـتی دەگـرێ و دەیبـا بۆ لای پێـغـەمـبـەر و ئەویش بەدەوری خـۆی لەگـەڵی دەچێ بۆ خـزمـەت خـودا. ئەم رامـانـەش ١٠ – ١٥ دەقـیـقـە لە بێـدەنگیی تەواو دەخـایەنێ. خـەتمە بەخوێندنەوەی چەند سوورەتێکی قورئان و سیلسیلەی ئیرشادی روحی کۆتایی دێت. لەبەر

ئەوەی شـێخ، لەو گـوندەی م.م. ڤـان بروینسـون لێ بـووە و لە زیکرەکـەیدا ئامـادەبووە، ئیجازەی تەریقەی قادریشی هەبووە، بۆیە زیکرکردنێکی کورتیش لەگەڵ خەتمەکەدا کراوە. نزیکەی ١٠٠ جـار بەئاوازەوە شـەهادەیان گـوتووەو ٢٠٠جـاریش بەتووندییـەوە – (اللە، اللـە!). بە کـۆتایی هاتنی سـەریمۆنیاکـە چرا هەڵکراوە و بانگ دراوە بۆ نوێژ. هەڵکەوت حەکیم ئاماژەی بۆ وردەکارییەکی گەلێ گرنگ کردووە لە کۆتایی سەریمۆنیاکە، ئەویش – داواکردن لە موریدان بۆ کۆکردنەوەی پارەتی (١٨٠، ٤٨).

ئەم شـەعـایرانـەی باسکران، بریتی نین لـە شـێـوەی شـەرعـیی چەسـپـاو، شـتـی وا لە کوردستاندا، نە لە تەریقەی قادری و نـە لە نەقشبەندیدا نییە. لقەکانی تەریقەی قادری لە کوردستـانی ئێران زۆر جیاوازبـوون لەوانەی کوردستـانـی تورکیا. جیاوازیش لە نێوان بەشەکانی نەقشبەندیدا، بە بۆچوونی م.م.ڤان بروینسـون، گەلێ زێتریش بوو – هەر لە فـوندامینتـالیـزمی(*) توندڕەوەوە لە کـوردسـتـانی سـەروو تا مـەزەبی هەقـەی (کێـوی) ی ئەوپەڕگر لە عێراق (١٦٧، ٢٦٢).

لەلایەنی پڕاکتیکییەوە، دەکرێ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو تەریقە دەروێشییەدا بدۆزینەوە سەبارەت بە شـێواز و میـتۆدی کارکـردنە سـەر هوشـیـاریی خـەڵک. هەست و ئینفـیعـالی نهێنیی نەقشبەندی زێتر دامەزرابوون لەسەر داهێنانی حاڵەتی وای رازاوە لە هەست و خـوستی دیار و ئاشکرا، ئەوەی ی. پ. پێـتـروشێـڤـسکی بە هورێنـەی درۆزنانەی دادەنێ (١٣٣، ٣٢٩). لە ڕووی تیۆرییەوە نەقشبەندی زیکری بە دەنگی بەرز (زیکری خارجی)یان ڕەت کردۆتەوە و تەنیا دانیـان بە (زیکری داخلی) داناوە (١٨٠، ٣٨). وەکو تریش، هەروەکو بینیمان، ئەمە جیاوازییەکی مەبدەئیانە نییە، توخمەکانی شەعایری تێکەڵ بەیەکدی بووین و نەقشبەندییەکان هەندێ شێوازی شەعایری قادری بەکار دێنن.

جیاوازیی لە بۆچوونە ئیدیۆلۆگییەکاندا لە کوردستان، لە سەر ئاستی تیۆری، بایەخی هێشـتا کەمتریش بـووە. دروستبوونی تیـۆریانەی ئیدیۆلۆگیـای سـۆفی لە سـەر ئاسـتی (ئێلیتـاری) پەیوەندیی بە بەرهەمە نووسراوەکانەوە هەبوو. شێخ مارف نۆدەیی پیاوێکی ئایینیی گەورە بوو و ٢١ بەرهەمی لە سەر عەقیدەی ئیسلامی لە دوای خۆی بەجێهێشت (٩٩، ٦٩). بەڵام بەقسـەی س. ج. ئیدمۆندز، لە کاتی داگیرکردنی کوردسـتـانی خـواروو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە شێخ مارف بەجۆرێکی سەرەکی (لەپاڵ مونافەسەکردنی مەولانا خالیدا) بە نووسەری کتێبێک دادەنرا کە بۆ منداڵان نووسراوە بۆ فێرکردنی زمانی عەرەبی (١٧٣، ٧٣).

---

(*) Fundamentalism الاصولیة.

له پێوەندییەکانی نێوان شێخەکانی قادری و تەقشبەندیدا، هەروەکو لەناو شێخانی هەر یەک لە تەریقەکانی، کێبڕکێی شێخەکان خۆیان و بنەماڵەو موریدەکانیان زاڵ بووە، نەک جیاوازیی ئیدیۆلۆگی. موریدەکان دڵسۆزی شێخی خۆیان و میراتگرانی ئەوان بوون. لەمەشدا، بەشی سەرەکی خەڵک رێز و حورمەتی خۆیان ئاراستەی شێخە ناودارەکان دەکرد بەبێ رەچاوکردنی جۆری (تەریقە) دەروێشییەکەی.

تایبەتمەندییەکی یەکجار سەرنجڕاکێش هەیە کە س. ج. ئیدیمۆندز ئاماژەی بۆ کردووە. وەکو ئەم بینیویەتی لە کوردستانی خواروو بە موریدەکانی تەریقەی قادری دەڵێن دەروێش، بە موریدی نەقشبەندیش - سۆفی: (هەر چەندی بەرەو سەرەووتر بڕۆیت، ئەم جیاوازییە کەمتر دەبێتەوە) (١٧٣، ٦٣). ئەم دوو زاراوەیە هەمیشە وەکو ناوی هاومانا بەکارهاتوون، مانای پەیڕەوکەرانی تەریقە دەروێشییەکانیان داوە بەگشتی. بەڵام ئەم جیاوازییەش هەیە کە ی. پ. پێتروشێڤسکی سەرنجی داوە، لە ناو تەریقە دەروێشییەکاندا وەکو چۆن خەڵکی سەربە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان هەبوون کە لە ماڵی خۆیاندا دەژیان، ئاواش هی پرۆفشیۆناڵی دەرۆزەکەر کە بە دەروێش یان فەقیر ناویان دەبردن (١٣٣، ٣٢٢).

جا، بۆچی ئەم جۆرە دابەشبوونەی پەیڕەوکەرانی دوو تەریقە دەروێشییەکە لە کوردستانی خواروودا هەبووە، وەڵامدانەوەی ئەمە جارێ کارێکی ئاسان نییە.

بەستنەوەی ئەم دیاردەیە بەمانای تایبەتی و تەنکی زاراوەکانی (دەروێش) و (سۆفی) لە توانادا نییە، چونکە هەردوو تەریقەکە پەیڕەوکەرانی (پرۆفشیۆنالی) و هی (ناپرۆفشیۆنال)یان لەناودا بوون. لەوەدەچێ، دەبێ بۆ هۆیەکانی ئەمە لەناو تایبەتمەندییەکانی شەعایری کۆبوونەوەکانی هەردوو تەریقەکە و (مەشق پێکردنی روحی) یاندا، کە پێشتر وەسف کران بگەڕێین. ئینفیعالی نەقشبەندییەکان ئەنجامی رامانێکی قووڵی ناوخۆ و دەروونی بوو، بۆیە ئەندامانی ئەم تەریقەیە زێتر لە یەکەمین سۆفییە زاهیدەکان دەچوون کە ئامانجی سەرەکیی رێبازەکەیان (راکردن لە جیهان) بوو. بەڵام، بەڕای ی.پ. پێتروشێفسکی، سیمایەکی ئەم تەریقەیە (هێمنە) فەناتیزمی(*) ئاینیی و بانگاشەکردن بۆ (جەنگی پیرۆز) دژی کافران بوو (١٣٣، ٣١٦، ٣٤٥).

م.م. ڤان بروینسون بڵاوبوونەوەی ئیدیۆلۆگیای نەقشبەندی توووند بە (هاتنی ئیمپریالیزمی ئەوروپی)یەوە دەبەستێتەوە (١٦٧، ٢٨٨). لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە شاڵاوی سیخوڕانی ئەوروپایی و بڵاوکەرەوانی مەسیحییەت لە ئەوروپاوە رژایە کوردستان. ئەفسەرانی سوپای ئەڵمانی سەرکردایەتیی کردەوە جەنگییەکانیان دەکرد بۆ لەناوبردنی

---

(*) Fanatism – تعصب، و.

دوا میرنشینە کوردییەکان و لەگەڵێ حاڵەتدا یاریدەی هێزە عوسمانییەکانیان دەدا بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە (١٦٧، ٢٨٩)، ئەمەش وایکرد کە نائارامیی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە ناوچەکەدا بەرقەرار بێت. سەرکردە سۆفییەکان بەهەڵکردنی ئاڵای دژ بە مەسیحییەت توانییان بەڕای م.م. ڤان بروینسون، بەئاسانی نفوز پەیا بکەن.

تاو و گوژمی ئیدیاکانی تەریقەی نەقشبەندی رەوشەکەیان لە کوردستانی خواروو تەقاندنەوە و دوای ماوەیەکی کورت لە گەیشتنی مەولانا خالید لە هیندستانەوە، لە سلێمانییەوە بەهەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە. شێخە فیۆداڵەکانی قادری ئەو کاتە، وەکو پێشتریش باسکرا، توێژاڵێکی کۆمەڵایەتیی دوورە پەرێزیان پێکهێنابوو. ژمارەیەکی کەم لە بنەماڵە شێخەکان ئەرکی سەرکردایەتیی ئیدیۆلۆگییان پاوان کردبوو. خەلیفەی شێخەکانی قادری نەدەبوون بە شێخ، نەقشبەندییەکان هاتن ئەم ستروکتورە بەستووەیان تەواندەوە. تەنیا لە کوردستان ٢٥ لە خەلیفەکانی خۆیانیان دیاریکردن (٢١٣، ٨٣ – ٨٧). پێدانی نازناوی شێخ بەگوێرەی سنووری دیاریکراو پەیڕەودەکرا، بەڵام دەرکەوت ئەوەندە بەسبوو بۆ ئەوەی یەکسەر دوای کۆچی دوایی مەولانا خالید هەست بە (بەرهەمهێنانی) سەرکردەی ئیدیۆلۆگی بکرێت (١٦٧، ٢٨٦).

سۆفیزمی نەقشبەندی لەگەڵ ئەو تخووب بەزاندنەی لە بڵاوبوونەوەی زوویدا لە کوردستان، هەر نەشیتوانی ببێت بە چەکێکی ئیدیۆلۆگی بۆ یەکبوونی وڵاتی کوردان، وەکو چۆن هەر لەو کاتەدا بوو کە ئیدیۆلۆگیای ئاینی وەهابی لە عەرەبیادا ئەم دەورەی بینی. ئیدیاکانی یەکخەرەوە و دژ بە تورکانی وەهابیزم یاریدەی پەیڕەوکەرەکانی خۆییدا کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدە بەشی هەرە زۆری نیوە دوورگەی عەرەبی بگرن و ململانێ لەگەڵ دوورەپەرێزی و گۆشەگیریی خێڵە کۆچەرەکاندا بکەن (١٢٧، ٣٥– ٣٦). بەرزبوونەوەی میرنشینی سعودییەکان پەیوەندیی بە بڵاوبوونەوەی ئیدیای وەهابیزمەوە هەبوو.

نەقشبەندیزم بۆ کوردان نەبوو بە ئاڵای یەکبوون. تەریقەی نەقشبەندی، کە دوای مردنی مەولانا خالید خەلیفەکەی، شێخ عوسمان سیراجەدین، بەسەرۆک دانرا (١٨٠، ٢٣٣) لە راستیدا بەسەر چەند مەڵبەندێکی ئاینی دابەش بوو. هەندێک لەم مەڵبەندانە تەواو لێک دابڕاو بوون (١٦٧، ٢٨٦).

کێبڕکێی شێخەکانی قادری و نەقشبەندی، ئێرەیی لێک کردنی بنەماڵە شێخەکان رێگەی ئەوەی لێ نەگرتن کە دوای رووخانی دەسەڵاتی میرەکان ئاڵای سەرکردایەتیی سیاسی بگرنە دەست. ئەمانە بەڕادەیەکی زۆر توانییان بۆشایی دەسەڵات پڕ بکەنەوە کە بە نەمانی میرەکان دروست بووبوو، هەروەها لە قۆناغەکانی دواتریشدا دەوری یەکالاکەرەوە ببینن لە

بزووتنەوەی کوردی لە پێناو ئازادیدا. هەر لەو ساکەوە، وەکو م.م. ڤان بروینسون سەرنجی داوە، نزیکەی هەموو سەرکردە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان یان شێخ بووین، یا ئەوەتا هەر نەبێ لە بنەماڵەی شێخان بووین (١٦٧، ٢٨٤، ١٩٢– ٢٩٣؛ ٢٩٣، ١٦٩، ٢٨٥، ٢٩٣). چالاکیی تەریقە دەورێشییەکان بەشێکی ئۆرگانیی رەوشی کۆمەلایەتی – سیاسی ئێستای کوردستانن. ئەو چەکە ئیدیۆلۆگییە تەقلیدییە تووند و تیژیی خۆیی لە دەست نەداوە و هێشتاش هەر شێوازێکی بەهێزی کارکردنەسەر هۆشیاریی جەماوەرە. سستێمی ئیدیالۆگییە زاڵەکان تەنیا لەسەر شەریعەت و میستیکای[*] ئیسلامی دانەمەرزابوو. نزیکیی مرۆی کورد لە سروشتەوە و پێدانی سیفات و سیماکانی ئادەمیزاد بە سروشت و دیاردەکانی و رەنگدانەوەی ئەمە لە چیرۆک و ئەدەبدا، وایکردووە کە باوەڕی بە کردەوەی بەدەر ئاسا (ماگیا)[**] و خوارفەت ببێت. بۆ نموونە، دەتوانین ئیشارەت بۆ ئەمانە بکەین: پەنابردنە بەر هەندێ سەریمۆنیا بۆ باران بارین لەلایەن دەروێشانەوە (١٦٢، ١٠٨– ١٠٩)، سیحر و ماگیا بۆ ئامادەکردنی نوشتە (١٧٣، ٧٤).

لە تەماشاکردنی رەوشی ئیدیۆلۆگی لە میرنشینانی ئەردەلان و بابان. هەروەکو لە هەموو کوردستانیش، نابێ تەنیا هۆکاری ئاینیی لێ بخرێتە روو، ئەگەرچی ئاین لە پرۆسەکانی ئیدیۆلۆگیدا دەوری سەرباشقەی هەبووە. ئاین وەکو بەشێکی گرنگی ئیدیۆلۆگیا لای کوردان هەمیشە لەگەڵ هۆکاری ترادیسیۆنی دابووە. لەگەڵ سستێمی ئیدیا و قیەم و ئاکار و شەریعەتی ژیان کە لە ماوەی چەندین سەدەدا دروست بووین. ئەمان شان بەشانی سەرەتای خودایی، پەنایان بردۆتە بەر قیەمی ترادیسیۆنی لە بابەتی پەندی باووباپیران، رەسەنایەتی و موقەدەساتی چەند سەدەیی.

ئەم تەرکیبە داچەسپاوەی هۆشیاریی کۆمەلایەتی کە پێی دەگوترێ ترادیسیا، وەکو ئاینی و عەقیدەی ئاین، هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەلایەتیی گرتۆتەوە. هەر ئەو دوو ئینستیتووتە ئیدیۆلۆگییە (واتە ئاین و ترادیسیا – ر.م.) دەیانتوانی کاریگەریی ئەنجامدەرانەیان ببێت لەسەر هوشیاریی کۆمەلایەتی و یاخیبوون لەناو بەرن.

بەشێکی ئیدیۆلۆگیای ترادیسیۆنی کوردی رەوشتی باو بوو (بۆ بەراورد کردن بڕوانە – ١٠٥، ٥٢–). ئینستیتووتی یاسایی رەسمی لای کوردان، هەروەکو لای میللەتانی تری جیهانی ئیسلامی، لەسەر شەریعەت دامەزرابوو کە کۆمەڵی رەوشتە یاساییە ئیسلامییەکانی دەگرتە خۆ. بەلام لە پاڵ رەوشتە یاساییە رەسمییەکاندا رەوشتی

(*) Mystika – نهێنی ئاینی، باوەڕ بە توانای پەیوەندیکردن بە دنیای دیکەوە – و.

(**) Magia – سیحر، جادووگەری، و.

ترادیسیایش هەبوو. بەقسەی کوردەکان خۆیان، خۆیان لە دادگا ئیسلامییەکان لاداوە کە بە شەریعەت کاریان کردووە و بەلایانەوە باشتر بووە گیروگرفتەکانیان بە گوێرەی یاسا ترادیسیاییەکان چارەسەر بکەن (١٢٣، ٢١٤). لەناو خێڵەکاندا خووڕەوشت تاقە یاسا بووە (قانوونی عێل و عەشیرەت، قانوونی عێلات) و سەرکردەی خێڵ و ئەنجوومەنی پیران لە سەرووییەوە بوون (٣٠، بڕگە ١٢٠، ١٢٨؛ ٥١، I، ١٥٢). هەتا فەرمانڕەوایانی میرنشینانیش دڵسۆزیی خۆیانیان بۆ ترادیسیا نیشان دەدا. میرزا عەلی ئەکبەر خان، کە مێژووی میرنیشنی ئەردەلانی نووسیوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەشدا گلەیی لە حەسەن عەلی خان کردووە، کە فەرمانڕەوایەکی کاتی بووە و سەربە بنەماڵەی ئەردەلانیانەوە نەبووە، گوایە (بەپێچەوانەی ڕەوشتی عێل و عەشیرەت ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا کردووە) (٣٠بڕگە١٢٠).

بەدەگمەن روویان لە دادگای رەسمی دەکرد. نۆرمەکانی ترادیسیایی، یان (ڕەوشتی دێرین)، بەلای کوردانەوە پیرۆز بوون و نەدەبووایە لێیان لابدەن و بەقسەی خ. ئابۆڤیان، (باشترین زاکۆنی هەمیشەیی) بوون (٥٧، ٣٦٠؛ ١٧٣، ٢٢٤ – ٢٢٥؛ ١٦٧، ٩٢) – ترادیسیا ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆی کوردی، هەر لە دایکبوونیەوە تا مردنی، قایم داڕشتبوو. مرۆڤ کە لە دایکدەبوو ئیتر کۆمەڵێ لە ماف و ئەرکی بۆ دیاریکرابوو (٢٠٣، ٢٣٠). بەهاکان لەناو (قەوارەیەکی ڕەفتارکردنی) ئامادە ڕەنگی دابووەوە و نەدەبوایە گومان لە راستی و دروستی بکرێت.

هەڵسەنگاندنی دەوری فاکتەری ترادیسیۆنی لە ژیانی ئێتنۆسی کوردیدا کارێکی سەختە. لە هەلومەرجی نائارامیی هەمیشەیی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، پێکدادان و شەڕی بێکۆتایی لە ناوچەکە کە کوردستان لە ناو جەرگەیدا بووە، هەموو ئیدیۆلۆگییە ترادیسیۆنییە داچەسپاوەکان ملکەچی یەک ئەرکی سەرەکی بوون – ئەویش مانەوە بوو. کۆمەڵگەی کوردی توانی ئەم ئەرکە بەجێ بهێنێ و خۆی وەکو ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی بپارێزێ، ئەویش بە یاریدەی یاسا و ڕێسای ترادیسیۆنیی توند و تیژەوە و زاڵ بەسەر هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆیە ئەم ئەرکە هەرەگرنگەی ترادیسیا دەتوانین ناو بنێین – ئەرکی پارێزەر و کۆکەرەوە.

ئیدیۆلۆگیا، وەکو هەموو ئینستیتووتێکی تری کۆمەڵایەتی، جێپەنجەی چینایەتی و توێژاڵیی بەسەرەوە دیارە. بەڵام لە کاتێکدا ئیرادەی چینی دەسەڵاتدار کراوە بە زاکۆن، ئەم ئیرادەیە لە ئیدیۆلۆگیادا بە هەست و سۆز رازاوەتەوە، داپۆشراوەو کراوە بە دەربڕی بەرژەوەندییەکانی هەموو کۆمەڵگاکە. چینی دەسەڵاتدار بە یاریدەی ئیدیۆلۆگیا بە قەناعەت

پێکردنەوە خەڵکی ملکەچ کردووە.

ف. بارت، لە سەیرکردنیدا بۆ سترۆکتوری کۆمەڵایەتیی گوندی کوردستانی خواروو (بابان)، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هیرار خیای دەسەڵات لە راستیدا بەسترابووەوە بە هاوسەنگیی نێوان خەڵکێکی دەوڵەمەندی کە توانای کرینیان هەبوو و نێوان هی تری توانای کۆکردنەوەی پەیرەوکەرانیان هەبێ بەیاریدەی هیرارخیایەکی (ئیدیاڵی)یەوە کە لەسەر ناوبانگ دامەزرابوو (١٦٢، ٩٩). لە کاتێکدا ئێمە رێزی ئەو شیکردنەوە سۆسیۆلۆگییانەی ف. بارت دەگرین، ئەوەش دەڵێین کە هەر لە سەرەتاوە توانای چینی دەسەڵاتدار بۆ کرینی دڵسۆزی لە هەموو ئاستێکدا هاوشان لەگەڵ بەکارهێنانی سیمبۆلی ئیدیۆلۆگیدا، یان شێوازی (ئیدیاڵی)، کاری کردووە.

روونی و ئاشکرایی ئەرکی تەقدیسکردنی دەسەڵات لە ترادیسیادا کەمتر لەوەی لە ئیدیۆلۆگیای ئاینیدایە. رێزگرتنی دەسەڵات و تەقدیسکردنی لە کۆمەڵگای کوردیدا کارێکی ترادیسیۆنی بووە.

تەقدیسکردنی دەسەڵات بەتایبەتی لەسەر زەمینەی ئیدیۆلۆگیای سیاسی باش گەشەی سەند و ناوبانگی سەرکردەی سیاسیی پاراست. بە بۆچوونی ف. بارت، بەهەمان شێوەی نەوەکانی پێغەمبەر، توانا و بەهرەی ئیلاهی بە فەرمانرەوایانی کوردی دراوە و، ف. بارت، جیاوازییەکی راستەقینە بەدی ناکات لە نێوان (کەرامەت) ی شێخ و دەسەڵاتی سەرکردەی سیاسیدا (١٦٢، ١٠٨، ١٠٩، ١٢٢). ناوبانگی سەرکردەی سیاسی ئەوەندە لەسەر هێزی چەک نەوەستابوو، ئەوەندەی بە باوەڕ بە ئیلاهیەتی دەسەڵات پشت قایم بووە. هۆکارێکی بەرچاوی ئەو باوەڕەی کە دەسەڵات قسەی لێ ناکرێ و دەبێ هەر بمێنێ، ئەوبوو کە دەسەڵات نەدەگۆڕا، هەربۆیەش بوو بە چاوێکی ئەوەندە بەرز تەماشای مانەوەی بنەماڵەی فەرمانرەواکان دەکرا لە کۆمەڵگای کوردیدا. چینی دەسەڵاتدار پشتی بە فاکتەری ترادیسیۆنی بەستبوو بۆیەش پێویستی بەوە نەبوو کە ئیرادەی خۆی بخاتە نێو قەوارەی زاکۆنەوە. نۆرمەکانی سۆتسیۆم دامەزران و هۆکارەکانی پەیابوونی خۆیانیان پاراست و وەکو فاکتێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی مانەوە.

قەبوڵکردنی چەمکی دەسەڵات و پلەکانی لە ئاستی خێزان دەستیپێکرد، ئەوەیش بە رێزگرتن و حورمەتلێنانی لەخۆ گەورەتر (بڕوانە – ٨٢a، ١٢٩– ١٣١). پلەکانی دەسەڵات و پرەنسیپی شوهرەت کە لەسەر ئەو دامەزرابوو لە هەموو شوێنێکدا زاڵ بوو – لە گوند و لەناو خێڵەکانیشدا. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان کە بەشێوەی ترادیسیۆنی رێزی دەسەڵاتیان دەگرت هەمیشە بەزۆرلێکردن رازی نەبووین، دژ بە زۆرداری بووین، مەیلی

ملکەچبوونیان نەبووە. پێکەوە بوونی دیالیکتیکانەی ئەم دوو رێبازە (واتە رێزگرتنی دەسەڵات و دژایەتیکردنی زۆرداری -و.) تایبەتمەندییەکی یەکجار گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردان بووە، بەڵام ملکەچ نەبوون و رەفتاری نێگەتیڤیزمانە لەناوەوە نەبوون، بەڵکو رووەوە دەرەوەی ئەو ستروکتورانە ببونەوە کە تیایاندا رێسا ئیدیۆلۆگییە تراديسۆنییەکان بەتەواوی بێ متمانەنیان نەهێشتبوو (دژەتێزیان لادابوو) بڕوانە - ١٤٢، ٢١، ٢٤، ٢٦).

هەموو وزەیەکی نێگەتیڤ و تێکدەرانە لە دەرەوەی ئەم ستروکتورانەدا کاریان دەکرد و هەمیشە لە خرمەتی داکۆکیکردن و چەسپاندنیان دابووین.

لە کوردەواریدا متمانە نەکردن و ملکەچ نەبوون تا سەرەتای سەدەی بیستیش بەشێوەیەکی ترادسیۆنی و دڵنیاییەوە فیکرەی هاوکاریی خێڵەتییان دابین کردبوو. خێڵ، کە ئیدیاڵەکانی نەگۆڕ و سەقامگیر بوون، لەخۆ بووردووانە ترادیسیای پاراستبوو. بەڕای م.ب. رۆوتۆن، هەر لە سەرەتاوە کۆنسرڤاتیزم(*) سیمایەکی خێڵ بووە. ئەو مەبدەئانەی کۆمەڵەی خێڵەتیان یەکخستووە لە نەوەیەکەوە گەیشتوون بە نەوەیتر و قابیلی لێکدانەوە نەبوون (٣٠٢، ٢٠٣). هەر لە کۆنەوە رەوشت و ترادیسیای کوردی بە یاسای خێڵەتی نێوبراون.

لە ڕاستیدا کۆمەڵەی خێڵەتی، لە قۆناغی مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە کوردستان سیمای خزمایەتی و تێکەڵاویی خوێنی لە دەستدابوو. لە خێڵی بابەتی کۆمەڵەی گێنێتییەوە، کە لەسەر فیکرەی رەسەنی هاوبەش دامەزرابوو، شێوەی کۆمەڵەیەکی وەرگرت کە لەسەر فیکرەی هاوکاریی خێڵەتی پێکهاتبێ و ئەو فیکرەیەش لە کوردستاندا یەکێک لە شێوازەکانی ئیدیۆلۆگیی هەرەبەهێز و کاریگەر بوو. ئیدیاڵی هاوکاریی خێڵەتیش - (دڵسۆزیی لە ڕادەبەدەر) بۆ خێڵ بوو (٢٠٢، ٢٥١)، بەهۆی ئەمەشەوە مانەوە و کارکردنی خێڵ وەکو ئۆرگانیزمێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی دابین دەبوو.

هاوکاریی خێڵەتی لەلایەن سۆسیۆلۆگیستانەوە تەماشاکراوە و تەماشا دەکرێ وەکو یەکێک لە توخمە یەکجار گرنگەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی میللەتان، ئەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژ ستروکتۆری خێڵەتی - بنەماڵەییان پاراستووە. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەیەکی تایبەت هەیە - (عصبية)، کە لە سەرەتادا بە مانای (روحی خزمایەتی) هاتووە لە ناو خێزان و خێڵدا و لە حەدیسیشدا وا لێکدراوەتەوە کە دژی روحی ئیسلامە (١٧٧، ٦٨١).

---

(*) کۆنسرڤاتیزم - کۆنەپەرست - و.

زاراوەی (عصبیة) زۆر بڵاوبووەوە، دوای ئەوەی ئیبن خەلدون، زانای عەرەبی نیوەی دووەمی سەدەی چواردە، کـردی بە بنکەی لێکدانەوەی خـۆی بۆ پرۆسەی مێژوویی و بۆچوونی سەبارەت بە دەوڵەت. بەلای ئیبن خەلدونەوە، (عصبیة) وەکو هێزێکی لێکدەرەوەی مێژوو خۆیی نواندووە (٧٢، ١٨٥)، دینمۆی مانەوەی یەکێتییە کۆمەڵایەتییەکان بووە. روونکردنەوەی ئەم زاراوەیە لەلایەن سۆسیۆلۆگیستانی ئێستاوە، مەودایەکی فراوان دەگرێتەوە – هەر لە (هاوکاریی کۆمەڵایەتی)یەوە تا (ناسیۆنالیزم) و (راسیزم). ئەو لێکدانەوەیەی ف. گابرێلی پێشنیاری کردووە بۆ (عصبیة)، وای نیشانداوە هێزێکی روحییە و لە (روحی خێڵەتییەوە) هاتووە، یان وەکو هاوکاری لەسەر بنچینەی پەیوەندیی خزمایەتی یا گرووپەی کۆمەڵایەتی تر سەیری کردووە (١٧٧، ٦٨١).

فیکرەی عەسەبیەی خێڵەتی لەگەڵ کوردان دابووە لە هەموو ماوەی مێژووی دیاریاندا. ئیدیای خزمایەتیی هەموو ئەندامانی خێڵ یەکێتیی کۆمەڵایەتی – سیاسیی لە ئاست کۆمەڵەی خێڵەتیدا دابین کردبوو. دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی میرنشینە کوردییەکان لەسەر هێزی جەنگیی خێڵەتی و ئیدیاڵەکانی هاوکاریی خێڵەتی وەستابوو و بنەماڵە نوێیەکانیش هەر بەڕێگەی ئەمانەوە دەسەڵاتیان وەدەست دەهێنا. نموونەی ئەوەی هێزی جەنگیی خێڵ چۆن گەرەنتییەکی دەسەڵاتی سیاسی بوو و پشتگوێ خستنی ئەم هێزە لە دەستدانی دەسەڵاتی لەگەڵدا دەبوو، لە (شەرەفنامە)ی بەتلیسیدا و لە خرۆنیکای ئەردەلانییەکاندا گەلێ زۆرن.

ئیدیای هاوکاریی خێڵەتی لە میرنشینی باباندا بەڕەسمی دانی پێدانرابوو، بۆچوونە ئیدیۆلۆگییەکانیش، کە دەسەڵاتی میرانی بابانی لەسەر وەستابوو، دەکرێ بۆ تریبالیزمی(*) سیاسی ببرێتەوە. میری بابانی خۆی دەعوای دەوری سەرکردایەتیی خێڵی دەکرد. گوتەیەکی زۆر نموونەیی عەبدوڕەحمان پاشای بابان هەیە کە مێژووی ناوچەکە تۆماریکردووە تیایدا وەڵامی ئەمانەڵڵاخانی ئەردەلانی داوەتەوە کاتێک ئەمەی دوایی لێی پرسیوە بۆ چ خزمەتکارانی خۆی لەگەڵی ناچن بۆ تاراوگە و ئەو دڵسۆزییەی بۆ نانوێنن (وەکو چۆن کوردە بابانییەکان بۆ سەرکردەکانی خۆیان دڵسۆزن) وەڵامی عەبدوڕەحمان پاشا بەم جۆرە بووە: (ئێوە سەرکردەی خێڵ نین، پیاوانی ئێوە خێڵی ئێوەن. ئێوە دەتوانن بەرگیان بکەن، نانیان بدەن و دەوڵەمەندیان بکەن، بەڵام ئەمانە نابن بە ئامۆزای ئێوە) (٥١، I، ٨٦ – ٨٧).

پشت بەستن بە خزمایەتی توخمێکی حەتمیی ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی نییە. ئیدیاڵەکانی

(*) Tribalism . خێڵێتی – و.

هاوکاریی خێڵـەتی خـۆی لەخـۆیدا، تەنانەت بەبێ خـزمـایـەتیش، گەرەنتی سـەقـامگیـریی سـیـاسـی بوون. هـەروەکـو یەکـێک لە ئـاغـاکـانی بابانـی بە ک. ج. ریچ - ی گـوتووە، ئەم هەرگیز بەخەیاڵیدا نەهاتووە یەکێک لای خۆی راگرێ شارستانی یان جووتیار بێت و سەر بە خێڵ نەبێت. ئەمـانە (توونـد بەتـۆوە نابەسـترێنەوە...) لە تـەنگانەدا لەگەڵتدا نـامێننەوە. مرۆی خێڵ، با لە خێڵی تۆش نەبێت، گەلێ توند بەتۆوە دەنووسێ و ئەوکاتە نەبرسییەتی، نەتێنوویەتی، نەهەژاری، نەماندووبوون و نەترس کاری لێ دەکەن و بەجێت ناهێڵێ (٥١، I، ٢٦٣ - ٢٦٤).

خێڵ خـۆی و ئـیـدیـۆلـۆگـیـای خێڵـەتی نابێ یـەکلایەنـانە هەڵبـەسـەنگێنین. خـێڵ لە کاتێکدا هەمـوو ئەوانـەی دەکـەوتنە ژێر باڵـی کـۆی دەکـردنەوە، کـەچی هـەمـوو ئـەوانەی لە دەرەوەی سنوورەکانی هاوکاریی خێڵـەتیدا بوون ئەتکی دەکردن. هاوکاریی خێڵەتی کە یەکێتیی کۆمەڵەی خێڵەتی دابین کرد، کاردانەوەیەکی هەرە بەهێزی جیاکەرەوەی ئێتنیکی (ئێمە - ئەوان)یشی لەگەڵدا بووە و بەرەو دوورەپەرێزی و ئێتنۆسێنتریزمی(*) بردووە. عەسەبیـەی خێڵەتی، کە لە میرنشینی باباندا ببوو بە عەقیدەیەکی ئیدیۆلۆگی، باوەڕ بە نایەکسانیی ئێتنیکی بەخۆوە گرتبوو و بە ئاشکرا لەوەدا رەنگی دابووەوە کە هەستی بەرزکردنەوەی خەڵکی خێڵەتی و نزمکردنەوەی کوردی ناخێڵەتیی تێدا دەچێندرا. لە کوردستـانی خـواروودا، بەمـانەی دوایی دەگـوترا - گـۆران، لە ئەنجـامـدا ئێـتنـۆنیـمی (گـۆران) بوو بە تیتوڵێک بۆ گاڵتە پێکردن (١١، ٥٤).

ک. ج، ریچ لایەنی ئیدیۆلۆگیی مەسەلەکەی باش هەڵسەنگاند و شارەزایانە بۆ مەبەستە سیاسییەکانی خۆیی بەکارهێنا. هەر لە یەکەم ئەو پێشوازیکردنە شکۆدارەی کە مەحموود پاشا لەسەر شەرەفی ک. ج. ریچ ئامادەی کردبوو، ئەم بە ئامادەبوونی نەجیبزادانی ئەوێ بە میـری گوت کە ئەم بیسـتوویەتی گوایە فـەرمـانڕەوای سنە لە خێزانێکی گۆرانییـە و (ڕەگـەزی گـۆرانیش وەکـو خـەڵکی خـێڵـەتـی رێزدار نین). بەقـسـەی ک. ریچ.، چرپەی رەزامـەندی لەلایەن ئامـادەبووانەوە هەمـوو ژوورەکەی گـرتەوە (٥١، I، ٨٠). بەم سـەرنجـە مەبەست ئامـێزەی ئەم جـەرگـەی ئیدیۆلۆگیـای خێڵەتیی پێکا، کە لە میـرنشـینیی بابان رەواجی هەبوو.

کـوردی ناخێڵـەتی بە گـێل، ناپیـاو، ترسنۆک و دڵڕەق لـەقـەڵەم دەدران. بـەگوێرەی مـەلا مـەحـمـوودی بایەزیدی، ئەو منداڵانەی لە ژنە گـۆرانـان دەبوون بەکـەڵک هیچ نەدەهـاتن، ترسـنۆک و تەوەزەل بـوون (١١، ٥٤). هەروەکـو ک. ریچ یـش نووسـیـویەتی (دیـارە لەدەم

(*) ئێتنۆسێنتریزم - روانین و رەفتار کردن لە روانگەی ئێتنۆسی خۆوە- و.

خەڵکی سەربە ئیدیۆلۆگیای خێڵەتییەوە)، گۆرانەکان وەکو خەڵکی خێڵەکانی بابانی جوامێر و کراوە نەبووین و لەم رووەوە لە خوارەوەی هەموو کوردەکانی تردا بووین. تەنانەت لە دیمەنیشیاندا ئەم نووسەرە، (جۆرە زەلیلییەکی) بەدیکردووە و دەڵێ ئەوەی هەرە بەرچاو و جیاوازیی روحیی نێوان کوردی عەشیرەتی و گۆرانەکانە، ئەوانەی، بەرای ئەو، (رەگەز)ێکی ترسنۆک و دڵرەق بوون (٥١، I، ٢١٥). ئەم جۆرە بۆچوونانە زۆرن (٥١، I، ٨٨ – ٨٩)، بەڵام ئەو (هەڵسەنگاندنانە)ی ئاماژەمان بۆ کردن بەسن بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن دژ بە هەموو شتێک بوون کە نەدەکەوتنە نێو قەوارەی هاوکاریی خێڵەتی و لەلایەن ئیدیۆلۆگیای عەسەبیەی خێڵەتییەوە بەچاوی کەم سەیر دەکران.

خشتەی ئەو فیکر و باوەرانەی پێی دەگوترێ ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی، سوود و قازانجی سیاسی گەلێ زۆری بۆ لایەنە مەبەستدارەکان گرتبووە خۆ و هەمیشە وڵاتە داگیرکەرەکان لە کوردستان بۆ وەدەستهێنانی نفوزی دەسەڵات لە ناو کوردانددا بەکاریان هێناوە و پەیرەوی مەبدەئی (جیاکەرەوە و زاڵ بە) یان کردووە. وەکو لە قسەکانی ک. ج. ریچ دا دەردەکەوێ، کارمەندانی ئینگلیز هەر لە سەرەتای چالاکیی سیاسییاندا لە کوردستان، لەم یاریکردنەیاندا بە هاوکاریی خێڵەتی، ئەم مەبدەئەیان وەکو چەکێک بەکارهێناوە.

تەنانەت خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لە ساڵانی ١٩٧٤– ١٩٧٥یشدا تووشی عەسەبیەی بنەماڵەیی – خێڵەتی بوو. لە کاتێکدا ژمارەی بەشداربووانی بزووتنەوەکە گەلێ زۆر بوو و نزیکەی ٥٠ هەزار کەس دەبوو، کەچی نەک هەر لە لایەن سوپای رژێمەوە بەڵکو لەلایەن هێزی خێڵە کوردییەکانیشەوە تێکشکا (١٦٧، ١٧٠).

ئینستیتووتی هاوکاریی خێڵەتی لە کوردستاندا، بەقەدەر ئەوەی زیندوو و بەهرەمەند بوو لە خۆنوێکردنەوەدا، ئەوەندەش بەتوانا بوو لە ئێتنۆسێنتریزمی خێڵەتیدا.

ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی لە میرنشینی ئەردەلان، بەجیاوازیی لە میرنشینی بابان، گەلێ لاوازتر دەردەکەوت و پروپاگەندەی رەسمی لەوێدا لەسەر عەسەبیەی ناوچەیی دامەزرابوو و ئەویش رەنگی دابووەوە لە بەرهەمەکانی مێژوونووسانی ناوچەکەداو زێتریش لە خرۆنیکای خەسرۆ ئیبن محەمەد بانی ئەردەلانیدا(٣٢).

ئەم نووسەرە، لە تۆمارکردنی مێژووی بنەماڵەی میردا، تەنیا دوو جاران ناوی ئەردەلانی هێناوە، ئەم ناوی کوردستانی بۆ رووبەری میرنشینی ئەردەلان بەکار بردووە. لە نووسینی باسی شەرەکانی ئەردەلانیان لەگەڵ بابان، خێڵی جاف، زەنگەنە، بڵباس و ئەوانی تردا خەسرۆ ئیبن محەمەد تەنیا (جەنگاوەرانی) ئەردەلانی بەکورد ناو دەبات. ئاشکرایە کە مێژوونووسی ئەردەلانی، هەروەکو لە پێشەکیی ئێمەدا بۆ خرۆنیکای خەسرۆ ئیبن محەمەد

ئامـاژەمـان بـۆ کـردووە (٣٢، ٢٣، ٧١– ٧٢)، دانیـشـتـوانـی ناوچەکـەی خـۆیـی بە کـوردی ڕاستەقینە داناون و مەبەستی لە کوردستان میرنشینی ئەردەلان بووە.

هاوکاریی خێڵـەتی کە لە میـرنشـینیی بابان ئیدیۆلۆگیـای ڕەسـمـی بووە، لە ئەردەلاندا عەسەبیەی ناوچەیی و خۆناسیی ناوچەیی جێگەی گرتبووەوە. فیکرەی خۆ بەگەورەتر زانین لە خـۆناسـیی کوردە ئەردەلانییەکانیشدا هـەبوو و کاتێک (ک. ریچ) بابان بە وڵاتی کوردە ڕاسـتـەقـینەکـان نـاو دەبات (٥١، I، ٢٥٩– ١٦٠)، ئەوا تـەنیـا لایـەنێکی مـەسـەلـەکـەی باسکردووە.

ئەو ئیدیۆلـۆگیـایەی لە میـرنشـینـی ئەردەلان دروست بووبوو پەنای بردبووە بەر فیکرەی یەکـێتی لەنێـو چوارچێوەی نـاوچەکانی کـوردسـتـانی ئەردەلانی کـە لە ڕەوتـی مێـژوویـیدا یەکیـان گرتبوو و ئەو فیکرەیەش لە خـڕونیکای خەسرۆ ئیبن مـحەمەددا بە شێـوەیەکی گەلێ ڕەق و وشک خـۆی لە ئەنتـیـتـێـزی(*) (خـۆمـان – بێگانـە) دا نواندبوو (٣٢، ٧٢). بنـەمـا سـەرەکییـەکانی عەقیـدەی ڕەسـمـی و داسـتـان و ئەفسـانەکان بـۆ مەبەسـتی بەرزکـردنەوەی بنەمـاڵەی ئەردەلانییـەکـان دانرابوون. بـەرهـەمـەکـانی مێژوونووسـانی ئەردەلانی ڕێگـەمـان دەدەن هـەنـدێ بۆچوونـی ئیـدیۆلـۆگـیی کـۆنکریت بێنینـەوە کـە بەشـداریـیـان کـردووە لە دروستبوونی جیهانبینییەکی داڕێژراو و ئاڕاستە کراودا.

ئێمە، لە پێشەکیدا بۆ خڕۆنیکای خـەسرۆ ئیبن مـحەمـەد، هـەندێ نموونەمـان هێناوەتەوە سـەبارەت بە بۆچـوونە داسـتـان ئامـێـزەکانی مێـژوونووسـانی ئەردەلانی (٣٢، ٤٣–٤٥). فەرمـانڕەوایەتیی هەڵۆخـان و کـوڕەکەی، خـان ئەحـمـەد خـان کە بوو بە زاوای شـاعـەباسـی یەکـەم، تەواو توونـد بە داسـتان و ئەفسـانەی داڕێژراو ڕازێندرایەوە. ئەم دووانە گـەورەیی و قارەمـانیـەتی زۆریان درا پاڵ. ڕۆژگاری فەرمـانڕەوایەتیی ئەم دوو میرە، کە دەکرێ بڵـێین سـتـاتووسـی سەربەخـۆییان هەبووە، زەمـینـەیەکی لەباری ڕەخسـاند بۆ سەرهـەڵدانـی چیرۆک و داســتــان. لـە ئەنجــامــدا مــێــژوونووســانـی ئەردەلانی و چیــرۆکــەکــانـی ناوچـەیی بەشداریکردنێکی سەرپێیانەی خان ئەحمەد خـان لە هێرشێکدا بـۆ سەر میسۆپۆتامـیایان کرد بە (جەنگێکی – وەک دەڵێن – حەوت ساڵ و ٣ مانگی خایاند) (٣٢، بڕگە ٢٩).

داگیرکردنی بەغدایان دایە پاڵ خان ئەحمەد خـان. چیرۆک دەربارەی گرتنی (مەڵبـەندی ئاشـتی) (دارالسـلام – و.) لە خڕۆنیکای خـەسـرۆ ئیـبن مـحـەمـەددا هـەیە و لە کتـێـبـەکانی ماهشـەڕەفخـانم کوردستـانی و عەلی ئەکبەر خـان سادیق ئەلملوکدا دووبارە دەبێتەوە (٣٢، بڕگە ٢٨ – ٢٩، ٢٥، ٤١، ٤٢، ٣٠، بڕگە ١٠٨، ١٠٩). شـاعـەباس کە لە سـەرەتای سـەدەی

(*)ئەنتیتێز Antithesis – دژە تێز – و.

حەڤدە بزووتنەوەی کوردەکانی خێڵی برادۆستی خڵتانی خوێن کرد، بەگوێرەی مێژووی نووسراوی ئەردەلان، دەترسا بچێ بۆ ئەردەلان، ئەگەرچی زۆریش تامەزرۆی ئەوەبوو کە سزای هەڵۆخان بدات لەسەر ملکەچ نەبوونی.

هێزی دەربڕینی مێژوونووسان لە گێڕانەوەکانیاندا شێوەی نموونەییان بۆ فەرمانڕەوایانی ئەردەلان دروست کرد و بەکارهێنانی میتافۆڕای(*) شیعری کاریگەریی ئەم گێڕانەوانەی زێتر دەکرد. بۆ نموونە سەرنج بۆ ئەو گێڕانەوەیەی ماهشەرەفخانم کوردستانی رادەکێشین سەبارەت بە ململانێی تەن بەتەنی خان ئەحمەد خانی ئەردەلانی لەگەڵ شێرێکدا کە سیمایەکی سیمبۆلیی ئاشکرای هەیە.

وەکو لە کتێبی (تاریخی ئەردەلان) دا هاتووە، زەڕین قولاخی خوشکی شا، کە درابوو بە میری ئەردەلانی، ملی بۆ ئەو بەشوودانە نەدەداو شاعەباس، بۆ ئەوەی وا بکات کە میر بکەوێتە بەر دڵی شازادە، بڕیاری دا خان ئەحمەد خان تاقی بکاتەوە بە ئامادەبوونی خوشکەکەی. میر هات بۆ لای شا، یەکسەریش شێرێکیان هێنایە ژوورەوە و یەکسەریش پەلاماری خان ئەحمەد خانی دا. ئەمیش (بەتاقە مستێکی دەستی راستییەوە) یەکەوجار، بەگوێرەی خرۆنیکا، شای دڕندانی خست و (لەبەر ئەو ئازایەتییەی) شا گلەیی لێ قەبووڵ کرد. وەڵامی خان ئەحمەد خان بۆ ئەوە کە لە دەقی ترادیسیای داستان ئامێزدا هەیە، بەم جۆرە بووە: (ئێمە، دوو شێر، – لە بەردەم – دادگای هەرە بەرز و عادیلدا بۆ یەکدی چووین. بەخت یار بوو و من سەرکەوتم) (٢٥، ٣١).

شێوەی سیمبۆڵیی میری نەترس و شێرئاسا لەلایەن شاعیرانی کۆشکی ئەردەلانییەوە زۆر بەکارهاتووە و ئەوەش دەوری باڵای هەبووە لە بەرزکردنەوە و شکۆپێدانی بنەماڵەی بانی ئەردەلانیی فەرمانڕەوادا. لە پۆئێماکانی(**) مەهدی بەگ شکاک دا (ساڵی ١٢١٤ هـ – ١٧٩٩ یان ١٨٠٠ مردووە) (٨، بڕگە ب، ١٤٩) دەربارەی شەڕەکانی خەسرۆ خانی مەزن لەگەڵ ئەڵلاقولی خانی زەنگەنە و جەعفەر خانی زەندا، فەرمانڕەوای ئەردەلانی بە میرشێرخان، شاهنشای کوردان و تەنانەت بە (خانی جیهان)یش نێوبراوە:

(کاتێک ئەڵلا قولی خان لەبەر فیز و خۆ زانین لە ڕێگەی عەقڵی لادا...

یەکەم شت کردی پەیامێکی نارد بۆ خانی جیهان خەسرۆی ناودار.

خانی جیهان کە ئەم قسانەی بیست، بوو بە بروسک و (بورکان ئاسا) ئاگری لێ باری...) (٢٥، ١٢٦، ١٣٠).

---

(*) میتافۆڕا – مجاز – و.

(**) پۆئێما – چیرۆکە شیعر – و.

دواتر ئەم شـاعـیـرە لەسـەر هەمـان سـتـیل دەگـێـڕێتـەوە چۆن مـیـری ئـەردەڵانی، یان (شاهنشای سەنتەری جیهان) لە شەڕدا سەرکەوت. رووداني جەنگەکان فاکتێکی مێژوویيە (٣٢، ٤٥٠)، شیعرەکـانی مەهدی بەگ شکاکیش ئەوە نیشان دەدەن کە کـامە شێوازی ئیدیۆلۆگی لە ئەدەبی کۆشکی ئەردەلانیدا بەکارهاتوون.

بەم جۆرە، ئەگەر ئیدیۆلۆگیای رەسمیی بابانەکان ئینستیتووتی هاوکاریی خێڵەتیی بەکارهێنابێ، ئەوا ئیدیۆلۆگیای ئەردەلانیان پێش هەمـوو شـتێک پەنای بردووەتە بەر دەسـەڵاتی چەندین سـەدەی پیرۆزیان و دێرینی فـەرمانڕوایەتیی سیاسیی بنەماڵەکەیان، واتە رابردووی مێژووییان. ئەمەش وایکرد کە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی سەر هەڵبدات بۆ دانانی خرۆنیکا ئەردەلانییەکان. پێویستی بۆ ئەم جۆرە بنەما ئیدیۆلۆگییەی دەسـەڵاتی ئەردەلانیـان بەتـایبـەتی لە سـاڵانـی ٣٠-٤٠ی سـەدەی نۆزدەدا بەتووندی هەست پێکرا، ئەویش کـاتێک خـەسـرۆ خـان ناکام کـچی شـای ئێـرانـی خـواست و (بێگانە)، (ئەوانەی بەفـارسی دەدوان) لە نـاو کـۆشکی ئـەردەلانیـدا جـێگیـربوون (٣٢، ٢١). نووسـینی خـرۆنیکایانی خـەسرۆ ئێبن محـەمەد و مـاهشـەرەفخـانم کوردسـتـانی لەم قۆناغـەدا بە مـەبەستی وروژاندنی هەستی نیشتیمانپەروەریی دانیشتوانی میرنشینی ئەردەلان و هەستی شانازیکردن بە رابردووی ناوچەکەیان بووە، وەک ئارەزوویێک بـۆ بەرپەرچدانەوەی (بێگانان) و لە هەمووشی گرنگتر بۆ مەبەستی دانانی مافەکانی زاکۆنیی بنەماڵەی میر بووە.

لە میرنشینە کوردییەکاندا، کە فـاکتەرە سیاسییە دەرەکییەکان کاریان تێدەکردن و نزیکەی رۆژانـە رەوشی سـیـاسـیی نوێ و هێـزی تـازەیان دادەهێنا، پشت بەستن بە ترادیسیا، وەکو میکانیزمێک بۆ خۆپاراستن، پێویستییەکی یەکجار گرنگ بوو. ماف و دادگـا ترادیسیـۆنیـیەکـان، یاسـاکـانی مـەڕاڵ و ئێـتیکێت، کولتـوور و زمـان بووبوون بە پارێزەری ژیانی کۆمەڵایەتی. بوونی ئەرکەکانی ترادیسیا بە سـستێمێک (١٣٩، ١٠٠) ژیانی مـیرنشینی کوردیی داچەسپاندبوو، توانای بەرەنگاربوونەوە و خۆنوێکردنەوەیی پێدابوو، ئەوەش چەند جارێک لە مێژووی میرنشینیی ئەردەلاندا بەرچاو دەکەوێ. کاتێک بنەماڵەی فەرمانڕەوا دەسەڵاتی لە دەستداوە و بێگانە، ئەگەر چی بۆ ماوەی کورت، لەسەر تەختی ئەردەلانی دانیشتبوون: تەیمور خانی ئەجاری (١٦٨٢- ١٦٨٧- ١٦٨٨) ، محـەمەد خانی گورجی (١٧٠١- ١٧٠٢، ١٧٠٤- ١٧٠٥)، حەسەن عەلی خانی قاجاری و حوسێن عەلی قاجاری (١٧٠٤- ١٧٠٥، ١٧١٠- ١٧١١)، محـەمەد رەزا بەگ مەشـهـەدیی گورجی (١٧٤٦-؟) و هی تریش.

ئەکادیمیک د.س. لیخـاچیۆڤ کە لێکۆڵینەوەی لەسـەر ئێـتیکێتی ئەدەبی رووسی کۆن کردووە چاوەدێرییەکی سەرنج راکێشی هەیە: لە قۆناغی فیۆدالیزم و نەبوونی دەوڵەتێکی مەرکەزیدا، ئێتیکێت وەکو شێوەیەکی پێویست و کاریگەری ئێدیۆلۆگی خۆیی نواندووە. لە کاتی هەبوونی سەرخانێکی سیاسیی بەهێزدا پێویست ناکات ئێتیکێت بە ئەرکی ملکەچکردن هەڵسـتێ چونکە دەوڵەتی مـەرکـەزی شـێـوازی ئاشکراو راسـتـەوخـۆی ملکەچکردنی هەیە و، بەڕای نووسەر، گەلێکیش هەمەجۆر و کاریگەرن (١١٢، ٩٧).

ئەم چاودێرییـەی د.س لیـخـاچیـۆڤ کـتـومت بۆ ئێـتـیکێـتی کـوردیش دەشـێ. بەڵام لە کوردستاندا ئێتیکێت بەشێکی یەکجار گرنگی کۆمەڵی ئینستیتووتە ترادیسیۆنییەکان بووە کـە کـاریان کـردووە بۆ دارِشـتنی هۆشـیـاریی کـۆمـەڵایەتی. پێکەوەنانی فـیکرە ترادیسیۆنییەکان، کە مایەی دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار بوون، بوو بە شێوەی سستێمک بۆ بەهاکانی ترادیسیۆنی.

کتێبەکەی ف. بارت (١٦٢) دەوری بینیـوە لە دیاریکردنی ئەو بەهایانەی کـە بووین بە رێکخەری ئیدیۆلۆگیی هەرەگرنگ لە کۆمەڵگای کورددا. ئەم لێکۆڵەرەوە نەرویجییە چەند زنجیرە بەهایەکی ترادیسیـۆنی پێشنیار دەکات کە پێوەری ستاتووسی شـوهرەی کـۆمـەڵایەتیی بـووین لە کـوردسـتـاندا. بەڕای ف. بارت سـەرچاوەکـانی پرستـیـژی(*) کۆمەڵایەتی ئەمانە بووین:

رەچەڵەک، تەمەن، رەگەز (باڵا دەستیی پیاو و خزمایەتی بەرێگەی پیاوەوە)، دەوڵەمەندی، قەداسەت و (تەجسید بوونی بەراستیی هێزی قودسی)، خوێندەواری و دەروون پاکی وەکو دوو نۆرمی ئایینی و مەراڵێی ئیسلامی، ناوبانگ و پیاوەتی وەکو پلەیەک بۆ نزیکبوونەوەی لە نموونەی قـارەمـانی کـوردیی ئیـدیاڵی کـە ئازایەتی و نەترسی، رێزگـرتنی ئافـرەت و مێوانپەروەریی تێدا بەرجەستە دەبوون (بڕوانە – ١٦٢، ٩٨؛ ٨٢، ١٢٩).

پلەی بـەرزی ئەو (پێبلقـە)یەی قیـەمـە کۆمـەڵایەتییـەکان، بەڕای ف. بارت، شـوهرەت (پرسـتیژ) بوو لە کوردستاندا، پلەکانی ئەو (پێبلقە)یە لە ژماردن نایەن، کەچی ئەو لایەنە گـرنگەی ژیانی کـوردانیـشی نەگـرتووەتەوە کـە ئەویش لایەنی ئێـتنۆ ئایینیـیـە. بەڵام کاریگەریی دروستبوون و دامەزرانی پلەکانی شوهرەی کۆمەڵایەتی بەرەنگاری تەگەرەیەکی چەسپاو دەبێـتەوە کە ئەویش دابەشبوونی چینایەتیی کۆمەڵگایە، دوورەپەرێزیی توێژاڵە هەرەبەرزەکـانی چینی دەسـەڵاتدار. پلەبەندیی قیـەمـەکـان یەک شـێوە نابێت بۆ هەمـوو کـۆمـەڵگاکـە ئەگـەر جیـاوازیی چینایەتیی تێیدا بەتەواوی روویدابێ. شـوهرەت، کـە لە

(*) پرستیژ – شوهرە، ناوبانگ – و.

ڕەچەڵەکـەوە دەهات، هەر لە خـرمـایەتیی بەخـوێنـەوە تا دەگـاتە تـوێژاڵە هەرە بەرزەکـانی ئەرستۆکراتیـای فیۆداڵی و بەمەرجی هەبوونی ستاتووسی بنەماڵەیی بەرز، لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا – هـەمـوو ئەوانە – یەکییـان نەدەگرتەوە و تەنـانەت بەراوردیش نەدەکران لەگەڵ نموونەی قـارەمـانی ئیدیـاڵیی کوردی و هیچ تەرکیـبێکی شـوهرەتیش بە (پێبلقە)ی تەمـــەن و رەگـــەز. وەکـو ف. بارت دانـی پێـدانـاوە (١٦٢، ١٢٢)، ئەم لایـەنە بەئـاشکرا لە چیرۆکە تڕادیسیـۆنییەکاندا دەردەکەوێ دەربارەی (ڕۆژگاری بابانەکان)، کاتێک قـارەمانی ئازا و بەڕەچەڵەک نزم لە ڕۆژگارێکی دژواردا کە توانیـویەتی پلەی هەرەبەرز وەدەست بێنێ بەڵام پێی بەقـەدەر بەڕی خـۆ ڕاکێشـاوە و لەسـەر ئەوە لەلایەن نـەجیـبزادەیەکی بـنەمـاڵەی بابانەوە پاداش کراوە.

ئەو نەخـشـەیەی ف. بارت پێـشنیـاریکردووە بۆ شـوهرەت و بۆ قـیـەم، لەگـەڵ ناتەواوی و دووریی لە ستروکتوری کۆمـەڵایەتی – چینایەتی، یاریدەی نووسەری داوە کە بگاتە فیکرەی هیـرارخیـا ئەوەی هەموو ئـاستێکی ژیانی کۆمـەڵایەتیی گرتووەتەوە لە کوردستـاندا – ئەم فـیکرەیەش لەئارادا بـەشـێـوەی ئەبسـتـراکت نەبوو، بـەڵکو تەجـسـیـدی خـۆیی هـەبوو، لە پێوەندی و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەدا دەبینرا.

وەکو نموونەیەکیش بۆ ئەو رەوشـانەی پلە و پایە یان تیا بەدیدەکران و کۆمـەڵگاکە دای چەسپـاندبوون، دەکرێ سـەریمۆنیای یەکەمـین ڕۆژی ڕەمەزان لە لادێ بێنینـەوە کە ف. بارت وەسـفی کردووە. حـاجـیی گوندەکە (ڕەنگە ئەو حـاجـییـە هەر خـۆشی ئاغـا یان کـێـخـوای گوندەکە بووبێ – و.) زیافەتێکی گشتیی بۆ پیـاوانی ئەوێ سازداوە بۆ فتـارکردنەوە. دوای فتـار هەر یەک لە ئامـادەبووان سـۆزیداوە کە ٣ کیلۆ گەنم پێشکەش بە مـزگەوت بکات. لە پێش مـەلادا، وەکو سـیـمـبۆلێک، یەک سینی گەنم دانراوە و خەڵکیش بەگوێرەی شـوهرەیان بەڕیز دانیشـتـوون (١٦٢، ١١١). بـەم جـۆرە پلە و پایەی شـوهرەتی کۆمـەڵایـەتی لە ئـاسـتی گـوندەکەدا بەئـاشکرا کـاری پێدەکـرا. وەکو نووسـەر دەڵێ، یەک دوو جـار لە ریز لادراوە، بەڵام یەکـسـەر و بـەبێ ئەوەی هەسـتی پێ بـکرێ بەشـداربووانی سـەریمۆنیـا فـشـاریان کردووەتە سەر ئەو جۆرە کەسانە و بە (تەسەلسولی ڕاست) کارەکەیان ئەنجامداوە.

پلەی شـوهرەت لە ئێتیکێتی دیوەخـانەشدا زۆر باش دەردەکەوێت (بڕوانە سـەرەوەتر)، کە هەموو پیاوانی گوند دەبوایە ئێواران لەوێ کۆبـبنەوە. لە دیوەخانەدا هەموو ئێوارەیەک قیەم و یاسا تڕادیسـیـۆنییەکان کـاریان پێدەکرا. شێوازی دانیشـتن لە دیوەخانە خـۆی مانایەکی تایبـەتی هـەبوو و ئیشـارەیەک بوو بۆ ئەو رەوشــەی کە ف. بارت پێی دەڵێ ملکەچـبوونێکی گشتی بۆ خاوەنی ستاتووسی بەرز (١٦٢، ٤٩).

جێگە لە دیوەخـانەدا ئەوەندەی لە دەرگا دوورتر بووایە ئەوەندە (بەرزتـر) بوو. خەڵکی نزم لەوێ دانەدەنیشتن، بەڵکو بەزەلیلی لای دەرگاکە دەوەستـان (١٦٧، ٨٥) و بەرێزەوە گوێیان دەگرت چۆن گفـتوگۆ دەکرا. بڕیار وەردەگـیران و دەمـەتەقێ چارەدەکران. قـیـەم و یاسـا ترادیسـیۆنییەکان بەهۆی دووبارە بوونەوەی ڕۆژانەوە کاریگەرییـەکی وای دەبوو کـە دەکرێ بەراورد بکرێ لەگـەڵ کاریگەریی نوواندنـی مـەگنیـتیی دا (بڕوانە – ١٤٢، ٢٤). دەسـەڵاتی چینی باڵا دەســتی فـیـۆداڵـەکـان بەهۆی پشت بەسـتنەوە بە ترادیسـیـا لە هوشــیـاریی جەماوەردا بووبوو بە شتێکی ئاسایی قسە لێ نەکراو.

ئایا دەکرێ ئەو ڕەوشە سـیـاسی و ئیدیۆلۆگییەی خـەڵکی میرنشـینانی ئەردەلان و بابان تێـیدا دەژیان بـە ڕەوشـێکـی ئازادی لەقـەڵـەم بدەین و ئاسـتی توند و تیـژیی ملکەچکردنی ئیـدیۆلۆگی نیشـان بدەین؟ سـیفـاتە ڕواڵـەتییـەکانی دەسەڵات و ملکەچکردن، ئینسـتیـتووتە قانوونی و شـەرعییەکان، بەتایبەتیش لای کۆچەرانی چیایی، بە کەمترین و نزمترین ئەندازە بوون و لەوە دەچوو کـە ئەمـانە ئەوپەڕی ئازادییـان هـەبووبـێ و هیچ یاسـایەکی ئیـدیۆلۆگی کاریان لێ ناکات.

ناڕاســتی ئەم جــۆرە بۆچوونـە لە یەکــەم ئاشنـابوون لەگــەڵ تەرکـیــبی ئیــدیۆلۆگــیی ترادیسـیۆنیدا دەردەکەوێت. سـەرخان قورسـایی سیفاتە دەرەکییـەکانی مل پێ کـەچکردنی پێوە دیار نەبوو ئەویش بـەیاریدەی ترادیسیا، ئیتیکێت و خووڕەوشـتەکانەوە بوو کە هـەموو بوارەکـانـی ژیانی مـرۆی کـوردیان گـرتبـووەوە و دەسـتـیـان بەسـەر جـیــهـانبـیـنی و بیـرکـردنەوەشـیـدا گـرتبـوو. (کـۆمـەڵی ڕەفـتـار و هەڵسوکـەوت) کـە لەلایەن ترادیسـیـاوە پرۆگرامی بۆ دانرابوو ڕێگەی بۆ گومان و ڕەخنەگرتن نەهێشتبووەوە و هیچ ئازادییەکی بۆ هـەڵبژاردن دانەنابوو. تاقەکەس بەتەواوی ملکەچی کۆمەڵگا بوو، کۆمەڵگا دەسـەڵاتی ڕەهای بەسـەر تاقە کەسدا هـەبوو.

لە هێنانەوەی ئەنجامـەکاندا دەڵێین کە لە ناو تەرکیبی ئیدیۆلۆگیدا، ئەوەی هۆشـیـاریی کۆمـەڵایەتیی لە مـیرنشـیـنانی ئەردەلان و باباندا داڕشتووە، دەکرێ دوو فـاکتـەری سـەرەکی دەسـتنیشـان بکەین – یەکێکیـان سـسـتێمی ئیدیا تیـۆلۆگییـەکان بوو و ئەویتریش پشـتی بەتەقدیسکردن دەبەست و لەسـەر ترادیسـیا دامـەزرابوو. وەکو لە زۆر کۆمـەڵگای تریشـدا (بڕوانە – ٧٨، ٥١٥) هێـز و توانایەکی گەورە لە ترادیسیـای سـەپاو و سـەقامگیـردا هـەبووە و لە مـاوەی چەندین سـەدەدا یاریدەی ناوچە کوردییـەکانی داوە لە ناو خـۆڵەمـێشـدا سـەر هەڵبدەنەوە.

هـاوکـاریی خـێـڵـەتی، کـە لە ڕاسـتـیـدا کـرۆکی ئیـدیۆلـۆگیـای ترادیسـیـۆنیی کـوردیی

پێکهێنابوو. دێرینترین ئینستیتووتی ئیدیۆلۆگی بوو لە کوردستاندا. لە ناو خانەوادە فەرمانڕەواکانی کوردستاندا ناتوانین هی وا بدۆزینەوە کە هەرگیز پەنای نەبردبێتە بەر فیکرەی هاوکاریی خێڵەتی، ئەم فیکرەیە چەکی دەستی بابانەکان بوو تا کۆتایی فەرمانڕەوایەتییان. ئەردەلانەکان، ئەمانیش کە پشتیان بە هێزەکانی خێڵی گۆران و خێڵی کەلهوڕ بەستبوو، لە ئەنجامدا ناوی خانەوادەی خۆیان بە خەرمانەی فەرمانڕەوایەتیی حەکیمانە و ئازادانە رازاندەوە.

فیکرەی هاوکاریی خێڵەتی بووبوو بە یەدەگێکی وزەی سیاسیی لە بن نەهاتوو. تەنیا ئینستیتووتی ئیرشادی روحی، وەکو گەرەنتی بۆ سەقامگیریی سیاسی، دەیتوانی دەمەتەقێ و ململانێ بکات لەگەڵ هاوکاریی خێڵەتیدا. ئەگەرچی تەریقەکانی قادری و نەقشبەندی و لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە ئیتر هەموو سنوورەکانیان بەزاندبوون و کوردیش، بەقسەی ڤ. پ. نیکیتین، بە یەکەم ئیشارەی شێخەکانیان دەستیان داوەتە چەک، تەنانەت ئەگەر ئەمە هەندێ جار دژی سیاسەتی خێڵ و سەرۆک خێڵیشیان بووایە (١٢٣، ٣١٠)، ئەمە مانای وا نییە کە دڵسۆزی بۆ تەریقەی دەروێشی توانیویەتی جێگەی هاوکاریی خێڵەتیی بگرێتەوە یان گرێیەکانی هەڵوەشێنێتەوە.

دڵسۆزی بۆ ئیدیا سیاسی و ئایینییەکانی سەرکردە زۆرجاران هاوشان بووە لەگەڵ فیکرەکانی هاوکاریی خێڵەتیدا. وەکو لە دەقەکانی (شەرەفنامە)دا دیارە، بیروباوەڕی سۆفی پێویستی بە پشتگیریی دەمارگیریی خێڵەتی هەبووە و دەسەڵات بەهۆی هەردووکیانەوە وەدەست دەکەوت. میرەکانی میافارقین، بنەماڵە فەرمانڕەواکانی دومبلی و میرداس، بەم رێگەیەوە گەیشتنە دەسەڵات. سۆفیزم و هاوکاریی خێڵەتی پێکەوە خێڵەکانی قزڵباشیان بەرز کردەوە و بنەماڵەی سەفەوییان گەیاند بە تەختی ئێرانی.

لە ماوەی نێوان سالانی ١٨٠٨ و ١٨٥٠دا ژمارەی شێخەکان لە کوردستاندا بەڕادەیەکی زۆر زێدە بوو و هەروەهاش نفوزی سیاسییان. ئەو دەنگدانەوەیە سیاسییەی چالاکیی ئیدیۆلۆگییانەی مەولانا خالید بەخۆیەوەی گرتبوو بابانەکان وەکو مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان تەماشایان دەکرد، بۆیە شێخی نەقشبەندی لەسەر شانۆی سیاسیی میرنشینی لادرا. ئیدیۆلۆگیای سۆفیزم نەیتوانی ببێت بە تاقە سستێمێکی ئیدیۆلۆگی و لە تریبالیزم لابدات، رێگەکانی فیکری سۆفیزم و هاوکاریی خێڵەتی هەمیشە دەگەیشتنەوە یەک. نموونەیەکی روونی ئەمە هەڵوێستی سیاسیی خێڵی جاف بوو لە کاتی بزووتنەوەی سالانی ١٩١٨– ١٩٢٧ لە کوردستانی باشوور کە شێخ مەحموود لە بنەماڵەی ساداتی بەرزنجە سەرکردایەتیی کرد. گەورەترین و بەهێزترین خێڵ پشتگیریی شێخ مەحموودی

نەکرد (٩٩، ٧٥، ٧٩، ١٠٩)، وەکو دەریشدەکەوێت دەوری دەزگای جاسوسیی ئینگلیزی لەم هەڵوێستەی جافەکاندا کەم نەبووە، ئەم دەزگایە هاوکاریی خێڵەتی و مونافیسی سەرەکیی شێخەکانی بەرزنجی – مەولانا خالید، کە بەڕەچەڵەک لە خێڵی جاف بوو، بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاری هێنان.

بە بۆچوونی هەڵکەوت حەکیم، کوردەکان ئارەزوویەکی زۆریان هەبووە بۆ وەرگرتنی بیروباوەڕی دەروێشی ئیسلامی و زێتر لە هەموو میللەتانی تر بەدوای تەریقە دەروێشییەکان کەوتوون (١٨٠، ٧). تەریقەکانی قادری و نەقشبەندی جێگەکانی خۆیانیان لە کوردستاندا، کە زێتر لە هەموو شوێنێکی تر لێی بڵاو بوونەتەوە، تاکو ئێستاش پاراستوون (٤٠، ٥١). هەروەها هاوکاریی خێڵەتیش وەکو فاکتێکی قسە لێ نەکراوی رەوشی ئێتنۆ – سیاسیی وڵاتی کوردان مایەوە. مەلا مستەفا بارزانی، سەرکردەی ناوداری بزووتنەوەی کوردیی رۆژگاری نوێ، چەند جارێک ناچار بووە کە دوای شەڕی لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت بەگژ خێڵەکانی دوژمنی – رێکانی، زێباری و بەرواری دا بچێت، ئەمە و ناوبانگی جەنگیی مەلا مستەفا بارزانی خۆی، بەقسەی د. ئا. شمیدت، لە شەڕێکدا دژی خێڵی برادۆست دەستی پێکرد. ئەم خێڵە (جەنگی پیرۆزی) دژی بارزانی بەرپاکرد. بنچینەکانی ئەم پێکدادانەش نەگەیشتنەیەکی بیر و بۆچوونی دەروێشی بوو، بارزانییەکان پەیڕەوکەری تەریقەی نەقشبەندی بوون، هەرچی برادۆستەکان بوون سەر بە (رێگە)ی تەریقەتی قادری (٢٠٨، ٩٧).

دڵسۆزی بۆ سەرکردەکانی خێڵەتی و ئاینی لە کوردستان ئەوەندە بەهێز بوو کە دوای نەمانی دەسەڵاتی میرەکان ئەمان توانییان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردی لە پێناو ئازادییدا بکەن، بەڵام فیکر و باوەڕی یەکبوونی سیاسیی کوردستان و ملکەچبوون بۆ خێڵ و بۆ شێخ رەوایانە لەلایەن م.م. ڤان بروینسونەوە لێکدراوەتەوە وەکو:

کێبڕکێی سەرکردە تەقلیدییەکان رێگە لە یەکێتیی راستەقینە دەگرێ (١٦٧، ١٠). لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فاکتە، بەڕای ئێمە، نابێت بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە ئیدیای هاوکاریی نەتەوەیی، وەکو نووسەر بۆی چووە (بڕوانە – ١٦٧، ١٧)، هێشتا نەبووە بە هێزێکی کۆکەرەوەی گەورەتر لە هاوکاریی خێڵەتی. ئیدیاکانی هاوکاریی خێڵەتی، رەنگە، لە ناو بۆتەی خەباتی نەتەوەیی – رزگاریخوازدا هەر ماونەتەوە و جارێ بەتەواوی نەتواونەتەوە. بەڵام ئیدیای ئازادیی نەتەوەیی لای کوردان، لە ناو کۆمەڵێ فیکر و باوەڕی زاڵدا، جێگەی سەرەکیی گرتووە و ئەوەش قسەی لەسەر نییە.

# دەرئەنجام

تەماشاکردنی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان و بابان لە ماوەی دوو سەدە زێتر لە ئارادا بوونیان، دەمانگەیێنێتە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:

ئەم دوو میرنشینە، وەکو میرنشینانی تری کوردی – هەکاری و بۆتانی، بریتی بوون لە پێکهاتەی دەوڵەتی بە ئینستیتووتی دەوڵەتیی پێویستەوە بۆ ستروکتوری دەسەڵات. ستاتووسی تایبعیەتی میرنشینی رێگەی لە فەرمانڕەواکەیی نەگرتبوو کە لە ناوچەکانی خۆیدا ببێت بە بەڕێوەبەری هەرە بەرز، قازی و سەرکردەی جەنگی و هەروەها خاوەنی راستەقینەی زەوییەکان. میرنشینەکانی ئەردەلان، بابان، هەکاری، بۆتان بۆ نەوەکانی دواتری کوردان بوون بە سیمبۆلی دەوڵەتی کوردیی واقیعی (بڕوانە – a، ٩٢، ٨).

لە ڕاستیشدا ئەمانە دەوڵەت بوون، وەکو چۆن میرنشینە بچووکەکانی هیندوگوشی رۆژهەڵاتیش دەوڵەت بوون (١١٣، ١٣٥، ١٣٦). میرنشینانی کوردی کە دەکەوتنە نێو قەوارەی ستروکتوری کۆمەڵایەتی – سیاسیی ئیمپڕاتۆریاکانی عوسمانی و ئێرانی هەندێ جاران هەر بەناو بووە، ستاتووسی تایبعیەتیش گەلێ جاران وای دەکرد کە دەبوو رەچاوی سەریمۆنیاکانی ملکەچبوون بکەن.

ژیانی کۆمەڵایەتی – ئابووریی میرنشینەکان سەربەخۆ بەڕێوەدەچوو و نەدەکەوتە نێو قەوارەی سستێمی یاسایی دەرەکی. پرۆسەی خۆڕێکخستنیش بەمەوە بەڕێوەدەچوو کاتێک شالاوی هێزی بەرهەمهێنەر لە گوندەوە بۆ کۆچەری دەچوو، لە نیشتەجێ و نیمچە نیشتەجێیەوە بۆ ئاژەڵ بەخێوکەری کۆچەری دەچوو و بەپێچەوانەشەوە، بەگوێرەی ئەوەی کوردستان دەبوو بە کاولگەی دوای جەنگەکانی ئێران – تورکی یان بەڕادەیەک سەقامگیریی بەخۆوە دەدیت. لەبەر رۆشنایی رەوشی کوردستان ناڕاستی و بێ بنچینەیی ئەو بۆچوونە دەردەکەوێت سەبارەت بەجیاکردنەوەی ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری لە کشتوکاڵیی نیشتەجێیەوە و زێتریش دانانی کۆچەرەکان بە خاوەنی هێزی بەرهەمهێنەر و پەیوەندیی بەرهەمهێنانی ئاستی نزمتر لە پێشکەوتندا و بە دواکەوتوو لە قەڵەم بدرێن (بڕوانە – ١٥٣، ١٠، ٣٠١). لە کوردستاندا بەگشتی و لە میرنشینانی ئەردەلان و باباندا

بەتایبەتی ئەمانە (واتە ئاژەڵ بەخێوکردنی کۆچەری و کشتوکاڵی – و.) دوو ئاڵقەی یەک ستروکتوری ئابووری بوون. ڕێڕەوی وزەی ئابووریی سۆتسیۆمەکە، بەهێزیی پرۆسەی پەڕینەوە بۆ نیشتەجێی یان بۆ کۆچەری لە زۆربەی حاڵەتدا پەیوەندیی بە ڕەوشی سیاسییەوە هەبووە.

سستێمی خۆبەڕێوەبردن لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیشی گرتەوە. میرنشینی و خێڵ ئەو دوو شێوە ستروکتورییە بوون کەتیایاندا خۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی – سیاسی زامین دەبوو. میرنشینی هێڵی ستروکتوریی سەرووی پێکهێنابوو، کامڵبوونی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە کوردستاندا لەو هێڵە هەورازتر نەچوو، خێڵیش – سنووری هەرە نزمی بوو و پێویست ناکات بەدوای یەکەی کۆمەڵایەتی – سیاسیدا بگەڕێین لە خوارووتری ئەم هێڵەوە. پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسی لە کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵاتدا، هەر لە هەموو وڵاتی کورداندا، بە هاوپێوەندارییەتی و تەنانەت بەیەکەوە بەسترانەوەی ئەم ستروکتورانەوە بەڕێوەچووین. هێز و توانای خێڵەکانی گۆران و بابان بنەما و سەرچاوەی میرنشینانی ئەردەلان و بابانیان پێکهێنابوو. یەکەمیان پشتگیریی دامەزرێنەری بنەماڵەی فەرمانڕەوای کرد، دووەمیش بوو بە بنچینەی توێژاڵێکی ئێلیتاری. ناکرێ تەماشای میرنشینی بکەین لە کوردستان بە دابڕاوی لە خێڵ. هەر میرنشینێک، لە پێشکەوتنیدا بە «قۆناغی خێڵەتی»دا ڕۆییووە، لەگەڵ خێڵیشدا ژیاوە و لە حاڵەتی کزبوون و نەمانیشیدا جێگەی بۆ خێڵ، وەکو ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیی سەرباشقە، چۆڵ کردووە. خێڵ وەکو بڵێی سنوورێکی پارێزەری هەمیشەیی بووە، لە خوارەوەی ئەم سنوورەدا، دابەشبوون بۆ ستروکتوری کۆمەڵایەتی – سیاسیی بچووکتر ڕوویندەداوە.

دەوری خێڵ لە مێژووی کورداندا هێشتا هەمەلایەنە تەماشا نەکراوە. لە سەیرکردنی گیروگرفتەکانی مێژووی تازە و هەرەنوێی بزووتنەوەی کوردیدا ڕوانینێکی نیگەتیڤانە بۆ خێڵ سەری هەڵداوە، خێڵ بە یەکێک لە تەگەرە سەرەکییەکان دانراوە لەسەر ڕێگەی پرۆسەی یەکبوونی ئێتنۆسیاسیی کورداندا. پارتیکولیاریزمی(*) خێڵەتی بە نەفرەتی مێژووی کوردی نێوبراوە ( ١٠٧، ٢٨٠)، ئەوەش کە هەمیشە ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی سەرکەوتووانە بەکارهێنانی بۆ کپکردنی خەباتی نەتەوەیی– ئازادیخوازی کوردان– فاکتێکە قسەی لەسەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، خێڵ وەکو یەکەیەکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتی – سیاسی لە ناوەڕۆکدا گەلێ دیالێکتیکانە و پلاستیکیانەیە، دەوری جیاکەرەوەی ئێتنیکی کە دراوەتە پاڵ خێڵ، بە بەراورد لەگەڵ ئیدیای هاوکاریی خێڵەتی و

(*) پارتیکولیاریزم – پارچە پارچەیی، پەرتوبڵاوی/ و.

یەکبووندا، دەورێکی پلەی دووەمین و ئەنجامە، دوورە پەرێزی و گۆشەگیری بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە ئەو کات دەبێ و ئەوەندەش دەبێت، چەندی ئەو هێزانە کاریگەر دەبن کە خۆ بۆ سەنتەر، بۆ ناو جەرگەی خێڵ هەڵدەکوتن.

خێڵ، لە ماوەی هەمــوو مێژووی زانراوی ئێتنۆسی کوردیدا، پێش هەمــوو شـتێکی تر دەوری یەکبوون و پارێزەری بینیوە.

خێڵ، کە باری گران نەبووە بەستروکتوری رەسمی و توانای هەبووە خۆ زیندوو بکاتەوە، کاتێک ستروکتورەکانی تر گەشەیان کردووە، توند و قایم خۆی لە بەرامبەر رووداوەکاندا راگرتووە. لە سەردەمانی ناسەقامگیریی تەواوی سیاسیی و ئیفلیج بوونی سستێمی دەسەڵات لە میرنشینیدا، خێڵ لە بوارەکانی بەردەستی خۆیدا رەوشی کۆمەڵایەتی- سیاسیی کۆنترۆڵ کردووە و بووە بە دوا حەشارگە بۆ جووتیاری کورد؛ ئەمانە لە گەڕان بەدوای داکۆکیکەر بەکۆمەڵ چوونەتە ناو خێڵ، بۆیە مانەوەی ستروکتوری خێڵەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا تا کۆتایی سەدەی نۆزدە، نابێ لێکبدرێتەوە بەوەی کە خێڵ ئاسەواری پێوەندییەکانی پاتریارخی و بنەماڵەیی- خێڵەتی بووە.

ستروکتوری خێڵەتی وەکو سستێمێکی یەکجار پێویست بۆ کۆمەڵگای کوردی مایەوە. ئەم سستێمەش کە بە ستروکتورە رەسمییەکانەوە باری گران و ئاڵۆز نەبووە شێوەی بەڕێوەبردنی لە ماوەی چەندین سەدەدا بە هەمــوو وردەکارییەکەوە دارشتووە و تێیدا رەچاوکردنی ئەو یاسا تراديسيۆنییە نەنووسراوانەی، کە بەزێترین ئەندازە لەگەڵ هەلومەرجە ناوچەییەکاندا گونجێندراون، زامین کردووە. میرنشینی، زێتر لە خێڵ، کەوتبووە ژێر کارتێکردنی دەرەوە و ستروکتورەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەسەردا سەپێنراون. رەوشی تابعیەتی میرنشینانی ئەردەلان و بابان کاریگەریی خۆی هەبوو، بەڵام لەناو کوردانـدا ئەو تابیعـیەتـە هەر بەناو بووە و رەگـێکی قــووڵی وای دانەچەسپاند بوو- بنەماکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئیدیۆلۆگی لە کۆمەڵگای کوردیدا لە سەر تراديسيا دامەزرابوون. ستروکتورەکانی دەسەڵات بە رێکخراوەکانی بنەماڵەیی- تایفەیی زرێپۆشکرابوون و پلەی هەرە بەرزی پلەبەندیی کۆمەڵایەتیش هەر لای بنەماڵەو خانەوادەکان مایەوە.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە میرنشینەکان کەوتبوونە نێو پرۆسەیەکی یەکگرتنەوەی ئێتنۆسیاسی کە بە تاو و گوڕمەوە گەشەی دەکرد. رەوتی ئەم پرۆسەیەش لەسەر ئاستی هەموو کوردستان سیمایەکی ئاڵۆزی هەبوو و ئێستاش هەیەتی، چونکە لە تەقەلایەکی پڕ ئازاردایە بۆ خۆ لادان لە پرۆسە ئێتنۆ جیاکەرەوەکان. ناوچەگەرێتی، پارچە پارچە بوونی

وڵاتی کوردان له هەموو شتێکدا رەنگی داوەتەوە، تەنانەت لەناوی زێ و زنجیرە چیاکانیشدا که له بەشەکانی کوردستاندا ناوی جیاوازیان لێ ناون.

له ئارادابوونی دیالێکتی زۆر، کە هەندێکیان زۆر له یەک جیاوازن، کۆمەڵەی ئاینی (وەکو- ئیزیدی، ئەهلی هەق) و ناحەزایەتییان بۆ یەکدی، ستروکتوری خێڵەتی – هەموویان پێکەوە هێز و تەقەلای لایەنە سیاسییە چاودێرکەرەکان بۆ هەڵکردنی ئاگری جیاکەرەوەی خێڵەتی و ناوچەیی دووقات دەکرد، ئەوەش دەبووایە نەهێڵێ پرۆسەی یەکگرتنەوە یەک هەنگاو پێشکەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، سەدەی شازدە، کە سەرەتای دابەشبوونی ناوچە کوردییەکانی له نێوان ئێران و تورکیا داهێنا، هاندەرێکی هەرە بە هێزی زێدەبوونی خۆناسیی نەتەوەیی گرتبووە خۆ. ئەو زیانەی له ئەنجامی دابەشبوونەکەدا بە ستاتووسی سیاسی کەوت پرۆسەی یەکبوونی بەرەو پێشەوە برد و بوو بە هاندەر بۆ پەرەسەندنی. ئەم پرۆسەیە کۆمەڵی له بن نەهاتووی تەگەرەکانی بڕی و شیلگێرانە ڕێگەی بۆ خۆ دەکردەوە و هەوڵی دەدا جێگەی سەرەکیی بگرێ و رەوشە سیاسییەکانی له ئەم یان ئەو میرنشینیدا دەتەقاندەوە، تا ئەو کاتەی بەدرخانی میری بۆتان له سەرەتای سالانی ٤٠ی سەدەی نۆزدەدا فەرمانڕەوا کوردەکانی بۆ یەکگرتن بانگ کرد. لەوە دەچێ، ڕووداوەکان له کوردستاندا دەیانتوانی ئەنجامی خراپیان بۆ ئێران و تورکیا ببێ، ئەگەر سستێمی میرنشینە کوردییەکان بەهەر دوو لا نەخنکێنرایە.

میرنشینانی ئەردەلان و بابان، لەگەڵ ئەوەی دەکەوتنە نێو ستروکتوری سیاسیی ئیمپراتۆریاکانی عوسمانی و ئێرانییەوە، زۆر توند بەیەکەوە بەسترابوونەوە. سنوورەکانی ئێرانی – تورکی جێگەی سنوورەکانی ئەردەلانی – بابانیان گرتبووەوە، بەلام ئەم بارەش روونی و ئاشکرایی بەم سنوورانە نەبەخشیبوو. پێوەندییەکانی ئابووری، کولتووری و تەنانەت سیاسیش کە میرنشینەکانیان بەیەکەوە دەبەستەوە، بەگەلێ جاران بەهێزتر بوون له وانەی له یەکی جیا دەکردنەوە، لەبەر یەکبوونی چارەنووسی مێژوویی بنەماڵە فەرمانڕەواکان ناکرێ لەیەک دابڕێن و بەجیا سەیری هەر یەکێکیان بکرێ. هەر دوو ئەم بنەماڵەیە بەشدارییان له هەموو ئەو رووداوە سیاسییانەدا کردووە که له ناوچەی خوارووی – رۆژهەلاتی کوردستاندا روویانداوە. نائارامیی رەوشی کۆمەلایەتی – سیاسی له میرنشینێکدا، هەر زوو هاوسێکەشی دەگرتەوە و هەر له کۆنیشەوە فەرمانڕەواکان بەهۆی ئەمەوە گۆڕاون. لەناو ئەندامانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای بابانیدا تەنانەت گروپەی سەر بە ئێران و سەر بە عوسمانییان دروست بووبوون. ڕێبازی ئەم گروپانە هەمیشە دەگۆڕان، بەلام ئەمە له دەرئەنجامدا گرینگ نەبوو. ئەرکی سەرەکی ئەمانە دابینکردنی ئارامی و

سـەقـامگیـریی ڕەوشـی بنەمـاڵـەکـەیان بوو لـە بەرامـبـەر هـەر جـۆرە پێکـهـاتەیەکی هێـزە سیاسییەکاندا.

دەکــرێ مــیــرنشــینانـی ئەردەلان و بابـان بەڕادەیـەک وەکــو یەک نـاوچەی ئـابووری – کولتووری سەیر بکەین، خێڵە کۆچەرەکان کە ڕێگەی گەرمیان و کوێستانی ترادیسیۆنیی خۆیانیان هەبووە، دانیان نـەناوە نە بە سنوورەکانی ئێران – تورکی نە بە هی ئەردەلانی – بابانی.

ترادیسـیـای چەند سـەدەیی وای کـردبوو کـە قۆناغ و لـەوەڕگاکـان گـەلێ گـرنگتـربن لە بەڵگەنـامــەیەکی رەســمــیی پێــشکەشکردن، ڕەوشـی ســیــاســیی بزێو، دابەشـکردن و دابەشکردنـەوەی ناوچە سنوورییـەکـان بێتوانـابوون لە بەرامبـەر گۆڕینی شێـوازی ژیانی کۆچەرە ئاژەڵ بەخێوکەرەکان. لە سـاڵانی سـەخت و بێ ئامـاندا، کاتێک ئەردەلان و بابان، بەنۆرە یان پێکەوە، لـە ئەنجامی شـەڕە لەبن نەهاتـووەکاندا دەبوون بـە کاوڵگە، کۆچ و خێڵ دەبوون بە حـەشـارگـە بۆ خـەڵکی ئەو گوند و شـارانەی لە هـەردوو بەری سنوورەکـەدا وێران دەبوون، تەنانەت خـەڵکی دەوڵەمـەندیش چەند جارێک لە سنەوە ڕاگوێزراونەتە سلێمـانی و بەپێچـەوانەوە. ژیانی ئابووری و سـیاسیی مـیرنشـینانی ئەردەلان و بابان بەپێی پرەنسـیپی شــادەمـاری بـەیەکگەیشتن بەڕێوە دەچوو و هیچ یـەکـێـک لەم دوو مــیـرنشـینـانە نەبـوو بە ناوچەیەکی پەڕگەی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی یان ئێرانی.

**کوردستان هەر وەکو کوردستان مایەوە.**

# فەرهەنگۆک

**ب**

باوک سالاری (پاتریارخی): بالادەستیی پیاو لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

**پ**

پرستێژ: شوهرەت، ناوبانگ.
پرۆسە: رەوت، عملیە.
پرۆفسیۆناڵ: پسپۆر.
پرەنسیپ: مبدأ
پۆزەتیف: چاک، ایجابی.
پێرسوناژ: قارەمان (لە چیرۆکدا).

**ت**

ترادیسیا: داب و نەریتی کۆن.
ترادیسیۆنی: کۆن، تقلیدی.
تیتۆڵ: نازناو. لقب.
تیۆکراتیا: باڵا دەستیی دەزگا و پیاوانی ئاینی لە کۆمەڵگادا.

**خ**

خرۆنۆلۆگیا: بەدوای یەکداهاتنی رێکوپێکی رووداوەکان لە رووی چەرخی زەمەنییەوە.
خرۆنیکا: دەستنووس؛ شێوازی کۆنی نووسینەوەی مێژوو.

**ر**

ریتواڵ: شێوازی بەڕێوەبردنی شەعایری دینی.

**ز**

زاکۆن: یاسا، قانوون.

**س**

ستاتووس: پلە، پایەی کۆمەڵایەتی.
ستروکتور: هەیکەل. بینا.
ستریۆتیپ: فیکر و بۆچوونی چەسپاو.
سستێم: نیزام. (یەکێتی سروشتی و زاکۆنیی کۆمەڵە توخمێک).
سۆتسیۆم: بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی.
سەرخان: البناء الفروقی.
سەریمۆنیا: شەعایری دینی.
سیمانتێکا: مانای وشە.
سیمبۆل: رەمز.
سیمپاتیا: سۆز، عاتیفە.

**ف**

فاکت: راستی، واقیع
فاکتەر: هۆکار.
فەندامینتالیزم: الاصولیە.
فەناتیزم: تعصب.

**ک**

کۆنتالت: گەیشتن بەیەک، پێوەندی.
کۆنسەلیداتسیا: یەکگرتن.
کۆنفدراسیا: یەکێتی.
کۆمپلێکس: کۆمەڵە شتێک (مجموعە).

**م**

مەراڵ: ئەخلاق، ئەخلاقی.
میتۆد: رێباز، منهج.
مەتریاڵ: کەرەستە.
میتۆلۆژیا: ئەفسانە؛ زانست دەربارەی ئەفسانە و داستانی میللەتان.

مـیسـتـیکا: باوەڕ بەتوانـای پێوەنـدیکردن بە
جیهانی ڕۆحییەوە.

**ن**

نۆرم: ئەندازە.
نۆماد: کۆچەر.
نۆمادیزم: کۆچەری

**أ**

ئەبستراکت: جیاکردنەوەی شتێک لە سیفات
و تایبـەتمەندییـەکانی خـۆیەوە. - مـجـرد،
تجرید.
ئەلتەرناتیف: بدیل
ئەنتیتێز: دژە تێز.
ئۆرگانیزم: جەستە، جسم عضوی.

ئینستیتووت: دەزگا، ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی.
ئیرارخیـا (هیـرارخیـا): پلـەی بەدوای یەکدا
هـاتوو (المراتبیە).

**ئێ**

ئێتنۆس: مـیللەت، نەتەوە؛ کۆمـەڵە خـەڵکێکی
یەکگرتووی جیاواز و سەربەخۆ.
ئێتنۆنیم: ناوی نەتەوەیی؛ ناوی ئێتنۆس.
ئێـتنۆگنێـز: ڕەوتی مـێـژوویی دروسـتـبـوونی
میللەت.
ئێتنیکی: میللیی، نەتەوەیی.
ئێتـیکێت: شـێـوازی ڕەفـتـار و هـەڵـسوکەوتی
تایبەتی.
ئێلیتا: سەربژاردە (نخبە).

# سەرچاوەکان

## Произведения К.Маркса и Ф.Энгельса

*Маркс К.* Критика политической экономии. Т.1. — Т.23.
*Маркс К.* Капитал. Критика политической экономии. Т.III. — Т.25. Ч.2.
*Маркс К.* К критике политической экономии. — Т.13.
*Маркс К.* и *Энгельс Ф.* Немецкая идеология. — Т.3.
*Энгельс Ф.* Крестьянская война в Германии. — Т.7.
*Энгельс Ф.* Людвиг Фейербах и конец классической немецкой философии. — Т.21.

## Источники


Аббас-наме. — تاريخ شاه عباس ثانى تا عماد الدوله محمد طاهر بن حسين خان قزوينى متخلص به وحيد.
Рук. ЛО ИВ АН СССР, № С 481 (5741).

Аграрный строй Османской империи XV—XVII вв. Документы и материалы. Сост., пер. и коммент. А.С.Тверитиновой. М., 1963.

Анджуман-и хакан. — انجمن خاقان تاليف فاضل خان گروسى
Рук. ЛО ИВ АН СССР, № Д 369 (1486)

Асами-йе ашайир ва илат ва тавайиф-и Курдистан-и Иран. — اسامى عشاير وايلات وطوايف كردستان ايران.
Рук. Фархада Шакели.

*Баязиди, Мела Махмуд.* Китаб-и таварих-и джадид-и Курдистан. Пер. на франц. А.Д.Жабы. — Архив АН СССР, ф.2, оп. I-(1865), № 20.

*Баязиди, Мела Махмуд.* Нравы и обычаи курдов. Пер., предисл. и примеч. М.Б.Руденко. М., 1963.

*|Диттель В.|* Обзор трехгодичного путешествия по Востоку магистра В.Диттеля. — Журнал Министерства народного просвещения. 1847, № 10.

*|Друвиль Г.|* Путешествие в Персию в 1812 и 1813 годах, содер-


---

* Произведения К.Маркса и Ф.Энгельса даны по Сочинениям, 2-е изд.

жащее в себе мало известных подробностей о нравах, обычаях и духовных обрядах персиян. Сочинение Г.Друвиля. Пер. с франц. Ч.1-2. М., 1826.

14. Зубдат ат-таварих-и Санандаджи. — زبدة التواريخ سنندجى.
Рук. библиотеки Кембриджского университета.

15. Зубдат ат-таварих-и Санандаджи. — Рук. из коллекции М.Мукри.

16. Любб-и таварих. — لوب تواريخ "تاريخ اردلان" تأليف خسرو بن محمّد بن منوچهر اردلان مشهور به "مصنف" در سال ۱۲٤۹ هجرى قمرى، تهران، مهر ماه ۲۵۳٦.

17. *Максимович-Васильковский П.* Отчет о поездке по губернаторствам Западной Персии (Азербайджана и Персидского Курдистана). Ч.1-2. Тифлис, 1903.

17а. Мах Шараф-ханум Курдистани. Хроника дома Ардалан (Та'рих-и Ардалан). Пер. с перс., введ. и примеч. Е.И.Васильевой. М., 1990.

18. Мемуары Мамун-бека. — مذاكرات مأمون بك بن بيگه بك نقلها الى العربية و علق عليها محمد جميل الروز بيانى و شكور مصطفـــى، بغداد ۱۹۸۰.

19. *Минорский В.Ф.* Сведения о населении некоторых пограничных округов. — МИВ. 1915.

20. *Минорский В.Ф.* Турецко-персидская граница. — МИВ. 1915.

21. *Минорский В.Ф.* и *Шипле Х.С.* Объезд оккупированных Турцией персидских округов в 1911 г. — МИВ. 1915.

22. *Орлов А.А.* Путевые дневники объезда турецко-персидской границы в 1913 г. — МИВ. 1915.

23. Рустам ат-таварих. — رستم التواريخ تأليف محمد هاشم اصف (رستم الحكما) ... تصحيح و تحشيه وتوضيحات و تنظيم فهرستهاى متعدد از محمد مشيرى، طهران ۱۳٤۸.

24. Тарих-и аламара-ий Аббаси. — تاريخ عالم آراى عباسى تأليف اسكندر بيك تركمان، جلد ۱-۲، طهران ۱۳۳٤-۱۳۳۵.

25. Тарих-и Арделан. — تاريخ اردلان اثر "مستوره" ساعره و تاريخ نويس نامدار كردستان، چاپخانه' بهرامى /۱۹٤٦/.

26. Тарих-и гитигуша-йи Зендийа. — تاريخ گيتى گشا در تاريخ خاندان زند تأليف ميرزا محمد صادق موسوى نامى اصفهانى ...، طهران ۱۳۱۷.

27. Тоуфик Кафтан. — ميژوى حولمدادانى بابان له قولاچوالان تـــا دروست كردنى شارى سوله يمانى ۱۰۸۰-۱۱۹۹ كوچى، ۱٦٦۹-۱۷۸٤ زايين نوسينى توفيق قه فتان، به غدا ۱۹٦۹

28. */Тэйлор Д./* — Дневник путешествия по Армении, Курдистану и Верхней Месопотамии в 1866 году Д.Тэйлора, консула в Курдистане. Пер. Н.Афанасьева. — ИКОИРГО. Т.2, прил.2, 1873.
29. */Тэйлор Д./* — Путешествие по Курдистану Д.Тэйлора, бывшего консула в Диарбекире. Пер. Н.Афанасьева. — ИКОИРГО. Т.2, прил., 1873.
30. Хадике-йи Насирийе. حادیقه‌ ناصریه История Курдистана (т.е. владений Арделан) Мирзы Али Акбар хана "Векайе-негара". Рук. ЛО ИВ АН СССР (1335) 1917 г. из собр. В.Ф.Минорского.
30а. Хуласат ас-сийяр. — خلاصة السیر تألیف محمد معصوم Рук. Государственной Мюнхенской библиотеки, микрофильм (Рук. отдел ЛО ИВ АН СССР, № 127).
31. *Хуршид Эффенди*. Сияхет-намэ-й-худуд. Описание путешествия по турецко-персидской границе (1846—1852). Пер. с турец. и перс. М.А.Гамазова. СПб., 1877.
32. *Хусрав ибн Мухаммад Бани Ардалан*. Хроника. (История княжеского дома Бани Ардалан.) Факс. рук., пер. с перс., введ. и примеч. Е.И.Васильевой. М., 1984.
33. *Чириков Е.И.* Путевой журнал русского комиссара-посредника по турецко-персидскому разграничению 1849—1852 гг. — ЗКОИРГО. Кн. 9, 1875.
34. *Шараф-хан ибн Шамасаддин Бидлиси*. Шараф-наме. Пер., предисл., примеч. и прил. Е.И.Васильевой. Т.1. М., 1967.
35. *Шараф-хан ибн Шамасаддин Бидлиси*. Шараф-наме. Пер., предисл., примеч. и прил. Е.И.Васильевой. Т.2. М., 1976.
36. *Шараф-хан Бидлиси*. Шараф-наме. Пер. на араб. Мухаммада Али Авни. — شرفنامه ألفه بالفارسية شرف خان البدليسي ترجمه إلى العربية محمد على عونى، راجعه و قدم له يحيى الخشاب. /١٩٥٨/.
37. *Шараф-хан Бидлиси*. Шараф-наме. Пер. на курд. Хажара. — شرفنامه‌ی شرفخانی بدلیسی هه‌ژار کردویه به کوردی ١٣٩١ — ١٩٧٢.
38. *Шараф-хан Бидлиси*. Шараф-наме. Изд. Мухаммада Аббаси. — شرف نامه تأریخ مفصل کردستان تألیف امیر شرفخان بدلیسی بامقدمه و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباس /طهران، ١٣٤٢ خورشیدی (هجری)/.
39. */Anon./* — Relation de la mort de Schah Soliman Roy de Perse, du couronnement de Sultan Ussain son fils, avec plusieurs particularitez touchant l'état present des affaires de la Perse, le détail des ceremonies observées à la consecration de l'Evêque de Babylone à Zulpha lez Hispahan. /Б.г., б.м./.
40. Evliya Celebi in Diyarbekir. The Relevant Section on the Seyahatname Edited with Translation, Commentary and Intro-

duction by Martin van Bruinessen and Hendrik Boeschoten. — Evliya Çelebi's Book of Travels. Land and People of the Ottoman Empire in the Seventeenth Century. A Corpus of Partial Editions. Edited by Klaus Kreiser. Vol.1. Leyden — New York — København — Köln, 1988.

41. /*Fraser J.B.*/ — Travels in Koordistan, Mesopotamia, Including an Account of Parts of those Countries Hitherto Invisited by Europeans. With Sketches of the Character and Manners of the Koordish and Arab Tribes. By J.Baillie Fraser, Author of "Kuzzilbash", "A winter's journey to Persia", etc. Vol.1-2. L., 1840.

42. Journal d'un voyage dans la Turquie d'Asie et la Perse, fait en 1807 et 1808. P., 1809.

43. *Ker Porter R.* Travels in Georgia, Persia, Armenia, Ancient Babylonia etc. During Years 1817, 1818, 1819 and 1820. Vol.1-2. L., 1821—1822.

44. /*Kinneir J.M.*/ — A Geographical Memoir of the Persian Empire... by J.M.Kinneir, Political Assistant to Brigadier General Sir J.Malcolm, in His Mission to the Court of Persia. L., 1813.

45. /*Layard A.H.*/ Nineveh and its Rem ains: With an Account of a Visit to the Chaldean Christians of Kurdistan, and the Yezidis, or Devil-worshippers; and an Enquiry into the Manners and Arts of the Ancient Assyrians. By Austen Henry Layard... 5-th edition. Vol.1-2. L., 1850.

46. /*Lycklama*/. Voyage en Russie, au Caucase et en Perse, dans la Mésopotamie, le Kurdistan, la Syrie, la Palestine et la Turquie exécuté pendent les années 1865, 1866, 1867 et 1868 par T.M.Chevalier Lycklama à Nijeholt membre de la Société de Geographie de Paris. N.1-4.P., 1875.

47. /*Malcolm J.*/ Sketches of Persia by J.Malcolm, Author of "History of Persia", "History of India", etc. T.1-2. L., 1849.

48. /*Millingen F.*/ Wild Life Among the Koords by Major Frederick Millingen.., Author of "La Turquie sous le regne d'Abdul-Aziz". L., 1870.

49. *Price M.Ph.* A Journey Through Turkish Armenia and Persian Kurdistan. — The Journal of the Manchester Geographical Society. Vol.30. Pt.1-2. London — Manchester, 1915.

50. *Rawlinson H.* Notes on a Journey from Tabriz, Through Persian Kurdistan, to the Ruins of Takhti Soliman, and from Thence by Zenjan and Tarom, to Gilan... JRGC. Vol. 10, 1984.

51. /*Rich Cl.J.*/ . Narrative of a Residence in Koordistan and on the Site of Ancient Nineveh, with Journal of a Voyage down the Tigris to Bagdad and an Account of a Visit to Shirauz and Persepolis by... Cl.J.Rich. Vol.1-2. L., 1836.

52. *Soane E.B.* To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise. With Historical Notices of the Kurdish Tribes and the Chaldeans of Kurdistan. L., 1926.

53. Supplement. — Дополнение Мухаммада Ибрахима Ардалани к "Шараф-наме", рук. Королевского Азиатского общества (см.: *Morley W.H.* A Descriptive Catalogue of the Historical Manuscripts in the Arabic and Persian Languages, Preserved in the Library of the Royal Asiatic Society of Great Britain and

Ireland. L., 1854).
54. *Tadhkirat al-Mulūk*. A Manual of Safavid Administration (circa 1137/1725). Persian Text in Facsimile (B.M. Or. 9496). Translated and Explained by V.Minorsky, Professor of Persian in the University of London. L., 1943. — "E.J.W.Gibb memorial" Series. New Series, 16.
55. */Tavernier J.B./* Les six voyages de Jean Baptiste Tavernier, ... en Turquie, en Perse et aux Indes. P., 1679.
56. */Véliaminof-Zernof V./*. Scheref-nameh ou Histoire des kourdes, par Scheref, prince de Bidlis, publiée... par V.Véliaminof-Zernof. T.1. SPb., 1860.

## Литература

57. *Абовян Х.* Полное собрание сочинений в 8 томах. Т.8. Ер., 1958.
58. *Аверьянов П.И.* Курды в войнах России с Персией и Турцией в течение XIX столетия. Современное политическое положение турецких, персидских и русских курдов. Исторический очерк. Тифлис, 1900.
59. *Адамов А.* Ирак Арабский. Бассорский вилайет в его прошлом и настоящем. СПб., 1912.
60. *Айтматов Ч.Т.* Заметки о себе. — В соавторстве с землею и водою. Очерки, статьи, беседы, интервью. Изд. 2-е. Фрунзе, 1979.
61. *Акопов Г.Б.* Арабские источники по этнической истории курдов и версии их арабского происхождения. — Страны и народы Ближнего и Среднего Востока. 3. Арабские страны. Ер., 1967.
62. *Акопов Г.Б.* Курды-гураны. — Страны и народы Ближнего и Среднего Востока. VII. Курдоведение. Ер., 1975.
63. *Анвар Кадир Мухаммад.* Лирика курдского поэта XIX века Маулави (на диалекте горани). Дис. на соискание уч. ст. канд. фил. наук. Л., 1986.
64. *Андреева Г.М.* Социальная психология. М., 1988.
65. *Андрианов Б.В.* Неоседлое население мира (историко-этнографическое исследование). М., 1985.
66. *Аристова Т.Ф.* Очерк культуры и быта курдских крестьян Ирана. — ПЭС. I. 1958.
67. *Ахмедов Б.А.* История Балха (XVI — первая половина XVIII в.). Таш., 1982.
68. Бамдад. — تاریخ رجال ایران قرون ۱۲ – ۱۳ – ۱٤، تالیف مهدی بامداد، تهران ۱۹۶۶ .
69. *Барг М.А.* Категории и методы исторической науки. М., 1984.
70. *Барг М.А.* Проблемы социальной истории. В освещении современной западной медиевистики. М., 1973.
71. *Барг М.А.* Феодализм. — СИЭ. Т.15. 1974.
72. *Бациева С.М.* Историко-социологический трактат Ибн Халдуна "Мукаддима". М., 1965.
73. *Бессмертный Ю.Л.* Феодальная деревня и рынок в Западной Европе XII—XIII вв. По северофранцузским и западнонемецким материалам. М., 1969.

74. *Большаков О.Г.* Проблемы социально-экономической истории средневекового Ближнего Востока и Ирана. — ППиПИКНВ. XVII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Январь 1982. Ч.1. М., 1983.
75. *Босворт К.Э.*. Мусульманские династии. Справочник по хронологии и генеалогии. Пер. с англ. и примеч. П.А.Грязневича. М., 1971.
76. *Бромлей Ю.В.* Этнос и этнография. М., 1973.
77. *Васильев А.М.* История Саудовской Аравии (1745—1973). М., 1982.
78. *Васильев Л.С.* Государство на традиционном Востоке. — Государство в докапиталистических обществах Азии. М., 1987.
79. *Васильев Л.С.* Социальная структура и динамика древнекитайского общества. — Проблемы истории докапиталистических обществ. Кн.I. М., 1986.
80. *Васильева Е.И.* Жизнь и творчество Мах Шараф-ханум Курдистан. — Страны и народы Ближнего и Среднего Востока. XIII. Курдоведение. Ер., 1985.
81. *Васильева Е.И.* О жизни Мах Шараф-ханум Курдистани (Мастуре). — Сб. в честь 70-летия А.Н.Болдырева. М., 1982.
82. *Васильева Е.И.* О кочевниках Юго-Восточного Курдистана. — ППиПИКНВ. XVII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (доклады и сообщения). Январь 1982. Ч.I. М., 1983.
82а. *Васильева Е.И., Рашад Сабри Рашид.* Об особенностях курдского этикета. — Этикет у народов Передней Азии. М., 1988.
83. *Васильева Е.И.* Термины "таифе", "ашират" и "кабиле" в сочинении Шараф-хана Бидлиси "Шараф-наме". — ППиПИКНВ. 5-я годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР. Л., 1969.
84. *Васильева Е.И.* Хроника Хусрава ибн Мухаммада "Тарих-и Бани Ардалан" как источник по истории и этнографии курдов Арделана XVIII— XIX веков. Автореф. дис. на соискание уч.ст. канд. ист. наук. Л., 1977.
85. *Вильчевский О.Л.* Курды Северо-Западного Ирана. Тб., 1944.
86. *Вильчевский О.Л.* Мукринские курды. (Этнографический очерк). — ПЭС. 1. 1958.
87. *Вильчевский О.Л.* Экономика курдской кочевой сельскохозяйственной общины Закавказья и прилегающих районов во второй половине XIX в. — СЭ. 1936, № 4-5.
88. *Гасратян М.А., Орешкова С.Ф., Петросян Ю.А.* Очерки истории Турции. М., 1983.
89. *Гелавеж А.И.* Краткая экономическая характеристика системы "эл" "ашират". — Труды Института экономики. Т.4. Баку, 1958.
90. *Дандамаев М.А.* Государство, экономика и идеология в древней Передней Азии. (Характерные особенности). Рук. статьи.
91. *Дарвешян М.Х.* (Мамое Халыт). Скотоводческое хозяйство курдов Восточной Армении (по материалам второй половины XIX — начала XX века). Ер., 1986.
92. *Джалиле Джалил.* Курды Османской империи в первой половине XIX века. М., 1973.
92а. *Джалилов О.Дж.* Курдский героический эпос "Златорукий хан". М., 1967.
93. Джамаль Бабан. جمال بابان، السلمانية من نواحيها المختلفة

The Journal of the Iraqi Academy, "Kurdish Corporation", 1981, vol.8.

94. *Дьяконов И.М.* Народы древней Передней Азии. — ПЭС. I. 1958.
95. *Егиазаров С.А.* Краткий этнографический очерк курдов Эриванской губернии. — ЗКОИРГО. Кн.13. Вып.2. 1891.
96. *Еремеев Д.Е.* Кочевничество и особенности развития феодализма на Востоке. — НАА. 1981, № 2.
97. Заки Мухаммад Амин. — خلاصة تاريخ الكرد و كردستان، تاريخ الدول والامارات الكردية فى العهد الاسلامى، الجزء الثانى، تأليف العلامة المفضال المرحوم محمد أمين زكى.
98. *Каждан А.П.* Социальный состав господствующего класса Византии XI—XII вв. М., 1974.
99. *Камаль М.А.* Национально-освободительное движение в Иракском Курдистане (1918—1932 гг.). Баку, 1967.
100. *Кемаль Бильбашар.* Джемо. Человек с гор. — Восточный альманах. Вып. 6. М., 1978.
100а. *Колесников А.И.* О термине "марзбан". — Палестинский сборник. Вып. 27 (90). Л., 1981.
101. *Колпаков А.П.* Курды племени гуран. — СЭ. 1949, № 4.
102. *Курдоев К.К.* Курдско-русский словарь. М., 1960.
103. *Курдоев К.К., Юсупова З.А.* Курдско-русский словарь (сорани). М., 1983.
104. Курдское движение в новое и новейшее время. М., 1987.
105. *Кычанов Е.И.* О форме и праве собственности в Китае VII — XII вв. — НАА. 1984, № 4.
106. *Кычанов Е.И.* Формы ранней государственности у народов Центральной Азии. Л., 1987. (рук.).
107. *Лазарев М.С.* Империализм и курдский вопрос (1917—1923). М., 1989.
108. *Лазарев М.С.* Курдистан и курдская проблема (90-е годы XIX века — 1917 г.). М., 1964.
109. *Лазарев М.С.* Курды и Курдистан (факторы становления проблемы). — Национальный вопрос в освободившихся странах Востока. М., 1986.
110. *Левин М.Г.* и *Чебоксаров Н.Н.* Хозяйственно-культурные типы и историко-этнографические области. — СЭ. 1955, № 4.
111. *Литаврин Г.Г.* Византийское общество и государство в X—XI вв. Проблемы истории одного столетия: 976—1081. М., 1977.
112. *Лихачев Д.С.* Поэтика древнерусской литературы. М., 1979.
113. *Лужецкая Н.Л.* Очерки истории Восточного Гиндукуша во второй половине XIX в. М., 1986.
114. *Марков Г.Е.* Кочевники Азии. Структура хозяйства и общественной организации. М., 1976.
115. *Марков Г.Е.* Скотоводческое хозяйство и кочевничество. Дефиниции и терминологии. — СЭ. 1981, № 4.
116. *Мартынов А.С.* Религии, "учения" и государство на Дальнем Востоке в средние века. — ППиПИКНВ. XVII годичная научная сессия ЛО ИВ АН СССР (Доклады и сообщения). Ч.1. М., 1983.
117. *Мартынов А.С.* Статус Тибета. М., 1978.

118. *Махмуд Ахмад Мухаммад.* مەحمود ئەحمەد موحەمەدە بابەخ
پیدانی بابانەکان بە ئاستی زانست وڕو شنبیری کە قە لــــە
مرەوە کە باندا روشنبیر نوێ – بە غدا ١٩٨٤، ١٠٢.

119. *Ментешашвили А.М.* Курды. Очерки общественно-экономических отношений, культуры и быта. М., 1984.

120. *Мирза Риза Али Диван-беги.* میرزا رضا علی دیوان بیگی از
رجال عهد ناصری بقلم نوه‌ٔ او: جناب آقای رضا علی دیوان بیگی. –
فرهنگ ایران زمین، جلد بر، دفترهای ۱–۴، تهران ۱۳۵۲.

Revue trimestrielle des Etudes Iranologiques. Vol.20.

121. *Мухаммад Джавад Кадим.* Туркмены Ирака (историко-этнографический очерк). Автореф. дис. на соискание уч. ст. канд. ист. наук. Л., 1982.

122. *ан-Наубахти ал-Хасан ибн Муса.* Шиитские секты. Пер. с араб., исслед. и коммент. С.М.Прозорова. М., 1973.

123. *Никитин В.* Курды. Пер. с франц. М., 1964.

124. *Новичев А.Д.* Турецкие кочевники и полукочевники в современной Турции. — СЭ. 1951, № 3.

125. *Першиц А.И.* Патриархально-феодальные отношения у кочевников Северной Аравии (XIX — первая четверть XX в.). ПЭС. I. 1958.

126. *Першиц А.И.* Племя, народность и нация в Саудовской Аравии. — СЭ. 1961, № 5.

127. *Першиц А.И.* Оседлое и кочевое общество Северной Аравии в новое время. Автореф. докт. дис. М., 1971.

128. *Першиц А.И.* Хозяйство и общественно-политический строй Северной Аравии в XIX — первой трети XX в. (историко-этнографические очерки). М., 1961.

129. *Петров К.И.* Очерки социально-экономической истории Киргизии VI — начала XIII в. Фрунзе, 1981.

130. *Петросян Е.И.* Улемы в составе янычарского войска. — Духовенство и политическая жизнь на Ближнем и Среднем Востоке в период феодализма. М., 1985.

131. *Петрушевский И.П.* Государства Азербайджана в XV веке. — Изв Азербайджанского филиала АН СССР. Баку, 1944, № 2-3.

132. *Петрушевский И.П.* Земледелие и аграрные отношения в Иране XIII—XIV веков. М.-Л., 1960.

133. *Петрушевский И.П.* Ислам в Иране в XII—XV веках. Л., 1966.

134. *Петрушевский И.П.* К вопросу о прикреплении крестьян к земле в Иране в эпоху монгольского владычества. — Вопросы истории. 1947, № 4.

135. *Петрушевский И.П.* Очерки по истории феодальных отношений в Азербайджане и Армении в XV — начале XIX в. Л., 1949.

136. *Пигулевская Н.В., Якубовский А.Ю., Петрушевский И.П., Строева Л.В., Беленицкий А.М.* История Ирана с древнейших времен до конца 18 века. Л., 1958.

137. *Пиотровский Б.Б.* О характере закономерностей в истории куль-

туры. Тезисы докладов на заседаниях, посвященных итогам полевых исследований в 1960 г. М., 1961.
138. *Пиотровский М.Б.* Южная Аравия в раннее средневековье. Становление средневекового общества. М., 1985.
139. *Плахов В.Д.* Традиции и общество. Опыт философско-социологического исследования. М., 1982.
140. *Поладян А.П.* Курды в VII–X веках по арабским источникам. Ер., 1987.
141. *Поладян А.П.* Курды в VII–X веках (по арабским источникам). Автореф. дис. на соискание уч. ст. канд. ист. наук. Ер., 1984.
142. *Поршнев Б.Ф.* Контрсуггестия и история. (Элементарное социально-психологическое явление и его трансформация в развитии человечества). — История и психология. М., 1971.
143. *Рашад Сабри Рашид.* Современная этноконфессиональная ситуация у курдов. Автореф. дис. на соискание уч. ст. канд. ист. наук. Л., 1988.
144. *Рашад Сабри Рашид.* Современная этноконфессиональная ситуация у курдов. Дис. на соискание уч. ст. канд. ист. наук. Л., 1988.
145. *Руткевич М.Н.* О понятии социальной структуры. — Социологические исследования. 1978, № 4.
146. *Симаков Г.Н.* Опыт типологизации скотоводческого хозяйства у киргизов (Конец XIX — начало XX в.). — СЭ. 1978, № 6.
147. *Смилянская И.М.* Социально-экономическая структура стран Ближнего Востока на рубеже нового времени (на материалах Сирии, Ливана и Палестины). М., 1979.
148. *Стори Ч.А.* Персидская литература. Биобиблиографический обзор. Пер. с англ. Ч.1-3. М., 1972.
149. *Султанов Т.И.* Кочевые племена Приаралья в XV–XVII вв. (Вопросы этнической и социальной истории). М., 1982.
150. *Тарих-и Мардух.* — محمد مردوخ کردستانی، تاریخ مردوخ، جلد ۱–۲.
151. *Таяри М.А.* Ирано-турецкие военные конфликты и курды в первой четверти XIX в. Автореф. дис. на соискание уч. ст. канд. ист. наук. Тб., 1986.
152. *Токарев С.А.* Ранние формы религии и их развитие. М., 1964.
153. *Толыбеков С.Е.* Кочевое общество казахов в XVII — начале XX века. Политико-экономический анализ. А.-А., 1971.
154. *Трубецкой В.В.* Бахтиары (оседло-кочевые племена Ирана). М., 1966.
155. *Трубецкой В.В.* Основные тенденции процесса перестройки традиционного номадизма в современном Иране. — Иран. Экономика. История. Историография. Литература. М., 1976.
156. *Угринович Д.М.* Введение в теоретическое религиоведение. М., 1973.
157. *Файнберг Л.А.* Племя. — СИЭ. Т.II., М., 1968.
158. *Хазанов А.М.* Социальная история скифов. Основные проблемы развития древних кочевников евразийских степей. М., 1975.
159. *Хазнадар Маруф.* Очерк истории современной курдской литературы. М., 1967.
160. *Чернозубов Ф.* Страна Льва и Солнца. Арделян или Персидский

Курдистан. (Краткий географический очерк по персидским и армянским источникам). — ИШКВО. 1911, 3-я треть, № 33.
161. *Barth F.* Nomads of South Persia. The Basseri Tribe of the Khamseh Confederacy. Boston, 1961.
162. */Barth F./.* Principles of Social Organization in Southern Kurdistan by Fredric Barth. — Universitetes Ethnografiske Museum Bulletin, № 7. Oslo, 1953.
163. */Blochet E./.* Catalogue des manuscrits persans de la Bibliothèque Nationale par E.Blochet. P., 1905.
164. *Bois Th.* Kurds, Kurdistan. — EI². Vol.5, fasc.85—86. 1981.
165. *Bois Th.* Les Kurdes. Histoire. Sociologie. Literature. Folklore. Beyrouth, 1958.
166. */Browne E.G./.* A Descriptive catalogue of the Oriental MSS, Belonging to the Late E.G.Browne by E.G.Browne... Compiled and Edited... by R.A.Nicholson. Cambridge, 1932.
167. *Bruinessen M.M. Van.* Agha , Shaikh and State. On the Social and Political Organization of Kurdistan. Utrecht, 1978.
168. *Bruinessen M.M. Van.* Kurdish Tribes and the State of Iran. The Case of Simko's Revolt. — The Conflict of Tribe and State in Iran and Afghanistan. L., 1983.
169. *Bruinessen M.M. Van.* Popular Islam, Kurdish Nationalism and Rural Revolt: the Rebellion of Shaikh Said in Turkey (1925).— Religion and Rural Revolt. Manchester, 1984.
170. */Cuinet V./.* La Turquie d'Asie. Géographie, administrative, statistique descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure par V.Cuinet. T.1-4. P., 1891—1894.
171. *Curzon G.N.* Persia and Persian Question. L., 1892.
172. *Duri A.A.* Amir. — EI². Vol.1.
173. *Edmonds C.J.* Kurds, Turks and Arabs. Politics, Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919—1925. L., 1957.
174. *Emir Kamuran Aali Bedir-Khan, Adolphe de Falgairolle.* Le roi du Kurdistan. Roman épique kurde. P., /б.г./.
175. *Ferdinand K.* Nomadism in Afghanistan with an Appendix on Milk Products. — Viehwirtschaft und Hirtenkultur. Ethnographische Studien. Budapest, 1969.
176. *Field H.* Contribution to the Anthropology of Iran. — Anthropological Series. Field Museum of Natural History. Vol.29, № 1-2. Chicago, 1939.
177. *Gabrieli F.* 'Asabiyya. — EI². Vol.1.
178. *Gavan S.S.* Kurdistan, Divided Nation of the Middle East. L., 1958.
179. *Ghassemlou Abdul Rahman.* Kurdistan and Kurds. Prague, 1965.
180. */Halkawt Hakim/.* Confrerie des Naqshbandis au Kurdistan au XIX siècle. Thèse de doctorat de 3-e cycle prèsentée par Halkawt Hakim. Directeur d'etudes J.-P.Charnay. P., 1983.
181. *Hansen H.H.* The Kurdish Woman's Life. Field Research in a Muslim Society Iraq. København, 1961.
182. */Ivanov V./.* The Truth-worshippers of Kurdistan. Ahl-i Haqq Texts Edited in the Original Persian and Analysed by V.Ivanov. Leiden, 1953.
183. */Jaba A./.* Dictionnaire kurd-français par M.Auguste Jaba. SPb., 1879.

184. */Jaba A./.* Recueil de notices et récits kourdes servant à la connaissance de la langue, de la littérature et des tribus du Kurdistan, réunis et traduits en français par A.Jaba, consul de Russie à Erzeroum. S.-Pbg., 1860.
185. *Krader L.* Social Organization of the Mongol-Turkic Pastoral Nomads. The Hague, 1963.
186. *Lambton A.K.S.* Ilat. — EI². Vol.3.
187. *Lambton A.K.S.* Landlord and peasant in Persia. A Study of Land Tenure and Land Revenue Administration. L., 1953.
188. *Leach E.R.* Social and Economic Organization of the Rowanduz Kurds. Monographs in Social Anthropology № 3. L., 1940.
189. *Longrigg S.H.* Baban. — EI². Vol.1.
190. */Longrigg S.H./.* Four Centuries of Modern Iraq by Stephen Hemsley Longrigg, M.A., Late Scholar of Oriel college, Oxford administration inspector, government of Iraq. Oxf., 1925.
191. *MacKenzie D.N.* Guran. — EI². Vol.2.
192. *MacKenzie D.N.* The Dialect of Awroman (Hawraman-i-Luhon). Grammatical Sketch, Texts and Vocabulary. Kobenhavn, 1966.
193. *Malcolm J.* Histoire de la Perse, depuis les temps les plus anciens jusqu'à l'époque actualle... Traduit de l'anglais de sir J.Malcolm. P., 1821.
194. *Mardukh Abdollah.* Contribution à l'étude de l'Histoire des Kurdes sous la dynastie Ardalān du XVI^e siècle au XIX^e siècle Thèse de doctorat. P., 1988.
195. *Minorsky V.* The Guran. — Bulletin of the School of Oriental and African Studies. 1943, vol.2, pt.1.
196. *Minorsky V.* Senna. — EI. Vol.4. 1934.
197. *Minorsky V.* Sulaimānīya (Sulēmānī). — EI. Vol.4.
198. *Minorsky V.* The Tribes of Western Iran. — Journal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland. L., 1945, vol.75.
199. *de Morgan J.* Mission scientifique en Perse. T.1-4. P., 1894-1905.
200. *Nikitine B.* Les Kurdes. Étude sociologique et historique. P., 1956.
201. *Nikitine B.* Les Vâlis d'Ardelan. — Revue du Monde Musulman. Vol.49, 1922.
202. *Rowton M.B.* Autonomy and Nomadism in Western Asia. — Orientalia. Vol.42. Fasc.1-2. 1973.
203. *Rowton M.B.* Demorphic Structure and the Tribal Elite. — Studia Instituti Anthropos, 28. 1976.
204. */Rowton M.B./.* Enclosed Nomadism by M.Rowton (University of Chicago). — Journal of the Economic and Social History of the Orient. Vol.18. Pt.1, 1974.
205. *Rowton M.B.* The Physical Environment and the Problem of the Nomads. — XV-e Rencontre Assyriologique Internationale. Colloque international tenu à l'Université de Liège du 4 au 8 juillet 1966.
206. *Rowton M.B.* Urban Autonomy in a Nomadic Environment. — Journal of Near Eastern Studies. The University of Chicago, 1973, vol.32, № 1-2.
207. */Safrastian A./.* Kurds and Kurdistan by Arshak Safrastian. L., /1948/.

208. *Schmidt D.A.* Journey among Brave Men. Boston-Toronto, 1964.
209. *Soane E.B.* A Short Anthology of Guran Poetry. — The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland. L., 1921.
210. *Stauffer T.R.* The Economics of Nomadism in Iran. — The Middle East Journal. 1965, vol. 19, №3.
211. */Sykes M./.* The Caliphs' Last Heritage. A Short History of Turkish Empire by Lt.-Col. Sir Mark Sykes. L., 1915.
212. *Taeschner F.* Baba. — $EI^2$. Vol.1.
213. Yadi Mardan (Remembering the Great Men). A Publication of the Kurdish Academy. Vol.1: Mawlana Khalid i Nagshbandee. By: Mala Abdulkareem i Mudarris. (In Kurdish). Baghdad, 1979.
214. Yadi Mardan (Remembering the Great Men). Vol.2. The Nagshbandi Shekhs of Hawraman and a Number of their Eminent Followers. (In the Kurdish language). By: Mala Abdulkareem i Mudarris (Working Member of the Iraqi Academy). Baghdad, 1983.